# لە بارەی

# پێغەمبەر ﷺ

## بۆتان دەدوێم

ئەدهەم شەرقاوی

وەرگێڕانی

ئازاد عەباس گلیجبانی


٩:٣٩ ٪٣٨
Asiacell
KOREK
Kteb Xana کتێـــب خانـــه
کەناڵی گشتی
شرۆڤە
کتێبخانەیەك تایبەت بە زیاتر فێربوونوو کارا کردنی عەقڵ و دوور کەوتنەوە لە نەزانین و ڕەش بینی..
@haval_pashaie10
t.me/kteb_khana
بەستەری بانگهێشت
وریاکەرەوەکان
داگرساو
ئەندام
بەشداربووەکان
5360

# پێشکەش

بە مەقامی بەرزی پێغەمبەری خودا(ﷺ)...

بە هەموو یار و یاوەرانی...

بە دایک و باوک و خوشک و براکانم...

بە هاوسەری خۆشەویستم...

بە کچە نازدارەکانم...

بە کوڕی خۆشەویستم مەولانا خالید...

بە هەموو ئەو کەسانەی ئەویندارى ڕێبازی پەیامبەری خودان(ﷺ)...

وەرگێڕ

Scanned with Can

# پێڕست

پێشەکی ........ ١٥
فەرهەنگۆک ........ ١٧

شایەتەکانی خودا، لەسەر زەوی ........ ١٩
ئەو لە بەدردا بەشدار بوو ........ ٢٣
دەتوانی ون بی لە بەرچاوم؟ ........ ٢٧
ئەمە دەستی عوسمانە ........ ٣٠
لە کوێ بەئاگا هاتمەوە؟ ........ ٣٣
لەبری من وەڵام بدەرەوە ........ ٣٨
باوکی خۆڵ! هەستە... ........ ٤٢
ئەگەر ڕاست بکەیت، خوا بە ڕاستت دەخاتەوە ........ ٤٥
ئەوە بۆ وا تێکشکاوی؟ ........ ٤٨
وشترە یاخییەکەت چی لێهات؟ ........ ٥٢
ئەو خەدیجەی خۆش دەویست ........ ٥٦
باوکی یەحیا! قازانجت کرد ........ ٥٩
برایەکی خراپە! ........ ٦٢



Scanned with Cam

دایکتان غیرەی کرد ........................................ ٦٦
بەڵام جولەیبیب نادیارە! ........................................ ٦٩
شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن! ........................................ ٧٣
من تەنیا تکاکارم! ........................................ ٧٦
بۆ ئەوانە من دەردەکەن؟ ........................................ ٧٩
ئەوە دەستاری بادا! ........................................ ٨٣
هەرکەس بچێتە ماڵی ئەبوسوفیان، پارێزراوە ........................................ ٨٧
کێ ئازاری ئەمەی داوە؟ ........................................ ٩٠
لەمەولا عوسمان هەرچی بکات زیانی پێ ناگەیەنێ ........................................ ٩٣
نووسین و خوێندنەوەی جوولەکە فێربە! ........................................ ٩٧
باوکی مەسعود بزانە! ........................................ ١٠١
ئەوە تەنیا ڕای خۆمە ........................................ ١٠٥
لەسەر خۆتان! ........................................ ١٠٨
ڕووی تێمەکەن! ........................................ ١١١
خوای گەورە زیاتر مکوڕت بکات بەڵام دووبارەی مەکەوە! ........................................ ١١٦
نانی ئەو دەخۆی! ........................................ ١٢٠
هێند خۆشحاڵ بوو کە لێی تێکچوو! ........................................ ١٢٣
حەزرەتی زەکەریا دارتاش بوو! ........................................ ١٢٧
هەتا ماوەکەی خۆی تەواو دەکات! ........................................ ١٣١
پارچەیەک ئاگر! ........................................ ١٣٥
ئەمە لەجیاتی جاری پێشوو! ........................................ ١٣٩
تەماشای ئەوانەی خوار خۆتان بکەن! ........................................ ١٤٢



Scanned with Cam

خۆزگە نهێنییەکەت بپاریزایە! .................................... ١٤٦
خوای گەورە مرۆڤی نەناسراوی خۆش دەوێ! .................................... ١٤٩
وەک چۆن ڕۆزی باڵندە دابین دەکات! .................................... ١٥٢
داوای چیت لە خوا کردووە؟ .................................... ١٥٦
دەی چۆن گیرا دەبێت؟ .................................... ١٥٩
ئەوە بۆ ئاگادارتان نەکردم؟ .................................... ١٦٣
ئەگەر موطعیم زیندوو بایە! .................................... ١٦٧
ئاکاری مسوڵمانان .................................... ١٧١
کاری خۆت لە لادێ بکە! .................................... ١٧٤
من پێغەمبەرم نەک درۆزن! .................................... ١٧٨
خۆزگە منت دیبا چۆن گوێم لێ دەگرتی! .................................... ١٨٢
ڕەگی نەفامی .................................... ١٨٦
تا لەسەر کەوسەر پێمدەگەن! .................................... ١٨٩
پشکۆیەکی ئاگرین .................................... ١٩٢
لەشت ساغ بێت و بەهەڵپە بیت .................................... ١٩٦
وتیان: ڕیبیایە! .................................... ٢٠٠
ژن نیشتیمانە! .................................... ٢٠٤
بە گوێرەی نێتی خۆی! .................................... ٢٠٨
بیهاوێژە... دایک و باوکم بە قوربانت! .................................... ٢١٢
زریکەت کوا؟ .................................... ٢١٥
من دەردەکەوم! .................................... ٢١٨
ئەوە چیتە دایکی سائیب؟ .................................... ٢٢٢



Scanned with Cam

حەنزەلە بووە بە دووڕوو! ..................... ٢٢٦
ئەوە سابت کوا؟ ..................... ٢٢٩
جیهادت لەسەر نییە! ..................... ٢٣٣
دایکی سەلەمە! ئەو خەڵکە چیانە؟ ..................... ٢٣٦
دەترسی نەدار بن؟ ..................... ٢٣٩
ئەمە سوننەتی منە! ..................... ٢٤٣
بە چی پێدەکەنن؟ ..................... ٢٤٧
هەرکەس خاوەن بەزەیی نەبێت، بەر بەزەیی ناکەوێت! ..................... ٢٥١
ئەوە لەپێناوی خوادایە! ..................... ٢٥٤
خوا بەزەیی بە موسادا بێتەوە! ..................... ٢٥٧
بیرۆکەی خۆمە! ..................... ٢٦٠
خاوەن ماف قسەی خۆی هەیە! ..................... ٢٦٤
خۆشت دەوێ؟ ..................... ٢٦٨
با پێتەوە دیار بێت! ..................... ٢٧٢
گەشبینیم پێ خۆشە! ..................... ٢٧٦
باخەکەی بۆ دەگێڕیەوە؟ ..................... ٢٨٠
جوامێری ..................... ٢٨٣
بۆ تۆ سەربەگیچەڵی؟ ..................... ٢٨٨
تۆش لەوانی! ..................... ٢٩١
ئەها چۆن کەوتمە نێوانتانەوە! ..................... ٢٩٤
دوو ڕەوشتت تێدایە خودای گەورە خۆشی دەوێن! ..................... ٢٩٩
بۆچی شەڕەقوچ دەکەن؟ ..................... ٣٠٢



Scanned with Cam

دەزانن مافنگی کێیە؟ .................................... ٣٠٦

لە بارەی ئەمەوە چی دەڵێن؟ .................................... ٣٠٩

ئەو دووانە یەکتریان خۆش دەویست! .................................... ٣١٢

بنەماڵەکەم لەوانە! .................................... ٣١٥

دەتەوێ چی پێ بدەی؟ .................................... ٣٢٠

نەفرەتی لێ مەکەن! .................................... ٣٢٣

کەلوپەلەکەت فڕێ بدەرە کۆلان! .................................... ٣٢٧

خودا فرمانی پێکردم بەسەر تۆیدا بخوێنم! .................................... ٣٣١

ئێستا پیاوێکی بەهەشتی دێت! .................................... ٣٣٥

خوای گەورە لەو کارەی ئێوە ڕازی بوو! .................................... ٣٣٨

بیانوویان هەبوو! .................................... ٣٤١

گەر تێکەڵ بە دەریا بکرێ! .................................... ٣٤٥

تۆ لای خوای گەورە سەنگینی! .................................... ٣٤٨

ئەگەر خزمەکانت تازە مسوڵمان نەبوونایە! .................................... ٣٥٢

لەگەڵ دۆستەکانی باوکی! .................................... ٣٥٥

ئەوە بۆ لەو پیرەپیاوە نەگەڕایت؟ .................................... ٣٥٨

چەندێکی ماوە؟ .................................... ٣٦١

فرۆشتیان، پارەکەیان خوارد! .................................... ٣٦٤

لەگەڵ ئەو کەسەدای کە خۆشت دەوێت! .................................... ٣٦٦

دایک ڕۆڵەڕۆت بۆ بکات! .................................... ٣٦٩

لە (عضباء) پێش کەوت! .................................... ٣٧٢

بە نرخی خۆی! .................................... ٣٧٥




Scanned with Cam

بۆ پشتگیری لە خاوەن ماف ناکەن! .................... ٣٧٨
ئاسانەی دەرگاکەت بگۆڕە! .................... ٣٨١
ئاستانەی دەرگاکەت جێگیر بکە! .................... ٣٨٥
هیچ شتێکی باش بە کەم مەزانە! .................... ٣٨٩
بیسڕەوە عەلی! .................... ٣٩٢
خوێندنەوەی ابن أم معبد! .................... ٣٩٥
فریشتە وەلامی دایەوە! .................... ٣٩٨
فیسقەکەت چی لێهات؟ .................... ٤٠١
زیندانی مسوڵمان و بەهەشتی کافر! .................... ٤٠٤
خوایە من لێی ڕازیم.... .................... ٤٠٧
خوا لێی خۆش بوو! .................... ٤١٠
دەترسم خورمای خێر بێت! .................... ٤١٣
ئەوە سۆز و بەزەییە! .................... ٤١٦
واز لە وشترەکە بێنە! .................... ٤١٩
دەی با لەماڵی باوکتدا دابنیشتیتایە! .................... ٤٢٣
مەبنە کۆسپی سەر ڕێگایان! .................... ٤٢٦
ئەم وشترە هی کێیە؟ .................... ٤٢٩
دایکت، پاشان دایکت! .................... ٤٣٢
وەک پیرەژنەکەی بەنی ئیسرائیل! .................... ٤٣٥
لەگەڵ ئێمە نوێژت کرد؟ .................... ٤٣٩
ئەگەر بە لەتەخورمایەکیش بێت! .................... ٤٤٢
خێریان پێ کرد! .................... ٤٤٥



Scanned with Cam

ئەوە چیتە عەمر؟ .......................................................... ٤٤٩
(ثمامة) ئازاد بکەن! .......................................................... ٤٥٢
بەپێی توانا نوێژ بکەن! .......................................................... ٤٥٥
بۆ ئاسانکاری نێردراون! .......................................................... ٤٥٨
شایەتی خوزەیمە لە جێی شایەتی دوو پیاوە! .......................................................... ٤٦١
دەروونی پاک و بێگەرد! .......................................................... ٤٦٤
خواردنێک بۆ ماڵی جەعفەر ئامادە بکەن! .......................................................... ٤٦٧
سەلمان ڕاستی گوت! .......................................................... ٤٧٠
تازە بکەی بە سەدان، کۆن بدەی بە هەزاران! .......................................................... ٤٧٣
من پەیمانشکێن نیم! .......................................................... ٤٧٦
بۆ دایکت پێتخۆشە؟ .......................................................... ٤٧٩
پاداشتی خزمایەتی و پاداشتی صەدەقە! .......................................................... ٤٨٢
بە خورمایەک لە بەهەشت! .......................................................... ٤٨٦
تەنانەت پارووش! .......................................................... ٤٨٩
من شایەتی بۆ تاوان نادەم! .......................................................... ٤٩٢
تا ئێستا عومەر! .......................................................... ٤٩٥
ئاگری قسەی تێدا بکەیت! .......................................................... ٤٩٩
کێ بەرگریت لێ دەکات؟ .......................................................... ٥٠٢
خوایە سوپاس بۆ تۆ! من خێرەکانم داوە بە.. .......................................................... ٥٠٥
خۆڕاگری لە سەرەتای لێقەوماندا .......................................................... ٥٠٨
بە پێغەمبەرەوە بگەڕێنەوە! .......................................................... ٥١١
کورت و پوخت .......................................................... ٥١٥



Scanned with Cam

پیاوێکی باشە! .................................................. ٥١٩
لەگەڵ شووشەکان نەرمونیانبە! .................................... ٥٢٢
با بڕواتە بەر سێبەر! .............................................. ٥٢٥
زوبەیر ئاوی بدە! .................................................. ٥٢٨
توسقاڵێک خۆبەزلزانین! ............................................ ٥٣١
ئەمەش! ........................................................... ٥٣٤
ئەگەر فاتیمەش دزی بکات! ........................................ ٥٣٧
پوور لە جێگەی دایکە! .............................................. ٥٤١
ناڵەی دارخورما! .................................................... ٥٤٤



Scanned with Cam

# بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

خوێنەری بەڕێز! سڵاوی خوای گەورەت عەرز دەکەم...

ئەم کتێبەی کە بەڕێزت خەریکی دەیخوێنیتەوە گلێنەی تازە لە کووری دەرهاتووی بەڕێز (ئەدهەم شەرقاوی)یە، وەک کورد دەڵێ: هەڵمی لێ هەڵدەستێ!.. ئەم کتێبەیش وەک کتێبەکانی پێشوو، پڕە لە وانە و ئامۆژگاری، لەم کتێبەدا نووسەر هەرجارە و بەسەرهاتێکی پێغەمبەری خاوەن شکۆ(ﷺ) دەگێڕێتەوە و باسی وانە و ئامۆژگارییەکانی دەکات، کە بەڕاستی کتێبێکە بۆ چینی خۆی بێوێنە و نایابە. چۆنیەتی ژیانی سادە و پڕ لە بەختەوەری و پڕ لە خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی دەوروبەری بە خوێنەر ئاشنا دەکات. ئەوەت پیشان دەدات کە هاوەڵان چەندێ هۆگری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوون و چەندێ گوێڕایەڵی ئەو زاتە بوون.

ئەوەت فێر دەکات کە ژیان هەر بە سادەییەوە خۆشە، نەک بە سەنسەنە و تەنتەنە و هەوا و فیزەوە.

ئەوەت فێر دەکات کە هەرکەلێک سەرکردەیەکی ڕاستگۆ و بۆ خوا سوڵحاوی هەبێ، با بە ژمارە و چەک و تفاقیشەوە کەم بن، با هەژار و نەداریش بن، لە ئاکامدا خوای گەورە سەرکەوتوویان دەکات و هەم دونیایان پێ دەبەخشێ هەمیش قیامەت.

ئەوەت فێر دەکات کە ئەگەر سەرکردە خۆی دز و چەتە و خۆویست نەبێت و پاک و خواناس و خاکی بێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ گەلەکەی سەربخات.

ئەم کتێبە و هاوشێوەکانی بە جۆرێک نووسراون کە مرۆڤ لە خوێندنەوەی بێتاقەت نابێ و دەتوانێ وردەوردە و بە تێگەیشتنێکی تەواوەوە بابەتەکان بخوێنێتەوە.

دوو شت ماوە عەرزتانی بکەم ئەوانیش:

یەکەم: ئەم کتێبە خۆی ناوی (علی منهاج النبوة)یە، سەرەتا ویستم ناوی لێ بنێم (هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پەیامبەرﷺ) بەڵام چونکە یەکێکی تر لە کتێبەکانی ئەم نووسەرە بەڕێزەم لە گەڵ برای بەڕێزمدا مامۆستا (خالید توفیق) وەرگێڕابوو و ناومان لێناوە (لەگەڵ پەیامبەرﷺ) بۆیە بە باشم نەزانی هەمان ناو لەم کتێبەیش بنێم، چونکە ئەم ناوە هەمان ناوە و کەمێکیشی لێ زیاد بووە، دواتر لە سەر داوای برایانم لە ناوەندی ڕێنوێن ناوی (لەبارەی پەیامبەرﷺ بۆتان دەدوێم)مان بۆ هەڵبژارد، چونکە هەم لەگەڵ ناوەرۆکی کتێبەکە یەک دەگرێتەوە، هەمیش برای بەڕێزم مامۆستا ئەیاد فەهمیش کتێبێکی بە ناوی (لەبارەی خودا بۆتان دەدوێم) نووسیوە، ئەو لەبارەی خوداوە و ئەمیش لەبارەی پەیامبەرەوە(ﷺ).

دووەم: لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەیشدا وردە دەستکارییەکم بە پێی پێویست کردووە و بەم جۆرە پێشکەش بە خوێنەرانی هاوزمانی خۆمی دەکەم، بە هیوای ئەوەی کەلێنێک پڕ بکاتەوە و خوێنەری سەنگین سوودی لێ وەربگرێت.

رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا

براتان

ئازاد عەبباس گلێجالی

١١- ٢- ٢٠٢١

# فەرهەنگۆك

خوێنەری بەڕێز! هەندێک وشە لەم کتێبەدایە لەوانەیە مانایان نەزانی، لەم لاپەڕەیەدا بە دوای ماناکەی بگەڕێ:

ئاپۆ: مام، باوک، ڕای جیاواز هەیە داخۆ ئازەر باوکی حەزرەتی ئیبراهیم بووە، یان مامی، هەرچەند ڕای بەهێز ئەوەیە کە مامی بووە، بۆیە مامۆستای گەورە هەژاری موکریانی لە تەفسیرەکەیدا وشەی (ئاپۆ)ی بۆ ئازەر بەکار هێناوە، تا هەردوو ماناکە بگرێتەوە.

باب و کال: باوک و باپیرە.

تووتوو: هیچ شێوەیەک، بە تووتوو: بە هیچ شێوەیەک

**بە تووتووش تووشی مەکتەب بۆ دەهاتم من، کە زانیبام**

**خەفەت مەینەت کەسەر حەسرەت بەشی ئینسانی زانایە**

م. هێمن موکریانی

تیرئەنگێو: کەسێک لە تیر گرتندا دەستی ڕاست بێت، ڕامی، دەست ڕاست.

پوور: خوشکی دایک.

پەیوین: قسەکردن، گفتوگۆ.

تالووکە: نارەحەتی، ناخۆشی، مەشەقەت.

تەشک: شکل و شێوە، سیما.

جار: چەل، کەڕەت، هەل، ڕا.

چووزە: گیای تازەدەرهاتوو لە خاک، چوزەرە.

چەل: جار، ڕا، کەڕەت.



Scanned with Can

حاجکـە دووگویچکـە: شـەولەبان، نـاوی دێوێکـی ئەفسـانەیی کـە لـە کوردەواریـدا منالـی پـێ دەترسـێنن.
خۆپەپکەدان: خۆخڕکردنەوە و خۆکۆکردنەوەی مار وەک پەپکە.
دایکە هاڵ: جۆرە جنۆکەیەکە دەڵێن منالی تازەبوو دەکوژێ.
دزێو: ناحەز، ناشیرین، نەباش.
ڕەحمەتگۆیی: باسی کەسێک بە چاکە و نزای خێرکردن بۆی.
زەنگین: دەوڵەمەند، دارا.
سەردوولکە: ئەو شین و شیوەنەی کە لە پرسەدا دەگوترێتەوە.
شەولەبان: ناوی دێوێکی ئەفسانەییە، کە منالی پێ دەترسێنن.
غولی بیابان: لە ئەفسـانەکاندا بە دێوێک دەگوترێ کە لە سـەرەڕێگادایە و خەڵک لە ڕێ گل دەکات و ڕێبوار دەڕفێنێ.
کرولە: بێچووی ئەسپ و مایین.
کەکرە: گیایەکی زۆر تاڵ.
گراوی: دڵبەر، مەعشوقە.
گۆری: قوربانی، فیدا.
گەلەکۆمە: کۆبوونەوە بۆ لێدانی کەسێک.
لەمپەڕ: بەربەست، مانع.
لەیستۆک: ئەسبابی یاریی منداڵانە، لەعابە، ئەسپاوبازی.
مافنگـی: موفلیـس، کەسـێک هیچـی بـە دەسـتەوە نەمابـێ و کەوتبێتـە سـەر ساجی عەلـی.
مەتح: پەسن، باسی کەسێک بەباشەکردن.
میمک: پووری لەسەری باوکەوە، خوشکی باوک.
هەل: جار، کەڕەت.
هەواڵە بە گەواڵە: دەستیدەستیپێکردن و کاربۆنەکردن.



Scanned with Can



# شایەتەکانی خودا، لەسەر زەوی

دانیشتنێکی زۆر نایاب و گرنگ و خۆش بوو... جا چۆن ئەوەندە گرنگ و خۆش و نایاب نەبێت لە کاتێکدا پێغەمبەری خوای(ﷺ) تیابێت؟ هاوەڵانیش چاویان بە کلی بینینی پێغەمبەر(ﷺ) دەڕشت! ئای لەو بەختە چەندە گەورە و مەزنە! خۆگەم بە خۆیان... دوای کەمێک کۆمەڵێک مردوویەکیان لەوێوە تێپەڕاند و بردیان بۆ سەرقەبران... هاوەڵان بە باشی باسی ئەو مردووەیان کرد... لەوانەیە ئەو ڕۆژە ئەوان فەرمووبێتیان: ئەم مردووە کەسێکی ڕاستگۆ بوو، مێردێکی باش بوو بۆ ژنەکەی، کوڕێکی باش بوو بۆ دایک و باوکی، دراوسێیەکی باش بوو بۆ جیرانەکانی، هەوێنی ئاشتەوایی بوو، خێری زۆر دەکرد، چاوپۆشی لە هەڵەی خەڵکی دەکرد، هاتوچۆی مزگەوتیشی دەکرد!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: بە پێویست گەڕا!

دوای کەمێکی تر مردوویەکی تریان لەوێوە تێپەڕاند... هاوەڵان بە خراپە باسی ئەو مردووەیان کرد... لەوانەیە ئەو ڕۆژە فەرمووبێتیان: ئەم مردووە کەسێکی ڕاستگۆ نەبوو، مێردێکی خراپ بوو بۆ ژنەکەی، کوڕێکی خراپ بوو بۆ دایک و باوکی، دروانسێیەکی خراپ بوو بۆ جیرانەکانی، ڕێزی لە پیر و گەنج نەدەگرت، لەگەڵ منداڵدا بەسۆز نەبوو، هەر نەیدەزانی ڕێگای مزگەوت لە کوێیە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە پێویست گەڕا!

هاوەڵان فەرموویان: قوربان چی بە پێویست گەڕا؟

فەرمووی: ئەو کەسەی ئێوە بە باشی باستان کرد، بەهەشتی بۆ بە پێویست گەڕا، ئەو کەسەش کە بە خراپە باستان کرد، دۆزەخی بۆ بە پێویست گەڕا... ئێوە شایەتی خوای گەورەن لەسەر زەویدا[١]...

ئێمە هەمووان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەخرێینە سەر شان، چونکە هەموو کەسێک و هەموو گیاندارێک دەبێ بمرێت... ئێمەش هەر مردووین، بەڵام جارێ بە شێوەیەکی کاتی لە ژیاندایـن... هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) کەعبی کوڕی زوهەیر دەفەرموێت:

---

١ فەرموودەکە بەمجۆرەیە: عَنْ أَنَس بْنِ مَالِك، قَالَ: مُرَّ بِجَنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا خَيرًا، فَقَالَ نَبِيُّ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَجَبَتْ، وَجَبَتْ، وَجَبَتْ»، وَمُرَّ بِجَنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا شَرًّا، فَقَالَ نَبِيُّ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَجَبَتْ، وَجَبَتْ، وَجَبَتْ»، قَالَ عُمَرُ: فِدًى لَكَ أَبِي وَأُمِّي، مُرَّ بِجَنَازَةٍ، فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا خَيرٌ، فَقُلْتَ: «وَجَبَتْ، وَجَبَتْ، وَجَبَتْ»، وَمُرَّ بِجَنَازَةٍ، فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا شَرٌّ، فَقُلْتَ: «وَجَبَتْ، وَجَبَتْ، وَجَبَتْ»؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ خَيرًا وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ، وَمَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ شَرًّا وَجَبَتْ لَهُ النَّارُ، أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللهِ فِي الْأَرْضِ، أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللهِ فِي الْأَرْضِ، أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللهِ فِي الْأَرْضِ» رواه مسلم.

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیک دەفەرمووێ: مردوویەکیان تێپەڕاند و باسی چاکەی مردووەکە کرا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە پێویست گەڕا، بە پێویست گەڕا، بە پێویست گەڕا... دوایی مردوویەکی تریان تێپەڕاند، باسی خراپەی ئەو مردووە کرا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە پێویست گەڕا، بە پێویست گەڕا، بە پێویست گەڕا... عومەر فەرمووی: دایک و باوکم بە قوربانت بن، مردوویەکیان تێپەڕاند باسی چاکەی ئەو مردووە کرا و تۆش فەرمووت: بە پێویست گەڕا، بە پێویست گەڕا، بە پێویست گەڕا... دوایی مردوویەکی تریان تێپەڕاند و باسی خراپەی ئەو مردووە کرا، تۆش فەرمووت: بە پێویست گەڕا، بە پێویست گەڕا، بە پێویست گەڕا؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوەی ئێوە بە باشی باستان کرد، بەهەشتی بۆ مسۆگەر کرا، ئەوەیشی بە خراپە باستان کرد، دۆزەخی بۆ مسۆگەر بوو، ئێوە شایەتی خودان لەسەر زەویدا، ئێوە شایەتی خودان لەسەر زەویدا، ئێوە شایەتی خودان لەسەر زەویدا.

## هەموو ئەوانەی لە دایک دەبن
## هەرچەند ساغیش بن، دەبێ هەر بمرن

باشە هەرگیز بیرمان لەوە کردووەتەوە کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمەیش مردین و خراینە نێو تابووتەوە و بە سەرشانی خەڵک هەڵگیراین، شایەتەکانی خوای گەورە لەسەر زەویدا چۆن شایەتیمان بۆ دەدەن؟

هەموو ئەو کەسانەی ئەمڕۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت و دەبێتە هاوڕێ و دۆست و ناسیاویان، لە ئاکامدا یان شایەتیت بۆ دەدەن، یان شایەتیت لەسەر دەدەن...

کاتێ تێکەڵاوی خەڵک دەکەیت، هەرچی لە بیر خۆت دەبەبیتەوە، بیبەرەوە، بەڵام باش باش ئەوەت لە بیر بێت کە ڕۆژێک دێ (بە پێویست گەڕا)یەکیش بەر تۆ بکەوێ!

ئەگەر مردی، دایک و باوکت چۆن چۆنی باست دەکەن؟ ئایا دەڵێن: خوایە لێی خۆشبە، بە خوا کوڕەکەمان کوڕێکی زۆر چاک بوو. یان دەڵێن: خوایە خۆت دەتزانی ئەم کوڕەمان چەندێ خراپەکار بوو، چەندێ ئازاری ئێمەی دەدا؟

ژنەکەت چۆن باست دەکات؟ ئایا پێت دەڵێت: خوایە مێردەکەم پیاوێکی باش بوو، لێی خۆشبە! یان دەڵێت: خوایە تۆڵەی منی لێ بسێنەوە؟

منداڵەکانت چۆن باست دەکەن؟ ئایا دەڵێن: خوایە لە باوکمان خۆشبە، بەڕاستی باوکێکی باش بوو، جیاوازی نێوان منداڵەکانی نەدەکرد و کوڕ و کچەکانی وەک یەک خۆش دەویست، یان دەڵێن: خوایە باوکمان زۆر ستەمی لێ کردین و بە باشی پەروەردەی نەکردین؟



Scanned with Cam

دراوسێکانت چی دەڵێن؟ ئایا دەڵێن: خوایە لێی خۆشبە بە ڕاستی دراوسێیەکی باش بوو، یان دەڵێن: ئۆخەی ڕزگارمان بوو لە دەستی؟

هاوڕێکانت چیت پێ دەڵێن؟ ئایا پێت دەڵێن: خوایە بەزەیبیتەوە پیایدا، بەڕاستی برادەرێکی دەست و داوێنپاک و باش بوو، یان دەڵێن: ئۆخەی ڕزگارمان بوو لە دەست ئەو پیاوە ئاژاوەگێڕە دووزمانە؟

هەموو ئەو کەسانەی کە تۆ بە جوانی مامەڵەت لەگەڵدا کردوون، شایەتی چاکەت بۆ دەدەن...

هەموو ئەو فرمێسکانەی کە سڕیوتە، دەبنە شایەت بۆت...

هەموو ئەو هەژارانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یارمەتیت داون، شایەتی چاکەت بۆ دەدەن...

هەموو ئەو نەدارانەی کە یارمەتیت داون، ئەو برسییانەی کە تێرت کردوون، ئەو ستەملێکراوانەی کە هاوکاریت کردوون، هەموو ئەوانە دەبنە شایەت بۆت... دە تۆش هەوڵ بدە و شایەتی باش بۆ خۆت کۆ بکەرەوە... ئەوەی ئەمڕۆ زیندووە، سبەی دەمرێ... ئەوەی سبەی دەمرێ، دوو سبەی دیسان زیندوو دەبێتەوە!



Scanned with Can



## ئەو لە بەدردا بەشدار بوو

کات ئەو کاتە بوو کە ئازادکردنی شاری مەککە نزیک بووبوویەوە... پێغەمبەر(ﷺ) نیتی ئەوەی هێنابوو سوپای مسوڵمانان بەرەو مەککە بجووڵێنێ... فرمانی دەرکردبوو سوپاکە خۆیان ساز و تەیار بکەن... لەبەر ئەوەی کە جەنگ نەخشە و پلانی توکمەی دەوێ و ناکرێ هەموو شتێک لای هەموو کەسێکدا باس بکرێ، بۆیە دەبوو دەنگوباسی ڕۆیشتن بەرەو مەککە وەک نهێنییەک لەنێو هاوەڵاندا بمێنێتەوە...

هەموو شتێک بەپێی پلان و نەخشە بەرەوپێش دەچوو... ئەو هاوەڵانەی کە خەڵکی مەککە بوون لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون مەککە ئازاد بێ و ئەوانیش بچنەوە نێو شاری مەککە و خاکوخۆڵی مەککە ماچ بکەن! ئەو هاوەڵانەش کە خەڵکی مەدینە بوون، هێشتا داخی ئەوەیان لە دڵدا مابوو کە کافرەکانی مەککە نەیانهێشتبوو بچنە نێو شاری مەککە و عەمرەی خۆیان بەجێ بێنن و بگەڕێنەوە... هاوەڵانی تریش هەر لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ئاشکرا لە سەربانی کەعبەوە الله اکبر بکرێ و کەس نەبێتە لەمپەڕ... ئا لەو کاتەدا شتێکی نەخوازراو ڕوویدا... شتێک کە بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەدەهات...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) بانگی سێ سوارچاکی کرد... عەلی کوڕی ئەبوتالیب و زوبەیر و میقداد... فەرمووی: بە خێرایی خۆتان



Scanned with Can

بگەیەنن بە باخچەی خاخ (روضة خاخ) ژنێک لەوێیە... نامەیەکی پێیە، هەرچۆنێک بووە نامەکەی لێ بسێنن...

ئەو سێ سوارچاکە زۆر بە خێرایی بۆی دەرچوون... لەوێ ژنەکەیدان بینییەوە... داوای نامەکەیان لێ کرد، بەڵام ئەو دانی بەوەدا نەنا کە نامەی پێبێت! سوارەکان وتیان: ئەگەر نامەکەمان پێ دەدەی ئەمە باش! ئەگینا ڕووتت دەکەینەوە!

دوای ئەوەی ژنەکە زانی ئەوانە سوورن لەسەر وەرگرتنی ئەو نامەیە، نامەکەی دەرهێنا و دای بەوان... ئەوانیش بەرەو شاری مەدینە گەڕانەوە... لە شاری مەدینە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نامەکەی کردەوە... لە نامەکەدا نووسرابوو:

لە حاتەبی کوڕی بەلتەعەوە بۆ سەرانی قوڕەیش!

ئیتر حاتەب بە وردی باسی ئەوەی نووسیبوو کە پێغەمبەر(ﷺ) نیتی ئەوەی هەیە سوپا بەرەو مەککە جووڵە پێ بکات و شاری مەککە ئازاد بکات!

ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو... ئەمە ئاشکراکردنی نهێنییەکی گەورە بوو... گەر دەتەوێ بڵێی: خیانەتێکی گەورە بوو، ئەوە بیڵێ!

حاتەب بیانووی بەوە هێنایەوە کە لە شاری مەککە هەندێک خزم و کەسوکاری هەژار و داماوی هەیە و ویستوویەتی بەو جۆرە پارێزگارییان لێ بکات و کارێک بکات سەرانی قوڕەیش ڕێزیان لێ بگرن و بیانپارێزن!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) چونکە پێغەمبەربوو، لە هەمووان زیاتر پشوودرێژ و دووربین و زانا و داناتر بوو، بیانووەکەی حاتەبی پەسەند کرد، بەڵام عومەری کوڕی خەتتاب چونکە زۆر توندوتۆڵ و شارەزای نەخشە و پلانی جەنگی و زۆریش ئیماندار بوو، ئەوەی



Scanned with Cam

پێ قەبووڵ نەکرا و فەرمووی: قوربان لێمگەڕێ با بە شمشێر لە ملی ئەو دووڕووە بدەم!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەخێر عومەر! نەخێر... حاتەب لە جەنگی بەدردا بەشداری کردووە... تۆ چووزانی لەوانەیە خوای گەورە لە بەشداربووانی بەدر خۆش بوو بێت و ئیتر تاوانیان لەسەر نەنووسێ... لەوانەیە فەرموو بێتی: بڕۆن چی دەکەن بیکەن، من لێتان خۆش دەبم!

بەڵێ... حاتەب لە جەنگی بەدردا بەشداری کردبوو...

ئای خۆزگە ئێمەش وابووینایە... لە کاتێکدا کەسێک هەڵەیەک دەکات و ڕقمان لێی هەڵدەستێ، ڕابردووی پرشنگداری ئەو کەسەمان لە بیر نەکردایە... هەموو چاکەکانی ئەو کەسەمان پشتگوێ نەخستایە... کاتە شیرینەکان، هەستە جوانەکان، ئەو هەمووە فەزل و ڕێزەی پێش ڕقەکەمان لە بیر نەکردایە!

ژیانی هەموو کەسێک غەزایەکی (بەدر)ـی تیایە... ئەی بۆ لەبەر (بەدر)ـەکەی هەڵەکانی نەبەخشین؟

بۆ ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین کە هاوڕێ و هاوەڵەکانمان بەردەوام وەکو فریشتە بن؟

مەگەر هەموو کەسێکی بەڕێز تووشی هەڵە نابێت؟ مەگەر هەموو لاقێک هەڵناخلیسکێ؟ مەگەر هەموو کەسێکی باش جارێک لە جاران کارێکی نەباشی لێ ناوەشێتەوە؟

عەلی کوڕی جەهم دەفەرموێت:

هەرکاتێ توانیت خراپەی هاوڕێت
بژمێری، ئەوە کەسێکی باشە!



Scanned with Cam

ژنەکەت هەموو ڕۆژێک داستانێکی (بەدر) بۆ خۆی تۆمار دەکات... منداڵەکانت پەروەردە دەکات... نان و خواردن ئامادە دەکات... گرنگی بە خوێندیان دەدات... کەچی لە کاتی بینینی یەکەم هەڵەدا مێردەکە هەموو ئەوانەی لە بیر دەچێتەوە و دەیکات بەو ڕۆژەی خولەی تیا کوژرا![1]

یان ژنی وا هەیە مێردێکی بەسۆز و هێمن و نەرمونیانی هەیە... کەچی یەک هەڵەی لێ ببینێت قیامەتێک بەرپا دەکات و هەموو چاکەی مێردەکەی لە بیر دەچێتەوە و بە هەموو جۆرێک سەرکۆنەی دەکات و خراپەی سی چل ساڵی پێشووش دەداتەوە بە ناوچاویدا...

باشە بۆ دەبێ لەبەر تاوانێکی بچووک بەڕێوەبەرێک چاکە و دڵسۆزی چەندین ساڵەی فەرمانبەرێکی لە بیر بچێ و سزای بدات؟

بۆ دەبێ فەرمانبەرێک لەبەر هەڵەیەکی بەڕێوەبەر، هەموو چاکەکانی بدا بە ئاوا؟

بۆ دەبێ دایک و باوک چاکەی چەندین ساڵەی کوڕەکەیان لەبەر یەک تاوان و لاساری لە بیر بچێتەوە و لووتی لێبکەن؟

بۆ دەبێ کوڕ و کچ ئەو هەمووە شەونخونی و ئێش و ئازارەی دایک و باوک لە بیر بکەن و لەبەر یەک بێ دڵیکردنیان، هەمووی بدەن بە ئاوا؟

دەی خوێنەری بەڕێز! (بەدر)ـی هەموو کەسێک بپارێزە و مەیدە بە ئاوا! هەموو چاکەکان لەبەر یەک خراپە مەشۆرەوە!

---

[1] کاتی خۆی دەروێشێکی هەژار و ئیماندار و بێتاوان بە ناوی... کوژراوە و هەرایەکی گەورە سەری هەڵداوە و گوندەکەی ئێمەی لەسەر تاوانبار کراوە، دواتر بکوژەکانی ئاشکرا بوون و وەک ئاو بکری بەسەر ئاگردا، ئاژاوەکە کوژاوەتەوە. جا لە هەر شوێنێک هەرایەکی سەخت ڕوویدا، دەڵێن: دەڵێی ئەو ڕۆژەیە کە... کوژرا! من لەجیاتی ناوی دەروێشەکە (خولە)م دانا. وەرگێر.



Scanned with Cam



# دەتوانی ون بی لە بەرچاوم؟

ڕۆژی جەنگی بەدر، ڕۆژی حەمزەی مامی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو... حەمزە ڕێک وەک شێر هێرشی دەهێنا و هێرشی دەبرد... بگەیشتایە بە هەر سوارێک لێیدەدا و دەیخستە خوارەوە... بگەیشتایە بە هەر جەنگاوەرێک، بۆڕی دەدات... ناهەقیشی نەبوو، حەمزە هەر لەمێژبوو لەناو هۆزی قورەیشدا.بە سەرکردەی شێران ناوی دەرکردبوو... پێغەمبەریش(ﷺ) نازناوی شێری خودا و شێری پێغەمبەری خودای(ﷺ) لێنا...

قورەیش لە جەنگی بەدردا ڕووبەڕووی شکست بوونەوە... ئەوەشیان لە حەزەوە دەناسی... کوا کام ماڵە قورەیشییە هەبوو کە لەو جەنگەدا کوڕێک یان خزمێکی تیانەچی؟

کۆیلەیەکی قولەڕەش لەناو هۆزی قورەیشدا دەژیا ناوی وەحشی بوو... لە ڕمهاویشتندا زۆر شارەزا بوو... بەڵێنی پێ درا ئەگەر حەمزە بکوژێ، ئازاد بکرێ... ئەوەش ڕوویدا... لە مێژووی ئیسلامدا یەکەم سەرکردەی جەنگی شەهید کرا... وەحشی ئازاد کرا... دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) شاری مەککەی ئازاد کرد، وەحشی لە ترسی ئەو کارە خراپەی کە کردبووی، بەرەو شاری تائیف هەڵات... دوایی پێیان وت: ئەوە ئەو پیاوە پێغەمبەرە... لەبەر خۆی، یان کەسوکاری خۆی تۆڵە لە هیچ کەسێک ناسێنێتەوە... ئەگەر بچیتە خزمەتی و مسوڵمان ببی، ئەویش لێت دەبووری...



Scanned with Cam

وەحشی هاتەوە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)... کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) چاوی پێی کەوت فەرمووی: ئەوە تۆ وەحشیت؟

وتی: بەڵێ!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تۆ حەمزەت شەهید کرد؟

وتی: وەکو بیستووتە وایە، ئێستا من هاتووم و شایەتی دەدەم کە جگە لە زاتی الله، هیچ خودایەکی تر نییە و تۆش پێغەمبەری خوای!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی، دەتوانی ون بیت لە بەرچاوم؟

دوای ئەوە ئیتر بۆ جارێکی تر پێغەمبەر(ﷺ) و وەحشی پێک نەگەیشتنەوە...

دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کۆچی دوایی کرد و موسەیلەمەی درۆزن بانگەشەی پێغەمبەردایەتی کرد، سوپای موسوڵمانان بۆ بەرپەرچدانەوەی موسەیلەمە وەڕێ کەوتن... وەحشیش یەکێک بوو لە سەربازەکان... لەو جەنگەدا بە ڕم موسەیلەمەی کوشت... دوای ئەوە هەموو جارێک دەیگوت: بەم ڕمەم باشترین کەس و خراپترین کەسم کوشتووە، حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب و موسەیلەمەی درۆزن!

(دەتوانی لە بەرچاوم ون بیت؟)

ئەمە مەبەستی ئێمەیە و قسەکەمان لەسەر ئەم ڕستەیەیە...

مسوڵمانبوون هەموو تاوانەکانی پێشوو دەشواتەوە، تەنانەت خودی پێغەمبەریش(ﷺ) ناتوانێ مسوڵمانبوونی هیچ کەسێک ڕەت بکاتەوە و لەبەر تاوانێکی سەردەمی پێش مسوڵمانبوون تۆڵە لە هیچ کەسێک بکاتەوە، ئەگەرچی ئەو کەسە مامی پێغەمبەریشی کوشتبێ، بەڵام -خوا خۆم و دایک و باوکم بکات بە قوربانی ئەو



Scanned with Cam

پێغەمبەرە نازدارە(ﷺ)- ئەو هەرچۆنێک بێت مرۆڤە... ناتوانێ لە پێستی مرۆڤایەتی بچێتە دەرەوە... خۆشەویستی و ڕقی هەیە... نەیویست هەتا ماوە چاوی بە وەحشی نەکەوێت!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) شەرعی خوای گەورەی جێبەجێ کرد... مسوڵمانبوونی وەحشیی پەسەند کرد، بەڵام لە مافی خۆی خۆش نەبوو... بەردەوام خەمی لەدەستدانی ئەو کەسەی دەخوارد کە مامی ڕاستەقینە و برای شیری و شێری خودا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو...

یەکێک لە ئاکارە هەرە جوان و پەسەندەکانی مرۆڤی بەڕێز ئەوەیە لە کاتی هێز و دەسەڵاتدا لێبووردە بێت... پێغەمبەر(ﷺ) لەو کاتەدا زۆر بەدەسەڵات و بەهێز بوو... بۆیە لە وەحشی بورا، بەڵام لێبووردن شتێکە و خۆشەویستی شتێکی تر...

جاری وا هەیە کەسێک ئێش و ئازارێکی وات پێ دەگەیەنێ، کە هەتا دونیا دونیایە سارێژ نابێت، بەڵام لەبەر ئەوەی سێ چوار کەسی ڕیشسپی و ژیر و ماقووڵ دەکەونە نێوانتانەوە، تۆش لێی دەبووری، بەڵام دەتەوێ بە هیچ شێوەیەک و بۆ هیچ کارێک ڕووبەڕووت نەبێتەوە، چونکە هەرجارێ چاوت پێی بکەوێتەوە، برینەکەت دەکولێتەوە و ئەو ڕۆژەت وەبیر دێتەوە کە ئێشی پێ گەیاندی... تەماشایەکی ئەو برینە دەکەی کە هۆکارەی ئەو بووە و هێشتا سارێژ نەبووەتەوە!

بێننە بەرچاوی خۆتان، ئەو کەسەی کە نایەوێ جارێکی تر شتەکان وەک پێشوو بە ڕێگای خۆیاندا بچنەوە، ئەوە کەسێکی دڵ پڕ لە کینە نییە، بەڵکوو ئازاری پێگەیشتووە... لیۆ تۆلستۆی (وێژەوانی ڕووسی) گوتەنی: کاتێ خیانەتت لێ دەکەن، وەک ئەوە وایە قۆڵیان بڕیبێت، دەتوانی لێیان ببووری، بەڵام ناتوانی دەست بکەیتەوە ملیان!



Scanned with Can



# ئەمە دەستی عوسمانە

سالّ سالّی حودەیبیە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوڕێیەتی هاوەڵان بەرەو مەککە وەڕێ کەوتن... تاکە مەبەستیشیان هەر بەجێهێنانی عەمرە بوو... لە مەککەدا دەنگوباس بڵاو بوویەوە و وتیان: مسوڵمانەکان بە مەبەستی جەنگ وەڕێ کەوتوون!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) بڕیاری ئەوەی دەرکرد کە نوێنەرێک بنێرێ و بە کافرەکانی مەککە ڕابگەیەنێ کە ئەوان جگە لە بەجێهێنای عەمرە نەبێت، هیچ مەبەستێکیان نییە و تەنیا شەو و ڕۆژێک لە مەککەدا دەمێننەوە... یەکەمجار پێغەمبەر(ﷺ) عومەری کوڕی خەتتابی هەڵبژارد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بنەماڵەی حەزرەتی عومەر لە مەککەدا کەم و بێدەسەلات بوون و نەیاندەتوانی حەزرەتی عومەر بپارێزن، بۆیە حەزرەتی عومەر داوای لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد کە لەجیاتی ئەو عوسمانی کوڕی عەففان بنێرێ، چونکە عوسمان بەنی ئومەوی بوو، بەهێزترین و دەوڵەمەندترین تیرەی قورەیش... کەس ناوێرێ دەستی بۆ ببات و ئازاری پێ بگەیەنێ!

پێغەمبەر(ﷺ) ڕایەکەی عومەری پەسەند کرد و عوسمانی وەک نوێنەر بەرەو شاری مەککە نارد... نامەیەکی پێدا و ناوەڕۆکی نامەکە ئەمە بوو: ئێمە بۆ جەنگ نەهاتووین... تەنیا بۆ عەمرە هاتووین!

عوسمان ڕۆیشت بۆ مەککە... نامەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) گەیاندە ئەبوسوفیان و گرەگرەکانی قورەیش... ئەوانیش پێیان وت: با ڕاوێژێک بە یەکتر بکەین و وەڵامت دەدەینەوە...



Scanned with Cam

ئەبوسوفیان بە حەزرەتی عوسمانی گوت: ئەگەر دەتەوێ خۆت تەوافی کەعبە بکەی، ئەوە ئازادی برۆ تەوافی خۆت بکە!

حەزرەتی عوسمان فەرمووی: هەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەواف نەکات، من نایکەم!

حەزرەتی عوسمان لە مەککەدا مایەوە بۆ ئەوەی گرەگرەکان پرس و ڕاوێژ بە یەکتر بکەن و وەڵامی ئەم بدەنەوە، لەبەر ئەوە حەزرەتی عوسمان دواکەوت... لەناو مسوڵماناندا دەنگی ئەوە پەیدا بوو کە عوسمان تیرۆر کراوە... لەو سەردەمەشدا باو باوی ئەوەبوو کە نابێ بە هیچ جۆرێک نێردە بکوژرێ و ئازار بدرێ! بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر تووڕە بوو... داوای لە مسوڵمانان کرد کە بەڵێنی (جەنگ هەتا مردن، یان سەرکەوتن) بە پێغەمبەر(ﷺ) بدەن! بەڵێن لە بنی دارێکدا درا... دوایی ئەو بەڵێنە بە (بیعة الرضوان) ناوی دەرکرد...

پێغەمبەر(ﷺ) دەستی ڕاکێشابوو، هاوەڵان دانە دانە دەستیان دەخستە نێو دەستی پێغەمبەرەوە(ﷺ) و بەڵێنیان پێ دەدات... دوایی پێغەمبەر(ﷺ) دەستەکەی تری خۆی بەرز کردەوە و فەرمووی: ئەمەش دەستی عوسمانە!

بەڵێ، ڕاستە ئەو بەڵێنە بە ئامادەنەبوونی حەزرەتی عوسمان درا، بەڵام عوسمان ئامادە بوو، چونکە گەورەترین مرۆڤی مێژوو، بەڕێزترین دروستکراوی خوای گەورە، سەرداری پێغەمبەردان خۆی لەجیاتی ئەو دەستی خستە نێو دەستی خۆیەوە و بەڵێنەکەی لەجیاتی عوسمان بە خۆی دا... بەو جۆرە ئەو بۆشاییەی کە بەهۆی عوسمانەوە دروست ببوو، پڕ بوویەوە...

پێغەمبەر(ﷺ) سوور دەیزانی ئەگەر عوسمان لەوێ ئامادەبا، بەڵێنی پێ دەدا و هیچ نکوڵی نەدەکرد...

ئەی باشە ئێمە هەتا ئێستا بۆشایی هیچ کەسێکمان پڕ کردووەتەوە؟



Scanned with Cam

تا ئێستا بووە پارە و خێر بۆ هەژارێک کۆ بکرێتەوە و برادەرێکمان لەوێ نەبووبێ و ئێمە وتبێتمان: من لەجیاتی ئەویش پارە دەدەم، چونکە دڵنیام ئەگەر لێرەبایە پارەی دەدا؟

هەرگیز ئەوە ڕوویداوە کە کەسێک دایک و باوکی خۆی بردبێتە نەخۆشخانە و پێی گوتبن: ئەوە فڵانی برام لێرە نییە، ئەگینا دڵنیابن ئەو ئێوەی دەهێنا بۆ نەخۆشخانە؟

کاتی غەزای تەبوک پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی کەعبی کوڕی مالیکی پرسی و فەرمووی: ئەوە کەعبی کوڕی مالیک لە کوێیە بۆ دیار نییە؟

پیاوێکی بەنی سەلەمەیی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! کەلوپەلەکەی و جوانییەکەی گیریان داوە -یانی: لەخۆباییە و بەشداری جەنگ ناکات-

مەعازی کوڕی جەبەل هەستا و بە پیاوەکەی گوت: بە خوا خراپت گوت! بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە جگە لە چاکە هیچمان لە کەعب نەدیوە!

بەڵێ... کەعب لەوێ نەبوو، بەڵام لەنێو دڵی مەعازدا ئامادە بوو... بۆیە مەعاز ئەو بۆشاییەی کەعبی لە دڵی خۆیدا پڕ کردبوویەوە...

پیاوێک بە موبەڕیدی ڕێزمانزانی بەنێوبانگی گوت: فڵانکەس جنێوی پێدام و منیش دانم بە خۆمدا گرت و هیچم پێ نەگوت! دوایی جنێوی بە تۆ دا، بەڵام ئەمجارەیان نەمتوانی خۆم بگرم و وەڵامم دایەوە و بێدەنگم کرد!

موبەڕید پێی گوت: ئەو دوو کارە وەک یەک نین، ئەوەی کە لە بەرامبەر جنێودان بە خۆتدا هیچت نەگوتووە، ئەوە پشوودرێژییە، بەڵام ئەوەی لەبەر من جنێوت پێ دا، ئەوە خیانەتە!

هەرکاتی زانیت برادەرێکت دیار نییە، تۆ بۆشاییەکەی پڕ بکەرەوە و ئەوەت لە بیر بێت کە (ئەمە دەستی عوسمانە).



Scanned with Can



## له کوێ بەئاگا هاتمەوە؟

مەککەی لێ بوو بە چەرمی چاوی چۆلەکە... ئەبو تالیب، ئەو کەسەی کە بەخێوی دەکرد و پشتیوانی لێ دەکرد، وەفاتی کرد و نەما... دوابەدوای مردنی ئەبوتالیب، خەدیجەی هاوسەر و هاوخەمیشی کە وەک مەتاڵ و قەڵغان بوو بۆ ئەو، وەک جەبهەیەکی نێوخۆ بوو، ئەویش وەفاتی کرد و لە دونیا دەرچوو... کەچی هێشتا خەڵکی مەککە هەر لە لووتکەی گومراییدا بوون. پێغەمبەرەکەی خۆیان بە درۆزن دەزانی... بە هەموو جۆرێ ئازاری هاوەڵەکانیان دەدات... هەر لەبەر ئەوە بڕیاری دا بەرەو شاری تائیف وەڕێ بکەوێ... ئێ بەڵکوو دڵی خەڵکی ئەوێ لە دڵی خەڵکی مەککە نەرمتر و بەسۆزتر بێت...

تەشریفی ڕۆیشتە تائیف و ڕۆیشت بۆ لای گەورەی تائیف کە ناوی (ئیبن عەبد یا لەیل) بوو... کەچی ئیبن عەبد یا لەیل لە ئەبوجەهل توندوتیژتر و لە ئەبولەهەب دڵڕەقتر و لە ئومەیەی کوڕی خەلەف بەئازارتر بوو... ئەو هەرچی هیچوپووچ و شێتوشووری شاری تائیفە هەمووی کۆ کردەوە و بەری دانە گیانی پێغەمبەری خوا(ﷺ)... ئەوانە پێغەمبەری خوایان(ﷺ) دایە بەر بەرد... ئەوەندە بەردیان کێشا بە سەر و چاویدا خوێن بە لاشەیدا دەچۆڕا و بە قولەقاپی پێیدا دەهاتە خوارەوە و جۆگەلەی دەبەست...

دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک بەسەر ئەم ڕووداوەدا نیودوورگەی عەرەبی هاتنە نێو باوەشی ئیسلامەوە... خەڵکی پۆل پۆل دەهاتن و مسوڵمان دەبوون.

دوایی دایە عایشە لە پێغەمبەری(ﷺ) پرسی: ڕۆژی دژوارتر لە ڕۆژی ئوحودت بینیوە؟

دایە عایشە دەیزانی لە جەنگی ئوحودا پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەمزەی مامی لە دەست دا... ئەو حەمزەیەی کە بە تەنیا سوپایەک بوو... شێری شێران بوو... سەرۆک ئەرکانی سوپا بوو... جگە لە حەمزە پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەفتا هاوەڵی زانا و دانا و بەجەرگی لە دەست چوو... هەموویان شەهید بوون.. سەرەڕای ئەوەش سەری خۆی شکا... دانی پیرۆزی شەهید کرا...

بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) باسی ئەو ڕۆژەی شاری تائیفی بۆ دایە عایشە گێڕایەوە... ئەو ڕۆژەی لە ڕۆژی ئوحود لە لا سەختتر بوو... ئەو ڕۆژە لە تائیف بەردباران کرابوو... دواتر دەریشکرابوو...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە دایە عایشەی فەرموو: بە دەم خەم و خەفەتەوە ملی ڕێگام گرتە بەر... کاتێ بەئاگا هاتمەوە گەیشتبوومە (قرن الثعالب)... سەرم بەرز کردەوە دەبینم هەورێکی چڕ بەسەر سەرمەوەیە و جوبریلی تێدایە... جوبریل بانگی کردم و فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە ئەو قسانەی بیست کە ئەو خەڵکە بە تۆیان گوت! وەڵامی ئەوانەی بیست... ئێستا خوای گەورە فریشتەی تایبەت بە کاروباری کێو و شاخەکانی ناردووە بۆ لای تۆ، بۆ ئەوەی چ فرمانێکت پێخۆشە بیکەی... دوای جوبریل فریشتەی تایبەت بە کاروباری شاخ و کێوەکانی بانگی کرد و فەرمووی: ئەگەر دەتوی با ئەو دوو کێوە لە یەک بدەم و -هەرچی لەنێوان ئەو دوو کێوەدا دەژی لەناویان ببەم-



Scanned with Cam

منیش وتم: نەخێر کاری وا مەکە، بەڵکوو ئەوە خوایە لە پشتی ئەوانەوە کەسانێک بێنە دونیاوە، خوای گەورە بە باشی بپەرەستن و ببنە یەکتاپەرست....

مەبەست لەم چیرۆکە ئەم رستەیە بوو:

بە دەم خەم و خەفەتەوە ملی رێگام گرتە بەر... کاتی بەئاگا هاتمەوە گەیشتبوومە (قرن الثعالب)...

پێغەمبەر(ﷺ) چاک دەیزانی کە خۆی پێغەمبەرە... دەیزانی لە کۆتاییدا ئایینەکەی ئەو هەر سەر دەکەوێ... دەیزانی کە خوای گەورە وازی لێ ناهێنێ و سەرشۆڕ و ریسوای ناکات، بەڵام هەرچۆنێک بێ، پێغەمبەریش(ﷺ) مرۆڤ بوو... خەمی دەخوارد... دڵتەنگ دەبووو... خۆم و دایک و باوکم بە قوربانی بین، ئەو رۆژە ئەوەندە خەم و خەفەتی خوارد، بێئاگا بە دەم رێوە دەڕۆیشت... کاتێ بەئاگا هاتەوە دەزانێ لە شوێنێکە پێی دەڵێن: (قرن الثعالب)... زۆر لە شاری تائیف دوور کەوتبوویەوە...

ئەوە پێغەمبەری خوا بوو(ﷺ) ئاوای بەسەر هات، ئەی ئەبێ ئێمە شتێکمان بەسەر هات چۆن وامان لێبێ و ئاگامان لە خۆمان نەمێنێ؟ ئەگەر ئیمانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بخرێتە سەر تای تەرازوویەک و ئیمانی هەموو بڕوادارانی تر بخرێتە سەر تای دووەمی تەرازووەکە، بێگومان تای تەرازووی ئیمانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هێندە قورسە، وەک ئەوە وایە تای دووەم هیچی تیا نەبێت...

ئەگەر دڵنیایی و یەقین و تەوەکولی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەبەرچاو بگرین، ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە کە دڵنیایی و یەقین و تەوەکولی بڕواداران وەک هەر نەبێت وایە...



Scanned with Can

ئەگەر پشوودرێژی و خۆڕاگری پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە لایەک کۆ بکرێتەوە و پشوودرێژی و خۆڕاگری بڕواداڕانیش لەولاوە کۆ بکرێتەوە، بێگومان وەک خاڵێکە لە پەنای زەویدا...

جا پێغەمبەر(ﷺ) ئاوای بە سەردا هاتبێ و بە بێناگایی بۆ ماوەیەکی زۆر لە شاری تائیف دوور کەوتبێتەوە، ئەی ئەبێ ئێمە چیمان بەسەردا بێت، ئەگەر هات و خەمێکی گەورە بەرۆکی گرتین؛

ئەوە هەتا ئێستا بیرمان لەوە کردووەتەوە کە لەوانەیە مرۆڤ بارودۆخێکی وای بەسەردا بێت، ئاگای لە خۆی نەمێنێ و ئەو هێمنی و پشوودرێژی و خۆڕاگرییەی کە هەیەتی وەک خۆی نەمێنێ و بۆ ماوەیەک لە دەستی بدات؟

جاری وا هەیە مرۆڤ شتی وای بەسەردا دێم، تەنانەت ناتوانێ یەک وشەی لە دەم بێتە دەرەوە... گوێ لە یەک وشە بگری... چاوی بە یەکێک بکەوێ... دەی توخوا حەیف نییە لە کاتێکی ئاوادا مرۆڤ رەچاوی بارودۆخی هاوڕێکەی نەکات و ئەگەر کاردانەوەیەکی نەشیاویشی لێ بینی خۆی لێ کەڕ نەکات؟

بێگومان وەک چۆن جەستەی مرۆڤ شەکەت دەبێ و نەخۆش دەکەوێ، ڕۆح و گیانیش شەکەت دەبن و نەخۆش دەکەون...

هەرکاتێ هاوڕێیەکی خۆت بینی کە تووشی خەم و خەفەت بووە، هەرگیز باری قورستر و گرانتر مەکە، بەڵکوو بۆی ببە بە (قرن الثعالب) و با لە لای تۆدا هۆش و ئاگای بێتەوە...

ڕێز لە خەم و خەفەتی بەرامبەر بگرن... کاتێ خەمبارە و کەمتر ئاگای لە خۆیەتی، لەسەر هیچ شتێک سەرکۆنەی مەکەن و دوای ئەوەی هێمن بوویەوە دەست بخەنە سەرشانی و دڵنەوایی بکەن... لە ناخ و دڵەوە قسەی بۆ بکەن... دڵ بۆ دڵ و گیان بۆ گیان... واز لە هەندێک قسەی سەرزارەکی بێنن... کاتێ مرۆڤ دڵی دەشکێ،



Scanned with Cam

پێویستی بەوەیە دڵنەوایی بکرێ، نەک ئامۆژگاری... گیانی مرۆڤ لە کاتی خەمباریدا پێویستی بە لانکەیە، نەک وانە...

ئێمە لاوازین! لاوازی ئێمە لە کەمی بیروباوەڕەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکوو ژیان ڕەق و ناخۆشە... ئەوێ ڕۆژێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە تائیف بوو خۆ بیروباوەڕی لاواز نەبوو، بەلام ژیان زۆر ڕەق و دژوار بوو... خوای گەورەش دەیزانی پێغەمبەرەکەی چەندێ خەمبار و دڵشکاوە، بۆیە بە هیچ جۆرێ سەرکۆنەی نەکرد و تەنانەت گلەییشی لێ نەکرد...

پێی نەفەرموو: ئەرێ خۆ تۆ پێغەمبەری منی! دەی کوا پشوودرێژی و خۆڕاگریت؟

نەخێر! خوای گەورە گلەیی لە پێغەمبەر(ﷺ) نەکرد، بەڵکوو دڵی دایەوە و فریشتەیەکی نادرە خزمەتی بۆ ئەوەی یارمەتی بدات و دڵنەوایی بکات...

خوای گەورە باش دەیزانی کە پێغەمبەرەکەی هەرچەند پێغەمبەرە، بەلام خۆ مرۆڤیشە... مرۆڤیش جارجار بارودۆخێکی وای بە سەردا دێت، کە پێویستی بە دڵێکی میهرەبان و نەرمونیانە، نەک بە ژیری فەیلەسوف و پیتۆڵ و چازانێک، یان بە زمانی وتاربێژێکی قسە ڕەوان!



Scanned with Can



## لەبری من وەڵام بدەرەوە

جارێک حەزرەتی عومەر بە لای مزگەوتدا تێپەڕی... لەو کاتەدا حەسسانی کوڕی سابیت لە مزگەوتدا شیعری دەخوێندەوە... حەزرەتی عومەر سەرکۆنەی کرد، نەک لەبەر ئەوەی شیعر حەرام و ناڕەوایە، لەبەر ئەوەش نەبوو ڕێزی شاعیری لە لا نەبێت... ئەگەر وابا نەیدەفەرموو: زمانی خۆتان لە قورئان و شیعر فێر بن، بەڵکوو لەبەر ئەوەبوو شکۆ و هەیبەتی مزگەوت وەک خۆی بمێنێتەوە و دانەبەزێت... لەبەر ئەوەبوو لە مزگەوتدا جگە لە قورئان و فەرمووده، باسی هیچ شتێکی تر نەکرێ...

بەڵام حەسسان فەرمووی: ئەی گەورەی بڕواداران! من کاتێ لێرە شیعرەم خوێندووەتەوە کە کەسێکی باشتر لە تۆی تیا بوو... دوایی حەسسان لای کردەوە بە لای ئەبوهورەیرەدا و فەرمووی: ئەبوهورەیرە! تو خوا تۆ خۆت نەتبیست کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە منی فەرموو: ئا حەسسان لەبری من وەڵام بدەرەوە... خوایە بەهۆی جوبرەئیلەوە یارمەتی حەسسان بدە؟

ئەبوهورەیرە فەرمووی: با!

ئیتر حەزرەتی عومەر ڕۆیشت و حەسسانی بەجێهێشت...

با شتێک هەیە پێتان بڵێم: ئەگەر من فەرموودەناس بوومایە و هەموو ئەو فەرموودانەم کۆ بکردایەتەوە کە باس لە گەورەیی حەزرەتی عومەر دەکەن، ئەم فەرموودەیەم لە ڕیزی پێشەوە



Scanned with Cam

دادەنا... خۆ مەرج نییە مرۆڤی بەڕێز و بەوەج هەمیشە خاڵە بچووکەکەی ناو نیشان بپێکێ، بەڵام دەبێ هەمیشە لە کاتی قسەی هەقدا ڕاوەستێ و دژایەتی نەکات... هەرکاتێ زانی هەڵەی کردووە، دان بە هەڵەی خۆیدا بنێ...

(لە بری من وەڵام بدەرەوە!)

ئەوە ڕستەیەی مەبەستی ئێمەیە... ئەوە ئەو شتەیە کە ئێمە باسی لێ دەکەین!

ئەو ڕۆژەی کە جەنگی دەستەویەخە دەستی پێ دەکرد، ئایینی ئیسلام ئاتاجی شمشێرەکەی خالید بوو...

ئەو دەمەش کە جەنگی بیر و فکر دەست پێ دەکات، ئاتاجی شیعرەکانی حەسسانە!

خالید نەیدەتوانی شوێنی حەسسان پڕ بکاتەوە و حەسسانیش نەیدەتوانی لەجیاتی خالید شیر بوەشێنێ و سەرکردایەتی جەنگ بکات...

خوای گەورە خۆی باشمان دەناسێ و هەرکەسێکمانی لە بۆشاییەکدا داناوە و شوێنێکی پێ پڕ کردووینەتەوە... بۆیە دەبێ هەر یەکێک لە ئێمەش بە هەموو هێزێکمانەوە لەو شوێنەدا دابنیشین و چۆڵی نەکەین... نابێ ئەو شوێنە بە کەم بزانین... نابێ شانازیش بکەین و پۆز لێ بدەین و بڵێین: ئەو شوێنەی من پڕم کردووەتەوە لە هەموو شوێنەکانی تر گرنگترە!

لە کاتی بەڕێکردنی (جیش العسرة) سەروەت و سامانی حەزرەتی عوسمان سوودی لە قورئانخوێندنەوەی ئوبەی کوڕی کەعب و شیعرەکانی حەسسان و شمشێرەکەی خالید زیاتر بوو... دەی کەواتە هەرکاتێ سەرەت هات، شێر بە نەک ڕێوی!



Scanned with Can

ئەو شمشیرەی کە حەزرەتی عەلی لە جەنگی خەیبەردا دەیوەشاند، سوودی وەک ئەو سەروەت و سامانە بوو کە حەزرەتی ئەبوبەکر بیلالی پێ کڕییەوە و ئازادی کرد...

کاتێ حەزرەتی ئەبوبەکر بیلالی کڕی، شمشێرەکەی حەزرەتی عەلی هەرگیز نەیدەتوانی کۆیلەیەک ئازاد بکات... کاتێکیش جەنگی خەیبەر هاتە پێشەوە، سەروەت و سامانەکەی حەزرەتی ئەبوبەکر هیچ شوێنێکی پێ ڕزگار نەدەکرا...

ئەم ئایینە جوانە بەهۆی شوێنەکەوتنی بڕواداره پاک و چاکەکانیەوە تێر و تەواو دەبێت... ئیتر نە کێبڕکێ، نە زێدەڕۆیی...

ئیسلام ئەمڕۆ ئاوایە، هەزاران کون و بۆشایی تێکەوتووە... هەرکەسێک لە ئێمەش لە بۆشایی و کەلەبەرێکدا دانیشتووین...

دایکان لە ماڵدا بۆشاییەکیان پڕ کردووەتەوە، چونکە کار و پیشەی پیاوان زۆر گەورە و گرنگە...

وانەبێژ و مامۆستا لە پۆلدا بۆشاییەکیان پڕ کردووەتەوە، چونکە هەر گەلێک نەخوێندەوار و ناڕۆشنبیربێت نە پێش دەکەوێ و نە دەبێ بە هیچ!

کاکی تێکۆشەر و موجاهید لە جەنگدا بۆشاییەک پڕ دەکاتەوە بە دە مامۆستای ئایینی پڕ ناکرێتەوە... مامۆستاش لە مزگەوتدا بۆشاییەک پڕ دەکاتەوە کە بە دەیان تێکۆشەر پڕ ناکرێتەوە... کاکی بازرگانیش لەولاوە دەتوانێ بۆشایی وا پڕ بکاتەوە، کە نە بە مامۆستا و نە بە تێکۆشەر پڕ نابنەوە...

بازرگان خەڵک لە برسێتی ڕزگار دەکات...

تێکۆشەر پارێزەری شەرەف و ڕێزی خەڵک و پارێزەری خاک و ولاتە...



Scanned with Cam

مامۆستا دەستی خەڵکی دەگرێ و ڕێگای بەهەشتیان پێ نیشان دەدات...

تۆ بڕوانە بزانە خوای گەورە لە کام بۆشاییدا دایناوی، ئەوە پێویستە ئەو بۆشاییە پڕ بکەیتەوە و بە بۆشی بەجێی نەهێڵی...

کاتی هەرکەسێک لە ئێمە کاری خۆی ڕادەپەڕێنی، ئیتر ئەم ئایینە و خاک و وڵاتی ئەم ئایینە دەگاتە لووتکەی ڕێز و شکۆ و گەورەیی...

جارێک شاژنی وڵات نەخۆش کەوت... پزیشک وتی: دەبێ ڕۆژانە لە حەوزێکی پڕ لە شیردا مەلە بکات... پادشا وتی: جا چۆن حەوزێک شیر ئامادە بکەین... وەزیر وتی: قوربان فرمان دەر بکە ئەمشەو هەرچی شوان و خاوەن ئاژەڵ هەیە کونەیەک شیر بێنن و بیڕژێننە ناو حەزرەکەوە، تا بەیانی پڕ دەبێ و ئامادەیە...

پادشا فرمانی دەرکرد... هەموو شوانێک لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەگەر من لەجیاتی شیر کوندەیەک ئاو بڕژێنمە حەزرەکەوە، کەس پێم نازانی و ئاوەکەش دەبێ بە شیر!

بەیانی زوو پادشا دەبینێ حەزەکە پڕ بووە لە ئاو و یەک دڵۆپە شیری تیا نییە!

ئەو خەڵکە هیچیان لە خۆیانەوە دەستیان پێ نەکرد... هەمووان چاوەڕێی ئەوی تر بوون.. هەموویان چاوەڕێی ئەوە بوون کەسێکی تر لەجیاتی ئەوان کارە گرنگەکە بکات... بە کورتی و بە کوردی: ئێمەش وامان لێ هاتووە!



Scanned with Can



# باوکی خۆڵ! هەستە...

زۆر بەسۆز و میهرەبان بوو... زوو زوو سەردانی کچەکانی دەکرد... لەگەڵ کچەزاکانی یاریی دەکرد... لەگەڵ زاواکانیدا شۆخیی دەکرد... ڕێزی خزمانی دەگرت... جارێک ڕۆیی سەردانی فاتیمەی کچی کرد، دەبینێ عەلی لە ماڵدا نییە... پرسیاری عەلیی لە کچەکەی کرد، کچەکەی وتی: کێشەیەک لە نێوانماندا ڕوویدا و ئەو لە ماڵ ڕۆیشتە دەرەوە!

ئەویش فاتیمەی بەجێهێشت و بەدوای پیاوێکدا گەڕا هەواڵیکی عەلی بۆ بێنێتەوە... پیاوەکە عەلی دۆزییەوە و هاتەوە و پێی گوت: قوربان لە مزگەوت نوستووە... ئەویش تەشریفی ڕۆیشت بۆ مزگەوت، دەبینێ عەلی لەوێ نووستووە و سەرینی لە بن سەر نییە، بەڵکوو سەری لەسەر خاکوخۆڵی مزگەوتە و دەموچاو و سەری خۆڵاوی بووە... پێی فەرموو: هەستە! باوکی خۆڵ... خۆی بە دەستی پیرۆزی خۆی تەپوتۆز و خۆڵە وردەی لە دەموچاوی دەتەکاند...

لە فاتیمەی نەپرسی و نەیفەرموو: کێشەکەتان چییە؟ نەیفەرموو: بۆچی عەلی ڕۆیشتووەتە دەرەوە؟ نەیفەرموو: بۆ بە گژ یەکدا دەچن؟ چونکە دەیویست فێرمان بکات کە هەموو ماڵێک پیرۆزیی خۆی هەیە و هەندێک نهێنی تیایە نابێ کەسی تر بیزانێ...

دەیویست ئەوەمان فێر بکات کە خۆهەڵقورتاندن لە وردودرشتی نێوان ژنومێرددا نەک کێشە چارەسەر ناکات، بەڵکوو گەورەتری



Scanned with CamScanner

دەکات... دەی ئێوەش هەوڵ مەدەن ئەو شتانە ڕووماڵ بکەن کە خوای گەورە پەردەپۆشی کردووە... لێگەڕێن با ژنومێرد خۆیان نێوانی خۆیان چاک بکەنەوە و خۆیان خۆیان ئاشت بکەنەوە...

زۆر ئاساییە کە هەمووماڵێک کێشەی تێبکەوێ... ئەوەتا ئەوە فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، مێردەکەیشی حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب، چوارەم خەلیفەی ڕاشیدین بوو... کەچی کێشەشیان هەبوو... دەی ئیتر چۆن کێشە لەنێوان ئێمەوماناندا ڕوو نادات؟

ئێوە وا بزانن کە کێشەی نێوان ژنومێرد بەشێکە لە ژیان... بێگومان کێشە هەر ڕوودەدات، بەڵام دەبێ ژنومێرد خۆیان کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن و بیکەنە وانە و ئامۆژگاری بۆ جارێکی تر... ناکرێ خۆمان بە دەستی خۆمان ئابڕووی خۆمان ببەین و قوڕ بکەین بەسەر خۆمان و منداڵی خۆماندا و خۆمان بکەینە بنێشتەخۆشەی دەمی هەموو کەس و ناکەسێک!

چاو لە دانایی و زانایی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکە... خۆی تەشریف دەبات و دەچێ بۆ لای عەلی و نەرمونیانی لەگەڵدا دەنوێنێ و هێوری دەکاتەوە... بە هیچ شێوەیەک سەرکۆنەی ناکات و لێی تووڕە نابێت... لەویش ناپرسێ کە چی لەنێوان ئەو و کچەکەیدا ڕوویداوە... ئەمە وانەیەکی زۆر زۆر گرنگە بۆ هەمووان... بۆ ئەوەی کاتێ کێشەیەک لەنێوانیاندا ڕوودەدات، ئەو کێشەیە کاریگەری خراپی لەسەر منداڵەکان نەبێت و نەبن بە دەستە دەستە و کێبڕکێ نەکەن... بۆ ئەوەی بەنزین نەکەن بە ئاگردا... بە پێچەوانەوە، دەبێ ژنومێرد لە کاتی کێشەدا یەکسەر چاکەکانی ڕابردووی یەکتر وەبەر خەیاڵی خۆیان بێننەوە و لەبەر ئەو چاکانەی ڕابردوو لە هەڵەی ئێستا ببوورن... نابێ کەسوکاری ژنەکە هەر لەبەر ئەوەی زاواکەیان لە کچەکەیان تووڕە بووە و دەمەقاڵەیەکی لەگەڵدا کردووە، ئیتر لەبەرچاویان ببێ بە شەیتانی بەنەفرەتکراو...



Scanned with Can

حەزرەتی عەلیش وانەیەکی گەورەی پێشکەش کردین... وانەیەکی گرنگ لەسەر ئاداب و ڕەوشتی ناکۆکی نێوان ژنومێرد... لەسەر کێشەی ماڵەوە... ئەو بە بێدەنگی فاتیمەی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی هێور ببێتەوە... ئێمەش کاتی توڕە دەبین، قسەی ناشیرین و نەشیاو دێ بە دەمماندا... لە کەسی بەرامبەرمان شتی وا دەبیستین دڵ دەکەن بە خوێن! چاکتر وایە لە کاتی کێشە و ناکۆکیدا نەبینە کەڵەشێر و خۆمان لە یەکتر زیت نەکەینەوە... ئەم وەڵامی ئەو نەداتەوە و ئەویش وەڵامی ئەم!

دیسان حەزرەتی عەلی وانەیەکی ترمان پێشکەش دەکات... حەزرەتی عەلی وەک زۆربەی پیاوانی ئەمڕۆ، ژنەکەی لە ماڵ نەکردە دەرەوە، بەڵکوو خۆی ڕۆیشتە دەرەوە، چونکە دەیزانی ئەگەر ژن بڕواتە دەرەوە کێشەکە چارەسەر نابێت، بەڵکوو گەورەتر دەبێت... برینەکان سارێژ نابن، بەڵکوو قووڵتر دەبن... جگە لەوەش هەر کەسێک ژن لە ماڵ بکاتە دەرەوە، داخی ناوە بە دڵی ژنەکەی و کەسوکاری ژنەکەیدا... فووی کردووە بە فیقنەدا و هەمووانی لە هەموو نهێنییەکی ماڵی خۆی ئاگادار کردووەتەوە... کارێکی کردووە هەموو کەس و ناکەسێک لەنێو کێشەکەیاندا وەک مریشک چنگەپۆڕێ بکەن...

ئەگەر -خوانەخواستە- تۆش لەگەڵ ژنەکەتدا بوو بە کێشەتان وەک حەزرەتی عەلی بکە، تۆ خۆت بچۆرە دەرەوە... ئێوارەش بە بێدەنگی بگەڕێوە... یان لە ماڵی هاوڕێیەکت، یان لە میوانخانەیەک بنووە و بەیانی بگەڕێوە... بێگومان تا تۆ دەگەڕێیتەوە، ژنەکەیشت پەشیمان دەبێتەوە و چاوەڕوانە تۆ بگەڕێیتەوە... زۆر سوپاست دەکات، کە تۆ ئەوت نەشکاندووەتەوە و بە ڕێزەوە لە ماڵەوە بەجێت هێشتووە...



Scanned with Can



# ئەگەر ڕاست بکەیت،
# خوا بە ڕاستت دەخاتەوە

هیچ کەسێک لە هاوەڵان ئەوی نەدەناسی... هەر ئەوەندەیان دەزانی ئەو کەسێکی دەشتەکی بوو، لە دەشتەوە هاتبوو بەڵێنی بە پێغەمبەر(ﷺ) دابوو لە کاتی کۆچ و جیهاددا هاوبەشی لەگەڵدا بکات... دوایی جیهادێک هاتە پێشەوە... ئەو دەشتەکییە لەگەڵ سەربازەکانی تردا بۆ سەرخستنی ئایینی ئیسلام، لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) ڕۆیشتە دەرەوە... خوای گەورە سەرکەوتنی کرد بە نسیبی مسوڵمانان... لەو جەنگەدا دەستکەوتی باشیان دەست کەوت... پێغەمبەر(ﷺ) دەستکەوتەکانی بەش کرد... بەشێکی دانا بۆ ئەو کابرا دەشتەکییە... دوای ماوەیەک کابرای دەشتەکی هاتە شار... هاوەڵان پێیان گوت: پێغەمبەر(ﷺ) ئەم شتانەی بۆ تۆ داناوە و بەشی خۆتە... پیاوەکە بەشەکەی خۆی هەڵگرت و ڕۆیشتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)... بە پێغەمبەری خوای گوت:

قوربان ئەمە چییە؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەوە بەشی خۆتە...

پیاوەکە وتی: دەی قوربان خۆ من بۆ ئەمە دوای تۆ نەکەوتووم، من بۆیە دوای تۆ کەوتووم بۆ ئەوەی تیرێک بدری ئا لێرە و -ئاماژەی بۆ گەردنی خۆی کرد- بمرم و بچمە بەهەشتەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر بەڕاستت بێت، خوای گەورە بەڕاستی دەگێڕێ!



Scanned with Cam

جەنگێکی تر هاتە پێشەوە... ئەو پیاوەیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و تیرێک دابووی لە ناوەڕاستی گەردنی... ڕێک ئەو شوێنەی خۆی ئاماژەی پێ دابوو...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەمە ئەو پیاوەیە؟

گوتیان: بەڵێ قوربان خۆیەتی...

فەرمووی: ئەو ڕاستی کرد و خوای گەورە بە ڕاستی گێڕا...

دوایی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەواکەی خۆی کردە کفن بۆ ئەو پیاوە و نوێژی مردووی لەسەر کرد... ئەو ڕۆژە هاوەڵان گوێیان لە پێغەمبەر(ﷺ) بوو نزای دەکرد و لە خوا دەپاڕایەوە و دەیفەرموو: «اللهُمَّ هَـذَا عَبْـدُكَ خَـرَجَ مُهَاجِـرًا فِي سَـبِيلِكَ، فَقُتِـلَ شَـهِيدًا، أَنَـا عَلَيْـهِ شَـهِيدٌ». واتە: پەروەردگارا! ئەم پیاوە بەندەی خۆتە، لە پێناوی تۆدا کۆچی کردووە و بە شەهیدی کوژراوە و منیش شایەتی بۆ دەدەم...

ئەگەر ڕاست بکەی، خوا بە ڕاستی دەگێڕێ...

لەوانەیە هەریەک لە ئێمە دانیشێ و بە دوورودرێژی باس لەوە بکات، کە چەندە حەزی لە جیهاد و تێکۆشانە لەپێناو خوای گەورەدا... باسی ئەوە بکات، کە چەندێ پابەندە بە نوێژی بەیانییەوە... چەندێ پابەندە بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزەوە... چەندێ حەزی لە خێر و صەدەقەیە... خۆ خەڵک هەر ئەوەندەی لێ دەزانن کە بڕوا بە قسەکانت بکەن و بڵێن: بە ڕواڵەت کەسێکی باشە، بەڵام خوای گەورە ناخی مرۆڤ دەبینێ... ئاگای لە نیت و مەبەستی مرۆڤە... سەیری نێو دڵی مرۆڤ دەکات... ئیتر قسەی بریقەدار و ڕیکلام و تەبلیغات و ئەو جۆرە شتانە لای ئەو هیچ ڕۆڵێکی نییە... ئەوەی لای ئەو پەسەندە تەنیا نیتی نێو دڵە و بەس!



Scanned with Cam

خوای گەورە کاتێ بەندەیەکی خۆی دەبینێ کە بە دڵ حەزی لە کردنی کارێکی چاکەیە، بەڵام دەسەڵاتی کردنی ئەو کارەی نییە، ئەوا وەک ئەوەی کردبێتی خێر و چاکەی بۆ دەنووسێت و لە پەسلاندا پاداشتی دەداتەوە... کەچی لەولاشەوە مرۆڤی وا هەیە دونیایەک کاری چاکەی کردووە و نەک هەر پاداشتی لەسەر وەرناگرێتەوە، بەڵکوو سزاش دەدرێ، چونکە خوای گەورە دەزانێ کە نیەتێکی باش لە پشتەوەی ئەو کارانەدا بوونی نییە، بەڵکوو مەبەست ڕیا و چاولێکەری و ناوبانگ و ئەو جۆرە شتانە بووە...

خۆ عەبدوڵڵای کوڕی سەلول نوێژی بەیانیانی بە کۆمەڵ لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) دەکرد... کەچی کورکۆرەی دۆزەخ جێگایەتی... خۆ عەبدوڵڵا بە لەش هەموو کارێکی چاکەی دەکرد... کەچی لە دڵدا دووروو بوو... ئێ پێوەریش دڵە، نەک دەستوپێ!

لە ئەسەرێکدا هاتووە کە لە سەردەمی حەزرەتی موسادا(ﷺ) گرانی و برسێتییەک ڕوویدا... شوانێکی هەژار سەیری کێوێکی کرد و وتی: خوایە خۆت دەزانی ئەگەر ئەو کێوە زێڕ بووایە ئێستا هەموویم دابەش دەکرد و نەمدەهێشت کەس برسی ببێت، بەڵام چبکەم هیچم نییە!

خوای گەورە نیگای بۆ حەزرەتی موسا نارد و فەرمووی: بە فلانە شوان بڵێ: خوای گەورە خێرەکەی لێت وەرگرتووە...

هەمیشە ئەوەتان لە بیر بێت کە خوای گەورە سەیری ئەوە ناکات بزانێ کێ بنەماڵەدارە، بەڵکوو سەیری ناخی مرۆڤ دەکات... کێ ناخی زیاتر پاک بوو، نیەت و مەبەستی ڕەزامەندی خوا بوو، ئەوە ئەو کەسە براوەیە... بەخشینەکانی خوای گەورەش بە گوێرەی نیەت و مەبەستی پاکی مرۆڤە...



Scanned with Can



# ئەوە بۆ وا تێکشکاوی؟

مسوڵمان لە جەنگی ئوحود شکستیان خوارد و بە خەمبارییەوە گەڕانەوە... جا تێکشکانێک ببێتە وانە و پەندی لێ وەربگری و هەڵەکانت بۆ دەستنیشان بکات، لە سەرکەوتنێک باشترە کە ببێتە مایەی لەخۆباییبوون و سەرکەشی!

خوای گەورە ویستی ئەم ئوممەتەی پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاری بکات و تێیان بگەیەنێ کە سەرکەوتن لەگەڵ جێبەجێکردنی فرمانەکانی خوا و پێغەمبەری خوایە و هەرکەسێک لە فرمانی ئەوان دەربچێ، سەرکەوتنی هەیهاتە!

جا لەبەر ئەوەی لەدەستدانی دۆست و برادەر پڕ ئێش و ئازارە و لێکجودابوونەوە ئێشێکی گرانە و هاوەڵانیش مرۆڤ بوون، خەم و خەفەت هەموویانی داگرتبوو... تەنانەت خودی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەرەخۆشی لێ دەکرا، چونکە شێری خودا و پێغەمبەری خودای لە دەست دابوو، هەم مام و هەم برای لە دەست دابوو، حەمزەی چووبوو... ئەو برینەی شەهیدبوونی حەمزە لە ناخی پێغەمبەردا(ﷺ) دروستی کرد، هەتا کۆچی دوایی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ساڕێژ نەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێ، زەوی هەڵدەدا سووڕ و ژیان تێدەپەڕی و ڕۆژگار دەڕوات... هاوەڵانیش وردە وردە برینەکانیان کۆن دەبوو، ئەم دڵی ئەوی دەدایەوە و ئەویش دڵی ئەم... هەرچەند پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە هەمووان زیاتر ئێش و ئازاری ئەو شکستەی چەشتبوو،



Scanned with Cam

بەڵام لە هەموانیش زیاتر دڵنەوایی هاوەڵانی دەکرد... جارێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەیشتە جابری کوڕی عەبدوڵلا، فەرمووی: جابر! ئەوە چییە ئاوا بە خەمباری و تێکشکاوی دەتبینم؟

جابر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! باوکم لە جەنگی ئوحوددا شەهید بوو، کۆمەڵێک منداڵی ورد و قەرزێکی زۆری بەجێهێشتووە!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: دەتەوێ مزگێنی ئەوەت پێ بدەم کە باوکت چۆن بە خزمەت خوای گەورە گەیشتووە؟

جابر فەرمووی: بەڵێ!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: خوای گەورە قسەی لەگەڵ هەرکەسێکدا کردبێ، لە پشت پەردەوە بووە، بەڵام باوکی تۆی زیندوو کردەوە و ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵدا کرد و پێی فەرموو: ئەی بەندەکەم! دوای چی دەکەی بیکە با پێت ببەخشم!

باوکت وتی: خوایە دووبارە ژیانی دونیام پێ ببەخشەوە، با دیسان لەپێناوی تۆدا شەهید ببمەوە!

خوای گەورە فەرمووی: من پێشتر بڕیاری ئەوەم داوە کە هیچ کەسێک دووبارە نەگەڕێتەوە سەری زەوی!

ئای لەو فەرموودەیە چەندێ خۆشە کە فەرمووی: جابر ئەوە چییە ئاوا بە خەمباری و تێکشکاوی دەتبینم؟

زۆرجار خەڵک تەنیا یەک وشەی دەوێ، هەر ئەوەندە پێیان ڕابگەیەنی کە تۆ گرنگییان پێ دەدەی، لە خەمیاندا بەشداری... خۆ ڕێزگرتن تەنیا بە سەروەت و سامان نییە... گرنگیپێدانیش ڕێزگرتنە... جاری وا هەیە دڵنەواییکردنێک هەموو دونیا دێنێ... ئەوە ئێمە تا ئێستا ئەوەمان تاقی کردووەتەوە؟ تا ئێستا هاوڕێیەکی خەمباری



Scanned with Cam

خۆمان دیوە و پرسیاری ئەوەمان لێ کردووە کە بۆچی خەمبارە؟ تێمانگەیاندووە کە لای ئێمە گرنگە؟ پێمان گوتووە کە ئێمە پشتیوانی تۆین و هەرچیمان پێ بکرێ دەیکەین؟ یان هەر گوتوومانە: خۆم سەلامەت بم، کارم چییە بە کاری خەڵکەوە؟

جابر باش باش دەیزانی باوکی لە پێناوی خوای گەورە و ئایینی خوای گەورەدا شەهید بووە... دەیزانی هەتا گیانی سپارد هەر لەژێر سایەی ئاڵای پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بوو... ئای لەو کۆتاییە چەندێ پڕە لە بەختەوەرەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئاتاجی ئەوە بوو کەسێک باسی گەورەیی باوکی ئەو بکات... کەسێک پێی بڵێ کە باوکی چەندێ گەورە بووە... هیچ شتێک برینی لە دەستدانی نزیکانمان ساڕێژ ناکات، مەگەر ئەوەی لەوە دڵنیا ببینەوە کە ئەو دونیای لە ئەم دونیا خۆشتر و باشترە!

تۆش هەرکاتێ سەرەخۆشیت لە کەسێک کرد کە کەسێکی نزیکی لە دەست دابوو، باسی چاکە و پیاوەتی و گەورەیی ئەو کەسە کۆچکردووەی بۆ بکە... ئەوەی پێ بڵێ کە مسوڵمان لە پەنای خەڵکەوە کۆچ دەکا بۆ پەنای خوا! ئەمە یەکێکە لەو هەتوانانەی کە برینی ئەو کەسانە ساڕێژ دەکا کە کەسێکی ئازیزیان لە دەست داوە...

لەم فەرموودەیەدا کە ئێمە کردمان بە سەرچاوەی ئەم باسە، باسی ئەوە نەکراوە کە پێغەمبەر(ﷺ) قەرزەکانی باوکی جابری بژاردبێت، بەڵام لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو کارەی کردووە و قەرزەکانی سەرشانی باوکی جابری لە ئەستۆ گرتووە و بژاردوویەتی... پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو کارەی تەنیا بۆ جابر و باوکی جابر نەکرد، بەڵکوو هەر مسوڵمانێک بە قەرزاری کۆچی دوایی بکردایە و کەس نەبووایە قەرزەکانی بۆ



Scanned with Can

ببژێرێ، ئەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆی قەرزەکانی بۆ دەبژارد، بەلام هەرکاتێک کەسێکی زەنگین و دەوڵەمەند کۆچی دوایی بکردایە، سەروەت و سامانەکەی بۆ میراتگرەکانی بوو... هەموو جارێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: هەرکەسێک سەروەت و سامانی بەجێهێشت، بۆ میراتگرەکانی، هەرکەسێکیش قەرزی بەجێهێشت ئەوە بۆ من -خۆم بۆی دەبژێرم-.

زۆر جار ڕوودەدات کە کەسێک لە نەخۆشخانە دەمرێ... ئەوەندە پارەی نەخۆشخانە و قەرزی ئەم و ئەوی دێتە سەر، کە میراتگرەکانی ناتوانن بیبژێرن... خۆ تۆ خۆت باش لەوە تێدەگەیت و ئەوەت بە چاوی خۆت دیوە...

جا ئەگەر شتێکی وات بینی، ئەوە پرسیاریان لێ بکە و یارمەتییان بدە، ئەگەریش بتوانی پرسیار نەکەیت و خۆت هەموو قەرزەکان ببژێری، ئەوە باشتر! ئەوە ئەو کاتە تۆ کارێکی وات کردووە کە نەتهێشتووە ئێش و ئازاری مردن و ئێش و ئازاری قەرزاری پێکەوە کۆ ببنەوە!



Scanned with Cam



## وشترە یاخییەکەت چی لێهات؟

جارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەشریفی ڕۆیشت بۆ (مر الظهران) -گوندێکی نزیک شاری مەککە- یەکێک لەو کەسانەی کە لە خزمەتیدا بوون پیاوێک بوو بە ناوی (خەوواتی کوڕی جوبەیر)... خەووات لە خێمەکەی هاتە دەرەوە، دەبینێ کۆمەڵێک ژن پێکەوە دانیشتون و قسە دەکەن... خەووات دڵی لەو کۆڕ و مەجلیسە چوو... بەپەلە گەڕایەوە بۆ نێو خێمەکەی خۆی و دەستێک جلوبەرگی زۆر جوانی دەرهێنا و لەبەری کرد و ڕۆیی لە لای ژنەکاندا دانیشت!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) چاوی بە خەووات کەوت و فەرمووی: باوکی عەبدوڵلا ئەوە چی دەکەی لەوێ؟

خەووات وتی: قوربان وشترێکی یاخیم هەیە بەدوای گوریسێکدا دەگەڕێم پێی ببەستمەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) بە ئاماژە تێیگەیاند کە هەستێت و لەو ژنانە دوور بکەوێتەوە!

دوایی بەرەو شاری مەدینە وەڕێ کەوتن... لە ڕێگا هەرجارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) چاوی بە خەووات بکەوتایە، دەیفەرموو: سڵاوت لێبێ باوکی عەبدوڵلا، ئەوە وشترە یاخییەکەت چی لێهات؟

دوای ئەوەی گەیشتنەوە شاری مەدینە، خەووات چەند ڕۆژێک ڕووی نەبوو ڕوو بکاتە مزگەوت و بەشداری نوێژی بەکۆمەڵ بکات، بەڵام لە کۆتاییدا هەر ڕۆیشتەوە بۆ مزگەوت،



Scanned with Cam

لە مزگەوتدا نوێژی دابەست... پێغەمبەریش(ﷺ) هاتە مزگەوت و ئەویش نوێژی دابەست... خەووات نوێژەکەی زۆر درێژ کردەوە بۆ ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بڕوات و قسەی لەگەڵدا نەکات، چونکە شەرم دەیگرت، بەلام پێغەمبەری مەزن و مامۆستای مرۆڤایەتی بە خەوواتی فەرموو: دەی، هەر درێژی بکەرەوە، بە خوا هەتا تەواوی نەکەی منیش ناڕۆم!

خەووات هیچی بۆ نەمایەوە، بۆیە ئەوەندەی کە مابوو بە خێرایی تەواوی کرد و سلاوی دایەوە... پێغەمبەر(ﷺ) یەکسەر فەرمووی: ئەوە وشترە یاخییەکەت چی لێهات؟

خەووات وتی: سوێند بەو خوایەی تۆی کردووە بە پێغەمبەری خۆی، لەو ڕۆژەوە وشترەکەم یاخی نەبووە!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: دەی، خوا ڕەحمت پێ بکا! ئیتر دوای ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) لێی نەپرسییەوە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) باش دەیزانی کە خەووات وشتری یاخیی نییە، بەلام لاوازی وای لێ کردبوو لای ئەو ژنانە دابنیشێ و قسەیان لەگەڵدا بکات...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوەشی دەزانی کە خەووات پیاوێکی باشە، بۆیە نەیدەویست چاکەکانی خەووات زەربی سفر بکات، بەلام تۆ تەماشای ئەو ڕەوشتەی پێغەمبەر(ﷺ) بکە! پێغەمبەر(ﷺ) بە خەوواتی نەفەرموو: وەڵلا درۆ دەکەیت و من دەزانم وشتری یاخیت نییە، بەلام بە دووبارەکردنەوەی ئەو پرسیارە کە هەموو جارێ دەیفەرموو: ئەوە وشترە یاخییەکەت چی لێهات؟ بە زمانی حاڵ دەیەفەرموو: من دەزانم کە وشتری یاخیبووت نییە و دەزانم مەبەستت چیبوو!



Scanned with Cam

یەکێک لە کێشەکانی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەیە کە بە زبری مامەڵ لەگەڵ یەکتردا دەکەین... لە بۆسەداین بۆ ئەوەی هەڵەیەک لە کەسێک ببینین و ئیتر هەموو چاکەکانی زەربی سفر بکەین... بۆ ئەوەی ڕابردوویەکی پرشنگداری پێ تاریک بکەین، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو شتەی لە نێوان خۆی و خەوواتدا هێشتەوە و نەیکرد بە هەرا و خەڵکی تێنەگەیاند، بە جۆرە پرسیارێکی شیرین و سەرزەنشتێکی سووک و بەبێ تەریقکردنەوە و سەرکۆنەکردن، کارێکی بە خەووات کرد، کە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و ئەو کارە دووبارە نەکاتەوە...

ئێمە هەرچۆنێک بین مرۆڤین... کافر بین، یان مسوڵمان... گوێڕایەڵ بین، یان تاوانبار... زانا بین، یان نەزان... زەنگین بین، یان هەژار... وەزیر بین، یان گزیر... حەز ئارەزوومان هەیە، پێمان خۆشە دەوڵەمەند بین، خاوەن ناوبانگ بین... ئەگەر پیاو بین حەزمان لە ژنە، ئەگەر ژن بین، حەزمان لە پیاوە... ئەوە سروشتێکە و تێکەڵ بە خوێنمانە... ﴿فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا﴾ الروم: ٣٠ لەسەر ئەو خیلقەتە بن، کە خوا خەڵکانی لەسەر دروست کردووە...

ئێمە لەو دەمەی کە لاوازییەک ڕوومان تێدەکات تووشی تاوان دەبین... باسی کافربوون و گاڵتەکردن بە شەرعی خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) ناکەم... باسی تاوان دەکەم... کەواتە دەبێ بەو چاوە لە تاوانی خەڵک بڕوانین کە ئێمەش وەک ئەوین و بەندەی خوداین، نەک وەک خوا لێی بڕوانین!

ڕاستە نابێت هیچ کەسێک بە تاوان ڕازی بێت و دەبێ هەم بە دەم و زمان و هەم بە دەست و تواناش نەهی لە تاوان بکات، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو تاوانەی ئەو کردوویەتی و ئێمە



Scanned with Cam

نەمانکردووە، ئەوە خوای گەورە بە فەزل و میهرەبانی خۆی ئێمەی پاراستووە و نەیهێشتووە تووشی ببین و هەر ساتێک خوای گەورە ئەو فەزل و میهرەبانییەمان لێ بگرێتەوە، لەو کەسە خراپتر دەکەین... کەواتە تاوانی یەکتر داپۆشن و فووی پیا مەکەن... یەکتری لەکەدار مەکەن... تانە و تەشەر لە یەکتر مەدەن... هەرکەسێک بەهۆی تاوانێکەوە تانە و تەشەر لە کەسێکی تر بدات، مەگەر خوا، ئەگینا خۆیشی تووشی هەمان تاوان دەبێت!

خەووات هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو... لەخزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) لە سەفەر بوو... لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) جیهادی دەکرد... نوێژی دەکرد... کەچی لاوازییەک ڕووی تێکرد و تووشی ئەو تاوانە بوو... هەوا زاڵ بوو بە سەریدا و حەزی لەوەکرد لەگەڵ ژناندا دانیشێ و دەمەتەقە بکات... دەی ئەوە هاوەڵێکی پاک بوو وای بەسەر هات، ئەی ئەبێ ئێمەومانان چیمان بە سەردا بێت؟



Scanned with Cam

# ئەو خەدیجەی خۆش دەویست

خەدیجە تەمەنی چل سالان بوو... ئەویش تەمەنی بیستوپێنج سال بوو... دایە خەدیجە دڵێکی پڕ لە سۆز و میهرەبانی هەبوو... بە جۆرێک دڵی خۆی بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەکردەوە، دەتگوت هاوتەمەنن... پێغەمبەری خوداش(ﷺ) ئەوەندە ژیر و زانا بوو، دەتگوت لە تەمەندا زۆر زیاتر لە چل تێپەڕیوە...

دایە خەدیجە زۆر دەوڵەمەند بوو، بەڵام چاک چاک دەیزانی ئەو لە لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە هەموو سەروەت و سامانی دونیا خۆشەویستتر و سەنگینترە...

جا ئەگەر کەسێک پێی وتی: ئەوین پەرجوو دەنوێنێ، ئەوە بڕوای پێ بکە و بە درۆی مەزانە!

نیگا هاتە خوارەوە... ئای لەو دەمەی کە نیگا هاتە خوارەوە! دەبوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) پەنا بۆ یەکێکی ئازیز و خۆشەویستی خۆی ببا بۆ ئەوەی دڵنەوایی بکاتەوە...

ئەو نەڕۆیشت بۆ لای مامە دڵسۆز و دلێر و بەجەرگەکەی... نەڕۆیشت بۆ لای حەمزەی پاڵەوان...

نەڕۆیشت بۆ لای ئەبوتالیب، ئەو مامەیەی کە لە دڵسۆزیدا کەم وێنە بوو...

نەڕۆیشت بۆ لای هاوڕێ ڕاستگۆ و دێرینەکەی خۆی کە ئەبوبەکر بوو...

بەڵکوو پەنای بۆ خەدیجە برد، چونکە دەیزانی ئەو ژنێکی وای هەیە، هێندەی سوپایەکی بەهێز، بەهێزە و شیاوی پشتپێبەستنە... ئەویش



Scanned with Can

ئەوەندە میهرەبان و دڵسۆز و بەهێز بوو، جێ متمانەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو...

دایە خەدیجە دڵی پێغەمبەری(ﷺ) دایەوە... باسی چاکەکانی بۆ کردەوە... دواتر بردی بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل... دوای ئەوەی دایە خەدیجە بۆی دەرکەوت کە مێردەکەی بووە بە پێغەمبەری خودا، یەکەم کەس بوو کە باوەڕی پێکرد و ئیمانی پێ هێنا...

ڕۆژگار تێپەڕی... دایە خەدیجە وەفاتی کرد... پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوەندە خەمی لەدەستدانی دایە خەدیجەی خوارد، دونیای لێبوو بە زیندان... ئەوەندە خەمبار بوو، چونکە ئەو ئەویندارەکەی لە دەست دابوو... خەمخۆرەکەی لێچوبوو... ژنە بەئەمەک و وەفاکەی مردبوو... دایە خەدیجە بۆشاییەکی وای لە دڵی پێغەمبەردا(ﷺ) دروست کرد، کە هەرگیز پڕ نەبوویەوە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەمەنی بەرەو شەستساڵی هەڵکشابوو... چاوی بە هەندێک پیرەژنی نزیک لە هەشتا ساڵە کەوت، کەواکەی بەری خۆی داکەند و ڕایخست بۆ ئەوەی ئەو پیرەژنانە لەسەری دابنیشن... دوایی بەوانەی دەوروبەری خۆی -کە ئەو کارەیان پێ سەیر بوو- فەرموو: ئەوانە هاوڕێکانی خەدیجەن!

جارێک پیرەژنێک دەچێتە ماڵی پێغەمبەر(ﷺ)... پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە بینینی ئەو پیرەژنە تەواو دڵخۆش دەبێت... زۆر بە گەرموگوڕی بەخێرهاتنی دەکات... ڕووی خۆشی پێ دەدات... دایە عایشە ئەوەی بە لاوە سەیر دەبێت! پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت: ئاخر ئەمە لە سەردەمی خەدیجەدا هاتوچۆی دەکردین!

سەردەمی خەدیجە! تا ئێستا هیچ کەسێکتان تێبینی ئەوەتان کردووە کە پێغەمبەر(ﷺ) سەردەمی دایە خەدیجەی کردبوو بە مێژووو؟



Scanned with Can

جارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) مەڕێکی سەربڕی... گۆشتەکەی بەش بەش کرد، دوایی فەرمووی: لەو گۆشتە بەشی هاوڕێکانی خەدیجە بنێرن!

ئەنەس دەفەرموێت: ئەگەر شتێکیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) هێنابا دەیفەرموو: بیبەن بۆ فلانە ژن، چونکە خەدیجەی زۆر خۆش دەویست!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەنیا دایە خەدیجەی خۆش نەدەویست، بەڵکو ئەوانەشی خۆش دەویست کە دایە خەدیجەیان خۆش دەویست!

هەرکەسێک بڵێ: ئەوین لە پیاوەتی دادەبەزێنێ، ئەوە ناماقوڵی فەرمووە!

هەرکەسێک بڵێ: دەربڕین و ئاشکراکردنی ئەوین و خۆشەویستی کاری پیاوان نییە، ئەوە ناماقوڵی فەرمووە!

ئەوەتا گەورە و سەرداری مرۆڤایەتی دایە خەدیجەی بە زیندوویی و بە مردوویی خۆش دەویست و ئەوینەکەیشی دەردەبڕی و نەیدەشاردەوە...

دەی ئێوەش شەرم لە دەربڕینی ئەوینی خۆتان مەکەن! هەتا کۆتایی ژیان هەر لەگەڵ ئەوین بن و بە ئەوینەوە بژین... لەم دونیایەدا هیچ شتێک هێندەی ئەوینی حەڵاڵ و ڕەوا جوان و خۆش نییە!

هەرکەسێک بڵێ: دڵڕەقیی پیاو بە بار دێنێ، ئەوە قسەیەکی هەڵە و ناماقوڵی کردووە، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە، پیاو هەتا دڵنەرمتر و ئەویندارتر و بەسۆزتر بێت، زیاتر پیاوە...

ئاکار و ڕەفتاری جوان و نەرمونیانی، بەڵگەی گەورەیی و پیاوەتییە...

هەرکەسێک پێی وابێ ژنان بە شەق و زللە و خۆلێتووڕەکردن نەبێ، نایەنە سەر هێڵ و نابن بە ژن، ئەوە ناماقوڵی کردووە!

تەنیا بە ئەوین دەتوانی ژن بکەی بە ژنی خۆت... تەنیا بە ئەوین!



Scanned with Cam



## باوکی یەحیا! قازانجت کرد

کات تێپەڕی و بانگەوازی ئایینی ئیسلام لە تەنگی شاری مەککە هاتە دەرەوە و بەرەو فراوانی شاری مەدینە خرۆشا...

هاوەڵان پێگەیشتن و لە تاقیکردنەوەی سەخت و ناڕەحەت دەرچوون... جەعفەر و هاوڕێکانی بەرەو وڵاتی حەبەشە کۆچیان کرد... بیلال فیس و خۆبەزلزانینی ئومەیەی کوڕی خەڵەفی تێکەڵ بە خاکوخۆڵ کرد... حەمزە کێشای بە ناوچاونی ئەبوجەهلدا... عەلی خۆی کردە فیدای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و شەو لە جێگەکەی ئەوا نووست بۆ ئەوەی کافرەکان بە پێغەمبەر(ﷺ) نەزانن و دەستگیری نەکەن...

لەولاشەوە ئەبوبەکر هەموو ئەو کۆیلانەی دەکڕییەوە کە مسوڵمان ببوون و ئازادی دەکردن... جگە لەوەش لە خزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بەرەو مەدینە کۆچی کرد بۆ ئەوەی قۆناغێکی نوێ دەست پێ بکەن و بتوانن بۆ هەتا هەتایە دونیا بگۆڕن...

مەککە نەیدەتوانی مسوڵمانان گل بداتەوە و پێغەمبەریش(ﷺ) لە مەدینە بێت... ئاخر مرۆڤێک کە ئەویندارى کەسێک بێت، چۆن دەتوانی بەبێ ئەویندارەکەی بژی؟

هەمووان دانە دانە و دوو دوو بە دزی سەرانی قورەیشەوە بەرەو مەدینە کۆچیان دەکرد... یەکێک لەوانە صوهەیب بوو، ئەویش بەرەو مەدینە وەڕێ کەوت، بەڵام قورەیشییەکان پێیان زانی و چەند



Scanned with Cam

کەسێکیان نارد بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن و بیهێننەوە... صوهەیب ڕووبەڕووی کافرەکان وەستایەوە و تیرەکانی لە تیردانەکەی دەرهێنا و پێی وتن: هۆ قورەیشییەکان! ئێوە باش دەزانن کە هیچ کەسێک هێندەی من تیرئەنگێو نییە... بە خوا هەتا ئێوە بە من دەگەن، من بە هەر تیرێک کەسێکتان لێ دەکوژم! دوایی بە شمشێرەکەم شەڕ دەکەم و بەرگری لە خۆم دەکەم!

ئەوانیش وتیان: کورە تۆ بە فەقیری و هەژاری هاتی بۆ مەککە، ئێستا دەوڵەمەند و زەنگینی، دەتەوێ خۆت و داراییەکەت بەرەو مەدینە بچن؟ بە خوا ناهێڵین -فلسێک لەگەڵ خۆتدا بیەی-...

صوهەیب فەرمووی: دەی ئەگەر سامانەکەم بۆ ئێوە بەجێ بهێڵم وازم لێ دێنن؟

وتیان: بەڵێ!

صوهەیب ئەو شوێنەی پیشان دان کە سەروەت و سامانەکەی تیا تاقەت کردبوو... بۆیە ئەوانیش وازیان لێ هێنا... صوهەیبیش بەرەو مەدینە ملی ڕێگای گرتە بەر...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕاستەوخۆ لە لایەن جوبرەئیلەوە ئەو هەواڵەی پێ درا... جوبرەئیل فەرموودەی خوای گەورەی بۆ هێنا کە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡرِي نَفۡسَهُ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ رَءُوفُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٢٠٧﴾ ﴾ البقرة: ٢٠٧ واتە: هەندێک خەڵکیش هەن (پێچەوانەی ئەوانەی باس کران) خۆیان دەفرۆشن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا، خوای گەورەش بەسۆز و میهرەبانە بەرامبەر ئەو جۆرە بەندانەی.

کاتێ صوهەیب گەیشتە شاری مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) خۆی بە ڕوویەکی گەشی وەک مانگی چواردەوە، پێشوازی لێ کرد و فەرمووی: باوکی یەحیا قازانجت کرد! باوکی یەحیا قازانجت کرد!



Scanned with Can

قازانجی کرد، چونکە لە پێناوی خوای گەورە وازی لە هەموو شتێک هێنا...

هەر تاوانێک خۆی بۆ تۆ برازێنێتەوە و هیچ لەمپەڕێکیش نەبێ بۆ کردنی ئەو تاوانە، بەڵام تۆ خۆت و خوای خۆت لەبەر ڕەزامەندی خوا وازی لێ بێنی، ئەوە دڵنیابە کە قازانجت کردووە، تامی ئەو دەمەی وازی لێ دێنی زۆر شیرینترە لە تامی ئەو کاتەی تاوانەکە ئەنجام دەدەی!

هەموو تۆڵەیەک کە دەتوانی وەربگریتەوە، بەڵام لەبەر ڕەزامەندی خوا تۆڵەکە ناسێنیتەوە، ئەوە دڵنیابە کە قازانجت کردووە و تامی بەخشین زۆر لە تامی تۆڵە شیرینترە!

قەرزت بە لای هەرکەسێکەوە بوو، نەیتوانی قەرزەکەت پێ بداتەوە و تۆش لەجیاتی ئەوەی بکەیتە پشت ملی، چاوپۆشیت لێ کرد و سەخڵەتت نەکرد، ئەوە دڵنیابە کە قازانجت کردووە، تامی چاوپۆشی زۆر لە تامی قەرزوەرگرتنەوە شیرینترە!

هەر پارەوپووڵێک کە دەیدەی بە هەژارێک، ئەگەر بزانی پێش ئەوەی هەژارەکە وەریبگری، خوای گەورە وەریگرتووە، ئەوە تۆ قازانجت کردووە و تامی پێبەخشین لە تامی وەرگرتن شیرینترە!

هەرجاری ویستت لە ژنەکەت، یان منداڵێکت تووڕە ببیت، بەڵام خۆت خواردەوە و پەنات گرت بە خوای گەورە و توڕە نەبووی، ئەوە قازانجت کردووە، تامی لێبووردن زۆر زۆر لە تامی توڕەبوون شیرینترە!



Scanned with Cam



# برایەکی خراپە!

هەموو فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لیوانلیوە لە دانایی... هەموو هەڵوەستەیەکی وانەیەکە... هەر چرکەیەک لە ژیانی پیرۆزی شایانی ئەوەیە بە پێنووسی زێڕین لەسەر تاتی زیوین بنووسرێتەوە... ئەو پیاوێکی وابوو کە لەنێو مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر ئەو دانەیە هەبووە و هەیە... ئەمەی خوارەوە داناییەکی بێوێنە و وانەیەکی گەورە و کاتێکە کە شایانی ئەوەیە تۆمار بکرێ...

ڕۆژێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ماڵەکەی خۆی و دایە عایشە دانیشتبوو... پیاوێک داوای هاتنەژوورەوەی کرد... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: با ئەو کەسە خراپەی هۆزەکەی بێتە ژورەوە...

کاتێ هاتە ژوورەوە پێغەمبەر(ﷺ) بە دەمیەوە پێکەنی و قسەی نەرم و خۆشی لەگەڵدا کرد... دوای ئەوەی ڕۆیشت، دایە عایشە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! کاتێ ئەو پیاوە داوای مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی کرد، تۆ ئەوەت فەرموو کە فەرمووت، کەچی دوایی بە دەمیەوە پێکەنیت و پێشوازیت لێ کرد!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی عایشە تۆ کەی منت بە خراپی دیوە؟ ڕۆژی قیامەت خراپترین کەس لە لای خوای گەورە ئەو کەسانەن کە هێندە خراپن خەڵک لە ترسا تێکەڵییان ناکات...



Scanned with Cam

ئەم وانەیە وانەیەكی گەورەیە بۆ هەڵكردن و موداراكردن لەگەڵ خەڵكدا... مرۆڤە گێلەكان جیاوازی نێوان هەڵكردن و مودارا لەگەڵ دووڕوویيدا ناكەن، كە ئەوەش شتێكی زۆر خراپە... ئەوە تێگەیشتنێكی ناماقوڵانەیە بۆ تێكەڵاوی و مامەڵەكردن لەگەڵ خەڵكدا...

زۆر جار كار و جموجووڵی وایە سەرەتا زۆر لە یەكتر دەچن، بەڵام ئەگەر بە چاوێكی ورد و ژیرانە سەیرێكی بكەی، دەزانی نێوانیان هەر لەسەر زەمین تا ئاسمانە... دەی خۆزگەم بەوانەی دەتوانن شتەكان لێك جیا بكەنەوە و باش و خراپ تێكەڵ نەكەن! ئەوە ئەو كەسانەن باش لە مانای ژیان تێگەیشتوون...

ئەو كەسانەی كە جیاوازی لەنێوان هەڵكردن و مودار لەگەڵ دووڕوویی ناكەن، ڕێك وەك ئەو كەسانەن كە جیاوازی لەنێوان دەستپێوەگرتن و قرچۆكی و ڕەزیلی ناكەن! وەك ئەو كەسانەن كە جیاوازی لەنێوان ترسنۆك و خۆپارێزدا ناكەن... وەك ئەوانەن كە جیاوازی لەنێوان دلێر و سەركەشدا ناكەن... وەك ئەوانەن كە جیاوازی لەنێوان سەخی و دەستبڵاودا ناكەن!

جاری وا هەیە شتێك دەبێتە لەمپەڕ و ناتوانی بە ستەمكار بڵێی: هەی ستەمكار! ئەوە هەڵكردن و موداراتە...

بەڵام نیفاق و دووڕوویی ئەوەیە كە چەپڵە بۆ ستەمكار لێبدەیت... نەوتنی ڕاستی مانای ڕازیبوون نییە بە ناڕاستی، بەڵام چەپڵەلێدان بۆ ناڕاستی مانای ڕازیبوونە بە ناڕاستی... ڕاستە هەق وایە لە ڕووی ستەمكاردا بڵێی: ستەمكار، بەڵام خوا خۆی دەزانی بارودۆخی وا ڕوودەدا كە مرۆڤ ناتوانی هەموو ڕاستییەك بڵێ!

لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە كە خۆت بپارێزی لەوەی ببی بە خراپترین كەسی گەل و هۆزەكەت!



Scanned with Can

لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە دایک و باوکت لە ترسی قسەی خراپ و جوێنی تۆ، بە نەرمی ڕەفتارت لەگەڵدا بکەن و هیچت پێ نەڵێن!

ژنەکەت لە ترسی لێدان و دەستدرێژیت بێدەنگ بێت!

منداڵەکانت لە ترسی ئاکار و ڕەفتاری بەدی تۆ، خۆیان بگونجێنن و هیچ نەڵێن!

دراوسێکەت هیچت پێ نەڵێت، چونکە وابزانێ تۆ بۆمبێکی چێنراوی و کەس نازانێ چ کاتێ دەتەقیتەوە!

هاوڕێکانت لە ترسی زمانت هیچ قسەیەکت لە لا نەدرکێنن، چونکە دەزانن تۆ کەسێکی دەم نەوەستاوی و قسە دەگێڕیتەوە...

هاوپیشەکانت لە ترسی شەر و خراپەی تۆ، نەرمی و ملکەچی بنوێنن!

کاتێ دایک و باوکت بە ئازادی قسەت لەگەڵدا دەکەن و ژنەکەت دەمەقاڵێت لەگەڵدا دەکات و منداڵەکانت سەر دەخەنە سەرت و دراوسێکانت بە ڕوویەکی گەشەوە مامەڵەت لەگەڵدا دەکەن و هاوڕێکانت قسەی دڵی خۆیانت لە لا دەدرکێنن و هاوپیشەکانت لێت ناترسن، ئەوە ئیتر بزانە کە تۆ مرۆڤێکی گەورەی! ئەوە ئەوانە بۆیە بەو جۆرە مامەڵەت لەگەڵدا دەکەن، چونکە بە تۆدا دەپەرموونەوە و دەزانن کەسێکی باشی...

ئەوەی لێی دەترسێت لەوانەیە بەدڕەفتار بێت...

دەگێڕنەوە دەڵێن: ڕۆژێک مەئموون لە کۆشکەکەیدا دانیشتبوو، وەزیر و والییەکانیشی لە خزمەتدا بوو، مەئموون بانگی نۆکەرەکەی کرد، نۆکەر وەڵامی نەدایەوە، بۆ جاری دووەم مەئموون بانگی کرد، بەڵام ئەمجارەش وەڵامی نەدایەوە...

بۆ سێیەم جار بانگی نۆکەرەکەی کرد، نۆکەر بە دەم پرتەوبۆڵەوە هات و پارچە نانێکی بە دەستەوە بوو، وتی: ئاخ لە دەس ئەم کۆشکە! خۆ مرۆڤ ناتوانێ تیکە نانێک بە ئاسانی بخوات!

مەئمون سەری داخست و تەماشای زەوی کرد و ڕیشی خۆی گرت و ڕایکێشا، هەندێک لەو کەسانەی کە لەوێ بوون سەریان نەوی کرد! بۆیە سەریان نەوی کرد، نەکا پرشی خوێنی نۆکەرەکەی بەرکەوێ، چونکە دڵنیا بوون کە مەئمون بە شیر لە ملی نۆکەر دەدا و سەری لە لاشە جیا دەکاتەوە، بەڵام مەئمون سەری بەرز کردەوە و وتی: ئەگەر پادشا ڕەفتار و کرداری جوان بوو، نۆکەرەکانی ڕەفتار و کرداریان ناشیرین ئەبێت... ئەگەریش پاشا ڕەفتار و کرداری ناشیرین بوو، ئەوا ڕەفتار و کرداری نۆکەرەکانی جوان ئەبێت... ئێمەش کەسانێکی واین کە ئاکار و ڕەفتاری شیرینی خۆمان ناکەین بە قوربانی ئاکار و ڕەفتاری نۆکەرەکانمان!



Scanned with Can



# دایکتان غیرەی کرد

شەوەکانی لەنێوان خێزانەکانیدا دابەش کردبوو، هەر شەوێک بۆ یەکێک لە ژنەکانی... ئەو شەوە شەوی دایە عایشە بوو... پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە لای دایە عایشە بوو... هەندێک لە هاوەڵانیش لە خزمەتیدا بوون، جگە لەوەی شەرەفی هاوڕێیەتی و لەخزمەتبوونی پێغەمبەریان(ﷺ) پێ بڕا، سەردانی ئەو شەوەش بوو بە وانەیەکی گەورە سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا...

دایە زەینەبی خێزانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خواردنێکی ئامادە کردبوو... خواردنەکەی بەبێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێ نەدەخورا... بۆیە هەندێک لە خواردنەکەی کردە ناو دەفرێکەوە و بانگی خزمەتکارەکەی کرد تا بیبا بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ)... کاتێ دایە عایشە خواردنەکەی بینی، غیرە گرتی... ئەو غیرەیەی کە هەموو هەوێیەک بە بینینی هەویەکەی تر دەیگرێ! بە گوێرەی لێکدانەوەی ژنانە بۆ بابەتەکە ئەوە دەستدرێژی بوو بۆ سەر شەوەکەی دایە عایشە... هەر لەبەر ئەوە زللەیەک لە دەستی خزمەتکارەکە دەدات و دەفرەکە دەکەوێ و دەشکێ و خواردنەکەش دەڕژێتە سەر زەوی!

تۆ بێنە بەرچاوی خۆت و وابزانە تۆ دوو ژنت هەیە و یەکێیان خواردنێکت بۆ دەنێرێ و ئەمیان لە بەرچاوی میوانەکانت لە دەستی خزمەتکارەکە دەدا و خواردنەکە دەڕژێنێ و دەفەرکەش دەشکێنێ! دەبێ چەندە تەنگەتاو بێت؟ دەبێ چەندێ تووڕە ببێت؟ بێگومان ئەگەر شتێکی وا لە تۆ، یا لە هەرکەسێک لە ئێمە ڕووبدات، ئەوە بە سووکایەتی دەزانین...

یەکەم شتێکیش بیری لێ بکەینەوە ئەوەیە کە پیاوەتی خۆمان دەربخەین و لە بەرچاوی میوانەکان خۆمان لە ژنەکەمان تووڕە بکەین و پیاوەتی خۆمان لە بەرچاوی میوانەکان دەربخەین و ئەوە دەربخەین کە تەنیا من خاوەن مالم!

بەلام تۆ سەیری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکە بزانە چۆن مامەلەی لەگەل دایە عایشەدا کرد؟ بزانە چ وانەیەکی پێشکەش بە هەموو پیاوەکانی سەر زەوی کرد؟

لەسەر ئەژنۆ دانیشت و یەک بە یەک پارچە شکاوەکانی دەفرەکەی کۆ کردەوە... خواردنەکەیشی بە سووکی لەسەر زەوییەکە هەلگرتەوە... بە دەم بزە و خەندەوە بە میوانەکانی فەرموو: دایکتان غیرەی کرد! دوایی کەمێک خزمەتکارەکەی لای خۆی گل دایەوە بۆ ئەوەی دایە عایشە دەفرێکی خۆی بێنێ و لەجیاتی دەفرە شکاوەکە بینێرێ بۆ دایە زەینەب!

خەریک بوو جەنگێکی گەورە لەنێوان دوو هەوێدا هەلبگیرسێ، بەلام پێغەمبەری خوا بە دانایی و زانایی و لێبووردەیی خۆی، ئاوی کرد بەسەر ئاگردا و نەیهێشت تەشەنە بکات... ئەو دەیزانی کە لە کاتێکی ئاوادا ژنان غیرە دەکەن... کاتێکیش ژن غیرە دەکات، نە قسە و ڕەفتاری، نە هەلسوکەوتی ئاسایی نابێت و لەوانەیە کاردانەوەیەکی نەشیاوی لێ دەربکەوێ!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە دایە عایشە تووڕە نەبوو، لە ڕێگەی تووڕەبوونەوە پیاوەتی خۆی دەرنەخست، بەلکوو ئەو بە جۆرێکی زۆر شیاو پیاوەتی خۆی دەرخست... بە ژیری و دانایی... بە خۆگری و ئارامی... بە بزە و زەردەخەنەی سەرلێو... بە قسەی خۆش!

ڕۆژ نییە ژیان هەر یەکێک لە ئێمە نەخاتە بەر هەلوێستێکەوە... نەمانخاتە بەردەم کێشە و ئاریشەیەکی قورسەوە... ئەوە کاردانەوەکانی ئێمەیە کە کێشەکان گەورەتر دەکەن، یان ئاو دەکەن بە ئاگردا و دەیکوژێننەوە!



Scanned with Cam

هەرکەسێک وابزانێ کە ژیانی ژن و پیاو هەمووی هەر جەنگ و کێبڕکێیە و دەبێ هەموو جارێکیش پیاو براوە بێت، ئەوە زۆر هەڵەیە! بە پێچەوانەوە ژیانی ژنومێرد بەوە دەچێتە پێشەوە کە پیاو و ژن چاوپۆشی لە زۆربەی زۆرینەی کێشەکان بکەن و گەورەیان نەکەن... ئەگەر ئێمە وەڵامی هەموو قسەیەک بدەینەوە و لە بەرامبەر هەموو هەڵەیەکدا هەڵچین، ئەوە ئیتر ژیانی هاوسەری زۆر بە خێرایی کۆتایی دێت و دەبێت پاشماوەی ژیانمان بە زگوردی ببەینە سەر!

تۆ تەماشای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکە، نەک هەر خۆی لە بابەتەک خڵەفاند، بەڵکوو بەهانەیشی بۆ دایە عایشە هێنایەوە... ئەوە غیرەی کرد بۆیە دەفرەکەی شکاند!

ئەو کەسەی کە دەیەوێ لە ژیاندا سەرکەوتوو بێت، دەبێ لەگەڵ سروشتی خەڵکدا ئاشنا بێت، نابێت ڕێک وەک چۆن هاورێکەی لەگەڵ ژنەکەیدا دەجووڵێتەوە، ئەمیش بە هەمان شێوە لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا بجووڵێتەوە! نابێ چاو لە هاوڕێکانی بکات، بزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانی خۆیاندا دەکەن، ئەمیش چاویان لێ بکات و بەو جۆرەی ئەوان هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا بکات... هەموو قۆناغێکی ژیان و هەموو کۆمەڵگایەک سروشت و هەستی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە یەکتر جیاوازن... ئەو کەسەی بە یەک جۆر مامەڵە لەگەڵ هەموو تەمەن و شوێنێکدا دەکات، وەک ئەو پزیشکە وایە یەک جۆر دەرمان بۆ هەموو نەخۆشێک بنووسێت!

تووڕەیی دڵی مرۆڤ کوێر دەکاتەوە... کاتێک کە تووڕەی بڕیار مەدەن... ئەو کاتەی مرۆڤ تووڕەیە، وەک ئەوە وایە لە ئاوێکدا سەیری دەموچاوی خۆی بکات کە دەکوڵێ... خۆڕاگرە تا ئاوەکە سارد دەبێتەوە و کەفوکوڵی دەنیشێتەوە و مەن دەبێت، پاشان لە خۆت بڕوانە! ژیانی ژنومێردیش هەروایە!



Scanned with Can



## بەڵام جولەیبیب نادیارە!

جولەیبیب پیاوێک بوو سەر و سیمای ناشیرین بوو... کورتەباڵا بوو... هیچی نەبوو، زۆر هەژار بوو... چ کچێک ئامادەیە مێرد بە پیاوێکی وا بکات؟

نە جوانە تا جوانییەکەی سواغی هەژارییەکەی بدات، نە دەوڵەمەندە تا ناشیرینییەکەی بشارێتەوە! هەموو سەرمایەیەکی جولەیبیب ئەوە بوو کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆری خۆش دەویست -ئای لەو سەرمایەیە چەندە بەنرخ و هێژایە... ئای لەو بەختەی جولەیبیب چ بەختێکی گەورە بوو- هەرکەسێک ئەو سەرمایەیەی جولەیبیبی هەبێت، هەرگیز تووشی زیان نابێت... مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدا حەشر دەکرێ کە خۆشی دەوێ!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەدوای کچێکدا دەگەڕا تا بۆ جولەیبیبی بخوازێ... بە پیاوێکی ئەنصاری فەرموو: کچەکەتم بدەرێ...

پیاوەکە وتی: بەسەرچاو قوربان، پێشکەشت بێت...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: بۆ خۆمم نییە!

پیاوەکە وتی: ئەی بۆ کێتە قوربان؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: بۆ جولەیبیب!

پیاوەکە وتی: با پرسێک بە دایکی بکەم... پیاوەکە ڕۆیشتەوە بۆ لای ژنەکەی، ئاگاداری کردەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) داوای کچەکەیانی کردووە بۆ جولەیبیب... ژنەکەی وتی: نا بە خوا من ڕازی نابم!



Scanned with Cam

پیاوەکە ویستی هەستێ و بڕواتەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێی بڵێ: قوربان کارەکە ڕێی تێناچێت و ژنەکەم ڕازی نییە! لەو کاتەدا کچەکەیان هات و وتی: کێ داوای منی لە ئێوە کردووە؟

وتیان: پێغەمبەری خوا(ﷺ)...

کچەکە وتی: دەی، باشە ئێوە وەڵامی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە (نا) دەدەنەوە؟ من خۆم ڕازیم و خوا زایەم ناکات...

هاوسەرگیری کرا... لەو کاتەدا غەزایەک هاتە پێشەوە... پێغەمبەری خوا(ﷺ) عادەتی وابوو هەموو جارێک دوابەدوای تەواوبوونی غەزا و جیهاد، دەگەڕا و دەیفەرموو: ئەرێ کەس نادیارە؟ ئەو جارەش فەرمووی: ئەرێ کەس نادیارە؟

هاوەڵان فەرموویان: نەخێر قوربان، هەموو دیارن...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵام جولەیبیب نادیارە... دەی بڕۆن لەنێو کوژراوەکاندا بە دوای جولەیبیبدا بگەڕێن...

هاوەڵان گەڕان و جولەیبیبیان دۆزییەوە... جولەیبیب لەنێوان حەوت کوژراودا کەوتبوو... حەوت کافری کوشتبوو، پاشان کەسێکی تر ئەوی شەهید کردبوو...

هاوەڵان وتیان: قوربان ئەوە جولەیبیبە شەهید کراوە!

پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی ڕۆیشتە سەر تەرمی جولەیبیب و فەرمووی: حەوت کەسی کوشتووە و خۆیشی شەهید کراوە! ئەمە لە منە و منیش لە ئەوم -یانی: ڕێگا و مەبەستی من و جولەیبیب هەر یەک ڕێگا و مەبەستە، کە یەکتاپەرستی و ڕەزامەندی پەروەردگارە- دوایی تا تەواوبوون و هەڵکەندی گۆڕ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەری جولەیبیبی خستە سەر باسکی خۆی و دوایی خۆی دایهێنایە نێو قەبرەوە...



Scanned with Cam

ئەوە بەسە بۆ ئەو کچە کە بەو جۆرە وەلامی داخوازی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دایەوە، ئەو لەبەر پێغەمبەر(ﷺ) مێردی بە جولەیبیب کرد، ئەگینا خۆی بە دڵ ڕازی نەبوو... ئەمەش مانای وا نییە کە ئیتر با پیاویش ناشیرین بێت، بەلام گوێی مەدەنێ و کچی خۆتانی پێ بدەن... حەزەرتی عومەر دەیفەرموو: بە زۆر کچەکانتان مەدەن بە پیاوی ناشیرین، ژنانیش ئەوەیان پێ خۆشە کە پیاوان پییان خۆشە -یانی چۆن پیاو پێی خۆشە ژنەکەی جوان بێت، بە هەمان شێوە ژنیش پێی خۆشە مێردەکەی جوان بێت- ئەوەش نیشانەی بێڕەوشتی، یان بێدینی نییە، نەخێر ئەوە سروشتێکە و خوای گەورە بە ژن و پیاوی بەخشیوە...

با ئەوەش بڵێین، کە دوای ئەوەی کچەکە ڕازی بوو لەبەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) مێرد بە جولەیبیب بکات، پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە کوڵ نزای خێری بۆ کرد و فەرمووی: پەروەردگارا! بە لێشاو خێر و فەڕ و بەرەکەت بڕژێنی بە سەریدا، خوایە هەرگیز ژیانی ناخۆش و تەنگ نەکەی...

دوعا و نزای پێغەمبەری خوا(ﷺ) گیرا بوو... ئەو کچە دوای شەهیدبوونی جولەیبیب یەکێک بوو لە ژنە هەرە زەنگین و دەوڵەمەندەکان!

یەکێکی تر لە مافەکانی دایک و باوک ئەوەیە کە کەسێکی باشتر و زاناتر بۆ کچی خۆیان پەسەند بکەن... ڕاستە ئێمە وەک مسوڵمان فرمانی ئەوەمان پێ کراوە سەرەتا و پێش هەموو شتێک، هەواڵی دینداری و بیروباوەڕ بپرسین، بەلام خۆ ئەگەر هەموو سیفەتە جوان و باشەکان کۆ ببنەوە ئەوە وەک دەڵێن نوور عەلا نوور! خۆ ئەگەر ئەو پیاو و ژنە کچەکەی خۆیان بە جولەیبیب نەدایە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) نە تووڕە دەبوو، نە لێیان عاجز دەبوو، نە زۆریشی



Scanned with Can

لێ دەکردن، چونکە هەموو خێزانێک پێوەر و ڕاوبۆچوونی خۆیان هەیە و دەبێ ڕێز لە پێوەر و ڕاوبۆچوونی هەمووان بگیرێ...

ڕاستە سەورەت و سامان و جوانی و ئەو بابەتانە وەک خاڵ لە بەرژەوەندی داخوازیکەردا دەژمێردرێن، بەلام خۆ بێگومان دەوڵەمەند باشترین نییە، ئەوەتا خوای گەورە دەوڵەمەندێکی وەک قارونی برد بە ناخی خاکدا...

خۆ خاوەن پیشەش قێزەون و بێزراو نییە... ئەوەتا زاتێکی مەزنی وەک حەزرەتی زەکەریا دارتاش بوو...

ئەوەشمان لە بیر نەچێت دۆزەخ زۆر کەسی تێدایە کە لە دونیادا بە شکڵ و شێوە زۆر جوان بوون.. بەهەشتیش زۆر کەسی وای تێدایە کە لە دونیادا زۆر کورتەباڵا و ناشیرین بوون.. نابێ ئێمە بە ڕبەی دونیا قیامەت بپێوین! نابێ هەر بە سەر و سیما بریاری چاکە و خراپەی خەڵکی دەربکەین... بابەتەکە وەک ئەوە وایە تۆ بتەوێ کارێک بۆ کوڕەکەت بدۆزیتەوە، بەلام ڕازی نەبێ سەرجادە و کۆڵان گسک بدات، لە کاتێکدا ئەوپەڕی ڕێزی ئەو کەسانەش دەگری کە گسکلێدەری سەرجادە و کۆڵانن!



Scanned with Can



## شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!

لە غەزای بەدردا سەرانی قورەیش خراپ تێکشکان... مسوڵمانان ئەو لووتەیان برد بە خۆڵدا کە هەمیشە خۆی بە بەرز دەزانی و خۆی لە سەرەوەی هەمووان دەبینی... هەندێک لە سەرکردە بەنێوبانگەکانی قورەیش لەو جەنگەدا کوژران... بۆیە بە لای کافرانەوە جەنگی ئوحود -کە دوای جەنگی بەدر ڕوویدا- تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی کافر و مسوڵمان نەبوو، بەڵکوو قورەیش دەیانەویست تۆڵەی خۆیان بسێننەوە... هەرچی سەبارەت بە مسوڵمانانیشە ئەوە ئەو جەنگە بووە گەورەترین پەند و وانە بۆ هەتا هەتایە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیزانی کە خالیدی کوڕی وەلید سەرکردەی بەرەی کافرانە... دەترسا خالید لە پشتەوەی چیاکە هێرش بێنێ بۆ مسوڵمانان و سوپای ئیسلام بکەوێتە نێوان دوو بەرداشەوە... بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) حەفتا کەسی تیرهاوێژی هەڵبژارد و لەسەر کێوەکە جێگیری کردن و فرمانێکی سەربازییانەی ڕوون و ئاشکرای بۆ دەکردن و فەرمووی: شوێنی خۆتان چۆڵ مەکەن! ئەگەر زانیتان ئێمە دەشکێین مەیەن بۆ یارمەتیمان... ئەگەر بینیتان سەر دەکەوین، بەشداری سەرکەوتنمان مەکەن!

جەنگ دەستی پێ کرد... مسوڵمانان تووشی تاقیکردنەوە بوون... سەرەتا سوپای قورەیش ئەوەی بەسەر هاتەوە کە لە جەنگی بەدردا بەسەری هاتبوو... هەر سەربازی سوپای قورەیش بوو هەڵدەهات و



Scanned with Can

سەربازی مسوڵمان ڕاوی دەنا و شوێنی دەکەوت... تیرهاوێژەکانی سەر شاخ وایانزانی هەموو شتێک کۆتایی پێ هاتووە، بۆیە هاتنە خوارەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش لەو سەرکەوتنەدا بەشداری بکەن... ئا لەو کاتەدا ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لێی دەترسا، ڕوویدا... خالید هەر زانی ئەوانەی سەرشاخ هاتوونەتە خوارەوە، یەکسەر خۆی و کۆمەڵێک سوار لە پشتەوە هێرشیان کردە سەر مسوڵمانان... سوپای ئیسلام کەوتە نێوان دوو بەرداشەوە... هەموو شتێک پێچەوانە بوویەوە... سوپای ئیسلام شکا... ئەوێ ڕۆژێ وانەیەکی زۆر گەورە و گرنگ فێر بوون. ئەویش ئەوەیە کە ئەم ئوممەتی ئیسلامە هەتا بە تەواوی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەبێت، سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت!

خۆ ئەگەر کاری سەربازانی غەزای ئوحود کۆتایی هاتبێت، ئەوا بێگومان کاری تیرهاوێژەکان هەر ماوە و کۆتایی نەهاتووە... خۆزگەم بەو کەسانەی هەریەکە و لە ئاستی خۆیەوە پارێزگاری لەم ئایینە پاکە دەکات... خۆزگەم بەوانەی دەتوانن خۆڕاگربن و هەر تاوێک بە ڕەنگێک خۆیان نانوێنن... خۆزگەم بەوانەی کە هەر ویستیان لە خەت لابدەن، یەکسەر گوێیان دەزرینگێتەوە و فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەبیستن کە فەرمووی. شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!

دەی شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!

ئەی ئەو دایکانەی کە منداڵەکانتان لەسەر نوێژ و ڕۆژوو و ئاکار و ڕەوشتی ئیسلامیانە ڕادەهێنن، ئێوە پاڵپشت و پشتگیری ئیمەن، دەی شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!

ئەی ئەو باوکانەی کە قورئان بە منداڵەکانتان دەڵێنەوە و پێیان لەبەر دەکەن وەک چۆن گرنگی بە خوێندنی قوتابخانە دەدەن، ئاواش گرنگی بە خوێندنی ئاینی دەدەن! ئێوە پاڵپشت و پارێزەری ئیمەن، دەی شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!



Scanned with Cam

ئەی ئەو مامۆستایانەی کە بڕواتان وایە، ئەگەر نەوەی ئێستا بە ڕێکوپێکی بەخێو بکرێ و پەروەردەی باشیان هەبێت، دەکرێ کەسانی لە ڕەنگی عومەر و عوسمانیان تیا هەلکەوێ، ئێوە پشتیوانی ئێمەن، دەی شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!

ئەی ئەو فەرمانبەرانەی کە کارەکانتان بە جوانی ڕادەپەڕێنن و بەویژدانن، ئێوە پشت و پەنای ئێمەن، دەی شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!

ئەی ئەو ئەندازیارانەی کە نەخشەی پرد و قەلا و ڕێگاوبان بۆ ئێمە دەکێشن و خیانەت لە کاری خۆتان ناکەن، ئێوە پارێزەری ئێمەن، دەی شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!

ئەی ئەو کچانەی کە داپۆشراو و داوێنپاکن و خۆتان بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی پاک و چاک ئامادە دەکەن، ئێوە شورە و قەلای ئێمەن... دەی شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!

ئەی ئەو گەنجانەی لە نوێژی بەیانیاندا ئامادەن و بەشداری وانەی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) دەکەن! ئێوە مەتالی ئێمەن، دەی شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!

هەریەکێک لە ئێمە ئەگەر تەماشای خۆی بکات و بیر لە خۆی بکاتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە سەربازێکی ئەو ئایینەی ئیسلامە... ئەگەر هەوڵ بدات و بە جوانی تێبکۆشێت، دەتوانێت کەلێنێکی گەورە پڕ بکاتەوە... دەتوانێت بەرگری لە ئایینی ئیسلام بکات و نەهێلێ تووشی زیان و تیاچوون ببێتەوە... بۆیە هەریەکێک لە ئێمە لە شوێنی خۆماندا کاربەدەستین و خوای گەورە بۆیە دایناوین بە هەموومانەوە داکۆکی لەم ئایینە بکەین... هەرکەسێک لە ئێمە بارێکمان لەسەر شانە و دەبێ بە جوانی بیپارێزین و کاری خۆمان جێبەجێ بکەین... دەی شوێنەکانتان چۆڵ مەکەن!



Scanned with Cam

حەز و ئارەزووی خۆی بخات... باشە ئێمە تا ئێستا چەند جار فرمانی خوا و پێغەمبەرمان(ﷺ) پێش ئارەزوویەکی توندی خۆمان خستووە؟

تا ئێستا هەر لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە، حەلالێکی قورسمان ئەنجام داوە و وازمان لە حەرامێکی زۆر خۆش و ئاسان هێناوە؟

ئەگەر تۆ قسەی خێر لەنێوان دوو کەسدا بکەیت، ئەگەریش کاری پێ نەکرێ، تۆ هەر بە پاداشتی خۆت دەگەی... هیچ کەسێک لەسەر بەرهەمی کارەکە لێپێچینەوەی لەگەڵدا ناکرێ، بەڵکوو لەسەر کردەوە لێپێچینەوەمان لەگەڵدا دەکرێ... ئەگەر کارەکەمان چاک بوو، پاداشتی چاک، ئەگەر خراپ بوو، سزا و تۆڵە... ئیتر کارەکە بەرهەمدار بێت، یان بێ بەرهەم!

هەرگیز شەیتان بەوە فریوت نەدات بڵێت: مەڕۆ بۆ ئاشتکردنەوەی فلان و فلان، ئەوانە بە قسەی تۆ ئاشت نابنەوە!

تۆ بڕۆ و هەوڵی خۆت بدە، خۆ ئەگەر بە قسەشیان نەکردیت، هیچ زیانێکت لێ ناکەوێت... بابەتەکەش لەسەر خۆت قورس و گران مەکە و مەڵێ: جا چۆن من ببمە تکارکار و کەسیش بە قسەم نەکات؟ خۆ ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوا لە کەنیزەیەکی تازەئازادبوو دەکات و کەنیزەکەکە داوای ڕەت دەکاتەوە... پێغەمبەریش(ﷺ) نە توورە دەبێ و نە دڵی چەکەرە دەکات...

ئەم ئایینی ئیسلامە ڕێزێکی زۆری لە ژنان گرتووە و دڵی ژنان ڕادەگرێ... ژنێک پیاوەکەی خۆی ناوێ و پێغەمبەریش(ﷺ) زۆری لێ ناکات بڕواتەوە بۆ لای مێردەکەی! دەتۆش کاتێ کچەکەت دڵی بە کوڕێک خۆش نییە و مێردی پێ ناکات، بە زۆر بە مێردی مەدە، چونکە ئەوە ستەمکردنە لە کچ... نەپاراستنی ئەو ئەمانەتەیە کە خوای گەورە لە لای تۆ دایناوە... ئەو کچەی تۆ ئەمانەتی خوای گەورەیە و خوا لە لای تۆ دایناوە و تەماشات دەکات کە تۆ چی لەم ئەمانەتەی دەکەی؟



Scanned with Cam



## بۆ ئەوانە من دەردەکەن؟

سەر زەوی هەتا ئەژنۆی پڕ ببوو لە گومڕایی... خوا خەڵکی دروست دەکرد، کەچی خەڵکی سوژدەیان بۆ غەیری خوا دەبرد! خوای گەورە ڕزق و ڕۆزی پێ دەدان، کەچی سوپاسی غەیری خوایان دەکرد! هەر نامووس بوو دەتکا... هەر کچ بوو زیندەبەچاڵ دەکرا... خەڵک لە بازاڕدا وەک ئاژەڵ دەفرۆشرا... خوای گەورە بەزەیی بەسەر زەویدا هاتەوە! بەزەیی بە مرۆڤدا هاتەوە! لە کاتێکدا کەعبە پڕبوو لەو پیاوانەی کە بتیان دەپەرست، لەولاشەوە پیاوێک بە تاقی تەنیا لەنێو ئەشکەوتێکی گچکەدا بیری لە ئاسمان و زەوی و خۆر و ئەستێرەکان دەکردەوە... باش باش دەیزانی ئەو ئایینەی قورەیش باوەشیان پیا کردووە، ئایینێکی ناڕاست و بەتاڵە... دەیزانی خوا زۆر لەوە گەورەترە کە بە ئایینێکی ئاوا فشەڵ و پووچ و بێمانا ڕازی بێت! ئەو ئامادەی ئەوە بوو کە ئاڵای مرۆڤایەتی بگرێتە دەست و بۆ جارێکی تر سەر زەوی بگۆڕێ...

کات نزیک بوویەوە... یەکەم شوعلە هەڵکرا... یەکەم ترووسکە و ڕۆشنایی داگیرسا... لە ئاسمانەوە فرمان بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) هات و خوای گەورە پێی فەرموو: إقرأ... واتە: بخوێنە!

ئای دابەزینی یەکەم نیگاو سرووش چەندە سامدارە! ئای لەو هەڵوێستەی ئەو دەمە!



Scanned with Can

پێغەمبەر(ﷺ) یەکسەر لە کێوەکە دێتە خوارەوە و تا ماڵ ناوەستێ و لە ماڵدا لێی ڕادەکشێ و دەفەرموێت: داماپۆشن داماپۆشن!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە لای ئەو خەدیجەیەی کە مێژووی مرۆڤایەتی کەم ژنی وای بە خۆیەوە دیوە، بەسەرهاتەکەی خۆی دەگێڕێتەوە...

دایە خەدیجە توند باوەش بە پێغەمبەردا(ﷺ) دەکات و پێی دەفەرموێت: بە خوا هەرگیز خوای گەورە تۆ سەرشۆڕ و ڕیسوا ناکات، چونکە تۆ سیلەی ڕەحم بەجێ دێنی، قسەکانت ڕاستە و درۆ ناکەیت... بەشداری خەمی خەڵکی دەکەی... میوانداری خەڵک دەکەیت...

دوایی دایە خەدیجە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەبات بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل، کە ئامۆزای خۆی بوو... وەرەقە پیاوێکی زۆر بەتەمەن و دونیادیدە و ژیر بوو... شارەزای تەورات و ئینجیل بوو. ئەو یەکێک بوو لەو چەند کەسە دەگمەنەی کە لەسەر ئایینی پاکی خواپەرستی مابوونەوە و سەریان بۆ هیچ بت و پەیکەرێک نەوی نەکردبوو...

دایە خەدیجە بە وەرەقەی فەرموو: ئامۆزا! گوێ لە موحەممەدی برازات بگرە، بزانە چی دەڵێ!

دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕووداوەکەی نێوان خۆی و جوبرەئیلی بۆ وەرەقە گێڕایەوە، وەرەقە فەرمووی: ئەوە ئەو نیگا و سرووشەیە کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەردانی خۆی ڕەوانە دەکات... تۆ دەبی بە پێغەمبەری ئەم ئوممەتە...



Scanned with Cam

دواتر وەرەقە زۆر دانایانە و بە ژیری و وەکو کەسێکی تەواو شارەزا لە کتێبە پێشینەکانی خوای گەورە، بە چڕوپڕی باسی کێشمەکێشی نێوان هەق و ناهەقی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) کرد... دوایی فەرمووی: خۆزگە من گەنج بوومایە... خۆزگە ئەو دەمەی دەرتدەکەن من زیندووبام!

پێغەمبەری خوا بە سەرسامییەوە لێی دەپرسێت: بۆ مەگەر ئەوانە دەرمدەکەن؟

وەرەقە دەفەرموێت: بەڵێ! هیچ کەسێک وەک تۆ نەبووە بە پێغەمبەر و دەرنەکرابێت!

ئەوی ڕۆژێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) پرسی: بۆ دەرمدەکەن؟ بۆ مەگەر من چ تاوانێکم کردووە؟ چ هەڵەیەکم ئەنجام داوە... ماڵی کێم خواردووە؟ خوێنی کێم ڕژاندووە؟ بۆ دەبێ لە شوێن و جێگا و ڕێگای خۆم دەربەدەر بکرێم؟

دوایی ڕۆژگار تێپەڕی... ژینامەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ ئێمەی گێڕایەوە کە تەنیا لەبەر ئەوە دەربەدەر کرا، قسەی ڕاست و هەقی دەگوت... قسە و گوفتاری هەق لە لای پیاوی خراپ لە کێو ڕەقتر و قورسترە!

ئێمە ئەمڕۆ پارچەیەکین لە پێغەمبەری خوا(ﷺ)... پاشماوەی بەرنامەکەی ئەوین... هەموو ئەو وڵاتانەی کە وەک دڕندە سەریان کردووەتە لاشەی ئێمە، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی قسەی هەقین و ڕاستیمان لایە... ئەوەش بە لای ئەوانەوە زۆر قورس و گرانە...



Scanned with Can

هەر جارێک ژیانتان لێ تاڵ بوو... هەر جارێک ئابڵوقە دران... هەر جارێک ماڵەکانتان درایە بەر بۆمب و ڕووخێنرا و دەربەدەر و ئاوارە بوون... هەر جارێک خوێنی خۆتان و کەسوکارتان بە ناهەق ڕژێنرا... هەر جارێک هێرشیان کردە سەرتان... هەر جارێک بە ناو و ناتۆرەی جیاواز سزایان بە سەردا سەپاندن، ئەوا چاو لە ژیننامەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەن و بیکەن بە نوشتەی ئارامی بۆ دڵەکانتان!

بێننە بەرچاوی خۆتان، لەسەر کێوەکە و لەو ئەشکەوتە سام و ترس دایدەگرێ و بەرەو ماڵ دەبێتەوە، دوای سێ چوار ساڵ لە دۆڵی ئەبوتالیب ئابڵوقەی دەخرێتە سەر و نە ئاو و نە نان و خواردنیان پێ دەگات، پاشان لە شاری تائیف بەردباران دەکرێت، دواتر ناهێڵن بچێتە نێو شاری مەککەوە، دوای ئەوەش کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی شەو لەسەر جێگای نوستنی خۆی تیروری بکەن، دواتر بە پەنامەکی بۆی دەردەچێت و کۆچ دەکات، دوای ئەوە لە جەنگی ئوحوددا دانی شەهید دەبێت و دەموچاوی بریندار دەبێت و خوێنی پیا دەچۆڕێت، دوای ئەوە ژەهرخوارد دەکرێت، بێننە بەرچاوی خۆتان بزانن پێغەمبەری خوا(ﷺ) چەندە ئازار و مەینەتی چەشتووە تا ئەم ئایینە پاکە بە دەست من و تۆ گەیشتووە؟ دەی با بە دانی بنەوەی بن گازی لێ بگرین و بەری نەدەین...



Scanned with Can



## ئەوە دەستاڕی بادا!

فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە لای عەلی مێردی سکاڵای لە دەست ماندوێتی کرد... کاروباری نێومالّی زۆر و قورس بوون.. منالّی ورد بوو... فاتیمە بە حەزرەتی عەلی گوت: ئەوەندە بە دەستاڕ باراشم هاڕیوە دەستم بووە بە بلۆقە!

ئەوەندە مەشکە ئاوم هێناوە، ملم ماندوو بووە! ئەوەندە ناومالّم گسک داوە، هەموو گیانم هەر تەپوتۆزە!

حەزرەتی عەلی فەرمووی: باوکت لە جەنگدا دەستکەوتی باشی دەست کەوتووە، بڕۆ بۆ لای سکالاّی لە لا بکە بەلکوو خزمەتکارێکت بۆ دابین بکات...

فاتیمە دەچێتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)... هەندێک پیاوی لە خزمەتدا دەبێت... فاتیمە بە ئامادەبوونی پیاوەکان هیچی نەدرکاند، بەلاّم مەبەستی خۆی لای دایە عایشەی باوەژنی خۆی باس کرد و گەڕایەوە بۆ مالّی خۆی...

دوای ئەوەی خەلکەکە ڕۆیشتنەوە و لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆل بوو، دایە عایشە هۆکاری هاتنی فاتیمەی دا بە گوێی پێغەمبەردا(ﷺ)... پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆی تەشریفی برد بۆ مالّی فاتیمەی کچی... لەو کاتەدا فاتیمە و حەزرەتی عەلی چووبوونە نێو جێگای نووستن... پێغەمبەری خوا لە دەرگای دا و مۆلەتی چوونەژوورەوەی خواست... مۆلەت درا، تەشریفی بردە ژوورەوە...



Scanned with Cam

دوایی فەرمووی: دەتاونەوێ شتێکتان فێر بکەم کە لە خزمەتکار باشتر بێت؟

هەرکاتێک ویستتان بچنە نێو جێگای نوستن سیوسێ جار بڵێن: الله اکبر... سێ وسێ جار بڵێن: سبحان الله... سیوسێ جار بڵێن: الحمدلله! ئەوە زۆر لە خزمەتکار باشترە بۆ ئێوە...

ئەوە فاتیمە بوو... ئەو فاتیمەیەی کە باشترین ژنی سەر زەوی بوو... پارچەیەک جەرگی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو... ئەوەندە بە دەستاڕ باراشی هاڕیبوو دەستی هەموو ببوو بە بلۆقە... ئەوەندە بە مەشکە ئاوی بۆ ماڵی خۆیان بردبوویەوە، ملی تووشی ئێش و ئازار ببوو... ئەوەندە گسکی لە ناوماڵ دابوو، هەموو گیانی هەر تەپوتۆز بوو... باشە ئەو هەمووە خزمەتە شان و شکۆی ئەوی لە لای مێردەکەی، یان لە لای باوکی، یان لە لای خوای گەورە، هێنابوویەوە خوارەوە؟

بێگومان زۆر ئاساییە کە ژن خزمەتکارێکی هەبێ بۆ ئەوەی لە کاروباری ناوماڵدا یارمەتی بدات، بە خوا هەمووان دەزانین کاروباری ناوماڵ زۆر قورس و گرانە... هەر پیاوێکیش -بەو مەرجەی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت- خزمەتکارێک بۆ ژنەکەی دابین بکات، ئەوە پیاوێکی باش و بەسۆز و بەزەییە... لەو باشتر و بەسۆز و بەزەییتر ئەو باوکەیە کە ئاگای لە کچەکەیەتی... دڵی بۆی دەسووتێ و ناهێڵێ زۆر ماندوو ببێت و خزمەتکارێکی بۆ بە کرێ دەگرێت... ئەوەش مانای ئەوە نییە کە کاروباری نێوماڵ هی ژنە... وەک چۆن پێویستە لەسەر پیاو لە دەرەوە کار بکات و ژنەکەی بەخێو بکات و جار جاریش لە ماڵەوە یارمەتی بدات، چونکە ئەوە ئەرکی سەرشانی پیاوی هێژایە...



Scanned with Cam

بەڵام ئەوە بەڵا و موسیبەتەی ئەمڕۆ ئێمە تووشی بووین، ئەوەیە کە ئەمڕۆ بە ناوی ئازادی بۆ ژن! دەیانەوێ ماڵی هەمووان تێک بدەن... دەیانەوێ ژیانی نێوان ژن و پیاو تێک بدەن... دەهۆڵی ئەوە لێدەدەن کە هەر ژنێک لە ماڵدا کار بکات، ئەوە کۆیلەیە! ئەوە سووکایەتی بە خۆی کردووە!

من نازانم و سەر لەوە دەرناکەم کە ئەگەر ژنێک لە ماڵدا خواردن بۆ خۆی و مێردەکەی و منداڵەکانی ئامادە بکات و جلوبەرگیان بشۆرێت و ناوماڵ پاکوخاوێن ڕابگرێت، ئەوە بۆچی دەبێ بە کۆیلایەتی؟ ئەوە بۆچی سووکایەتیکردنە بە ژن؟

ئەگەر وترا: ئاخر کارەکان زۆر و گرانن، ئەوە ئێمەش بە هەر دە پەنجەکەمان مۆری دەکەین، بەڵام ئەوە ئیتر ژیانە ژیان! هەموو مرۆڤێک کارێکی تایبەتی و ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە... هەموو کارێکیش بەشی خۆی گرانە، بەڵام دەهۆڵکوتان بۆ ئەوەی کە ژن کراوە بە کەنیزە، ئەوە قسەیەکی قۆڕ و بێمانا و داوایەکی چرووکە!

ئازادی ژن بەوە نییە کە لە ماڵدا هەر خەریکی مایکەپ و خۆبۆیاخکردن بێت و جلوبەرگی نیمچەڕووت و تەسکوترووسک لەبەر بکات و بەبێ پرس بڕوات بۆ بازاڕ و بێتەوە!

ئازادی ژن بەوە نییە خۆی لە ژنێتی و دایکایەتی و خاوەندارێتی ماڵەوە بدزێتەوە و هەست بە هیچ بەرپرسیارێتییەک نەکات!

بەڵکوو ئازادی لەوەدایە ڕێزی لێ بگیرێت... بەسۆز بن لەگەڵیدا... گرنگی پێ بدرێ...

ئازادی لەوەدایە ناوە ناوە مێردەکەی دیارییەکی بۆ بکڕێ... لە باوەشی بگرێت... سوپاسی بکات... بەپێی توانا نەهێڵێ بۆ هیچ شتێک دابمێنێ...



Scanned with Cam

خۆ خاتوو فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەنیزە نەبوو.. سووکایەتیشی پێ نەدەکرا... حەزرەتی عەلی کە خزمەتکارێکی بۆ دابین نەکردبوو، لەبەر ئەوە نەبوو کە بە چاوێکی سووکەوە سەیری بکات، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو پیاوێکی کەم دەست و هەژار بوو.. باخەڵی بە گوێی نەدەکرد خزمەتکارێک بۆ ژنەکەی دابین بکات...

پێغەمبەریش(ﷺ) بۆیە خزمەتکارێکی بۆ دابین نەکرد، چونکە ئەو کەسێکی زۆر دادپەروەر بوو... ئەگەر خزمەتکارێکی بۆ فاتیمەی کچی دابین بکردایە، دەبوو بۆ هەموو ژنانی دابین بکات!

دەی چینی ژنان! شانازی بە خۆتانەوە بکەن، چونکە ئێوە نەبێ نە ماڵ هەیە و نە منداڵ...

هەرکارێک دەکەن چاوەڕوانی پاداشتەکەی بن... ئەگەر پیاو پارووییەک بدا بە دەست ژنەکەیەوە خێر بێت، ئەی چۆن ئامادەکردنی نان و خوان لە لایەن ژنەوە خێر نییە؟

ئەی چۆن جلوبەرگشۆردن خێر نییە؟

ئەی چۆن بەڕێکردنی کاروباری ناوماڵ خێر نییە؟

ئەی چۆن میوانداریکردن خێر نییە؟

چینی پیاوان! ئێوەش هەموو ئەرکێکی خۆتان و ماڵەوەتان مەدەن بەسەر ژنەکانتاندا، بەڵکوو یارمەتییان بدەن!

ئەگەر دەفرێک بۆ ژنی خۆتان بشۆن، یان سفرەکەی بۆ بسڕن، یان ناوماڵیان بۆ گسک بدەن، ئەوە نەک هەر پێی کەم نابنەوە، بەڵکوو پێی بەرزتر و بەڕێزتر دەبن... پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەورەترین و بەڕێزترین پیاو بوو، کەچی لە ماڵیشدا خۆی کاروباری خۆی جێبەجێ دەکرد... جلوبەرگی خۆی دەدوورییەوە و خۆی پینەی دەکرد... خۆی نەعلی خۆی دەدوورییەوە... خۆی ئاژەڵی دەدۆشی...



Scanned with Cam



## هەرکەس بچێتە ماڵی ئەبوسوفیان، پارێزراوە

قورەیش زۆر هەوڵیان دا واز لە بانگەشەکەی بێنێت... جارێک بە هاندان، جارێک بە هەڕەشە، جارێک بە بەڵێندان، بەڵام سوودی نەبوو... عەرەب دەڵێت: داخکردن کۆتا دەرمانە! هەموویان کۆبوونەوە و ڕێککەوتن کە بە هەموان بیکوژن و خوێنەکەی لەنێوان تیرە و هۆزەکاندا ون ببێت! نەخشە و پیلانێکی تۆکمەیان بۆ دارشت... لە هەر هۆزێک پیاوێکیان هەڵبژارد... بەو جۆرە نەوەی هاشم نەیاندەتوانی تۆڵەی خۆیان لە هۆزێکی دیاریکراو بسێننەوە، ناچار بە وەرگرتنی خوێنبایی ڕازی دەبن و کێشەکە چارەسەر دەبێت!

بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەژێر چاودێری خوای گەورەدا بوو... خوای گەورە سرووشی بۆ نارد، تا ماڵ چۆڵ بکات و عەلی ئامۆزای لە جێگەکەی خۆیدا بخەوێنێ و لەگەڵ ئەبوبەکردا کۆچ بکەن و ئیتر دونیا بە یەکجاری بگۆڕێ...

ڕۆژگار تێپەڕێت... ئەو پیاوەی کە خۆی بە تاقی تەنیا لە ئەشکەوتدا بوو بە هەڵبژاردە و بە ترسولەرزێکەوە هاتە خوارەوە و لە ماڵدا هاواری کرد و فەرمووی: دامپۆشن، ئێستا بووە بە ئوممەتێک! ئێستا سەرکردەی سوپایەکی بەهێزە... ئێستا هاوڕێکانی بە گیان و ماڵ و سەروەت و سامانەوە خۆیان دەکەن بە قوربانی لەپێناوی ئەودا...



Scanned with Cam

لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا تەواو کێشانە و پێوانەکان پێچەوانە بوونەوە... چەند ساڵێک لەمەوبەر لە جەنگەی شەوێکی تاریکدا بە پەنامەکی مەککەی بەجێهێشت، ئێستا بە ڕۆژی ڕووناک و بە سوپایەکی گەورەوە و بە ئاشکرا بەرەو مەککە دەگەڕێتەوە!

ئەو بۆ ئەوە نەهاتەوە تۆڵە بسێنێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوە هاتەوە کە پێناسەی ڕاستەقینە بۆ مەککە بگێڕێتەوە... بۆ ئەوەی هەموو ئەو بت و پەیکەرانە کە بە ناهەق خرابوونە نێو کەعبەوە، هەموو فڕێ بداتە دەرەوە...

بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی نەفامی و نەزانی و شیرک و بتپەرستی هەڵکێشێ!

پێش ئەوەی بچنە نێو شاری مەککەوە، عەبباس بە پێغەمبەری(ﷺ) فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەبوسوفیان پیاوێکی دونیاییە و فەخر و شانازی پێخۆشە، بۆ کارێکی بۆ ناکەی؟

دوای ئەوەی چوونە نێو شاری مەککەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی بە جارچی دا کە جاڕ بدات و بڵێ: هەرکەسێک بچێتە نێو کەعبەوە ئەوە پارێزراوە، هەرکەسێک بچێتە نێو ماڵی خۆیەوە پارێزراوە، هەرکەسێک بچێتە نێو ماڵی ئەبوسوفیانەوە پارێزراوە!

خۆ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووبووی: هەرکەسێک بچێتە ماڵی خۆیەوە پارێزراوە، ئیتر چ پێویست بوو خەڵک بچنە ماڵی ئەبوسوفیانەوە؟ بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ دڵنەوایی ئەبوسوفیان، ناوی ئەبوسوفیانی هێنا و ماڵی ئەوەی وەک پەناگە دانا...

ئەوە وانەیەکی گەورە بوو بۆ ژیان... کورتەی ئەو وانەیە پێمان دەڵێت: بە هەرکەسێک ئەو شتە ببەخشە کە پێی خۆشە، بەو مەرجەی ئەو بەخشینە تاوانی تێدا نەبێت، چونکە بەو جۆرە خۆشەویستی و هاوڕێیەتی پتەو دێتە بەرهەم!



Scanned with Cam

مرۆڤەکان لە شێوەدا وەک یەکن، بەڵام لە ناخدا هەر مرۆڤە و جۆرێکە...

پیاوی وا هەیە ئەگەر لەسەری سەرەوە جێگای نەکەنەوە، وا هەست دەکات سووکایەتی پێ کراوە، کەچی پیاوی وا هەیە ئەگەر لە خواری خوارەوەش جێگای بۆ بکەنەوە، زۆر پێی ئاساییە!

پیاوی وا هەیە زۆر پێی خۆشە لە بەرچاوی خەڵکدا پەسن بدرێ، کەچی پیاوی وا هەیە ئەگەر لە بەرچاوی خەڵکدا پەسنی بدەی، شەرم دایدەگرێ و ئارەق دەکاتەوە!

پیاوی وا هەیە ئەگەر شۆخی لەگەڵدا بکەی، یەکسەر تووڕە دەبێت و زۆر درەنگ ئاشت دەبێتەوە، کەچی پیاوی وا هەیە هەر بەڕاستی تووڕەی بکەی، زۆر زوو ئاشت دەبێتەوە!

پیاوی وا هەیە دوو ڕۆژ دیار نەبێت و دوایی پێک بگەنەوە، یەکسەر گلەیت لێ دەکات کە بۆچی پەیوەندیت پێوە نەکردووە و هەواڵت نەپرسیوە، کەچی پیاوی واش هەیە دوای دوو ساڵ لە یەکتردابڕان ببینی، گلەیی هیچت لێ ناکات و ناڵێت: بۆ هەواڵت نەپرسیوم!

تۆش لە میزاج و خوو و خدەی خەڵکی تێبگە... بە گوێرەی سروشتی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکە... ئەوەشت لە بیر بێت، کە پزیشک یەک دەرمان بۆ هەموو نەخۆشێک نانووسێ، بەڵکوو هەر نەخۆشە و دەرمانێکی تایبەتی!



Scanned with Cam



# کێ ئازاری ئەمەی داوە؟

هاوەڵان لە خزمەتیدا لە سەفەر بوون.. جا چی هێندەی ئەوە خۆشە مرۆڤ لە خزمەت گەورەترین پێغەمبەردا پێکەوە لە سەفەر بن؟ پێغەمبەرێک هێندە مەزن بێت پێت خۆشبێت کاتێک ئەو ڕێ دەکا، تۆ بچیتە بەردەمی و دڵی خۆتی بۆ بکەی بە فەرشی سوور و ئەو بە پێڵاوەوە پێ بەسەر دڵتدا بنێ!

پێغەمبەرێک هێندە شیرینڕەفتار بێت، کە پێتخۆشبێت لە خزمەتیدا بیت و تێر تێر سەیری ناوچاوانی بکەیت و چاو نەپتێنی بۆ ئەوەی دەیەکی چرکەیەک ئەوت لە بەرچاو ون نەبێت!

پێغەمبەرێک ئەوەندە خۆشگوفتار بێت، کاتێک ئەو قسە بکات تۆ پێت خۆشبێت هەموو شتێک لاڵ ببێت بۆ ئەوەی تەنیا دەنگی ئەو ببیستی!

جگە لەوانەش لە خزمەتیدا و لە پشت سەریدا نوێژی بەکۆمەڵ ئەنجام بدەی! ئای لەو بەختەوەرییە چەندێ هێژا و گەورە و مەزنە!

ئیبن مەسعود دەفەرموێت: -لە سەفەرێکدا- پێغەمبەر(ﷺ) بۆ بەجێهێنانی کاروبارێکی خۆی، لێمان دوور کەوتەوە... هاوەڵان باڵندەیەکی بچووکیان بینی دوو بێچووی لەگەڵدا بوو... بێچووەکانیان گرت، باڵندەکە لەتاو بێچووەکانی هەر بەسەر خەڵکەکەدا دەسوڕایەوە و لە شەقەی باڵی دەدات... وەک دایکێک منداڵەکەی لە دەست دابێت ئاوا بوو، دوابی پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هاتەوە، فەرمووی: ئەوە کێ ئازاری ئەو باڵندەیەی داوە و بێچووەکانی لێ کردووە؟ بێچووەکانی بۆ بنێرنەوە!

ئای لەو ئایینە! ئای لەو شەریعەتە! ئای لەم پێغەمبەرە چەندی مەزنە و ڕازی نابێت باڵندەیەک ئازار بدرێ و بێچووەکانی لێ بکرێ! خۆشەویستی یانی شوێنکەوتن... شوێنکەوتنیش یانی کارکردن... ئەو خۆشەویستییەی کە شوێنکەوتن و کاری لەگەڵدا نەبێت، زۆر ناتەواوە... جا ئیتر حەز دەکات کابرا با هەر بڵێ: خۆشم دەوێ!

پێشەوا شافیعی دەفەرموێت

بە دەم خودات زۆر خۆش ئەوێ، بە کردەوە حاشا ئەکەی
ئەم گفت و کردەی جەنابت کارێکی زۆر نابەجێیە
گەر ڕاست بکەی خۆشت ئەوێ، ئەبێ گوێڕایەڵی ئەوبی
ئەویندار بێجگە خۆشەویست، کوا گوێی لە فرمانی کێیە؟

ئەو کەسەی کە بەهۆی کێشەیەکی بچووکەوە و بەهۆی لێکجیابوونەوەوە، دایک و منداڵ لە یەکتر دەکات، با باش باش بزانی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەو کارە ڕازی نییە... جا لە کاتێکدا ئەو بە دابڕانی چۆلەکەیەک و بێچووەکانی ڕازی نەبێت، چۆن بە دابڕانی نێوان دایک و ڕۆڵە ڕازی دەبێت؟

گرتنەوەی دڵێکی شکاو، لە گرتنەوەی ئێسکێکی شکاو لە پێشترە، چونکە ئێش و ئازاری دڵی شکاو لە ئێسکی شکاو زیاترە... شکانی ئێسک خێرا چاک دەبێتەوە، بەڵام دڵی شکاو هەتا هەتایە جێی خۆی ناگرێتەوە... پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕازی نەبوو هیچ کەسێک کەسێکی تر ئازار بدات!

ئەو وشەیەی کە تۆ لە دژی کەسێک و بۆ پێکەنینی ئەوانی تر لە زارت دێتە دەرەوە، لەوانەیە برینێکی وا لە دڵی ئەودا دروست بکات، کە بە هەزار هەتوان دەرمان نەبێت... لەوانەیە کۆرەکە تێک



Scanned with Cam

بدات و کۆتاییەکەی بکا بە قسەی توندوتیژ و زبر! لەوانەیە ئەو شەوە ئەو کەسەی تۆ گاڵتەت پێکردووە، خەوی لێ نەکەوێ و تا بەیانی خەفەت بخوات...

دڵدانەوەش وەک نوێژ و ڕۆژوو خواپەرستییە...

پێکەنین بە دەم کەسێکی هەژارەوە بۆ تۆ هیچی تێناچێت و قورس و گران نییە، بەڵام لەوانەیە بۆ ئەو دیارییەکی زۆر گەورە بێت و هەست بە مرۆڤبوونی خۆی بکات و بزانی کە خاوەن قەدر و قیمەتە!

کاتێک فەرمانبەرێکی بەردەستت هەژارە و نەخۆش دەکەوێت و تۆی بەڕێوەبەر سەری لێ دەدەی، ئەو سەردانە کەمێک لە کاتی تۆ دەگرێ، بەڵام کاتێکی زۆری ئەو دەگۆڕێ بە خۆشی و شادی...

ئەگەر بڕوا ناکەی خۆت تاقی بکەرەوە، وەرە لە کرێکارێکی هەژار و نەدار بپرسە و بڵێ: ئەوە خێربوو دوێنێ دیار نەبووی؟ خۆ شوکور هیچی خراپ نەقەوماوە؟ جا سەیری ناوچەوانی بکە بزانە چەندێ پێی دەگەشێتەوە و چەندێ بەو هەواڵپرسینە دڵخۆش دەبێت!

زۆرجار دڵخۆشکردنی خەڵکی پارەی ناوێ... کاتێکی زۆری ناوێ... تەنیا دڵێکی گەورەی دەوێ...

خەمبارکردنی خەڵکیش شمشێری ناوێ... بۆکسێکی بەهێز و مشتێکی گەورەی ناوێ... زللەیەکی توندی ناوێ... تەنیا بە یەک وشە دەتوانی دڵی پڕ بکەی لە ناخۆشی... دەتوانی برینێکی وەها لەسەر دڵی دروست بکەی، هەتا هەتایە لە بیری نەچێتەوە و ساڕێژ نەبێتەوە...

کەواتە: هیچ کەسێک ئازار مەدە!



Scanned with Cam



# لەمەولا عوسمان هەرچی بکات زیانی پێ ناگەیەنێ

غەزای تەبوک تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو بۆ مسوڵمانان... لەبەر ئەوە نا کە غەزایەکی دوورودرێژ بووە لەنێو مێژووی ئیسلامدا، تەنانەت لەو غەزایەدا کوشت و کوشتار ڕوویندا، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە بارودۆخەکە تەواو پێچەوانەی نەفس و ئارەزوو بوو، کاتەکە کاتێک بوو تەنانەت جەنگاوەری زۆر زیرەک و لێهاتووش حەزی لە جەنگ نەبوو... کات کاتی هاوین بوو... زەوی دەکولا... شوێنەکە سارا و بیابان بوو... تیشکی خۆر مرۆڤی هەڵدەقرچاند... وردە بەرد و لمی سارا لەتاو گەرما هەڵمی لێ هەڵدەستا... جگە لەوەش شوێنەکە شوێنێکی زۆر دوور بوو... تەبوک دوورترین شوێن بوو کە خودی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ غەزاکردن بۆی چووبێت... دووری نێوان تەبوک و شاری مەدینە نزیکەی ٦٨٥ کیلۆمەترە... ئەوەی زیاتر قورەکەی خەست کردبوویەوە ئەوە بوو کە (بیت المال) خاڵی بوو... پێغەمبەری خوا(ﷺ) شتێکی وای بە دەستەوە نەبوو بۆ سوپاکەی خەرج بکات... سوپاش بەبێ پارە و خۆراک و پێداویستی جەنگ بەڕێ ناکەوێ، بۆیە لە کتێبە مێژووییەکاندا ئەو سوپایە بە (جیش العسرة) بەناوبانگە...

لە کاتێکی ئاوادا زۆر ئاساییە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) مسوڵمانە دەوڵەمەندەکان هان بدات بۆ ئەوەی یارمەتی سوپا بدەن و بەڕێی بخەن، بێگومان ئەو کارەشی کرد و ئەوانیش بە دڵ و



Scanned with Can

گیان یارمەتییان دا، بەڵام پشکی شێری یارمەتیدان بەر حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففان کەوت... عوسمانی زەنگین و دەوڵەمەند زانی کات کاتی یارمەتیدانە... ئەو بە دڵ و بە گیان دەیزانی کە هەم خۆی و هەم سەروەت و سامانەکەیشی هەر هەمووی هی خوایە... بۆیە نۆسەد وشتر و پەنجا ئەسپ و هەزار دیناری زێڕی هەڵگرت و بەرەو مزگەوت کەوتە ڕێ... پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە مزگەوتدا دانیشتبوو، پێشوازی لەو کەسانە دەکرد کە یارمەتییان دەهێنا و لێی وەردەگرتن و نزای خێری بۆ دەکردن... تا لەو کاتەدا حەزرەتی عوسمان هەزار دینارە زێڕەکەی ڕژاندە نێو چاکی پێغەمبەرەوە(ﷺ)... پێغەمبەریش(ﷺ) بە دەستی پیرۆزی دینارەکانی ئەمدیووئەودیو دەکرد و دەیفەرموو: لەمەولا عوسمان هەرچی بکات زیانی پێ ناگەیەنێت....

ئەوەی لەم باسەوە وەردەگیرێت ئەوەیە کە باشترین خێر و چاکە ئەوەیە کە هاوشێوەی نازونیعمەت بێت...

شەونوێژ خێرێکی گەورە و نەبڕاوەیە، بەڵام باشترین و گەورەترین خواناسی بۆ پیاوی دەوڵەمەند لە شەونوێژکردندا نییە، بەڵکوو لەوەدایە پارە بکات بە خێر و دەستگیرۆیی هەژاران بکات... لەوەدایە بە سەروەت و سامانەکەی یارمەتی گەنجێکی هەژار بدات و کاری هاوسەرگیری بۆ ئاسان بکات... لەوەدایە بنکەیەکی قورئانخوێندن بکاتەوە و منداڵان قورئانی تیا لەبەر بکەن...

ڕۆژووی سوننەت کارێکی گەورەیە، بەڵام خواناسی هەرە گەورە بۆ مامۆستایان لەوەدایە قسەی هەق بکەن، چونکە هەرکاتی هەق و ناهەق تێکەڵ بوو، خەڵکی سەریان لێ تێکچوو، ئەوا تەماشای دەمی مامۆستایان دەکەن و گوێ لە قسەی ئەوان دەگرن... بە دڵنیاییەوە خۆڕاگری و ڕاوەستانی پێشەوا ئەحمەد لە بەرامبەر مەئموندا



Scanned with Cam

لەمەڕ ئەوەی کە قورئان مەخلوقە، یان نە؟ لە هەزار ڕۆژووگرتنی سوننەت گەورەتر و خێرتر بوو، چونکە ئەو بەو کارەی بیروباوەڕ و عەقیدەی ملیۆنان مسوڵمانی پاراست...

ئەگەر دادوەر ڕێگاوبان چاک بکاتەوە و نەخۆشخانە و قوتابخانە دروست بکات، ئەوە بێگومان کارێکی باشی کردووە، بەڵام خواپەرستی هەرە گەورە بۆ کاکی دادوەر ئەوەیە کار بە بەرنامەی خوای گەورە بکات و بە گوێرەی شەرع بڕیار بدات و پارێزگاری لە مافی مسوڵمانان بکات...

کردنەوەی شوێنێک بۆ ئەوەی خەڵکی تێیدا بحەسێنەوە و دەرمان بکرێن، ئەوە کارێکی باشە، بەڵام لەوە باشتر بۆ نووسەر و ڕۆشنبیران ئەوەیە کە مێشکی خەڵکی ڕۆشن بکەنەوە و هەوڵ بدەن خەڵکی ڕۆشنبیر بکەن... ئەوەش بە نووسینی بابەت و کتێبی چاک و هێژا، بێگومان ئەو دەمە ئەو مرەکەبەی کە ئەوان شتی پێ دەنووسن بارتەقای خوێنی شەهیدانە...

بڕوانە بزانە خوای گەورە چ ناز و نیعمەتێکی بە تۆ بەخشیوە، جوان بیری لێ بکەرەوە، ئەوە ئیتر دەتوانی لە ڕێگەی ئەو نازونیعمەتەوە خواپەرستی هەرە باش و هێژا ئەنجام بدەی!

ئەگەر دەوڵەمەندی سەروەت و سامانەکەت مەخە کونەوە و خەریکی نوێژی سوننەت مەبە... ئەوەی لە هەژار وەردەگیری، لە دەوڵەمەند وەرناگیری!

ئەگەر مامۆستایت و وتار و مزگەوتت بە دەستە، قسەی هەق مەشارەوە و دڵت بە زۆری نوێژخوێنان خۆش مەکە... زاناکان وەک چەترن بۆ خەڵکی، خەڵکیش لە کاتی تەنگانە و لە کاتی بەفر و باران و قرچەی هاوین و گەرمادا پێویستیان بە چەتر و سێبەرە...

ئەگەر تۆ خاوەنی پێنووسی و ڕۆشنبیری، دڵت بە زۆری



Scanned with Can

خوێنەران و ژمارە زۆری چاپی کتێبەکانت خۆش مەکە! خواپەرستی هەرە هێژا بۆ تۆ ئەوەیە کە ئەو قسەیە بکەیت و بنووسی، کە دەبێت بکرێت و بنووسرێت! وەرە باس لە کێشە و خەم و خەفەتی گەلەکەت بکە... مەبە بە چاوەش... مەبە بەو جۆرە بانگخوازەی کە لە کاتی وێرانکردنی شاری مسوڵمانانندا باسی مەسحکردنی سەر گۆرەوی بۆ خەڵک دەکرد!



Scanned with Cam



## نووسین و خوێندنەوەی جوولەکە فێربە!

کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە شاری مەککەوە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە، هۆزی (بەنی نەجچاڕ) هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و (زەیدی کوڕی ثابت)یان هێنایە خزمەتی... ئەو کاتە تەمەنی زەید لە شانزە ساڵ تێنەپەڕیبوو... گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەمە زەیدی کوڕی ثابتە، ئەوەندەی تۆ دڵت پێی خۆشە قورئانی لەبەرە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوای لێ کرد هەندێک قورئان بخوێنێتەوە... زەید سورەتی (ق)-ی خوێندەوە... پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆری پێخۆشبوو، زیرەکی و وشیارییەکی لە زەیددا دەبینی، بۆیە پێی فەرموو: ئەی زەید! نووسینی جوولەکە فێربە! بە خوا من کاتێک شتێک بە جوولەکەیەک دەنووسم، لێی دڵنیا نیم!

هێشتا ماوەی پانزە شەو و ڕۆژ تێنەپەڕیبوو زەید فێری نووسین و خوێندنەوە و زمانی عیبری بوو... بوو بە نووسەری تایبەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و لەجیاتی ئەو نامەی بۆ جوولەکەکان دەنووسی... نامەی ئەوانیشی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەخوێندەوە!

ئێمە بە تاقی تەنیا لەسەر ئەم ئەستێرەی زەوییە ناژین... گەل و تیرە و هۆزی تر زۆرن... دەیان زمانی جیاواز و هەزاران شێوەزاری جیاواز و سەدان جۆر ڕۆشنبیری و شارستانیەت هەیە... ئێمەش لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆرینەیان پەیوەندیمان هەیە... بۆیە



Scanned with Cam

بەپێی توانا ناسین و زانینی زمان و شێوەزار و شارستانیەت و ڕۆشنبیریی گەلانی تر پێویستە... شارەزایی لە زمانی گەلانی تر و ناسینی ڕۆشنبیری و شارستانییەتیان جۆری پەیوەندییەکان ئاسانتر و خێراتر دەکات...

ئەمڕۆ پێمان خۆش بێت، یان پێمان ناخۆش بێت، زمانی ئینگلیزی وەک پێویستییەکی لێ هاتووە... زۆربەی زۆرینەی قوتابییەکانمان ئەو زمانە دەخوێنن و کەم تا زۆرێک دەیزانن... زۆربەی وانە گرنگەکان ئەمڕۆ بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە... کەواتە فێربوونی زمانی ئینگلیزی زۆر پێویستە...

ئەوەی کە باسم کرد شتێکی پێویستی و زەرووورەتە، بەڵام ئەوەی کە دوو کەسی عەرەب، یان دوو کەسی کورد پێکەوە بدوێن و لە هەر ڕستەیەکدا سێ چوار وشەی ئینگلیزی بەکار بێنن، ئەوە خۆهەڵکێشان خۆفشکردنەوەیە و نەک هەر پێویست نییە، بەڵکوو زیانێکی زۆر گەورەش لە زمانە پاکە پەتییەکە دەدات و دەبێتە مایەی تێکچوونی نازونیعمەتێکی مەزن لە نازونیعمەتەکانی خوای گەورە! ئەوە نەک هەر زانست نییە، بەڵکوو تانەدانە لە زمانی خۆت... بە کەم سەیرکردنی ئەو خاک و ئاو و ناسنامەیەیە کە خوای گەورە تۆی لەسەر دروست کردووە...

خۆ ئەگەر کاکی فشەکەر و خۆهەڵکێش لەگەڵ کەسێکی نەخوێندەوار و سادەدا بەو جۆرە قسە بکات، بۆ ئەوە باشە کە هەر گوێی لێ نەگیرێت و سەرکۆنەش بکرێ!

جۆرەکانی زیرەکی زۆر و جیاوازن... مرۆڤی وا هەیە لە زمانەوانیدا زیرەکە... هەیە لە بیرکاریدا زیرەکە... هەیە لە فیزیادا زیرەکە... هەیە لە کیمیا... لەو جۆرە زیرەکانە زیرەکی وا هەیە ناتوانێ دە دێڕ لەبەر بکات... هەیە زۆر بە ئاسانی دەیان لاپەڕە



Scanned with Cam

لەبەر دەکات، کەچی زۆر بە ئاستەم لە بابەتێکی بچووکی بیرکاری، یان کیمیا و فیزیا تێدەگات!

ئەو کەسەی کە منداڵ بەخێو دەکات، دەبێت زوو لێی تێ بگات و بزانێ لە چ بوارێکدا بەهرە و زیرەکی تێدایە، با زیاتر لەو بوارەدا بخوێنێ و کاری خۆی بکات... ئاخر کەسێکی زیرەک لە بیرکاریدا سەر و ساختەی لەگەڵ مێژوودا کەمە و ناتوانێ ببێ بە مێژووزان و مێژوونووس! کەسێک کە لە بواری مێژوودا زۆر بەتوانایە لە بابەتی ئەدەبیات و وێژەدا کۆڵە و لەوانەیە هیچی لێ نەزانێت... ناکرێ ئەو کەسەی کە لە مێژوودا زیرەکە، بە زۆر پشت ملی بگرین و بیرکاری پێ بخوێنین!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێک ئەوەی کرد کە پێویست بوو و دەبوو بکرێ... کاتێک زانی کە زەید لە بواری زمانزانیندا زۆر زیرەکە، فرمانی پێ کرد خۆی فێری زمانی عیبری بکات... زەیدیش لە ماوەیەکی زۆر کەم و چاوەڕواننەکراودا خۆی فێری زمانی عیبری کرد...

قسە قەسە ڕادەکێشێت، ئیبنوکەسیر لە کتێبی (البداية والنهاية)دا دەفەرموێت: زەید یەکێک بوو لە مرۆڤە هەرە زیرەکەکان، بە پانزە ڕۆژ زمانی جوولەکە فێر بوو... هەر لە خزمەتکارەکانی پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) زمانەکانی حەبەشی و ڕۆمی و قیبتی فێر بوو...

من ئەوە دەزانم کە زۆربەی هەرە زۆرینەی دایکان و باوکان ئاواتیانە کە منداڵەکانیان، یان ببن بە پزیشک، یان بە ئەندازیار، بەلام دەبێ ئەوەش بزانن کە منداڵ بە تۆپزی حەزی ناچێتە سەر بوارێک کە پێشتر حەزی لێی نەبووە... ملگرتنیان و سەپاندنی بوارێک بە سەریاندا ئەوە ستەمێکی ڕوون و ئاشکرایە... جا تۆ چوزانی لەوانەیە ئەگەر لەو بوارەی کە خۆی پێیخۆشە بخوێنێ، سەدان پزیشک و ئەندازیار تێپەڕێنێ؟



Scanned with Cam

جا بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر کاک ئەحمەدی خاکوخۆڵی ملی خدری کوڕی بگرتایە و نەیهێشتایە شیعر بڵێ و بیکردایە بە بازرگان، یان پزیشک، ئێستا نە بازرگانێکی بەناوبانگ ناوی هەبوو، نە پزیشکێکی زیرەک و نە کەسیش ناوی نالی شاعیری بیستبوو، ئەو هەمووە شیعرە جوانەی نالیشمان لەکیس دەچوو!

ئەگەر مەلا حەمەدەمین بە گوێ باوکی بکردایە، ئێستا کەس تاریکوڕوونی نەدەبینی... کەس ناڵەی جودایی نەدەخوێندەوە... کەس هەواری خاڵی و بارگەی یارانی نەدەدی... کەس نەیدەزانی لە کوێوە بۆ کوێ چی ڕوویداوە!



Scanned with Cam



## باوکی مەسعود بزانە!

شەریعەتێکی تێر و تەواوی هێنا... قانوون و یاسای زۆری دارشت... ئەو جگە لەوەی دەیویست کە خەڵکی بە جۆرێک خواناسی بکەن وەک ئەوەی بە چاوی خۆیان خوای گەورە ببینن، ئەوەیشی دەویست کە کاتێک کارێکی چاک دەکەن بە تەمای پاداشت بن لە لای خوای گەورە... نەک لە ترسی قانوون و یاسا و سزا، بەڵکوو تەنیا لە ترسی خوای گەورە و لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە نزیکی تاوان و گوناه نەکەونەوە... ئەوەی زانایانی ئەمڕۆ بە وردی باسی لێوە دەکەن و پێی دەڵێن: (ڕێکوپێککردنی خود) ئەو پێش هەزار و چوارسەد ساڵ باسی لێوە کرد و وەڵامی جوبرەئیلی پێ دایەوە...

ئیحسان و چاکە چییە؟

فەرمووی: ئەوەیە کە بە جۆرێک خوای گەورە بپەرستی وەک ئەوەی بە چاوی سەر بیبینی، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینی، بێگومان ئەو تۆ دەبینێت!

باوکی مەسعودی بەدری بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: کۆیلەیەکم هەبوو بە قامچی لێمدەدا... لە دواوە گوێم لە دەنگێک بوو دەیگوت: باوکی مەسعود بزانە! ئەوەندە تووڕە بووم نەمدەزانی دەنگەکە دەنگی کێیە!

کاتێ لێم نزیک بوویەوە دەبینم پێغەمبەری خوایە(ﷺ)... بەپەلە قامچییەکەم فڕێدا... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: باوکی مەسعود بزانە کە تۆ چۆن زاڵی بەسەر ئەم کۆیلەیەی خۆتەدا و دەسەلاتت بە سەریدا هەیە، خوای گەورە زۆر لەوە زیاتر زاڵە بەسەر تۆدا و دەسەلاتی زیاترە بە سەرتدا!

منیش وتم: دەی سوێند بە خوا هەتا من مابم ئیتر لە هیچ کۆیلەیەک نادەم و ئەوا ئەم کۆیلەیەشم لەبەر خوا ئازاد کرد!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە خوا ئەگەر وانتەکردایە، دەچوویتە دۆزەخەوە!

هەندێک شت هەیە قانوون لێپێچینەوەی لەگەڵدا ناکات... لە یاسا و ڕێسای دادگادا نە بە تاوان هەژمار دەکرێ، نە بە خراپە، بەلام خوای گەورە دەیبینێ و فریشتەکانی خوای گەورە تۆماری دەکەن... سبەینێش دادگا و لێکۆڵینەوە هەیە... ئەو کاتەی کە تۆمارەکان دەکرێنەوە و وردودرشتی کارەکان نووسراوە و هیچی پشتگوێ نەخراوە...

ئەو ژنەی کە تۆ قسەی پێ دەڵێیت و سووکایەتی پێ دەکەی، ناچێ لە دادگا سکالات لەسەر تۆمار بکات... خۆ ئەگەر تۆماریشی بکات دادوەر گوێی لێ ناگرێ، بەلام خوای گەورە سکالاکەی دەبیستێت و دڵە بریندارەکەی دەبینێ و تۆ چەندێک دەسەلاتت بەسەر ئەودا هەیە، خوا زۆر لەوە زیاتر دەسەلاتی بەسەر تۆدا هەیە!

ئەو کرێکارە داماوەی کە مافی خوراوە، ناوێرێت بڕوا و لە بنکەی پۆلیس سکالا دژی سەرکارەکەی تۆمار بکات... خۆ ئەگەر بڕوا و سکالاش تۆمار بکات، لەوانەیە کەمەکەشی لە دەست بچێ، چونکە ئەو داماو و بێکەسە و کەس گوێی لێ ناگرێ، بەلام جەنابی سەرکار هەزار و یەک واسیتەی هەیە، بەلام خوای گەورە ئاگای



Scanned with Can

لێیەتی و دەزانێ ستەمی لێ کراوە و سکالاکەی دەبیستێ... خوای گەورە سکالا و ئاە و ناڵەی کافرێکی ستەملێکراو لە دژی مسوڵمانێکی ستەمکار وەردەگرێ، نەک لەبەر ئەوەی کوفری خۆش بوێ و ڕقی لە مسوڵمان بێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دادگەری پێخۆشە و ڕقی لە ستەمە! دەی ئەگەر ستەملێکراو مسوڵمان بێت ئەو کاتە چی؟ ئەگەر مسوڵمانە ستەملێکراوەکە سەجدەیەک بۆ خوا ببات و لە سەجدەکەیدا بڵێ: خوایە من ستەمم لێ کراوە، یارمەتیم بدە و سەرم بخە! ئەگەر هەمان نزا و پاڕانەوەی حەزرەتی نوحی دووبارە کردەوە کە لە کاتی تۆفانە گەورەکەدا کردی، ئەو کاتە چی؟ ئای قوڕ بەسەر ئەو کەسەی ستەم دەکات، نەخوازە لە مسوڵمانێکی داماویش!

ئەگەر کۆمەڵێک منداڵت هەبێت و لەنێوانیاندا بە جوانی ڕەفتار نەکەیت و هەندێکیانت خۆش بوێ و ڕووی خۆشیان پێ بدەیت و زۆر بیانلاوێنی و گوێ بەوانی تر نەدەی، خۆ کەسیان ناچن و لای پۆلیس سکالا تۆمار ناکەن و ناڵێن: باوکمان ئێمەی خۆش ناوێ و براکانمی خۆش دەوێ!

دادگای مرۆڤەکان بۆ ئەو مەبەستانە دانەنراوە...

کابرا پێی ناخۆشە دوای مردنیشی میراتی بەر کچەکانی بکەوێ... بۆ ئەوەی میراتی لێ نەبەن پێش مردنی هەموو سەروەت و سامانەکەی دەکات بە ناوی کوڕەکانیەوە... بەو جۆرە کچەکانی لە میرات بێبەش دەکات... با ئەو جۆرە کەسانە بزانن کە تۆماری مرۆڤ هیچ نییە... کاتییە و دەڕوات... تۆماری فریشتەکان تۆمارە... لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو تۆمارانە دەکرێ... خۆ سبەی ناتوانی لای خوای گەورە بڵێ: خوایە خۆ من بێبەشم نەکردن، چونکە بەپێی یاسا سەروەت و سامانەکەم بە کوڕەکانم بەخشی و غەدر و خیانەتم لە کەس نەکرد!



Scanned with Can

لە ژیاندا شتێکمان زۆر بەرچاو کەوتووە و لەوانەیە هەموومان ئەو شتەمان دیبێت، ئەویش ئەوەیە کە: کاتێک دوو کەسی دەسەڵاتدار دەبن بە کێشەیان، خوای گەورە لێیان دەگەڕێ و کامیان زیاتر دەست بە هۆکارەکانی دونیاوە بگرێ، ئەوەیان براوە دەبێ، بەڵام کاتێک دەسەڵاتدارێک ستەم لە بێدەسەڵاتێک دەکات، خوای گەورە خۆی کێشەکە یەکلایی دەکاتەوە، کابرای دەسەڵاتدار پێش ئەوەی بمرێ، خوای گەورە تۆڵەی بێدەسەڵاتییەکەی لێ دەکاتەوە...

دەی نەکەی هەرگیز ستەم لە کەسێک بکەی کە جگە لە خوای گەورە هیچ کەسێک و هیچ پشت و پەنایەکی نییە...



Scanned with Cam



# ئەوە تەنیا ڕای خۆمە

مسوڵمانان دەیانویست دەست بەسەر کاروانەکەدا بگرن... قورەیشیش دەیانەویست بە هەر جۆرێک بووە کاروانەکە ڕزگار بکەن، بەڵام خوای گەورە دەیویست جەنگی بەدر ڕووبدات...

پێغەمبەر(ﷺ) جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی پێ ناخۆش بوو... هەموو جارێک دەیفەرموو: هەرگیز ئاواتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن مەخوازن، ئەگەریش ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە، خۆڕاگر بن!

ها ئەوەتا دوژمن هاتووە و کاتی خۆڕاگری نزیک بووەتەوە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوپاکەی لە شوێنێکدا نیشتەجێ کرد و چاوەڕوانی ئەوە بوو کە سوپای دوژمن بگات و دەستەویەخە ببنەوە... لەو کاتەدا حەبابی کوڕی مونزیر دێت و دەفەرموێت: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! بە فرمانی خوای گەورە لەم شوێنەدا گیرساویتەوە -ئەگەر وایە ئەوە بۆمان نییە لە شوێنی خۆمان بجووڵێین و نە بەرەوپێش بچین نە بەرەودوا، یان ئەوە هەر ڕای خۆتە و نەخشە و پلانی جەنگە، کە جەنگیش هەمووی نەخشە و پلانە!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: نەخێر ئەوە فرمانی خوای گەورە نییە، بەڵکوو نەخشە و پلانی جەنگە!

حەباب فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەم شوێنە شوێنی ئۆردوو و بەزینی سوپا نییە و بەکەڵک نایە... بە سوپاکە بڵێ: با



Scanned with Cam

بچنە سەر بیرە ئاوەکانی بەدر... با بیرەکان لە پشتەوەی سوپاکە بن، دوایی خۆمان ڕووبەڕووی دوژمن دەبینەوە و خەمی ئاومان نابێت و ناهێڵین ئەوانیش دەستیان بە ئاو بگات!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: پلانەکەت پلانێکی زۆر چاکە!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەستا و فرمانی دەرکرد سوپاکە تا لای بیرە ئاوەکانی بەدر نەوەستن... بیرە ئاوەکان کەوتنە پشتەوەی سوپا... جەنگ دەستی پێ کرد... سوپای مسوڵمانان خەمی ئاویان نەبوو... کەچی سوپای کوفر خەریک بوو لە تینوویتیدا کوێر ببن!

خۆ خوای گەورە دەیتوانی بیکا و سرووش بۆ پێغەمبەر(ﷺ) بنێرێ و ئیتر پێویست بە ڕاوبۆچوون و پلانی حەباب نەبێ، بەڵام خوای گەورە ویستی ئەوەمان فێر بکات کە دەبێ ئەم گەلی ئیسلامە هەموو هێز و توانا و ڕاوبۆچوونێکی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا بەکار بێنن...

ئەو پلانە جەنگییەی کە حەباب دەیزانی، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەو کاتەدا هێندەی نەدەزانی، چونکە پێشتر پێغەمبەری خوا جەنگاوەر نەبوو... لە دژی هیچ کەسێک جەنگی نەکردبوو... ژیانیش هەمووی ئەزموونە... ڕۆژگار قوتابخانەیە... کەواتە تۆش ڕێز لە ڕاوبۆچونی خەڵک بگرە... ئەوەتا پێغەمبەرێکی گەورەی خوا لەو کاتەدا پلانێکی وەک پلانەکەی حەبابی بە خەیاڵدا نەهات... خۆ ئەگەر سەرکردە پرس بە سەربازەکانی بکات، ئەوە نیشانەی نەزانی و ناتەواوی سەرکردە نییە، بە پێچەوانەوە نیشانەی ژیری و ڕەوشتبەرزی سەرکردەیە...

تۆ خۆت مەکە بە ئیبنوسینا و چارەسەری نەخۆشی خۆت مەکە... پزیشکەکان لە تۆ زیاتر دەزانن... لەوانەیە دەرمان و چارەسەر گەزێک لە تۆوە دوور بێت، بەڵام تۆ بەهۆی نەزانییەوە خۆت تووشی تیاچوون بکەی...



Scanned with Cam

تۆ خۆت مەکە بە ئەندازیارێکی بێوێنە و کۆشک و تەلار ساز مەکە... با میچی خانووەکە نەڕووخێ بە سەرتدا و نەتکوژێ!

تۆ لەو بوارەدا کار بکە کە بواری خۆتە... ڕێزی ڕاوبۆچوونی کەسانی تریش بگرە... کورد دەڵێت: نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب!

تەماشای ئاکار و ڕەفتاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکە، نە خۆی بە گەورە دەزانی و نە ڕاوبۆچوونی خۆی دەسەپاند... حەباب لێی دەپرسێ: ئەوە خوا فرمانی داوە لێرە ئۆردوو بخەین، یان ڕاوبۆچونە و دەکرێ ئێمەش ڕاوبۆچوونی خۆمان باس بکەین؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی ڕادەگەیەنێ کە بابەتەکە پەیوەندی بە نیگا و سرووشەوە نییە و هەر ڕاوبۆچوونە و کێ ڕاوبۆچوونی بەهێزتری هەیە، با بفەرموێ!

کاتێکیش پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕابۆچونی حەبابی بیست، پێی ناخۆش نەبوو کە ڕاوبۆچوونی ئەو بەهێزترە... نەیفەرموو: دوایی خەڵک پێم دەڵێن: بە قسەی سەربازێک سوپایەکی جووڵاند و جێگۆڕکێی کرد، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بە چاوی هاوەڵانەوە سەرسامیی خۆی بۆ ڕاوبۆچوونی حەباب دەربڕی... یەکسەر سوپاکەی بەرەو بیرەئاوەکانی بەدر جووڵاند... بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونی حەباب جێبەجێ بکات...

دەتۆش هەرگیز ڕک مەبە و با قسە هەر قسەی خۆت نەبێت... هەر کاتێک ڕاوبۆچوونێکت بیست کە لە ڕاوبۆچوونی خۆت بەهێزتر بوو یەکسەر وەریبگرە و کاری پێ بکە... هەرکاتێک بڕیاری کارێکت دابوو، دوایی کەسێک هات و دەتزانی کەسەکە دڵسۆزە و فرتوفێڵ ناکات و بڕوای پێهێنای کە کارەکەت لە جێی خۆی نییە، بە گوێی بکە و واز لە کارەکەی خۆت بێنە، چونکە هیچ شتێک هێندەی ڕکبوون مرۆڤ لەناو نابات...



Scanned with Cam



# لەسەر خۆتان!

دایە صەفیەی کچی حویەی کە خێزانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە مزگەوتدا ئیعتیکافی دەکرد... شەوێک ڕۆیشتم و سەرم لێ دا و هەندێک قسەم لەگەڵدا کرد و دوایی هەستام بچمەوە بۆ ماڵ... پێغەمبەر(ﷺ) هەستا و ویستی تا ماڵەوە ڕەوانەم بکاتەوە... دوو پیاوی ئەنصاری بە لای ئێمەدا تێپەڕین... کاتێ پێغەمبەریان(ﷺ) بینی بە خێرایی تێپەڕین... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لەسەر خۆتان! ئەوە صەفیەی کچی حویەیە!

پیاوەکان وتیان: پاک و بێگەردی بۆ خوا! ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! دەیاندەویست بڵێن: دەگونجێت ئێمە گومان لە تۆ بکەین؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی شەیتان بەنێو ئەو شوێنانەدا هاتوچۆ دەکات کە خوێن تێیدا هاتوچۆ دەکات... من ترسام شەیتان شتێکی نەشیاو بخاتە دڵتانەوە...

دوو هەڵوێستی گەورە، بیریان لێ بکەرەوە!

یەکەم: مەدینە شارێکی پڕ لە ئاسایش و ئەمن و ئەمان بوو، خۆ ئەگەر دایە صەفیە خۆی بە تەنیا بەرەو ماڵ بڕۆشتایەتەوە هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەدەبوو، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئیعتیکافەکەی دەپچڕێنێ و دێتە دەرەوەی مزگەوت بۆ ئەوەی



Scanned with Cam

دایە صەفیەی خێزانی تاماڵەوە ڕەوانە بکاتەوە... خۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیزانی کە دایە صەفیە ڕێگای ماڵەوەوە شارەزایە و دەتوانێت بڕواتەوە بۆ ماڵ، بەڵام ئەو بەو کارەی بە دایە صەفیەی فەرموو: من گرنگیت پێ دەدەم!

زۆرجار پێویست ناکات پیاو بە قسە بە ژنی خۆی بڵێ: خۆشم دەوێی! زۆر هەڵوێستی بچووک و شتی سادەی ژیان هەیە لە سەد جار وتنی: (خۆشم دەوێی!) گەورەترن... تا ئێستا تۆ ئەوەت تاقی کردووەتەوە بە دەستی خۆت پاروویەک خواردن بکەی بە دەمی ژنەکەتەوە؟ هەتا ئێستا دەستت گرتووە و لە جادەیەک بیبەیتە ئەوبەرەوە؟ هەتا ئێستا شەوێکی سارد پاڵتۆکەی خۆتت داکەندووە و بیخەیتە سەر شانی ئەو بۆ ئەوەی سەرمای نەبێت؟ خۆ ئەو کارانە هیچی تێ ناچێ، بەڵام مانا و مەبەستێکی گەورە دەگەیەنن!

دووەم: ئەوە لێگەڕێ کە پێغەمبەر(ﷺ) زۆر لەوە گەورەتر بوو گومانی خراپی پێ ببرێ... لە ئاوی زەمزەم پاکتر بوو... هێندەی ئەو لەخواترس بوو، هیچ کەسێکی تر وا لە خواترس نەبوو... لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو دوو پیاوەی وەستاند و پێی ڕاگەیاندن کە ئەو ژنەی لەگەڵیدا وەستاوە و قسەی لەگەڵدا دەکات، صەفیەی ژنی خۆیەتی...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەو کارەی ئێمەی تێگەیاند کە هێندە بەس نیيە مرۆڤ کاری حەرام و ناڕەوا نەکات، بەڵکوو پێویستیشە کارێک نەکات کە خەڵک وا گومان ببەن کارێکی حەرامی کردووە!

هەرگیز کارێک مەکە خەڵکی گومانی خراپت پێ ببەن... سروشتی مرۆڤ وایە زۆر جار بەدبین و بەدگومانە... بۆ نموونە هەرچەند بە مەبەستی ئامۆژگاریش بێت، بەڵام هەرگیز لەسەر سفرەیەک دانەنیشی کە مەی و ئارەقی لەسەر دانرابێ!



Scanned with Can

چونکە ئەگەر کەسێک ڕاستەوخۆ، یان دواتر لە وێنەیەکدا تۆی بینی لەسەر سفرەیەک دانیشتووی کە ئارەقی لەسەر دانراوە، یەکسەر گومانی ئەوە دەبات کە تۆش ئارەقخۆری! کەمن ئەو کەسانەی کە پێیان وابێ تۆ ئارەقت نەخواردەوەتەوە و بە مەبەستی ئامۆژگاریکردنی ئەوانی تر لەسەر ئەو سفرەیە دانیشتووی! ئامۆژگاری کات و جێگا و ڕێگای تایبەت بە خۆی هەیە...

لە بەرامبەریشدا هەرگیز گومانی خراپ بە خەلکی مەبە... ئەگەر کوڕێک قسەی لەگەڵ کچێکدا دەکرد، خۆ مەرج نییە ئەو دوانە گراوی و ئەوینداری یەک بن، لەوانەیە ئەوەی دێت بە مێشکی تۆدا، ڕۆمان و هۆنراوە و چیرۆکی شەیتان بێت و بە گوێی تۆیدا بدا...

خۆ هەرکەسێک لەگەڵ تاوانبارێکدا قسەی کرد، مەرج نییە ئەویش وەک ئەو تاوانبار بێت!

ژیان وەک بازاڕ وایە... زۆرجار دوو کەس پێکەوە کۆ دەبنەوە و هیچ پەیوەندییەکیشیان لە نێواندا نییە... ئەو دوکانەی کە فیشەک دەفرۆشێت، کڕیاری وا ڕووی تێدەکات کە فیشەک بۆ ڕاوکردن دەکڕێ... کڕیاری واش دێ کە فیشەکێک دەکڕێ و پیاوێکی پێ دەکوژێ... هەرگیز مەچۆرە نێو نیەتی خەلکەوە، هەرکەسێک نیەتی لەنێو دڵی خۆیایەتی و کەسێکی تر پێی نازانێ...



Scanned with Cam



# ڕووی تێمەکەن!

حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب لە شاری مەدینەوە بەرە شام وەڕێ کەوت. دوای ئەوەی گەیشتە ئەو شوێنەی کە پێی دەڵێن: (سەرغ) ئەبوعوبەیدەی جەڕاح و هەندێک سەرباز پێی گەیشتن. ئەبوعوبەیدە و سەربازەکان بە حەزرەتی عومەریان ڕاگەیاند کە نەخۆشی چاوەقوله (طاعون) لە شام بڵاو بووەتەوە. حەزرەتی عومەر بە مەبەستی پرس و ڕاوێژکردن بانگی کۆچەرییەکانی کرد کە چی بکەن؟ بڕۆن، یان بگەڕێنەوە؟ کۆچەرییەکان بوون بە دوو بەشەوە، هەندێکیان پێیان وابوو بگەڕێنەوە و هەندێکیان پێیان وابوو درێژە بە سەفەرەکەیان بدەن و بەرەو شام بڕۆن. حەزرەتی عومەر فەرمووی: دەی ئێوە هەستن! دوای ئەوان بانگی ئەنصارییەکانی کرد و پرسی بەوانیش کرد، ئەوانیش ڕێک وەکو کۆچەرییەکان بوون بە دوو دەستەوە، هەندێکیان وتیان: با بڕۆین، هەندێکیان پێیان وابوو گەڕانەوە بۆ مەدینە باشتر بێت!

حەزرەتی عومەر فەرمووی: دەی ئێوەش هەستن بڕۆن! دوای ئەوان بانگی پیاوە بەتەمەنەکانی قورەیشی کرد، ئەوانەی کە دوای ڕزگارکردنی شاری مەککە مسوڵمان ببوون.. پرسی بەوانیش کرد کە بڕۆین یان بگەڕێینەوە؟

ئەوان پێیان وابوو گەڕانەوە باشتر بێت، گوتیان: تۆ خۆت گەورەی مسوڵمانانی کۆمەڵێکی زۆر هاوەڵت لەگەڵدایە و کارەکەش کارێکی بەهە و خەتەرە!



Scanned with Cam

حەزرەتی عومەر ڕای ئەوانی پەسەند کرد و بڕیاری گەڕانەوەی دا...

ئەبوعوبەیدە پێی گوت: ئەی گەورەی ئیمانداران! ئەوە تۆ لە قەزاوقەدەری خوا هەڵدێی؟

حەزرەتی عومەر فەرمووی: ئەبو عوبەیدە خۆزگە تۆ ئەو قسەیەت نەکردایە!

حەزرەتی عومەر زۆر ئەبوعوبەیدەی خۆش دەویست... هەرگیز بەبێ ئەو بڕیاری نەدەدا و پێچەوانەی ڕای ئەو بڕیاری نەدەدا...

دوایی حەزرەتی عومەر پێی فەرموو: ئەری ئەبوعوبەیدە پێم بڵێ: ئەگەر تۆ هەندێک وشترت هەبێ لە شیو و دۆڵێکی پڕ لە سەوزایی دەیانلەوەڕێنی، یان لە دەشت و ڕەقانێکی بێگژوگیا؟

ئەگەر لە هەرلایەک بیانلەوەڕێنی مەگەر بە گوێرەی قەزاوقەدەری خوا نایانلەوەڕێنی؟ -مەبەستی ئەوەبوو کە هیچ کەسێک ناتوانی لە دەست قەزا و قەدەری خوا هەڵێت، هەرکارێک بکات هەر قەزاوقەدەرە-.

دوایی حەزرەتی عومەر فرمانی دەرکرد کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ گەڕانەوە بەرەو شاری مەدینە...

ئا لەو کاتەدا کە حەزرەتی عومەر ڕاوێژی بە خەڵکەکە کرد عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف لەوێ نەبوو، بۆ کارێک ڕۆیشتبوو، دوایی گەڕایەوە و بەسەرهاتەکەی بیست... عەبدولڕەحمان هات و فەرمووی: من شارەزاییەکەم لەمبارەیەوە هەیە... من خۆم گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)بوو کە دەیفەرموو: هەرکاتێک بیستتان لە شوێنێک چاوەقوڵە بڵاو بووەتەوە ڕووی تێ مەکەن! ئەگەر لای ئێوەش بڵاو بوویەوە مەڕۆن بۆ هیچ کوێ و لە شوێنی خۆتان بمێننەوە!



Scanned with Cam

حەزرەتی عومەر زۆر سوپاسی خوای کرد کە هەق و ڕاستی پیشان داوە... ئیتر هەمووان بەرەو شاری مەدینە گەڕانەوە...

ئەمە سوننەتی پێغەمبەری خوایە کە لە کاتی بلاوبوونەوەی پەتا و تاعون و چاوەقولەدا مرۆڤ کۆچ نەکات و نەڕوات بۆ ئەو شوێنەی کە پەتا تێیدا بلاو بووەتەوە... ئەگەر لەو شوێنەی ئەویش بلاو بوویەوە، لێی دەرنەچێ و نەڕوا بۆ شوێنێکی تر...

ئەوەتا دوای ١٤٠٠ ساڵ لە دوای فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تازە بە تازە زانستی پزیشکی ئەوەی بۆ دەرکەوتووە و سەلماندوویەتی... هەموو نەخۆشییەک کاتێکی دیاریکراوی هەیە بۆ گەشەکردن... ئەویش ئەو کاتەیە کە نەخۆش تووشی نەخۆشییەکە بووە، تا ئەو کاتەی نیشانەکانی بە تەواوی دەردەکەون... دیارە جۆرێکی نەخۆشی لە جۆرێکی تر جیاوازە...

بۆ نمونە: مرۆڤ تووشی ئایدز دەبێت و دوای چەند ساڵێک نیشانەکانی دەردەکەون... کەچی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە دوو حەفتە تەواو گەشە دەکات و نیشانەکانی دەردەکەوێت... دوایی کابرای تووشبوو وا دەزانێت چاک بووتەوە و کۆچ دەکات بۆ شوێنێکی تر، بەو جۆرە نەخۆشییەکە دەگوازێتەوە بۆ شارێکی تر... زۆر جاریش وا ڕێ دەکەوێ کە کابرای کۆچەری هیچ نەخۆشییەکی نییە، بەڵام لە کاتی سەفەرەکەیدا تووش دەبێت و دەیباتەوە بۆ شارەکەی خۆی!

بۆیە دەبێ مرۆڤ زۆر بە باشی خۆی بپارێزێ... دەست بە هۆکارەکانەوە بگرێ... خۆی لە شوێنی قەرەباڵغ و شوێنە گشتییەکان بپارێزێ... هەرکەسێکیش گومانی لە خۆی هەبێت کە تووش بووە، ئەوا با لە شوێنە گشتییەکان و تەنانەت لە مزگەوتیش دوور بکەوێتەوە...



Scanned with Cam

ئەوە ماوە کە بڵێین: ئەم ڤایرۆسە کە تازە پەیدا بووە و بڵاو بووەتەوە، دروستکراوێکی خوایە... ئەویش وەک ئێمە بە دەست خوایە... ئەو ڤایرۆسە بە فرمانی خوا دەجووڵێتەوە و کاری خۆی دەکات، نەک بە ویست و فرمانی خۆی! گومانیشمان لەوە نەبێ کە خوای گەورە هەرشتێکی دروست کردبێت ئەوە دانایی و حیکمەتێکی تیایە، ئیتر لەوانەیە ئێمە نەیزانین، چونکە بیروهۆش و زانینی مرۆڤ کەم و سنووردارە...

ڕاستە کە ترس بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ و گرتنەبەری ڕێگای خۆپارێزی و خۆپاراستن کارێکی پێویستە، بەلام ئەم پەتا و بەلایە هەلێکە بۆ ئەوەی ئێمە بیر لە گەورەیی و دەسەلاتی بێسنووری خوای گەورە بکەینەوە... ئەوەتا ئەم سەر زەوییە هەر لە ڕۆژهەلاتەوە بگرە تا ڕۆژئاوا، هەر لە باکوورەوە بگرە تا باشوور، بە دەست ڤایرۆسێکەوە دەناڵێنێ کە نەک هەر بە چاو، بەڵکوو بە میکرۆسکۆبی پێشکەوتوو نەبێت، نابینرێ!

ئەم ڤایرۆسە سەربازێکە لە سەربازەکانی خوای گەورە... ئەم سەربازە ئێمەی لە خۆمان تێگەیاند کە چەندێک بێدەسەلات و لاوازین... ئێمەی تێگەیاند کە پێویستە هەمووان پەنا بەو زاتە گەورەیە ببەین کە هەموو شتێک بە دەست ئەوە و هیچ شتێک بەبێ فرمانی ئەو هیچی لە دەست نایە و هیچی پێ ناکرێ!

هەموو بەلا و موسیبەت و چۆرتمێک بەهۆی تاوانەوە دادەبەزێ و بە تەوبەکردن و گەڕانەوەش بۆ لای خوا لادەچێ... زانای مەزن ئیبنوکەسیر لە کتێبی (البداية والنهاية)دا لە بەسەرهاتەکانی ساڵی ٨٧٤ـی کۆچیدا دەگێڕێتەوە، کە لەو ساڵەدا نەخۆشییەکانی تا و چاوەقوڵە لە عێراق و شام (سوریا) و حیجاز (عەرەبستان) بڵاو بوویەوە... سەرەتا ئاژەڵە کێوییەکان دەمردن، دواتر ئاژەڵی ماڵی،



Scanned with Cam

دواتر خەڵکێکی زۆر مرد... بۆیە خەلیفە (المقتدی بأمر الله) فرمانی دەرکدر کە هەمووان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و واز لە تاوان بهێنن و فرمان بە چاکە بکەن و نەهی لە خراپە بکەن و هەر ئامێرێک پەیوەندی بە شتی بێسوود و تاوانەوە هەیە، بشکێندرێن... دوای ئەوە بەو شێوەیە کرا، ئیتر نەخۆشی و تاعونەکە کۆتایی پێ هات...

خوای گەورە هەمووان بپارێزێ و لە نەخۆشی و پەتا و چارەقوڵە بە دوورمان بگرێت!



Scanned with Can



# خوای گەورە زیاتر مکوڕت بکات بەڵام دووبارەی مەکەوە!

ئەگەر کەسێک پرسیاری لێ کردی و وتی: جوانترین و هێژاترین پەسن لە مێژوودا کامەیە؟

بەبێ دوودڵی بڵێ: ئەو پەسنەی خوای گەورە کە پەسنی پێغەمبەر(ﷺ) دەدات و دەفەرموێت: (وإنک لعلی خلق عظیم)...

چونکە خەڵکی بە زۆری لە کاتی پەسنداندا زێدەڕەوی دەکەن... ئیتر یان عاتیفە و سۆز بە سەریاندا زاڵە -دیارە خۆشەویستیش مرۆڤ کوێر دەکات و عەیبوعاری خۆشەویستییەکەی نابینێ- یان ئەوەتا لەبەر شتێک و لەپێناو دەستکەوتێکدا زێدەڕەوی دەکات... هەرچی پەسندانی خوای گەورەشە ئەوە پەسندانە لە لایەن زاتێکەوە بۆ کەسێک کە خۆی باش باش دەیناسێت.... هیچ زێدەڕەوییەکی تێدا نییە...

خوای گەورە پەسنی پێغەمبەری(ﷺ) دا و فەرمووی: وإنک لعلی خلق عظیم... پێغەمبەری خوا لە کاتی هێمنی و لە کاتی تووڕەبووندا گەورە و خاوەنی ئاکار و ڕەوشتی هەرە بڵند بوو... لە کاتی ئاشتی و لە کاتی جەنگدا... لە شوێنی خۆیدا و لە کاتی سەفەردا... لەگەڵ گەورە و لەگەڵ بچووکدا... لەگەڵ هاوڕێ و لەگەڵ دوژمندا... هەمیشە بەدوای ئاداب و خوڕەوشتی جواندا دەگەڕا... هەمیشە هەوڵی دەدا بە جوانترین شێوە باسی هەمووان بکات... تەنانەت لە کاتێکدا کەسی بەرامبەر هەڵەیەکی دەکرد، هەر بە جوانی پەسنی



Scanned with Can

ەدا و بە باشی تێیدەگەیاند... زۆرجار پێش ئەوەی ئامۆژگاری کەسێک بکات، قسەیەکی دڵخۆشکەری لەگەڵدا دەکرد و پاشان دەستی بە ئامۆژگاری دەکرد...

ڕۆژێک هاوەڵێک بە ناوی (ئەبوبەکرە) هاتە مزگەوتەوە و ویستی لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) نوێژی بەکۆمەڵ بەجێبێنێت... کاتێک ئەو هاتە ژوورەوە، پێغەمبەر(ﷺ) و مسوڵمانان لە کڕنوشدا بوون.. ئەبوبەکرە هەستی کرد کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیەوێ لە کڕنووش بەرز ببێتەوە، بۆیە پێش ئەوەی بگاتە ڕیزی دوای دواوە و تێکەڵی خەڵکەکە بێت، یەکسەر نوێژەکەی دابەست و پێش ڕاستبوونەوەی پێغەمبەر(ﷺ) کڕنووشی برد...

دوای ئەوەی نوێژ تەواو بوو، ئەبوبەکرە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوای گەورە زیاتر مکوڕیت پێ ببەخشێ، بەلام دووبارەی مەکەرەوە!

تەماشای ئەو ئامۆژگارییەی پێغەمبەر(ﷺ) بکە بزانە چەندی پڕە لە ئەدەب و ڕەوشتی بەرز! پێغەمبەری خوا نەیفەرموو: جا چۆن پێش ئەوەی بگەی بە ڕیزەکە کڕنووشت برد؟ نەیفەرموو: جا پەلەت چیبوو؟ نەیفەرموو: جارێکی تر کاری وا نەکەیت؟ بە جۆرێک ئامۆژگاری نەکرد کە دڵی ئەبوبەکرە بلەخشێت، بەڵکوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەرەتا بۆی پاڕایەوە و دوعای خێری بۆ کرد و فەرمووی: خوای گەورە زیاتر مکوڕیت پێ ببەخشێ! بەو جۆرە پەسنی ئەبوبەکرەی دا، چونکە ئەبوبەکرە دەیەویست ئەو ڕکاتەی لە کیس نەچێت... دواتر پێغەمبەر(ﷺ) کارە ڕاستەکەی پیشانی ئەبوبەکرە دا...



Scanned with Cam

مـرۆڤ کاتێک پێش ئـەوەی ڕەخنـەی لـێ بگیرێ، هەندێک پەسن بدرێ، ئیتر ئامادە دەبێت بۆ ئـەوەی بە سینگێکی فراوانـەوە ڕەخنەکان وەربگرێ و گوێبیستی بێت... دەبێت مرۆڤ زۆر بە باشی ئاگاداری ئـەم خاڵـە بێت.

ئەگەر لـە ماڵدا نان و خوانێکت ساز داوە و هەستت کرد یەکێک لـە خواردنـەکان سوێرە، دوای ئـەوەی نان خـورا، دووبەدوو بە ژنەکەت بڵێ: دەستەکانت خۆشبێت، خوا پاداشتت بداتەوە، بەڕاستی چێشتەکان زۆر خۆش بوون، بەڕاستی تۆ چێشتلێنەرێکی شارەزای، بەڵام برنجەکە کەمێک سوێر بوو! بۆ جارێکی تر ئاگات لە خۆتبێ با سوێر نەبێت...

ئەگـەر تۆ بـەو جـۆرە بـە ژنەکـەت ڕابگەیەنـی کـە یەکێک لـە خواردنـەکان سـوێر بـووە، ئەویش بـە دڵنیاییەوە بـە سینگێکی فراوانـەوە ڕەخنەکـەت لـێ وەردەگرێ، بەڵام ئەگـەر بەبێ هیچ پێشـەکی و پەسندانێک یەکسـەر بڵێی: ئەوە بۆ برنجەکە سوێر بوو؟ ئەوە تۆ ژنەکـەت دەشـکێنیتەوە... ئـەوە ئـەو کاتـە ئـەو هەست دەکات هەموو خواردنەکانـی ناخـۆش و سـوێر، یـان بێتام بـوون..

ئەگـەر تۆ بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکی و یەکێک لە فەرمانبەرەکان درەنگ هـات و دەتویست ئامۆژگاری بکـەی بۆ ئـەوەی جارێکی تر دوا نەکەوێت، یەکسـەر پێی مەڵێ: ئـەوە بۆ دواکەوتـی؟ جارێکی تر دوامەکـەوە!

خـۆت لـە هەڕەشـە و گوڕەشـە و گـەف بپارێزە، دەتوانـی بە شێوەیەکی جوانتر ئامۆژگاری بکـەی... بە جۆرێک کە دڵی نەشکێنی... بۆ نموونـە پێی بڵێ: تۆ کارمەندێکی زۆر باشی، بە باشی کارەکانت جێبەجێ دەکـەی، بۆ ئـەوەی هـەر بە باشی بمێنێتەوە لە کاتی خۆیدا



Scanned with Cam

ئامادەبە و دوامەکەوە! من دەمەوێ تۆ نموونە بیت و هیچ کەسێک ڕەخنەت لێ نەگرێ...

دەتوانی هەردوو جۆرەکە تاقی بکەیتەوە، هەم هەڕەشە و گوڕەشەکە، هەم شێوازی دووەم، جا دوایی سەیر بکە بزانە کامیان زیاتر کاریگەرە و بەرهەمی باشترە؟

کاتێ ڕاستەوخۆ و بەبێ هیچ پێشەکییەک دەست دەکەین بە گلەییکردن و ڕەخنەگرتن، ئەوە خۆمان بە دەستی خۆمان بەنداوێکمان لەنێوان خۆمان و کەسی بەرامبەردا دروست کردووە، ئەو کاتە قسەکانمان لە گوێی ڕاستی کەسی بەرامبەرەوە دەچێتە ژوورەوە و لە گوێی چەپی دەچێتە دەرەوە، بەڵام هەرکاتێک پێشەکییەکمان پێشکەش کرد و هەندێک باسی چاکەی ئەومان کرد، ئەو کاتە ڕەخنەکەمان جێگای خۆی دەگرێ و کەسی بەرامبەر بە دڵێکی فراوانەوە وەریدەگرێت...



Scanned with Can



# نانی ئەو دەخۆی!

لە هەموو سەردەمێکدا خەڵک هەر خەڵکە... زۆربەی هەرە زۆرینەیان سەرگەرمی پەیداکردنی بژێوی و بەدەستهێنانی سەروەت و سامانن... ئەوە سروشتێکە و خوای گەورە مرۆڤی لەسەر ئەو سروشتە ڕاهێناوە...

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلۡخَيۡرِ لَشَدِيدٌ ۝٨﴾ العاديات: ٨ واتە: بێگومان ئادەمیزاد لە خۆشەویستی سەروەت و ساماندا زۆر سوورە و زۆر بەهەڵپەیە.

زۆربەی زۆرینەی موفەسیرەکان لەوەیدا هاوڕان کە مەبەست لە وشەی (الخیر) سەروەت و سامانە...

بێگومان کۆکردنەوەی سەروەت و سامان عەیبە نییە و دەوڵەمەندی شوورەیی نییە... باشترین شتیش سەروەت و سامانی حەڵاڵە بە دەست مرۆڤی باشەوە... گرنگ ئەوەیە تۆ خاوەنی سەروەت و سامان بیت، نەک سەروەت و سامان خاوەنی تۆ بێت، سەورەت و سامان خزمەتکارت بێت، نەک تۆ خزمەتکاری ئەو بیت، سەروەت سامان بخەیتە ژێر پێتەوە بۆ ئەوەی بەرزت بکاتەوە، نەک بیخەیتە سەر شانت و نەوی و نزمت بکاتەوە!

لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) دوو برا هەبوون، یەکێکیان لە بازاڕدا کاروکاسبی دەکرد، ئەویتریان بێکار بوو، هەمیشە دەهاتە کۆڕ و کۆبوونەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و فەرموودەی لێ وەردەگرت و قورئان فێر دەبوو... ئەوەش کە کاروکاسبی دەکرد، ئەمی بەخێو دەکرد...



Scanned with Cam

**ڕۆژێک ئەو برایەی کە خاوەن کار بوو هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵای برا بێکارەکەی خۆی لای پێغەمبەر(ﷺ) کرد!**

**پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تۆ چووزانی، بەڵکوو تۆش بەهۆی ئەوەوە خوا ڕزقی تۆش بدات!**

مەبەست لەم فەرموودەیە هاندانی مرۆڤ نییە بۆ ئەوەی بێکار و کاسبی لێی دابنیشی... مەبەستیش ئەوە نییە ببینە بار بەسەر خەڵکەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەو فەرموودانەی کە مرۆڤ هان دەدەن بۆ ئەوەی کارێک بکات و نەبێتە بار بەسەر هیچ کەسێکەوە، ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن، بەڵام خۆ ناکرێ ئەو فەرموودانە بۆ کەسێکی وەک ئەو کەسە کە سکاڵاکەی کرد بگوترێ، بەڵکوو دەبێ بۆ ئەو کەسانە باس بکرێ کە هیچ کارێک ناکەن... بۆ ئەو کەسەش کە کارێکی هەیە دەبێ وەک ئەم فەرموودەیەی پێ بگوترێ کە پێغەمبەر(ﷺ) بەم برا کاسبەی فەرموو... تۆ چووزانی بەڵکوو خوا بەهۆی ئەوەوە ڕزقی تۆش بدات!

کارکردن هۆکاری هاتنی ڕزق و ڕۆزییە، بەڵام ڕۆزیدەر تەنیا خوایە... جا کێ دەڵێ خوای گەورە لەبەر ئەو دایک و باوکەت کە بەخێویان دەکەی، ڕزق و ڕۆزی تۆ نادات؟ تۆ چووزانی ئەو ڕزق و ڕۆزییەی کە بۆت دێ بەرهەمی زیرەکی و لێهاتوویی خۆتە؟

کێ دەڵێ لەبەر ئەوە نییە کە مانگانە یارمەتی هەژارێک دەدەی؟

کێ دەڵێ لەبەر ئەوە نییە کە دەرمان و هەتوانت بۆ نەخۆشێکی داماو کڕیوە؟

تۆ چووزانی لەوانەیە خوای گەورە تۆی کردبێت بە دەرگای ڕزق و ڕۆزیدان بە کەسێکی تر؟

بۆیە خوای گەورە ڕزق و ڕۆزی بە تۆ دەبەخشێ، تا تۆش بە گوێرەی توانا بە خەڵکی ببەخشی...



Scanned with Can

خوای گەورە دەیەوێ دەستت خاڵی نەبێت، بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵک بدەی...

مرۆڤ زۆر لەوە لاوازترە کە بتوانێ ڕزق و ڕۆزی خۆی بدات، بێگومان نەتوانێ ڕزق و ڕۆزی خۆی بدات، ئەوە هەر ناتوانێ ڕزق و ڕۆزی خەڵکی تر بدات... جا ئەگەر هات و خوای گەورە تۆی کرد بە هۆکاری ڕزق و ڕۆزیدان بە کەسێک، ئەوە ڕێزێکی گەورەی لە تۆ ناوە... خۆ خوای گەورە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت خۆی ڕاستەوخۆ ڕزق و ڕۆزیی ئەویش بدات و ئاتاجی تۆی نەکات... خۆ خوای گەورە هەژار نییە و زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام ئەوە ئیتر کاری خوای گەورە وایە هەندێک کەس بکاتە دەرگا بۆ ڕزق و ڕۆزیدان بۆ کەسێکی تر... خوای گەورەش ئەویشی کردووە بە دەرگایەک بۆ چوونە بەهەشتی تۆ... دەی ئەو دەرگایە لە خۆت دامەخە! کێ دەڵێ هەرکاتێک تۆ ئەو دەرگایەت داخست، خوای گەورەش هەموو دەرگاکان لەسەر تۆ دانەخات؟

کەواتە هەمیشە ببەخشە و سوپاسی خوای گەورەش بکە کە تۆی کردووە بە بەخشەر، نەک هەژار و وەرگر و داماو!

عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر بەخشندە بوون، هێندەی دەبەخشی کە کەسە نزیکەکانی جار جار سەرکۆنەیان دەکرد... پێیان دەگوت: هێندە مەبەخشە! کەمێک بۆ خۆت بهێڵەوە، بەڵام ئەو دەیفەرموو: خوای گەورە بە منی دەبەخشێ و منیش بە خەڵکی، دەترسم من لەوانی بگرمەوە و خوای گەورەش لە منی بگرێتەوە!

ئەو تێگەیشتنەی عەبدوڵڵا تێگەیشتنێکی زۆر ورد و قووڵە لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە دەفەرموێت: تۆ چووزانی کێ دەڵێ بەهۆی ئەوەوە ڕزق و ڕۆزیت پێ نابەخشرێت؟



Scanned with Cam



## هێند خۆشحاڵ بوو کە لێی تێکچوو!

زۆربەی جاران چیرۆک بۆ ئەوە دەگێڕدرێتەوە مانا و مەبەستێک بگەیەنێ... جا لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆرجار بەسەرهات و چیرۆکی ڕاستەقینەی بۆ هاوەڵانی دەگێڕایەوە... جارێک ویستی لای هاوەڵان باسی خۆشەویستی خوای گەورە بکات بۆ ئەو کەسانەی کە تەوبە دەکەن و بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوەی بۆ هاوەڵان باس کرد و فەرمووی: سوێند بە خوا! خوای گەورە زۆر ڕازیترە بە تەوبەی ئێوە لەو کەسەی کە لە بیابانێکی کاکیبەکاکیدا وشترێکی پێیە، هەموو خواردن و ئاو و توێشوویەکی بەسەر پشتی وشترەکەوەیە، وشترەکەی لە دەست بەر ئەبێت و ڕادەکات، هەرچی ئەکا بۆی ناگیرێتەوە و ئیتر نائومێد ئەبێت، ئەڕوا بۆ بەر سێبەری دارێک و ڕائەکشێ، بە یەکجاری بێئومێد بووە لە گەڕانەوەی وشترەکەی، کاتێ بەئاگا دێتەوە تەماشا ئەکات وشترەکەی لە لایدا ڕاوەستاوە، ئەویش سووک ڕەشۆی وشترەکەی ئەگرێ، دوایی لە خۆشحاڵیدا ئاگای لە خۆی نامێنێ و ئەڵێ: خوایە تۆ بەندەی منی، منیش خوای تۆم! لە خۆشی ئەوەی وشترەکەی گەڕاوەتەوە ئاگای لە خۆی نەماوە.

پێغەمبەر(ﷺ) چەند جارێک فەرمووی: لە خۆشی ئەوەی وشترەکەی گەڕاوەتەوە ئاگای لە خۆی نەماوە.



Scanned with Cam

تەماشـای دانایـی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بکـە بزانـە چـۆن نموونـە بـۆ ئـەو خەڵکـە دێنێتـەوە؟ پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەیزانـی ئەوانـەی کـە ئـەم قسـەیان بـۆ دەکات لـە سـارا و دەرودەشـتدا دەژیـن، بۆیـە ئەویـش نموونـە و چیرۆکـی کەسـێک بـاس دەکات کـە لـە سارایەکی چـۆڵ و دەشـتێکی کاکیبەکاکیـدا ڕووداوێکـی بەسـەر هاتـووە... ئەوانـە خۆیـان سـەر و سـاختەیان لەگـەڵ دەشـت و بیابانـدا هەبـوو... چـاک دەیانزانـی لـە کاتـی سـەفەردا هەرچـی توێشـوو و ئـاو و پێخۆریـان هەیـە هەمـووی دەکـەن بـە بارێـک و دەیخەنـە سـەر وشـترێک... جـا ونکـردن و لـە دەسـتدانی ئـەو وشـترە یەکسـانە بـە لەتێنواخنـکان و لەبرسـامردن!

دەشیانزانی کە ئەگەر کەسێک وشترەکەی ون بکات و لە دەستی دەربچێ و دوایی خۆی لە خۆیەوە بێتەوە، چەندێ خۆشحاڵ دەبن و چ شادی و دڵخۆشییەک ڕوویان تێدەکات!

بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر بە ئاسانی ئەوەی کە مەبەستی بوو بە گوێگرەکانی دەگەیاند...

جا پێویستە لەسەر وتاربێژ و بانگخوازەکان کە لەگەڵ هەر چین و توێژێکدا بەپێی ئەقلیەتی ئەو چین و توێژە قسە بکەن... بەو جۆرەی کە ئەوان تێدەگەن، قسەیان لەگەڵدا بکرێ... ئەو نموونەیەی کە بۆ قوتابی کۆلێژ باس دەکرێت، ناکرێ هەمان نموونە لە مزگەوتدا بۆ کۆمەڵێک خەڵکی پیر و پەککەتە و نەخوێندەوار باس بکرێ... ئەو قسەی کە بۆ ژنێکی تەمەن چل ساڵ دەکرێت، بۆ کیژۆڵەیەکی دە پانزە ساڵە ناکرێ... پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: ئێمەی پێغەمبەران فرمانمان پێ کراوە کە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بەپێی ئەقل و ئاوەزی ئەو کەسە قسە بکەین.



Scanned with Cam

جا ئەقل و ئاوەزی هەرکەسێک بریتییە لە تێگەیشتن و زمان و ئاداب و تەقالید و باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو کەسە...

هێند خۆشحاڵ بوو کە لێی تێکچوو!

بێگومان ئەو قسەیەی کە ئەو پیاوە کردویەتی کوفرێکی ئاشکرا و بێ پێچوپەنایە، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) ویستی کە ئەوەمان تێبگەیەنێ لە هەندێک کاتدا هەندێک قسە لە هەندێک کەس وەرناگیرێ و لەسەری نابێ بە مال...

جاری وا هەیە مرۆڤ بە چەند قۆناغێکی وادا تێدەپەڕێت کە رەشۆی ژیری و ئاوەزی بە دەست خۆی نییە... ئەو مرۆڤە مرۆڤەکەی جاران نییە... جا بەلا و موسیبەت ئەوەیە کە مرۆڤ چاکە لە دەست خۆی دەربکات و کارێک بکات هەر بە قسە دڵی ئەو کەسانەی دەوروبەری خۆی بریندار بکات...

جا ئەگەر ئێمە تووشمان بوو بە تووشی کەسێکی بەوجۆرەوە و زانیمان کاتەکەی کاتێکی ناسکە و بارودۆخەکەی زۆر گونجاو نییە، ئەوە ئیتر ناکرێ لەسەر هەموو قسەیەکی سەرکۆنە بکرێ!

جاری وا هەیە خۆشی و شادیش وەک خەم و خەفەت سەر لە مرۆڤ تێک دەدات... جاری وا هەیە مرۆڤ لە کاتی خۆشیدا کاری وا دەکات و قسەی وا دەکات کە لە کاتی ئاساییدا پێی شەرمە بیکات و بیڵێ...

جا کەوابوو دەبێ رەچاوی بارودۆخی خەڵک بکەن و بزانن کە دڵ و دەروونی مرۆڤیش نەرمایی و رەقایی و بەرزی و نزمی زۆری دێتە رێ... جاری وا هەیە دەچێ بە ناخی زەویدا و جاری واش هەیە بەرەو ئاسمان لە شەققەی باڵ دەدات...



Scanned with Cam

کەواتە دەبێت یەکەمجار هەوڵی ئەوە بدەین ئاگاداری خۆمان بین و کاتێ دەکەوینە بارودۆخێکی نەخوازراوەوە، یان تووشی شادی و خۆشییەکی زۆر دەبین، خۆمان لە دەست نەدەین...

پێشینان پەندێکی زۆر جوانیان هەیە کە فەرموویانە: هەرگیز لە کاتی خۆشیدا بەڵێن مەدە، لە کاتی توورەییدا وەڵام مەدەرەوە، لە کاتی خەمباریدا بڕیار مەدە!



Scanned with Cam



## حەزرەتی زەکەریا دارتاش بوو!

جارێک بە هاوەڵانی فەرموو: هیچ پێغەمبەرێک نییە شوانی نەکردبێت!

هاوەڵان وتیان: تۆش قوربان؟

فەرمووی: بەڵێ منیش، من بە کرێ ئاژەڵم بۆ خەڵکی مەککە دەلەوەڕاند!

زۆری پێخۆشبوو کە مرۆڤ کارێکی بە دەستەوە بێت و لە ڕێی کارێکەوە ڕزق و ڕۆزی خۆی پەیدا بکات... بۆیە دەیفەرموو: مَا أَكَلَ أَحَدٌ طَعَامًا قَطُّ خَيْرًا مِنْ أَنْ يَأْكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ وَإِنَّ نَبِيَّ اللهِ دَاوُدَ - عَلَيْهِ السَّلَامُ - كَانَ يَأْكُلُ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ. رواه البخاري . واتە: هیچ کەسێک پارووەکی نەخواردووە کە باشتر بێ لەو پارووەی کە بە دەستی خۆی پەیدای کردبێت، حەزرەتی داود(ﷺ) خۆی کاری ئەکرد و بە دەستی خۆی نانی پەیدا ئەکرد.

جارێکی تر فەرمووی: زەکەریا دارتاش بوو!

حەزرەتی عومەر دەیفەرموو: پیاوی وا دەبینم زۆر پێی سەرسامم، دەپرسم دەڵێم: چ کارەیە؟ ئەگەر بڵێن: بێکارە! یەکسەر لەبەرچاوم دەکەوێت!



Scanned with Can

پێشینان دەفەرموون: هیچ کارێک سووک نییە، بەڵکوو هەندێک مرۆڤ خۆیان سووکن!

یەکێک لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە کە مرۆڤی ئاتاجی یەکتر کردووە، خۆیشی ئاتاجی هیچ کەسێک نییە... کاکی پزیشک ئاتاجی دارتاشە، دارتاش ئاتاجی ئاسنگەرە، ئاسنگەر ئاتاجی دارفرۆشە، دارفرۆش ئاتاجی جوتیارە، جوتیار ئاتاجی بازرگانە، بازرگان ئاتاجی کرێکارە و... هەمووانیش ئاتاجی نانەوان!

مەبەستەکە ئەوەیە کە هەر کارێک نانی حەلاڵی پێ پەیدا بێت، ئەوە کارێکی پیرۆزە و خاوەنی ئەو کارەش شایانی ڕێزلێگرتنە، چونکە خۆی و ماڵ و منداڵی بەخێو دەکات و نابنە بار بەسەر هیچ کەسێکەوە...

زۆر ئاساییە مرۆڤ هەوڵ بدات کارێک بۆ خۆی دەستەبەر بکات، دیسان ئاساییە کەسێک بیەوێ کوڕەکەی ببێ بە پزیشک نەک بە نانەوا... ببێ بە ئەندازیار نەک پینەچی، بەڵام ئەوە شوورەییە کە کەسێک دوای ئەوەی بوو بە پزیشک گاڵتە بە نانەوا و پینەچی بکات...

کارکردن بۆ ئەوەی مرۆڤ پێی بژی، نەک بۆ ئەوەی خۆی بەسەر کەسانی تردا هەڵکێشێ و خۆی بە گەورە بزانێ... ڕاستە هەندێک کار و پیشە لەنێو کۆمەڵگادا زیاتر ڕەواجی هەیە و خاوەنی ئەو کار و پیشانە لەنێو خەڵکدا خاوەنی شان و شکۆیەکی تایبەتن، بەڵام تێگەیشتنی نارێک و خراپ بۆ ژیان ئەوەیە کە خەڵک بە گوێرەی کارەکەی بنرخێنی... بە گوێرەی کارەکەی ڕێزی لێ بگری... بە گوێرەی سەروەت و سامانەکەی گوێی بۆ بگری...

وەک پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی، هەموو پێغەمبەران شوانییان کردووە... حەزرەتی داودیش کاری دەکرد و نانی پەیدا

دەکرد... حەزرەتی زەکەریاش دارتاش بوو... کەواتە هەرگیز شەرم لە کارەکەی خۆت مەکە... هەتا بتوانی نانێک و پارووپەکی حەلال پەیدا بکەی، هەرگیز خۆت بە سەرکز مەزانە... شانازی بە خۆتەوە بکە، بەلام لە خۆت بایی مەبە... شەرم لە پۆشینی جلوبەرگی شڕ و پینەدار مەکە... ئەوە شوورەیی نییە مرۆڤێکی پاک جلوبەرگێکی کۆنەی پۆشیبێت، بە پێچەوانەوە ئەوە شوورەییە کە مرۆڤێکی هیچوپووچ دەستێک جلوبەرگی جوان و نایابی لەبەر کردبێت و بە پارەی حەرام کڕیبێتی...

ئەو دەستانەی کە پڕن لە قڵیش ئەوە شایەتی ئەوە دەدەن کە خاوەنی ئەو دەستانە، دوای خوای گەورە پشتیان بە خۆیان بەستووە و سەر بۆ کەس نەوی ناکەن...

ئەو دەستانەی کە ڕەش و چڵکنن شایەتی ئەوەن کە کابرای خاوەن دەست کەسێکی بێکار نییە و بار نییە بەسەر هیچ کەسێکەوە!

نهێنیی ژیان لەوەدا نییە کە تۆ چ کارێک دەکەی، بەڵکوو لەوەدایە لەگەڵ خوای گەورە بێت... هەرکارێک دەکەی بە گوێرەی فرمانی خوای گەورە بیکەیت... چۆن خوای گەورە پێی خۆشە و پێی ڕازییە بەو جۆرە بیکەیت... لە ژیندا پزیشکی زۆر پاک و دارتاشی خیانەتکار هەیە... ئەندازیاری بەرتیلخۆر و کرێکاری پاک هەیە... خوای گەورە هەرگیز لەسەر کارکردن لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤدا ناکات، بەڵکوو لەسەر چۆنیەتی کارکردنەکە لە مرۆڤ دەپرسێتەوە...

سووکترین کەس ئەو کەسانەن کە کاتێک دەچنە زانکۆ و پەیمانگاکان، هەر لەبەر ئەوەی باوکیان دەوڵەمەند نییە و کارێکی سادە و بچووک دەکەن، پێیان شوورەییە باسی کاری باوکی خۆیان بکەن! لەجیاتی ئەوەی شانازی بە کەسێکەوە بکەن کە توانیویەتی



Scanned with Can

بە کارێکی بچووک و سادە، کوڕ، یان کچی خۆیان بخەنە بەر خوێندن و بیننێرنە زانکۆ و پەیمانگا، کەچی پێیان شوورەیی بێت باسی کاری باوکیان بکەن!

چەند ڕۆژێک لەمەوپێش لەبارەی کچێکەوە شتێکم خوێندەوە، کچەکە دەرچووی زانکۆیە، باوکی داوای لێکردووە لای کەسدا نەڵێ: باوکم کرێکاری شارەوانییە و کووچە و کۆڵان گسک لێدەدات و خاوێنیان دەکاتەوە... کچەکە لە کاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی دەرچووندا جلوبەرگی تایبەتی دەرچوونی پۆشی... ڕۆیشت بۆ شوێنی کاری باوکی... داوای لە کەسێک کرد کە وێنەیەکی ئەو و باوکی پێکەوە بگرێ... لە کاتی گرتنی وێنەکەدا کچەکە سەری باوکی ماچ دەکرد... دواتر وێنەکەی لە فەیسبووک و ئینیستا بڵاو کردەوە و نووسیبووی: ئەم پیاوە گەورەیە باوکی منە!



Scanned with Can



## هەتا ماوەکەی خۆی تەواو دەکات!

ڕۆژێک بانگی هاوەڵانی کرد و فەرمووی: وەرن بۆ لام...

ئەوانیش هەمووان ڕۆیشتن و لە خزمەتیدا دانیشتن، فەرمووی: ئەوە جوبرەئیل، نێردەی خوای گەورە پێی وتم: هیچ کەسێک نامرێ هەتا ماوەکەی خۆی تەواو نەکات، ڕزق و ڕۆزی دیاریکراوی خۆی تەواو پێ نەدرێ... دەی لە خوا بترسن و بە جوانی کاروکاسبی بکەن، نەکەن لەبەر ئەوەی ڕزق و ڕۆزیتان کەم بۆ دێت بڕۆن دەست بدەنە تاوان! بەڕاستی هیچ کەسێک بەهۆی خواپەرستییەوە نەبێ ناتوانێ بگا بەوەی کە لە لای خوایە.

ئەوەی کە مەبەستە ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هەتا ماوەکەی خۆی تەواو نەکات!

من کاتێک گوێم لەو دەنگوباسانە دەگرت کە باسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایان دەکرد و لەولاشەوە چاوم لەو خەڵکە بوو کە چۆن پەشۆکاون و چ جۆرە قسەیەک دەکەن و تەنانەت لە ترسا دەنگیشیان گۆڕاوە، لە دڵی خۆمدا وتم: زۆر پێویستە ئا لەم بارودۆخەدا کەسێک بتوانێ دڵی خەڵکی خۆش بکات و باسی ئەو عەقیدە و بیروباوەڕەیان بۆ بکاتەوە کە لەسەری گەورە بوون، خۆ ئەوەتا ترس باڵی کێشاوە بەسەر هەمووانداا هەر دەنگۆیە و بڵاو دەبێتەوە... هەر ڕاگەیاندنە و بە مەبەست فووی پیا دەکات!



Scanned with Can

کاتێ ئێمە لەنێو زگی دایکماندا بووین، خوای گەورە هەموو شتێکی لەسەر نووسین، تەمەنمان چەندە دەبێت... ڕزق و ڕۆزیمان چەندە دەبێت و چۆن دەبێت... دەی دڵنیا بن هیچ کەسێک پێش تەواوکردنی وادەی تەمەنی خۆی نامرێ... هیچ کەسێک پێش وەرگرتنی ڕزق و ڕۆزیی دیاریکراوی خۆی، نامرێت!

وەرن با سەیرێکی ئەم سەر زەوییە بکەین و بزانین چەندە شەڕ و ئاژاوە و جەنگی تێدا بەرپا بووە؟ زۆربەمان بە چاوی خۆمان کەسانێکی وامان دیوە کە لە دەیان جەنگدا بەشداری کردووە و هێشتا ماوە! سەدان جار بەر تیر و دەسرێژ و بۆمبباران دراوە، کەچی لە هەموویان خەلسیوە و ڕزگاری بووە... کەچی لەولاشەوە سەدان منداڵی شیرەخۆر تیاچووە و کوژراوە...

یەکەمیان خوای گەورە ڕزگاری کردووە بۆ ئەوەی بگات بە تەمەنی پیری، چونکە خوای گەورە نووسیویەتی: دەبێ فلانە کەس بگا بە تەمەنی پیری... ئیتر خۆشیمان بێت، یان ترشی، دونیا کشومات بێت، یان شەڕ و هەرا و جەنگ و ئاژاوە، ئەو هەر بە تەمەنی دیاریکراو دەگات...

دووەمیشیان خوای گەورە لەسەری نووسیوە کە بە منداڵی بمرێت... ئیتر هەر بە منداڵی نەک بەر تیر و بۆمباران و شاڵاوی دوژمن کەوتبێت، بەڵکوو زۆرجار لە هێمنترین و خۆشترین و هێورترین شوێن کە باوەشی دایکە، مردووە! دەی ئیتر دڵنیابن هیچ کەسێک چرکەیەک پێش وادەی دیاریکراو نامرێ... هیچ کەسێکیش چرکەیەک زیاتر لە وادەی دیاریکراو ناژی!

ئەو ترسەی کە تووشی هەرکەسێک لە ئێمە دەبێت، ئەوە شتێکی ئاساییە و پەیوەندی بە لاوازی بیروباوەڕەوە نییە، ئێمە بۆیە دەترسین، چونکە مرۆڤین! مسوڵمانیش هەرچەندە دیندار و



Scanned with Cam

پەیڕوا بێت هەر مرۆڤە، لەتاو گیانی خۆی تووشی ترس دەبێت... لەتاو گیانی خۆشەویستان و کەسوکاری تووشی ترس دەبێت، بەلام دەبێت ئەم ترسە بە ڕازیبوون بە قەزاوقەدەری خوای گەورە سواغ بدات... تالایی ترس بە شیرینی بیروباوەڕ دابپۆشێ... دەی ئیتر بەهۆی قسەی خەڵک و دەنگۆ و درۆودەلەسەی ڕاگەیاندنەوە مەترسێن... بە ترسولەرز دیوارێک بۆ خۆتان دروست مەکەن و خۆتانی تێدا زیندانی مەکەن... خۆ ترس ئێش و ئازاری سبەی کەم ناکاتەوە، بەڵکوو ئەوەی ترس لە دەستی دێت، هەر ئەوەیە ئەو ساتەوەختانەت لێ تاڵ دەکات کە تێیدا تووشی ترس بوویت!

مسوڵمان تووشی هەر ناخۆشییەک بێت، بەو مەرجەی بە بەشی خوای گەورە ڕازی بێت، بێگومان لە پاشەڕۆژدا پاداشتی پێ دەدرێتەوە... تەنانەت ئەگەر دڕکێک بچێت بە قاچیدا لە پەسلاندا پاداشتی لەسەر وەردەگرێتەوە... یەکێک لە سۆز و بەزەییە هەرە گەورەکانی خوای گەورە ئەوەیە کە زۆرجار هەر لە دونیادا بەندە بڕوادارەکانی خۆی پاکوخاوێن دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بە پاکوخاوێنی بۆ لای ئەو بگەڕێنەوە!

ئەو نەخۆشیینانەی کە کوشندە و بەربلاون کافر و مسوڵمان دەپێچێتەوە... تاوانبار و بێتاوان لەگەڵ خۆی دەبات... چاک و خراپ لوول دەدات... ئەوەتا ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح کە بە ئەمینی ئەم ئوممەتە بەناوبانگە، لە تاعونی عەمواسدا تووشی پەتای تاعون دەبێت و وەفات دەکات! لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ دڵنیابین و بزانین کە خەڵکی هەموو لە هۆکاری مردندا هاوبەشن، بەلام چارەنووس و ڕێگای کافر لە کوێ و چارەنووس و ڕێگای مسوڵمان لە کوێ؟



Scanned with Cam

مردن خاڵی کۆتایی نییە، بەڵکوو سەرەتای ژیانێکی جیاوازە... ژیانێکی وا کە ئەم ژیانە لە چاو ئەودا خەون و خەیاڵ بووە...

لەگەڵ بڕوابوون بە هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد، دەبێ ئەوەش بڵێین کە خۆپاراستن کارێکی پێویستە و دەبێت مرۆڤ خۆی بپارێزێت و بە قسەی پزیشک و دوکتۆر بکات، بۆ ئەوەی نە زیان بە خۆی بگەیەنێ، نە زیان بە ماڵ و منداڵ بگەیەنێت... ڕووبەڕوو ڕۆیشتنی ئەو شوێن و نەخۆشی و پەتا و شتانەی کە کوشندەن، کاری مسوڵمان نییە... هیچ پەیوەندییەکی بە پشتبەستن بە خودا و تەوەکولەوە نییە... بە پێچەوانەوە بەشێکە لە نەزانی و گەمژەیی و خراپتێگەیشتن لە ئایین!

خوای گەورە ئێمە و ئێوە و هەموو مسوڵمانان بپارێزێت...



Scanned with Can



# پارچەیەك ئاگر!

جوانترین شت کە لە چیرۆکی پێغەمبەراندا هەستی پێ دەکەین ئەوەیە کە بۆمان دەردەکەوێت ئەوانیش وەک ئێمە مرۆڤ بوون! خوای گەورە دەیەوێ فێرمان بکات کە بیروباوەڕ دژایەتی لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا ناکات، بەڵکوو پاکوخاوێنی دەکاتەوە... شاوەت و حەز و ئارەزووی مرۆڤ پێشێل ناکات و لەناوی نابات، بەڵکوو ئامۆژگاری دەکات و دەیخاتە نێو چوارچێوەی قانوونەوە!

کاتێک حەزرەتی نوح دەیبینێت کوڕەکەی خەریکە دەخنکێت، سۆزی باوکایەتی جوولا و داوای کرد لە خوای گەورە کوڕەکەی ڕزگار بکات، بەڵام دوای ئەوەی خوای گەورە نەهی لێ کرد، ئیتر ئەویش جارێکی تر باسی کوڕەکەی نەکردەوە!

کاتێ حەزرەتی موسا لە جادووی جادووگەرەکان ترسا، خۆ لەبەر کەمی بیروباوەڕ و متمانەنەبوون بە خوای گەورە نەترسا، بەڵکوو مرۆڤ بوو بۆیە ترسا!

کاتێ لە کێوی طور هاتەوە و لە گەلەکەی تووڕە بوو، ئەو تەنلانەی فڕێ دا کە تەوراتیان لەسەر نووسرابوو، لە لاوازی بیروباوەڕ و ئیمانەوە نەبوو، بەڵکوو ئەویش وەک هەموو مرۆڤێکی تر مرۆڤ بوو... جاری وا هەیە مرۆڤ هێندە تووڕە دەبێت کە ئاگای لە خۆی نامێنێ و نازانێت چی دەکات و چی دەڵێت!



Scanned with Cam

پێغەمبەری خوداش(ﷺ) وەک پێغەمبەرانی تر مرۆڤ بوو... هیچ کاتێکیش شەرمی لە مرۆڤبوونی خۆی نەکردووە، چونکە مرۆڤبوون ناتەواوی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە پەرجوو و موعجیزەکان لێرەوە سەرچاوە دەگرن... دروستکراوێکی خوا مرۆڤ بێت، وەک هەمووان هەست و نەستی هەبێت، خەم و خەفەت و شادی هەبێت، کەچی بتوانی ئەم دونیایە بە جۆرێک بگۆڕێت کە بۆ هەتا هەتایە ئەو گۆڕانە نەک تیابچێت، بەڵکوو هەموو سەدەیەک بە جۆرێک نوێ ببێتەوە!

جارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی منیش مرۆڤم! ئێوە کێشەی خۆتان دێنن بۆ لای من، لەوانەیە یەکێکتان بەڵگە و قسەی بەهێزتر بێت لەوی تر، منیش بە گوێرەی قسە و بەڵگە بڕیار دەدەم، جا بڕیارم بۆ هەرکەسێک دا و مافی براکەی خوارد، ئەوە پارچە ئاگرێکم بۆ بڕیار داوە، ئیتر کەیفی خۆیەتی، یان ئەو ئاگرە وەربگرێ، یان وازی لێبێنێت.

لەوانەیە یەکێک لەوانەی کە کێشەیان هەیە زمانی لووس بێت... ئەوی تر کە خاوەن مافە، زمانکوڵ و لەنگ بێت و نەتوانی دوو قسەی ڕەپ و ڕاست بکات... نەتوانێ بە تەواوی داوای مافی خۆی بکات... بۆیە دادوەر بڕیار دەدا کە مافەکە بۆ ئەو کەسەیە کە بەڵگە و قسەی بەهێزە... ئیتر خۆ دادوەری داماو لەنێو دڵی هیچیاندا نییە... نازانێت کێ لەسەر هەقە و ڕاستە، ئەو بە گوێرەی قسەی ئەوان بڕیار دەدات... دەی ئێوە خۆتان بڵێن: بە بڕیاری دادوەر حەرام حەلال دەبێت؟

نا بە خوا! لە کاتێکدا بڕیاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ کەسێکی لەو جۆرە حەرام حەلال نەکات، ئەی بڕیاری دادوەری داماو چۆن حەلالی دەکات؟



Scanned with Cam

یەکێک لە کێشەکانی ئەمڕۆ ئەوەیە خەلکی بەدوای حەلالدا دەگەڕێت، بەلام خۆی لە حەرامیش ناپارێزێت... لە پێشوودا مسولمانە پاکەکان بڕوایان وابوو دینداری و لەخواترسان ئەوەندەی لە خۆپارێزی لە حەرامدا دەست دەکەوێت، ئەوەندە لە پەیداکردنی حەلالدا دەست ناکەوێت!

مالیکی کوڕی دینار فەرموویەتی: ئەگەر کەسێک واز لە دیرهەمێکی حەرام بێنێ، لەوە باشتر و خێرترە کە سەد هەزار دیرهەمی حەلال بکات بە خێر...

مرۆڤی چاک و مرۆڤی خراپ، مرۆڤی لەخواترس و مرۆڤی لەخوانەترس، هەموویان ئەگەر حەلالیان دەست بکەوێت دەیانەوێت، بەلام تەنیا ئەو کەسانە خۆیان لە حەرام دەپارێزن، کە باوەڕدارن و لەخواترسن!

جاری وا هەیە ئافرەتێکی سەماکەر لەسەر شاشەی تیڤیدا دەلێت: من بڕوام بە خوا هەیە و حەج و تەنانەت عەمرەش دەکەم! لەوانەیە درۆش نەکات و بڕوای بە خوا هەبێت و حەج و عەمرەش بکات، بەلام ئەو داماوە نازانێت وازهێنان لە سەما و لە ڕاندنەوەی ناوقەد و خۆپیشاندانەدان بە کەس و ناکەس زۆر لەوە باشترە حەج و عەمرە بکات!

لەوانەیە بازرگانێکی سووخۆر و خیانەتکار، بەخێوکردنی چەند منداڵێکی هەتیو لە ئەستۆ بگرێت، ئەوە بێگومان کارێکی باشە، بەلام لەوە باشتر ئەوەیە واز لە سووخۆری بهێنێت، واز لە خیانەت بهێنێت، واز لە خواردنی مالی خەلکی بە ناڕەوا بێنێت... خوای گەورە پاکە و هەر شتێک پاک نەبێت وەریناگرێ و نایەوێ...

بەڵێ... لەوانەیە خاوەنی مەیخانەیەک، بێت بە خەیاڵیدا مزگەوتێک دروست بکات، بەڵام ئەوەندەی داخستنی مەیخانەکەی خێرە، ئەوەندە دروستکردنی مزگەوتەکە خێر نییە...

بەڵێ... لەوانەیە تلیاکفرۆشێک خوانێکی بەربانگ بۆ شارێک ساز بکات، بەڵام وازهێنان لە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە، زۆر لە سازادنی نانخواردنێک بۆ بەربانگ، خێرتر و باشترە...

بیروباوەڕی گەورە و مەزن و لەخواترسانی گەورە ئەوە نییە مرۆڤ کاری چاکە بکات -هەرچەند چاکە هەر چاکە و خێری هەیە- بەڵام ئەوەیە کە واز لە تاوان بهێنێت!



Scanned with Cam



# ئەمە لەجیاتی جاری پێشوو!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەرکاتێک بیویستایە سەفەرێک بکات، لەنێوان خێزانەکانیدا تیروپشکی دەکرد و ناوی هەرکەسێکیان دەرچووبا ئەوەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆ سەفەر...

ئەو کارە کارێکی زۆر جوانە و دادپەروەرییەکی بێوێنەیە... هەر خێزانێکی ناوی دەرچووبا سەرتاپا غەرقی شادی دەبوو... ئەو کەسەش کە ناوی دەرنەچووبا نە سەرکۆنەی پێغەمبەری(ﷺ) دەکرد، نە سەرکۆنەی هیچ کەسێکی تر! بیریشی لەوە نەدەکردەوە بڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) هەوێکەمی لە من زیاتر خۆش دەوێ!

جارێک لە جاران ناوی دایە عایشە دەرچوو... ئەو دەمە لە تەمەندا ژنێکی تەواو پێگەیشتوو نەبوو، بەڵکوو هێشتا منداڵی پێوە دیاربوو... پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی کرد کە سوپاکە لە پێشەوە بڕوات... بۆ سبەینێ پێغەمبەر(ﷺ) و دایە عایشە دوو بە دوو بوون... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: وەرە با پێشبڕکێیەک بکەین!

پێشبڕکێ کرا... دایە عایشە بردیەوە! دوایی پێغەمبەر(ﷺ) و دایە عایشە خۆیان گەیاندەوە بە خەڵکی... دواتر بەرەو شاری مەدینە گەڕانەوە...

ڕۆژگار تێپەڕی... دایە عایشە بە تەمەن گەورە بوو... کێشی زیادی کرد و لە جاران قەڵەوتر بوو... دیسان سەفەرێک هاتە پێشەوە... پێغەمبەر(ﷺ) وەک هەموو جاران تیروپشکی کرد... ناوی



Scanned with Can

دایە عایشە دەرچوو... لەو سەفەرەش دایە عایشە بوو بە هاوڕێ و هاوسەفەری پێغەمبەری خوا(ﷺ)... دوایی لە کاتی گەڕانەوەدا پێغەمبەر(ﷺ) بە خەلکەکەی فەرموو: ئێوە لە پێشەوە بڕۆن!

خەلکی پێش کەوتن... دوای ئەوەی خۆی و دایە عایشە بە تەنیا مانەوە، فەرمووی: دەی یەڵلا با پێشبڕکێ بکەین!

پێشبڕکێ کرا... ئەمجارە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بردیەوە... پێغەمبەر(ﷺ) دەستی کرد بە پێکەنین و فەرمووی: ئەمە لەجیاتی ئەوجارەکە!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەرکی ئەوەی لەسەر بوو کە بانگەواز بدا بە گوێ مرۆڤایەتیدا و داوەتیان بکا بۆ یەکتاپەرستی... سەرۆکی دەوڵەت و حکومەت بوو... سوپای دەجووڵاند... سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی دەکرد... نامەی بۆ پادشاکان دەنارد... کاروباری خەلکی بەڕێوە دەبرد... هەموو ئەوانە کارێکی وایان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەکرد کە ئاگای لە ماڵ و منداڵی خۆی نەمێنێ... ئەو هێندە بەسۆز و نەرمونیان بوو کە لە دەشتودەردا پێشبڕکێی لەگەڵ ژنی خۆیدا دەکرد... ئەگەر کەسێکی نەناس ئەوی دیبا لە دڵی خۆیدا دەیگوت: دیارە ئەم پیاوە هیچ ئەرکێکی لەسەر شان نییە و ئەوەی پێی بڵێی خەم و خەفەت نییەتی!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەو کارەی بە هەمووانی ڕاگەیاند کە پارسەنگی ژیان ڕابگرن... کاروباری ڕۆژانە کارێکتان پێ نەکات واز لە خواپەرستی بێنن! خواپەرستیش کارێکتان پێ نەکات واز لە کاروباری دونیا بێنن و خەڵک بەخێوتان بکات... پیاو هێندە ژن زەلیل نەبێت واز لە هەموو شتێ بێنێت، هێندەش لە ژن دوور نەکەوێتەوە هەر خەریکی دونیا و دونیاپەرستی بێت!



Scanned with Can

یەکێک لە کێشەکانی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەیە کە شتێک ئێمە دەدزێ و ئیتر ئاگامان لە کاروبارەکانی تر نامێنێ!

کاکی بازرگان بەیانی تا ئێوارە هەر خەریکی کڕین و فرۆشتن و بەڵێندان و واژووکردنە... ئێوارە کە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ، دوای نانخواردن قەڵەم کاغەز و حاسیبە دێنێ و تا کاتی خەوتن هەر خەریکی کۆکردنەوە و دابەشکردنە... بە دەستێک خەریکی نووسینەوەی قەرزوقۆڵەیە و بە دەستێک مۆبایلەکەی گرتووە بە دەستەوە و قسە لەگەڵ ئەم و ئەو دەکات!

ئیتر ژنی داماو وا هەست ناکات مێردێکی هەیە! ئەوەندەی ژن مێردی دەوێ، ئەوەندە سەروەت و سامان و ماڵی دونیای ناوێ! نە منداڵەکانیش هەست بەوە دەکەن باوکێک و پشتوپەنایەکیان هەیە!

کاکی بازرگان وادەزانێت سەروەت و سامان و ماڵی جوان و دەفرودۆڵەی گرانبەها و ڕەنگاوڕەنگ و سەیارەی ئاخر مۆدێل هەموو شتێکە و جێگەی باوک و مێرد دەگرنەوە! کەچی لە ڕاستیدا ژن و منداڵەکان مێرد و باوکیان نییە، بەڵکوو کەسێکیان هەیە کە وەکو کەفیلێک پارە و پێداویستییان بۆ دابین بکات! دەی بار بە خوا پێویست ناکا مرۆڤ خۆی بمرێنێ بۆ ئەوەی ببێ بە کەفیل... پێویست ناکات هەر بە لاشە لە لای ژن و منداڵ بێت و بە دڵ لە شوێنێکی تر!

خۆ کڕینی دەفرودۆڵەی گرانبەها و دابینکردنی پێداویستی ماڵ، نەک کارێکی خراپە، بەڵکوو زۆریش باشە، بەڵام مرۆڤ لە سەروەت و سامان و ماڵ گرنگترە...

کاکی خوێنەر ئەگەر شەو دەست بداتە کتێبێک و بیخوێنێتەوە و ژنەکەیشی لەولاوە هەر چاوەڕێ بێت واز لە خوێندنەوە بێنێ و



Scanned with Cam

دوو قسەی خۆشی لەگەڵدا بکا و پێی بڵێ: ئەمڕۆ چیت کرد و چیت نەکرد؟ ئەوە کەی کارێکی باشە؟ ڕاستە خوێندنەوە کارێکی گرنگ و زۆر باشە، ڕۆشنبیربوون گرنگە، بەڵام دەبێ خوێندەوەکانت لەسەر حیسابی خۆت بێت، نەک لەسەر حیسابی ژنەکەت!

کاکی وەرزشدۆست هەموو شەوێک تا نزیک بانگی بەیانی لە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانی دەمێنێتەوە... دەیەوێ وەک شەوانی زگوردی لێبخورێت!ماڵی لێ بووە بە قەفەس... وا دەزانێت لە زینداندا دەژی! وا دەزانێ ئازادی ئەو ئەوەیە لە ماڵ بچێتە دەرەوە... ئەوە کەی مێردایەتی و پیاوەتی ئاوایە؟ ڕاستە پێویستە هەموو کەسێک بەشی خۆی هاوڕێی هەبێ و گرنگی بە وەرزشیش بدات، بەڵام نابێ لەبەر هاوڕێکانی کارێکی وا بکات ژنەکەی لە بیر بچێتەوە!

تا دەتوانی خەریکی بازرگانییە... تا دەتوانی بخوێنەوە... تا دەتوانی وەرزش بکە و تێکەڵاوی هاوڕێکانت بکە، بەڵام ئەوەت لە بیر نەچێت کە ژن و منداڵیشت هەیە... ئەوەت لە بیر نەچێت نابێ لەسەر حیسابی ئەوان ماف بە بازرگانی و خوێندنەوە و وەرزش بدەی!

دادەکەم! تۆش گرنگی بە خۆت بدە... ماڵەکەت پاکوخاوێن بکەرەوە، بەڵام گرنگیبەخۆدان و ماڵ خاوێنکردنەوە مەکە بە مێرد و هاوسەری خۆت! ئەگەر هەر خەریکی ماڵ و دەفرودۆڵە بیت، ئەوە ئەو شتانە دەبن بە بت و تۆش دەبی بە بتپەرست!



Scanned with Cam



## تەماشای ئەوانەی خوار خۆتان بکەن!

یەکێک لە کێشەکانی ئێمە ئەوەیە کە چاومان برسییە... ئەوەندەی ئەو ناز و نیعمەتانە دەژمێرین کە نیمانە، ئەوەندە لەسەر ئەوانەی کە هەمانە سوپاسی خوا ناکەین! ئەوەندی چاومان لە ناز و نیعمەتی خەڵکە، ئەوەندە چاومان لەو ناز و نیعمەتانە نییە کە خۆمان هەمانە... ئیتر بیر لەوە ناکەینەوە کە سەیرکردنی ناز و نیعمەتی خەڵکی، تام و چێژی ئەوانەی خۆشمان دەبات!

بەڵێ... چاوبرسێتی دەردێکی کوشندەیە... پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیەویست ئێمە نەخۆش نەبین... هەر ئەو کاتە دەرمانی بۆ دیاری کردین... فەرمووی: تەماشای ئەوانەی خوار خۆتان بکەن و تەماشای ئەوانە مەکەن کە لە پلە و پایەدا لە سەرەوەی ئێوەدان، ئەوە باشترە بۆ ئێوە، بۆ ئەوەی ناز و نیعمەتەکانی خوا بە بێنرخ نەزانن.

پێش ئەوەی تەماشای کەسێک بکەی کە سەیارەی رانجرۆڤەر، یان لیکزسی هەیە، تەماشای ئەوانە بکە کە پێیان پەتییە... پێش ئەوەی سەیری ئەو کەسانە بکەی کە خاوەنی ڤیلان، سەیری ئەوانە بکە کە لە کاتی سەرمای زستاندا و لە کاتی گەرمای هاویندا لەنێو چادر و خێمەدا دەژین!



Scanned with Cam

پێش ئەوەی سەیری سەروەت و سامانی دەوڵەمەند و زەنگینێک بکەن، سەیری ناوڵەپی هەژارێک بکەن کە خەریکی سواڵە و دینارێکی نییە!

برای من! تۆ تەنیا بەشێکی کەمی وێنەکە دەبینی... تۆ تەنیا ئەو شتانە دەبینی کە ئەو خەڵکە هەیەتی... ئیتر ئەوە نابینی کە لێی بێبەشن...

تۆ چووزانی، بەڵکوو ئەو کەسەی کە سەروەت و سامانێکی زۆری هەیە، شتی وای لە دەست دابێت کە بە پارە و سەروەت و سامان بە دەست نەیەت! تۆ چووزانی، لەوانەیە ئەو کەسە دایکی لە دەست دابێت... لەوانەیە خۆشەویستێکی لە دەست دابێت... لەوانەیە تووشی نەخۆشییەکی وا بووبێت کە بە پارە چارەسەر نەکرێ! لەوانەیە ئەو پێی خۆشبێت یەک عانەی نەبووایە، بەڵام دایکی هەبووایە، بەڵام نەخۆش نەبووایە، بەڵام خۆشەویستەکەی نەمردایە!

دادەی خۆم! تۆ چووزانی حەڵی ئەو ژنە چۆنە کە مێردەکەی زوو زوو دەبیاتە دەرەوە و پیاسەی دەرودەشتی پێ دەکات... کێ دەڵێ ئەو ژنە نەخۆشی دەروونی نییە؟ کێ دەڵێ ئۆجاخکوێر نەبێت و بە مەبەستی دڵدانەوەی نەیبەنە دەرەوە؟ کێ دەڵێ ئەو ئاواتی هەرە گەورەی ئەوە نەبێت لە ماڵدا بمێنێتەوە و دەرەوە نەبینێت، بەڵام بە مەرجێک لە ماڵدا منداڵێکی هەبێ و بانگی بکات و پێی بڵێ: دایە! دایە!

تۆ چووزانی، کێ دەڵێ ئەو کەسەی کە کارێکی باشی بە دەستە، بە هەژاری و هەتیوی و قوڕبەسەری و بێکەسی گەورە نەبووبێت و ئاواتی ئەوەی نەبێ لەجیاتی ئەو سەروەت و سامانە دوو خزم و کەسوکاری هەبا؟

دادەکەم! تو چووزانی، کێ دەڵێ ئەو ژنەی کە قەڵەو نییە و ناوقەدی باریکە، نەخۆش نەبێ و تووشی شەکرە نەبووبێت؟



Scanned with Can

شتەکان زۆرجار بەو جۆرە نین کە ئێمە دەیانبینین، یان بیریان لێ دەکەینەوە!

بەسە ئیتر سەیری دەستی ئەم و ئەو مەکەن! تەماشای دەستی خۆتان بکەن! ڕوانین بۆ شتی خەڵکی مانای چاوبرسێتی و ئیرەیی دەدات... هەرکەسێک چاوبرسی و ئیرەبەر بێت، نەخۆشە! جگە لەوەش مامەڵەکردنە لەگەڵ خوای گەورە بە مامەڵەیەکی نەشیاو و خراپ، چونکە بۆنی ڕەخنەگرتنی لێ دێ لە کارەکانی خوای گەورە!



Scanned with Can

# خۆزگە نهێنییەکەت بپارێزایە!

دەگێڕنەوە دەڵێن: لە سەردەمی حەزرەتی موسادا وشکەسالییەک ڕوویدا... حەزرەتی موسا گەلەکەی هان دا بۆ ئەوەی تەوبە و داوای لێبووردن لە خوای گەورە بکەن... دوایی حەزرەتی موسا هەمووانی بردە دەرەوە بۆ ئەوەی نوێژەبارانە بکەن... حەزرەتی موسا فەرمووی: هەر کەسێک تەوبەی نەکردووە بەشداری نوێژەکە نەکات... نوێژ کرا، بەڵام باران نەباری... حەزرەتی موسا لە خوای گەورەی پرسی: بۆچی نوێژمان کرد، بەڵام باران نەباری؟

خوای گەورە بە حەزرەتی موسای فەرموو: پیاوێکی گوناهبار لەگەڵ ئێوەدا نوێژی کرد و تەوبەی نەکردووە!

حەزرەتی موسا داوای کرد لە خەڵکەکە و فەرمووی: هەر کەسێک تەوبەی نەکردووە با بچێتە دەرەوە، ئەوەتا لەبەر کەسێک بارانمان بۆ نابارێت!

کەس نەڕۆیشتە دەرەوە و دوای کەمێک باران باری! حەزرەتی موسا لە خوای گەورەی پرسی و فەرمووی: خوایە خۆ کابرای تاوانبار نەڕۆیشتە دەرەوە و بارانیش باری!

خوای گەورە فەرمووی: ئاخر ئەو پیاوە لەنێوان خۆی و مندا تەوبەی کرد و داوای لێبووردنی لە من کرد!

حەزرەتی موسا فەرمووی: ئەو پیاوە کێیە و ناوی چییە؟



Scanned with Can

خوای گەورە فەرمووی: ئەی موسا! ئەو پیاوە چل ساڵە تاوان دەکات من ناوم نەزڕاندووە، ئێستا تەوبەی کردووە چۆن ناوی دەزڕێنم؟

کاتێک هاوەڵێک بە ناوی (ماعز) تووشی زینا بوو، پەشیمان بوویەوە و ڕۆیشت بۆ لای هاوڕێیەکی خۆی بە ناوی (هوزال) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە... هوزال ئامۆژگاری نەکرد، هانی نەدا بۆ ئەوەی تەوبە بکات، بەڵکوو پێی وت: بڕۆ بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بۆی بگێڕەوە!

ماعز ڕۆیشتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) دانی بە تاوانەکەی خۆیدا نا... پێغەمبەری خوا(ﷺ) فرمانی بەردبارانکردنی دەرکرد، چونکە هەر کاتێک کار گەیشتە لای پێشەوا و دەسەلاتدار، ئیتر بواری لێخۆشبوون نامێنێ و دەبێ سزا بدرێ...

دوایی پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەیشت بە هوزال و پێی فەرموو: ئەگەر نهێنییەکەت پاراستبا و باست نەکردایە، ئەوە باشتر بوو!

بەڵێ... ئایینی ئیسلام سنووری دیار کردووە و تۆڵەی بەرامبەر تاوان داناوە... هەموو چین و توێژەکانی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش، هەر چینێک قانوون و یاسای تایبەت بە خۆیان هەبووە و قانوون و یاسای چینێک لە چینێکی تر جیاواز بووە... ئایینی ئیسلام هانی شوێنکەوتەکانی داوە لە کاتی تاواندا فوو نەکەن بە فیقنەدا و تاوانەکەی خۆیان داپۆشن و لای کەسدا باسی نەکەن! مادەم خوای گەورە تاوانی کەسێکی داپۆشیوە، دەبێ ئێمەی مرۆڤیش دایپۆشین و باسی نەکەین...



Scanned with Can

باشتر وایە کاکی تاوانبار نەڕوات بۆ دادگا و داوای ئەوە نەکات تۆڵەی لێ بکەنەوە... بۆیە زانایان فەرموویانە؛ چاک وایە مسوڵمان تەوبە بکات و لە خوا بپاڕێتەوە لێی خۆشبێت، نەک داوای ئەوە بکات سزای بە سەردا بسەپێنن!

بەڵێ... شاردنەی تاوان یەکێکە لە مەبەستە سەرەتاییەکانی ئایینی ئیسلام... دەبێ هەموو تاکێک هەم تاوانی خۆی و هەم تاوانی کەسانی تریش داپۆشێ و باسیان نەکات... نەفسی مرۆڤ وا هانی خاوەنەکەی دەدات، کە عەیبەکانی خۆی بشارێتەوە و باسی عەیبەی خەڵکی بکات...

هەر کەسێک بەدوای عەیبوعاری خەڵکیدا بگەڕێ، خوای گەورە عەیبوعارەکانی ئەو کەسە دەردەخات، چونکە پاداشت و تۆڵە لە ڕەنگی کار و کردەوەیە...

ئێمە هەموومان بەشی خۆمان تاوانمان هەیە، خۆ ئەگەر خوای گەورە پەردە لەسەر تاوانەکانمان لابدات، لەوانەیە کەسمان ڕووی چوونەدەرەوەمان نەمێنێ!

جوانترین کار و کردەوە ئەوەیە مرۆڤ بزانێ خوای گەورە ج کار و کردەوەیەکی پێخۆشە، ئەوە ئەنجام بدات...

خوای گەورە پێی خۆشە خەڵکی تاوانی یەکتر داپۆشن و باسی عەیبوعاری یەکتر نەکەن...

ئەگەر تاونی کەسێکت بینی یان بیستت، پشتگوێی بخە و باسی مەکە، چونکە تۆش تاوانت هەیە و خەڵکیش زمانیان هەیە!

دەی پەردەی خۆت بە باسنەکردنی خەڵکی بکرە!



Scanned with Can



# خوای گەورە
# مرۆڤی نەناسراوی خۆش دەوێ!

سائیبی کوڕی ئەقرەع لە جەنگی نەهاوەند گەڕایەوە و دانە دانە ناوی کوژراوە ناسراوەکانی بۆ حەزرەتی عومەر هەڵدا، دوایی گوتی: قوربان هەندێک کەسی تریش کوژراون کە بەناوبانگ نین و جەنابت نایانناسی!

حەزرەتی عومەر دەستی کرد بە گریان و فەرمووی: جا چ زەرەرێک دەکەن کە عومەر نەیانناسێ؟ خۆ خوای گەورە دەیانناسێ!

پێشەوا (الذهبي) لە کتێبی (سير أعلام النبلاء)دا دەفەرموێت: سوپاکەی هارونەڕەشید هەزار سەربازی تیابوو کە ناویان لە لیستی سەربازەکانی سوپادا تۆمار نەکرابوو، مووچەیان نەبوو، بۆ ئەوەی خوا نەبێت کەس نەیانناسێ!

مەبەستی ئەم باسە ئەوەیە کە کاتێک حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص لە بیابان و دەرودەشت بوو، خەریکی لەوەڕاندنی وشترەکانی بوو... کوڕەکەی ڕۆیشت بۆ لای، هەر لە دوورەوە چاوی بە کوڕەکەی کەوت وتی: خوایە پەنات پێ دەکرم لە خراپەی ئەم سوارە!

وادیارە سەعد ئەوەندە بەرچاوی ڕوون بووە دڵی خەبەری داوە کە کوڕەکەی هەواڵێکی ناخۆشی پێیە...



Scanned with Cam

دوای ئەوەی کوڕەکەی گەیشتە لای باوکی، بە سەعدی گوت: تۆ بوویتە شوانی وشترەکانی خۆت و خەڵکیش لەسەر ماڵ و موڵک شەڕیانە...

سەعد گوتی: بێدەنگ بە! من خۆم گوێم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو کە دەیفەرموو: خوای گەورە بەندە لەخواترسە دەوڵەمەندە شاراوە و نادیارەکانی خۆی خۆش دەوێت!

جا بەندەی نادیار و شاراوە ئەو کەسانەن کە چاکەکانی خۆیان پەنهان دەکەن و لای کەسدا باسی ناکەن، وەک چۆن من و تۆ لای کەسدا باسی خراپەی خۆمان ناکەین، ئەوانیش ئاوا چاکەی خۆیان دەشارنەوە و باسی ناکەن! هەگبەیەکی پڕ لە چاکە لەنێوان ئەو بەندانە و خوای گەورەدایە، تەنیا خوای گەورە دەزانێت چەندێ چاکەی تێدایە.

بێگومان پێویست ناکات هەموو کەسێک بزانێ تۆ چەندێ خێر دەکەی... ڕیا و بەچاوێنەیی سەبارەت بە خێر و چاداشت ڕێک وەک سرکە وایە بۆ هەنگوین... هەنگوینی چاک و ئەسڵی هەرچەندێک کۆن بێت تێک ناچێ، بەڵام هەر سرکەی بەرکەوت یەکسەر تێکدەچێ... چاکەش هەتا بمێنێتەوە هەر زیاد دەکات و خوای گەورە پیت و بەرکەتی تێدەخات، بەڵام کە ڕیپای بەرکەوت یەکسەر تێکی دەدات و خراپی دەکات... خۆ ئەگەر کاکی خێرخواز باسی خێر و چاکەکانی خۆی کرد و لە دڵیشەوە مەبەستی ڕیا نەبوو، هەر کارێکی چاکی نەکردووە، چونکە لەوانەیە دڵی ئەو کەسە بریندار ببێت کە خێرەکەی پێ کراوە... جا دڵڕاگرتنی خەڵک و پاراستنی شکۆ و ڕێزی خەڵک لە پێشترە تا خێرکردن پێیان!

پێویست ناکات دەفتەرێک بێنی و هەرچی خێر و چاکەت کردووە هەمووی تیا بنووسیتەوە، ئەوە کاری تۆ نییە، خوای گەورە فریشتەی تایبەت بەو کارەی هەیە و هیچی لێ ون نابێت و هەمووی دەنووسرێتەوە و لە پەسلاندا بەبێ ئەوەی سەرەدەرزییەکی لێ کەم بووبێتەوە، پاداشتی



Scanned with Cam

هەمووی وەردەگریتەوە، نەک هەر ئەوە، بگرە زیادیشی کردووە...
دەی ئیتر بە ئارخەیانی خێری خۆت بکە و لای کەسدا باسی مەکە...
بە فرمانی خوای گەورە هەموو خێر و خراپەیەک دەنووسرێتەوە و
وردە تاوانیش لە بیر ناکرێت... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَوُضِعَ
ٱلْكِتَٰبُ فَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَٰوَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ
صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾ ﴾ الكهف:
٤٩ واتە: نامەی کردەوەی هەر کەس دادەنرێت، (ئیمانداران دڵخۆشن)،
بەڵام تاوانباران دەبینیت دڵەلەرزێ و دڵەڕاوکێیانە لە کار و کردەوەی
ناپەسەندی تۆمارکراویان، بۆیە دەڵێن: هاوار لە ئێمە ئەم نامە و دۆسییە
چییە؟ هیچ گوناهێکی ورد و درشت بەجێ ناهێڵێت بەڵکوو هەمووی
تۆمار کردووە، ئەو خەڵکە هەرچیان کردووە (بە دەنگ و ڕەنگەوە)
ئامادەیە، بێگومان پەروەردگاری تۆ ستەم لە هیچ کەس ناکات.

ئەو نەخۆشینەت کە جگە لە خوا کەس پێی نازانێت، خێرێکی بۆ بکە کە جگە لە خوا کەس پێی نەزانێت...

ئەو خەم و خەفەتەی کە لەنێو دڵتایە و جگە لە خوا کەس پێی نازانێت، تەوبەیەکی بۆ بکە با جگە لە خوا کەس پێی نەزانێ!

ئەو دڵەڕاوکێیەی تووشت بووە و جگە لە خوا کەس پێی نازانێت، لە جەنگەی شەودا دوو ڕکات نوێژ بکە بە نیەتی ئەوەی لە کۆڵت بێتەوە، بەڵام با جگە لە خوا کەس پێی نەزانێت!

ئەو کەمبوونەوەی ڕزق و ڕۆزییەت کە جگە لە خوا کەس هەستی پێ ناکات، تەوبەیەکی پاک و چاکی بۆ بکە با تەنیا لەنێوان خۆت و خوای خۆتدا بێت!

ئەوەشت لە بیر بێت؛ جا چ زەرەرێک دەکەن کە عومەر نەیانناسێت؟ خۆ خوای گەورە دەیانناسێت!



# وەك چۆن ڕۆزی باڵندە دابین دەكات!

ساڵێک لە ساڵەکانی خەلافەتیدا، حەزرەتی عومەر حەجی کرد... چاوی بە هەندێک خەڵک کەوت بەبێ ئەوەی هیچ توێشوو و پێویستییەکی ڕێگاوبانیان پێبێت، هاتبوون بۆ حەج و لەوێ داوای شتیان لە خەڵکی دەکرد...

حەزرەتی عومەر لێی پرسین: ئێوە کێن؟

وتیان: ئێمە ئەوانەین کە تەوەکولمان بە خوا بەستووە... پشتمان بە خوا قایم کردووە!

حەزرەتی عومەر فەرمووی: نەخێر ئێوە پشتتان بە خوا نەبەستووە، پاڵتان لێداوەتەوە و بوونەتە بار بەسەر خەڵکەوە! کەسێک پشتی بە خوا بەستووە کە تۆو لە زەوییەکەیدا دەچێنێ و پشت بە خوا دەبەستێت!

زۆرێک لەو خەڵک بە هەڵە لە مانای تەوەکول تێگەیشتووە... وا دەزانن تەوەکول یانی ئەوە دەست لە هەموو کارێک بشۆیتەوە و هیچ نەکەی! ئیتر یان لە بیریان چووەتەوە، یان لە بیری خۆیان بردووەتەوە کە هۆکارەکانیش هەر خوای گەورە دایناوە و خوای گەورە بۆ پەیداکردنی بژێوی و بەڕێکردنی ژیان، ڕێوشوێنی تایبەتی بۆ بەندەکانی دیاری کردووە... دەبێ خەڵکی ئەو ڕێوشوێنە تایبەتیانە بگرنە بەر، پاشان پشت بە خوای گەورە ببەستن و دڵنیا



Scanned with Can

بێ کە ئەو هۆکارانە بەبێ فرمانی خوای گەورە نە سوودیان هەیە نە زیان!

بەڵێ ئێمە بڕوامان وایە کە تەنیا خوای گەورە شیفای نەخۆشان دەدات، بەڵام ئەگەر کەسێک نەخۆش کەوت و سەردانی پزیشکی نەکرد و چاوەڕێ بوو هەر خۆی لە خۆیەوە چاک ببێتەوە، ئەوە کەسێکی گێلە و لە مانای تەوەکول تێنەگەیشتووە!

بڕوامان وایە کە تەنیا خوای گەورە ڕزق و ڕۆزی بە دەستە، بەڵام کارنەکردن و پاڵدانەوە، تەمبەڵی و تەوەزلی و گەمژەیەتییە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە هەمووان زیاتر متمانەی بە خوای گەورە هەبوو، کەچی لە هەموانیش زیاتر دەستی بە هۆکارەکانەوە دەگرت... ئەوەتا لە کاتی کۆچکردنیدا بۆ مەدینە نەیفەرموو: من پێغەمبەری خوام و هەرچۆنێک و بەرەو هەرکوێ بڕۆم خوا دەربازم دەکات و پێویستم بە کەسێکی شارەزا نییە، بەڵکوو کەسێکی بە کرێ گرت تا ببێتە چاوساغ و ڕێگایان پێ نیشان بدات...

پێغەمبەر(ﷺ) چاک چاک و لە هەمووان باشتر دەیزانی تەمەن بە دەست خوای گەورەیە، بەڵام لە جەنگی ئوحوددا دوو زرێی پۆشیبوو، ئەوەش بۆ ئەوەی ئێمەومانان فێر بکات کە دەست بە هۆکارەکانەوە بگرین!

پێغەمبەر(ﷺ) باش باش دڵنیا بوو کە سەرکەوتن بە دەست خوایە، بەڵام کاتێک دەیویست هێرش بۆ سەر شوێنێک بکات، لە ڕێگایەکەوە بۆی دەچوو کە هیچ کەسێک گومانی بۆ ئەو ڕێگایە نەچێ، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بچنە نێو جەرگەی دوژمنەوە و بیانشکێنن!



Scanned with Cam

بەڵێ... پێغەمبەر(ﷺ) چاک دەیزانی کە مردن و ژیان تەنیا بە دەست خوای گەورەیە... ڕزق و ڕۆزی تەنیا بە دەست ئەوە... شیفا و نەخۆشی تەنیا بە دەست ئەوە... بەخشین و نەبەخشینیش تەنیا بە دەست ئەوە... ئەوەتا دەفەرموێت: «لَوْ أَنَّكُمْ تَوَكَّلُونَ عَلَى اللَّهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ، تَغْدُو خِمَاصًا وَتَرُوحُ بِطَانًا». رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ.

واتە: ئەگەر ئێوە بەڕاستی و بە توندی پشت بە خوای گەورە ببەستن، ئەوا خۆی ڕزق و ڕۆزی ئێوە دابین دەکات، ڕێک وەک چۆن ڕزق و ڕۆزی باڵندە دابین دەکات، بەیانیان بە زگی خاڵی دەردەچێت و ئێوارە بە زگی پڕەوە دەگەڕێتەوە.

لە بەرامبەریشدا فێرمان دەکات کە دونیا شوێنی دەستگرتنە بە هۆکارەکانەوە... خۆ باڵدار لە هێلانەکەیدا نامێنێتەوە و چاوەڕوانی ئەوەبێت لە ئاسمانەوە گەنمی بۆ بباریت، بەڵکوو بەیانی زوو لە هێلانەکەی دەردەچێ و بەدوای دان و خواردندا دەگەڕێت... هەر باڵدارێک ئەو شتەی بە نسیب دەبێت کە خوای گەورە بۆی دیاری کردووە... ئێوارە بە زگی تێرەوە دەگەڕێتەوە بۆ نێو هێلانەکەی خۆی!

هەندێک لە خەڵکی خراپ لەم بابەتە تێگەیشتوون، چاوەڕوانی موعجیزە و پەرجوو دەکەن، دەیانەوێ هیچ کارێک نەکەن و ئاتاجیش نەبن! کاکم دەم هەڵدەشەپێنێ و دەڵێت: باشە چۆن حەزرەتی موسا بە گۆچانەکەی دەریای کرد بە دوو کەرتەوە؟ چۆن حەزرەتی ئیبراهیم لە ئاگردا نەسووتا؟ چۆن حەزرەتی یونس لەنێو زگی نەهەنگدا هیچی بە سەردا نەهات؟ ئیتر ئەوەی لە بیر نییە کە ئەو زاتانە پێغەمبەر بوون و خاوەنی موعجیزە و پەرجوو بوون..



Scanned with Cam

خوای گەورە لەبەر ئەو پێغەمبەرانە کارە بە قانوون و سوننەتی داڕێژراوی خۆی نەکرد و ئەوانی ئاتاجی هۆکارەکان نەکرد! ئەوەش بۆ ئەوەیە ئێمە تێبگەین کە خوای گەورە بەندەکانی خۆی لە بیر ناکات و هەمیشە ئاگاداریانە...

بۆ ئەوەی تێبگەین کە دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە بۆ مرۆڤە، نەک بۆ خوا! خۆ ئەگەر ئێستا کەسێک بڕوا و بە گۆچان لە دەریایەک بدا و بیەوێ بیکا بە دوو کەرتەوە، بێگومان خەڵک دەیدەنە بەر فیکە و بە شێتە شێتە شاربەدەری دەکەن!

ئەگەر کەسێک بیەوێ لاسایی حەزرەتی ئیبراهیم بکاتەوە و خۆی فڕێ بداتە نێو کڵپەی ئاگرەوە، دەبێ بە قەقنەس و مشتێک خۆڵەمێش زیاتر، هیچ لێ نامێنێتەوە!



Scanned with Cam



# داوای چیت لە خوا کردووە؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە شاری مەدینە سەردانی پیاوێکی نەخۆشی کرد... تەواو لاشەی پووکابوویەوە... کێشی تەواو کەم ببوو... هەمووان دەیانگوت: ئێستا یان کەمێکی تر دەمرێ!

پێغەمبەر(ﷺ) بەزەیی بە حاڵیدا هاتەوە و لێی پرسی: ئەوە تۆ داوای هیچت لە خوا کردووە؟

پیاوەکە وتی: بەڵێ... هەموو جارێک لێی دەپارامەوە و دەمگوت: خوایە سزاکانی قیامەتم بۆ بخەیتە دونیا...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: پاک و بێگەردی بۆ خوا! ئەوەتا بەرگەی ناگری... ئەی باشە بۆ نەتدەگوت: خوایە! لە دونیادا چاکەمان لەگەڵدا بکەیت و لە قیامەتیشدا هەر چاکەمان لەگەڵدا بکەیت و لە ئاگری دۆزەخیش بمانپارێزی؟

ئیتر پیاوەکە ئەو نزایەی دەکرد و دوای ماوەیەک چاک بوویەوە...

وەک گوتراوە: بەلا بەستراوە بە زمانەوە... زۆر جار خەڵک بە هەڵە لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە و نازانن چۆن داوای لێ بکەن... شتی وا بە مەرج دەگرن کە لەگەڵ سۆز و بەزەیی خوای گەورەدا ناگونجێ... خوای گەورە داواکانیان گیرا دەکات لەبەر ئەوەی بەڵکو تێبگەن و پەشیمان ببنەوە...



Scanned with CamScanner

ئەو هاوەڵە چونکە ئەوەندە مەبەستی بوو لە سزای قیامەت بە دوور بێت، هەموو جارێک لە خوا دەپاڕایەوە کە سزای قیامەتی بۆ پێش بخات و لە دونیادا سزای بدات... داواکەی هەڵە بوو... پاڕانەوەکەی لە جێی خۆی نەبوو، بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێنمایی کرد بۆ سەر داوا و پاڕانەوەی باش و ڕزگاری هەردوو دونیا...

زۆر جار منداڵێک نەخۆش دەکەوێت دایکی لەجیاتی ئەوەی لە خوا بپاڕێتەوە شیفای بۆ بنێرێ، دەڵێت خۆزگە من نەخۆش بکەوتمایە و تۆ نەخۆش نەکەوتیتایە! بێگومان ئەم دوعا و نزایە لە دڵسۆزی دایکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام تێکەڵ بە نەزانی... باشە بۆ دەبێ دایک لە خوا بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی نەخۆشی منداڵەکەی بدا بەسەر ئەمدا و ئەو چاک ببێتەوە؟ خۆ دایکەکە دەتوانێ لە خوا بپاڕێتەوە شیفای منداڵەکەی بدات و خۆیشی نەخۆش نەکەوێت!

هیچ کەسێک نازانێت نزا و پاڕانەوەکانی کەی گیرا دەبن، بۆیە دەبێت زۆر بە وریایی و ژیرییەوە لە خوا بپاڕێتەوە... هەمیشە داوای شتی چاک و خێر و خۆشی لە خوای گەورە بکات، نەک خراپە و شەڕ...

جاری وا هەیە کچێک لە ماڵدا پیاڵەیەک یان دەفرێکی شووشە دەشکێنێت، یەکسەر دایکی تووڕە دەبێت و دەڵێت: ئەی یاخوا دەستت بشکێ! باشە ئەگەر کتوپڕ خوای گەورە نزاکەی گیرا کرد، ئەو کاتە چی دەکات و چۆن وەڵامی خوا دەداتەوە؟ باشە پیاڵە شکاندنێک شایانی ئەوەیە لە بەرامبەردا دەستێکی بۆ بشکێت؟

لە ماڵدا دوو منداڵ پێکەوە شەڕ دەکەن، لەو کاتانەدا زۆرجار دایک، یان باوک لێیان تووڕە دەبێت و دەڵێت: ئەی خوام دا بە گژتاندا! باشە وا خوای گەورە ئەو نزایەی گیرا کرد، دایک و باوک



Scanned with Can

چی دەکەن؟ باشە شەڕکردنی دوو منداڵ ئەوە دێنێ دایک، یان باوک ئاوا دوعای شەڕ لە منداڵەکەیان بکەن؟

دەبێ مرۆڤ بزانێت چۆن لە خوای دەپاڕێتەوە و داوای چی دەکات؟ دەبێ بەردەوام داوای چاکە لە خوای گەورە بکرێت، نەک خراپە... خوای گەورە توانایە و دەسەلاتی هەموو شتێکی هەیە، ئیتر بۆ دەبێت داوای شتی خراپی لێ بکەین؟

دەگێڕنەوە دەڵێن: حەزرەتی یوسف لە زینداندا لە خوای گەورە پاڕایەوە و فەرمووی: خوایە! ماوەیەکی زۆرە لە زینداندام، بەڕاستی درێژەی کێشا!

خوای گەورە سرووش و نیگای بۆ نارد و فەرمووی: ئەی یوسف! تۆ خۆت داوای زیندانت کرد و ئێمەش پێمان بەخشیت ئەگەر داوای ڕزگاریت بکردایە، ڕزگارمان دەکردی!

حەزرەتی یوسفی پاکداوێن، کاتێک لەنێوان زیندان و کاری زینا و خراپەدا سەرپشکیان کرد، فەرمووی: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱلسِّجۡنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ ﴾ یوسف: ٣٣ واتە: خوایە زیندانم پێ خۆشترە لەوەی ئەوان لە منی داوا دەکەن!

خۆ ئەگەر بیفەرموایە: خوایە لە دەست ئەمانە ڕزگارم بکە! بێگومان خوای گەورە ڕزگاری دەکرد و تووشی زیندانیش نەدەبوو...



## دەی چۆن گیرا دەبێت؟

دەگێڕنەوە دەڵێن: پیاوێک بە حەزرەتی عیسای گوت: ئامۆژگاریم بکە!

حەزرەتی عیسا فەرمووی: تەماشای نانەکەت بکە، بزانە چۆنت پەیدا کردووە؟

واتە: بە دوای پارووی حەڵاڵدا بگەڕێ!

چونکە داوای هەموو پێغەمبەران یەک داوا بووە و ئایینی ڕاستەقینە لای خوا هەر ئایینی ئیسلامە، ئا لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: إِنَّ اللَّـهَ طَيِّبٌ لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا وَأَنَّ اللَّـهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ فَقَالَ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعْمَلُواْ صَٰلِحًا ﴾ المؤمنون: ٥١ وَقَالَ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ ﴾ البقرة: ١٧٢ ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ: يَا رَبِّ يَا رَبِّ وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ؟ رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

واتە: بەڕاستی خوای گەورە پاکە و هەرشتێکیش پاک نەبێت، وەریناگرێت! بەڕاستی خوای گەورە ئەو فرمانەی بەسەر مسوڵماناندا کردووە کە بەسەر پێغەمبەراندا کردوویەتی، فرمانی بە پێغەمبەران کردووە و فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعْمَلُواْ صَٰلِحًا ﴾ المؤمنون: ٥١ واتە: ئەی گرۆی پێغەمبەران! بخۆن



Scanned with Cam

لە ڕزق و ڕۆزییە پاک و چاکەکان، کار و کردەوەی چاکیش ئەنجام بدەن... فرمانی بەسەر مسوڵمانانیشدا کردووە و فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ ﴾ البقرة: ١٧٢ واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە! بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزییە پاکەی کە پێمان داون!

با سەیرێکی ئەم فەرموودەیەش بکەین:

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: تُلِيَتْ هَذِهِ الْآيَةُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ) : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلْأَرْضِ حَلَٰلًا طَيِّبًا ﴾ البقرة: ١٦٨ فَقَامَ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مُسْتَجَابَ الدَّعْوَةِ. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ(ﷺ): «يَا سَعْدُ أَطِبْ مَطْعَمَكَ تَكُنْ مُسْتَجَابَ الدَّعْوَةِ». رواه الطبراني في الاوسط.

واتە: ئیبنو عەباس دەفەرموێت: ئەو ئایەتە لای پێغەمبەر(ﷺ) خوێندرایەوە -کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلْأَرْضِ حَلَٰلًا طَيِّبًا ﴾ البقرة: ١٦٨ واتە: ئەی خەڵکینە! لە ڕزق و ڕۆزیی حەڵاڵ و پاکی زەوی بخۆن! لەو کاتەدا سەعدی کوڕی ئەبووەقاص هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! داوا بکە لە خوای گەورە بمگێڕێ بە یەکێک لەو کەسانەی کە هەمیشە نزا و دوعاکانیان گیرایە! پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: ئەی سەعد! با خواردنت پاک و حەڵاڵ بێت، دەبیتە کەسێکی نزالێوەرگیراو!

ئەمڕۆژانە خەڵک سکاڵا لە دەست ئەوە دەکەن کە نزا و پاڕانەوەیان گیرا نابێت! ئەو قسەیە قسەیەکی ڕاستە و زۆربەمان هەستی پێ دەکەین... هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە حەرامخواردن لای زۆربەی خەڵکی ئاسایی بووەتەوە! خەڵک وادەزانی حەرام هەر ئەوەیە بڕۆی دزی بکەیت، یان باخەڵی خەڵکی ببڕیت! لە ڕاستیدا

دزیکردن و باخەڵبڕین بەشێکن لە حەرام، ئەگینا حەرام زۆر زۆرە!

ئەو میراتییەی کە خۆت بە تەنیا دەیبەیت و خوشک و براکانتی لێ بێبەش دەکەی، ئەوە حەرامە!

ئەو میراتەش کە لە ژنەکەت دەیبەیت و بەشی خەسوو و خەزوورەتی لێ نادەی، ئەوەش هەر حەرامە!

کاتێک مامەڵەیەک دەکەیت و بەرتیل وەردەگری، یان بە بەرتیل خۆت لە کەسێک نزیک دەکەیتەوە، ئەوەش هەر حەرامە!

کاتێ فەرمانبەریت و نازانی شوێنی کارەکەت لە کوێیە و هەر مووچە وەردەگریت و ئیتر بندیواری، ئەو مووچەیەش حەرامە!

ئەو کارەی کە بە باشی و بە گوێرەی ڕێککەوتن لەگەڵ خاوەن کاردا، ڕاییناپەڕێنیت و ئەنجامی نادەی، کرێکەی حەرامە!

ئەو شتەی کە دەیفرۆشی و باسی عەیبوعارەکانی ناکەیت و دەیشاریتەوە، پارەکەی حەرامە!

کاتێک پارە بە قەرز لە کەسێک وەردەگری بە نیەتی ئەوەی پێی نەدەیتەوە، ئەو پارەیە حەرامە!

کاتێک خەڵکانێک بە کرێ دەگریت و کارت بۆ دەکەن و کرێکەیان پێ نادەی، ئەوەش هەر حەرامە!

کاتێک پارە لە بانکێکدا دادەنێیت و بە فەتوای زانای نازانا سووی لەسەر وەردەگری، ئەوەش حەرامە!

با بەسەرهاتێکی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە:

ڕۆژێک لە سەرتاشخانەیەکدا دانیشتبووم، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد سەرەم بێت و سەرم چاک بکەم... من بۆ خۆم خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە بووم... دوو پیاو لە تەنیشتمەوە دانیشتبوون باسی سوود و ڕیبای بانکیان دەکرد... پیاوی یەکەم وتی: سوو هەر سووە و حەرامە!



Scanned with Cam

پیاوی دووەمیش وتی: بەڵێ ڕاستە حەرامە، بەلام تۆ دەتوانی وەریبکریت و نەیخۆی... بۆ نموونە بیدە بە بەنزین و بیکە سەیارەکەت، یان بیدە بە هەقی پارەی ئاو و کارەبای حکومەتدا، یان ئەگەر کرێکارت هەبوو بیدە بە کرێکارەکان و...

ئەم فەتوایە منی هێنایە دەنگ و وتم: باشە کاکە ئەم فەتوایەی تۆ چ جیاوازییەکی لەگەڵ کارەکەی بەنی ئیسرائیلیدا هەیە، کە خوای گەورە حەرامی کردبوو لە سەریان ڕۆژانی شەممە ڕاوەماسی بکەن و ئەوانیش شەممە تۆڕیان ڕادەخست و یەکشەممە دەریاندەهێنا و خوای گەورە سزای هەموویانی دا و هەرکەسێک لەو جۆرە فرتوفێڵەی کردبوو هەموویانی کرد بە مەیموون و بەراز؟

کاکە گیان خۆ خوا منداڵ نییە... خۆ خوا بە من و تۆ و فلان و فیسار ناخەڵەتێ!

براکانم! خوشکەکانم! تەماشای نانەکەتان بکەن بزانن چۆن پەیدای دەکەن؟ بزانن کاسبییەکەتان چۆنە؟ بزانن چۆن پارە خەرج دەکەن و لەپێناو چیدا خەرجی دەکەن؟

ئەگەر لە ڕێگەی حەڵاڵەوە نانتان پەیدا کرد و بە حەڵاڵی خواردتان و لەپێناو حەڵاڵدا پارەتان خەرج کرد، دڵنیابن کە خوای گەورە نزا و پاڕانەوەکانتان لێ وەردەگری... ئەگینا دەیداتەوە بە نێوچاوانتاندا!



Scanned with Cam



# ئەوە بۆ ئاگادارتان نەکردم؟

ئەم فەرموودەیە دەکەینە دەستپێکی ئەم باسە:

عَنْ أبِي هُرَيْرَةَ: «أنَّ امْرَأةً سوداءَ كَانَتْ تَقُمُّ الْمَسْجِدَ أوْ شَابٌ فَفَقَدَهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلَ عَنْهَا أوْ عَنْهُ. فَقَالُوا: مَاتَ. قَالَ: أفَلاَ كُنْتُمْ آذَنْتُمُونِي؟ قَالَ: فَكَأنَّهُمْ صَغَّرُوا أمْرَهَا أوْ أمْرَهُ. فَقَالَ: دُلُّونِي عَلَى قَبْرِهِ. فَدَلُّوهُ فَصَلَّى عَلَيْهَا ثُمَّ قَالَ: إنَّ هَذِهِ الْقُبُورَ مَمْلُوءَةٌ ظُلْمَةً عَلَى أهْلِهَا، وَإنَّ اللَّهَ يُنَوِّرُهَا لَهُمْ بِصَلاَتِي عَلَيْهِمْ». مُتَّفَقٌ، وَاللَّفْظُ لِمُسْلِمٍ.

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) ژنێکی ڕەشپێست هەموو جارێک مزگەوتی پاکوخاوێن دەکردەوە، ماوەیەک پێغەمبەر(ﷺ) نەیبینی و هەواڵی پرسی... هاوەڵان گوتیان: قوربان مردووە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی بۆ ئاگادارتان نەکردمەوە؟

ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: ئێمە کارەکەی ئەومان پێ هیچ نەبوو -یان خۆی کەسێکی بەناوبانگ و دیار نەبوو- بۆیە کەس پێغەمبەری(ﷺ) ئاگادار نەکردووە...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بمبەن بۆ سەر گۆڕەکەی...

پێغەمبەریان(ﷺ) برد بۆ سەر گۆڕەکەی، نوێژی لەسەر کرد و فەرمووی: ئەم گۆڕانە -واتە گۆڕ بە گشتی- پڕن لە تاریکی بۆ خاوەنەکانیان، خوای گەورە بەهۆی نوێژکردنی من لەسەریان، بۆیان ڕووناک دەکاتەوە.



Scanned with Cam

یەکێک لە کێشەکانی ئێمە ئەوەیە کاتێک کەسێکی دەوڵەمەند، یان بەرپرسێک خزمێکی نزیکی دەمرێت هەمووان دەچن بۆ پرسە و سەرەخۆشی... لە سەرقەبران دەرزی هەڵدەی ناکەوێتە سەر زەوی! کەچی کاتێک کەسێکی هەژار و داماو دەمرێت، دە کەس ناچنە سەرقەبران!

ئەی هاوار مردنیش بووە بە جۆرێک لە دابونەریت!

دەگێڕنەوە دەڵێن: لە سەردەمی کۆنادا کاربەدەستێکی زۆر گەورە هەبوو، خزمەتکارێکی بوو مرد، هەمووان ڕۆیشتن بۆ پرسە و سەرەخۆشی... دوای ماوەیەک کاربەدەستەکە خۆی مرد، یەک کەس لەوانی پێشوو نەچوو بۆ پرسە، بەڵکوو هەموویان ڕۆیشتن بۆ پیرۆزباییکردن لە کاربەدەستی نوێ!

لەم ئایینی ئیسلامەدا خۆشەویستی بە جۆرێک لە خواپەرستی هەژمار دەکرێت... دەبێت مرۆڤ ڕێزی کەسەکان بە گوێرەی دوورونزیکی ئەو کەسە لە خوای گەورەوە بگری، نەک بە گوێرەی هەژاری و دەوڵەمەندی!

ئەو ژنەی کە لە سەدەمی پێغەمبەردا(ﷺ) مزگەوتی پاکوخاوێن دەکردەوە، تەنیا لەبەر کارە چاکەکانی لە لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەندە بەڕێز بوو... بۆیە دەبێ ئێمەش ئەو بیروباوەڕە لە مێشکی خۆمان بکەینە دەرەوە کە دەڵێت: ڕێزی مرۆڤ بە گوێرەی دەوڵەمەندی و هەژارییە!

مرۆڤ بە دڵە نەک بە پارە و سامان... تۆ چووزانی، لەوانەیە ئەو پیرە پیاوەی بە یارمەتی گۆچانەکەی دێتە مزگەوت و نوێژەکانی دەکات، لە لای خوای گەورە لە هەرچی دەوڵەمەند و سەرمایەدار



Scanned with Cam

هەیە بەڕێزتر بێت! لەوانەیە لای خوای گەورە ئەو پاڵەوان و بەناوبانگ و ڕێزدار و خاوەن شەکەوت و شان بێت!

لەوانەیە ئەو پیرە پیاوە لە لای خودا، لە هەموو ئەو گەنجانە بەڕێزتر بێت کە لە یانە وەرزشییەکاندا قورسایی زۆر هەڵدەگرن و بەهێزن، کەچی بەیانیان کاتێک بانگبێژ دەفەرموێت: الصلاة خير من النوم، ناتوانن لێفە و بەتانییەکانیان لەسەر خۆیان لادەن و هەستن نوێژەکانیان بکەن!

کێ بە تۆی گوتووە: وەزیرێک لە لای خوا لە فەڕاشێک بەڕێزترە؟

کێ بە تۆی گوتووە کە خانمە ئەکتەرێکی جوان و بەناوبانگ و دەوڵەمەند، لە پیرەژنێکی دەموچاو چرچاوی، کە لەسەر بەرماڵەکەی دانیشتووە و تەسبیحێکی بە دەستەوەیە و زیکری خوای پێ دەکات، بەڕێزترە؟

دەبێت ئێمە چاوکراوە و وشیار بین، بەڕێزی بە گوێرەی لەخواترسان و نزیکییە لە خوای گەورەوە... ئەو دەوڵەمەندەی کە خواناس و چاکەکارە زۆر بەڕێزترە لەو هەژارەی کە تاوانبار و خراپەکارە...

ئەو هەژارەش کە چاکەکارە، زۆر بەڕێزترە لەو دەوڵەمەندەی کە خراپەکارە!

ئەها پێشتر باسی صوهەیبمان کرد، صوهەیب قازانجێکی زۆر گەورەی کرد، چونکە هەموو سەروەت و سامانەکەی لەبەر خوای گەورە بەجێهێشت و هیچی لەگەڵ خۆیدا نەبرد...

بیلال هەرچەند کۆیلەیەکی ڕەش بوو، ئەها تەماشا بکەن بزانن چەندە بەڕێز بوو...



Scanned with Cam

پێغەمبەر(ﷺ) خۆی فەرمووی: سەلمان کەسوکاری منە... خۆ سەلمان هەر عەرەبیش نەبوو، بەڵام چونکە بەدوای ڕاستیدا گەڕا، خوای گەورە پلەوپایەی بەرز کردووە...

خۆتان لە هەژار و داماو لامەدەن... بە خوا ئەو خێرەی دەیدەی بە هەژارێک، زۆر لەو دیارییە گەورەتر و باشترە کە بۆ دەوڵەمەندێکی دەکڕی!

بە دەستی بەتاڵەوە بڕۆ سەردانی نەخۆشێکی هەژار و داماو بکەی، زۆر لەوە باشترە دەستەگوڵێکی گرانبەها بکڕیت و سەردانی بەرپرسێکی گەورە بکەیت!



Scanned with Can



# ئەگەر موطعیم زیندوو بایە!

ئای ئەو ڕۆژەی تائیف چ ڕۆژێکی سەخت و ناخۆش بوو!

ئەو ڕۆژە بەهەشتی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و بردی بۆ تائیف و فەرمووی: ئەمە بەهەشتە! وەرن بچنە ناویەوە...

کەچی (عبد یالیل)ـی گەورەی تائیف پێی گوت: باشە خوا تۆ نەبێت کەسی تری دەست نەکەوت بیکات بە پێغەمبەری و بینێرێت بۆ ئێمە؟

دوایی هانی منداڵەوردە و شێتوشورەکانی تائیفی دا و وتی: ئادەی بەردبارانی بکەن!

هەم بە ئازاردانی جەستە و هەم بە ئازاردانی دەروون ڕووبەڕووی دەبوونەوە...

خوێن بە سەروچاوی پیرۆزیدا چۆڕا تاگەیشتە قولەقاپەکانی...

ئای ئەو خەڵکە چەندە بێسۆز و نامیهرەبان و دڵڕەق بوون! ئای لە حەوسەڵە و حیلمی خوای گەورە چەندە مەزن و گەورە بوو!

پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت: بەلا و موسیبەت تاک تاک نایە، بەڵکوو بە کۆ دێ... دیارە پێغەمبەرانیش لە هەموو کەسێک زیاتر تووشی بەلا و موسیبەت بوونەتەوە... ئێ پێغەمبەری ئیسلامیش(ﷺ) سەردار و گەورەی هەموو پێغەمبەرانە... هێشتا زامەکانی قاچی پیرۆزی سارێژ نەبووبوون، تووشی بەلا و موسیبەتێکی تر



Scanned with Cam

بوویەوە... هێشتا دڵی بریندار بوو، چونکە قورەیشییەکان ڕێگای چوونە نێو مەککەیان لێ گرتبوو... کەوتبووە نێوان دوو بەرداشەوە، نە بێگانە میوانداریان دەکرد، نە خزموخوێش دەیانهێشت بگەڕێتەوە بۆ سەر جێگا و ڕێگای خۆی! دەبوو بەدوای کەسێکدا گەڕابا تا ببێت بە پشتیوانی و بەهۆی ئەوەوە بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ مەککە...

بۆیە ڕۆیشت بۆ لای موطعیمی کوڕی عەدی، پێش ئەوەی داوای پارێزبەندی لە موطعیم بکات، ئەو شەوە لای موطعیم مایەوە و میوانی ئەو بوو... بۆ بەیانی موطعیم خۆیی و کوڕەکانی شمشێریان هەڵگرت و خۆیان پڕچەک کرد و هاتنە لای کەعبە و موطعیم بە پێغەمبەری(ﷺ) گوت: بە ئارەزووی خۆت تەوافی کەعبە بکە!

ئەبوسوفیان هات و بە موطعیمی گوت: ئەوە تۆ پەنای موحەممەدت داوە، یان شوێنی کەوتووی؟

موطعیم وتی: پەنام داوە...

ئەبوسوفیان وتی: باشە ئەوا پەناکەی تۆمان پەسەند کرد و لێی دەگەڕێین...

چەند ڕۆژێک لە مەککە مایەوە... دواتر خوای گەورە مۆڵەتی کۆچکردنی پێدا بەرەو مەدینە...

ڕۆژگار کەمێک تێپەڕی... موطعیمی کوڕی عەدی مرد... غەزای بەدریش کۆتایی پێ هات... مسوڵمانان سەر کەوتن... کۆمەڵێکی زۆری قورەیشی بە دیل گیران... دیلەکانیان هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)... پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر موطعیم زیندووبووایە و داوای ئازادکردنی ئەمانەی بکردایە، هەموویانم ئازاد دەکرد!



Scanned with Cam

هەرچەندە ئەوانە دیلی جەنگ بوون، لەو کاتەدا داب و دەستوور لە تەواوی دونیادا وابوو هەرکەسێک کەسێکی بە دیلی بگرتایە، دەیتوانی بیکوژێ، بەلام پێغەمبەری خوا(ﷺ) چاکەی موطعیمی لە یاد نەکردبوو... ئەوەی بیر خستنەوە کە ئەگەر موطعیم زیندوو بووایە و تکای بۆ ئەو هەمووە دیلە بکردایە، پێغەمبەر(ﷺ) لە سوپاسی چاکە کۆنەکەی، هەموویانی ئازاد دەکرد!

بەڵێ... بە پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆرینەی سیاسییەکانی ئەمڕۆوە، پیاوە مەزنەکان هەرگیز چاکەی هیچ کەسێک لە بیر ناکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە هاودین و هاووڵاتی خۆیشی نەبێت...

باشە ئێمە تا ئێستا چاکەی کەسمان ئاوا لە بەرچاو بووە؟ بەدوای هەلێکدا گەڕاوین وەڵامی چاکەیان بە چاکە بدەینەوە؟ یان خۆمان لێ کەڕ کردووە و لە بیری خۆمانمان بردووەتەوە؟

کۆیلە زنجیر دەیبەستێتەوە، بەلام مرۆڤی ئازاد و ژیر چاکە! دەتۆش کەسێکی ئازاد و ژیربە و چاکەی کەس لە یاد مەکە... ڕاستە زۆربەی ئەوانەی کە چاکە دەکەن، چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک نین، بەلام خۆ ناکرێ کەسی بەرامبەریش هێندە سپڵە و بێئەمەک بێت، چاکەی چاکەکاران لە بیر خۆی بباتەوە!

پیاوێک داوای کچێکی کرد و پێی درا، باوکی کچەکە پێی گوت: دابونەریت وایە زاوا هەندێک زێڕ و ماڵ بۆ بووک دەکات، تۆش ئەوەندەی باوە و دەکرێت، ئەگەر پێت کرا بۆی بکە، هەرچیشت پێ نەکرا پێم بڵێ خۆم بۆی دەکەم...



Scanned with Cam

پیاوەکە دەڵێت: ئەوە بیست ساڵ تێپەڕیوە و بۆ یەکجاریش لە ژنەکەم تووڕە نەبووم و دڵیم نەشکاندووە، هەرجارێ خەریک تووڕە ببم قسەکەی ئەو ڕۆژەی باوکیم بیر دەکەوێتەوە و هێور دەبمەوە و ناتوانم لێی تووڕە ببم!

چاکە هەرگیز لەناو ناچێت، ئەگەر کابرای چاکەلەگەڵکراویش لە بیر خۆی بردوە، ئەوا لای خوای گەورە لە بیر ناچێتەوە و هەر دەمێنێتەوە و پاداشتی لەسەر وەردەگرێتەوە...

کاتێک لەگەڵ کەسێکدا چاکە دەکەی، کوردواتەنی: بیدە بە ئاوا... واتە چاوەڕێی پاداشت مەبە، بەلام هەرگیز چاکەی کەس مەدە بە ئاوا، ئەگەر کەسێک چاکەی لەگەڵدا کردی، وەک قەرزێک لەسەر شانی خۆتی حیساب بکە و لە بیری مەکە... هەرکات و ساتێک توانیت قەرزەکەت ببژێری، بیبژێرە و کەمتەرخەمی تیا مەکە! ئەوە دابونەریت و ئاکاری پێغەمبەران بووە...



Scanned with Can



# ئاكاری مسوڵمانان

لە کۆتاییدا شاری مەککە ڕزگار کرا... پێناسی ڕاستەقینەی خۆی وەرگرتەوە... شاری مەککە سەرەتا خوای گەورە بۆیە فرمانی کرد بە دروستبوونی، تا یەکتاپەرستیی تیدا بڵاو بێتەوە... دیسان مەککە بوویەوە بە ڕووگەی یەکتاپەرستی... بوویەوە بە لانکی دڵی ئیمانداران... پیسایی و چەپەڵی بتپەرستی و شیرک کرایە دەرەوە و پاکوخاوێن بوویەوە... دوای ئەوە سەرە هاتە سەر پاکوخاوێنکردنەوەی تەواوی دوورگەی عەرەبی!

پێغەمبەر(ﷺ) بانگی شێرە نەبەزیوەکەی کرد... بانگی عەلی کوڕی ئەبوتالیبی کرد و فرمانی پێ کرد تا بڕوا (فولس) تێکوپێک بشکێنێ... (فولس) ناوی ئەو بتە گەورەیە بوو کە هۆزی (طەی) بە خوای خۆیان دەزانی و پەرستشیان بۆ دەکرد...

حەزرەتی عەلی وەڕێ کەوت و کارەکەی جێبەجێ کرد... هەندێک کەسیشی بە دیلی هێنایەوە بۆ مەدینە... پێغەمبەری خوا(ﷺ) نزیکی مزگەوت هەموویانی دانا تا بزانێ چییان لێ بکات؟

ڕۆژی دوایی کاتێک کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیەویست بچێتە مزگەوتەوە، ژنێک بانگی کرد و وتی: موحەممەد! لێمگەڕێ با بڕۆم! دڵی هۆزەکانی عەرەب بە من خۆش مەکە... باوکم تیاچووە، هەموو شتێک بڕایەوە، چۆن خوای گەورە منەتی کردووە بە سەرتدا تۆش ئاوا منەت بکە بە سەرمدا، من باوکم سەرۆکی هۆز



Scanned with Cam

بوو، پارمەتی خەلکی دەدا، لە تاوانبار خۆش دەبوو، لەگەڵ دراوسێ باش بوو، بە دەم تەنگانەی خەڵکەوە بوو، نانی دەدا بە خەڵکی، سڵاوی لە هەمووان دەکرد، دەستی بە ڕووی کەسەوە نەدەنا، هەمیشە پەناگەی داماو و لیقەوماوان بوو، من سەففانەی کچی حاتەمی طائیەم -حاتەمی تەی-.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو سیفاتانەی تۆ باست کرد، سیفاتی مرۆڤی مسوڵمانە، ئەگەر باوکت مسوڵمان بوایە ئێستا دوعای خێرم بۆ دەکرد...

دوایی پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو: ئەمە ئازاد بکەن، چونکە باوکی پیاوێکی بەئاکار و ڕەوشتبەرز بوو...

ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەو سیفاتانە سیفاتی مرۆڤی مسوڵمانە)...

ئایین تەنیا لە مزگەوت و لەسەر بەرماڵ قەتیس مەکە... تەنیا لەو دووانەدا نییە، بەڵکوو لە دوکانیشە، لە فەرمانگەیە، تۆ لە هەرکوێیەک بیت، ئایینەکەشت لەگەڵتە...

ئایینی ڕاستەقینە لە خۆبەکەمزانین و ملکەچیدایە... لەوەدایە لە بەرامبەر دایک و باوکت ملکەچ و گوێڕایەڵ بیت... لەگەڵ خوشک و براکانتدا چاکەکار بیت... لەگەڵ ژنەکەتدا بەحەوسەڵە و خۆڕاگر و میهرەبان بیت... لەگەڵ منداڵەکانتدا بەسۆز بیت... ئایینی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بە باشی لەگەڵ دراوسێدا مامەڵە بکەیت...

ئایینی ڕاستەقینە لەو کاتەدایە کە باربوو بۆ نەخۆشێکی هەژار کۆ دەکەنەوە، داخۆ تۆش پارمەتی دەدەی، یان خۆتی لێ کەڕ دەکەی؟



Scanned with Cam

ئایینی ڕاستەقینە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە خەڵکی لە لای تۆ باسی ناموسی کەسێک دەکەن، ئایا تۆش تێکەڵ بەوان دەبیت و شانی لێ شل دەکەی، یان بە ئەوان دەڵێیت: واز بێنن لە باسکرنی ئەم و ئەو؟

ئایینی ڕاستەقینە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە تۆ بە خراپەی ئەم و ئەو بزانی و خۆتی لێ کەڕ بکەیت و لای کەسدا نەیدرکێنیت و هانی ئەو کەسەش بدەی کە دووبارەی نەکاتەوە...

ئایینی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەردەکەوێت نهێنیی کەسێکت دەست بکەوێت و لای کەسدا باسی نەکەی!

یەکتاپەرستی و نوێژ و ڕۆژوو و خواپەرستییەکانی تر، ئەوانە هەمووی مافی خوایە بەسەر بەندەکانیەوە، ئەوانە نیوەی ئایینن، نیوەکەی تر ئەوەیە کە تۆ مامەڵەت چۆنە لەگەڵ خەڵکدا؟


ئایینی ئەو کەسەی کە لەکاروباریدا ڕەنگ ناداتەوە، ئەوە وشکە ئایینە... ئیمانی ئەو کەسەی کە دڵی کەسەکە نەرم ناکات و بەسۆز و میهرەبانی ناکات و نایکات بە کەسێکی ڕێکوپێک، ئەوە ئیمانێکی ناتەواوە...

ڕاستە ئەگەر مرۆڤ بە کافری بمرێ، هەزار ئاکار و ڕەوشتی جوانی هەبێت دادی نادەن و ناچێتە بەهەشتەوە، بەڵام بێگومان ئەو ئیمانەش کە ئاکار و ڕەفتاری جوانی لەگەڵدا نەبێت، ئیمانێکی شەل و کوێرە...

ئایین هەمووی ئاکار و ڕەفتاری جوانە... هەر مسوڵمانێک ئاکار و ڕەفتاری لە تۆ جوانتر بوو، لە تۆ مسوڵمانترە...



Scanned with Cam



# کاری خۆت لە لادێ بکە!

عن أبي سَعيد الْخُدْرِيّ، أَنَّ أَعْرَابِيًّا سَأَلَ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الْهِجْرَةِ، فَقَالَ: «وَيْحَكَ، إِنَّ شَأْنَ الْهِجْرَةِ لَشَدِيدٌ، فَهَلْ لَكَ مِنْ إِبِلٍ؟» قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: «فَهَلْ تُؤْتِي صَدَقَتَهَا؟» قَالَ: نَعَمْ، قَالَ : فَهَلْ تَمْنَحُ مِنْهَا شَيْئًا قَالَ نَعَمْ، قَالَ: «فَاعْمَلْ مِنْ وَرَاءِ الْبِحَارِ، فَإِنَّ اللهَ لَنْ يَتِرَكَ مِنْ عَمَلِكَ شَيْئًا». متفق عليه.

واتە: ئەبوسەعید دەفەرموێت: عەرەبێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوای لێ کرد کۆچ بکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هەی داد لە دەست تۆ! کۆچکردن زۆر سەختە، تۆ وشترت هەیە؟

پیاوەکە وتی: بەڵێ!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: زەکاتی وشترەکانت دەدەی؟

پیاوەکە وتی: بەڵێ!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی جگە لە زەکات هیچ خێریان لێ دەکەیت؟

پیاوەکە وتی: بەڵێ!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی، هەر لە لادێ و شوێنی خۆتدا بمێنەوە و کاری خۆت بکە، خوای گەورە هیچ لە پاداشتت کەم ناکاتەوە.



Scanned with Cam

پێشەوا (النووی) لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموێت: ئەو کۆچەی کە ئەو پیاوە باسی کرد، مەبەستی ئەوە بوو لە لادێ بار بکات بۆ شار و هەمیشە لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بمێنێتەوە و شوێن و ناوچە و کەسوکاری خۆی بەجێ بهێڵێت... پێغەمبەریش(ﷺ) دەیزانی کە دوورکەوتنەوە لە خزم و کەسوکار و نیشتمان چەندە سەخت و ناخۆشە و هەموو کەسێک بەرگەی ناگرێت، بۆیە فەرمووی: لە شوێنی خۆت بمێنەرەوە و خوای گەورە هیچ لە پاداشتت کەم ناکاتەوە.

مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانی هەر لە ماڵدا بمێنێتەوە و لەگەڵ پێغەمبەریشدا(ﷺ) کۆچ بکات... گرنگ ئەوە نییە کە لە چ شوێنێک نیشتەجێی، لەگەڵ کێی، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە کە چی دەکەی؟ چۆن خواپەرستی دەکەیت؟ دڵت چی تێدایە؟ خۆ عەبدوڵڵای کوڕی سەلول لە مەدینە بوو، لە مزگەوتدا لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) نوێژی بەکۆمەڵی دەکرد، بەڵام خۆ بەقەد سەرەدەرزییەک سوودی نەبوو بۆی چونکە دڵی لە ناوەوە بۆگەن بوو... خۆ ئەو پیروپاتاڵانەی کە هەر لە دوورەوە مانەوە و بڕوایان بە پێغەمبەر(ﷺ) هێنا، هیچ زیانێکیان نەکرد و بە پاداشتی خۆیان گەیشتن...

خۆی ئەوانەی دوای پێغەمبەر(ﷺ) هاتن و دێن، جگە لە شاد نەبوون بە دیداری پێغەمبەر(ﷺ) لە دونیادا -کە ئەوە گەنجینەیەکی گەورە و لە بن نەهاتووە- هیچ زیانێکی تریان بەرنەکەوت!

چاکە و خراپە مەبەستەوە بەو شوێنەی کە تێیدا نیشتەجێی، ڕاستە دەوروبەر گرنگە، دەوروبەر یان مرۆڤ هان دەدا بۆ خواپەرستی، یان ساردی دەکاتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە پاداشت بە گوێرەی هەوڵ و تێکۆشانە...



Scanned with Cam

سەردەمێک هەبوو کە لەم سەرزەوییەدا جگە لە حەزرەتی ئیبراهیم، یەک کەسی تر خوای نەدەپەرست...

لەنێو کۆشکی فیرعەوندا کەسێک هەبوو کە بە دزییەوە ئیمانی بە حەزرەتی موسا هێنابوو، هەر ئەو کەسە بەرگری لە حەزرەتی موسا کرد...

چاکە و خراپەی خۆت مەبەستەوە بەو کەسانەوە کە لەگەڵیاندا دەژیت...

فیرعەون دەیگوت: من خوای هەرە گەورەتانم! هەر لە ژوورەکەی ئەودیو خاتوو ئاسیای ژنی فیرعەون سەجدەی بۆ خوای گەورە دەبرد و دەیگوت: پاک و بێگەردی بۆ زاتی الله کە خودای هەرە بەرز و بڵندە.

هاوسەرەکەت هەرچەندە تاوانبار بێت، تاوانەکانی لە چاو تاوانەکانی فیرعەوندا وەک دڵۆپێک وایە لە چاو دەریایەکدا، دەی خراپەی هاوسەرەکەت مەکە بە هۆکار بۆ خراپبوونی خۆت...

کەس لاری لەوە نییە کە هاوسەری باش، یارمەتیدەرە بۆ خواپەرستی و خواناسی، بەڵام کێ دەڵێت: هاوسەری خراپ هۆکارە بۆ ئەوەی تۆش خراپ بیت؟

لەنێوماڵی گەورە پێغەمبەرێکی وەک حەزرەتی نوح، ژنێکی کافر دەژیا... لەنێو ماڵی پێغەمبەرێکی وەک حەزرەتی لوط ژنێکی کافر دەژیا، بەڵام ئەو ژنانە نەیانتوانی بۆ یەک چرکەش مێردەکانیان لە خواناسی و خواپەرستی دوا بخەن و ساردیان بکەنەوە... نەک هەر ئەوە، بەڵکوو نەیانتوانی بۆ یەک چرکەش ببنە لەمپەر لە بەرامبەر کاری پێغەمبەردایەتی ئەو دوو پێغەمبەرە!

ژنەکەت هەرچەندێ خراپ بێت، ناگا بە خراپی ئەو دوو ژنە... ئەوان کافر بوون، ئیتر گوتت کافر هیچی تیا نامێنێتەوە!



Scanned with Cam

ڕاستە ژنی باش هاندەری مێردە بۆ ئەوەی زیاتر خواپەرستی بکات، بەڵام کێ دەڵێت: تاوانباری ژنەکەت بیانوویەکە بۆ تاوانباری تۆ!

یەک خاڵ ماوە پێمخۆشە ئاماژەی پێ بدەم:

لە هەموو خێزانێکدا ئەندامی باش و ئەندامی خراپ هەیە...

خاتوو ئاسیا مێردێکی خراپی هەبوو... حەزرەتی نوح ژنێکی خراپی هەبوو... حەزرەتی لوط ژنێکی خراپی هەبوو... حەزرەتی ئیبراهیم ئاپۆیەکی بتپەرست و خراپی هەبوو... پێغەمبەری خوداش(ﷺ) مامێکی هەبوو ناوی ئەبولەهەب بوو، خوای گەورە بە خوایەتی خۆی لە قورئاندا خوسپی دەدات و باسی خراپەی ئەبولەهەب دەکات... دەی ئیتر بەهۆی خراپەی کەسێکەوە، تانە لە خزم و کەسوکاری مەدە!



Scanned with Can



# من پێغەمبەرم نەک درۆزن!

غەزای حونەین غەزایەکی جیاواز بوو لەنێوان هەموو غەزاکانی پێغەمبەردا(ﷺ)... ڕێگاکە نزیک بوو... دوژمن هەم لە ڕووی ژمارەوە و هەم لە ڕووی چەکوچۆڵەوە کەم بوون... هەر لە سەرەتادا دیار بوو براوە کێیە... دوژمن وەک پارووێەکی چەور وابوو... سەرکەوتن تەنیا کەمێک کاتی دەویست...

هەموو شتێک ئامادە بوو... تەنانەت هەندێک لە هاوەڵانیش کە چاویان لە زۆری خۆیان و کەمی دوژمن بوو گوتیان: ئەمڕۆ لەبەر ژمارە کەمی ناشکێین، بەڵام خوای گەورە ویستی ئەمی و ئامۆژگاریی ئەم ئوممەتە بکات... ویستی فێریان بکات دەست بە هۆکارەوە بگرن، نەک پشتی پێ ببەستن! فێریان بکات کە سەرکەوتن بە دەست خوایە، نەک بەو دەستانەی کە شیر و تیر و ڕمیان هەڵگرتووە...

هەردوو سوپا بەرامبەر بوونەوە... جەنگی دەستی پێ کرد... سەرەتا سوپای مسوڵمانان شکا... زۆرێک لە سەربازە مسوڵمانەکان هەڵاتن... ئا لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆی شاڵاوی بۆ دوژمن برد و هاواری کرد و فەرمووی: من پێغەمبەرم نەک درۆزن، من کوڕی عەبدولموتەلیبم!

دوای ئەوە سەربازە مسوڵمانەکان هۆشیان هاتەوە بەر و زانییان چییان لێ قەوماوە... هاتن دەورەی پێغەمبەریان(ﷺ) دا... جارێکی



Scanned with Cam

تر و بە نیتێکی پاکەوە دەستیان پێ کردەوە، بۆیە ئەمجارەیان سەرکەوتنیان بە دەست هێنا...

وەرە هەردوو غەزای حونەین و بەدر لەبەر یەک ڕابگرە و لێیان ڕامێنە، ئیتر بۆت دەردەکەوێت کە نهێنیی سەرکەوتن چییە و لەکوێدایە!

لە غەزای بەدردا بە ئاشکرا دیاربوو کە سوپای دوژمن هەم لە ڕووی ژمارەی سەربازەوە و هەم لە ڕووی چەکوچۆڵەوە زۆر لە سوپای ئیسلام بەهێزتر بوو، بەڵام چونکە مسوڵمانان هەموو هیوایەکیان بە خوای گەورە بوو پشتیان بە خوای گەورە بەست. بە کورتی ئەم هەڵویستەی حەمزەی مامی پێغەمبەر(ﷺ) نیتی مسوڵمانان ڕوون دەکاتەوە کە ئەو ڕۆژە تەماشای سوپای کوفری کرد و فەرمووی: هەموو ئەو سوپایە من ناترسێنێ، ڕاستە ئەوان ژمارەیان زۆرە، بەڵام ئێمە بەهۆی ئیمانەوە لەوان بەهێزترین!

ئەو پشتبەستنە بە خوا و ئەو هیوا و ئومێدە کە بە خوای گەورەیان هەبوو، بووە هۆکاری سەرکەوتن... خوای گەورە ورەی پێ دان... چەندین فریشتەی خۆی نارد بۆ یارمەتی مسوڵمانان... تەنانەت حەزرەتی جوبرئیل خۆی بەشداری جەنگەکەی کرد و بە سواری ئەسپەکەیەوە پێشرەوی فریشتەکانی دەکرد... یارمەتی خوایی گەیشتە مسوڵمانان...

بەڵام لە جەنگی حونەیندا تێڕوانینەکان گۆڕابوون.. مسوڵمانان خۆیان بە گەورە و دوژمنیان بە بچووک دەزانی... خوای گەورەش وازی لێهێنان تا خۆیان بە هێز و بازووی خۆیان ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە... خەریکبوو کارەسات ڕووبدات، بەڵام خوای گەورە دوای ئەوەی ئامۆژگاری کردن و وانەیەکی خێرای تێگەیاندن،



Scanned with Can

سەربازە مسوڵمانەکان بۆیان ڕوون بوویەوە کە نابێ پشت بە هۆکار ببەستن، بەڵکوو دەبێ دەست بە هۆکارەوە بگرن و پشت بە خوای گەورە ببەستن... بۆیە یەکسەر مسوڵمانان ورەیان هاتەوە بەر و شاڵاوێکی شێرشکێنیان بۆ دوژمن برد...

جا ئەوەی سەبارەت بەم ئوممەتە دەگوترێ، بۆ تاکەکانیشی دەگوترێ...

هەرکەسێک پشت بە خوای گەورە ببەستێ، بێگومان خوای گەورە هۆکاری ڕاست و دروستی پیشان دەدات و کارەکانی پڕ بەرهەم دەکات، بەربوومی بڕوا و باوەڕی خۆی دەبینێت... هەرکەسێکیش پشت بە هۆکار ببەستێ، بێگومان خوای گەورە لێی دەگەڕێ و هەواڵەی هۆکارەکانی دەکات و کەسەکە هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆ نابینێت و سەر ناکەوێت!

خوای گەورە لە دوو کاتدا تەمێی مرۆڤ دەکات:

یەکەم: کاتێک پشت بە هۆکار دەبەستێت و خوای گەورە لە بیر دەکات...

دووەم: کاتێک بە هەموو جۆرێک واز لە هۆکارەکان دێنێ و دەستیان پێوە ناگرێ!

بخوێنن، تێبکۆشن، بەڵام ئەوەش بزانن کە سەرکەوتن بە دەست خوایە... کاتێ دەچنە نێو تاقیکردنەوەوە، پشت بە زیری خۆتان مەبەستن، بەڵکوو جوان تێبکۆشن و پشت بە خوای گەورە ببەستن...

دەرمان بەکار بێنن، بەدوای پزیشکی باشدا بگەڕێن، بەڵام دڵنیا بن کە شیفا بە دەست خوایە، پزیشک و دەرمان هۆکارن، نەک شیفادەر!



Scanned with Cam

کار بکەن، بازرگانی بکەن، بەلام لە بیرتان نەچێت کە ڕزق و ڕۆزی بە دەست خوایە، کارکردن و کاسبی تەنیا دەرگایەکە...

هەرکەسێک سەری زمانی و بنی زمانی (من، ئێمە، بە لای منەوە، پێموایە، ڕای من وایە) بێت، بێگومان خوای گەورە لاوازی ئەو کەسە پیشانی خودی کەسەکە دەدات... تێی دەگەیەنێ کە چەندە لاوازە... کە هیچی بە دەست نییە...

هەرکەسێکیش بڵێ (پشت بە خودا، ئەگەر خوا بیەوێ، هەموو شت بە دەست خوایە...) بێگومان خوای گەورە پشتگیری لێ دەکات و یارمەتی دەدات... دەی دڵتان تەنیا بە خودای گەورەوە ببەستن!



Scanned with Can



# خۆزگە منت دیبا چۆن گوێم لێ دەگرتی!

شەوێکی تاریک بوو، مانگ بە ئاسمانەوە نەبوو تا تۆزێک لە تاریکایی شەو کەم بکاتەوە... ئەو کاتەش کارەبا نەبوو تا ناوشار وەک چراخان وابێت و کوچە و کۆڵانەکان ڕۆشن بن، بەڵام مانگێکی چواردە لە گۆشت و خوێن، بەنێو کوچە و کۆڵانەکانی شاری مەدینەدا ڕێی دەکرد... گوێی لە باوکی موسای ئەشعەری بوو کە لە ماڵەوە بە دەنگێکی خۆش قورئانی دەخوێند... زۆر دەنگی باوکی موسای پێ خۆشبوو... ڕاوەستا و تێر گوێی لێ گرت... دوای ئەوەی باوکی موسا لێبوویەوە، ئەویش ڕۆیشت...

بەیانی گەیشتە باوکی موسا و پێی فەرموو: باوکی موسا! خۆزگە منت دیبا کە دوێنێ شەو چۆن گوێم لە قورئانخوێندنەوەکەت دەگرت، بەڕاستی بەشێک لە دەنگ خۆشی پێغەمبەر داودت پێ دراوە!

باوکی موسا فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەگەر بمزانیبا گوێم لێدەگری، ئەوا هێندەی تر دەنگم دەلەراندەوە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕاستەوخۆ قورئانی بۆ دەهاتە خوارەوە و حەزرەتی جوبرەئیل بۆی دەخوێندەوە... بە جۆرێک لە دڵیدا جێگیر دەبوو وەک نەخشێک لەسەر بەردێک هەڵیبکۆڵی، ئاوا جێگیر دەبوو... لەگەڵ ئەوەشدا ستایشی قورئانخوێندنەوەی باوکی موسای کرد...



Scanned with Cam

بە باوکی موسای ڕاگەیاند کە دەنگی ئەوی پێ خۆش بووە... ئەوەی پێ ڕاگەیاند کە بەشێک لە دەنگخۆشی حەزرەتی داودی پێ دراوە... ئەو داودەی کاتێک زەبوری دەخوێندەوە، کەژ و کێو و باڵندە کشومات دەبوون و گوێیان لێ دەگرت... ﴿يَٰجِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُۥ وَٱلطَّيْرَ﴾سبأ: ١٠ واتە: ئەی کێوەکان! باڵندەکان! لەگەڵیدا بیڵێنەوە...

یەکێک لە ڕەفتاری پێغەمبەران ئەوە بوو کە کەسێکیان دیبا خوای گەورە هونەرێکی پێ بەخشیوە، پەسنی ئەو هونەرەیان دەدا... ئەوەتا پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پەسنی دەنگی باوکی موسا بدات، حەزرەتی موسا پەسنی دەنگی حەزرەتی هارونی داوە ﴿وَأَخِي هَٰرُونُ هُوَ أَفْصَحُ مِنِّي لِسَانًا﴾ القصص: ٣٤ واتە: هارونی برام لە من زمان پاراوترە...

هەرکەسێک هەر خۆی بە شت بزانێ و چاکەی خەڵکی تر نەبینێ و جگە لە خۆی هیچ کەس بە خاوەن هونەر نەزانێت، ئەوە شەیتانسیفەتە و بە ڕێی شەیتاندا ڕۆیشتووە... ئەوەتا زۆر لەمێژە و بەر لە مێژوو شەیتان گوتوویەتی: ﴿أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ﴾ص: ٧٦ واتە: من لەو -واتە: لە حەزرەتی ئادەم- باشترم!

ئەگەر گوێت لە وانەیەک بوو، وانەکەت پێ باش بوو، شتی تازەی لێ فێربووی، ئەوە وا باشە سوپاسی وانەبێژەکە بکەیت و پێی بڵێی کە سوودت لێ بینیوە... مرۆڤ هەرچەندێ پلەوپایەی بەرز و گەورە بێت، دیسان پێی خۆشە خەڵکی پەسنی بدەن و کارەکانیان بەرز بنرخێنن!

هەر کاتێک فەرمانبەرێکت بینی کارێکی باشی کردووە، پێت ناخۆش نەبێت و سوپاسی بکە...

یەکێک لە کردارە خراپەکان ئەوەیە کە تەنیا خراپە ببینین و چاومان لە ئاست چاکەکان کوێر بێت...



Scanned with Can

هەرگیز وەک مێش مەژی... مێش هەمیشە بەسەر پیسییەوە دەنیشێتەوە، بەڵکوو وەک مێشهەنگوین بە، هەمیشە بەسەر گوڵەوە دەنیشێتەوە...

هەر کاتێک داوەت کرای بۆ نان و خوانێک، هەموو شتێکت بە ڕێکوپێکی بینی، خواردنێکی خۆشیان بۆ دانای، سوپاسی خاوەن ماڵ بکە و پێی بڵێ: لەجیاتی من دەستخۆشی لە کابانەکەت بکە... کابانی ماڵ وەک سەربازی ونە، خۆی نایبینی بەڵام جێگە دەستی دیارە و دەیبینی...

لە هەموو ئەوانە باشتر ئەوەیە کە کەسێک ببینی و هاوکار و هاو پیشەبن، بەڵام پەسنی کارەکانی ئەو بدەیت و پێتوابێ کارەکانی ئەو لە کارەکانی تۆ باشترە... بۆ نموونە: ئەگەر تۆ نووسەری، نووسینی نووسەرێکی ترت لە نووسینی خۆت لە لا جوانتر بێت!

ئەگەر تۆ خۆت فەرمانبەرێکی سەرکەوتوویت و هاوڕێکەت لە تۆ زیرەکتر و سەرکەوتووتر بوو، پێت شوورەیی نەبێ و پەسنی بدە... دەستخۆشی لێ بکە و هانی بدە... گەل بە یەکترویستن سەر دەکەوێ، نەک بە یەکتر شکاندن!

وەک هەوێ مەبە، هەوێ هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا کە دڵی مێردەکەی بەدەست بێنێ و هەوێکەی بێبەری بکات...

ئەگەر سەردانی دراوسێکەت کرد و بۆت دەرکەوت لە ڕێکوپێککردنی ماڵدا زۆر بەسەلیقەیە، پەسنی بدە و دەست خۆشی لێ بکە...

ئەگەر دراوسێکەت قاپێک خواردنی بۆ هێنان و خواردنەی خۆش بوو، پێت شەرم نەبێ و دەستخۆشی لێ بکە و پێی ڕابگەیەنە کە خواردنی دەستی زۆر بەتامە و خۆشە...



Scanned with Cam

ئێمە هەمووان پێمان خۆشە پەسنمان بدرێ و گوێمان لەوە بێت کە کەسێک بە چاکە باسمان بکات...

یەکێک لە کارە هەرە باشەکان ئەوەیە کە پەسنی کەسێک بدەین کە خۆی لەوێ ئامادە نەبێت... بۆ دەبێ هەمیشە هەر خەریکی خوسپدانی ئەو کەسە بین کە دیار نییە؟ باسی خراپەکانی بکەین و لە لای خەڵکدا سووکی بکەین! ئەوە چ سوودێکی هەیە؟

ئەو دەمەی حەزرەتی موسا پەسنی حەزرەتی هارونی برای دەدا، لە خزمەت خوای گەورەدا گفتوگۆی دەکرد، خۆ خوای گەورە زۆر باش دەیزانی کە حەزرەتی هارون زمانپاراوە، کەچی حەزرەتی موسا پەسنی براکەی خۆی دا و خوای گەورەش ئەو ڕاستگۆییەی حەزرەتی موسای تۆمار کرد و بە نەمری ماوەتەوە... دەی دەبێ خوای گەورە چەندە پێی خۆشبێت کە کەسێک لە لای کەسێکی تردا پەسنی کەسێکی نادیار بدات؟



Scanned with Can



# ڕەگی نەفامی

بیلالی حەبەشی و ئەبوزەڕ لەسەر شتێکی دونیایی بوو بە کێشەیان... ئەبوزەڕ لە بیلال تووڕەبوو پێی وت: کوڕی ژنە ڕەشەکە!

بیلال ڕۆیشتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەوەی لەنێوان ئەو و ئەبوزەڕدا ڕوویدابوو بۆ پێغەمبەری(ﷺ) گێڕایەوە... پێغەمبەر(ﷺ) بەپەلە ئەبوزەڕی بانگ کرد و پێی فەرموو: ئەبوزەڕ! ئەوە بەهۆی دایکییەوە تانەی لێ دەدەی؟ بەڕاستی تۆ کەسێکی هێشتا ڕەگی نەفامیت تیا ماوە!

مانای فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەیە کە تانەدان لە کەسێک بەهۆی کەسوکارەوە، یان باب و کاڵەوە دابونەریتی سەردەمی نەفامیی نێو عەرەبە، چونکە عەرەب زۆر لەو بابەتە دەکۆڵینەوە، بەپێی ئەم باسە سەردەمی نەفامی دەبێت بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: سەردەمێک کە بە هاتنی ئایینی ئیسلام کۆتایی هات...

بەشی دووەم: ئاکار و ڕەفتارێک کە هێشتا لەنێو خەڵکدا ماوە و هەتا ڕۆژی قیامەتیش هەر دەمێنێت...

مرۆڤ چەند ئاکار و ڕەفتاری خەڵکی سەردەمی نەفامی هەڵگرتبێت، ئەوەندە لێیانەوە نزیکە... هۆکاری ئەوەی کە هەندێک مرۆڤ ڕەشن، هەندێک سوور و هەندێک سپی و هەندێک گەنمڕەنگ و هەندێک



Scanned with Cam

زەردباو، ئەوەیە کە حەزرەتی ئادەم جیناتی هەموو ئەو ڕەنگانەی تیا بووە، چونکە خوای گەورە لە مشتەخۆڵێک حەزرەتی ئادەمی دروست کردووە، کە ئەو خۆڵە لە تەواوی سەرزەوی و لە هەموو جۆرە خاکێک کۆ کرابوویەوە... بۆیە ڕەنگی نەوەکانی جیاوازە، وەک چۆن ڕەنگی جۆرەکانی خاک جیاوازە... ئەو کەسەی کە پێی وایە هەر تەنیا لەبەر ئەوەی سپی پێستە، ئیتر لە ڕەشپێستێک بەڕێزترە، ئەوە ئەو کەسە کەسێکی دواکەوتوو و نارۆشنبیرە... بە پێوەری ئاینیش ئەو جۆرە کەسانە کەسێکی نەفامن!

خۆ مەرج نییە هەرکەسێک کارێکی باشی هەبوو، ئیتر خۆیشی مرۆڤێکی باش بێت... مەرجیش نییە هەرکەسێک کارێکی ڕێزداری نەبوو، ئیتر کەسێکی خراپ بێت... ئەوەتا هەندێک پزیشک هەیە شایانی ئەوە نین پێیان بگوترێ: مرۆڤ! دەڵێی شەیتانە و لە پێستی مرۆڤدایە... هەندێک پزیشکیش هەیە هێندە باشە، دەڵێی فریشتەیە و لە پێستی مرۆڤدایە!

هەندێک پیشەوەر درۆزن و خیانەتکارن... هەندێکیش خاوەنی قسەی خۆیان و ڕەفتاری باش و کار و کردەوەی هەرە بەرزن...

کەواتە: پۆلێنکردنی خەڵکی و دیاریکردنی باش و خراپ بە گوێرەی کار و پیشە و ڕەنگ و ڕواڵەت، ئەوە کارێکی نەفامانەیە...

خۆشەویستی بۆ نیشتمان شتێکە و داکۆکیکردن لەو هەڵانەی کە حکومەت دەیکات شتێکی ترە... یەکەمیان سروشتی مرۆڤە و بەشێکیشە لە ئایین، پێغەمبەری خوا(ﷺ) هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەی هێندەی مەککە خۆش نەدەویست... ئەو ڕۆژەی کۆچی کرد بۆ مەدینە و لە مەککە ڕۆیشتە دەرەوە، لای کردەوە بۆ مەککە و فەرمووی: سوێند بە خوا! تۆ خۆشەویسترین شاری بە لای منەوە، ئەگەر گەلەکەت منیان شاربەدەر نەکردایە، بەجێم نەدەهێشتی...



Scanned with Can

هەرچی دووەمیانە نەفامییەکی کوێرانەیە... داکۆکیکردنە لە خراپە و فەساد...

شاعیرێک باسی حیزبایەتی و بالبالێنی کوێرانە و نەفامانە دەکات و دەڵێت:

کاتێک کە کەسێک هۆشداری دەدات
وا دوژمن هات و داگیری کردین!
لە ناوخۆ هێندە ناکۆک و پیسن
گوێ ناگرن بۆ دۆست، دڵیان پڕ لە قین
ئەم لە داخی ئەو، ئەو لە داخی ئەم
خاک و گەل و ئاو، دەفرۆشن بە هین
ئەوەندە دێژن، یەک دەخۆن دەڵێن:
بەس ئەو بتۆپێ، من نامەوێ ژین!
سوور دژی ڕەشە، ڕەشە دژی سەوزە
هەمووان دژبەیەک مۆر و زەرد و شین

بەڵێ... ئێمە کەسوکاری خۆمان خۆش دەوێت، یارمەتییان دەدەین، لە کاتی تەنگانەدا بە دەمیانەوە دەچین، بەڵام بەو مەرجەی لەسەر هەق بن... خۆ ئەگەر بیکەن بە حیزبایەتی و بالبالێن و یەکترخواردن و تانەلەیەکتردان، ئەوە ئاکار و ڕەفتاری نەفامانەیە... ئیسلام بۆیە هاتووە فێرمان بکات یارمەتی هەق بدەین ئیتر هەرکەسێک بێت، لە ناهەق جیا ببینەوە، ئیتر هەرکەسێک بێت... خوای گەورە لەجیاتی بەرنامەیەکی پڕ لە نەفامی ئایینی ئیسلامی بە ئێمە بەخشیوە، کە ئەگەر دەستی پێوە بگرین، باشترین گەل و بەهێزترین و ژیرترین گەل دەبین، خۆ ئەگەر لێی دوور بکەوینەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەفامتر و دۆڕاوتر و خوراوتر دەبین و زۆر لە ئێستا زیاتر دوادەکەوین!



Scanned with Cam



# تا لەسەر کەوسەر پێمدەگەن!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) پیاوێکی مسوڵمانی کرد بە کاربەدەست بۆ ڕاپەراندنی هەندێک کاروباری خەڵکی.. پیاوێکی ئەنصاریش هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە بۆ منیش وەک فلانکەس ناکەی بە کاربەدەست؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئێوە -واتە: ئەنصارییەکان- ئێوە لە دوای من فەزڵ دەدرێت بە سەرتاندا -واتە: مافتان دەخورێت- خۆڕابگرن هەتا لەسەر حەوزی کەوسەر بە من دەگەنەوە!

یەکێک لەو شتە سەرنجڕاکێشانەی کە خوێندوومەتەوە ئەوەیە کە دەگێڕنەوە دەڵێن:

بیشری حافی لەگەڵ پیاوێکدا لە سەفەردا بوون.. پیاوەکە تینووی بوو، لە بیرێک نزیک بوونەوە، پیاوەکە بە بیشری گوت: با بڕۆم لەو بیرە ئاو بخۆمەوە!

بیشر فەرمووی: خۆڕابگرە تا دەگەن بە بیرێکی تر...

گەیشتنە بیرێکی تر... پیاوە وتی: دەی با بڕۆم لەو بیرە ئاو بخۆمەوە!

دیسان بیشر فەرمووی: با بگەینە بیرێکی تر!

بەو جۆرە بە هەر بیرێک دەگەیشتن بیشر دەیفەرموو: با بگەینە بیرێکی تر.. تا گەیشتنە شوێنی مەبەست و لەوێ ئاویان خواردەوە، پاشان بیشر فەرمووی: دەبێ دونیا بەمجۆرە تێپەڕێنی، بە خۆڕاگری!



Scanned with Cam

ئەوەی کە مەبەستمە لەم باسەدا ئەو بەشەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) تێیدا فەرمووی: خۆڕابگرن هەتا لەسەر حەوزی کەوسەر بە من دەگەنەوە!

لەوانەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەمە باشترین وانە بێت لە بارەی خۆڕاگرییەوە... چەند جوانە پێغەمبەر(ﷺ) فێری خۆڕاگری دەکردن... چەند نرخی ئەو خۆڕاگرییە گەورەیە! هەق وایە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) بنووسینەوە و بە دیوارێکدا هەڵیواسین و هەمیشە بە بەرچاومانەوە بێت... هەرجارێک خەریک بوو تووشی تاونێک ببیت، سەیرێکی بکەین...

هەمیشە ئەوەت لە بیر بێت کە دونیا بە خۆڕاگری تێدەپەڕێت... ڕۆژگار ترش بێت یان شیرین، هەر دێت و پاشان دەڕوا... ئەوەی کە دەمێنێتەوە یان پاداشتی کردەوەی چاکە، یان سزا و تۆڵەی کاری خراپ!

هەرکاتێک تووشی هەژاری بوویت و وەک پێویست داهاتت نەبوو، لەولاشەوە هاوڕێکانت بە وەرگرتنی پارەی بەرتیل باری دارایی خۆیانیان بەهێز کردبوو، تۆ خۆڕاگربە و وابزانە پێغەمبەر(ﷺ) بە تۆی فەرمووە: خۆڕابگرن هەتا لەسەر حەوزی کەوسەر بە من دەگەنەوە!

هەر کاتێک تووشی نەخۆشییەک هاتی و بە دەستییەوە دەتناڵاند، ئەوەت لە بیر بێت کە ناڵە و نرکەی مرۆڤی نەخۆش -بە مەرجی ڕازیبوون بە قەزا و قەدەری خوای گەورە و سوپاسکردنی خوای گەورە- وەک تەسبیحات و زیکر وایە... ناخۆشی چەند ڕۆژێکە و کۆتایی پێ دێت... ئا لەو دەمانەدا وابزانە پێغەمبەر(ﷺ) بە تۆی فەرمووە: خۆڕابگرن هەتا لەسەر حەوزی کەوسەر بە من دەگەنەوە!



Scanned with Can

هەر کاتێک دەستە خوشکەکانت جلوبەرگی پۆشتەیان فڕێ دا و سەر و پرچ و سنگ و مل و قاچوقولیان لێ ڕووت کرد، ئیتر بە مەبەستی دەرخستنی جوانی بێت، یان بە مەبەستی پەیداکردنی هاوسەرێک، تۆ خۆڕاگربە و خۆت ڕووت مەکەرەوە و حیجابەکەت فڕێ مەدە و ئیمانی خۆت مەدۆڕێنە و دڵنیابە هەموو شتێک نسیبە... هاوسەرگیریش وەک خواردن و سەروەت و سامان و ڕزق و ڕۆزییە... دەست بە حیجابی خۆتەوە بگرە و مەکەوە ناو تەپکەی شەیتانەوە و بزانە پێغەمبەر(ﷺ) بە تۆی فەرمووە: خۆڕابگرن هەتا لەسەر حەوزی کەوسەر بە من دەگەنەوە!

ئەگەر خزم و کەسوکار ستەمیان لێ کردی و درۆ و بوختانیان بۆت هەڵبەست، ئەوە بێنەوە بیری خۆت کە تەنیا تۆ ستەملێکراو نیت... تەنیا تۆ بوختانت بۆ هەڵنەبەستراوە... ئەوەتا کافرەکانی قورەیش هەزار و یەک دۆرودەلەسە و بوختانیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) هەڵبەست... دەمێک دەیانگوت: شێتە! تاوێک دەیانگوت: جادووگەرە! هەڵێک دەیانگوت: درۆزنە!

لە چاو پێغەمبەردا(ﷺ) ئێمە کێین؟ پێغەمبەرێکی ئاوا گەورە درۆی بە دەمەوە کراوە و بوختانی بۆ هەڵبەستراوە، ئیتر تۆ بۆ خەم دەخۆیت و نیگەرانی؟ وەرە بیرێک لە ژیانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەرەوە و دڵی خۆت بدەرەوە...

دڵی خۆت بەوە خۆش بکە کە ستەمت لێ کراوە و ستەمت لە کەس نەکردووە... درۆت بۆ هەڵبەستراوە و درۆت بۆ کەس هەڵنەبەستووە...

هەر کاتێک خەم و خەفەتێکی دونیا ڕووی تێکردن، خۆڕاگربن و بزانن پێغەمبەر(ﷺ) بە ئێوەی فەرمووە: خۆڕابگرن هەتا لەسەر حەوزی کەوسەر بە من دەگەنەوە!



Scanned with Can



# پشکۆیەکی ئاگرین

پێغەمبەری خوا(ﷺ) مستیلەیەکی زێڕی لە پەنجەی پیاوێکی ئەنصاریدا بینی، لە پەنجەی دەریهێنا و فڕێیدایە سەر زەوی و فەرمووی: ئەوە یەکێک لە ئێوە پشکۆیەکی ئاگر دێنێ و لە دەستی خۆی دەکات؟

دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشت بە پیاوەکە وترا: مستیلەکە هەڵگرەوە و -بیفرۆشە- و سوودی لێ وەربگرە!

پیاوەکە وتی: نا بە خوا ئەوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فڕێی داوە، من هەرگیز هەڵیناگرمەوە!

ئەم وانەیە وانەیەکی گەورە و مەزنە لەو وانانەیە کە بانگەشەی هەمووان دەکات بەرەو لای خوای گەورە و میهرەبان... وانەیەکی گەورە لە بارەی شوێنکەوتنی پێغەمبەرەوە(ﷺ)...

وەرن تەماشای شێوازی جووڵانەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەل دوو کەسدا بکەن:

یەکەم: ئەو پیاوە دەشتەکییەی کە هاتە نێو مزگەوتەوە و میزی کردە ناو مزگەوت و هاوەڵان ویستیان بچن بە گژیدا، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەیهێشت و فەرمووی: دەنگتان بەسەر ئەم پیاوەدا بەرز مەکەنەوە و میزەکەی پێ مەبڕن!



Scanned with Cam

دووەم: لەگەڵ ئەم پیاوە ئەنصارییەدا کە مستیلەکە لە پەنجەی دەردێنێ و نەک هەر فڕێی دەدات، بەڵکوو نیمچە تووڕەبوونێکیشی پێوە دیار بووە!

بێگومان زێڕ بەکارهێنان بۆ پیاوان تاوانە، بەڵام جیاوازی نێوان ئەو دوو کاردانەوەیەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەبەر ئەوە نییە کە میز کردنە ناو مزگەوت تاوانێکی بچووکە و مستیلەی زێڕ لەدەستکردن تاوانێکی زۆر زۆر گەورە بێت! نەخێر، بەڵکوو کاردانەوەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە گوێرەی ئەو کەسانە بووە کە تووشی تاوانەکە بوون، نەک بە گوێرەی خودی تاوانەکە...

تاوانباری یەکەم پیاوێکی عەرەبی دەشتەکی نەزان بوو... لە بیابانەوە هاتبوو، شارستانی نەبوو، هیچ شارەزاییەکی ئایینی نەبوو... بۆیە بە گوێرەی ئاداب و ڕەفتاری خۆیان کاری کرد و لەناو مزگەوتدا میزی کرد...

هەرچی تاوانباری دووەمە خەڵکی شاری مەدینە بوو... یەکێک بوو لە هاوەڵە دێرینەکانی پێغەمبەر(ﷺ)... پێغەمبەر(ﷺ) باش دەیزانی نەرمینواندن باشترە بۆ ئەو عەرەبە دەشتەکییەی کە لە دەشت و بیابانەوە هاتووە و تازە مسوڵمان بووە...

ئەوەشی باش دەزانی کە تووڕەبوون و هەڕەشە باشترە لە نەرمینواندن لە بەرامبەر پیاوێکی شارستانی و هاوەڵێکی دێرین و زانا و کەسێکی ئیماندار...

ڕاستە نەرمونیانی بەرامبەر هەموو چین و توێژێک کارێکی باشە و خودی پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە هەموان نەرمونیان بن، بەڵام ئەوە ڕووداوێکی تایبەت بوو... پێغەمبەری خوا(ﷺ) ویستی فێرمان بکات کە گلەییکردن بە گوێرەی خۆشەویستییە... سەرکۆنەکردن بە گوێرەی ئیمانە... خۆ هەموو نەخۆشێک بە یەک جۆرە دەرمان چارەسەر ناکرێت!



Scanned with Cam

ئەوە وانەی بانگەواز و بانگەشە بوو... هەرچی وانەی شوێنکەوتن و گوێڕایەڵیشە ئەوە کابرای ئەنصاری بوو بە مامۆستای... کەسێک ئامادە نەبێت مستیلەیەکی زێڕ هەڵگرێتەوە هەر لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) فڕێی داوە! ڕاستە مستیلەی زێڕ بەکارهێنان بۆ پیاوان ناڕەوا و حەرامە، بەڵام پیاوەکە دەیتوانی هەڵیبگرێتەوە و بڕوات لە بازاڕ بیفرۆشێت، یان بیدا بە ژنەکەی لە دەستی بکات، بەڵام چونکە ئەوەندە پێغەمبەری خوای(ﷺ) خۆش دەویست، ئامادە نەبوو مستیلەیەک هەڵبگرێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فڕێی دابێت!

ئای لەو شوێنکەوتن و گوێڕایەڵییە چ گەورە بوو!

ئای لەو خۆتەسلیمکردنە بە فرمانی پێغەمبەرایەتی، چ هێزا بوو!

وەک وتمان دەیتوانی مستیلەکە هەڵبگرێتەوە، بەڵام پێی ناخۆشبوو هەڵیبگرێتەوە... دەی باشە ئێمە هەرگیز پێمان ناخۆش بووە کە ئاکار و ڕەفتارێک هەڵبگرینەوە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فڕێی دابێت؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوو (ڕیبا)ـی فڕێ داوەتە سەر زەوی و حەرامی کردووە... داخۆ ئێمەش فڕێمان داوە؟ ئایا مسوڵمانان وەک ئەو پیاوە ئەنصارییە گوێڕایەڵی پێغەمبەرن؟ هەمووان گوتوومانە: بە سەر چاو مادەم ڕیبا حەرامە، ئەوا فڕێمان دا و هەرگیز ناچین بە دەوریدا و بە پارووەکی حەڵاڵ ڕازی دەبین و دەست بۆ دوو پارووی حەرام نابەین؟

خۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) پچڕاندنی سیلەی ڕەحمی فڕێ داوە و خستویەتیە سەر زەوی و پێشێلی کردووە... داخۆ ئێمەش وەک ئەومان کردووە؟ هەرگیز بووە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو کارەی ناڕەوا و حەرام کردووە، ئێمە لێی دوور کەوتبینەوە؟

خۆ بەجێهێنانی سیلەی ڕەحم سوننەتی هەموو پێغەمبەرانە...



Scanned with Can

خۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) گوێڕایەڵینەکردنی دایک و باوکی فەرق داوە و پێشێلی کردووە... داخۆ ئێمە بە گوێمان کردووە و هەرگیز بیرمان لەوە کردووەتەوە کە گوێڕایەڵی باوک، واتە دابینکردنی ناوەراستی بەهەشت؟ هەرگیز بیرمان لەوە کردووەتەوە کە دایک لە هەموو کەسێک زیاتر مافی ئەوەی هەیە چاکەی لەگەڵدا بکەین؟

جارێک لە حەسەنی بەصرییان پرسی: منداڵ دەتوانێت دەمەقاڵێ لەگەڵ دایک و باوکی خۆیدا بکات؟

فەرمووی: نەک لەگەڵ خۆیاندا بەڵکوو بۆی نییە لەگەڵ پێڵاوەکانیشیاندا دەمەقاڵێ بکات!

خۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) خراپەی بەرامبەر دەرودراوسێ فەرق دابوو... پێشێلی کردبوو... هەمیشە دەیفەرموو: جوبرەئیل ئەوەندە لەمەڕ دراوسێوە هۆشداری پێ دام و ئامۆژگاری کردم، وا گومانم برد کە دراوسێ میرات لە دراوسێ وەرگبرێ، نەک کەسوکار!

ئیسلام بۆیە ناوی لێنراوە ئیسلام، واتە خۆتەسلیمکردن بە فرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا(ﷺ)...

دەی ئێمە گوتوومانە: سمعنا و أطعنا... بەسەر سەر و بەسەر چاو؟



Scanned with Cam



# لەشت ساغ بێت و بەهەڵپە بیت

پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کام خێرکردنە لە هەموو جۆرەکانی باشترە؟
فەرمووی: خێر بکەیت و لەشت ساغ بێت و ڕژد بیت، لە هەژاری بترسی و بە تەمای دەوڵەمەندی بیت، مەهێڵە بکەوێتە کاتێک کە گیان دەگاتە قوڕگت و دوایی بڵێی: ئەوەندە و ئەوە بۆ فلان و ئەوەندە و ئەوەش بۆ فلان کەس!

پێش ئەوەی لەمپەرێک بکەوێتە نێوان ئێوە و خواپەرستی و چاکەکارییەوە، ئەوە خواپەرستی و چاکەکاری بکەن کە دوایی بێخەم بن و خەفەتی بۆ نەخۆن!
پێش ئەوەی لەبەر پیری بچنە سەر کورسی و نەتوانن سەر بخەنە سەر زەوی، کاتێک کە گەنج و لەشساغن، ئەوەندە سەجدە بۆ خوا ببەن تا چێژی لێ وەردەگرن... بە گەنجی سەر دانەوێنن بۆ خوای گەورە و ملی بۆ کەچ بکەن...
خۆ ڕاستە خوای گەورە هەردوو جۆرە سەجدەکە وەردەگری، هەم سەجدەی ئەوانەی کە سەری بۆ دەخەنە سەر زەوی و هەم سەجدەی ئەوانەش کە ناتوانن سەر بخەنە سەر زەوی و کەمێک سەریان بۆ خوار دەکەنەوە، بەڵام خوای گەورە زۆر پێیخۆشە بەندەکانی لە کاتی گەنجی و لە هەرەتی لاوی و بەهێزیدا سەجدەی بۆ ببەن و بیپەرستن!



Scanned with Can

نەخۆشی مرۆڤ دەشکێنێ... هەر سروشتی نەخۆشی وایەن مرۆڤ لە خوای گەورە نزیکی دەخاتەوە، بەلام ئەو کەسەی کە گەنجە و هیچ کێشە و نەخۆشییەکی نییە، کاتێ سەجدە بۆ خوای گەورە دەبات، وەک ئەوە وایە بڵێ: خوایە! ئەم سەرە هەرچەند پڕ لە کێشە و ئاریشەی دونیایی و هەزارویەک خەیاڵی تێدایە، بەلام ئەوەتا خستوومەتە سەر زەوی بۆ تۆ و ملم بۆ تۆ کەچ کردووە!

کاتێک لەشتان ساغە حەج بکەن و چێژی لێ وەربگرن... خۆتان بە پێ تەوافی دەوری کەعبە بکەن... لەنێوان سەفاومەڕوەدا هاتوچۆ بکەن... لەو شێوێنانەی دایە هاجەرە خێرا ڕۆیشتووە، ئێوەش خێرا بڕۆن... خۆتان بە دەستی خۆتان شەیتان ڕەجم بکەن... مەیخەنە ئەو کاتەی بە سواری کورسیی تایەدار بە دەوری کەعبەدا بتانسووڕێننەوە و بە پاڵ سەفا و مەڕوەتان پێ بکەن و خۆت نەتوانن و کەسێک بکەن بە بریکار بۆ ئەوەی شەیتانت بۆ ڕەجم بکات!

خۆ بێگومان ڕاستە کە خوای گەورە خواپەرستی بە گوێرەی توانای بەندەکانی وەردەگرێ، لەوانەشە ئەو کەسەی لەسەر کورسیی تایەدار تەواف دەکات، هەموو ئەندامەکانی لاشەی پڕ بێت لە خۆشەویستی و ملکەچی بۆ خودا، بەلام بە خوا خواپەرستی کاتێک چێژی زیاترە، مرۆڤ خۆی بتوانێت بیکات و بە هەموو ئەندامەکانیەوە خەریکی بێت... کاتێک زۆر خۆشە خۆت بیکەیت و کەس نەکەی بە وەکیل و بریکار...

پێش ئەوەی تووشی شەکرە و فشاری خوێن و قورحەی مەعیدە ببن، لە سەردەمی گەنجیدا هەتا دەتوانن ڕۆژوو بگرن...



Scanned with Cam

ئەگەر تەمەندرێژ بێت، سەردەمێکتان لە پێشە نەتوانن ڕۆژوو بگرن و کەفارەتی ڕۆژووەکە بدەن، خۆ بێگومان خوای گەورە کەفارەتی ڕۆژوو لە بری ڕۆژووەکە لە مرۆڤی پەککەوتە وەردەگری، بەڵام ئەوە لە کوێ کە مرۆڤ خۆی بە ئەندامەکانی خۆی خواپەرستی جێبەجێ بکات، لەگەڵ ئەوەی کە کەسێک بۆی جێبەجێ بکات، یان کەفارەت بدات؟

هەر کەسێک پێی وابێت مرۆڤی دەوڵەمەندی پیر ڕزگاری بووە و ئیتر لەجیاتی ڕۆژووگرتن و حەجکردن دەتوانی بە پارە جێبەجێیان بکات، ئەوە کەسێکی هەڵەیە... بە خوا ئەو کەسەی کە مسوڵمانە و ناتوانێت ڕۆژوو بگرێت، قرچەی جەرگی دێت... ئەو کەسەی مسوڵمانە و ناتوانێت خۆی حەج بکات و بریکاری بۆ دەگرن، قرچەی جەرگی دێت!

کاتێک بەهێزن و لەشتان ساغە، خێر بکەن و چێژ لەو خێرە وەربگرن... داخوازییەکانی ژیان زۆر زۆرن... ئەگەر بتەوێت هەموو شتێکی ژیانت تێر و تەواو بکەیت، هەزار مووچەش بە دەم یەکەوە وەربگریت بەشت ناکات، ژیان کۆتایی دێ... خۆشییەکانی ژیان دەبڕێنەوە، بەڵام خێر و سەدەقە کۆتایی نایەت، بەڵکوو دوای نەمانی ژیان دێن بە دەمتەوە و ڕزگارت دەکەن... دەی وا خۆت ڕابێنە هەرجارێک مووچەت وەرگرت، خێرێکی لێ بکەی، ئەگەرچی بڕێکی زۆر کەمیش بێت... چۆن هەموو مانگێک دوای مووچەوەرگرتن پارەکە بەش بەش دەکەیت و ناوی لێ دەنێیت، ئەمە بۆ ئاو... ئەمە بۆ کارەبا... ئەمە بۆ وشکە... ئەمە بۆ سەوزە... ئەمە بۆ میوە و... ئا بەو جۆرەش بڕێک دیاری بکە و بڵێ: ئەمە بۆ خێر!

کارێک مەکە هەر کۆی بکەیتەوە و دوایی بەجێی بهێڵی و خەڵک بیخوات و تۆش لێکۆڵینەوەت لەگەڵدا بکرێت!



Scanned with Can

چاوەڕێ مەبە و مەڵێ: با پیر ببم و بکەومە نێو جێگاوە ئەو کاتە دەست دەکەم بە خێرکردن!

کارێک مەکە خۆت دەستت نەڕواتە پارە و سەروەت و سامانت و میچت پێ نەکرێت و ناچار بڵێیت ئەمە بۆ فلان و ئەوەش بۆ فلان!

ڕاستە خوای گەورە لە هەموو کاتێکدا خێر و سەدەقە وەردەگرێت، بەڵام خێری کەسێکی بەتوانا لە کوێ و خێری کەسێک کە پارەی پێ ناخورێ لە کوێ؟

خێری کەسێک پارەی پێویست بێت بۆ کڕینی پێداویستی ژیان لە کوێ و خێری کەسێک کە نەتوانێت هیچ پێداویستییەک بەکار بێنێت لە کوێ؟

شیعرێکی فارسی دەڵێت:

دانه فلفل سیاه و خال مه رویان سیاه
هردو جان سوزند اما این کجا و آن کجا
تیغ جلادان کج است و ابروی دلدار کج
هر دو خون ریزند اما این کجا و آن کجا

یانی:

تۆوی بیبەر وەک خەڵوزە و خاڵی سەرگۆنەش خەڵوز
هەردوو گیان ئاگر ئەدەن بەس ئەم لە کوێ و ئەو لە کوێ؟
تێخی جەللاد وەک هیلالە و ئەبرۆیی دڵدار هیلال
هەردوو گیانی پیاو ئەبەن، بەس ئەم لە کوێ و ئەو لە کوێ؟



Scanned with Cam



# وتیان: ڕیبایه!

عَنْ أَبي مَسْعُود -رضي الله عنه- قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ آيَةُ الصَّدَقَة كُنَّا نُحَامِلُ، فَجَاءَ رَجُلٌ فَتَصَدَّقَ بِشَيْءٍ كَثِيرٍ، فَقَالُوا: مُرَاءٍ، وَجَاءَ رَجُلٌ فَتَصَدَّقَ بِصَاعٍ، فَقَالُوا: إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنْ صَاعِ هَذَا. فَنَزَلَتْ ﴿ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٩﴾﴾ التوبة: ٧٩ . رواه البخاري.

ئیبن مەسعود دەفەرموێت: دوای ئەوەی ئایەتی سەدەقە[1] دابەزی، ئێمە حەماڵیمان دەکرد و دەستکەوتەکەمان دەکرد بە خێر، پیاوێک هات و شتێکی زۆری کرد بەخێر، کەچی دووڕووەکان گوتیان: ئەوە ڕیبابازە و بۆ ڕیا ئەو هەموو شتە دەکات بە خێر... دوای ئەوە پیاوێک هات و گوێلێک شتی کرد بە خێر، دیسان دووڕووەکان کردیان بە هەرا و گوتیان: خوا پێویستی بە گوێلە خێرێک نییە و نایەوێ... دوای ئەوە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: (ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ...) واتە: ئەو بێباوەڕانەی کە پلار دەگرنە ئەو ئیماندارانەی

---

١ ئایەتی سەدەقە ئەم ئایەتەیە: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٠٣﴾﴾ التوبة: ١٠٣ واتە: لە هەندێ ماڵ و سامانی ئەو (ئیماندارانە) زەکات و خێر وەربگرە، چونکە دەبێتە هۆی خاوێنکردنەوەی ماڵەکانیان و پاککردنەوەی دڵ و دەروونیان و دوعای داباریینی ڕەحمەت بکە بە سەریاندا و ئەگەر مردیشن نوێژیان لەسەر بکە، چونکە بەڕاستی دوعا و نوێژکردنی تۆ مایەی دڵنیایی و ئارامییە بۆیان، خوایش هەمیشە بیسەر و زانایە.



Scanned with Cam

کە زیادە بەخشن لە خێرکردندا، بە ویستی خۆیان لە ڕێگەی خوا و پلاریش لە ئیماندارانی هەژار دەگرن، کە بێجگە لە ڕەنجی شانی خۆیان هیچی تریان دەست ناکەوێت، ئینجا هەر گاڵتەشیان پێ دەکەن، ئەوانە خوا تۆڵەیان لێ دەسێنێت و ڕیسوایان دەکات، بەهۆی ئەو گاڵتەکردنەیانەوە و سزای بەئێش و ئازاریش بەشیانە.

وا دیارە هەندێک شتی ئەم سەر زەوییە هەر ناگۆڕێت و وەک خۆی دەمێنێتەوە، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەندێک کەس هەن هیچ کاروکاسبییەکیان نییە ئەوە نەبێت کە دانیشن و پلار بگرنە خەڵکی، باسی ئەم و ئەو بکەن، خۆیان بکەن بە ڕیشسپی و دەمڕاست و بە ناوی خودایشەوە قسە بکەن! هەروا دادەنیشن و بڕیاری وا دەردەکەن کە مەپرسە! تەنانەت خەڵک بەسەر بەهەشت و دۆزەخدا دابەش دەکەن... خۆ ئەگەر بتەوێت باسی خراپەی ئەو جۆرە کەسانە بکەیت، نازانی لە کوێوە دەست پێ بکەیت!

بە لای ئەوانەوە ئەو گەنجەی هاتوچۆی مزگەوت دەکات، گەنجێکی وشکی دڵمردووی دونیا نەدیدەیە... ئەو گەنجەش کە هاتوچۆی مزگەوت ناکات گەنجێکی دەست و دەم پیسە و هەر شایانی ئەوە نییە سڵاویشی لێ بکەیت!

بە لای ئەوانەوە ئەو کچە عازەبەی کە باڵاپۆشە و خۆی دەرناخات، گێژ و نەزانە و ئاگای لە دونیای مۆدێل و میکیاج و مایکئەپ نییە! ئەو کچەش کە نیمچە ڕووتە و خەریکی سوراو و سپیاوکردنە، ئەوە کچێکی لە خوا یاخی و دوور لە دینە و دۆزەخ جێیەتی!

بە لای ئەوانەوە ئەو کەسەی سفرە بۆ خەڵکی برسی و هەژار و کەمدەرامەت دەڕازێنێتەوە، کەسێکە حەزی لە خۆدەرخستن و



Scanned with Cam

ناوبانگە! ئەو کەسەش کە سفرەی ڕاخراو نییە، کەسێکی چرووک و قرچۆک و ڕەزیلە!

بە لای ئەوانەوە ئەو کەسەی زۆر لە ماڵدا دەمێنێتەوە کەسێکی گۆشەگیرە و ناتوانێت تێکەڵاوی خەڵک بکات و چوار قسە بکات! ئەو کەسەش زۆر دەچێتە دەرەوە دڵی بە ماڵ و منداڵی خۆی خۆش نییە و گوێیان ناداتێ!

بە لای ئەوانەوە ئەو کەسەی لە ماڵدا شیرینی دروست دەکات، کەسێکی قرچۆکە و دڵی نایەت دوو هەزار بدات بە پاکەتێک شیرینی! ئەو کەسەش کە لە دەرەوە دوو هەزار دەدات بە پاکەتێک شیرینی، کەسێکی دەستبڵاوە و ئیسرافچییە و ناتوانێ دوو دینار پاشکەوت بکات!

بەڵێ! ئەو جۆرە کەسانە دەم لە هەموو شتێک دەکوتن و باسی هەموو شتێک دەکەن... باسی هەموو ئەو خراپانەی خەڵک دەکەن کە لە خودی خۆیشیاندا بوونی هەیە!

ئەگەر گەنجێک گوێڕایەڵی دایک و باوکی بێت، دەڵێن: کەسێکی لاوازە و ناتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت!

ئەگەر کچێک لە ماڵەوە بمێنێتەوە و نەچێتە دەر و بازاڕ و خۆی پیشانی کوڕی خەڵک نەدات، پێی دەڵێن: بەڕاستی کچێکی کۆنەپەرستە!

ئەگەر کەسێک دوای دەوامی فەرمانگە کارێکی تری کرد بۆ ئەوەی ئاتاجی کەس نەبێت، پێی دەڵێن: دەیەوێت دونیا حەپەلوش بکات!

ئەگەر پێشنوێژێک لە مزگەوتدا لە کاتی نوێژدا بگری، پێی دەڵێن: بە خوا ئەکتەرێکی باشە!



Scanned with Can

ئەو کەسانە وەک ڤایرۆسی کۆرۆنا و پەتا و تاعوون و چاوەقووڵە و گەڕۆڵی و بەڵەکین... لە هەر شوێنێک چاوت پێیان کەوت، هەتا دەتوانی ڕاکە و لێیان نزیک مەبەوە... با وەک جوحا و کوڕەکەی جوحاتان لێ نەیەت... با بەسەرهاتەکەی جوحا و کوڕەکەی جوحاتان بۆ بگێڕمەوە:

دەڵێن: جارێک جوحا و کوڕەکەی بە سواری گوێدرێژەکەی خۆیان بەرەو شار دەڕۆیشتن... لە ڕێگا خەڵکی لادێیەک چاویان کەوت بە جوحا و کوڕەکەی کە هەردووکیان سواری گوێدرێژەکە بوون، وتیان: ئای لەو دوو پیاوە بێویژدانە! بە دوو کەسی ملەستوورەوە سواری گوێدرێژێکی بەستەزمان بوون!

جوحا دابەزی و کوڕەکەی مایەوە... دایان بە لای گوندێکی تردا، هەندێک کەس چاویان پێ کەوتن و وتیان: ئای لەو کوڕە بێویژدانە و بێئەدەبە! خۆی سواری گوێدرێژەکە بووە و باوکە ڕیشسپییەکەی ڕێ دەکات!

کوڕەکە دابەزی و جوحا سەرکەوت... دایان بە لای لادێیەکی تردا... هەندێک کەس چاویان پێ کەوتن، وتیان: ئای لەو پیاوە بێویژدانە، خۆی سواری کەرەکەی بووە و کوڕەکەی ڕێ دەکات!

لە کۆتاییدا بڕیاریان دا هەردووکیان ڕێ بکەن و ڕەشۆی کەرەکە بگرن و بە دوای خۆیاندا بیکێشن... دایان بە لای لادێیەکی تردا... هەندێک خەڵک چاویان پێ کەوتن... وتیان: کورە سەیری ئەم دوو پیاوە گێل و نەزانە بکەن، کەرێکیان پێیە و بە پێ ڕێ دەکەن... کردوویانە بە خنجەری کابرا!



Scanned with Can



# ژن نیشتیمانە!

خۆزگە ئەو ڕۆژە دەتبینی کە چۆن دوژمن ئابڵوقەی شاری مەدینەی دابوو، کات کاتێکی ناخۆش بوو، مسوڵمانان هەموو خەمبار بوون و دونیایان لێ ببوو بە چەرمی چاوی چۆلەکە! کەوتبوونە نێوان دوو بەرداشەوە، دوژمنی دەرەوە، ئەوانەی کە هەموویان لە دژی مسوڵمانان یەکیان گرتبوو... لەوەش خراپتر دوژمنانی ناوخۆ، ئەوانەی کە هەموو جارێک پەیمانیان دەشکاند و هەر خەریکی فاتوفیت و دووڕوویی و قسەبردن و قسەهێنان بوون!

خۆزگە دیبات ئا لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆن مزگێنی ڕزگابوونی وڵاتی فارس و ڕۆمی بە هاوەڵانی دەدا... ئەگەر تۆ بە چاوی خۆت ئەو پێغەمبەرە ئازادەت(ﷺ) دیبا و بە گوێی خۆت ئەو مزگێنییەت بیستبا، لە دڵی خۆتدا دەتگوت: ئای لەم مرۆڤە گەورەیە چەندە متمانەی بە خوای گەورە پتەوە؟ لە دەرەوە ئابڵوقە دراوین و لە ناوەوە دوژمنان کەنەمان لێ دەکەن، کەچی ئەو مزگێنی ڕزگاربوونی وڵاتی فارس و ڕۆم دەدات!

جەنگ تەواو بوو... دوژمنی دەرەوە و ناوخۆ بە جاری شکان... ڕۆژگار چەرخا... وڵاتی فارس و ڕۆمیش ڕزگار کران... ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝٣﴾ النجم: ٣ ئەو هەر بە هەوا و هەوەس و ئارەزوو قسە ناکات...



Scanned with Cam

باسی ئەو غەزایانەی بۆ هاوەڵان دەکرد کە خۆی نایبینێت و هاوەڵان دەیبینن و خاکێکی زۆر ئازاد دەکەن... فەرمووی: ئێوە وڵاتی میصر ئازاد دەکەن، میصر سەرزەمینێکە ناوی قیراطی تێدا دەبرێ[1]... جا ئەگەر ئەویتان ڕزگار کرد، لەگەڵ خەڵکەکەیدا بە باشی و بە جوانی بجووڵێنەوە، چونکە بە ڕاستی ئەوان هەم ئەمانێکیان لای ئێمە هەیە، هەم خزمایەتی...

لە ڕیوایەتێکدا دەفەرموێت: هەم ئەمان، و هەم زاوا و خەزووری!

ئەمانەکە مەبەستی ماف بوو... مرۆڤ مافی بەسەر مرۆڤەوە هەیە...

خزمایەتیش مەبەستی ئەوە بوو کە دایە هاجەرەی خێزانی حەزرەتی ئیبراهیم و دایکی حەزرەتی ئیسماعیل، خەڵکی ئەوێ بوو... هەرچی زاوا و خەزووریشە مەبەستی ئەوە بوو کە یەکێک لە خێزانەکانی پێغەمبەری خوا کە ناوی (ماریەی قیبطی) بوو، خەڵکی ئەوێ بوو...

تۆ تەماشای گەورەیی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکە! بزانە چ بیروباوەڕێک لەنێو دڵی هاوەڵاندا دەچێنێت... پێغەمبەر(ﷺ) هەر لە حەزرەتی بابە ئادەمەوە هەتا دەگات بە کۆتا کەسی سەر زەوی، هەمووی وەک یەک خێزان تەماشا دەکات... هەر لەبەر ئەوەی کە دایە هاجەرە -کە چەند هەزار ساڵێک پێش پێغەمبەر(ﷺ) ژیاوە- خەڵکی ئەوێ بووە، فرمان دەکات بە هاوەڵان کە سیلەی ڕەحم جێبەجێ بکەن... هەر لەبەر ئەوەی کە خاتوو مایە خێزانی بووە، ملیۆنان کەس بە هاوزا و خزم دەزانێت و فرمان دەکات تا ڕێزیان

---

[1] پێشەوا (ابن حبان) دەفەرمووێ: حەرمەلە فەرموویەتی: خەڵکی میصری (ئەو سەردەمە) بە هەمو جێژن و کۆڕ و کۆبونەوەیەکیان گوتووە: قیراط.



Scanned with Cam

بگیرێت! پەندێکی پێشینان دەڵێت: لەبەر یەک چاو، ڕێز لە هەزاران چاو گیرا...

کەچی لەم ڕۆژەدا گەمژەی وا هەیە دەڵێت: ئایینی ئیسلام سووکایەتی بە ژن دەکات و مافی ژن نادات!

توخوا لە کام ئاییندا هەبووە لەبەر خاتری یەک ژن ڕێز لە تەواوی خەڵکی وڵاتێک بگیرێت؟

بەڵام ئەوانە چونکە ئەوەندە ڕقیان لە ئایینی ئیسلامە، ئەو ڕقەیان کوێر و کەڕی کردوون!

ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) لەبەر خاتری یەکێک لە ژنەکانی فرمانی دەرکردووە تا ڕێزی خەڵکی وڵاتێک بگیرێت! ئاخۆ ئێمە هەتاکو ئێستا چاومان لەو سوننەتەی پێغەمبەر(ﷺ) کردووە و لەبەر خاتری ژنی خۆمان ڕێزمان لە کەسوکاری گرتووە؟ شوێن پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەوتووین و وەک ئەو بەڵێن و ئەمەکمان بەجێ هێناوە؟

خەسوو دایکی دووەمە... خەزوور باوکی دووەمە... ڕێزگرتنیان پێویستە و دەبێت زاوا ڕێز لە خەسوو و خەزووری بگرێت... دەبێت زاوا چاو لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکات و لەبەر ژنەکەی خزم و کەسوکاری ژنەکەی خۆش بوێت!

هەرچی سەبارەت بە ژنیشە تۆ تەماشا بکە بزانە ئەو ڕووداوە چەندە نرخی ئافرەت بەرز دەنرخێنێت؟ بزانە چ ڕێزێکی تیایە بۆ ژنان!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەجی بەجێ هێنا، لە مینا -کە شوێنێکە- نوێژەکانی کورت کردەوە، دوایی حەزرەتی ئەبوبەکریش حەجی کرد، ئەویش لە مینا نوێژەکانی کورت کردەوە... دوایی حەزرەتی



Scanned with Can

عوسمان حەجی کرد، بەڵام ئەو لە مینا نوێژەکانی کورت نەکردەوە... لێیان پرسی: ئەوە چۆن نوێژەکانت کورت نەکردەوە؟ فەرمووی: خەڵکینە! من پێشتر هاتوومەتە ئێرە و لێرە ژنێکم هێناوە... من خۆم گوێم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو دەیفەرموو: هەر کاتێک پیاوێک لە شوێنێک ژنی هێنا، ئیتر با لەو شوێنە خۆی بە ڕێبوار نەزانێ و نوێژ کورت نەکاتەوە!

زانای مەزن (الشنقیطی) لە تەفسیرە بەناوبانگەکەی (أضواء البیان) لەسەر ئەم فەرموودەیە قسەی خۆی هەیە و دەفەرموێت: هەر کاتێک مرۆڤی ڕێبوار لە شارێکدا ژنی هێنا، یان دای بە لای شارێکدا، پێشتر ژنی لێ هێنابوو -واتە: ماڵە خەزوورانی لەوێ بوون- دەبێت نوێژەکانی کورت نەکاتەوە بە تەواوی بیانکات، چونکە ئەو شوێنە وەک ماڵی خۆیەتی، ئەمەش ڕا و مەزهەبی هەر یەک لە پێشەوایان: ئەبوحەنیفە و مالیک و ئەحمەدە، هاوەڵی مەزنیش ئیبن عباس هەمان ڕای هەبووە.

باشە لە ئایینی ئیسلامدا نەبێت، لە کام ئاییندا ژن بووە بە نیشتمان؟



Scanned with Can

# بە گوێرەی نیێتی خۆی!

لە شاری مەککە پیاوێکی قورەیشی داوای ژنێکی کرد، ژنەکە بە (أم قیس) ناسرا بوو... أم قیس مسوڵمان ببوو، کۆچی کرد بۆ مەدینە... وەلامی داخوازی پیاوەکەی بە ئەرێنی دایەوە، بەلام بەو مەرجەی ئەویش کۆچ بکات بۆ شاری مەدینە و لەوێ هاوسەرگیری بکەن... پیاوەکە نەک لەبەر ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ)، بەلکوو تەنیا لەبەر مەرجەکەی أم قیس کۆچی کرد بۆ مەدینە... ئیتر لە شاری مەدینە بە پیاوەکەیان دەگوت: مهاجر أم قیس! واتە: ئەو پیاوەی کە لەبەر أم قیس کۆچی کرد!

ئەم چیرۆکە بوو بە هەوێنی فەرموودەیەکی زۆر گرینگی پێغەمبەری خوا(ﷺ)... پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: «إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لامْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ، فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ، وَرَسُولِهِ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى دُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوِ امْرَأَةٍ يَتَزَوَّجُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە: بەڕاستی هەموو کردەوەیەک هەر بە گوێرەی نیێتە، هەرکەسێک هەر نیێتێکی هێنا، هەر ئەو نیێتەی بۆ حیسابە! هەرکەسێک کۆچکردنەکەی لەبەر خوا و پێغەمبەری خوا بێت، ئەوە لەبەر خوا و پێغەمبەری خوایە(ﷺ)... هەرکەسێکیش کۆچەکەی لەبەر ئەوە بێت شتێکی دونیایی دەست بکەوێت، یان بۆ ئەوەی بێت ژنێک مارە بکات، ئەوە کۆچەکەی بۆ لای ئەو شتانەیە کە کۆچی بۆ کردووە.



Scanned with Cam

بۆ ئەوەی خواپەرستی و چاکەکانمان لای پەروەردگار گیرا ببن، پێویستە دوو مەرجیان تێدا هەبێت، خۆ ئەگەر یەک لەو مەرجانە نەهاتە دی، ئەوە خواپەرستی و چاکەکانی بە بادا دەچن، دەبنە ئەپوتۆز و بابردەڵە!

یەکەم: دەبێت نیەتی ئەو خواپەرستی و چاکەیە ئەوە بێت کە هەر لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە جێبەجێیان بکات...

دووەم: دەبێت خواپەرستی و چاکەکان بە گوێرەی داب و دەستوور و قانونی شەرعی ئیسلام بێت... کەواتە: هەرکەسێک لە نیوەڕۆدا پێنج ڕکات نوێژ بکات و نیەتی ئەوەبێت زیادە ڕکاتێکی بۆ خوا کردبێت، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵە و گیرا نابێت، چونکە بەپێی شەرعی ئیسلام نوێژی نیوەڕۆ تەنیا چوار ڕکاتە و نابێ نە کەم بکرێ، نە زیاد!

هەرکەسێک خێرێکی گەورە، یان بچووک بکات، بەڵام مەبەستی ئەوە بێت کە خەڵکی ببینن و ناوی ببەن، ئەوە خێرەکەی گیرا نابێ و خوای گەورە بۆی نانووسێت... خۆ خێرەکە بە ڕواڵەت خێرە، بەڵام چونکە نیەتەکەی تەنیا بۆ خوا نەبووە، خوای گەورە گیرای ناکات... ئیتر خۆت بە پێودانگ و بە گوێرەی ئەم دوو نموونەیە هەموو خواپەرستی و چاکەکان لە بەرچاو بگرە، ئەزانی لای خوا گیرا دەبێت، یان نە!

مەبەستی سەرەکی ئەمەیە هەرکەسێک هەر نیەتێکی هێنا، هەر لەو نیەتەی بۆ حیسابە!

تەنانەت فریشتەکانی خوداش ئاگایان لە نیەتی ناو دڵی مرۆڤ نییە.. تەنیا خوای گەورە ئاگای لە ناخ و ناو دڵی مرۆڤە... هەر ئەو



Scanned with Cam

دەزانێت مرۆڤ چ نیتێکی هەیە و مەبەستی چییە... مرۆڤیش هەر ئەوەندەی لەسەرە کە بە گوێرەی ڕواڵەت بڕیار لەسەر شتەکان بدات و ئیتر لەوەولا لێگەڕێ بۆ خوای گەورە... وەک کورد دەڵێت: شەرع زاهیر بینە!

دوو کەس پێکەوە دەچن بۆ مزگەوت بۆ نوێژکردن... یەکێکیان تەنیا مەبەستی ڕەزامەندی خوایە، ئەوی تر مەبەستی ئەوەیە کە باوکی ئەو کچەی کە دەیەوێ بچێتە داخوازی، بیبینێ و سبەی ڕۆیشتە داخوازی باوکی کچە بڵێت؛ ئەم پیاوە پیاوێکی باشە و هاتوچۆی مزگەوت دەکات! دەی هەرکەسێک هەر نیتێکی هێنا، لای پەروەردگار هەر ئەو نیتەی بۆ حیسابە!

دوو کەس دەچن و سەردانی نەخۆشێک دەکەن... یەکێکیان تەنیا نیتی ڕەزامەندی خوایە، ئیتر هیچ بەرژەوەندییەکی دونیایی مەبەست نییە، بەلام ئەوی تر مەبەستێکی دونیایی پاڵی پێوە ناوە، دەیەوێ یان ببێ بە تکاکاری و کارێکی بۆ بکات، یان ئەگەر دەوڵەمەندە شتێکی پێ بدات... دەی هەرکەسێک هەر نیتێکی هێنا، لای پەروەردگار هەر ئەو نیتەی بۆ حیسابە!

دوو کەس خزم و دۆستانی خۆیان داوەت دەکەن... یەکێکیان مەبەستی بەجێهێنانی سیلەی ڕەحمە... ئەوی تر دەیەوێ خۆی هەڵکێشێ و خۆی بە گەورە و سەرۆکی خزمان بناسێنێت... کاری هەردوو وەک یەکە، بەلام نیتیان جیاوازە، دەی هەرکەسێک هەر نیتێکی هێنا، لای پەروەردگار هەر ئەو نیتەی بۆ حیسابە!

هەزاران ساڵ پێش ئێستا شتێکی لەم بابەتانە ڕوویداوە... زولەیخا حەزی چووبووە سەر حەزرەتی یوسف، حەززەتی یوسفی بردە ژوورێک و دەرگاکانی داخست و دەیەویست بە ناڕەوا دەستی لەگەڵدا تێکەڵ بکات، بەلام حەزرەتی یوسف پەنای بە خوا گرت



Scanned with Cam

و ملی بۆ زولەیخا کەچ نەکرد، بۆیە حەزرەتی یوسف بەرەو دەرگا هەلات و زولەیخاش بە شوێنیدا... هەردوو بەرەو دەرگا هەلدەهاتن، بەلام هەریەکە و بە مەبەستێک، حەزرەتی یوسف لە تاوان هەلدەهات، زولەیخاش بەرەو تاوان هەلدەهات... دەی هەرکەسێک هەر نیەتێکی هێنا، لای پەروەردگار هەر ئەو نیەتەی بۆ حیسابە!

تۆش هەمیشە ئەوەت لە بیر بێت کە لە قیامەتدا بە فرمانی خوای گەورە کردەوەکان بە گوێرەی نیەتی مرۆڤ دەکێشرێن و دەپێورێن... هەرکەس هەر نیەتێکی هێنابێت، بە گوێرەی ئەو نیەتە پاداشت، یان سزا وەردەگرێت!



Scanned with Can



# بیهاویژه... دایك و باوكم به قوربانت!

لەنێو هاوەڵاندا سەعدی کوڕی ئەبووەقاص تیرئەنگێوترین کەس بوو... لە غەزای ئوحوددا پێغەمبەر(ﷺ) پیاوێکی موشریکی بینی کە زۆر دڕندانە مسوڵمانانی شەهید دەکرد -لە ڕیوایەتێکدا دەفەرموێت: چەند کەسێکی مسوڵمانی سووتاند- پێغەمبەری خوا(ﷺ) تیرێکی لە تیردانەکەی خۆی دەرهێنا و دای بە دەست سەعدەوە و فەرمووی: ئادەی بیهاوێژە دایک و باوکم بە قوربانت بن!

سەعد تیرەکەی لە پێغەمبەر(ﷺ) وەرگرت و خستیە سەر ژێی کەوانەکە و گرتیە پیاوە موشریکەکە و لێیدا... دای لە نزیکی دڵی پیاوەکە و خستی و پیاوەکە مرد... پێغەمبەر(ﷺ) لە خۆشیدا هێندە پێکەنی دانەکانی خرێی دەرکەوتن!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەمووانی فێر کرد تا دەست بە هۆکارەکانەوە بگرن... ئەوەتا لە جەنگی ئوحوددا دوو زرێی لەبەر کردبوو... خۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە هەموو کەسێک زیاتر و باشتر خوای گەورەی دەناسی و دەیزانی بەبێ ویستی خوای گەورە هیچ شتێک ڕوونادات، بەڵام سوننەتی خوای گەورە وایە کە بەندەکانی دەست بە هۆکارەکانەوە بگرن و پشت بە خوا ببەستن...

بڕوانە بزانە چۆن پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆی بە دەستی خۆی تیرێک دەدا بە دەست سەعدەوە! ئەوی ڕۆژێک پێغەمبەری خوا(ﷺ)



Scanned with Cam

لەناو چادرەکەی دانەنیشت و هەر لە دوورەوە سەیر بکات، بەڵکوو خۆی لەنێو جەرگەی جەنگدا وەک سەربازێکی سادە و پاڵەوان دەجەنگا... ئەمە پەیامێکە بۆ هەموو سەرکردەیەک ئیتر لە هەر بوارێکدا کار بکات:

ئەمە پەیامە بۆ بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک تا دابەزێتە خوارەوە و خۆی بەدوای کارەکانیدا بڕوات و لە نزیکەوە چاودێری کارەکان بکات...

پەیامە بۆ وەزیر تا تەنیا بە قسەی بەرپرسی پرسگەکەی خەڵک نەبینێت، بەڵکوو خۆی بڕواتە ناو خەڵکی و بیانبینێت... خۆی گوێیان لێ بگرێ... خۆی بەسەریان بکاتەوە...

پەیامێکە بۆ باوکان تا لەسەر کۆشکی خەون و خەیاڵەکانیان بێنە خوارەوە و هاوکاری ژنەکانیان بکەن... کاتێک ژنەکانیان لە چێشتخانەدا خەریکی دروستکردنی چێشتن، ئاگای لە منداڵەکانی بێت... چیرۆکێک بۆ کچەکەی بگێڕێتەوە... لەگەڵ کوڕەکەیدا یاری بکات... سورەتێکی قورئان فێری منداڵەکانی بکات... خۆ باوک ماسیحە نییە تەنیا هەر خەریکی کۆکردنەوەی پارە و سەروەت و سامان و چلکی دونیا بێت! منداڵ ئەوەندەی پێویستی بە پارە و پۆشاک و یانەیەک هەیە، دوو ئەوەندە پێویستی بە سۆزی باوکە... جیاوازیش زۆرە لەنێوان پەروەردەکردن و بەخێوکردندا...

وانەیەکی تر... پێغەمبەری خوا(ﷺ) تیرێکی دەرهێنا و دای بە دەستی سەعدەوە، چونکە دەیزانی سەعد لە تیرهاویشتندا شارەزایە... لە جەرگەی جەنگیشدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاری شیاوی دەدا بە دەست کەسی شیاوەوە... تیر بۆ باشترین تیرهاوێژ... سەرکردایەتی سوپا بۆ حەمزە... بەڵێ! ئەم گەلی ئیسلامە سەر ناکەوێتەوە هەتا هەر کارێک نەدرێ بە دەست کەسی شیاوی تایبەت بەو کارەوە...



Scanned with Can

هاندان ورە دەداتە بەر مرۆڤ، ڕێک وەک چۆن سەرکۆنەکردن و ڕەخنەی ڕووخێنەر ورە لە مرۆڤ دەسێننەوە و دەیڕووخێنن.. سەرکۆنە و ڕەخنەی ڕووخێنەر گیانی داهێنان لە مرۆڤدا دەکوژن و تین و گوڕی مرۆڤ سارد دەکەنەوە... سەری داهێنان دەبەن بە قوڕا!

بیهاوێژە دایک و باوکم بە قوربانت! ئەوە وشەیەکە ئێستا عەرەب بۆ هاندان و ورەپێبەخشین بەکاری دەهێنن... هەرچەند کات کاتی جەنگە و سەختە، بەلام لەو ساتە ناخۆش و سەختەدا پێغەمبەر(ﷺ) هاوەلانی هان دەدات بۆ ئەرمونیانی... بۆ سەرکەوتن... بۆ پاراستن... بۆ هەر شتێک بە گوێرەی پێویستی...



# زریکەت کوا؟

لە سەردەمی خەلافەتی حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتابدا مارەیی ژنان بەرەو سەر هەڵکشا و زیادی کرد... حەزرەتی عومەر ویستی سنووریکی بۆ دابنێت... ڕۆیشتە سەر مینبەر و وتاریکی بۆ هەمووان خوێندەوە... پێی وتن: دەمەوێ سنووریک بۆ مارەیی دیاری بکەم... ژنێک بە ناوی شیفای کچی عەبدوڵلا هەستا و وتی: قوربان تۆ بۆت نییە کاریکی لەو جۆرە بکەی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا﴾ النساء: ٢٠ واتە: ئەگەر ویستتان ژنێک بخەنە جێگای ژنێکی ترەوە (واتە: ژنێک تەڵاق بدەن و ژنێکی تر بێنن) بە ژنەکەی پێشووتان زێڕ و داراییەکی زۆرتان دابوو، نابێت هیچ شتێکی لێ وەربگرنەوە. ئەگەرچی (مارەییەکە) کلووریکیش بێت.

ئیتر تۆ چۆن دەتوانی مارەیی دیاری بکەیت؟

حەزرەتی عومەر فەرمووی: عومەر نەیپێکا، ئەو ژنە پێکای!

ئەوەی لەم باسەوە دەردەکەوێت ئەوەیە کە مارەیی هەرچەند زۆریش بێت حەرام و ناڕەوا نییە، بەڵام مارەیی زۆر پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)... هەر ئەوەش بوو کە حەزرەتی عومەر هەوڵی دا سنووریک بۆ مارەیی دیاری بکات، چونکە ئەو



Scanned with Can

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ژیری و سیاسەتەی کە هەیبوو دەیزانی مارەیی زۆر چ کاریگەرییەکی خراپ لەسەر کۆمەڵگا دادەنێ و دواتر دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی گەنجان ژن نەهێنن و باسی هاوسەرگیری لە مێشکی خۆیان بکەنە دەرەوە، ئیتر بەو هۆیەوە قەیرە لە هەردوو ڕەگەزدا زۆر دەبن و کۆمەڵگا وردە وردە دەبێت بە کۆمەڵگایەکی پیر و پەککەوتە!

کاتێک حەزرەتی عەلی داخوازی فاتیمەی کچی پێغەمبەری(ﷺ) کرد و پێغەمبەر(ﷺ) ڕازی بوو، فەرمووی: عەلی! شتێک ببەخشە بە فاتیمە و بیکە بە مارەیی بۆی!

حەزرەتی عەلی فەرمووی: ئاخر هیچم نییە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی زرێکەت کوا؟

حەزرەتی عەلی فەرمووی: لای خۆمە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی ئەو زرێیە بکە بە مارەیی بۆ فاتیمە...

زرێیەک کە لە کاتی جەنگدا سەرباز لەبەری دەکات، بوو بە مارەیی کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ)... بوو بە مارەیی گەورەی ژنانی بەهەشت!

ئەوەی کە ئەمڕۆ خەڵکانێک مارەییەکی زۆر دیاری دەکەن، ئەوە دژی سوننەتی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)... خەڵک خراپ تێگەیشتوون، وا دەزانن نرخی کچەکەیان بە مارەیی زۆر بەرز دەبێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بەرزکردنەوەی نرخ و شان و شکۆی کچان نییە... ئەوە دیاریکردنی نرخی کچانە وەکو کاڵا، نەک وەک مرۆڤ! ئەوە جۆرێکە لە بازرگانی پێوەکردن!

کاتێک فاتیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) گواسترایەوە بۆ حەزرەتی عەلی، پێغەمبەر(ﷺ) هەندێک پۆشاک و ڕایەخێک و دەستارێک بۆ



Scanned with Can

شتهاڕین و کونەیەک بۆ ئاو و دوو مەشکە، یەکیان بۆ ئاو و یەکیان بۆ سرکە، کرد بە پێتەکی[1] بۆ فاتیمەی کچی...

تۆ تەماشا بزانە پێغەمبەری خوا(ﷺ) چی کرد؟ ئەو کاتێک کچە خۆشەویستەکەی بە مێرد دەدا، مارەییەکی قورس داوا ناکات... یەک زڕێ دەکات بە مارەیی و دواتر خۆیشی هەندێک شتی لەگەڵدا دەنێرێت، چونکە دەیزانی زاواکەی هەژار و نەدارە...

ئا لەمەوە دەردەکەوێت کە پێتەکی سوننەتی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)... هەوێنی سۆز و خۆشەویستییە لەنێوان خەڵکدا... چاکەیەکە لەگەڵ زاوادا دەکرێ... جا ئەگەر زاوا کەسێکی ڕەسەن و پیاوێکی پیاوانە بێت، ئەوەی لە بیر ناچێتەوە و هەمیشە لە بیریەتی... زۆر کەس لە بەرامبەر خراپەی ژنەکەیدا خۆڕاگر و ئارام بووە، هەر لەبەر ئەوەی ماڵە خەزرووی مرۆڤی باش بوون، ئەویش وەک ئەمەک و وەفا لە بەرامبەر خراپەی ژنەکەیدا خۆڕاگر بووە...

بە زۆری ئەوانەی ژن دێنن گەنجن... تازە سەرەتای ئەوەیانە ئەرکی ماڵ و خێزان بگرنە ئەستۆ... شتێکی وای بە دەستەوە نییە... جا چاوی لەوەیە کە یارمەتی بدرێ و ئاسانکاری لەگەڵدا بکرێ... چاوی لەوەیە ماڵە خەزوورانی بیانووی زۆری لێ نەگرن و ئاسانکاری بۆ بکەن!

---

[1] پێتەکی ئەو شتانەیە کە ماڵە باوانی کچ لە کاتی گواستنەوەدا دەیکەنە دیاری بۆ کچەکەیان و لەگەڵیدا دەینێرن.



Scanned with Can



# من دەردەکەوم!

عَنْ عَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ قَالَ: قَالَ لِي ابْنُ عَبَّاسٍ: «أَلَا أُرِيكَ امْرَأَةً مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ؟ قُلْتُ: بَلَى. قَالَ: هَذِهِ الْمَرْأَةُ السَّوْدَاءُ أَتَتِ النَّبِيَّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أُصْرَعُ، وَإِنِّي أَتَكَشَّفُ. فَادْعُ اللَّهَ لِي، فَقَالَ: «إِنْ شِئْتِ صَبَرْتِ وَلَكِ الْجَنَّةُ، وَإِنْ شِئْتِ دَعَوْتُ اللَّهَ أَنْ يُعَافِيَكِ». فَقَالَتْ: أَصْبِرُ. فَقَالَتْ: إِنِّي أَتَكَشَّفُ، فَادْعُ اللَّهَ أَنْ لَا أَتَكَشَّفَ، فَدَعَا لَهَا». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

ڕۆژێک عەبدوڵڵای کوڕی عباس بە عەتای کوڕی ئەبوڕەبیاحی قوتابی خۆی فەرموو: دەتەوێ ژنێکی بەهەشتیت پێ نیشان بدەم؟

عەتا گوتی: بەڵێ!

عەبدوڵڵا فەرمووی: ئا ئەم ژنە ڕەشە! کاتێ خۆی هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من فێدارم! -کاتێک فێم دێتە سەر و دەبوورێمەوە- هەندێک شوێنم دەردەکەوێت... لە خوا بپاڕێوە با چاک ببمەوە...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر دەتەوێ خۆڕاگری، خۆڕابگرە و بەڵێنی بەهەشتت پێ دەدەم... ئەگەریش دەتەوێ لە خوا دەپاڕێمەوە چاک ببیتەوە، بەلام بەڵێنی بەهەشتت پێ نادەم.

ژنەکە وتی: خۆڕادەگرم، بەلام -کاتێک دەبوورێمەوە- هەندێک شوێنم دەردەکەوێت، داوا بکە لە خوای گەورە لەو کاتانەدا هیچ شوێنێکم دەرنەکەوێت!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) نزای خێری بۆ کرد...



Scanned with Can

ئەو ژنە ژنێکی فێدار بوو، کاتێک فێی لێ دەهات دەبوورایەوە و دەکەوتە سەر زەوی... لەوانەیە لەو کاتانەی کە دەبوورایەوە و ئاگای لە خۆی نەدەما، لەچکەکەی سەری بکەوتایە، یان شوێنێکی دەربکەوتایە، بۆیە دێتە خزمەت پزیشکی دڵان و جەستەکان و داوای نزا و پاڕانەوەی خێری لێ دەکات... ئەویش لەنێوان چاکبوونەوەی کتوپڕ و خۆڕاگری پاداشتی بەهەشت، سەرپشکی دەکات... ژنەکە یەکسەر بەبێ دوودڵی خۆڕاگری و پاداشتی بەهەشت هەڵدەبژێرێت...

ئەم چیرۆکە تایبەتە بەم ژنە... ناکرێت ئیتر هەرکەسێک نەخۆش کەوت بڵێ: ناچم بۆ لای پزیشک و خۆڕادەگرم با پاداشتم دەست بکەوێت... پێغەمبەری خوا(ﷺ) فرمانی کردووە بە هاوەڵان کە لە کاتی نەخۆشیدا دەرمان و چارەسەر بەکار بێنن...

ئەو ژنە ژنێکی زۆر ژیر بوو... بۆیە یەکسەر بەهەشتی هەڵبژارد... ژیانی هەتا هەتایی و خۆشی نەبڕاوەی هەڵبژارد...

ئەو فەزڵی ژیانی هەمیشەیی ئەولای دا بەسەر ژیانی بڕاوە و ناخۆشی ئەملادا...

ئەمانە لێگەڕێ... مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە وتی: خۆڕادەگرم، بەڵام -کاتێک دەبوورێمەوە- هەندێک شوێنم دەردەکەوێت، داوا بکە لە خوای گەورە لەو کاتانەدا هیچ شوێنێکم دەرنەکەوێ!

ئەو ژنە بە لایەوە ئاسایی بوو فێی لێ بێ و ببوورێتەوە، بەڵام ئەوەی بە لاوە ئاسایی نەبوو کە لەچکەکەی سەری بکەوێ و پرچی دەرکەوێت، یان لاقی دەرکەوێت... ئەی هاوار! بۆ ژنان و کچانی ئەمڕۆ خۆیان بە دەستی خۆیان سەر و مل و لاقی خۆیان ڕووت دەکەن و پیشانی هەمووانی دەدەن؟

ژنان و کچانی ئێمە چییان لێقەوماوە؟ خۆ فێدار نین! بۆ بە دەستی خۆیان خۆیان ڕووت دەکەنەوە؟

سەر و مل ڕووت دەکەن... جلی تەسکوترووسک لەبەر دەکەن... چییە؟ وەڵڵا کچە ڕۆشنبیرە و لەگەڵ مۆدێلدا دەڕوات!

باشە بۆ ژن و کچی ئەمڕۆ ئەوەندە خۆیان لا بێنرخ بووە، سەر و سینگ و مل و لاقی خۆیان هەڕاج دەکەن؟ بۆ بە نارەوا خۆیان پیشانی هەمووان دەدەن؟

ئەمە تائیرە مەبەستم ئەو ژن و کچانەیە کە باڵاپۆش نین و خۆیان ڕووت دەکەنەوە، هەرچی لە بارەی ئەو ژن و کچانەشە کە بە ناو باڵاپۆشن و لە ڕاستیدا ڕووتوقوتن، ئەوە خۆت چی دەڵێی بیڵێ و مەترسە!

خۆ باڵاپۆشی تەنیا داپۆشینی دوو تەڵە پرچەکەی سەرت نییە... خۆ تۆ چێشت لێنانییت تا بترسی موویەکی تێبکەوێت... خۆ تۆ خەریکی کاری پزیشکی و نەشتەرگەری نیت، تا بترسی موویەک بکەوێتە شوێنێکی نەخۆشەکەوە!

ئێمە وامان لێهاتووە و باڵاپۆش و سفور لێک ناکەینەوە... وا دەزانین بە لەچکێکی تەنکۆڵە و بچکۆلە سەرت داپۆشی ئیتر ئەوە باڵاپۆشییە!

باڵاپۆشی بریتییە لە پۆشینی جلوبەرگێکی پانوپۆڕ و فراوان هەر لە تەوقی سەرەوە دابپۆشێت هەتا پەنجەی پێیەکان و هیچ شوێنێکت بە دەرەوە نەبێت و باڵاپۆشەکەش تەسک نەبێ و هیچ شوێنێکتی لێوە دەرنەچێت... ئیتر هەر جۆرە جلوبەرگێک پێچەوانەی ئەمە بێت، ئەوە باڵاپۆشی نییە و خۆخەڵەتاندن و خۆڵکردنەچاوی بیر و هۆشە!



Scanned with Cam

ئەو کچەی خۆی بە بالآپۆش دەزانێت و شوێنێکی دیارە، یان دەرچووە، وەک ئەو کەسە وایە بڵێ: من نوێژی نیوەڕۆ دەکەم بە سێ ڕکات! لە سێ ڕکات زیاتر ناکەم... ئێ دادە گیان ئەو سێ ڕکانەش بەتاڵە و نەک خێری هیچت بۆ نانووسرێ، بەڵکوو سزاشی لەسەر وەردەگری!

خواپەرستی دەبێ بە گوێرەی داخوازییەکانی شەرعی خوا بێت، نەک بە گوێرەی ئارەزووی مرۆڤ خۆی... لەچک تەنک و پانتۆلی تەسک و کراس و مەکسی تەسکوترووسک نەک بالآپۆشی نییە، تەنانەت لە سفوریشی تێپەڕاندووە!

ئیتر خۆ باسی بۆنی عەتر و میکیاج و بەکارهێنانی سوراو و سپیاو هەر مەکە!

دادە گیان لە خوا بترسن! ژنانی پێشوو پێشەنگ و نموونەی ئافرەت بوون.. هەر لە سەرەتای ئایینی ئیسلامەوە بە سەدان و هەزاران ژن و ئافرەت پێشەنگ بوون.. دایکێکی نموونەیی بوون.. کچێکی نموونەیی بوون.. ژنێکی نموونەیی بوون.. خوشکێکی نموونەیی بوون.. ئافرەتێکی نموونەیی بوون..

خوشکی مسوڵمان! بێنە بەرچاوی خۆتان، ئەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێوە ئاوا ببینێت، چی دەفەرموویت؟ داخۆ ئێوە لەڕووتان دێ ئا بەم شێوەیەی ئێستاتانەوە بچنە کۆڕ و کۆبوونەوەیەک، کە پێغەمبەری خوای(ﷺ) تیابێت؟



Scanned with Cam



# ئەوە چیتە دایکی سائیب؟

عَنْ جَابِرٍ قَالَ: دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى أُمِّ السَّائِبِ فَقَالَ: «مَالَك تُزَفْزِفِينَ؟». قَالَتْ: الْحُمَّى لَا بَارَكَ اللَّهُ فِيهَا فَقَالَ: «لَا تَسُبِّي الْحُمَّى فَإِنَّهَا تُذْهِبُ خَطَايَا بَنِي آدَمَ كَمَا يُذْهِبُ الْكِيرُ خَبَثَ الْحَدِيدِ». رَوَاهُ مُسْلِم.

واتە: جابر دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕۆیشت بۆ سەردانی دایکی سائیب، فەرمووی: ئەوە چییە دایکی سائیب بۆ وا دەلەرزی؟ وتی: ئەوە تام لێهاتووە خوا بیبڕێ... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: جوێن بە نەخۆشی (تا) مەدەن، چونکە بەڕاستی چۆن کوورە ئاسن لە ژەنگ خاوێن دەکاتەوە، (تا)ش ئاوا مرۆڤ لە تاوان پاک دەکاتەوە.

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا -: أَنَّ «النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دَخَلَ عَلَى أَعْرَابِيٍّ يَعُودُهُ، وَكَانَ إِذَا دَخَلَ يَعُودُهُ قَالَ: لَا بَأْسَ، طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ».

فَقَالَ لَهُ: «لَا بَأْسَ، طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ». قَالَ: كَلَّا، بَلْ حُمَّى تَفُورُ، عَلَى شَيْخٍ كَبِيرٍ، تُزِيرُهُ الْقُبُورَ. فَقَالَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَنَعَمْ إِذًا. رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ.

واتە: ئیبن عباس دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەردانی پیاوێکی عەرەبی دەشتەکی کرد... عادەتی پێغەمبەر(ﷺ) وابوو



Scanned with CamScanner

هەرکاتێک سەردانی نەخۆشی کردبا، پێی دەفەرموو: قەیناکە خراپ نییە، گەر خوا بیەوێ دەبێتە داشۆرینی تاوانەکانت.

پێغەمبەر(ﷺ) بە پیاوە دەشتەکییەشی فەرموو: قەیناکە خراپ نییە، گەر خوا بیەوێ دەبێتە داشۆرینی تاوانەکانت.

پیاوەکە وتی: نەخێر وانییە، بەڵکوو تایەکی گەرم و داخە، بەخەی پیاوێکی پیری گرتووە کە لە لێواری گۆڕدایە.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی با وابێت!

خوای گەورە و میهرەبان لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەندەکانی خۆیدا بەسۆزە، لەبەر یەکێک لەم سێ هۆکارە تووشی بەلا و تاقیکردنەوەیان دەکات:

یەکەم: دەیەوێ ئەو بەلا و موسیبەتانە ببنە کەفارەت و داشۆرینی تاوانەکانی ئەو بەندەیە، تا بەندەکەی بە پاکوخاوێنی بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگار و بەبێ لێپێچینەوە و لێپرسینەوە بچێتە بەهەشتەوە...

دووەم: جاری وا هەیە بەندەیەک زۆر لە خوای گەورە دوور دەکەوێتەوە، خوای گەورە تووشی نەخۆشییەکی دەکات و دڵی بەندەکە نەرم دەبێت و بەرەو لای خوای گەورە دەگەڕێتەوە... بەڕاستی کاتێک مرۆڤ نەخۆش دەکەوێت بە خۆیدا دەچێتەوە و دەست لە تاوان و خراپە هەڵدەگرێت... بیلانەژبی (ولله المثل الأعلى) تۆ تەماشای شوان بکە، کاتێک بەرخێک یان ئاژەڵێک لە ڕانەکە جیا دەبێتەوە، بەردێکی تێدەگرێت، یان گۆچانێکی پیا دەکێشێ و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناو ڕانەکە، جا کە گەڕایەوە بۆ نێو ڕانەکە، ئیتر شوانەکەش دەستی لەسەر هەڵدەگرێ و ئازاری نادات...



Scanned with Cam

سێیەم: جاری وا هەیە خوای گەورە پلەوپایەیەکی هێندە بڵند و گەورەی بۆ بەندەکەی دیاری کردووە، کە هەرگیز ئەو بەندەیە بە خواپەرستی و خێرکردن و عیبادەتی خۆی ناتوانێ بگا بەو پلەوپایەیە، جا خوای گەورە نەخۆشی و ناخۆشییەک دەدا بە سەریدا و ئەویش خۆڕادەگرێ و سوپاسی خوا دەکات و خوای گەورەش لە بەرامبەردا پلەوپایەی بەرز دەکاتەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە خۆی بۆی دیاری کردووە...

با گومانتان بە خوای گەورە جوان بێت... دڵنیا و خاترجەم بن کە خوای گەورە پێویستی بەوە نییە سزای هیچ کەسێک بدات... خوای گەورە لە بەسۆزترین دایک بەسۆزترە... دەی کاتێک تووشی نەخۆشییەک دەبن، خۆڕابگرن و لەگەڵ خوای خۆتان بەڕێز و بەئەدەب بن... سوپاسی خوای گەورە بکەن... ئاه وناڵەکانتان بە وتنی (استغفرالله) برازێننەوە... دڵی خۆتان لەسەر ئەوە دامەزرێنن کە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە لەبەر یەکێک لەم سێ هۆکارە تۆی تووشی نەخۆشی و ناخۆشی کردووە...

ئەگەر تاوانباری -بە دڵنیاییەوە کەسیش نییە تاوانی نەبێت- ئەوە دەستەکانت بەرز بکەرەوە و بڵێ: خوایە! زۆر سوپاس بۆ تۆ بۆ ئەو بەسەرکردنەوە و پاککردنەوەیە، تۆ من لە تاوان پاکوخاوێن دەکەیتەوە و زۆربەی زۆری دەرمانەکانیش تاڵ و تفت و ناخۆشن!

ئەگەر دوای نزیکبوونەوە لە خوای گەورە دیسان لێی دوور کەوتیتەوە، بڵێ: پەروەردگارا! زۆر سوپاس بۆ تۆ! من لە تۆ دوور کەوتمەوە، بەڵام تۆ ناتەوێ لێت دوور بکەومەوە، وا گەرامەوە بۆ لات!

ئەگەر نە ئەم بوو نە ئەو، نەخۆشییەکەت لە تاوانەکانت گەورەتر بوو، بڵێ: خوایە سوپاس بۆ تۆ! من وا گومان بە تۆ دەبەم کە منت بۆ پلەوپایەیەکی بەهەشت دروست کردبێت و من نەتوانم بە عیبادەت پێی بگەم، بۆیە تۆش بەو نەخۆشی و ناخۆشییە من بەسەر دەکەیتەوە و ناتەواوییەکانم بۆ پڕ دەکەیتەوە!



Scanned with Can





# حەنزەلە بووە بە دووڕوو!

حەنزەلە -کە یەکێک بوو لەو کەسانەی نامە و قورئانیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەنووسییەوە- دەفەرموێت: ئەبوبەکرم پێگەیشت... وتی: حەنزەلە چۆنی؟ منیش وتم: حەنزەلە بووە بە دووڕوو! ئەبوبەکر وتی: پاک و بێگەردی بۆ خوا! ئەوە چی دەڵێی؟ منیش وتم: کاتێک لە خزمەت پێغەمبەرداین(ﷺ) باسی بەهەشت و دۆزەخمان بۆ دەکات، دەڵێی خۆمان بە چاوی خۆمان دەیبینین... کاتێک لە خزمەت ئەو ڕۆیشتینەوە و پەیوەندیمان کرد بە ژن و منداڵ و ماڵ و سەروەت و سامانەوە، دەڵێی: نە هیچمان بیستووە و نەهیچمان بینیوە! ئەبوبەکر فەرمووی: سوێند بە خوا ئێمەش وەک تۆ واین! هەردووکمان ڕۆیشتینە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)... وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەنزەلە بووە بە دووڕوو! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆ؟ چی بووە؟ وتم: کورە قوربان ئێمە دێینە خزمەتت باسی بەهەشت و دۆزەخمان بۆ دەکەیت... وا دێتە بەرچاومان دەڵێی هەر بەڕاستی و بە چاوی سەر دەیبینین... کەچی لای جەنابت هەڵدەسین و دەڕۆینەوە و پەیوەندی دەکەین بە ژن و منداڵ و ماڵ و سەروەت و سامانەوە، دەڵێی: نە هیچمان بیستووە و نەهیچمان بینیوە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە، لای من چۆنن، ئەگەر بەردەوام واین فریشتەکانی خوای



Scanned with Cam

گەورە لەسەر ڕێگاوباندا تەوقەتان لەگەڵدا دەکەن، بەلام حەنزەلە مرۆڤ سات ساتە... سێ جار وای فەرموو! (رواه مسلم).

بەدوای دڵی خۆتدا بگەڕێ و هەواڵی بپرسە... جار جار چاودێری بکە بزانە چەندێ ئیمانی تیایە؟ بزانە چەند لەخواترسانی تیایە؟ بزانە چەند خۆی لە حەرام دەپارێزێت؟

ئەگەر نەرم بوو... ئەگەر بەزەیی تێدا بوو... ئەوە سەری بۆ هەق نەوی کردووە... ئەوە ڕقی لە ناهەقی و کوفرە... حەنزەلە بۆیە ئاوا خەمی لێهات، چونکە چاودێری دڵی خۆی کرد، بۆی دەرکەوت ئەو دڵە کە لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) لە گەڵیایەتی هەمان ئەو دڵە نییە کە لە ماڵەوە لەگەڵیایەتی...

مرۆڤی مسوڵمان پێی گرانە و پێی ناخۆشە لە نیوەی ڕێگای خواپەرستی بگەڕێتەوە و ڕێگاکە تەواو نەکات... ئەگەر خووی بە شەونوێژەوە گرت، دوایی چەند شەوێک هەڵنەستا بۆ شەو نوێژ، ئەوە خەوەکەی لەجیاتی ئەوەی خۆشی و چێژی پێ ببەخشێ، ناخۆشی پێ دەبەخشێت و ئازاری دەدات... کاتێک بەیانیان بەکۆمەڵ و لە مزگەوتدا نوێژ دەکات، دوایی ئەگەر واز لە نوێژی بەکۆمەڵ بهێنێت، بێتاقەت و ئائارام دەبێت...

هەواڵی دڵی خۆت بپرسە، پشت بە ڕابردوویەکی پرشنگدار مەبەستە... زۆرمان بینی چاک بوون، کەچی پێیان هەڵخلیسکا و تا لای شەیتان خش بوونەوە... زۆر نێو چەوان هەبوو تا دەرەنگانێک لەسەر زەوی گیر دەبوون و سەجدەیان بۆ خوا دەبرد، کەچی پەنا بە خوا لە دواییدا تێکچوون و وازیان لە خواپەرستی هێنا... کەواتە گرنگ کۆتایی مرۆڤە، نەک سەرەتا و ناوەڕاست...



Scanned with Can

سات ساتە... یانی مسولمان ناتوانێت لەسەر یەک شێوەی خواپەرستی بمێنێتەوە و هەمیشە و بەردەوام هەروا بێت... ئەوە ژیانە دەبێت لەگەڵیدا بچی... ئەوە کارە دەبێت ڕاییەڕێنی... ئەوە ژن و منداڵە دەبێت پێیان ڕابگەی... ئەوە خزم و کەسوکار و دراوسێیە، دەبێ ئاگات لێیان بێت... سەردانی دۆست و برادەرە، دەبێ بیانکەی... دیارە ئەوانە هەموویان ئاسایین، ئەوە مانای سات ساتە!

ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ساتێک بۆ خوا و ساتێک بۆ شەیتان!

ساتێک لە مزگەوتدا و ساتێک لە قومارخانە!

ساتێک بە جلوبەرگی نوێژەوە و ساتێک بە جلوبەرگی سفورەوە!

ساتێک خێر و سەدەقە و ساتێک ڕیبا و سوو!

ساتێک هاونشینی لەگەڵ پیاوچاکان و ساتێک تێکەڵاوی مرۆڤی بەدڕەوشت!

سات ساتە... یانی ناتوانی هەموو ساتەکانت لە خواپەرستیدا بڕەوێنی، بەڵکوو ساتێک خواپەرستی و ساتێکیش کارێکی ڕەوا... سەردانکردنی دۆست و خزمان بەجێهێنانی سیلەی ڕەحمە... پەیداکردنی بژێوی لە ڕێگەی حەڵاڵەوە بۆ ئەوەی لە حەرام دوور بکەویتەوە و دەست لە خەڵکی پان نەکەیتەوە، ئەوەش خۆی بۆ خۆی خواپەرستی و عیبادەتە... ئەم ئایینە گەورەیە ئەو پارووەی کە مێردێک دەیکات بە دەم ژنەکەی خۆیەوە، ئەوەشی بە خواپەرستی بۆ دەنووسێت!



Scanned with Cam



# ئەوە سابت کوا؟

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، أَنَّهُ قَالَ لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ} [الحجرات: ٢] إِلَى آخِرِ الْآيَةِ، جَلَسَ ثَابِتُ بْنُ قَيْسٍ فِي بَيْتِهِ، وَقَالَ: أَنَا مِنْ أَهْلِ النَّارِ، وَاحْتَبَسَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَسَأَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سَعْدَ بْنَ مُعَاذٍ، فَقَالَ: «يَا أَبَا عَمْرٍو، مَا شَأْنُ ثَابِتٍ؟ اشْتَكَى؟» قَالَ سَعْدٌ: إِنَّهُ لَجَارِي، وَمَا عَلِمْتُ لَهُ بِشَكْوَى، قَالَ: فَأَتَاهُ سَعْدٌ، فَذَكَرَ لَهُ قَوْلَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ ثَابِتٌ: أُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ، وَلَقَدْ عَلِمْتُمْ أَنِّي مِنْ أَرْفَعِكُمْ صَوْتًا عَلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَأَنَا مِنْ أَهْلِ النَّارِ، فَذَكَرَ ذَلِكَ سَعْدٌ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «بَلْ هُوَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ». رواه مسلم.

ئەنەس دەفەرموێت: دوای ئەوەی ئایەتی (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ) (الحجرات :٢)

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا(ﷺ) بەرز مەکەنەوە لە کاتی گفتوگۆدا، قسەی بێپەردە مەکەن لە خزمەتیدا، نەوەکو کردەوەکانتان پووچ بێتەوە و هەستیشی پێ نەکەن) دابەزی، سابیتی کوڕی قەیس لە ماڵ مایەوە و نەدەهاتە دەر -چونکە دەنگی زۆر بەرز و گڕ بوو- وتی: من دۆزەخیم! ئیتر وەک جاران نەدەهاتە خزمەت



Scanned with Can

پێغەمبەری خوا(ﷺ)... پێغەمبەری خوا(ﷺ) پرسیاری لە سەعدی کوڕی مەعاز کرد فەرمووی: باوکی عەمر! ئەوە سابیت بۆ دیار نییە؟ نەخۆشە؟ سەعد فەرمووی: سابیت دراوسێمانە نەمبیستووە نەخۆش بێت! سەعد ڕۆیشت بۆ لای سابیت و هەواڵپرسینەکەی پێغەمبەری(ﷺ) بۆ گێڕایەوە... سابیت وتی: ئەو ئایەتە دابەزیوە و ئێوەش دەزانن کە من لە هەمووتان دەنگم بەرزترە بەسەر پێغەمبەری خوادا(ﷺ)... کەواتە من دۆزەخیم! سەعد ئەوەی بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) باس کرد... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەخێر سابیت بەهەشتییە.

پرسیارێک: چەند جار قورئانمان خوێندووەتەوە و وامانزانیوە کە فەرموودەکانی قورئان مەبەستی ئێمەیە؟

تا ئێستا ئایەتێکمان لە بارەی تەوبەوە خوێندووەتەوە و هەست بکەین و لە دڵی خۆماندا بڵێین: خوای گەورە مەبەستی منە و پێم دەڵێت: فلانکەس! تەوبە بکە؟

تا ئێستا ئایەتێکمان خوێندووەتەوە کە باسی سەدەقە و خێر بکات و هەستمان کردبێت کە خوای گەورە پێمان دەفەرموێت: فلانکەس! خێر و صەدەقە بکە؟

تا ئێستا ئایەتێکمان خوێندووەتەوە کە باسی بەجێهێنانی سیلەی ڕەحم بکات و هەستمان کردبێت کە خوای گەورە پێمان دەفەرموێت: فلانکەس! سیلەی ڕەحم جێبەجێ بکە؟

تا ئێستا ئایەتێکمان خوێندووەتەوە کە باسی چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوکدا بکات و هەستمان کردبێت کە خوای گەورە لەگەڵ ئێمەیەتی و پێمان دەفەرموێت: لەگەڵ دایک و باوکتاندا چاکەکار بن!

ئائەمە یەکێکە لە جیاوازییەکانی نێوان ئێمە و هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ)... ئەوان بە جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ قورئاندا دەکرد، وەک ئەوەی ئایەتەکان مەبەستی ئەوان بێت و قسە لەگەڵ ئەواندا بکات...

تەماشای ئاکار و ڕەفتاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەن!

ئەها چۆن هەواڵی هاوڕێکەی پرسی و فەرمووی: ئەوە سابت بۆ دیار نییە؟

سەرەتا پێغەمبەر(ﷺ) وایزانی نەخۆشە و ناتوانێت بێتە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەوە!

ئێمە هەتا ئێستا هەواڵی هاوڕێیەکی خۆمان پرسیوە و گوتوومانە: ئەوە بۆ فلانکەس دیار نییە؟ خێرە خۆ شوکور نەخۆش نییە؟

کاتێک کەسێکی نزیکمان لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا دیار نییە و دەبوو دیار بێت، هەواڵمان پرسیوە و گوتوومانە: ئەرێ بۆ فلانکەس دیار نییە؟ خۆ نەخۆش نییە شوکور؟

تا ئێستا وا ڕێکەوتووە لە فەرمانگە هاوڕێیەکمان دیار نەبێت و پەیوەندیمان پێوە کردبێت و هۆکاری دیارنەبوونیمان پرسیبێت؟

هەندێک کار هەیە هەرچەندە زۆر بچووکە، بەڵام مانای گەورەی تێدایە... هەواڵپرسینی کەسێک کارێکی بچووکە، بەڵام مانای گەورەی هەیە!

تەماشای ئاکار و ڕەفتاری سەعدی کوڕی مەعازیش بکە، کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەواڵی سابتی لێ دەپرسێت یەکسەر بەرەو ماڵی سابت بەڕێ دەکەوێت و هەواڵی ئەوەی پێ دەدا کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەواڵی پرسیوە!



Scanned with Can

یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک لە پاشملە یەکجار بە خراپە باسی کەسێکی تر بکات، دەیان کەس دووزمانی دەکەن و قسەکەی بۆ دەگێڕنەوە، بەلام سەد جار بە باشە باسی بکات یەک کەس ئامادە نییە بۆی بگێڕێتەوە!

دەی ئەگەر ناتوانی گوڵ فرۆشبیت... ئەگەر ناتوانی بۆنفرۆش بیت... مەبە بە پریسکی نێو کوورە...

یان کورد گوتەنی: ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە!



Scanned with Cam



## جیهادت لەسەر نییە!

عەمری کوڕی جەموح پیاوێکی شەلی زۆر شەل بوو... چوار کوڕی هەبوو لە دلێری و زیرەکیدا وەک شێر وابوون.. هەر چواریان لە جەنگی بەدردا لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بەشدارییان کردبوو...

غەزای ئوحود هاتە پێشەوە، عەمر ویستی لەگەڵ چوار کوڕەکەیدا و لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بڕوات بۆ جیهاد، بەڵام کوڕەکانی دەیانەویست لەماڵەوە بمێنێتەوە و پێیان گوت: خوای گەورە جیهادی لەسەر تۆ فەرز نەکردووە!

عەمر هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و فەرمووی: کوڕەکانم دەیانەوێت لە ماڵەوە زیندانیم بکەن و نەهێڵن لە خزمەت تۆدا بێم بۆ جیهاد، بە خوا من پێمخۆشە بەم قاچە شەلەمەوە بچمە بەهەشتەوە و بە شەلەشەل پیاسەی تیا بکەم!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئاخر خوای گەورە تۆی بەخشیوە و جیهادت لەسەر نییە...

بە کوڕەکانیشی فەرموو: لێیگەڕێن بەرگری لێ مەکەن، بەڵکوو خوای گەورە شەهیدبوونی لە چارەدا نووسیبێت!

کوڕەکانی ڕێگەیان دا بە باوکیان بڕوات بۆ جیهاد و عەمر ڕۆیشت بۆ جیهاد... لە ڕێگەدا بە پێغەمبەری(ﷺ) گوت: ئەگەر من ئەوەندە لەپێناو خوادا جەنگ بکەم هەتا دەکوژرێم، بڵێی بەم لاقە شەلەمەوە بە ساغی لە بەهەشتدا ڕێی بکەم؟



Scanned with Can

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ!

لە جەنگی ئوحوددا عەمر شەهید بوو، پێغەمبەر(ﷺ) لەناو شەهیدەکاندا چاوی بە عەمر کەوت و فەرمووی: دەڵێی ئا ئێستا تەماشای تۆ دەکەمەم و چاوم لێیە کە بەم قاچەتەوە بە ڕێکوپێکی و بە ساغ و سەلامەتی لە بەھەشتدا ڕێ دەکەیت!

ئای لەو پاڵەوانێتییەی عەمر! ئەو بەو قاچە شەلەوە دەڕوات بۆ جیھاد و خەڵکانێکی لەشساغیش لە ماڵەوە دەمێننەوە... ئای لەو وانەیە چەندە مەزنە و ناوەڕۆکەکەی دەڵێت: ھەرچۆنێک بێت بەرەو خوای خۆت بڕۆ! مەھێڵە ھیچ شتێک پەکت بخات! زۆر لە خۆت بکە، دونیا دوو سێ ڕۆژە تێدەپەڕێ و خۆت بگەیەنە بەھەشتی نەبڕاوە!

یەکێک لەو شتانەی کە خەڵکی دەگەیەنێتە بەھەشت، کار و کردەوەی چاکەیە بە نیەتی ڕەزامەندی خوای گەورە... خۆ ئەگەر ئەو کارە خێرانە نەکەن، کەس سەرکۆنەیان ناکات و کەس لێیان ناپرسێتەوە...

ئەو زگە برسییەی کە تۆ لەبەر خوا تێری دەکەیت و ھیچ خزمایەتی و بەرژەوەندییەک لەنێوانتاندا نییە، ئەوە ھەنگاوێکی گەورەیە بەرەو بەھەشتت دەبات...

کاتێک ژن و پیاوێک پێکەوە ناکۆکن و خەریکە لە یەکتر جیا دەبنەوە و تۆ دەبیتە ھۆکاری ئاشتبوونەوە و دامەزراندنەوەیان و ناھێڵی ماڵیان لێ تێک بچێت و منداڵیان سەرگەردان بێت، ئەوەش ھەنگاوێکی مەزنە بەرەو بەھەشت!

کاتێک لەبەر ڕەزامەندی خوا دەتەوێت مافێک بۆ خاوەن ماف بگێڕیتەوە و ھیچ بەرژەوەندی و قازانجێکی بۆ تۆ تێدا نییە، ئەوەش ھەنگاوێکی گەورە و مەزنە بەرەو بەھەشت!



Scanned with Can

کاتێک لەبەر ڕەزامەندی خوا منداڵێکی لاسار ئامۆژگاری دەکەیت و دەبێتە ڕێک و لەگەڵ دایک و باوکیدا ئاشتیان دەکەیتەوە، ئەوەش هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو بەهەشت!

کاتێک لەبەر ڕەزامەندی خوا دەرمان بۆ نەخۆشێکی هەژار دەکڕی، یارمەتی نەدارێکی داماو دەدەیت و کارێکی بۆ جێبەجێ دەکەیت، کارێکی شیاو بۆ بێکارێکی داماو دەستەبەر دەکەیت، سەرپەرشتی بێوەژنێکی منداڵداری هەژار دەگریتە ئەستۆ، ئەوانە هەموو هەنگاوی گەورەن بۆ چوون بەرەو بەهەشتی نەبڕاوە!

خوای گەورە زۆری پێخۆشە بەندەکانی چاکەکار بن، بەهەشتی بۆ چاکەکاران دروست کردووە!



Scanned with Can



## دایکی سەلەمە! ئەو خەڵکە چیانە؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە خەودا بینیی کە خۆی و هاوەڵانی دەچنە نێو شاری مەککە و تەوافی کەعبە دەکەن... بۆ بەیانی خەوەکەی بۆ هاوەڵان گێڕایەوە... هاوەڵان زۆر خۆشحاڵ بوون چونکە دەیانزانی خەوی پێغەمبەران ڕاستە و گومانی تێدا نییە... ئەوانیش هەمیشە خولیای ئەوە لە دڵیاندا بوو کە بچنەوە بەرەو شارەکەی خۆیان و تەوافی ماڵی خوای گەورە بکەن!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ چوار هەزار هاوەڵ بەرەو شاری مەککە وەڕێ کەوت... لەو سەفەرەدا ناوی (ئومو سەلەمە)ـی خێزانی لە تیروپشکدا دەرچوو، بۆیە ئەو هاوڕێیەتی پێغەمبەری(ﷺ) کرد...

هەمووان گەیشتنە حونەین، لەوێ چەند ڕێککەوتن و گفتوگۆیەکی بەنێوبانگ لەنێوان مسوڵمانان و قورەیشدا ڕوویدا... لە کۆتاییدا سەهلی کوڕی عەمر وەک نوێنەری قورەیش هات و ڕێککەوتن واژوو کرا... ڕێککەوتنەکە بە ڕێکەوتنی حودەیبیە ناوبانگی دەرچوو...

هەندێک لە خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتنە ئەمانە بوو:

١- دەبێ ئاگربەستێک لەنێوان هەردوولادا هەبێت بە لای کەمەوە دە ساڵ بخایەنێت...

٢- ئەمساڵ مسوڵمانان بگەڕێنەوە و ساڵی داهاتوو بێنەوە بۆ عەمرە...

٣- هەرکەسێکی قورەیشی هات و مسوڵمان بوو، دەبێت مسوڵمانان ڕادەستی قورەیشی بکەنەوە، بەڵام ئەگەر مسوڵمانێک پاشگەز بوویەوە



Scanned with Cam

و هاتەوە نێو قورەیش، ئەوا قورەیش ڕادەستی ناکەنەوە!
٤- هۆزەکانی عەرەب ئارەزووی خۆیانە، گەر پێیان خۆشبێت لەگەڵ قورەیشدا دەبنە هاوپەیمان، ئەگەریش بیانەوێ لەگەڵ مسوڵماناندا ببنە هاوپەیمان، ئەوە دەتوانن و کەس ڕێگرییان ناکات!

مسوڵمانان ئەو ڕێکەوتنەیان وا دەهاتە بەرچاو کە قورەیش تێیدا براوەیە، بۆیە زۆربەیان لەبەر خۆشەویستی خودا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەواو تووڕە بوون و بەو ڕێکەوتنە ڕازی نەبوون، تەنانەت حەزرەتی عومەر هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: مەگەر ئێمە لەسەر هەق نین و دوژمن لەسەر ناهەق نین؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: با!

حەزرەتی عومەر فەرمووی: دەی بۆ سەرکزی قبووڵ بکەین؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) چونکە پێغەمبەر بوو، سروشی بۆ دەهات، هەموو گیانی پڕبوو لە متمانە بە خوای گەورە، باش باش دەیزانی کە ئەو ڕێککەوتنە هەنگاوی یەکەمە بۆ ڕزگاربوونی شاری مەککە، بۆیە جاڕی دا و فەرمووی: خەڵکینە! ئەو ئاژەڵانەی کە هێناوتانە لە مەککەدا بیکەنە قوربانی، لێرە بیکەنە قوربانی و سەرتان بتاشن!

مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە بوو کە خوای گەورە عەمرەکەی لێ وەرگرتوون، بەڵام هاوەڵان چونکە ئەوەندە خوا و پێغەمبەری خوایان خۆش دەویست و زۆر بە تاسەوە بوون بۆ دیداری کەعبە و تەوافکردن و جێبەجێکردنی عەمرە، کەس لە جێی خۆی نەبزووت و کەس هەڵنەستا بۆ ئەوەی فرمانەکەی پێغەمبەر(ﷺ) جێبەجێ بکات...

پێغەمبەر(ﷺ) دیسانەوە فرمانەکەی دووبارە کردەوە، بەڵام ئەمجارەش کەس بە گوێی نەکرد... بۆ جاری سێیەم دووبارەی کردەوە، بەڵام دیسان کەس لە جێی خۆی هەڵنەستا و فرمانەکەی جێبەجێ نەکرد!



Scanned with Cam

پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتەوە بۆ لای خێزانەکەی، بۆ لای دایکی سەلەمە، فەرمووی: دایکی سەلەمە ئەوە ئەو خەڵکە چییان لێ قەوماوە؟

دایکی سەلەمە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەوانە تووشی خەم و خەفەت بوون، لەگەڵ کەسیاندا قسە مەکە، بەڵکوو تۆ خۆت هەستە و ئەو ئاژەڵەی کە خۆت هێناوتە بۆ قوربانی، سەری ببڕە و سەرت بتاشە، ئەگەر تۆ خۆت ئەو کارانە جێبەجێ بکەی، ئەوانیش وەک تۆ جێبەجێی دەکەن!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەستا و قسەی لەگەڵ کەسدا نەکرد و ئاژەڵەکەی خۆی سەربڕی و سەری چاک کرد... هاوەڵان کە ئەوەیان لە پێغەمبەر(ﷺ) بینی، هەموویان هەستان و ئاژەڵی خۆیان سەربڕی و سەریان چاک کرد...

مەخسەد لەم چیرۆکە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) سرووشی بۆ دەهات، خوای گەورە خۆی یارمەتی دەدا و دەیپاراست... کەچی لە بابەتێکی گرنگ و سیاسیدا کە پەیوەندی بە ئوممەتی ئیسلامەوە هەیە، پرس و ڕاوێژ بە ژنی خۆی دەکات... کاتێکیش وەڵامێکی جوان و بەجێ لە ژنەکەی دەبیستێت، یەکسەر جێبەجێی دەکات...

ئەو کارەی پێغەمبەر(ﷺ) کارێک نەبوو کە تانە لە پیاوەتی مرۆڤ بدات، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەو کارە کارێکی زۆر پیاوانە بوو، چونکە گەورە و سەرداری هەموو پیاوان ئەو کارەی کرد، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە کارێکی زۆر پیاوانەیە... کەچی ئێستا لە هەندێک کەسی ناکەس و بەناو پیاو دەبیسترێت کە پرس بە ژن بکەن و بە گوێی مەکەن! ئەوە ئەو قسانە جگە لە پیاوسالاری هیچی تر نییە و بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ئایین و سوننەتەوە نییە!



Scanned with Cam



## دەترسی نەدار بن؟

عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب پیاوێکی زۆر زۆر خێرۆمەند بوو، هەرشتێکی دەست بکەوتایە، یەکسەر دەیکرد بە خێر... ئەوەندە خێری دەکرد تەنانەت ئامۆزاکانی کە گەورەی گەنجانی بەهەشتن، واتە: حەزرەتی حەسەن و حەزەرتی حوسەینی کچەزای پێغەمبەر(ﷺ) لەو خێرکردنەی ترسان و ئامۆژگارییان کرد کە هەندێک دەست بە ماڵەوە بگرێ!

عەبدوڵڵا فەرمووی: خوای گەورە شتێکی بۆ من کردووە بە عادەت، منیش شتێکم بۆ بەندەکانی خوا کردووە بە عادەت، دەترسم ئەگەر من عادەتی خۆم بگۆڕم، خوای گەورەش عادەتی خۆی بگۆڕێت!

مەبەستی عەبدوڵڵا ئەوەبوو، کە هەتا خێر بکات خوای گەورە زیاتری پێ دەبەخشێت و دەترسێت ئەگەر وازی لە خێرکردن هێنا، خوای گەورەش لێی بگرێتەوە و پێی نەبەخشێت! هیچ شتێکیش هێندەی خێر و سەدەقە لای خوای گەورە مەزن نییە!

ئەو ڕۆژەی کە لە غەزای موئتەدا جەعفەی باوکی عەبدوڵڵا شەهید بوو، ئەسمای کچی عومەیس کە ژنی جەعفەر و دایکی عەبدوڵڵا و موحەممەد بوو، عەبدوڵڵا و موحەممەدی هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەو کاتە عەبدوڵڵا و موحەممەد دوو منداڵی



Scanned with Can

ساوا بوون... پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەردووکیانی لە ئەسما وەرگرت و باوەشی پێدا کردن و بە ئەسمای فەرموو: دەڵێی دەترسی هەژار و نەدار بن! من خۆم لە دونیا و قیامەتدا دەبمە سەرپەرشتیاریان... دوای نزای خێری بۆ کردن و فەرمووی: خوایە جێگەی جەعفەر پڕ بکەیتەوە بۆ ماڵ و منداڵەکەی! خوایە بەرەکەت بخەیتە کاروباری عەبدوڵڵاوە!

ئەو نزا خێرەی پێغەمبەر(ﷺ) گیرا بوو... عەبدوڵڵا بوو بە دەوڵەمەندێکی زۆر دەوڵەمەند و خێرۆمەندێکی بێوێنە!

چاکەی باوک دەبێتە دەستەبەر بۆ خۆشگوزەرانی ماڵ و منداڵ... ئەوە قانوونی خوای گەورەیە و تێکی نادات... هەر لەو ڕۆژەوەی خوای گەورە ئەم سەرزەوییەی دروست کردووە، ئەو قانوون و ڕێسایەشی داناوە، ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٩﴾ ﴾ النساء: ٩ واتە: دەبا ئەوانەش کە (دوور نییە بەم نزیکانە بمرن) و نەوەی لاواز و ساوایان لەدوا بەجێ بمێنێت، خواناسی و ئاینداری بکەنە پیشەیان و گوفتاری چاک و بەجێ بڵێن (وەسیەت بکەن، بێگومان خوا دەمێنێت بۆ منداڵی جێماویان ئەگەر خواناس و گوفتار جوان و بەخشندە بن).

خوای گەورە چۆن ماڵ و منداڵی کەسێک دەفەوتێنێت کە لەبەر ڕەزامەندی ئەو نیشتیمان و خاک و ئاو و خزم و کەسوکار و خۆشەویستانی هەموو بەجێ دەهێڵێت و بەرەو وڵاتی حەبەشە کۆچ دەکات؟

خوای گەورە چۆن ماڵ و منداڵی کەسێک دەفەوتێنێ کە یەکەم کەس بووە لای پادشای حەبەشە داکۆکی لە ئایینەکەی ئەو دەکات؟



Scanned with Cam

خوای گەورە چۆن ماڵ و منداڵی کەسێک دەفەوتێنێ کە لە غەزای موئتەدا هەردوو دەستی دەبڕنەوە، بەڵام ئەو ئاڵای ئیسلام بە سینگ و بەرۆک و باڵەکانی دەگرێ و ناهێڵێ بکەوێتە سەر زەوی؟

هیچ کەسێک هێندەی خوای گەورە بەئەمەک و بەوەفا نییە، عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر بەرهەمی وەفاداری خوای گەورەبوو بۆ جەعفەر!

وەرن با پێکەوە ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە و بچینەوە خزمەتی حەزرەتی موسا و حەزرەتی خدر... ئەو دەمەی خدر چاوی بە دیارێکی کۆن کەوت و دەستی کرد بە کارکردن و دیوارەکەی نۆژەن کردەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی نەڕووخێ و ئەو گەنجینەیەی کە لەژێر دیوارەکەدا پەنهان کراوە و هی دوو منداڵی هەتیوو و بێکەسە، ئاشکرا نەبێت و کەسێکی تر نەیبا... ئەها خوای گەورە چۆن خدر دەنێرێت و ئەو دیوارە کۆنە نۆژەن دەکاتەوە! پرسیوتانە ئەوە بۆ خوای گەورە خدری ڕاسپارد بۆ ئەو کارە؟

هەرگیز پرسیوتانە کە بۆ خوای گەورە کەسێکی نەناس و دوور ڕادەسپێرێت بڕوا بۆ ئەو لادێیە و ئەو دیوارە کۆنە نۆژەن بکاتەوە؟

ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە باوکی ئەو دوو منداڵە پیاوێکی باش و لەخواترس بوو، خوای گەورەش بەڵێنی خۆی جێبەجێ کرد و ئەمەکداری خۆی پیشان دا و نەیهێشت سەروەت و سامانی ئەو پیاوە کە بۆ منداڵەکانی بەجێ هێشتبوو، زایە ببێت و خەڵکی تر بیخوات!

تۆش ئەگەر دەتەوێت منداڵەکانت پارێزراو بن و خوای گەورە خۆی چاودێرییان بکات، ئەوا کەسێکی لەخواترس و باش بە!



Scanned with Cam

ئیتر خەمی هیچت نەبێت، خوای گەورە خۆی سەرپەرشتی ماڵ و منداڵت دەکات... خوای گەورە هەرگیز بەڵێن ناشکێنێ و بە جوانی بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات...

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود هەموو شەوێک شەونوێژی دەکرد و کوڕە بچووکەکەی خەوتبوو... عەبدوڵڵا سەیری کوڕەکەی دەکرد و دەیفەرموو: ئەوە لەبەر تۆیە کوڕم! دوایی ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿وَأَمَّا ٱلْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَٰمَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِى ٱلْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُۥ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَٰلِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِى ۚ ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴿٨٢﴾﴾ الکهف: ٨٢ واتە: دیوارەکەش کە چاکم کردەوە، خاوەنەکەی دوو منداڵی هەتیوی شارۆچکەکە بوون، لە ژێریدا گەنجینەیەکی (زێڕوزیو)یان هەبوو (کە باوکیان بۆی شاردبوونەوە، ئەگەر گوێمان پێ نەدایە، باران و لافاو دەریدەخست و ئەو خەڵکە ڕەزیلەی کە میوانداریيان لێ نەکردین، دەستیان دەکەوت)، باوکی ئەو دوو منداڵەش خواناس و چاک بوو، جا پەروەردگارت ویستی کاتێک گەنجینەکەیان دەست بکەوێت، کە گەورە و بەهێزبن، ئەوسا دەریبهێنن، ئەمەش وەکو ڕەحمەتێکی تایبەتی لە لایەن پەروەردگارتەوە لەبەر خاتری باوکیان، دڵنیاشبە کە هەموو ئەو کارانەم لە خۆوە نەکردووە، ئیتر ئەوە بوو ڕاز و نهێنیی ئەو شتانەی کە خۆت بۆ نەدەگیرا، کاتێک ئەنجامم دەدان.



# ئەمە سوننەتی منە!

سێ پیاو هاتن بۆ لای خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و پرسیاری شێوە و شێوازی خواپەرستی پێغەمبەریان(ﷺ) لێ کردن... کاتێ پێیان گوترا وەک بڵێی پێیان کەم بێت، دوایی وتیان: ئاخر پێغەمبەر لە کوێ و ئێمە لە کوێ؟ خوای گەورە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆش بووە....

یەکێک لە پیاوەکان وتی: مەرج بێت من شەوانە هەتا بەیانی نەخەوم و هەر شەونوێژ بکەم!

دووەم وتی: مەرج بێت منیش بەردەوام بەڕۆژوو بم و یەک ڕۆژ نەبێت کە ڕۆژووی تیا نەگرم!

سێیەم وتی: مەرج بێت منیش تا ماوم ژن نەهێنم و خۆم لە ژنهێنان بە.دوور بگرم!

دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە و چیرۆکی ئەو سێ پیاوەیان بۆ گێڕایەوە، تەشریفی ڕۆیشت بۆ لای سێ پیاوەکە و فەرمووی: ئێوە ئەوانەن کە ئاوا و ئاوایان گوتووە؟

وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سوێند بە خوا من لە هەمووتان زیاتر خواناس و پارێزکارم، بەڵام نوێژیش دەکەم و دەشخەوم، جار جار ڕۆژوو دەگرم و جارجار نایگرم، ژنیش دێنم، ئەوە سوننەت و ڕێوشوێنی منە، هەرکەسێک پشت لە سوننەتی من بکات، ئەوە لە من نییە!

هەر بەهۆی ئەوەی کە هاوەلان بە تەواوی دەستیان بە سوننەتی پێغەمبەرەوە(ﷺ) گرت، بوون بە دەسەلاتدار و ناوچە و ولاتێکی زۆریان کەوتە دەست... زاڵبوون بەسەر ئیمپراتۆرە مەزنەکانی ئەو سەردەمەدا... تەنانەت ڕۆژێک هاوەڵێک بە شوێنێکدا تێپەڕی و لە خۆیەوە سەری دانەواند... یەکێک لێی پرسی: ئەوە بۆ سەرت دانەواند؟ فەرمووی: کاتی خۆی ئێرە دارێکی گەورە و چڕوپڕی تیابوو، پێغەمبەر(ﷺ) بە ژێر دارەکەدا تێپەڕی و لەبەر ئەوەی لقەکانی شۆڕ ببوونەوە، پێغەمبەر(ﷺ) سەری دانەواند، ئیتر دوای ئەو کاتە من هەرجارێ بێرەدا تێپەڕم سەرم دادەنەوێنم، ئەگەرچی دارەکەش بڕاوەتەوە و نەماوە، بەلام من هەر ئەو سوننەتە فەرامۆش ناکەم!

خوای گەورە هیچی هێندەی ئەوە پێخۆش نییە مرۆڤ بە گوێرەی سوننەتی پێغەمبەرەکەی(ﷺ) خواناسی بکات و ئیتر نە زۆر بە شلی دەست بە دینەوە بگرێ و نە زۆریش بە توندی بیگرێ و دوای ماوەیەکی کەم توانای نەمێنێ و بەری بدات...

ئەو شلگرتن و توندگرتنەیە کە ئەم گەلەی ئیمەی فەوتاندووە و بووە بە بەلا بۆ مسوڵمانان...

ئەوانەی کە زۆر توند دەستیان بە ئایینەوە گرتووە، زۆر تیژن، دەستە و گرووپی گومڕایان دامەزراندووە... خوێنڕشتنیان بە لاوە لە ئاوخواردن ئاسانترە... زۆر لایان ئاساییە ئەگەر لەخۆڕا بە ئەم و ئەو بڵێن: کافر! خۆیان نەبێت، هەموو بە کافر و گومڕا و سەرلێشێواو دەزانن، کەچی سەرلێشێواوی ڕاستەقینە خۆیانن! ئەمە توندەکان، هەرچی ئەوانەشە کە زۆر بە شلی دەستیان بە ئایینەوە گرتووە، ئەوانەن کە هەر ئایەت و فەرموودەیەک لەگەل



Scanned with Cam

مێشکە بچکۆلەکەی ئەواندا نەگونجێت، تانەی لێ دەدەن و لەگەڵ بیروباوەڕی خۆیاندا دەیگونجێنن، یانی ئەوان خۆیان ناگونجێنن، بەڵکوو ئایینەکە دەگونجێنن! جگە لەوەش زۆر بە بێتامی و کوێرانە شوێن ڕۆژئاوا و بیری پووچەڵی ڕۆژئاوا کەوتوون... مێشکیان پڕە لە بیروباوەڕی بۆگەن و نەخۆش! هەرگیز لەپێناو خوا و ئایینی خوای گەورەدا تۆزقاڵێک سوور نابنەوە و غیرەت نایانگرێ!

ئایینی ئیسلام لەنێوان ئەم دوو جۆرە نەشیاوەدایە، نە تیژە، نە شل... وەک شیرێکی پاک وایە کە لەنێوان خوێن و پیسییەوە دێت و زۆر بە پاکی خۆی دەگرێت و بەرهەمی زۆرو باش و پاکی هەیە!

ئەگەر تەماشایەکی ئایینی ئیسلام بکەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و دڵنیا دەبین کە ئایینی ئیسلام لەو دوو نەخۆشییە بۆگەنە دوورە و وەک شیرە پاکوخاوێنەکەیە...

ئەو دلێرییەی کە ئیسلام دەیەوێت و بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوەتا لەنێوان ترسنۆکی و سەرکێشیدا...

ئەو سەخاوەت و دەستکراوەییەی کە ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوەتا لەنێوان ڕەزیلی و دەستقوچاویدا، لەگەڵ ئیسراف و دەستبڵاویدایە...

ئەو شەرم و حەیایەی کە ئیسلام دەیەوێ، ئەوەتا لەنێوان خەجاڵەتی و بێشەرمیدا...

ئەو داوێنپاکییەی کە ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوەتا لەنێوان ڕەبەنی و ڕەگەزبازیدا... ئەوەتا لەنێوان دوورکەوتنەوە لە ڕەگەزی بەرامبەر لەگەڵ تێکەڵاوبوون لەگەڵیدا بە ناڕەوایی...

هەمیشە لە کۆتایی لیستەکەدا تەماشای ئاکار و ڕەفتارە خراپەکان بکە بە هەردوو جۆری توند و شلەوە، لە سەرەوەش ئاکار و ڕەفتاری جوان و پاکی ئیسلامت بەرچاو دەکەوێت!



Scanned with Can

ئێمە لەم ئایینەدا هیچ شتێکمان نییە ببێتە مایەی شەرمەزاری... ئەو کەسەی کە تانە لە تۆ دەدات و دەڵێت: خەڵک گەیشتە سەر مانگ و تۆ تازە سیواک بەکار دێنی، ئەوە وەک ئەوە وایە سیواک نەیهێشتبێت ئەو بڕوات بۆ سەر مانگ! تۆش وەڵامی بدەرەوە و بڵێ؛ براکەم سیواک ڕێگری لە چوونەسەر مانگ نەکردووە، ئەوە عەقڵە نەخۆشەکەی تۆ و هاووێنەکانی تۆیە، نەیهێشت مسوڵمان بچنە سەر مانگ!

پێشەوا مالیک فەرموودەیەکی زۆر جوانی هەیە، دەفەرموێت: سوننەت وەک کەشتییەکەی حەزرەتی نوح وایە، هەرکەسێک سەرکەوێت ڕزگاری دەبێت، هەرکەسێکیش سەرنەکەوێت دەخنکێ!



Scanned with Cam



# بە چی پێدەکەنن؟

پێشەوا (الذهبي) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (سیر أعلام النبلاء)دا دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ڕۆژێک عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لە کوڕ و مەجلیسی پێشەوا عومەردا بوو، ئەو دەمە پێشەوا عومەر خەلیفە بوو، عەبدوڵڵا ئەوەندە بچووک و لاواز بوو خەریک بوو هەر دیار نەبێت.. حەزرەتی عومەر زۆری دەدواند و ڕووی خۆشی پێ دەدا و قسەی نەرم و خۆشی لەگەڵدا دەکرد.. دوایی عەبدوڵڵا ڕۆیشت و حەزرەتی عومەر بە دانیشتوانی فەرموو: پیاوێکی لەڕ و بچکۆلەی پڕ لە ئیمان و خواناسی..

ئەوە وانەیەکی گەورە بوو حەزرەتی عومەر پێشکەشی کرد.. پێشتر خۆی لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) و لە زاری پێغەمبەرەوە(ﷺ) ئەو وانەیەی بیستبوو.. چیرۆکەکە بەمجۆرە بوو:

عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ، أَنَّهُ كَانَ يَجْتَنِي سِوَاكًا مِنَ الأَرَاكِ، وَكَانَ دَقِيقَ السَّاقَيْنِ، فَجَعَلَتِ الرِّيحُ تَكْفَؤُهُ، فَضَحِكَ الْقَوْمُ مِنْهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: مِمَّ تَضْحَكُونَ ؟ قَالُوا : يَا نَبِيَّ اللهِ، مِنْ دِقَّةِ سَاقَيْهِ. فَقَالَ : وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَهُمَا أَثْقَلُ فِي الْمِيزَانِ مِنْ أُحُدٍ. رواه احمد.

وانە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێک لە داری ئیراک سیواکی دەچنییەوە، لەو کاتەدا ڕەشەبا دەهات و لاقەکانی



Scanned with Cam

بەدەر دەکەوتن -عەبدولـلا- زۆر لاواز بـوو، لاقەکانـی زۆر باریک بوون.. خەلکی بە بینینی ئەو دیمەنە زۆر پێکەنین... پێغەمبەر(ﷺ) بە خەلکەکەی فەرموو: ئەوە بە چی پێدەکەنن؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بـە لاقـە باریکەکانـی عەبدولـلا... پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: بـەو کسـەی گیانـی منـی بـە دەسـتە -لـە ڕۆژی قیامەتـدا- ئـەو دوو لاقـەی عەبدولـلا لەسـەر تـرازوودا لـە کێـوی ئوحـود قورسـترن.

بەلـێ... مـرۆڤ بـە گوێـرەی دڵـە نـەک بـە گوێـرەی کێش و قورسایی... بە ژیرییە نەک بە سەروەت و سامان... بە زمانە نەک بـە جلوبـەرگ...

جاری وا هەیە پیاوێکی سیسـەڵەی باریک و بنێس و لاواز دەبینی، زۆر نرخـی بـۆ دانانێیت و گوێـی نادەیتـێ، کەچـی ئەوەنـدە چاکـە و خواپەرستی هەیە، ئەگەر تۆ هەتا مردن خەریک بیت، ناتوانی پێی بگەیتـەوە!

پیاوی قەڵـەو و بالابـەرز جوان و شیک و جلوبـەرگ جوانی واش دەبینـی وەک کـورد دەڵێـت: خوشـکی خـۆی عاشـقی دەبێـت، کەچـی ئەوەنـدە تاوانبارە، ئەوەنـدە لای خـوا بێنرخـە، کاتێـک بەسـەر زەویـدا دەڕوات، زەوی و گیاندارانـی نێـو زەوی و سـەرزەوی نەفرەتـی لـێ دەکـەن!

دەبێـت ئـەوەش بزانیـن کـە هەمـوو مرۆڤێکـی کـورت و لاواز و لاق باریک پیاوی چاک نییە و شـەو تـا بەیانـی شـەونوێژ نـاکات و ڕۆژ بەڕۆژوو نابێت... هەمـوو پیاوێکـی قەڵـەو و بالابـەرز و جـوان و شیکپۆشیش تاوانبار و پیاوخراپ نییە... مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ بە گوێرەی ڕووالـەت بڕیار نـەدات... خـۆ خـوا کەسێکی بە ناشیرینی و لـەڕوو لاوازی و کورتەبالایی دروست کردبێت، لەبـەر ئـەوە نییـە



Scanned with Cam

ی نەیتوانیبێت بیکات بە کەسێکی بالابەرز و جوان و ڕێکوپێک لە دیمەندا... کاتێک کەسێکی هەژار دروست دەکات، خۆ لەبەر ئەوە نییە کە نەتوانێت سەروەت و سامانی پێ ببەخشێت، بەلکوو خوای گەورە ئەم دونیایەی کردووە بە شوێنی تاقیکردنەوە، دەی ئەگەر ڕێز لە خەلکەکە ناگری، دەبێت ڕێز لە دروستکەری ئەو خەلکە بگری!

زوهەیری کوڕی ئەبوسولما دەلێت:

م--رۆڤ دو نی--وە، زم--ان و دڵ--ە
گۆشت و پێست و خوێن، هەمووی زیادەیە

ئەها ئەوەتا زوهەیر کە لە سەردەمی نەفامیشدا ژیاوە، پێمان دەلێت کە مرۆڤ بە گوێرەی زمان و دلە، نەک بە گۆشت و ئێسک و بالا... بە کردەوە و ئاکاری جوانە، بە نەرمونیانی و ڕێز و بەخشین و هەستکردنە بەوانی تر، بە یارمەتی و هاوکاری و هاوخەمی و خۆشەویستییە.... ئەوانە پێوەری مرۆڤن، نەک سەروەت و سامان و جلوبەرگی جوان و کۆشکی دە قات و سەیارە و سەروەت و سامانی دونیایی!

زۆربەی هەرە زۆرینەی خەلک بە دیمەن و ڕوالەت دەخەلەتێن... بڕوایان وایە شێوە و بەرزی و قەلەوی و جلوبەرگی جوان ڕۆلێکی گرنگیان لە کەسایەتیدا هەیە... ئیتر لە بیریان چووە کە ئەو بیروبۆچوونە بیروبۆچوونی سەردەمی منداڵییە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینەوە نییە... هەر لەبەر ئەوەیە کە مامۆستا هەژاری موکریانی لە کتێبی (یەک لە پەنای خاڵ و سیفری بێبرانەوەدا) دەفەرموێت: پیاوی هەژار، پیاوی بێهێز، با چاکیش بێت، با پاکیش بێت، بەرچاو نیە. نەدار سووکە لە بەرچاوان؛ ناخرێتە ناو ڕیزی پیاوان. کەس



Scanned with Cam

فەقیری پێ پیاو نییە، بەلام هەرکێ خاوەن زێڕە، خاوەن زۆرە، ئەگەر پیسە، ئەگەر ڕەشە، ئەگەر بۆرە، لە بەرچاوان زل و زۆرە. دەراوی دەمی ناخۆش بێت، دەمپیس بێت، جنێوفرۆش بێت، دەڵێن پیاوێکی زۆرزانە، لفتخۆش، گفت ڕەوانە، قسەی جوانە، کاری جوانە، شارەزای شارەزایانە.

عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان پێش ئەوەی کوسەیری کوڕی عیززە ببینێت، زۆر گوێی لە شیعرەکانی دەگرت، زۆر بە شیعرەکانی سەرسام بوو، لە خەیاڵی خۆیدا وێنەیەکی زۆر جوان و بالابەرز و چوارشانەی بۆ کوسەیر داتاشیبوو، بەلام کاتێک کوسەیری بینی، زۆری بە لایەوە ناشیرین بوو، قسەیەکی بەنێوبانگی کرد و وەک مەسەل و نەزیلەی لێهات، وتی: تسمع بالمعیدي خیر من أن تراه... لە کوردیشدا دەڵێن: خۆزگە ناوم ببیستایە و ڕەنگم نەدیبایە!

ئای خۆزگەم نەبێت بە کەسێک کە شاعیرێک تووڕە دەکات، جا ئەو کەسە وەزیر بێت، یان گزیر، پادشا بێت، یان گەدا...

کوسەیر ڕەگی خۆبەگەورەزانینی جوولا و هاتە جۆش! بە عەبدولمەلیکی گوت:

پیاوێکی لەڕ دەبینی وا دەزانیی کەمتیارە
نازانی شێری نوستوو، لەنێو گژوگیادایە
باڵندە ملدرێژ بێت، گێژە و حۆل و نەزانە
هەڵۆ بچووکە، بەلام سەرکردەی هەموویانە

عەبدولمەلیک گوتی: هەی ئافەرین! هەی لە منت کەوی! چەندە زمانپاراوی!

دوایی عەبدولمەلیک کوسەیری ئاشت کردەوە و دیارییەکیشی پێ دا...



Scanned with Cam

# هەرکەس خاوەن بەزەیی نەبێت، بەر بەزەیی ناکەوێت!

کۆڕ و کۆبوونەوەکانی هەمیشە فێرگە و قوتابخانەیەک بوو بۆ فێرکردنی ئاداب و ڕەوشتی دین و دونیا... ئەگەر بە ژیرییەوە ژیننامەی ئەو سەرداره بخوێنیتەوە، بە باشی لەم قسەیە تێدەگەی... ئەگەر بە دل بەسەرهاتی ئەو زاتە بخوێنیتەوە پاکوخاوێن و پاڵفتە و نەرمونیان دەبێت...

جارێک حەزرەتی حەسەنی کچەزای پێغەمبەر(ﷺ) لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بوو... ئەقرەعی کوڕی حابس هات بۆ ئەوێ... لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەسەنی گرتە باوەش و ماچێکی کرد...

ئەقرەع وتی: قوربان! من دە منداڵم هەیە هێشتا کەسیانم ماچ نەکردووە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هەرکەسێک بەسۆز نەبێت بەر سۆز ناکەوێت!

جارێک عەرەبێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)... لەو کاتەدا حەزرەتی حەسەن منداڵێکی بچووک بوو، لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) یاری دەکرد... پێغەمبەر(ﷺ) حەسەنی گرتە باوەش و ماچێکی کرد... پیاوەکە وتی: ئەوە دەڵێی منداڵ ماچ دەکەی؟ خۆ ئێمە هەرگیز منداڵ ماچ ناکەین!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: من ناتوانم ئەو سۆز و بەزەییەی کە خوا لە دڵی تۆی دەرهێناوە بیخەمەوە دڵت، هەرکەسێک بەسۆز نەبێت، بەر سۆز ناکەوێت!

یەکێک لە جۆرەکانی دادگەری خوای گەورە ئەوەیە کە پاداشتی



Scanned with Cam

به گوێرەی کار و کردەوە داناوە... پاداشتی چاکە، چاکەیە و پاداشتی خراپەش خراپە...

خوای گەورە بۆیە فیرعەونی لە ئاودا خنکاند، چونکە وەک خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە: فیرعەون دەیگوت: ﴿أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَٰذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِن تَحْتِيٓ﴾ الزخرف: ٥١ واتە: من پاشای میسرم و فەرمانڕەوای ئەم وڵاتەم، ئەم ڕووبارانەش بەبەر کۆشکەکانمدا دەڕوات، هەمووی هی منە!

خوای گەورە لە تۆڵەی ئەو لە خۆباییبوونەدا لەناو ئەو ئاوە خنکاندی کە بە هی خۆی دەزانی!

کوڕەکانی حەزرەتی یەعقوب، حەزرەتی یوسفی برای خۆیان بە پارەیەکی کەم فرۆشت و نرخەکەیان وەرگرت، خوای گەورە کارێکی پێ کردون، بە ناچاری ڕۆیشتن و دەستیان لەبەر حەزرەتی یوسف پان کردەوە بۆ پارەیەکی کەم!

شەهید لە گۆڕدا تووشی تاقیکردنەوە و بەلا و موسیبەت نابێت، چونکە لە دونیادا تووشی سەختترین تاقیکردنەوە بووە و دەرچووە، تووشی شیر و تیر بووە!

لە پەسلاندا یەکەم کەسێک کە پۆشتە دەکرێتەوە و جلوبەرگی لەبەر دەکرێت، حەزرەتی ئیبراهیمە، چونکە ئەو کاتەی گەلەکەی فڕێیان دایە نێو ئاگرەوە، ئاگر هەندێکی لە جلوبەرگەکانی سووتاند...

بەڵێ! ئەوە دونیایە و دەڕوات... زەوی سووڕ دەخوات... ڕۆژگار تێدەپەڕێت... هەرکەسێک لەو جامە ئاوی دەرخوارد دەدرێتەوە کە ئاوی پێ داوە بە خەڵک... ئەگەر باش بوو، ئەوە باشە، ئەگەریش خراپ بوو، ئەوە خراپە!

هەر خێرێک دەکەی، دەبێتە پەرژینێک و لە کەمدەستی و نەداری دەتپارێزێت...



Scanned with Cam

ئەو دار و دەرمانەی کە بۆ نەخشیکی هەژار و نەداری دەکڕی، دەبێتە لەمپەرێک بۆ ئەوەی خۆت تووشی ئەو نەخۆشییە نەبیت!

کاتێک کەسێک دەگری و بە دەستی خۆت فرمێسەکانی دەسڕی، ئەو میهرەبانییە دەبێتە هۆکاری ئەوەی فرمێسک لە چاوت نەیەتە خوار و جەرگت نەسووتێ!

هەر خێر و چاکەیەک کە دەیکەی سبەی دەبێتە تەیمان و پەرژینێک و دەبێتە پارێزەرت و دەتپارێزێ لە تووشبوون بە هەژاری و نەداری...

ئەو ستەملێکراوەی ئەمڕۆ یارمەتی دەدەی، سبەی دەبێتە سەربازێک و نایەڵێت کەس ستەمت لێ بکات...

ئەو قسە باش و پەسنانەی کە لە پاشملەدا سەبارەت بە کەسێک دەیکەیت و دەیڵێی، سبەی بە ئامادەنەبوونی خۆت دەبنە پارێزەرت و کەسێک بە باشە باست دەکات...

هەموو ئەو کەسایەتیانەی کە تۆ دەیپارێزی و ناهێڵی بڕۆشێت و لەکەدار بێت، دەبێتە هۆکاری ئەوەی سبەی کەسایەتیت پارێزراو بێت و نەڕوشێت!

ئەو نزا و پاڕانەوەیەی کە بۆ مردوویەکی دەکەیت، خودا هەمووی بۆ تۆش تۆمار دەکات و چ نزایەکت بۆ ئەو کردبێت، هەمان نزات بۆ گیرا دەکات...

هیچ کەسێک هێندەی خوای گەورە چاکەی لە بەرچاو نییە...

ئەها مەگەر لە قورئاندا نەتخوێندەوە لەبەر ئەوە پیاوێک کەسێکی چاکەکار بوو، خوای گەورە پێغەمبەرێک و پیاوچاکێکی نارد و دیوارە کۆنەکەیان نۆژەن کردەوە بۆ ئەوەی گەنجینە شاراوەکەی ئاشکرا نەبێت و خەڵک نەیبات و بۆ میراتبەرەکانی بمێنێتەوە؟



Scanned with Cam



## ئەوە لەپێناوی خوادایە!

عَنْ كَعْبِ بْنِ عُجْرَةَ، قَالَ: أَنَّ رَجُلاً مَرَّ عَلَى النَّبِيِّ(ﷺ) فَرَأَى أَصْحَابَ رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ) مِنْ جَلَدِهِ وَنَشَاطِهِ مَا أَعْجَبَهُمْ , فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ, لَوْ كَانَ هَذَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ , فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ(ﷺ) «إِنْ كَانَ يَسْعَى عَلَى وَلَدِهِ صِغَارًا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ... وَإِنْ كَانَ خَرَجَ يَسْعَى عَلَى أَبَوَيْنِ شَيْخَيْنِ كَبِيرَيْنِ فَفِي سَبِيلِ اللَّهِ ... وَإِنْ كَانَ خَرَجَ يَسْعَى عَلَى نَفْسِهِ لِيَعِفَّهَا فَفِي سَبِيلِ اللَّهِ... وَإِنْ كَانَ خَرَجَ يَسْعَى عَلَى أَهْلِهِ فَفِي سَبِيلِ اللَّهِ... وَإِنْ كَانَ خَرَجَ يَسْعَى تَفَاخُرًا وَتَكَاثُرًا فَفِي سَبِيلِ الشَّيْطَانِ». رواه الطبراني.

واتە: پیاوێک دای بە لای پێغەمبەردا(ﷺ) هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بینیان ئەم پیاوە زۆر کارا و زیرەکە، سەریان لێی سووڕما، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئای ئائەمە ئەگەر لەپێناو خوادا ئاوا کاری بکردایە! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر لەپێناو بەخێوکردنی منداڵەکانیدا ئاوا کار بکات، ئەوەش لەپێناو خوای گەورەیەدایە... ئەگەر لەپێناو بەخێوکردنی دایک و باوکێکی پیر و پەککەوتەی بێت، ئەوەش هەر لەپێناوی خوایە... ئەگەر لەپێناوی خۆپاراستن بێت لەوەی دەست پان بکاتەوە لە خەڵکی، ئەوەش هەر لەپێناوی خوایە... ئەگەر لەپێناوی بەخێوکردنی ژن و منداڵی خۆی بێت، ئەوەش هەر لەپێناوی خوایە، بەڵام ئەگەر لەپێناوی خۆهەڵکێشان و فیزکردن و دەوڵەمەندی بێت بۆ پۆزلێدان، ئەوە لەپێناوی شەیتانە.



Scanned with Cam

خەڵک وا تێگەیشتوون کە تەنیا شەڕە شیر و شەڕە تیر لەپێناوی خوای گەورەیە و ئیتر هەر کارێکی تری ڕۆژانە لەپێناوی ژیانە و هیچ خێرێکی نییە!

ڕاستە لەناو لیستی ئەو کارانەی کە لەپێناوی خوای گەورەدا دەکرێ، جیهادکردن یەکەمە و لە پێشی پێشەوەیە، هەرکاتێکیش باسی (لەپێناوی خوا)دا کرا، یەکسەر مرۆڤ بیری بۆ لای جیهاد دەچێت، بەڵام ژیانێکی پاک و حەڵاڵیش هەر لەپێناوی خوای گەورەدایە...

هاوەڵان وایان گومان برد بۆ ئەوەی کە کارەی ئەو پیاوە لەپێناوی خوای گەورەدا بێت، دەبێت هێز و بازووی خۆی تەنیا لە جیهادکردندا بەکار بێنێت، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئەو چەمکەی بۆ ڕاست کردنەوە و ئاگاداری کردنەوە کە ئەگەر ئەو پیاوە بۆ بەدەستهێنانی پاروویەک نانی حەڵاڵیش بۆ ژن و منداڵەکانی هاتبێتە دەرەوە، ئەوەش هەر لەپێناوی خوای گەورەدایە... ئەگەر بۆ بەخێوکردنی دایک و باوکی هاتبێتە دەرەوە، هێز و بازووی خۆی بەکار بێنێت، ئەوەش هەر لەپێناوی خوای گەورەدایە... ئەگەر بۆ ئەوە هاتبێتە دەرەوە، پارەیەک پەیدا بکات و بیکا بە مارەیی کچێک و مارەی بکات بۆ ئەوەی داوێنپاکیی خۆی بپارێزێت، ئەوەش هەر لەپێناو خوای گەورەدایە... کەواتە لە کاتی پەیداکردنی هەموو شتێکی پاک و حەڵاڵدا بەدوای پاداشتی خوای گەورەدا بگەڕێن و ئەو کارەتان بۆ خوای گەورەیە...

کاتێک بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستی و لە ماڵ دەچیتە دەرەوە و پاروویەکی حەڵاڵ بۆ ماڵ و منداڵی خۆت پەیدا دەکەیت، ئەوە جیهادێکی ڕۆژانەیە لەپێناو خوای گەورەدا...



Scanned with Cam

کاتێک لەگەڵ دایکت، یان باوکت دەچی بۆ نەخۆشخانە و سەردانی پزیشکێک دەکەی، ئەوە تەنیا چارەسەروەرگرتن نییە، بەڵکوو چاکەیەکە لەپێناو خوای گەورەدا!

کاتێک دەچی بۆ سەردانی نەخۆشێک و دڵی خۆش دەکەی، ئەوە تەنیا بەجێهێنانی داب و دەستوورێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو دڵخۆشکردنی کەسێکە لەپێناوی خوای گەورە!

بەشداری لە پرسەی کەسێکی مردوو دڵخۆشکردنی منداڵەکانی، ئەوە تەنیا جێبەجێکردنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو ئەوەش لەپێناوی خوای گەورەدایە!

بەڕێکردنی ژیان لە هەموو بوارێکی حەڵاڵ و چاکە و خێردا لەپێناوی خوای گەورەدایە...

دەی لە هەموو کار و کردەوەیەکی چاکەدا، بەدوای پاداشتی خوای گەورەدا بگەڕێن، ئەوە بەشێکی گەورەی جیهادتان بەجێ هێناوە!



Scanned with Can



# خوا بەزەیی بە موسادا بێتەوە!

لە کاتی غەزای حونەیندا پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە دابەشکردنی دەستکەوتدا هەندێک شتی زیادەی دا بە هەندێک کەس، یەکی سەد وشتری بەخشی بە ئەقرەعی کوڕی حابس و عویەینەی کوڕی حیصن... هەندێکی تر لەو سەرۆکهۆز و ڕیشسپییانەی عەرەبی تایبەت کرد و یەکە و سەد وشتری پێ بەخشین، چونکە دەیزانی ئەوانە لەناو کۆمەڵگادا جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و قسەیان دەڕوات، بۆیە ویستی بە ڕاگیرکردنی دڵی ئەوانە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی بەرەو ئایینی ئیسلام ڕابکێشێ!

پیاوێک لەولاوە هەڵیدایە و وتی: بە خوا ئەم دابەشکردنە دادپەروەرانە نەبوو! ئەوە لەپێناوی ڕەزامەندی خوادا نەبوو!

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود گوێی لەو کوفرە گەورەیە بوو، بۆیە بە پیاوەکەی گوت: بە خوا ئەو قسەیەی تۆ بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەگێڕمەوە!

عەبدوڵڵا هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و قسەکەی بۆ گێڕایەوە... پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەندە تووڕە بوو ڕەنگی دەموچاوی گۆڕا و فەرمووی: ئەگەر خوا و پێغەمبەری خوا دادگەر نەبن، ئیتر کێ دادگەرە؟ دوایی یەکسەر هێور بوویەوە و فەرمووی: خوا بەزەیی بە موسادا بێتەوە زۆر لەمە زیاتر ئازار درا و ئارامی گرت...

عەبدوڵڵا لەبەر خۆیەوە وتی: بە خوا هەتا من ماوم قسە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ناگێڕمەوە!



Scanned with Cam

عەرەب لە کۆنەوە گوتوویانە؛ ڕەزامەندی خەڵک شتێکە دەست
ناکەوێت!

ئەگەر تۆ بە گشتی تەماشای خەڵکی بکەی بۆت دەردەکەوێت
ئەو خەڵکە هەمووی لە خوای گەورەش ڕازی نییە!

مرۆڤی وا هەیە بە بەشە ڕزق و ڕۆزیی خۆی ڕازی نییە... هەیە
ئیرەیی بە کار و گوزەرانی کەسێکی تر دەبات...

هەیە چاوی لە ماڵی دراوسێکەیەتی و ئیرەیی پێ دەبات... هەیە
چاوی لە دەستی خەڵکە... تۆ مرۆڤی و هەم کاری چاکە دەکەیت
و هەم دەشێت کارێکی خراپت لێ بوەشێتەوە، ئیتر چاوەڕێی ئەوە
مەبە هەموو کەسێکت لێ ڕازی بێت!

ئەو خەڵکانەی کە بە بەشی خوا ڕازی نین، هەرگیز لە تۆ
ڕازی نابن... ئەوەتا کاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەر نەشتەرەی
ڕەخنە کەوتووە، من و تۆ چین! تۆ کێی تا بتەوێ و بتوانی هەموو
کەسێک لە خۆت ڕازی بکەی؟

خوا بەزەیی بە موسادا بێتەوە، زۆر لەمە زیاتر ئازار درا و
ئارامی گرت...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دڵنەوایی خۆی بە پێغەمبەرانی پێش خۆی
دەکرد... ئای لەو دڵنەواییە! دە تۆش بەو جۆرە دڵنەوایی خۆت
بکە...

ئەگەر تووشت بووە بە تووشی کوڕێکی لار و لاسارەوە،
ئەوا بە سەربووردەی حەزرەتی نوح و کوڕەکەی، دڵنەوایی خۆت
بکەرەوە... هەرچی حەزرەتی نوح هاواری کرد تا کوڕەکەی سواری
کەشتییەکە ببێت، بەڵام ئەو بە گوێی نەکرد و لە ئاکامدا خنکا!



Scanned with Cam

ئەگەر باوکێکی نەگریس و خراپ و لاسارت هەیە، بە ژیننامەی حەزرەتی ئیبراهیم دڵنەوایی خۆت بکە... ئەوەتا ئازەری باوکی حەزرەتی ئیبراهیم بتپەرست بوو!

ئەگەر بە دەست ژنی خراپەوە گیرت خواردووە، بە ژیننامەی حەزرەتی نوح و حەزرەتی لوط دڵنەوایی خۆت بکەرەوە... هەر یەک لە خێزانی ئەو دوو پێغەمبەرە بەڕێزە کافر و خوانەناس بوون!

ئەگەر بە دەست مێردێکی خراپ و بێباوەڕەوە گیرت خواردووە، چاو لە خاتوو ئاسیە بکە کە ژنی گەورە بێباوەڕێکی وەک فیرعەون بوو...

ئەگەر دراوسێیەکی خراپت هەیە، چاو لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکە و دڵنەوایی خۆت بکەرەوە، ئەوەتا ئەبولەهەبی هەم دراوسێ و هەم مامی، هەرجارەو درۆ و بوختانێکی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دروست دەکرد... جارێک تۆمەتی درۆی دەدایە پاڵ پێغەمبەر(ﷺ)... جارێک جادوو، جارێک شێتی! ئەوە جگە لە ئوم جەمیلی ژنی ئەبولەهەبیش کە چەندە ئازاری پێغەمبەری(ﷺ) دا...

ئەگەر کەسێکی خۆشەویستت لە دەست داوە، چاو لە حەزرەتی یەعقوب بکە و دڵنەوایی خۆت بکە...

ئەگەر تووشی نەخۆشییەکی کوشندە و سەخت بووی، ئەوا چاو لە حەزرەتی ئەیووب بکە!

ئەگەر بوختانت بۆ دروست کراوە، چاو لە حەزرەتی یوسف بکە!

ژیننامەی پێغەمبەران چیرۆکی بەر ئاگردان نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە مرۆڤ بە وردی و بە چاو و بە دڵ، بە چاوی دڵ بیخوێنێتەوە و بیکات بە سەرمەشقی ژیانی خۆی!



Scanned with Cam



# بیرۆکەی خۆمە!

کاتی غەزای خەندەق هەموو هۆزەکانی عەرەب گەلەکۆمەیان لە مسوڵمانان کردبوو... ئەوەی کە قورەکەی زیاتر خەست کردبوویەوە ئەوەبوو کە هۆزی بەنی قورەیزە لە ناوخۆدا و لەنێو جەرگەی شاری مەدینەدا دەستیان دابوویە غەدر و خیانەت... لەولاشەوە عویەینەی کوڕی حیصن هاتبوو بۆ ئەوەی زنجیرە خیانەتەکانی بەنی قورەیزە درێژە پێ بدات... مسوڵمانان کەوتبوونە نێوان دوو بەرداشەوە، سوپایەکی دوژمن لە دەرەوە کە هەموو هۆزەکانی عەرەب پێکەوە سازیان دابوو، لەگەڵ دوژمنێکی ناوخۆ و بەڵێنشکێن لە ناوەوە کە ئەوانە فرچکیان بە بەڵێنشکاندن و غەدر و خیانەتەوە گرتبوو...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ویستی سێیەکی بەروبووم و داهاتی شاری مەدینە بدا بە عویەینە و ئەوانەی کە هاوپەیمانی بوون، بۆ ئەوەی یەکڕیزی سوپای دوژمن تێک بدات... بۆ ئەو مەبەستە ناردی بە شوێن سەعدی کوڕی مەعازدا کە گەورەی ئەوس بوو، لەگەڵ سەعدی کوڕی عوبادە کە گەورەی خەزرەج بوو بۆ ئەوەی راوێژیان پێ بکات...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) عادەتی وابوو بۆ هەموو بڕیارێکی گرنگ راوێژی بە پیاوە ژیرەکانی دەوروبەری خۆی دەکرد، نەخاسمە ئەو کاتەش کە بەروبووم و داهاتی شاری مەدینە هەمووی هی



Scanned with Cam

ئەوس و خەزرەج بوو... پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیویست لەو بارەوە پرسیان پێ بکات و لە خۆوە بڕیار نەدات...

دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) پرسی پێ کردن، هەردوو سەعد گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەگەر ئەوە فرمانی خوایە، بەسەر سەر و بەسەر چاو جێبەجێی دەکەین، ئەگەریش شتێکە و خۆت بیرت لێ کردووەتەوە، ئەوە ئێمە پێمان باش نییە کارێکی لەو جۆرە بکەین! کاتی خۆی هەم ئێمە و هەم ئەوانیش هەموو موشریک و خوانەناس بووین، ئەوان ئا لەو کاتەدا بە کڕین، یان بە میوانی نەبێت بۆیان نەبوو دەنکە خورمایەکی ئێمە بخۆن! ئێستا ئەوەتا خوای گەورە ڕێزی لە ئێمە ناوە و مسوڵمان بووین، بەهۆی جەنابتەوە خوا ڕێنوێنی ئێمەی کردووە... ئێستا ئێمە خۆمان بە دەستی خۆمان بەروبوومی خۆمانیان پێ بدەین؟ نا بە خوا جگە شیر و تیر هیچیان پێ نادەین!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر ستایشی هەردوو سەعدی کرد و ڕای ئەوانی پەسەند کرد و فەرمووی: ئەوە تەنیا شتێک بوو خۆم پێموا بوو -بیرۆکەی خۆمە- فرمانی خوای گەورە نییە، ئێستا هەموو عەرەب پێکەوە هاتوون و دوژمنایەتیمان دەکەن!

وەک دەبینن ئەو پرسە پرسێکی سیاسی بوو، کێشە کێشەی جەنگ بوو، هەمووان بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕان... هەرکەسە و ڕایەکی هەبوو... پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی باشبوو سێیەکی بەروبووم و داهاتی شاری مەدینە بدا بە هۆزی غەتەفان بۆ ئەوەی شەڕیان لە کۆڵ مسوڵمانان بکەنەوە و لە هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزەکانی تر بچنە دەرەوە، بەڵام هەردوو سەعد پێیان وابوو ئەوە زەلیلییە... ئەگەر فرمان فرمانی خوای گەورەیە، ئەوە بەسەر سەر



Scanned with Can

و بەسەر چاو، ئەگەریش ڕاوبۆچوونی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) بۆ ئەوە وا دەکات خوێنی کەس نەڕژێت و شاری مەدینە تووشی زیان و زەرەر نەبێت، ئەوە ئەوان ڕازی نەبوون بە خوتوخۆڕایی سێیەکی داهاتی شار ڕادەستی دوژمن بکەن... ئەوان پێیان وابوو دوژمن تەنیا دەبێ شیر و تیری ڕووبەڕوو بکرێتەوە، نەک داهات و سەروەت و سامان! بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) وازی لە ڕاوبۆچوونی خۆی هێنا و ڕاوبۆچوونی ئەوانی پەسەند کرد...

یەکێک لە کێشەکانی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەیە کە هەندێک کەس ڕاوبۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەیە و بە بۆچوونی خۆیان بابەتە سیاسییەکان شی دەکەنەوە و خوێندنەوەیەکی سەردەمیانەی تایبەت بە خۆیان هەیە و بڕیارێکی سیاسی دەدەن و ئیتر کەس بۆی نییە ڕایەکی پێچەوانەی ڕای ئەوانی هەبێت، وەک ئەوەی کە ئەوان وەحی و سرووشیان بۆ هاتبێت، کەچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ ئەوەی وەحی و سرووشی بۆ دەهات، زۆر پێی ئاسایی بوو کە واز لە ڕاوبۆچوونی خۆی بێنێت و ڕاوبۆچوونی کەسێکی تر پەسەند بکات و پاشان پیادەی بکات!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆی باش دەیزانی کە ئەو ڕاوبۆچوونەی فرمانی خوا نییە، بەڵکوو ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆیەتی، بۆیە لە هەر کاتێکی ئاوادا ڕاوبۆچوونێکی باشتری ببیستایە، یەکسەر وازی لە ڕاوبۆچوونی خۆی دەهێنا...

لەولاشەوە زۆر کەس هەیە کە خیانەت کە لە هەموو ڕاوبۆچوونێکی سیاسی دەکات... کەسی وا هەیە خۆی لە ماڵەوە لەنێو جێگای نەرم و گەرم لێی خەوتووە، کەچی بڕیار دەدات و دەڵێت: نابێ ئاگربەست بکرێت! ئیتر ئاگای لەو هەمووە داماوە

نییە کە لە پێشی پێشەوەن و نازانن تووشی چ سەرما و گەرما و نەخۆشی و ناخۆشی و برسێتی و تینوێتییەک هاتوون!

ئەو کەسانەی دەبنە سیاسی و کاروباری سیاسەت لە ئەستۆ دەگرن، دەبێ باش بزانن کە ئەوانیش مرۆڤن و ڕای ئەوان جاری وا هەیە دەیپێکێ و جاری واش هەیە هەر بە لای نیشانەکەشدا ناچێت! ئیتر خۆ ناکرێ هەمووان ناچار بکات بۆ ئەوەی بە گوێرەی ڕاوبۆچوونی ئەو بڕیار بدرێت!



Scanned with Cam



# خاوەن ماف قسەی خۆی هەیە!

دایە عایشە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) وشترێکی لە پیاوێکی عەرەبی دەشتەکی کڕی بە بارێکی وشتر لە خورمای عەجووە، پێغەمبەر(ﷺ) پیاوەکەی هێنا و هاتەوە بۆ ماڵ، داوای خورماکەی کرد -خێزانەکانی هەموو خورماکەیان کردبوو بەخێر- و هیچی نەمابوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشتە دەرەوە بۆ لای پیاوەکەی پێی فەرموو: ئەی بەندەی خوا! من ئەم وشترەکەم بە بارە خورمایەک لە تۆ کڕی، ئێستا خورمامان نەماوە!

پیاوەکە پڕ بە دەمی خۆی هاواری کرد و گوتی: ئای مافخوراو خۆم!

خەڵکی وشتیان لێ کرد و گوتیان: خوا لەناوت ببات چۆن پێغەمبەری خوا(ﷺ) مافت دەخوات؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: لێیگەڕێن! خاوەن ماف بۆی هەیە قسەی خۆی بکات...

دیسانەوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی فەرموو: ئەی بەندەی خوا! من ئەم وشترەکەم بە بارە خورمایەک لە تۆ کڕی، من وامزانی خورمامان هەیە، لە ماڵەوە داوام کرد، کەچی نیمانە -هەموویان کردووە بە خێر!-

دیسان پیاوەکە پڕ بە دەمی خۆی هاواری کرد و گوتی: ئای مافخوراو خۆم!

دیسان خەڵکی وشتیان لێ کرد و پێیان گوت: خوا لەناوت ببات



Scanned with Can

**چۆن پێغەمبەری خوا(ﷺ) مافت دەخوات؟**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: لێیگەڕێن! خاوەن ماف بۆی هەیە قسەی خۆی بکات...

پێغەمبەر(ﷺ) دوو سێ جار قسەکەی خۆی دووبارە دەکردەوە و بۆی دەرکەوت کە ئەو پیاوە لەو شتانە تێناگات، بۆیە بە هاوەڵێکی فەرموو: بڕۆ بۆ لای خوەیلەی کچی حەکیم و پێی بڵێ: پێغەمبەری خوا پێت دەڵێت: ئەگەر بارە وشترێک خورمای عەجووەت هەیە با بە قەرز پێمان بدات، تا بە یارمەتی خوا پێی دەدەینەوە!

پیاوەکە ڕۆیشت بۆ لای خوەیلە و دوایی هاتەوە و وتی: خوەیلە دەڵێت: بەڵێ خورمام هەیە، پیاوێک بنێرە با پێی بدەم...

پێغەمبەر(ﷺ) بە پیاوەکەی فەرموو: ئەم پیاوە -دەشتەکییە- لەگەڵ خۆت ببە و مافی خۆی بە تەواوی پێ بدە... هاوەڵەکە پیاوە دەشتەکییەکەی برد و مافی خۆی بە تەواوی پێ دا... دوایی پیاوەکە دای بە لای پێغەمبەردا(ﷺ) کە لە لای هاوەڵاندا دانیشتبوو، دەشتەکییەکە وتی: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە، بەڕاستی بە جوانی مافی منت بژارد! (رواه احمد).

ئەم چیرۆکە چەند وانە و پەندێکی تێدایە، لەوانە:

١- پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە خێزانەکانی تووڕە نەبوو، کە بۆ بەبێ پرسی ئەو، ئەو هەمووە خورمایەیان کردووە بەخێر و دەنکێکی نەماوە، تەنانەت نەیپرسی و نەیفەرموو: بە کێتان داوە؟ دەبێ پیاو لە ماڵەوە ئاوا بێت، ڕاستە دەبێت پیاو ئاگاداری ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانی بێت، بەڵام زۆر عەیبە وەک پاسەوانی خەزێنە وابێت و لە وردودرشتی هەموو شتێک بپرسێتەوە، دەنکە خورمایەک هاتە ماڵەوە لە مێشکی خۆیدا بینووسێتەوە و دەنکێکیش ڕۆیشتە دەرەوە



Scanned with Can

هەر بینووسیتەوە و لە بیری نەچێت... بە کوردی و کورتی نابێت پیاو گونک بژمێرێت! دوژمنی سەرەکی ژنان ڕژدی و چارچنۆکی پیاوە، ئیتر ئایا لە بواری سەروەت و ساماندا ڕژد بێت، یان لە بواری سۆز و خۆشەویستی، یان لە بواری گرنگیپێداندا بێت...

٢- دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) زانی لە ماڵەوە خورمایان نەماوە، یەکسەر ڕاستەوخۆ هاتەوە بۆ لای پیاوەکە و پێی ڕاگەیاند کە خورمایان نەماوە... ئەوەش خوو و ئادابێکی پێغەمبەرانەیە... ئێمە لەم ڕۆژگارەدا تووشی هەواڵە بە گەواڵە بووین!

کابرا دێ داوای قەرزت لێ دەکات، تۆش پیاوەتی دەکەیت و قەرزی پێ دەدەی و دەڵێت: دوای ئەوەندە ڕۆژ یان ئەوەندە مانگ بیبژێرە و بۆم بێنەوە... کەچی کاتێک کاتی بژاردن دێت، کابرای قەرزار خۆی لێ کەڕ دەکات و ناچێ بە لای خاوەن قەرزدا و خۆی لێ دەشارێتەوە... یان دووبارە دوات لێ دەکات ماوەکەی بۆ درێژ بکەیتەوە... ئەم جۆرە ڕەفتارە دوو خراپەی تێدایە: یەکەم: بەڵێنشکاندن... دووەم: وەڵامدانەوەی چاکە بە خراپە!

٣- تەماشای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەن، هەرچەند ئەو پیاوە دەشتەکییە پیاوێکی نەزان و قسەڕەق بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ڕازی نەبوو هاوەڵان بە توندی لەگەڵیدا بجوولێنەوە و بە ڕەقی وەڵامی بدەنەوە، تەنانەت مافیشی پێ دەدا و دەیفەرموو: وازی لێ بێنن، خاوەن ماف بۆی هەیە قسەی خۆی بکات!

زۆر جار کاتێک مرۆڤ هەست دەکات ستەمێکی لێ کراوە، ئیتر ئاگای لە خۆی نامێنێ و قسەی وا دەکات کە لە حاڵەتی ئاساییدا پێی شەرمە بیکات، زۆر جار ژن کاتێک لە لایەن پیاوەکەیەوە توندوتیژییەکی دەرهەق دەکرێت، قسەی وای لە دەم دەردەچێت کە نەدەبوو بیکات، بۆیە نابێ مرۆڤ بڕیار لەسەر کاردانەوەکان بدات و



Scanned with Cam

مەبەستە ئەسلییەکەی لە بیر بچێت...

ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) بڕیاری لەسەر کاردانەوەی ئەو پیاوە نەدا، بەڵکوو ئەو مەبەستە سەرەکییەی لە بەرچاو گرت و فەرمووی: وازی لێ بێنن خاوەن ماف بۆی هەیە قسەی خۆی بکات!

٤- تێگەیشتنی خەڵک جیاوازە، ئەوەش بەپێی ژیری و ڕۆشنبیری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ... هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبی کە هەموو کەسێک وەک یەک لە هەموو شتێک تێبگەن و بیزانن... تێگەیشتن ڕزق و ڕۆزییەکە لە لایەن خوای گەورەوە دابەش کراوە، ئەگەر لەجیاتی ئەو پیاوە دەشتەکییە هاوەڵێکی ئەنصاری، یان کۆچەری بووایە، بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەگوت: کورە قوربان هەرچی خورما و وشتر وا لە دونیادا هەمووی بە فیدای گۆڕی یەک چرکەت، بەڵام ئەوەتا کابرای دەشتەکی هاوار دەکات و دەڵێت: ئای مافخوراو خۆم!

مرۆڤەکان تەنیا لە ڕواڵەت و جەستەدا وەک یەکن، بەڵام لە ناخدا زۆر جیاوازن... مرۆڤی وا هەیە یەک ساڵی ڕەبەق لەسەر یەک شۆخی و سوعبەت، قسەت لەگەڵدا ناکات! مرۆڤی واش هەیە ڕەقترین قسە لە دڵی بدەی هەر ڕۆژێک دوو ڕۆژە و ئیتر لە بیری خۆی دەباتەوە و دەڵێت: ناکرێ هاوڕێیەتییەکی چەند ساڵە لەبەر یەک قسەی ڕەق لە بیر بکەم!

٥- ئەگەر کەسێک بە ناشیرینی داوای مافی خۆی کرد، ئەوە ئیتر نابێتە ئەوەی کە مافەکەی پێ نەدرێتەوە! مرۆڤی وا هەیە ئەگەر مافت لای بێت و بە ڕەقی و بە ناشیرینی داوای مافەکەی خۆتی لێ بکەیتەوە، ئیتر ئەوە دەکات بە بیانوویەک و مافەکەت دەخوات و پێت ناداتەوە! نەخێر برای خۆم! تۆ ئەوەت لەسەرە مافی خاوەن ماف بدەیتەوە، نەک ببیە پارێزەر بۆ ئامۆژگاری و تەمێکردنی!



Scanned with Cam



# خۆشت دەوێ؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە هەر شوێنێک دابنیشتایە هاوەڵان لێی کۆ دەبوونەوە و لە خزمەتیدا دادەنیشتن، جا هەموو جارێک پیاوێکی ئەنصاری دەهاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و منداڵێکی بچووکی لەگەڵ خۆی دەهێنا و دەیگرتە باوەش و ماچی دەکرد و دەستی دەهێنا بە سەریدا و لە کۆشی خۆیدا دایدەنا...

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: ئەوە خۆشت دەوێ؟

پیاوەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! من چەندێ ئەم منداڵەم خۆش دەوێ، یاخوا خوای گەورەش ئەوەندە تۆی خۆش بوێ! -واتە: زۆر زۆرم خۆش دەوێ-...

دوای ماوەیەک منداڵەکە مرد و پیاوەکە لەتاو خەم و خەفەت لە ماڵ نەدەهاتە دەرەوە... پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی پرسی و فەرمووی: ئەوە چییە فلانەکەس نابینم؟

وەڵامیان دایەوە و وتیان: قوربان ئەها ئەو کوڕەی کە هەموو جارێک لەگەڵ خۆی دەیهێنا، ئەوە مردووە...

پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە پیاوەکە و سەرەخۆشی لێ کرد و دوایی پێی فەرموو: کامیانت پێخۆشە، ئەوەی کە بە درێژایی تەمەنت ئەو کوڕەت هەبووایە، یان ئەوەی کە سبەی لە قیامەتدا بەرەو هەر دەرگایەکی بەهەشت بڕۆی کوڕەکەت پێشت کەوتبێت و دەرگات بۆ بکاتەوە؟



Scanned with Can

پیاوەکە وتی: وەڵڵا قوربان پێم خۆشە سبەی لە قیامەتدا بەرەو هەر دەرگایەکی بەهەشت ڕۆیشتم ئەو پێشم کەوتبێت و دەرگام بۆ بکاتەوە...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی دڵنیابە وا دەبێت!

پیاوەکە وتی: قوربان ئەوە تایبەتە بە من، یان بۆ هەموو کەسێک وایە؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆ هەموو کەسێک وایە!

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿فَقَالَ مَالِيَ لَا أَرَى الْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ الْغَائِبِينَ ﴿٢٠﴾ لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا شَدِيدًا﴾ النمل: ٢٠ – ٢١ واتە: (ئینجا سولەیمان) وتی: ئەوە بۆچی من پەپوو نابینم؟ یاخود لێرە نییە و خۆی دزیوەتەوە و لە نادیارەکانە! سوێند بێت ئەبێت سزایەکی زۆر سەختی بدەم.

یەکێک لە تەفسیرە هەرە گرنگەکان کە بۆ ئەم ئایەتە کراوە، ئەوەیە کە ئەو سزا قورسە ئەوەبوو کە حەزرەتی سولەیمان بڕیاری دەدا لە خزم و کەسوکار و خۆشەویستانی دوور بخاتەوە!

یەکێکیش لە قسە هەرە جوانەکانی زانا (ابن حزم) ئەوەیە کە فەرموویەتی: هەرکەسێک تووشی ببێت بە تووشی کەسێکەوە کە ڕقی لێی بێت، وەک ئەو کەسە وایە کە لە خۆشەویستانی دابڕا بێت!

دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستان غەریبییە... ئای چەند ناخۆشە کوڕێکی خۆتت خۆش بوێت و کۆمەڵێک هیوا و ئاواتی لەسەر هەڵبچنی و دواتر لە دەستی بدەی، یان لێی دوور بکەویتەوە!

ئای چەندە ناخۆشە لە کچێکت داببڕێت کە وەک نووری چاوت خۆشت دەوێت!



Scanned with Cam

ئای چەند ناخۆشە لە دایکە دڵسۆزەکەت داببڕێت و لێی دوور بکەویتەوە، یان لە دەستی بدەی!

ئای چەند ناخۆشە لە باوکت داببڕێیت، کە پشتوپەنای ئەم دونیایەی تۆیە!

ئای چەند ناخۆشە لە کەسێکی خۆشەویستت داببڕێت و لێی دوور بکەوێتەوە، یان بمرێ و ئیتر بۆ هەتا هەتایە نەیبینی!

مەگەر مەولەوی تاوگۆزی بتوانێت لە قاڵبی شیعردا باسی ئێش و ئازاری دووری و دابڕان بکات و بفەرموێت:

دووریت دیارەن چەند صاحێب نێشەن
تۆی دەروون وەخار نێشێ و تەر ڕێشەن
هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن
دڵ وە هەتیتەی حەسرەت دا کێشەن
هەرماهێ نەو بۆ حاڵم پەشێوەن
چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن
نە شەو ڕاحەتم نە ڕۆ دڵشادم
شەو زووڵف و ڕۆ ڕووت مەوزۆ وەیادم
شمشاد و نێرگس، وەنەوشەی چەمەن
سەیرشان ئازار بینایی چەمەن
ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵات
ئەو دیدەی مەستت ئێد خاڵ ئاڵات
سۆچنۆم حەسرەت دەرد جیاییت
نەک چون بڵێسەی یاد تەنیاییت
وە مەرگت دیدەم! هام نەگوزەردا
مێچ لام لای تۆن ئارۆ یان فەردا
موتریب مەقامێ دەردم ناچارەن
ساقیا جامێ دۆس ئینتیزارەن



Scanned with Cam

ئەگەر کەسێک منداڵێکی مرد، خوای گەورە پرسیار لە فریشتەکانی دەکات -خۆیشی لەوان باشتر دەزانێت- دەفەرموێت: ئەوە بەری دڵی بەندەکەی منتان چنییەوە؟

دەڵێن: بەڵێ!

دەفەرموێت: دەی بەندەکەم چی گوت؟

دەڵێن: سوپاسی تۆی کرد و بە بەشی تۆ ڕازی بوو...

خوای گەورە دەفەرموێت: دەی لە بەهەشتدا کۆشک و ماڵێک بۆ بەندەکەم دروست بکەن و ناوی لێ بنێن: ماڵی ستایش و شوکرانە!

مرۆڤ بە خۆڕاگری و ڕەزامەندی ئەو ماڵەی دەست دەکەوێت...

ئەگەر بەڵا و موسیبەتێک ڕووی تێکردی، مەهێڵە بیروباوەڕیشت لەگەڵ خۆی ببا...

ئەگەر مرۆڤ نارەزایی بەرامبەر قەزاوقەدەر دەرببڕێت، هیچ سوودێکی پێ ناگات... لەخۆدان و قژڕنینەوە مردوو ناهێنێتەوە بۆ دونیا... قیژە و بۆڕەی گریان تەمەن نوێ ناکاتەوە... بەرهەمی ڕازینەبوون بە قەزاوقەدەر تەنیا لەکیسچوونی ئیمان و لەکیسچوونی ماڵی ستایش و شوکرانەیە لە بەهەشتدا...

ئەمر تەنیا خوایە و جگە لە خوا هەمووان دەمرن... بە ڕەزامەندی و شوکرانەبژێری و سوپاسی خوای گەورە، پاپۆڕێک بۆ ئیمانت دروست بکە و بە سەلامەتی بیپەڕێنەوە!



Scanned with Can



# با پێتەوە دیار بێت!

عَنْ مالك بن نضلة قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَا قَشِفُ الْهَيْئَةِ، فَقَالَ: «هَلْ لَكَ مِنْ مَالٍ؟» ، فَقُلْتُ: نَعَمْ. فَقَالَ: «مِنْ أَيِّ الْمَالِ؟» ، فَقُلْتُ: مِنْ كُلٍّ قَدْ آتَانِي اللهُ مِنَ الْإِبِلِ وَالْخَيْلِ وَالرَّقِيقِ وَالْغَنَمِ، قَالَ: «إِذَا آتَاكَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ مَالًا فَلْيُرَ عَلَيْكَ». رواه احمد والترمذي و الطبراني و غيرهم.

واتە: مالیک دەفەرموێت: ڕۆیشتمە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) جلوبەرگێکی کۆنم لەبەر بوو، شکڵ و شێوەیشم شپرز و ناشیرین بوو... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە ماڵی دونیا هیچت هەیە؟ منیش گوتم: بەڵێ!

فەرمووی: چ شتێکت هەیە؟

وتم: خوا هەموو شتێکی پێداوم، هەر لە وشترەوە بگرە تا ئەسپ و کۆیلە و مەڕ...

فەرمووی: دەی مادەم خوای گەورە ماڵی پێ بەخشیوی با پێتەوە دیار بێت!

عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ أَنْ يُرَى أَثَرُ نِعْمَتِهِ عَلَى عَبْدِهِ» . رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ.



Scanned with Cam

واتە: عەمر لە شوعەیبی باوکیەوە، ئەویش لە باوکی خۆیەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: بەڕاستی خوای گەورە زۆری پێخۆشە شوێنەواری نازونیعمەتەکانی خۆی بەسەر بەندەکانیەوە ببینێت!

دەرخستن و بەکارهێنانی نازونیعمەت جۆرێکە لە جۆرەکانی سوپاسگوزاری... کاتێک خوای گەورە سەروەت و سامانێک بە بەندەیەکی خۆی دەبەخشێت، دەبێت ئەو بەندەیە جلوبەرگی جوان و ڕێکوپێک لەبەر بکات... وتمان ڕێکوپێک، نەمانگوت: گرانبەها، چونکە ڕێکوپێک شتێکە و گرانبەها شتێکی تر، چونکە مۆدێل و مۆدێلکاری و کڕینی جلوبەرگێکی سادە بە پارەیەکی زۆر هەر لەبەر ئەوەی کە مۆدێلە، ئەوە جۆرێکە لە بێعەقلی و گەمژەیی...

بەداخەوە ئەو مارکە مارکەیەی کە دزەکان بۆ بڕینی باخەڵی دەوڵەمەندەکان دایانهێناوە، هەزارەکانیشی لە خشتە بردووە، بۆیە دەبینی گەنجی وا هەیە پارە قەرز دەکات و دەیدا بەجلوبەرگێکی مۆدە و کەشوفشی پێوە دەکات...

کچی وا هەیە ئەسپێ لە باخەڵی باوکیدا سەوزەڵە خانمیەتی، کەچی پەلپی جانتای مۆدە دەگرێ و پارەیەکی زۆر بە جانتایەکی بچووک دەدات و خۆی پێ دەنوێنێ!

بۆ نایەن بمکوژن! جاران ئەگەر پانتۆڵێک بەحاڵ لە سووچێکەوە کونێکی تیا بووایە یەک گەنج لەبەری نەدەکرد، کەچی ئێستا لە بازاڕدا بەدوای پانتۆڵێکدا دەگەڕێن کون کون کراوە و شی کراوەتەوە!

ڕاستە جوانی و جوانپۆشی سوننەتە و خوای گەورە پێی خۆشە، بەڵام هەرگیز خوای گەورە پێی خۆش نییە مرۆڤ زۆر بکات لە



Scanned with Cam

خۆی بۆ ئەوەی شتێکی مۆدە لەبەر بکات، بەڵکوو زۆریشی پێ ناخۆشە!

جۆرێک لە جۆرەکانی دەرخستنی نازونیعمەتەکانی خوای گەورە ئەوەیە کە یارمەتی لێقەوماوان و هەژاران بدەیت...

ڕاستە خێرکردن هەتا پەنهان بێت باشترە و خێری زیاترە، بەڵام جاری وا هەیە چاری ناچار خێرەکە ئاشکرا دەبێت و هەمووان پێی دەزانن... بۆ نموونە کابرا زۆر دەوڵەمەند بووە و یارمەتی پرۆژەیەکی گەورە دەدات... بیرێکی ئیرتیوازی بۆ شارێک، یان گوندێک هەڵدەکەنێت... هۆڵێکی گەورە دروست دەکات... مزگەوتێک دروست دەکات... قوتابخانەیەک دروست دەکات... پێداویستی نەخۆشخانەیەک دابین دەکات... ئەوانە و هاوێنەی ئەوانە بەر ئەم ئایەتە دەکەون کە دەفەرموێت: ﴿إِن تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾البقرة: ٢٧١ واتە: ئەگەر خێر و چاکە و بەخشینەکانتان بە ئاشکرا ئەنجام بدەن، ئەوە شتێکی چاکە، خۆ ئەگەر بیشارنەوە و بیدەن بە هەژاران بە نهێنی ئەوە چاکترە بۆتان.

پزیشکێک دەتوانێت لە حەفتەیەکدا ڕۆژێک دیاری بکات بۆ نموونە: دووشەممان پارە لە نەخۆش وەرنەگرێت...

مامۆستایەکی زانکۆ دەتوانێت لە دەرەوەی زانکۆ -بۆ نموونە لە هۆڵێکدا، یان لە مزگەوتێکدا- وانەکان بۆ ئەوانە دووبارە بکاتەوە کە تێنەگەیشتوون، یان ئەو ڕۆژە لە زانکۆ ئامادە نەبوون..

کەسێک کە بەرپرسە، یان پیاوماقوڵە و گوێی لێ دەگیرێت، دەتوانێت تکا بکا بۆ کەسێک کە بە ناهەق گیراوە و سزا دراوە...



Scanned with Cam

بازرگانێک دەتوانێت خۆراکی مانگانە بۆ چەند ماڵیکی هەژار و نەدار دابین بکات...

کاکی خاوەنکار دەتوانێت لە مانگی ڕەمەزاندا یەک دوو کاتژمێر لە کارەکەی کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی کرێکارەکانی زۆر ماندوو نەبن و بتوانن ڕۆژوو بگرن...

بەرپرسی کرێکارەکان دەتوانێت لەگەڵ کرێکارەکاندا دابنیشێت و قسەی خۆشیان لەگەڵدا بکات و یارمەتییان بدات...

ڕێگاکانی گەیشتن بە خوای گەورە بە ئەندازەی ژمارەی مرۆڤەکانە... مرۆڤ سوپاسی هەر نازونیعمەتێک بکات، خوای گەورە ئەو نازونیعمەتەی بۆ دەپارێزێت و لێی ناسێنێتەوە!



Scanned with Cam



# گەشبینیم پێ خۆشە!

جارێک دەیەویست بیروباوەڕی هاوڕێیانی بە تەواوی ڕاست بکاتەوە، بۆیە فەرمووی: نەخۆشی ناپەڕێت... شوومی و بایەقوش و بەدفەڕی مانگی صەفەر و کەلو و دێوودرنج ڕاست نییە و گەشبینیم پێ خۆشە!

هاوەڵان گوتیان: گەشبینی چییە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟

فەرمووی: قسەی جوان و ڕێکوپێک!

لە بارەی نەخۆشی پەڕینەوە یەکێک لە دانیشتووان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) جاری وا هەیە ئەو دەرودەشتە وشتری لێیە دەڵێی ئاسکە، کەچی وشترێکی گەڕ تێکەڵیان دەبێت و ئەوانیش تووشی گەڕوڵی و نەخۆشی دەبن -ئەی ئەوە چییە؟-

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی کێ یەکەم وشتری گەڕ کرد؟

لە بارەی نەخۆشی پەڕینەوە، ئەوە گومانی تێدا نییە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆیشی بڕوای بەوە هەبووە کە بەڵێ هەندێک نەخۆشی هەیە دەپەڕێت، بۆیە فەرموویەتی: وشتری نەخۆش تێکەڵی وشتری ساغ مەکەن...

دیسان فەرموویەتی: چۆن لە ترسی شێر هەڵدێن، ئاواش لە مرۆڤی گول و گەڕ هەڵێن!

باشە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەخۆشی ناپەڕێت؟



Scanned with Cam

وەلامەکەی ئەمەیە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیەویست کە خەلک وانەزانن نەخۆشییەڕین بە دەست خوا نییە و شتێکە هەر لە خۆوە وایە و دەپەڕێت! دەیویست ئەوە فێری هاوەلان بکات کە هەموو شتێک هەر بە دەست خوایە... هەر بۆیە کاتێک یەکێک لە هاوەلان لە بارەی وشتری گەڕەوە لێی پرسی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی کێ یەکەم وشتری گەڕ کردووە؟

لە سەردەمی نەفامیدا شوومی زۆر باو بوو، جاری وا هەبوو کابرا بەیانی زوو بە مەبەستی ڕۆیشتن بۆ شوێنێک بۆ مەبەستی بازرگانی لە خەو هەڵدەستا و شتێکی دەخوارد و ماڵئاوایی لە ژن و منداڵی خۆی دەکرد و کاروانێکی وەڕێ دەخست، جا وا دەبوو لە کاتی چوونەدەردا چاوی بە پیاوێکی کوێر دەکەوت، ئیتر دەیگوت: ئەوە شوومە! شوومی هاتووەتە ڕێم، من لەم سەفەرەم تووشی خێر نابم... بۆیە دەگەڕایەوە و سەفەرەکەی دوا دەخست بۆ کاتێکی تر!

ئەو جۆرە بەشوومزانینانەی سەردەمی نەفامی، ئەگەر کۆ بکرێتەوە و بنووسرێتەوە بە کتێب و دوو کتێب تەواو نابێت...

با بێینە سەر بایەقوش! بایەقوش باڵندەیەکە خەڵکی سەردەمی نەفامی بڕوایان وابوو لە لاشەی کەسێکی کوژراو دێتە دەرەوە و لە لای گۆڕەکەیدا دەخوێنێ و دەڵێت: ئاوم پێ بدەن، ئاوم پێ بدەن! ئیتر بێدەنگ نابێت هەتا بکوژەکەی دەگیرێت و تۆڵەی لێ دەسێنرێتەوە!

صەفەریش مانگی دووەمی ساڵی کۆچییە... لە سەردەمی نەفامیدا ئەو مانگەیان بە شووم دەزانی و هەر ئەو مانگە بهاتایە ئیتر چاوەڕێی ئەوە بوون شتێکی خراپیان بەسەر بێت!



Scanned with Can

کەلوش -وەک ئیستاش لە زۆر شوێن باوە و کار بە کەلوو دەکرێ- خوێندنەوەی ژیانی مرۆڤە بە گوێرەی ڕۆژی لەدایکبوون و ئەو بورجەی تێیدا لە دایک بووە...

هەندێک کەسیش بڕوایان وایە جۆرە ئەستێرەیەک هەیە هەرکاتێک لە ئاسماندا دەرکەوتن، ئیتر دەبێت بچنە ماڵەوە و واز لە بازرگانی و هاوسەرگیری و بارکردن و هەر کارێکی تر بهێنن، هەتا ئەو ئەستێرەیە دیار نامێنێت!

دێوودرنجیش لە کۆندا بە جنۆکەیەک دەگوترا کە بڕوایان وابوو لە سەرەڕێدا دەوەستێت و مرۆڤی کۆچەری و موسافیر دەڕفێنێ و دەیبا و لە ڕێ وێڵی دەکات، مەبەستیان ئەوەبوو کاری ئەو جنۆکەیە هەر ئەوەیە کە مرۆڤی ڕێبوار لە ڕێگەی خۆی بترازێنێت و ڕێگەی لێ ون بکات...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: گەشبینیم پێخۆشە! مەبەستی سەرەکی باسەکەمان ئەمەیە!

هاوەڵان گوتیان: قوربان گەشبینی چییە؟

فەرمووی: قسەی خۆش و جوان!

هەر کاتێک ڕۆیشتی بۆ سەردانی نەخۆشێک پێی بڵێ: نەخۆشی چەند ڕۆژێکە و تەواو دەبێت... پێی بڵێ: سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ لە دوێنێ باشتری! کاتێک مرۆڤ ورە دەدا بە نەخۆشێک و دڵی خۆش دەکات، ئەوە جۆرە هەتوان و دەرمانێک و جۆرە شیفایەکە بۆ نەخۆشەکە!

کاتێک دەچی سەردانی کەسێک دەکەیت، کە خۆشەویستێکی لە دەست داوە، پێی بڵێ: بژاردەی خوا بۆ مسوڵمان لە دونیا و هەموو خۆشییەکی دونیا باشترە... هەموو کەسێک لەم دونیایەدا کەسێکی



Scanned with Can

خۆشەویستی مردووە... دەبێت بەوە دڵخۆش بین و ئاواتەخوازی ئەوە بین کە خوای گەورە لە بەهەشتدا هەموومان کۆ بکاتەوە...

کاتێک سەر لە کەسێکی قەرزار دەدەی، دڵی خۆش بکە و پێی بڵێ: ڕۆشنایی نزیکە... زۆر کەس لە ژیانێکی زۆر تەنگانە و ناخۆشدا بوون، خوای گەورە دەروی خێری لێ کردنەوە و ژیانی پڕ کردن لە خۆشی! ڕۆژگار تا سەر وەک یەک نییە، دێت و دەچێ و دەگۆڕێت... کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەفاتی کرد و گەڕایەوە خزمەت خوای گەورە، قەرزار بوو، زرێ جەنگییەکەی لای پیاوێکی جوولەکە لە بری هەندێک خۆراک بارمتە بوو...

کاتێک سەردانی دۆستێکت دەکەی کە منداڵی نابێت، پێی بڵێ: منداڵیش جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕزق و ڕۆزی... باشترین ئاکاری مرۆڤی مسوڵمان ڕازیبوونە بە بەشی پەروەردگار... ئەوەتا خوای گەورە منداڵی بە دایە عایشەش نەدا، بەڵام هیوابڕاویش مەبە، ئەوەتا خاتوو سارەی خێزانی حەزرەتی ئیبراهیم دوای تەمەنێکی زۆر و بە پیری بوو بە دایک!


خەڵک پێویستسان بە کەسێکە دڵیان بداتەوە و دڵیان خۆش بکات و هیوا و ئاواتیان پێ بدات و نەهێڵێ بڕووخێن!

پێویستیان بە کەسێکە فێری ئەوەیان بکات، کە پشت بە خوا ناهاتوو گەشە!



Scanned with Can





## باخەکەی بۆ دەگێڕیەوە؟

ژنەکەی سابیتی کوڕی قەیس هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! من هیچ گلەییەکم لە دینداری و خوورەوشتی سابیت نییە، بەڵام پێمناخۆشە دوای مسوڵمانبوون دیسان کافر ببمەوە! زۆرم ڕق لێیەتی و ناتوانم لەگەڵیدا بژیم!

(سابیت باخێکی وەک مارەیی دابوو بە ژنەکەی)...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: باخەکەی بۆ دەگێڕییەوە؟

وتی: بەڵێ!

پێغەمبەر(ﷺ) بە سابیتی فەرموو: باخەکەی خۆت وەرگرەوە و یەک تەلاقی بدە!

ئەم چیرۆکە چەند شتێک لە خۆ دەگرێت:

ژنەکەی سابیت دێتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) هیچ ڕەخنە و گلەیی لە دینداری و ئاکار و ڕەفتاری مێردەکەی نییە، بەڵام ڕقی لێی بوو، چونکە سابیت پیاوێکی ناشیرین بوو... ژنەکە دەترسا ئەو ڕقە وای لێ بکات قسەی ناهەق بێت بە دەمیدا، یان ڕەفتارێکی نەشیاوی لێ بوەشێتەوە!

ئەو ژنە دەترسا وەک پێویست نەتوانێت بە دەم سابیتەوە بچێت... نەتوانێت شەوانە لەگەڵیدا بنوێت... بە کورتی دەترسا نەتوانێ ژنایەتی خۆی جێبەجێ بکات و تووشی تاوان و گوناە ببێت!

وەلامی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە بوو فەرمووی: باخەکەی بۆ دەگێڕیتەوە؟ یانی: تۆیەک هێندە ڕقت لە مێردەکەتە و ناتوانیت مافەکانی جێبەجێ بکەیت و دەترسی تووشی تاوان ببیت، لە بەرامبەر ئەوەی مێردەکەت یەک تەلاقت بدات، ئامادەی مارەییەکەی بۆ بگێڕیتەوە؟

ژنەکە ڕازیبوو... بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە پیاوەکەی فەرموو: مارەییەکەت وەربگرەوە و لە ژنەکەت جیا ببەوە... ئەم جۆرە تەلاقدان و جیابوونەوەیە پێی دەگوترێ (خولع)...

بۆیە ئایینی ئیسلام بە ڕەوای داناوە کاتێک کوڕە دەیەوێ کچێک بخوازێت، بۆی دروستە تەماشای بکات و کچیش تەماشای کوڕەکە بکات، بۆ ئەوەی تێنەکەون و هاوسەرگیری نەکەن و دوایی یەکێکیان بەویتر ڕازی نەبێت و هاوسەرگیرییەکە لەجیاتی ئەوەی ببێت بە خۆشی و ببێت بە پارێزەری هەردوو لا، کەچی ببێت بە گۆڕەپانی جەنگ و ڕق و لێکتۆران!

خۆزگا هەموو کەسێک وای بیر بکردایەتەوە کە هەر کچێک هەر کوڕێکی بە دڵ نەبووایە، ئیتر پێیان نەدایە و کەس بەزۆر کچی بە مێرد نەدایە، چونکە ئەوە ستەمکردنە لە هەردوو لا... خوا بمکات بە قوربانی حەزرەتی عومەر، چەن باش لە هەموو شتێک تێدەگەیشت و دەیفەرموو: زۆر مەکەن لە کچەکانتان و مەیدەن بە پیاوی ناشیرین، ئێوە چیتان پێخۆشە، ژنانیش هەمان شتی پێخۆشە... یانی: چۆن پیاو پێیخۆشە ژنەکەی جوان بێت، بە هەمان شێوە ژنیش پێیخۆشە مێردەکەی جوان بێت!

خۆی هاوسەرگیری زیاتر بۆ ئەوەیە کە ئەو دوو کەسەی پێکەوە هاوسەرگیری دەکەن، ببنە پەردە بۆ یەکتر... خێزانێک پێک بنێن... منداڵ پەروەردە بکەن، چونکە تەلاق چەندە باش بێت، سەد



Scanned with Cam

هێندە خراپە... هەموو دەزانین کە تەڵاق حەڵاڵە و حەرام نییە، بەڵام خوای گەورە زۆر ڕقی لەو حەڵاڵەیە و بۆیە حەڵاڵی کردووە تا مرۆڤەکانی لە کاتی زۆر ناچاریدا پەنای بۆ ببەن...

لەوانەیە پیاوێک جوانیش بێت، بەڵام ژیانی ژنەکەی کردبێت بە دۆزەخ و ژنەکەی نەتوانێت بە هیچ شێوەیەک سەیریشی بکات... یان لەوانەیە ژنێک جوانیش بێت، بەڵام ژیانی مێردەکەی کردبێت بە دۆزەخ و مێردەکەی نەتوانێت سەیریشی بکات... ڕاستە هەموو کەسێک مافی خۆیەتی بەدوای جواندا بگەڕێت، بەڵام خۆ جوانی هەموو شتێک نییە...

با لە بارەی ئەوەی کە ژنومێرد دەبنە پەردەی یەکتر، شتێکیتان بۆ بگێڕمەوە:

جارێک پیاوێک هات بۆ لای حەزرەتی عومەر و وتی: دەمەوێ ژنەکەم تەڵاق بدەم!

حەزرەتی عومەر فەرمووی: بۆ؟

وتی: چونکە خۆشم ناوێ!

فەرمووی: بۆ مەرجە هەموو خێزانێک لەسەر بنەمای خۆشەویستی بونیات نرابێت؟ ئەی پیاوەتی و بەرپرسیاری لە کوێن؟



Scanned with Cam



# جوامێری

لەنێوان حەزرەتی ئەبوبەکر و حەزرەتی عومەردا گفتوگۆیەک کرا... حەزرەتی عومەر تووڕە بوو هەستا... دوای تاوێک حەزرەتی ئەبوبەکر بە دوایدا گەڕا بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە و ئاشت ببنەوە... حەزرەتی عومەر ئاشت نەبوویەوە و دەرگای لەسەر حەزرەتی ئەبوبەکر داخست...

حەزرەتی ئەبوبەکر ڕۆیشت بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) هێشتا دەموچاوی شوێنەواری خەم و خەفەتی پێوە دیاربوو... هەر کە لە دوورەوە هات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەرێ دەڵێی هاوڕێکەمان جەنگی کردووە؟

حەزرەتی ئەبوبەکر هات و سڵاوێکی کرد... ڕووداوەکەی نێوان خۆی و حەزرەتی عومەری بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوە و ئەوەشی پێگوت کە چۆن ویستوویەتی ئاشتی بکاتەوە، بەڵام ئەو دەرگای بە ڕوودا داخستووە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوای گەورە لێت خۆشبێت ئەبوبەکر! سێ جار وای فەرمووو...

دوایی حەزرەتی عومەر لە کارەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە و ڕۆیی بۆ ماڵی حەزرەتی ئەبوبەکر، بەڵام ئەو لە ماڵ نەبوو... هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و سڵاوی کرد و دانیشت... تووڕەیی بە دەموچاوی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دیاربوو... حەزرەتی ئەبوبەکر



Scanned with Cam

ترسا کە پێغەمبەر(ﷺ) قسەیەک بدا لە دڵی حەزرەتی عومەر، بۆیە ڕۆیشتە بەردەمی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەر چۆک دانیشت و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! بە خوا تاوانی من بوو، عومەر ناهەق نەبوو...

پێغەمبەر(ﷺ) -ڕووی لە حەزرەتی عومەر کرد- و فەرمووی: خوای گەورە منی نارد بۆ لای ئێوە، ئێوە وتتان: درۆ دەکەیت!

ئەبوبەکر وتی: ڕاست دەکەیت!

ئەبوبەکر بە ڕۆح و گیان و سەروەت و سامانەوە لە خزمەتمدا بوو...

ئێستا ئێوە دەتانەوێ واز لەم هاوڕێیەم بێنن و وازی لێ بێنم؟

تەنانەت پیاوە مەزنەکانیش جار جار لەگەڵ یەکدا ناکۆک دەبن و شتێک دەکەوێتە نێوانیانەوە... خۆ ئەگەر وا نەبووایە ئەوا هەرگیز ناکۆکی نەدەکەوتە نێوان دوو گەورەترین پیاوانی سەر زەوی، بەڵام جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەوانەی کە خێرا لاپەڕەکە هەڵدەدەنەوە و ئەوانەی کە هەر لەسەری دەڕۆن و هەموو شتێکی بچکۆلانەش دەخوێننەوە و مێشێک دەکەن بە گامێش!

هەموو مرۆڤێک سروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، خۆ ئەگەر لە سروشتی هەمووان تێبگەین، ئەوە لە زۆرێک لە کێشەکان ڕزگارمان دەبێت... ئەوەتا حەزرەتی ئەبوبەکر ئەو پیاوە نەرمە لێبووردەیە چەندە خێرا داوای لێبووردنی کرد... ئەوەتا حەزرەتی عومەریش ئەو پیاوە توندوتۆڵە هەتا سارد نەبوویەوە، ئاشت نەبوویەوە... پاک و بێگەری بۆ ئەو خوایەی کە هەر مرۆڤێکی بە جۆرێک دروست کردووە و هەر مرۆڤێک سروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە...



Scanned with Cam

پاک و بێگەردی بۆ ئەو خوای کە بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە سروشتی هەمووانی نەرم کردووە... کارێکی بە حەزرەتی عومەر کرد، کە لە دایکی بەسۆز بەسۆزتر بێت بۆ ژێردەستەکانی...
پیاوە مەزنەکان هەر دوای ئەوەی هێمن بوونەوە، یەکسەر بە خێرایی بەرەو ئاشتەوایی هەنگاو دەنێن... تەماشای حەزرەتی عومەر بکەن، دوای ئەوەی هێمن بوویەوە، یەکسەر بەپەلە بەرەو ماڵی هاورێکەی کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە و لەگەڵیدا ئاشت ببێتەوە... ئیتر چاوەڕێی ئەوە نەبوو تا لە ڕێگەوباندا بە یەک دەگەن و ئەوی لەگەڵیدا ئاشت ببێتەوە... چاوەڕێی ئەوە نەبوو چەند پیاوێک بێن و ئاشتیان بکەنەوە... ئەوەتا تەنانەت کێشە و دەمەقاڵێش ڕێ و جێی خۆی هەیە... هەرکەسێک ئەدەبی دەمەقاڵێی نەبێت، کەسێکی جێ متمانە نییە... دەی لە کاتی دەمەقاڵێشدا پیاو بن!

تەماشای ئاکار و ڕەفتاری بەرزی حەزرەتی ئەبوبەکر بکەن! کاتێک زانی پێغەمبەر(ﷺ) پشتگیری لەو دەکات سووکایەتی بە حەزرەتی عومەر نەکرد، بە پێچەوانەوە یەکسەر دەچێتە بەردەم پێغەمبەری خوا(ﷺ) و دەفەرموێت: من تاوانبارم! بۆ ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لە حەزرەتی عومەر تووڕە نەبێت!

پێغەمبەر(ﷺ) خۆی باسی سروشتی ئەو دوو زاتە مەزنەی کردووە و بە پێغەمبەرانی چواندوون و فەرموویەتی:
خودای مەزن دڵی هەندێک کەس وا نەرم دەکات لە نەرمیش نەرمترە، دڵی هەندێک کەسیش وا توند دەکات لە بەردیش توندترە، ئەی ئەبوبەکر تۆ ڕێک وەکو ئیبراهیم وای، (خودا باسی ئیبراهیم دەکات)، کە دەیفەرموو: ﴿فَمَن تَبِعَنِي فَإِنَّهُۥ مِنِّي وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ



Scanned with Cam

رَّحِيمٌ﴾ إبراهيم: ٣٦ واتە: سا هەرکەسێک شوێنی من کەوت، ئەوە ئەو کەسە لە خۆمە، هەرکەسێکیش لێم یاخی بوو، ئەوسا ئەتۆ خەتابەخش و دلۆڤانی. وەک عیسا وای (خودا باسی عیسا دەکات کە ئەیفەرموو): ﴿إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ المائدة: ١١٨ واتە: گەر بتەوێ ئازاریان بدەیت بەندەی خۆتن، گەر بشتەوێ لێیان خۆشبیت، خۆت دەزانی و هەر بۆ خۆتی کە دەستەلاتت بە دەستە و لە کارزانی.

عومەریش ڕێک وەکو نوحە (خوا دەفەرموێت) نوح دەیفەرموو: ﴿رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا﴾ نوح: ٢٦ واتە: خوایە! لەم سەر هەردە ئەو کەسانەی تۆ ناناسن جووقەواریان (گیانلەبەریان) لێ مەهێڵە. وەکو موسای (خودا باسی موسا دەکات)، کە دەیفەرموو: ﴿رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَىٰ أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا حَتَّىٰ يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ﴾ یونس: ٨٨ واتە: خودای گەورە! ماڵیان لێ تەفروتونا بکە، دڵیان پتر ڕەق و ڕەش بکە، با هەرگیز باوەڕ نەهێنن، هەتا جەزرەبەی زۆر بە ژان بە چاوی خۆیان دەبینن.

با هەر یەکێک لە ئێمە لە ئاست خۆمانەوە پیاوێکی بەڕێز و خاوەن وەچ بین... با دان بە هەڵەی خۆماندا بنێین... ئیبلیس و حەزرەتی ئادەم هەردووکیان تاوانیان ئەنجام دا، ئیبلیس سەجدەی بۆ حەزرەتی ئادەم نەبرد، حەزرەتی ئادەمیش لەبەری دارە قەدەغەکراوەکەی خوارد... ئیبلیس ئەوەندە خۆی بە گەورە زانی و دانی بە هەڵەی خۆیدا نەنا تا بەر نەفرەتی خوای گەورە کەوت... حەزرەتی ئادەمیش دانی بە هەڵەی خۆیدا نا و ئەوەندە داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە کرد، تا خوای گەورە کردی بە پێغەمبەری خۆی...



Scanned with Cam

دواتر تەماشای ئەمەک و وەفای پێغەمبەری خوداش(ﷺ) بکەن... بزانن چۆن باسی فەزل و گەورەیی حەزرەتی ئەبوبەکر دەکات... خۆ پێغەمبەر(ﷺ) زۆر زیاتر لە حەزرەتی ئەبوبەکر گەورەتر بوو، ئەوە بەسە بۆ گەورەیی پێغەمبەر(ﷺ) کە خوای گەورە لە ڕێگەی ئەوەوە ڕێنمونی حەزرەتی ئەبوبەکری کردووە، کەچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوەندە بەئەمەک و وەفادار بوو بە خەڵکی فەرموو: ئەبوبەکر تەمەن و سەروەت و سامانی خۆی لەپێناو مندا داناوە!

دە تۆش پیاوێکی جوامێربە و هەرگیز ئەو دەستانەت لە بیر نەچێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ یارمەتیدانی تۆ درێژ کراون... ئەو دەستانەی کاتێک دونیات لێ تەنگ بووە، ئەوانە هاتوون بە دەمتەوە و تۆیان لە بیر نەکردووە!



Scanned with Cam



# بۆ تۆ سەربەگێچەڵی؟

موعازی کوڕی جەبەل نوێژی عیشای لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) دەکرد و دەگەڕایەوە بۆ لای هۆزەکەی خۆی و بەرنوێژی نوێژی عیشای بۆ ئەوانیش دەکرد...

شەوێک وەک جاران گەڕایەوە و بەرنوێژی بۆ کردن... گەنجێکی خزمی خۆی ئامادەی نوێژە بەکۆمەڵەکە بوو... موعاز نوێژەکەی درێژ کردەوە... گەنجەکە وازی لە نوێژەکەی موعاز هێنا و خۆی بە تەنیا نوێژەکەی کرد و لێی بوویەوە و ڕۆیی...

دوای ئەوەی نوێژەکە تەواو بوو، گەنجەکە هات بۆ لای موعاز و پێی گوت کە تۆ نوێژەکەت درێژ کردووەتەوە و منیش ئارامم نەماوە و خۆم بە تەنیا نوێژەکەم کرد! موعاز گوتی: ئەوە جۆرێکە لە دووڕوویی! دەبێت پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاگادر بکەمەوە!

موعاز گەیشتە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و باسەکەی بۆ گێڕایەوە... پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەسێکی نارد بەدوای گەنجەکەدا و هۆکارەکەی لێ پرسی... گەنجەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! لای جەنابت زۆر دەمێنیتەوە و دوایی دێتەوە و نوێژەکەش بۆ ئێمە درێژ دەکاتەوە...

پێغەمبەر(ﷺ) بە موعازی فەرموو: ئەوە تۆ سەربەگێچەڵی ئەی موعاز؟

دوایی بە گەنجەکەی فەرموو: برازا تۆ چۆن نوێژ دەکەیت؟



Scanned with Can

وتی: سورەتی فاتیحە دەخوێنم، لە خوا داوا دەکەم بەهەشتم پێ بدات و لە دۆزەخ بمپارێزێت، ئیتر من نازانم ئەو ورتە ورتەی تۆ و مەعاز لە کاتی نوێژدا چییە و چی دەڵێن...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ورتە ورتەکەی من و موعازیش هەر وەک داواکارییەکەی تۆیە -واتە: ئێمەش ئەو ئایەتانە دەخوێنین کە داوای بەهەشت و خۆپارێزییە لە دۆزەخ-.

دوایی دەنگۆی ئەوە بڵاو بوویەوە کە دوژمن هاتووە و هێرش دێنێ... گەنجەکە هێشتا ئەوەی لە دڵدا مابوو کە موعاز پێی گوتبوو: دووڕوو! بۆیە وتی: با دوژمن بێ پیشانی موعازی دەدەم کە دووڕوو نیم!

بۆ سبەینێ گەنجەکە وەک سەرباز لەگەڵ سوپای مسوڵماناندا وەڕێ کەوت... خوای گەورە پلەی شەهیدی بە نسیب کرد و شەهید بوو... پێغەمبەر(ﷺ) بە موعازی فەرموو: ئەرێ کابرای لای من و تۆ چیی کرد؟

موعاز وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! بە خوا ئەو ڕاستی کرد و من ڕاست نەبووم، ئەو شەهید بوو!

جاری وا هەبوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوێژی دادەبەست و نیتی وابوو کە نوێژەکەی درێژ بکاتەوە، بەڵام گوێی لە گریانی منداڵێک دەبوو ئیتر لەبەر ئەوەی دڵی دایکی منداڵەکە لە نوێژەکەی بێئاگا نەبێت، نوێژەکەی کورت دەکردەوە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەموو جارێک بەو کەسانەی دەفەرموو کە بەرنوێژییان دەکرد: هەرکات کەسێکتان بەرنوێژیتان کرد، با نوێژەکەتان کورت بێت و درێژی مەکەنەوە، چونکە لەناو ڕیزی نوێژخوێناندا پیر و پەککەوتە و نەخۆش هەیە... هەرکەسێکیش بە تەنیا نوێژی کرد، با بە ئارەزووی خۆی درێژی بکاتەوە!



Scanned with Cam

جارێک پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: لەبەر ئەوەی پێشنوێژەکەمان نوێژەکەی زۆر درێژ دەکاتەوە، من نایەم بۆ نوێژی بەیانیان! پێغەمبەر(ﷺ) تووڕە بوو فەرمووی: ئەی خەڵکینە! ئێوە کەسی واتان تیدایە خەڵک دەتۆرێنێت! هەرکەسێکیتان بەرنوێژی کرد با نوێژەکەی کورت بکاتەوە، چونکە لەناو ڕیزی نوێژخوێناندا کەسی پیر و پەککەوتە و نەخۆش و خاوەن کار هەیە...

نوێژ درێژکردنەوە لەسەر خەڵک بە گران تەواو دەبێت... پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرە(ﷺ)... دڵتان بەرامبەر خەڵک نەرم بێت و مەیانتۆرێنن... کارێک مەکەن واز لە نوێژی بەکۆمەڵ بێنن!

وانەیەکی تر: هەرگیز دڵی خەڵک مەخوێننەوە... خەڵک بەسەر بەهەشت و دۆزەخدا دابەش مەکەن... خوا خۆی نەبێت کەس نازانێت دڵی من و تۆ و ئەو خەڵکە چی تێدایە... زۆر کەس هەیە لە مامۆستا و دادوەر و موفتی تووڕەیە نەک لە شەرعی خودا... خۆتان مەخەنە شوێنی پێغەمبەر(ﷺ)... ئەو گەنجەی کە موعاز پێی گوت: دووڕوو، پلەی شەهیدی بە نسیب بوو... لەنێو سوپای مسوڵماناندا و لەژێر ئالای پێغەمبەردا(ﷺ) شەهید کرا... دەی کەواتە لەگەڵ خوای گەورە بەئەدەب و ئاکار جوان بن!



# تۆش لەوانی!

لە کۆتاییدا خوای گەورە مۆڵەتی بەوانە دا کە لە حاڵ و ماڵی خۆیان دەرەبەدەر کرابوون، لەپێناو خوای گەورە و ئایینی خوای گەورەدا بجەنگن!

یەکێک لە داناییەکانی خوای گەورە سەبارەت بە دواخستنی جەنگ لە دژی بێباوەڕان، ئەوەبوو تا مسوڵمانان لەسەر بیروباوەڕیکی تۆکمە و جوان دابمەزرێن، چونکە خوای گەورە دەیەوێ جیهاد هۆکارێک بێت بۆ گەیشتن بە خاڵێکی هەرە گرنگ، کە ئەویش بەرزڕاگرتنی یەکتاپەرستییە لەسەر زەویدا... خۆ ئایین جیهادی بۆ ئەوە ناوێ خەڵک بجەنگن و تەواو، بەڵکوو بۆ بەرزڕاگرتنی ئایینە... بۆ چەسپاندنی یەکتاپەرستییە...

ئەگەر پێش ئەوەی بیروباوەڕی مسوڵمانان تۆکمە ببێت، خوای گەورە مۆڵەتی جەنگی پێدابان، لەوانەبوو وا بزانن کە خوای گەورە هەر جەنگی لەوان دەوێ و هیچی تر!

یان وا تێدەگەیشتبان کە جیهاد تەنیا بۆ ڕاووڕووتە و هیچی تر!

بەڵام خوای گەورە ئەوەی تێگەیاندن کە جیهاد خواپەرستییە... دەبێت شمشێر بە کار و ڕەفتاری قورئانی ئاو بدرێت... هەرکاتێک خوای گەورە هەرشتێکی ویست، هەر ئەوە ڕوو دەدات... جوانترین شایەتیش ئەوەیە کە دوژمن شایەتی بۆ بدات... هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان دەڵێن: لە مێژوودا نەزانراوە هیچ سوپایەکی

## سەرکەوتوو هێندەی مسوڵمانان بەسۆز و میهرەبان بن!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵاندا دەرچوون و مەبەستیان ئەوەبوو دەست بەسەر کاروانێکی قورەیشییەکاندا بگرن... ئەبوسوفیان ڕێگای کاروانەکەی گۆڕی و بەپەلە کەسێکی ناردەوە بۆ لای قورەیشییەکان و داوای هاوکاری لێ کردن... مسوڵمانان ویستیان شتێک بکەن، کافرەکانیش شتێکی تر، بەڵام خوای گەورە ویستی جەنگ ڕووبدات... بۆ یەکەمجار مسوڵمانان بە مەبەستی جیهاد و بەرگری لە بیروباوەڕی خۆیان، شمشێریان هەڵکێشا و غەزای بەدر ڕوویدا... ئەو شمشێرەش هەتا هەتایە بە هەڵکێشراوی دەمێنێتەوە و ناخرێتەوە نێو کێلان! بۆ هەتا هەتایە جیهاد هەر دەمێنێ و ژیلەمۆی جیهاد خامۆش نابێت... نە دادگەری دادوەر دەیکوژێنێتەوە نە ستەمی ستەمکار، بەڵکوو هەتا کۆتا کەسی ئەم ئوممەتە دەجالی درۆزن نەکوژێت، جیهاد هەر دەمێنێت!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەنێوان ڕیزەکانی سوپادا وەستا و هانی مسوڵمانانی دەدا... فەرمووی: هەستن بچن بە پیر ئەو بەهەشتەی کە پانتاییەکەی هێندەی پانتایی ئاسمانەکان و زەوییە!

لەو کاتەدا کە پێغەمبەر(ﷺ) وای فەرموو، عومەیری کوڕی ئەلحەممام چەند دەنکە خورمایەکی لە خورجینەکەی دەرهێنابوو بیخوات، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! بەهەشتێک کە پانتاییەکەی هێندەی پانتایی ئاسمانەکان و زەوییە؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ!

عومەیر وتی: بەخ بەخ!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەخ بەخ لە چی دەکەیت؟



Scanned with Can

عومەیر وتی: بە خوا بۆ ئەوەی دەکەم هیوادارم یەکێک بم لەو کەسانەی کە دەچنە بەهەشتەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی تۆ یەکێکی لەو کەسانەی کە دەچنە بەهەشتەوە!

عومەیر دەنکە خورماکانی نەخوارد و فڕێیدان و وتی: دەی خۆ من ئەوەندە بمێنم تا ئەو چەند خورمایە دەخۆم، زۆری پێ دەچێت! -واتە: لە چوونە بەهەشت زۆر دوا دەکەوم-.

عومەیر پەلاماری سوپای دوژمنی دا... ئەوەندە جەنگا تا شەهید کرا... ئای خۆزگەم بە خۆی، لەژێر ئالای پێغەمبەردا(ﷺ) شەهید کرا...

خۆزگەم بە هەموو ئەو کەسانەی خوای گەورە دەرگایەکی جیهادیان بە ڕوودا دەکاتەوە و ئەویش بە جوانی لێی دەچێتە ژوورەوە و لەگەڵ دوژمنێکی خوادا دەجەنگێت... دەجەنگێت بۆ ئەوەی یەکتاپەرستی و خواناسی لەسەر زەویدا بچەسپێنێت... دەجەنگێت بۆ ئەوەی کار بە شەرعی خوا بکرێت... خوێنی کەس بە ناهەق نارێژێت... ئەزیەت و ئازاری هیچ کەسێکی نەداوە... بە ناهەق ماڵی کەسی نەخواردووە... باسی کەسی بە خراپە نەکردووە... ئای خۆزگەم بەو جۆرە کەسانە! خۆزگەم بەو کەسانە لەگەڵ ڕژانی یەکەم دڵۆپی خوێنیان، خوای گەورە لە هەموو تاوانێکیان خۆش دەبێت... ئەو کەسانەی کە تووشی سزای ناو گۆڕ نابن... ئەوانەی کە خوای گەورە هەر لە دونیادا تووشی سەختترین تاقیکردنەوەی کردون و دەرچوون و جارێکی تر تاقی ناکرێنەوە! خوایە داوای شەهیدبوونت لێ دەکەم!



Scanned with Can



## ئەها چۆن کەوتمە نێوانتانەوە!

عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ ، قَالَ : جَاءَ أَبُو بَكْرٍ يَسْتَأْذِنُ عَلَى النَّبِيِّ(ﷺ)، فَسَمِعَ عَائِشَةَ وَهِيَ رَافِعَةٌ صَوْتَهَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ) ، فَأَذِنَ لَهُ ، فَدَخَلَ ، فَقَالَ : يَا ابْنَةَ أُمِّ رُومَانَ وَتَنَاوَلَهَا ، أَتَرْفَعِينَ صَوْتَكِ عَلَى رَسُولِ اللهِ(ﷺ)؟ قَالَ : فَحَالَ النَّبِيُّ(ﷺ) ، بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا ، قَالَ : فَلَمَّا خَرَجَ أَبُو بَكْرٍ جَعَلَ النَّبِيُّ(ﷺ)، يَقُولُ لَهَا يَتَرَضَّاهَا : أَلاَ تَرَيْنَ أَنِّي قَدْ حُلْتُ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَكِ ، قَالَ : ثُمَّ جَاءَ أَبُو بَكْرٍ ، فَاسْتَأْذَنَ عَلَيْهِ ، فَوَجَدَهُ يُضَاحِكُهَا ، قَالَ : فَأَذِنَ لَهُ ، فَدَخَلَ ، فَقَالَ لَهُ أَبُو بَكْرٍ : يَا رَسُولَ اللهِ أَشْرِكَانِي فِي سِلْمِكُمَا ، كَمَا أَشْرَكْتُمَانِي فِي حَرْبِكُمَا. رواه احمد. واتە: نوعمان دەفەرموێت: ئەبوبەکر هات بۆ ماڵی پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی خواست، گوێی لە عایشە بوو دەنگی بەسەر دەنگی پێغەمبەردا(ﷺ) بەرز دەکردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی لە ئەبوبەکر کرد، ئەبوبەکر ڕۆیشتە ژوورەوە، دایە عایشەی -کە کچی خۆی بوو- گرت و فەرمووی: ئەی کچی دایکی ڕوومان! ئەوە دەنگ بەسەر دەنگی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بەرز دەکەیتەوە؟

نوعمان دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کەوتە نێوانیان ئەبوبەکر و دایە عایشەوە...

نوعمان دەفەرموێت: دوای ئەوەی ئەبوبەکر ڕۆیشتەوە پێغەمبەر(ﷺ) -بۆ ئەوەی دڵی دایە عایشە بداتەوە- دەیفەرموو: ئەها نەتبینی کەوتمە نێوان تۆ و ئەبوبەکرەوە؟ -مەبەستی ئەوە بوو

تۆم خۆش دەوێت و بەرگریم لە تۆ کرد، دەی ئێتر ئاشت ببەرەوە و واز لە تووڕەیی بێنە».

نوعمان دەڵێت: دوای ماوەیەک ئەبوبەکر هاتەوە و مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی خواست، گوێی لێبوو پێغەمبەر(ﷺ) و خاتوو عایشە پێکەوە پێدەکەنن...

نوعمان دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی دا بە ئەبوبەکر، ئەبوبەکر ڕۆیشتە ژوورەوە و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەک چۆن لە جەنگی نێوانتاندا بەشداریتان پێ کردم، لە ئاشتییەکەشدا بەشداریم پێ بکەن.

زۆرجار ئەوەم دووپات کردووەتەوە و گوتوومە: خۆشەویستترین فەرمموودە، ئەو فەرموودانەن کە مرۆڤبوونی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەسەلمێنن... خۆشەویستترین بەسەرهاتیش ئەو بەسەرهاتانەن کە باس لە نێوخۆی،ماڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەکەن... هەروەها ئەو چیرۆکانەی کە باسی نێوخۆی ماڵی هاوەڵان دەکات... ئەوەش بۆ ئەوەیە کە زۆربەی زۆرینەی مسوڵمانان ئەوەندە پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانیان خۆش دەوێت وادەزانن ئێتر ئەوان لەم دونیایەدا هیچ کێشەیەکیان نەبووە و بێخەمترین مرۆڤی سەرزەوی بوون! ئەم چیرۆکانەی کە من پێمخۆشە باس بکرێن، خاڵ لەسەر ئەو پیتانە دادەنێت و پێمان دەڵێن: ڕاستە بەهێزی و بێهێزی بیروباوەڕ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەڵام وەک جەستە مرۆڤ هەر مرۆڤە...

کێشەی نێوان ژنومێرد لە هەموو ماڵێکدا ڕوودەدات... ئێمە دەبێت وەک مامەڵەیەکی ڕۆژانە سەیری بکەین... دڵی مرۆڤ تاو تاوە، هەر تاوێک لەسەر بارێکە... کاتێک دایە عایشە دەنگ بەسەر پێغەمبەری



Scanned with Cam

خوادا(ﷺ) بەرز دەکاتەوە ئەوە پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە نییە، پەیوەندی بە لەخواترسان و پارێزکارییەوە نییە... ئەوە ژیانە ژیان! ژنەکەی تۆ هەرچەندە بیروباوەڕی بەهێز بێت ناگات بە دایە عایشە، تۆش هەرچەندی بیروباوەڕت بەهێز بێت، نەک هەر ناگەیت بە خودی پێغەمبەر(ﷺ) بەڵکوو ناگەیت بە بچووکترین هاوەڵیش! دەی ئەوەتا لە ماڵی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) کێشەی نێوان ژنومێرد هەبووە... ئەوەتا لەنێوان پێغەمبەری خوا(ﷺ) و خێزانەکانیدا کێشە ڕوویداوە، سوپاس بۆ زانا پێشینەکان کە ئەو بەسەرهاتانەیان بۆ ئێمە گێڕاوەتەوە و بە نەمری هێشتوویانەتەوە بۆ ئەوەی ئێمە پەندی لێ وەربگرین!

وانەی یەکەم:

هەرکەسێک بیەوێ ژیانی هاوسەری بەبێ هیچ کێشەیەک بەڕێ بکات، ئەوە ئەو کەسە نەخۆشی دەروونی هەیە و بیر لە شتێک دەکاتەوە کە مەحاڵە و ناگونجێت، بەڵام دەبێت کێشەی نێوان ژن و پیاو وەکو هەوری هاوین وابێت، تەنک بێت و خێرا بە هەڵکردنی بایەکی بچووک بڕوا و دیار نەمێنێت... دەبێ خێزان بە ئەوین و خۆشەویستی و سۆزەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن... جارێک تۆ تاوانەکە بگرە ئەستۆ و داوای لێبووردن بکە و جارێک هاوسەرەکەت، با ماڵتان نەبێت بە گۆڕەپانی جەنگ و کێشەکان...

وانەی دووەم:

کاتێک ماڵی خەزوورانی هەردوو لا و خزم و کەسوکاری هەردوو لا هەریەکە دەبن بە لایەنگری کەسی خۆیان و دەبنە دوو بەرە و دوو باڵ، ئەو کاتە جەنگەکە خەست دەبێتەوە و ئاگرەکەی کڵپە دەکات



Scanned with Cam

و بە ئاسانی ناکوژێتەوە... بە لای ماڵە باوانی ژنەوە کچەکەیان هەرچەندە خراپیش بێت هەر لەسەر هەقە و ماف مافی ئەوە... بە لای ماڵە باوانی پیاوەکەشەوە کوڕەکەیان هەرچەندە خراپ بێت، هەر لەسەر هەقە و ماف مافی ئەوە! دەی ئەمە بە هیچ جۆرێک دادگەری تێدا نییە... باش وایە هەردوو لا تەنیا بۆ ئاشتەوایی بێنە سەر خەت، نەک بۆ هەرا و کێشە و جەنگ! خۆ ماڵ ئەوەندەی شوێنی سۆز و بەزەیی و ئەوین و خۆشەویستی و پێکەوەژیانە، نیو هێندە دادگا نییە تا مافەکان بدرێتەوە بە خاوەن ماف! باش وایە کەسوکاری هەردوو لا هەر کەسە دەستی کەسەکەی خۆی بگرێ و نەهێڵن تووشی هەڵە ببن... ئەها حەزرەتی ئەبوبەکر ئەو کاتەی کە زانی دایە عایشەی کچی دەنگی بەسەر پێغەمبەردا(ﷺ) بەرز کردووەتەوە، چۆن لایەنگیری لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد و خەریکبوو بچێت بە گژ دایە عایشەی کچیدا!

وانەی سێیەم:

جیاوازی بیروڕا شتێکە و سووکایەتیپێکردن شتێکی ترە... مرۆڤی بەڕێز و ئاکار جوان لە کاتی دەمەقاڵێ و ناکۆکیدا دەردەکەون... تەماشا بکە، بزانە کاتێک دایە عایشە دەنگی بەسەر پێغەمبەردا(ﷺ) بەرز کردووە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) چەندە ئاکاری بەرز و چەندە بەڕێز بوو، تەنانەت نەیهێشت حەزرەتی ئەبوبەکر کە خەزووری بوو، بچێت بە گژ کچەکەی خۆیدا، کە خێزانی ئەم بوو! بەڵێ جیاوازی و ناکۆکی دەبێت وەک کەشوهەوا وابێت و نابێت زۆر بەردەوام بێت و دەبێت زۆر بە خێرایی بگۆڕێت...



Scanned with Cam

وانەی چوارەم:
پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەموو شتێکی ئاسایی زۆر بە خێرایی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەموو شتێکی ئاسایی کردەوە... هەر دوای ناکۆکی نێوان خۆی و دایە عایشە، یەکسەر دەستی کرد بە قسەی خۆش و شۆخیکردن لەگەڵ دایە عایشەدا و پێی فەرموو: ئەها من کەوتمە نێوان تۆ و باوکتەوە؟
ئای لە گەورەیی و مەزنی پێغەمبەری خوا(ﷺ)!
دەی ئێوەش لاپەڕەکە زۆر بە خێرایی هەڵبدەنەوە!
زۆر شت هەیە پێویست ناکات زۆری لەسەر بڕۆیت و هەر بیرێسیت!
عیززەتی نەفس و خۆگرتن لەنێوان ژنومێرددا نییە... هەرکەسێک زووتر هاوسەرەکەی ئاشت کردەوە و قسەی لەگەڵدا کرد، ئەوە زیاتر مرۆڤە و ئەوە زیاتر خاوەن ڕێزە!



Scanned with Cam



# دوو ڕەوشتت تێدایە
# خودای گەورە خۆشی دەوێن!

ئەحنەفی کوڕی قەیس هەرگیز تووڕە نەدەبوو، بۆیە ناونرابوو: پیاوە بەحەوسەڵەکەی عەرەب!

هەر لە بارەی ئەحنەفەوە دەیانگوت: تووڕە نابێت، تووڕە نابێت، بەڵام کە تووڕە بوو سەد هەزار کەس تووڕە دەبن و نازانن بۆچی تووڕە بووە! مەبەست ئەوەیە سەد هەزار کەس ئەوەندە لێی بپرسن لەسەر چی تووڕە بووە، پرسیارکەرەکان تووڕە دەبن و ئەو ناڵێت کە لەسەرچی تووڕە بووە...

ڕۆژێک لە ئەحنەفیان پرسی: لە چ کەسێکەوە فێری حەوسەڵە و خۆڕاگری بووی؟

فەرمووی: لە قەیسی کوڕی عاصیمەوە، ڕۆژێک قەیسم بینی لەپەنا ماڵی خۆیاندا دانیشتبوو، حەمایلی شمشێرەکەی لە مل بوو، لەگەڵ خەڵکدا قسەی دەکرد، هەر لەوێدا دانیشتبوو پیاوێکی کوژراو و پیاوێکی دەستوپێ بەستراویان هێنایە لای و گوتیان: ئەمە برازاکەتە کوڕەکەتی کوشتووە! ئەحنەف قسەکەی خۆی نەبڕی و خۆی تێکنەدا، دوای ئەوەی قسەکانی خۆی تەواو کرد بە برازاکەی گوت: برازا لەگەڵ خزماندا خراپەت کرد و خۆت بە دەستی خۆت تیرێکت نا بە خۆتەوە... دوایی بە کوڕێکی خۆی گوت: هەستە ئامۆزاکەت بەربدە و براکەت بنێژە و سەد وشتر وەک خوێنبایی ببە بۆ دایکت، ئاخر دایکت لە خۆمان نییە و بێگانەیە... -واتە:



Scanned with Cam

ژنەکەی خزمی خۆیان نەبوو، بەلکوو کچی هۆزێکی تر بوو مارەی کردبوو...

کاتێک تیرەکانی عەبدولقەیس هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەوەی مسولمان ببن، ئەندامانی تیرەکان بە خێرایی دەهاتن بۆ ئەوەی بگەنە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)، تەنیا گەورەکەیان لەسەرخۆ هات...

عَنْ مَطَرُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الأَعْنَقُ، حَدَّثَتْنِي أُمُّ أَبَانَ بِنْتُ الْوَازِعِ بْنِ زَارِعٍ، عَنْ جَدِّهَا، زَارِعٍ وَكَانَ فِي وَفْدِ عَبْدِ الْقَيْسِ قَالَ: لَمَّا قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ فَجَعَلْنَا نَتَبَادَرُ مِنْ رَوَاحِلِنَا، فَنُقَبِّلُ يَدَ النَّبِيِّ(ﷺ) وَرِجْلَهُ، قَالَ: وَانْتَظَرَ الْمُنْذِرُ الأَشَجُّ حَتَّى أَتَى عَيْبَتَهُ فَلَبِسَ ثَوْبَيْهِ، ثُمَّ أَتَى النَّبِيَّ(ﷺ) فَقَالَ لَهُ: إِنَّ فِيكَ خَلَّتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللَّهُ، الْحِلْمُ وَالأَنَاةُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ أَنَا أَتَخَلَّقُ بِهِمَا أَمْ اللَّهُ جَبَلَنِي عَلَيْهِمَا؟ قَالَ: بَلِ اللَّهُ جَبَلَكَ عَلَيْهِمَا قَالَ: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي جَبَلَنِي عَلَى خَلَّتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ. رواه مسلم و ابوداوود واللفظ له.

واتە: دایکی ئەبان فەرمووی: زاریعی باپیرم ئەندامی وەفدی عەبدولقەیس بوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشتن، باپیرم فەرمووی: کاتێک گەیشتینە مەدینە بەپەلە لە ولاخەکانمان دابەزین و دەست و پێی پێغەمبەرمان(ﷺ) ماچ ئەکرد، مونزیر -کە گەورەی وەفدەکە بوو- چاوەڕێی کرد تا ڕۆیشتەوە بۆ لای بوخچەکەی و دوو دەستە پۆشاکەکەی -کە تازە بوون و ڕەنگیان سپی بوو- پۆشی، دوایی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: تۆ دوو خوو و ڕەوشتت تیایە کە خوای گەورە خۆشی دەوێن، ژیری و لەسەرخۆیی لەگەل حەوسەلەدا، مونزیر وتی: قوربان من خۆم ئەو دوو خوو و ڕەوشتە لە خۆم دەردەکەم، یان هەر سروشتم وایە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەخێر، هەر خوا وای دروست کردووی و سروشتت وایە، مونزیر وتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە دوو



Scanned with Cam

خوو و ڕەوشتی کردووە بە سروشتی من، کە خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆشیان دەوێت.

ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەقێکی ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی کە هەرکەسە و بە جۆرە سروشتێکی تایبەت بە خۆی لە دایک دەبێت و دەژی... هەر لە زگی دایکدا بووین کە خوای گەورە بەو سروشتە تایبەتییەی خۆمان ڕایهێناین، ئەوەش ڕاستییەکە هەموو ڕۆژێک بە چاو دەیبینین و هەستیشی پێ دەکەین، ئەوەتا لە یەک خێزان هەم مرۆڤی سەخی و دلاوا هەیە، هەم مرۆڤی چرووک و بەخیل... هەم مرۆڤی هێمن و لەسەرخۆ هەیە، هەم مرۆڤی تووڕە و تەشکتاڵ... هەم مرۆڤی ئەنانی و خۆپەرست هەیە، هەم مرۆڤی خۆنەویست و فیداکار، بەڵام خۆ ئەوەش بیانوو نییە بۆ ئەوەی ئیتر مرۆڤ شوێن سروشتی خراپی خۆی بکەوێت و خۆی تەسلیم بکات، چونکە دونیا یانەی تاقیکردنەوە و تێکۆشانە، یانەی سەرکەوتن و کەوتنە، سەرکەوتن و کەوتنیش بەپێی سەرپێچیکردنی حەز و هەوا و شوێنکەوتنی حەز و هەوایە...

تەنانەت ئەحنەفی کوڕی قەیس دەیفەرموو: من خۆم کەسێکی بەحەوسەڵە نەبووم، بەڵکوو خۆم بەحەوسەڵە کرد و خۆم لەسەر حەوسەڵە ڕاهێنا...

وەرە با سەیرێکی ئەم فەرموودەیە بکەین:

عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّمَا الْعِلْمُ بِالتَّعَلُّمِ، وَإِنَّمَا الْحِلْمُ بِالتَّحَلُّمِ، مَنْ يَتَحَرَّى الْخَيْرَ يُعْطَهُ، وَمَنْ يَتَّقِ الشَّرَّ يُوقَهُ». رواه الطبراني.

واتە: ئەبودەردا دەفەرموێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی زانست بە خۆفێرکردنە و حەوسەڵە بە خۆڕاهێنانە لەسەر حەوسەڵە،



Scanned with Cam

هەرکەسێک بەدوای چاکەدا بگەڕێت، چاکەی پێ دەبەخشرێت،
هەرکەسێکیش خۆی لە خراپە بپارێزێت، دەپارێزێت.

با بابەتەکە زۆر بە سانایی شی بکەینەوە و پێتان بڵێم: سروشتی هەموو مرۆڤێک وایە پیاوبێت، یان ژن حەزی لێیە هاوسەری هەبێت و لەگەڵیدا جووت ببێت، بەڵام خۆ ئەوە نابێتە بیانوو بۆ زیناکردن! خوای گەورە ئەو سروشتەی بە مرۆڤ داوە و تاقی دەکاتەوە، هەرکەسێک ئەو حەز و ئارەزووەی خۆی بە حەلاڵ تێر بکات ئەوا خوای گەورە نەک هەر سزای نادات، بەڵکوو پاداشتیشی دەداتەوە، هەرکەسێکیش بە حەرام تێری بکات، ئەوە نەک هەر خێری ناگات، بەڵکوو سزاش دەدرێت!

سروشتی مرۆڤ وایە حەزی لە سەروەت و سامانە، بەڵام ئەوە نابێتە بیانوو بۆ دزیکردن... خوای گەورە ئەو حەز و ئارەزووەی بە مرۆڤ داوە و تاقیی دەکاتەوە، ئەگەر لەو تاقیکردنەوەیە دەرچوو، بە ئارەقی ناوچەوانی خۆی و لە ڕێگەی حەلاڵەوە سەروەت و سامانی پەیدا کرد، ئەوا حەلاڵیەتی و خوای گەورەش کاسبی و هەوڵ و تێکۆشانەکەی بە خواپەرستی بۆ دەنووسێت، بەڵام ئەگەر بە ناڕەوا پەیدای کرد، ئەوە سزای دەدات...

کوا کێ سزای سابرێنێک دەدات لەسەر ئەوەی کە لە بزنێک نزیک بووەتەوە؟ کێ سزای گایەک دەدات لەسەر ئەوەی کە لە مانگایەک نزیک بووەتەوە؟ ئاخر ئاژەڵ ژیر نییە، خوای گەورە عەقڵی پێ نەبەخشیون، بۆیە هەرچی بکەن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت!



Scanned with Can



## بۆچی شەڕەقۆچ دەکەن؟

ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ ئەبوزەڕدا پێکەوە ڕێیان دەکرد، دوو مەڕی بینی شەڕەقۆچیان دەکرد، بە ئەبوزەڕی فەرموو: ئەبوزەڕ! تۆ دەزانی ئەو دووانە بۆچی شەڕەقۆچ دەکەن؟

ئەبوزەڕ فەرمووی: نەخێر!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: بەڵام خوای گەورە دەزانێت و لە ڕۆژی پەسڵانیشدا داوەرییان لەنێواندا دەکات.

دونیا وێستگەی کۆتایی نییە، ئەگەر مافێکت هەیە و بۆت وەرنەگیراوە، خەمبار مەبە. ئەگەریش مافی کەسێکت خواردووە پێی دڵخۆش مەبە، لە ڕۆژی قیامەتدا دادگایەک دادەنرێت کە ئەندامەکانی لەشی خۆت تێیدا دەبنە شایەت! ئەو دەستەت کە شتێکی بردووە و مافی خۆت نەبووە... ئەو چاوەت کە تەماشایەکی ناڕەوات پێ کردووە، ئەو دەمەت کە شتێکی ناڕەوا و حەرامت پێ خواردووە، ئەو زمانەت کە بەهۆی ئەوەوە ئازاری خەڵکت داوە و قسەی نابەجێت پێ کردووە، ئەوانە هەموو دەبنە شایەت و گەواهی لەسەر کارە خراپەکانت دەدەن... دەی کارێک مەکە شایەتیت لەسەر بدەن، بەڵکوو کارێک بکە شایەتیت بۆ بدەن!



Scanned with Cam

ئەی ئەو کچەی کە هەر لەبەر ئەوەی کچی لە میرات بێبەش کراوی! خەم مەخۆ، بە خوا لە ڕۆژی پەسڵاندا خوای گەورە خۆی مافەکەت بۆ دەگێڕێتەوە، خۆشحاڵی ئەو کاتە کە خوای گەورە مافەکەت بۆ دەگێڕێتەوە، زۆر لە خۆشحاڵیی ئێستا زیاترە، ئەگەر مافی خۆتیان پێ دابایت...

ئەی ئەو ژنەی کە لێتدراوە و قسەی ناشیرینت پێ گوتراوە و خۆت ڕاگرتووە و گوتووتە: خودام بەسە پشت و پەنام بێت! سوێند بە خوا خوای گەورە مافەکانت پێ دەداتەوە، ئەو کاتە ئەوەندە خۆشحاڵ دەبیت کە ئەگەر لێرە مافی خۆتت پێ درابا، هێندە خۆشحاڵ نەدەبووی!

ئەی ئەو کرێکارەی کە قسەی ڕەق و ناخۆشت پێ دەگوترێت و سەرکۆنە دەکرێیت و هەر لەبەر ئەوەی ژن و منداڵەکەت برسییان نەبێ خۆت ڕادەگری! بە خوا خوای گەورە خۆی مافەکانت بۆ دەگێڕێتەوە و ئەو کاتە ئەوەندە خۆشحاڵ دەبیت، کە ئەگەر ئێستا بتدەنەوە هێندە خۆشحاڵ نابیت!

ئەی ئەو کەسەی لەپێناوی ئاییندا بریندار کراوی و قسەی ناشیرینت پێ گوتراوە و تۆمەتت بۆ هەڵواسراوە! بە خوا خوای گەورە خۆی مافەکانت بۆ دەگێڕێتەوە و خۆشحاڵت دەکات، هێندە خۆشحاڵت دەکات ئەگەر لێرە بکرێی بە سەرکردە و کاربەدەست و هەمەکارە، هێندە خۆشحاڵ نابیت!

ئەی ئەو کەسەی بوختانی بۆ هەڵواسراوە و کەسایەتیت ڕووشێندراوە!

ئەی ئەو کەسەی بە ناهەق زیندانی کراوی!

ئەی ئەو کەسەی هەر لەبەر ئەوەی باڵاپۆشی گاڵتەت پێ کراوە!



Scanned with Can

ئەی ئەو کەسەی کە مافت خوراوە و هیچت پێ نەدراوە!

هەمووتان مزگێنم بدەنێ! ئەو خوایەی کە هێندە دادپەروەرە مافی ئاژەڵی کۆل لە ئاژەڵی شاخدار دەستێنێت، ئێوە لە بیر ناکات و لە دادگا پڕ لە دادەکەی خۆی مافتان بۆ دەسێنێتەوە و بە مافەکانتان دەگەن و خەنی دەبن!

ئای خۆزگە بەو کەسانەی بە ستەملێکراوی دەگەنە خزمەت خوای گەورە، نەک بە ستەمکاری!



# دەزانن مافنگی کێیە؟

عَنْ أبي هُرَيْرَةَ أنَّ رَسُولَ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - قَالَ: «أتَدْرُونَ مَا الْمُفْلِسُ؟ قَالُوا: الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لَا دِرْهَمَ لَهُ وَلَا مَتَاعَ. فَقَالَ: إنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي مَنْ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلَاةٍ وَصِيَامٍ وَزَكَاةٍ، وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا، وَقَذَفَ هَذَا، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا، وَسَفَكَ دَمَ هَذَا، وَضَرَبَ هَذَا، فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، فَإنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ». رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەزانن مافنگی (موفلیس) کێیە؟ هاوەڵان وتیان: لای ئێمە مافنگی کەسێکە نە دیرهەمێکی هەبێت، نە کەلوپەل و پێداویستی... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە ئوممەتی مندا مافنگی کەسێکە کە -لە ڕۆژی قیامەتدا بە کۆمەڵێک- نوێژ و ڕۆژوو و زەکاتەوە دێت... کاتێک دێ دەبینن جوێنی بەم داوە، بوختانی بۆ ئەو کردووە،ماڵی ئەمی خواردووە، خوێنی ئەوی ڕژاندووە، لە ئەمی داوە، بۆیە -چاکەکانی دابەش دەکرێت- هەندێک لە چاکەکانی دەدرێ بەم، هەندێکی دەدرێ بەو، ئەگەر پێش ئەوەی مافی خاوەن مافەکانی لێ وەربگیرێتەوە چاکەکانی سفر بوونەوە و هیچی نەما، ئەوا لە خراپەکانی ئەم دەدرێت بەسەر شانی ئەودا، لە خراپەی ئەو دەردرێ بەسەر شانیدا... ئیتر -نەک هیچی بە دەستەوە نامێنێت، بەڵکوو کۆمەڵێکی زۆر تاوانیش دەدرێ بەسەر شانیدا- بۆیە فڕێ دەدرێتە نێو ئاگرەوە.



Scanned with Can

یەکێک لە تۆبەکاران دەڵێت: کابرایەکی فرۆشیاری هەژاری گەڕۆک بوو بە هۆکاری تەوبە و گەڕانەوەی من... شتێکم لەو پیاوە کڕی، دوای ئەوە پشتم تێکرد و ڕۆیشتم، لە دواوە بانگی لێ کردم و وتی: ئەی کوا هەق و حیساب؟

منیش بە دەنگێکی گاڵتەئامێزەوە وتم: هەڵیبگرە بۆ ڕۆژی لێکۆڵینەوە و هەق و حیساب -واتە: بۆ ڕۆژی قیامەت-.

پیاوەکە وتی: بڕوابکە ئەمڕۆ بیبژێری لەوە باشترە سبەی بیبژێرین، سبەی لەسەرت قورس دەبێت و ناتوانی بیبژێری!

قسەکانی وەک هەورەبرووسکە مووچڕکەیان هێنا بە گیانمدا... ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا تەوبەم کردووە و کار بۆ ڕۆژی هەق و حیساب دەکەم!

یەکێک لە جۆرەکانی مافنگیبوون ئەوەیە، کار بۆ کەسێکی تر بکەیت، نەک بۆ خۆت!

ئەوەندە خواپەرستی بکەی خۆت شەکەت و ماندوو بکەیت، نوێژ بکەیت، ڕۆژوو بگریت، زەکات بدەیت، حەج بکەیت، فریشتەکانی خوای گەورە کۆڵێک چاکە و خواپەرستی لەنێو کارنامەی کارەکانتدا بنووسنەوە... لەگەڵ ئەو هەموو خواپەرستییەدا کەچی لەگەڵ خەڵکدا وەک دڕندەیەک مامەڵە بکەی... جوێن بەو بدەیت... باسی شەرەف و کەرامەتی ئەوی دیکە بکەیت... سەروەت و سامانی ئەم داگیر بکەیت... خوشکەکانت لە میرات بێبەش بکەیت... ستەم لە بابایەکی هەژار و بێدەسەڵات بکەیت... لە کەسێکی داماو و بێکەس بدەیت... لەنێوان خەڵکدا قسە ببەیت و بیهێنیتەوە و دووزمانی بکەیت... سووکایەتی بە هاوڕێکانت بکەیت... بوختان بۆ ئەم و ئەو هەڵواسی... جا لە ڕۆژی پەسڵاندا کاتێک خەڵک کۆ دەکرێنەوە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا



Scanned with Cam

دەکرێت، ئەو کاتە هەموو ئەو کەسانەت لەسەر کۆ ببنەوە و داوای مافی خۆیان بکەنەوە... ئەو لیستە و تۆمارەی کە وردودرشتی هەموو شتێکی تێدا نووسراوە، بکرێتەوە و ڕابخرێت... دادوەری دادگەر لێکۆڵینەوە دەست پێ بکات و ماف بۆ خاوەن ماف بگێڕێتەوە... هەموو ئەو پاداشتەی کە لە نوێژکردندا دەستت کەوتووە یەکێک لەوانە دەیبات کە لە دونیادا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئازارت داوە... پاداشتی ڕۆژووەکانت کەسێکی تر دەیبات... پاداشتی زەکاتەکەت کەسێکی تر... پاداشتی خێرەکانت کەسێکی تر، بە کورتی هەموو پاداشتەکانت دەبرێن و تۆش مافنگی لێی دەمێنیتەوە و کەچی هێشتا مافخوراوەکان ماون... تۆش هیچت نییە ئەوان ببیەن، ئەی چار چییە؟

خوای گەورە دەفەرموێت: ئادەی لە تاوانی ئەم مافخوراوانە داشکێنن و بیدەن بەسەر ئەم ستەمکارە مافنگییە و دوایی فڕێی بدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە!

مەبە بە شۆفێر و دەوڵەمەندی نێو ئەم چیرۆکە:


شۆفێرێکی هەژار بۆ ماوەی دە ساڵ لای پیاوێکی دەوڵەمەند کاری دەکرد... دوای دە ساڵەکە پیاوە دەوڵەمەندەکە مرد... عیددەی ژنەکە بەسەر چوو ویستی مێرد بکاتەوە، بەڵام کەسی باشی وەک شۆفێری مێردەکەی دەست نەکەوت، هەم پیاوێکی جوان بوو، هەم پیاوێکی ئاکاربەرز و بەڕەوشت!

کابرای شۆفێر ژنەکەی مارە کرد و لە شۆفێرییەوە بوو بە خاوەن سەروەت و سامانێکی یەکجار زۆر... دوایی دەیگوت: من هەمیشە وامدەزانی کار بۆ ئەو پیاوە دەکەم، کەچی ئێستا بۆم ڕوون بووەتەوە ئەو داماوە بەردەوام کاری بۆ من دەکرد!

دەی تۆش چاکە و خواپەرستی خۆت بۆ خەڵک کۆ مەکەرەوە!



Scanned with Cam



## لە بارەی ئەمەوە چی دەڵێن؟

ئەیانلەمزانی کاتی وانەیەکی گەورە هاتووە... وەک هەموو ڕۆژانی تر لە خزمەت گەورە و سەرداردا بوون.. دانیشتبوون و قسەیان دەکرد و پرسیاریان دەکرد و وەڵامیان چنگ دەکەوت، تا ئەوەی کە:

عَنْ سَهْلٍ قَالَ مَرَّ رَجُلٌ عَلَى رَسُولِ اللهِ صلى الله عليه وسلم فَقَالَ مَا تَقُولُونَ فِي هَذَا؟ قَالُوا: حَرِيٌّ إِنْ خَطَبَ أَنْ يُنْكَحَ وَإِنْ شَفَعَ أَنْ يُشَفَّعَ وَإِنْ قَالَ: أَنْ يُسْتَمَعَ... قَالَ: ثُمَّ سَكَتَ فَمَرَّ رَجُلٌ مِنْ فُقَرَاءِ الْمُسْلِمِينَ فَقَالَ: مَا تَقُولُونَ فِي هَذَا؟ قَالُوا حَرِيٌّ إِنْ خَطَبَ أَنْ لاَ يُنْكَحَ وَإِنْ شَفَعَ أَنْ لاَ يُشَفَّعَ وَإِنْ قَالَ: أَنْ لاَ يُسْتَمَعَ. فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم هَذَا خَيْرٌ مِنْ مِلْءِ الأَرْضِ مِثْلَ هَذَا. رواه البخاري.

واتە: سەهلی کوڕی سەعدی ئەنصاری فەرموویەتی: پیاوێکی هەژاری مسوڵمان دای بە لای پێغەمبەردا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە بارەی ئەم پیاوەوە چی دەڵێن؟ هاوەڵەکانی وتیان: ئەمە پیاوێکی ماقووڵە، بێگومان شایانی ئەوەیە داوای هەر ژنێک بکات پێی بدەن، تکا بۆ هەر کەسێک بکات لێی وەربگرن، هەر قسەیەک بکات بە گوێی بکرێت!

پێغەمبەر(ﷺ) بێدەنگ بوو، دوای ماوەیەک پیاوێکی هەژاری مسوڵمان دای بە لای پێغەمبەردا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەمەیان؟ هاوەڵان وتیان: پیاوێکی هەژار و مسوڵمانە، بەڵام ئەگەر داوای ژنی کرد، شایانی ئەوە نییە ژنی پێ بدرێت. ئەگەر تکای بۆ



Scanned with Cam

کەسێک کرد، شایانی ئەوە نییە بە گوێی بکرێت! ئەگەر قسەی کرد، شایانی ئەوە نییە کەس بە قسەی بکات!

پێغەمبەر(ﷺ) بە پەنجەی موبارەکی ئاماژەی بۆ پیاوە هەژارەکە کرد و فەرمووی: دەی بە خوا، ئا ئەم پیاوە ئەوەندە باشە کە ئەگەر زەوی پڕ بکەی لەو پیاوەکەی تر هێشتا ئەم بە تەنیا لە هەموویان باشترە!

خەڵک لە هەموو کاتێکدا هەر خەڵکە... بە شکڵ و شێوە دەخەڵەتێن، دڵ بەو شتە دەدەن کە بە چاو بە جوانی دەبینن و بە گوێ شتی خۆشی لێ دەبیستن، چونکە خەڵکی وا ڕاهاتووە بە چاوی دونیا سەیری دونیا بکات خۆ ئەگەر بە چاوی قیامەت سەیری دونیا بکەن، بڕیارەکانیان بە تەواوی دەگۆڕێت!

ڕاستە جوانی شکڵ و شێوە شتێکی باشە و ئایینی ئیسلام داوای کردووە لە مسوڵمانان کە شکڵ و شێوەیان جوان و ڕێکوپێک بێت، بەڵام تۆ چووزانی ئەو بەژنە ڕێکە و ئەو دەموچاوە جوانە، ئەو باڵا بەرزە چوارشانەیە، دڵێکی گەنیوی پڕ لە ڕق و کینەی تیا نەبێت؟

کێ دەڵێت لەژێر ئەو کراس و کەوا بەهادارە جوانەدا کەسێکی دڵنەخۆش و پیسی تیا نەبێت؟

ڕاستە دەوڵەمەندی خۆشە، بەڵام تۆ چووزانی کێ دەڵێت ئەو سەروەت و سامانەی بە فێڵ و ڕیبا و دزی و گزی پەیدا نەکردبێت؟

کێ دەڵێتماڵی خەڵکی نەبردووە و داگیری نەکردووە و کۆی نەکردووەتەوە؟

زمانشیرینی خۆشە، بەڵام کێ دەڵێت لە پشتەوەی ئەو زمانە شیرینە پڕ لە هەنگوینە، گورگێکی دڕندە بوونی نەبێت؟ مارێکی بە ژار خۆی پەپکە نەدابێت؟



Scanned with Can

ڕاستە ئێمە فرمانمان پێ کراوە بەپێی ئەوەی لێمانەوە دیارە بڕیار بدەین و ئیتر ئەوی تر بۆ خوای گەورە لێگەڕێین، بەڵام خۆ ئەمە مانای ئەوە نییە مسوڵمان ساویلکە و گێژ بێت و هەرشتێک بە چاو نەیبینێت، ئیتر درکی پێ نەکات و پێی نەزانێت!

پاڵەوانی ئەوە نییە بچی بۆ هۆڵێکی وەرزشی و قورساییەکی زۆر بەرز بکەیتەوە، بەڵکوو پاڵەوانی ئەوەیە بەتانییە گەرمەکەی سەرت بەرز بکەیتەوە و هەستی بۆ نوێژی بەیانی!

جوانیی ڕاستەقینە ئەوە نییە قات و ڕیباتێکی گرانبەها و جوان، یان چۆخەوڕانکێکی نایاب، یان کەوا و کراسێکی پڕ لە بریسکەوباق و بریقدار لەبەر بکەیت... جوانیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە دڵت پاک و بێگەرد بێت، خۆشی خۆت و خەڵکت بوێت!

بڕیارت لەسەر هەرکەسێک دا، بەپێی دووری و نزیکی ئەو کەسە لە خوای گەورەوە بڕیاری لەسەر بدە...

بە گوێرەی ئەوە بڕیاری لەسەر بدە، بزانە ئەم بەندەیە لەگەڵ خەڵکدا باشە یان خراپ؟

پاڵەوانی ڕاستەقینە ئەوەیە بە گوێی شەرعی خوای گەورە بکات... ترسنۆک ئەو کەسەیە سنوورەکانی خوای گەورە دەبەزێنێت و پێی دەخاتە ئەودیو هێڵی سووری شەرعەوە... ئیتر بە من چی خوای دەکرد لە جەنگدا دەبابە و ناقیلەی بە دەبابە و ناقیلەی منداڵانە دەهاتە بەرچاو!

گەنجێک داوای کچێکی کرد... باوکی کچەکە پرسیارێکی سەیری لە کوڕەکە کرد، نەیپرسی: ماڵت لە کوێیە؟ مووچەت چەندە؟ کارت چییە؟ تەمەنت چەندە؟ بەڵکوو یەک پرسیاری لێ کرد، لێی پرسی: کاتژمێر چەند بانگی بەیانی دەدرێت؟

کوڕەکەی نەیزانی...

باوکی کچە وتی: کچمان نییە بیدەم بە تۆ!



Scanned with Cam



## ئەو دووانە یەکتریان خۆش دەویست!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆی بەناو شەهیدەکانی ئوحوددا گەڕا و لەبەر ئەوەی شەهیدەکان زۆربوون، دوو کەس دوو کەس لە یەک گۆڕدا دەنێژران... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: عەمری کوڕی جەموح و عەبدوڵڵای کوڕی حەرام لە یەک گۆڕدا بنێژن، ئەوان لە دونیادا زۆر یەکیان خۆش دەویست!

ئێمە هەمووان دەمرین و مردنیش دابڕانی هەمیشەیی نییە، بەڵکوو کاتییە... دابڕانی گەورە ئەوەیە دوو کەس یەکیان بۆ بەهەشت بڕوات و ئەوی تر بۆ دۆزەخ! جارێک شتێکی زۆر جوانم خوێندەوە، یەکێکە لەو شتە زۆر جوانانەی کە لە ژیانی خۆمدا خوێندوومەتەوە، کوڕێک لە بارەی داپیریەوە نووسیبووی: هەموو بەیانییەک داپیرەم بۆ نوێژ بەئاگای دەهێناین و دەیگوت: هەستن، هەستن، نامەوێ لە بەهەشتدا کەم بینەوە!

ئەو کەسە بەڕاستی تۆی خۆش دەوێت کە دەترسێت بچیتە دۆزەخەوە... ئای لەو خۆشەویستییەی حەزرەتی ئیبراهیم بۆ ئازەری ئاپۆی هەیبوو، هەموو جارێک پێی دەگوت: ﴿ يَٰٓأَبَتِ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ فَتَكُونَ لِلشَّيۡطَٰنِ وَلِيّٗا ﴿٤٥﴾ ﴾ مریم: ٤٥ واتە: ئاپۆ! من لەوە دەترسم لە خواوە تووشی ئازار بیت و ببیت بە دۆستی شەیتانێک.

تەماشای فەرموودەکەی پێغەمبەری(ﷺ) بکە چەند جوانی فەرموو: ئەوان لە دونیادا یەکتریان خۆش دەویست!

چەند جوانە مرۆڤ لە نێو خەڵکدا بەهۆی کار و کردەوەی جوانی بناسرێتەوە... بە خۆشەویستی، بە ئەوین، بە ڕێزداری، بە پیاوەتی، بە سەخاوەت و دەستکراوەیی، بە دڵاوایی، کاتێک لەناو خەڵکدا ناوی ببرێت شکل و شێوەی وەک دڵێکی سوور لەنێو خەیاڵی گوێگراندا بدرەوشێتەوە...

پێشەوا (الذهبي) لە کتێبی (سیر أعلام النبلاء)دا باسی موحەممەدی کوڕی مەیموون دەکات و دەفەرموێت: باوکی حەمزەی شەکری، موحەممەدی کوڕی مەیموونی مەروەزی، خۆی لە ڕاستیدا شەکرفرۆش نەبوو، بەڵام ئەوەندە قسەکانی شیرین بوو بۆیە پێیان دەگوت: شەکری!

ئاخۆ ئەگەر کەسانێک بیانەوێت ناوی ئێمە بگۆڕن و بە گوێرەی خوو و ڕەوشتمان ناوێکمان بۆ داتاشن، چیمان پێ دەڵێن؟

ئاخۆ ئەگەر دایک و باوکمان ناوێکمان لێ بنێین، چیمان پێ دەڵێن: کوڕی چاک! یان کوڕە خراپەکە؟

ئەگەر هاوسەرەکانمان بیانەوێت بە گوێرەی ئاکار و خوو و ڕەوشتمان ناوێکمان بۆ داتاشن، چیمان بۆ دادەتاشن، میهرەبان! نەرمونیان، خۆشەویست، یان مرومۆچ، ڕەزاگران، ئێسکقورس، تەشکتاڵ؟

خوشکانی ئازیز! ئەگەر مێردەکانتان بیانەوێت بە گوێرەی ئاکار و ڕەفتاری ئێوە ناوێکتان بۆ داتاشن، چیتان پێ دەڵێن: میهرەبان، نەرمە گیان، ئەویندارەکەم، خۆشەویستەکەم، یان زماندرێژ، چەقاوەسوو، بێحورمەت؟



Scanned with Cam

خۆزگە زانیبام ئەگەر دراوسێکەمان بیەوێت بە گوێرەی ئاکار و ڕەفتارمان ناوێکمان بۆ داتاشێت، چیمان پێ دەڵێت: بێوەی، دەستپاک، خۆشڕەفتار، یان فیتنەچی، زمانشڕ، ئاژاوگێڕ؟

خۆزگە بمزانیبا ئەگەر هاوڕێکانی فەرمانگەمان بیانەوێ بە گوێرەی ئاکار و ڕەفتارمان ناوێکمان بۆ داتاشن، چ ناوێکمان لێ دەنێن؟ نهێنیپارێز، دەمپاک، دەستپاک، یان دەمشڕ، فیتنەچی، دووڕوو، ماستاوچی؟

ناو بۆ خۆمانە و ئاکار و ڕەوشتمان بۆ خەڵکە... ئەوان دەتوانن بە گوێرەی ئاکار و ڕەوشتمان ناوێکمان بۆ داتاشن... ڕۆژێکیش دێت کە ناو دەڕوات و نامێنێت، بەڵام ئاکار و ڕەوشت نووسراوە و وەک خۆی ماوە، دەی کارێک بکەن دوای خۆتان ڕەحمەتگۆییتان بکەن!



Scanned with Cam



# بنەماڵەکەم لەوانە!

لە سەردەمی نەفامیدا شاعیرێک ڕووی بکردایەتە هەر هۆز و تیرەیەک و لایان نیشتەجێ ببوایە، ئەو هۆز و تیرەیە لە خۆشیدا سێ شەو و سێ ڕۆژ ئاگریان نەدەکوژاندەوە و شاییان دەگێڕا... لەو دەمەدا شاعیر وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بوو... هەر لەبارەی شیعرەوە گوتوویانە: عەرەب جگە لە شیعر، هیچیان نەدەزانی!

ئەم پەندە موبالەغەی تێدایە، ئەگینا لەو سەردەمەدا هەم پزیشکی باو بووە و پزیشکی باشیان هەبووە، هەم ئەستێرەناسی و زانستی فەلەکیان باو بووە و کەسی شارەزا و پسپۆڕیان تێدا بووە، هەم زیرەکی و فرەزانی و قسەپاراوی باوی هەبووە و کەسی لەو جۆەشیان زۆر بووە، بەڵام ئیتر شیعر و شاعیر لە سەرووی هەمووانەوە بووە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیزانی شیعر لای عەرەب چەندە گرنگە... دەیزانی جەنگکردن لەگەڵ قورەیشدا تەنیا بە شیر و تیر نابێت، بۆیە دەیفەرموو: ئادەی بە شیعر وەڵامی قورەیش بدەنەوە، ئەوە لە شیر و تیر زیاتر کاریان تێ دەکات...

هەر بۆ ئەو مەبەستە ناردی بەدوای عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحەدا و پێی فەرموو: ئادەی هێرش بکە سەریان...

ئەویش بە شیعر شاڵاوی بۆ قورەیش برد، بەڵام بە دڵی پێغەمبەر(ﷺ) نەبوو...

ناردی بەدوای کەعبی کوڕی مالیکدا، شیعرەکانی ئەویش بە دڵی



Scanned with Can

پێغەمبەر(ﷺ) نەبوو...

دوایی ناردی بە شوێن حەسسانی کوڕی ثابیتدا، کاتێک حەسسان هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) خۆی وتی: ئێستا کاتی ئەوەیە کە زمانێکی شێرین بنێرن بۆ جەنگ! دوایی بە پێغەمبەری(ﷺ) گوت: بەو خوایەی تۆی کردووە بە پێغەمبەر ئێستا بەم زمانەم وا دەیانڕفێنم، دەبێت وەک ئاسک لەبەر شێر هەڵێن!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: پەلە مەکە، ئەبوبەکر لە هەموو کەسێک زیاتر شارەزای تیرە و بنەماڵە و نەسەبی قورەیشە، نەسەبی منیش تێکەڵی نەسەبی قورەیشە، با ئەبوبەکر هەموو شتێکت بۆ ڕوون بکاتەوە، نەکا هێرش بکەیتە سەر نەسەبی من -ئەو کاتە دەبووە مایەی گاڵتەی کافرانی قورەیش و دەیانگوت: شاعیرەکەی خۆیان جوێن بە گەورەکەی خۆیان دەدات-.

حەسسان ڕۆیشتە خزمەت حەزرەتی ئەبوبەکر و دوایی هاتەوە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەبوبەکر نەسەبی تۆی بە جوانی بۆ ڕوون کردمەوە، وەک چۆن موو لەنێو هەویردا دەردێنین، ئاوا نەسەبی تۆ لە نەسەبی ئەوان دەردێنم و جیای دەکەمەوە!

حەسسان بە شیعرگوتن دایشۆرین... پێغەمبەر(ﷺ) زۆری بە دڵ بوو... هانی دەدا و دەیفەرموو: دایانشۆرە جوبرەئیل هاوکارت بێت!

ئەوەی مەبەستە لەم چیرۆکە ئەوەیە کە:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لای کافرەکانی قورەیشدا سووکایەتی بە بنەماڵە و خزمەکانی خۆی نەکرد... هەرچەند بابەتەکەش بابەتی کوفر و ئیمانە، بەڵام سووکایەتی بە خزم و کەسوکاری خۆی نەکرد... مرۆڤی ڕەسەن هێرش ناکاتە سەر کەسایەتی و هۆز و بنەماڵە، بەڵکوو هێرش



Scanned with Cam

دەکاتە سەر بیروباوەڕی ناتەواو... بەرنامەی بەدفەڕ...

بۆیەش پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەسەبم تێکەڵی نەسەبیانە، چونکە ئەو کەسەی کە لەوبەرەوە هێرشی دەکردە سەر ئەمانەن ئەبوسوفیانی کوڕی حارسی کوڕی عەبدولموتەلیب بوو، پێغەمبەر(ﷺ) دەترسا حەسسان زێدەڕەوی بکات و هێرش بکاتە سەر باب و مام و باپیری پێغەمبەر(ﷺ)...

ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەر بابەتی کوفر و ئیمانیش هێرشی نەکردووەتە سەر بنەماڵە و باب و کاڵی خۆی، کەچی خەڵکی ئێستا لەسەر شتێکی سادە و ساکاری دونیایی جوێن بە باب و باپیری یەکتر دەدەن! تەنانەت لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا جوێن بە باب و باپیر و کەسوکاری مردووی یەکتر دەدەن! توخوا ئەوە کەی ئەخلاقە؟ ئەوە کەی مرۆڤایەتییە؟ ئەوە کەی پیاوەتییە؟

داوای مافی خۆکردن شتێکە و دەمپیسی و جوێنفرۆشیش شتێکی ترە... گەیشتن بە ئامانج هەموو هۆکارێک ڕەوا ناکات... ئێمە ئوممەتی ئاکاری بەرز و ڕەوشتی جوانین... ئەم ئایینەی ئێمە ئەوەندە پاکە، دەبێت هەموو هۆکار و بەکارهێنەر و بەکارهێنراوەکانیش پاک بن...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) کۆمەڵێک سەربازی نارده سەر (حورەقە)... قسە دێت قسە دەبڕێت: حورەقە تیرەیەک بوون لە هۆزی (جوهەینە) بۆیە پێیان دەگوتن حورەقە، چونکە کاتی خۆی لە سەردەمی نەفامیدا شەڕێک لەنێوان ئەوان و تیرەی موڕڕەی کوڕی زیبیاندا قەومابوو... خەڵکانێکی زۆریان لێ کوژرا و هەموویان سووتێنران، ئیتر ناویان لێنان: حورەقە...

بەیانی زوو سەربازەکان گەیشتنە سەر حورەقە، جەنگ دەستی پێ کرد... هەر زۆر زوو مسوڵمانان سەرکەوتن... پیاوێکیان ڕایکرد و خۆی



Scanned with Cam

گەیاندە لای ئوسامەی کوڕی زەید و پیاویکی ئەنصاری، مسولمانەکان چواردەوری کابرایان گرت، کابرا گوتی: لا اله الا الله!

پیاوە ئەنصارییەکە دەستی شل بوو، لەگەڵیدا نەجەنگا، بەلام ئوسامە رمێکی لێدا و کوشتی!

دوای ئەوەی گەڕانەوە بۆ مەدینە و پێغەمبەر(ﷺ) بەسەرهاتەکەی بیست، بە ئوسامەی فەرموو: ئەوە دوای ئەوەی ئەو گوتی: لا اله الا الله هەر کوشتت؟ دەی تۆ لە ڕۆژی قیامەتدا ئەگەر ئەو لا اله الا اللهیە هات و یەخەی گرتی، چی دەکەیت؟

ئوسامە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! لە ترسا گوتی: لا اله الا الله!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆ تۆ دڵی ئەوت لەت کرد تا بزانی لە ترسا وای گوتووە؟

هەموو جارێک ئوسامە خۆزگەی دەخواست و دەیگوت: خۆزگە تا ئەو ڕۆژە مسولمان نەبوایەم و دواتر مسولمان بام، با لە لاپەڕەی کردەوەکانمدا نەنووسرایە: کەسێکی کوشت کە گوتی: لا اله الا الله!

ئەو پیاوە هەرچەند جەنگاوەر بوو، کافر بوو، ئەگەر ئەوان نەیانتوانیایە ئەو بکوژن، بێگومان ئەو ئەمانی دەکوشت، ئوسامە دڵنیا بوو کە ئەو پیاوە لە ترسا لا اله الا اللهی کردووە، بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت و نەکوژرێت... لەو ڕۆژە بەدواوە ئوسامە خۆی لە هەموو کێشە و جەنگێکی نێوان مسولمانان بە دوور گرت و لایەنگیری و دژایەتی کەسی نەکرد...

یەکەم شتێک کە خوای گەورە لە قیامەتدا لێپرسینەوەی لەسەر دەکات، خوێنڕشتنە... پیاوکوشتنە... دوای شیرک هیچ شتێک ئەوەندەی مرۆڤکوشتن تاوان نییە... کوشتنێکی بە ناهەق... کەچی ئەمڕۆ -پەنا بە خوا- خەڵک گاڵتەی بە مرۆڤکوشتن دێت... زۆرێک خۆیان بە مسولمان



Scanned with Cam

ڕەزانن و چی ئاو بخۆنەوە و چی پیاو بکوژن وەک یەکە لە لایان... مامۆستا هەژار گوتەنی: کزەی دڵ وەک کزەی با دێتە بەر گوێت!

یەکێکی تر لەو شتانەی بەسەر مسوڵماندا هاتووە، ئەوەیە کە دەچنە ناو دڵ و نیەتی خەڵکەوە... شەرع دەفەرموێت: بڕیار بە گوێرەی ڕواڵەتی کار و کردەوە دەرێت، نەک بە خوێندنەوەی دڵ و دەروون و نیەتی مرۆڤەکان، ئەوانە کاری خوایە نەک کاری من و تۆ! کەچی زۆرێک دەڵێن: ئەوە فلانکەس بۆیە خێر دەکات بۆ ئەوەی خەڵک وابزانن کەسێکی زۆر باشە و خێرۆمەند و خواناسە! بۆیە خێر دەکات بۆ ئەوەی لەناو خەڵکدا خۆی هەڵکێشێت! من دەزانم ئەو مەبەستی ڕەزامەندی خوا نییە!

زۆرجار دەبیستین: فلانکەس بۆیە دەچێت بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی باوکی فلانە کچ ببینێ و ئەمیش داوای کچەکەی بکات و ئەویش کچەکەی خۆیی پێ بدات...

گومان باشی نەماوە و بەدبینی جێگەی گرتووەتەوە... وای لێهاتووە کەسێک بڕوا بۆ ماڵی کەسێکی تر خەڵک بە گومانەوە دەڵێن: دەبێ چ پیلانێکیان لەژێر سەردا بێت؟ ئیتر کەس ناڵێت: لەوانەیە کارێکی خێریان هەبێت... لەوانەیە بیانەوێ بە یەکەوە هاوکاری هەژارێک بکەن... دەستی داماوێک بگرن... لەوانەیە بیانەوێ کێشەی ماڵێک چارەسەر بکەن!

بە خوا جاری وا هەیە مرۆڤ بە تەواوی ئاگای لە نیەتی ناو دڵی خۆی نییە، کارێک دەکات لێی دوودڵە نازانێ بۆ خوای کردووە یان بۆ ناوبانگ، دەی ئیتر من و تۆ چۆن دەتوانین هەروا بە ئاسانی بڕیاری لەسەر بدەین؟



Scanned with Cam



# دەتەوێ چی پێ بدەی؟

عەبدوڵڵای کوڕی عامر منداڵێکی بچکۆلانە بوو، دایکی دەیەویست عەبدوڵڵا بڕوات بۆ لای، بۆیە بانگی کرد و گوتی: عەبدوڵڵا وەرە با شتێکت پێ بدەم!

پێغەمبەر(ﷺ) لەوێ دانیشتبوو، بە دایکی عەبدوڵڵای فەرموو: دەتەوێ چی پێ بدەی؟

دایکی عەبدوڵڵا گوتی: خورمایەکی پێ دەدەم!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر هیچت پێ نەدایە، درۆیەکت لەسەر دەنووسرا...

ئایینی ئیسلام سوورە لەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی جوان مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکرێت... بە جوانی پەروەردە بکرێن... بۆ ئەوەی نەوەیەکی تازە و نوێ پەروەردە ببێت بەرگەی ناخۆشی و نارەحەتی بگرن لەپێناو بانگەواز و بانگێهشت لەپێناو ئایینی خوای گەورەدا... کەسێک کە خۆی هیچی نییە، ناتوانێت هیچ ببەخشێت... جا لەبەر ئەوەی منداڵانی ئەمڕۆ پیاو و ژنی سبەینێن، بۆیە ئیسلام زۆر سوورە لەسەر ئەوەی کە بە باشی پەروەردە بکرێن... وەک پسپۆڕانی بواری پەروەردە دەڵێن: پەروەردەکردن و ڕاهێنانی منداڵێک، زۆر لە چارەسەرکردنی هەرزەکارێک ئاسانترە...

بۆیە پەروەردە هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە دەست پێ دەکات...



Scanned with Cam

لای خۆمان واباوە کاتێک منداڵێک بیانووی شتێک دەگرێت و بۆی ناکڕین، بە ترساندن لە حاجییەکە دوو گوێچکە و شەوڵەبان و غولی بیابان و دایکە هال دەیترسێنن و ژیری دەکەنەوە... یان بەڵێنی شتێکی پێ دەدەن و دواتریش بۆی جێبەجێ ناکەن... کە ئەو ترساندن و بەڵێنشکاندنە جگە لە تاوانەکەی ڕووخاندنی باری دەروونی منداڵیشە!

منداڵ نەمامی تازەچێنراوە... ئێمەش هەر ئەو شتە دەدورینەوە کە چاندوومانە... کاتێک بە هەڕەشە و گوڕەشە و گەفلێکردن منداڵ دەترسێنیت، ئەویش بۆ ئەوەی خۆی لەو ترسە ڕزگار بکات، ناچار فێری درۆکردن دەبێت!

کاتێک بە توندوتیژی لەگەڵیا دەجووڵێیتەوە و ڕایدەهێنی، ئەویش کەسێکی توندئاژۆی لێ باردێت... لە کاتی گەورەییدا هەمیشە لە بیری تۆڵە سەندنەوەدایە...

کاتێک لەسەر درۆ ڕایدێنیت، متمانە لە دەست دەدات!

کاتێک لەسەر هەرا و چەقەچەق پەروەردەی دەکەیت، فێری سووکایەتیپێکردن و توندوتیژی و دەنگەدەنگ دەبێت!

کاتێک هەر بە منداڵی فێری ڕێزگرتنی ناکەیت، کەسێکی نابەڕێزی لێ دەردەچێت... هەمیشە وا هەست دەکات کەسێکی خوار و سەرشۆڕە و هیچ کەسێک بە مرۆڤی نازانێت!

کاتێک فێری خۆپەرستی دەکەیت، لە گەورەییدا دونیا بە بەرچاویەوە ئاگر بگرێت، بەس خۆی سەلامەت بێت، ئیتر کێشەی نییە!

منداڵ وەک چوزەگیا وایە... سەیر بکەن بزانن چۆن ئەو چوزەیە پەروەردە دەکەن؟ شاعیرێک دەڵێت:

دار بە نەمامی ڕاست دەبێتەوە
تەختەی لار دەشکێ، ڕاست نابێتەوە

کوردیش دەڵێت: تول بە تەڕی دەچەمێت!



Scanned with Can

بە پەروەردەی خراپ منداڵەکانتان مەخەنە تالووکەوە... بەهۆی درۆ و توندوتیژی و بەلێنشکاندنەوە کەسایەتییان تێک مەشکێنن و فێری درۆ و توندوتیژییان مەکەن... بەهۆی پەروەردەی خراپەوە فێری بێزێزییان مەکەن... تۆ خۆت ئێستا خراپ پەروەردەی بکەی، سبەی چاوەڕێی ئەوە مەبە تۆ پیر ببیت و ئەویش وەک منداڵێکی باش لەگەڵتدا بجووڵێتەوە...

ڕۆژێک پیاوێک دەچێتە خزمەت حەزرەتی عومەر و سکاڵای لە کوڕەکەی خۆی ئەکرد، ئەویش بانگی کوڕەکەی کرد، کوڕەکە هات. لێی پرسی فەرمووی: بۆچی بۆ باوکت خراپیت؟ نازانی باوکت مافی هەیە بە سەرتەوە؟

کوڕەکە وتی: ئەی قوربان منداڵیش مافی بەسەر باوکەوە نییە؟

فەرمووی: با.

وتی: ئەو مافانە چین گەورەم؟

فەرمووی: یەکەم ئەوەیە کە کچێکی باش دەستنیشان بکات بۆ هاوسەرێتی بۆ ئەوەی منداڵەکانی داهاتووی دایکێکی باشیان هەبێت، دەبێت ناوێکی جوان بۆ منداڵەکەی هەڵبژێرێت، ئەبێت فێری قورئانخوێندن و خوێندەوارییان بکات.

کوڕەکە وتی: دەی قوربان باوکم هیچ یەکێک لەمانەی بۆ من نەکردووە، دایکم قولەڕەشێکی ناشیرینە و کەنیزەی پیاوێکی مەجوسی بووە، ناوی ناوم: قالۆنچە، یەک وشەشی فێر نەکردووم!

حەزرەتی عومەر لای کردەوە بە لای پیاوەکەدا فەرمووی: ئەوە تۆ هاتووی سکاڵا لە کوڕەکەت دەکەیت و دەڵێیت؛ بۆم خراپە، پێش ئەوەی ئەو بۆ تۆ خراپ بێت، تۆ بۆ ئەو خراپ بووی، پێش ئەوەی ئەو نالەبار بێت، تۆ نالەبار بوویت!



Scanned with Can



# نەفرەتی لێ مەکەن!

لە سەردەمی حەزرەتی عومەردا پیاوێک هەبوو ناوی عەبدوڵلا بوو، نازناوێکی ناشیرینیان لێنابوو... ئەو پیاوە پیاوێکی زۆر ڕۆحسووک و قسەخۆش بوو، هەرجارێ بە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بگەیشتایە ئەوەندە قسەی خۆشی بۆ دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی دەکرد بە پێکەنین!

ئەم عەبدوڵلایە خوویەکی خراپی هەبوو مەیخۆر بوو، جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مەیخۆری داری لێدا، دوایی دیسان جارێکی تر دەستی کردەوە بە مەیخۆری، هێنایانەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)... دیسان بە فرمانی پێغەمبەر(ﷺ) داری لێدرا... یەکێک لە ئامادەبووان بە عەبدوڵلای گوت: نەفرەتی خوات لێبێت، ئەوە چییە ئەوەندە زوو زوو دەیهێنن و دارکاری دەکەن؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەفرەتی لێ مەکەن! بە خوا من هەر هێندە دەزانم کە خوا و پێغەمبەری خوای زۆر خۆش دەوێت!

وەک چۆن پەتا و هەڵامەت و نەخۆشییەکانی تر نەخۆشی جەستەن، بە هەمان شێوە تاوانیش نەخۆشی ڕۆحە... وەک چۆن بە چاوێکی پڕ لە سۆزەوە تەماشای کەسێکی نەخۆش دەکەین و بەزەییمان پێیدا دێتەوە و پێی دەڵێین: خوای گەورە شیفات بۆ بنێرێت، دواییش خۆمان بە خۆمان دەڵێین: خوایە سوپاس بۆ تۆ کە لە زۆرێک لە نەخۆشییەکان ئێمەت پاراستووە، دەبێت ئاواش تەماشای تاوان و گوناهی خەڵک بکەین



Scanned with Cam

و سوپاسی خوا بکەین کە ئێمە لەو جۆرە تاوانەمان ئەنجام نەداوە و داوا بکەین خوای گەورە بمانپارێزێت... بە خوا کەس بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی، خۆی لە تاوان دوور نەخستووەتەوە، هەمووی سۆز و بەزەیی خوای گەورەیە! خوای گەورە من و تۆ دەپارێزێت و تووشی فلان تاوان و فلان گوناه نابین! جگە لەوەش کەس نییە بەشی خۆی تاوانی نەبێت، هەر یەکێک لە ئێمە کۆمەڵێک تاوانمان هەیە و شاردوومانەتەوە و ناهێڵین خەڵک پێی بزانێت، هەقیش وایە بیشارینەوە و ئاشکرای نەکەین، چونکە هەرکەسێک تاوانی خۆی ئاشکرا بکات، مانای وایە شانازی پێوە دەکات و خوای گەورە ئابڕووی دەبات!

دەبێت هەمووان تاوانی یەکتر بشارینەوە و لای کەسدا باسی نەکەین... ئەمەش بۆ ئەوە نییە بڵێین: با تاوان بکەین و بیشارینەوە! هاندانیش نییە بۆ تاوانکردن... نەخێر! بۆ ئەوەیە مسوڵمانێکی تاوانبار لای خەڵکدا سووک نەبێت... هەموو کەسێک تۆوێکی خێر و چاکەی تێدایە، کلیلی بەهەشت و دۆزەخ دابەش مەکەن، ئەوە کاری من و تۆ نییە!

بەڵێ ڕاستە بالاپۆشی فەرزە و دەبێت ئافرەت بالاپۆش بێت، بەڵام کێ بە تۆی گوتووە: ئەو کچانەی بالاپۆش نین، ئیتر نوێژ ناکەن و ڕۆژوو ناگرن و هیچ ئەرکێکی ئایینی جێبەجێ ناکەن؟

ئێمە هەمووان بە دەیان کچی دەوروبەری خۆمان دەناسین تاکە تاوانیان ئەوەیە بالاپۆش نین، ئەگینا هەموو ئەرکێکی ئایینی جێبەجێ دەکەن! دەی با بە قسەی نەرم و خۆش و بە ڕێنمایی ژیرانە کارێک بکەین بالاپۆش بن!

ڕاستە نوێژ کۆڵەکەی ئایینە و سەری هەموو کارێکی چاکەیە و یەکەم شتە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، هەمووشمان دەزانین گەنجی وا هەیە نوێژ ناکات، بەڵام ئەوەندە پێغەمبەری (ﷺ) خۆش



Scanned with Cam

دەوێت، ئەگەر کەسێک بێڕێزییەک بەرامبەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکات، بە توندی بە گژیدا دەچێتەوە و شەڕی لەگەڵدا دەکات... خۆ ناکرێت بەو جۆرە کەسە بڵێین: وەڵڵا خۆشەویستییەکەی تۆ بۆ پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویستییەکی فشەڵ و درۆزنانەیە، ئەگەر خۆشت بویستایە نوێژت دەکرد! نا نابێت وای پێ بڵێین، بەلکوو دەبێت پێی بڵێین: ئای لەو خۆشەویستییەی تۆ بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) چەندە جوانە و چەندە پیرۆزە، بەڵام خۆزگا نوێژیشت بکردایە و خۆشەویستییەکەت تێروتەواو بکردایە!

ئەو کەسەی حەز و ئارەزوو و شەهوەت بە سەریدا زاڵ دەبێت، خۆ کافر نییە، بەلکوو مسوڵمانێکی لێقەوماوە، شەیتان کارە دزێو و ناشیرینەکانی لەبەرچاو جوان و شیرین کردووە، دە ئێوەش لەجیاتی ئەوەی بەرەو لای شەیتانی بفڕێنن، دەستی بگرن و بەرەو لای خودا و ئایینی خودا بیهێننەوە! خەڵک بەهۆی میهرەبانی و قسەی خۆش و ئاکاری جوانەوە بەرەو لای خودا دەگەڕێتەوە، نەک بەهۆی توندوتیژی و قسەپێگوتن و کاری دزێوەوە...

ئەو ئافرەتەی کە خۆی بۆنخۆش دەکات و سوراو و سپیاو دەکات و جوانی خۆی بۆ کوڕوکاڵی خەڵک دەردەخات، بەو کارەی کافر نابێت، بەلکوو ئەوە نەخۆشییە، ئەو جۆرە ئافرەتانە نەخۆشن، سروشتی ژن وایە حەزی لەوەیە جوان و شۆخوشەنگ بێت، ئەوە گومانێکی لاوازە کە کچان بەو شێوە دەتوانن مێرد بۆ خۆیان پەیدا بکەن...

هاوسەرگیری وەک هەموو شتێکی تر رزق و ڕۆزییە، ڕزق و ڕۆزیی خوای گەورە بەهۆی کاری جوانەوە زیاد دەبێت، نەک بەهۆی تاوانەوە...

ئەگەر کچ جوانییەکەی خۆی بە بالاپۆشی برازێنێتەوە، جوانتر دەبێت... هەتا جوانییەکەی خۆی لە خەڵکی نامەحرەم بشارێتەوە، زیاتر



Scanned with Can

جوان دەبێت... خونچە هەتا خونچە بێت تەڕ و تازە و نوێ و جوانە، کە دەمی کردەوە و هەموو کەس لووتی پێگەیاند و بۆنیان کرد، بەرگەی ڕۆژێک ناگرێت و سیس و بێ بۆن دەبێت و دەژاکێت...

هیچ تاوانێک هێندەی شیرک گەورە نییە، ئەوەتا خوای گەورە بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ ﴾آل عمران: ١٥٩ واتە: کەوابوو ئەی محمد(ﷺ) بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمن بوویت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر تووڕە و قسەڕەق و بێبەزەیی بوویتایە، ئەوە هەموو لە دەورت بڵاوەیان دەکرد.

خوای گەورە پەسنی پێغەمبەر(ﷺ) دەدات، چونکە لەگەڵ موشریک و بێباوەڕەکانیشدا نەرمونیان بووە... دەی مەگەر مسوڵمان زیاتر شایانی ئەوە نییە لەگەڵیدا نەرمونیان و قسە نەرم بین؟

خۆ فیرعەون هەر موشریکێکی سادە نەبوو، بەڵکوو ئەو بانگەشەی خوایەتی دەکرد، ئەو دەیگوت: ﴿ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ ﴾ النازعات: ٢٤ واتە: من خوای هەرە گەورەی ئێوەم! لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە حەزرەتی موسا و حەزرەتی هارونی نارد بۆ لای فیرعەون و پێی فەرموون: ﴿ اذْهَبَا إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَىٰ ﴿٤٣﴾ فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴿٤٤﴾ ﴾ طه: ٤٣ – ٤٤ واتە: هەردووکتان بڕۆن بۆ لای فیرعەون، بە ڕاستی ئەو سنووری تێپەڕاندووە، بە نەرمونیانی لەگەڵیدا بدوێن، شایەت بیر بکاتەوە، یان بترسێت.

دەی لە کاتێکدا خوای گەورە بە دوو پێغەمبەر لە پێغەمبەرانی خۆی بفەرمووێت لەگەڵ کەسێکدا نەرمونیان بن، کە دەڵێت: ﴿ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ ﴾ دەبێت بەرامبەر مسوڵمان چۆن بێت لە کاتێکدا مسوڵمان ڕۆژانە چەند جارێک دەڵێت: سبحان ربي الأعلى؟



Scanned with Cam



# کەلوپەلەکەت فڕێ بدەرە کۆڵان!

لە فەرموودەیەکی لاوازدا ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ ثَلَاثِ فَوَاقِرَ: تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ مُجَاوَرَةِ جَارِ سَوْءٍ، إِنْ رَأَى خَيْرًا كَتَمَهُ، وَإِنْ رَأَى شَرًّا أَذَاعَهُ، وَتَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ زَوْجَةِ سَوْءٍ، إِنْ دَخَلْتَ عَلَيْهَا أَلْسَنَتْكَ - كَذَا قَالَ - وَإِنْ غِبْتَ عَنْهَا خَانَتْكَ، وَتَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ إِمَامِ سَوْءٍ، إِنْ أَحْسَنْتَهُ لَمْ يَقْبَلْ، وَإِنْ أَسَأْتَ لَمْ يَغْفِرْ.

واتە: پەنا بگرن بە خوا لە خراپەی سێ بەلا و موسیبەتی گەورە: پەنا بگرن بە خوا لە دراوسێیەتی دراوسێی خراپ، ئەگەر کاری چاکەت لێ ببینێت بیشارێتەوە و خراپەیەکت لێ ببینێت لای هەموان باسی بکات... پەنا بگرن بە خوای گەورە لە ژنی خراپ، ئەگەر بچیتەوە بۆ لای -وەک مار و دووپشک- پێتەوە بدات، ئەگەریش بەجێی بێڵی خیانەتت لێ بکات... پەنا بگرن بە خوا لە پێشەوا و سەرکردەی خراپ، ئەگەر چاکەی لەگەڵدا بکەی، پێی ڕازی نەبێت، ئەگەر خراپەش بکەی لێت خۆش نەبێت.

ئەمە فەرموودەی لاواز، لە فەرموودەیەکی صەحیحیشدا ئەوە هاتووە کە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَجُلًا جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَشْكُو جَارَهُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: اصْبِرْ، ثُمَّ أَتَاهُ الثَّانِيَةَ يَشْكُو، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «اصْبِرْ»، ثُمَّ أَتَاهُ يَشْكُو، فَقَالَ لَهُ: «اصْبِرْ»، ثُمَّ أَتَاهُ الرَّابِعَةَ يَشْكُوهُ، فَقَالَ: «اذْهَبْ فَأَخْرِجْ مَتَاعَكَ فَضَعْهُ عَلَى ظَهْرِ الطَّرِيقِ



Scanned with Cam

«، فَجَعَلَ لَا يَمُرُّ بِهِ أَحَدٌ إِلَّا قَالَ لَهُ: شَكَوْتُ جَارِي إِلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: « اذْهَبْ فَأَخْرِجْ مَتَاعَكَ فَضَعْهُ عَلَى ظَهْرِ الطَّرِيقِ ». فَجَعَلَ لَا يَمُرُّ بِهِ أَحَدٌ إِلَّا قَالَ: اللهُمَّ الْعَنْهُ اللهُمَّ أَخْزِهِ. قَالَ: فَأَتَاهُ، فَقَالَ: يَا فُلَانُ، ارْجِعْ إِلَى مَنْزِلِكَ فَوَاللهِ لَا أُوذِيكَ أَبَدًا. رواه البيهقي.

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) سکاڵای لە دەست دراوسێکەی بوو، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: خۆڕاگربە! بۆ جاری دووەم هاتەوە و دیسان سکاڵای لە دراوسێکەی بوو، پێغەمبەر(ﷺ) دووبارە پێی فەرموو: خۆڕاگربە! بۆ جاری سێیەم هاتەوە و دیسان سکاڵای لە دراوسێکەی بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خۆڕاگربە، تا جاری چوارەم هاتەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵای لە دەست دراوسێکەی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڕۆ کەلوپەلەکەت بێنە دەرەوە و لە کۆڵان داینێ... کابرا کەلوپەلەکەی هێنایە دەرەوە ئیتر هەرکەسێک دەیبینی، دەیپرسی ئەوە چییە؟ پیاوەکەش دەیگوت -لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵام لە دراوسێکەم کرد و ئەویش فەرمووی: بڕۆ کەلوپەلەکەت بێنە دەرەوە و لە کۆڵان داینێ... ئیتر هەکەسێک بەوێدا تێدەپەڕی نەفرەتی لەو دراوسێ خراپە دەکرد و دەیگوت: خوایە بەر نەفرەتی خۆتی بخە و سەرشۆڕی بکە! دراوسێ خراپەکە بەپەلە هات بۆ لای کابرا و پێی گوت: بگەڕێوە بۆ ماڵی خۆت، سوێند بە خوا هەتا ماوم ئازارت نادەم.

هەر لەبارەی دروسێوە سەیری ئەم فەرموودەیە بکە:

عَنْ مُجَاهِدٍ، أَنَّ عَبْدَ اللهِ بْنَ عَمْرٍو ذُبِحَتْ لَهُ شَاةٌ فِي أَهْلِهِ، فَلَمَّا جَاءَ قَالَ: أَهْدَيْتُمْ لِجَارِنَا الْيَهُودِيِّ؟ أَهْدَيْتُمْ لِجَارِنَا الْيَهُودِيِّ؟ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: مَا زَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجَارِ حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ. رواه الترمذي.



Scanned with Cam

واتە: موجاهید دەفەرموێت: لە ماڵی عەبدوڵلای کوڕی حەزرەتی عومەردا مەڕێک سەربڕا، کاتێک عەبدوڵلا هاتەوە فەرمووی: بەشی دراوسێ جوولەکەکەتان ناردووە؟ بەشی دراوسێ جوولەکەکەتان ناردووە؟ من گوێم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو دەیفەرموو: جوبرەئیل بەردەوام ئەوەندە لە بارەی دراوسێوە ئامۆژگاری کردم، وام گومان برد کە دروارسێ میراتی دراوسێ ببات.

دیسان لە بارەی دراوسێوە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ(ﷺ) قَالَ: «قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنَّ فُلَانَةَ تُذْكَرُ مِنْ كَثْرَةِ صَلَاتِهَا وَصِيَامِهَا وَصَدَقَتِهَا، غَيْرَ أَنَّهَا تُؤْذِي جِيرَانَهَا بِلِسَانِهَا. قَالَ: هِيَ فِي النَّارِ. قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! فَإِنَّ فُلَانَةَ تُذْكَرُ قِلَّةَ صِيَامِهَا وَصَدَقَتِهَا وَصَلَاتِهَا وَإِنَّهَا تَصَدَّقُ بِالْأَثْوَارِ مِنَ الْأَقِطِ وَلَا تُؤْذِي بِلِسَانِهَا جِيرَانَهَا قَالَ: هِيَ فِي الْجَنَّةِ». رَوَاهُ أَحْمَد.

واتە: ئەبوهورەیرە دەفەرموێت: پیاوێک وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) باسی فڵان ئافرەت دەکرێت، گوایە نوێژ زۆر دەکات، ڕۆژوو زۆر ئەگرێت، خێریش زۆر دەکات، بەڵام بە زمان زۆر ئازاری دراوسێ دەدات. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە لە ئاگردایە. پیاوەکە وتی: قوربان باسی فڵان ئافرەتیش دەکرێت گوایە ڕۆژووی سوننەت کەم دەگرێت، خێر کەم دەکات، نوێژی سوننەت کەم دەکات، دەڵێن: جار جار دوو سێ دانە کەشک دەکات بەخێر، بەڵام بە زمان ئازاری دراوسێکانی نادا. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو لە بەهەشتدایە.

با بێینە سەر کرۆکی باسەکەمان کە ئەمەیە: برۆ کەلوپەلەکەت فڕێ بدەرە کۆڵان!



Scanned with Cam

خۆی دەبێت مرۆڤ تاوانی یەکتر و عەیبوعاری یەکتر بشارێتەوە، ناکرێت هەرکەسێک تاوانێکی کرد، ئیتر لای هەمووان فووی پیا بکەین و باسی بکەین، بەڵام جاری وا هەیە ئیتر مرۆڤ خۆی بۆ ناگیرێ، وەک دەڵێن: دێتە کونە لووتی! خراپەکار ئەوەندە خراپە دەکات، کەسی بەرامبەر لە وزەیدا نامێنێ خۆڕابگرێت و هیچ نەڵێت و کاردانەوەی نەبێت! بە تایبەت ئەگەر خراپەکە دووبارە ببێتەوە و کابرای خراپ واز لەو خراپەیە نەهێنێ! ئا لەو کاتانەدا کەسێک لە بەرامبەر هەق و ڕاستیدا بێدەنگ بێت، ئەوە وەک شەیتانی لاڵ وایە... هەرکەسێک بە ستەم ڕازی بێت، ئەوە پێی ناڵێین: خۆڕاگر، بەڵکوو ئەوانە ترسنۆکن!

هەندێک کەس بە هەڵە لە شتەکان تێدەگەن، وا دەزانن خۆڕاگری و حەوسەڵە و پشوودرێژی واتە: ترسنۆکی!

وادەزان ئەگەر کەسێک وەڵامی خراپە نەداتەوە، ئەوە ئیتر مەرد نییە و هیچی پێ ناکرێت! وا دەزانن ئەمان خراپە دەکەن و بەرامبەر بێدەنگە، ئەوە کەسی بەرامبەر لەم دەترسێت و ناوێرێت هیچ بڵێ! ئا لەو کاتانەدا دەبێ کەلوپەلەکەت فڕێ بدەیتە کۆڵان... نەک بە قسە بەڵکوو بە مانا، جا فڕێدانی کەلوپەل چەند جۆرێکە:

بڕۆی لای دادوەر سکاڵا تۆمار بکەیت... یان لای پیاوی ڕیشسپیی ئەو ناوە قسە بکەیت و بابەتەکەیان بۆ شی بکەیتەوە... یان بەهۆی یەکێک لە ئامێرەکانی پەیوەندییەوە، پەیوەندی بە لایەنی بەرپرسەوە بکەیت... یان کەسێک بنێری بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکات و واز لە کارە خراپەکانی بێنێت!



Scanned with Cam



# خودا فرمانی پێکردم بەسەر تۆیدا بخوێنم!

بێنە بەرچاوی خۆت کەسێک پێت بڵێت: جەنابی بەڕێوەبەر باسی تۆی کرد و وتی: بەڕاستی کارمەندێکی باشە! بێگومان تۆ ئەو قسەیەت پێخۆشە، خۆ ئەگەر بڵێن: وەزیر گوتوویەتی: تۆ کەسێکی زۆر لێهاتووی لە کارەکانی خۆتدا، ئەوە بێگومان زیاتر دڵخۆش دەبیت... شانازی بە خۆتەوە دەکەیت... خۆ ئەگەر پێت بڵێن: سەرۆک ناوی تۆی هێناوە و باسی تۆی بە چاکە کردووە، ئەوە لەوانەیە لە خۆشیدا بدەی لە شەقەی باڵ و بفڕی! لەوانەیە ئەوەندە خۆشحاڵ بیت، وابزانی ئەم دونیایە هی تۆیە و تۆ بووی بە سەرۆکی هەموو دونیا!

دەی تۆ بێنە بەربیر و خەیاڵی خۆت، ئەگەر پێت بڵێن: خوای گەورە باسی تۆی کردووە و ناوی تۆی بردووە!

ئەوەی کە من لە تۆم ویست هەر بەڕاستی لە کەسێک ڕوویداوە...

عَنْ أَنَسٍ قَالَ: «قَالَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - لِأُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ: إِنَّ اللَّهَ أَمَرَنِي أَنْ أَقْرَأَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ... قَالَ: آللَّهُ سَمَّانِي لَكَ؟ قَالَ: نَعَمْ! قَالَ: وَقَدْ ذُكِرْتُ عِنْدَ رَبِّ الْعَالَمِينَ؟ قَالَ: نَعَمْ... فَذَرَفَتْ عَيْنَاهُ». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە، ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) بە ئوبەیی کوڕی کەعبی فەرموو: بەڕاستی خوای گەورە فرمانی پێ کردم قورئانت بە سەردا بخوێنم...

ئوبەی وتی: توخوا خوای گەورە خۆی ناوی منی برد؟



Scanned with Cam

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ!

ئوبەی وتی: ئێستا من لە لایەن خوای گەورەوە ناو برام؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ...

ئوبەی لە خۆشیدا چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و گریا...

لە ڕیوایەتێکدا دەفەرموێت: ئوبەی هەتا مردن دەیفەرموو: من ئەو کەسەم کە خوای گەورە ناوی بردم...

باشە خۆ حەزرەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی، لە ئوبەی گەورەتر و بەڕێزتر بوون، بۆچی لەناو هەمووواندا خوای گەورە ناوی ئوبەیی برد؟

چونکە ئوبەی لە هەمووان زیاتر قورئانی دەخوێندەوە... هەر بۆیە ئاساییە دوای ئەوەی لە سەردەمی خەلافەتی حەزرەتی ئەبوبەکردا قورئان کۆ کرایەوە، ئوبەی یەکێک بێت لەو کەسانەی کە قورئانیان کۆ دەکردەوە... کاتێکیش لە سەردەمی حەزرەتی عوسماندا دیسان قورئان کۆ کرایەوە، دیسان ئوبەی لەناو ئەو چەند کەسەدا بێت کە ئەو کارەیان پێ سپێردرا...

ئەم دونیایە سەیرە و پلەبەندی تێیدا جۆراوجۆرە... بە گشتی حەزرەتی ئەبوبەکر زۆر لە ئوبەی پلەوپایەی بەرزتر بوو، بەڵام ئوبەی لە قورئانخوێندنەوەدا لە پێش حەزرەتی ئەبوبەکرەوە بوو...

بە گشتی حەزرەتی عومەر زۆر لە خالیدی کوڕی وەلید مەزنتر بوو، بەڵام ئەو زانیارییەی خالید لە بارەی جەنگەوە هەیبوو، حەزرەتی عومەر نەیبوو...

بە گشتی حەزرەتی عوسمان لە موعازی کوڕی جەبەل گەورەتر بوو، بەڵام لە ڕووی زانیاری بە حەلال و حەرامەوە، کەس نەدەگەیشت بە موعاز...



Scanned with Cam

بە گشتی حەزرەتی عەلی زۆر لە ئەبوهورەیرە گەورەتر بوو، بەڵام لە ڕووی ژمارەی لەبەرکردنی فەرموودەوە، کەس نەدەگەیشت بە ئەبوهورەیرە...

ئەم ئایینە گەورەیە بۆیە گەیشتە لووتکە، چونکە کەسی شیاوی بۆ کاری شیاو دیاری دەکرد... یانی هەرکەسێک لە هەر بوارێکدا شارەزایی تەواوی هەبوایە لەو بوارەدا کاری دەگرتە دەست...

هەموو کەسێک ئەوە دەزانێت و دڵنیایە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەزرەتی ئەبوبەکری لە خالید خۆشتر دەویست، بەڵام خالیدی کرد بە سەرکردەی سوپا، چونکە خالید لەو بوارەدا کەسی پێ نەدەگەیشت...

سەیرێکی ئەم فەرموودەیە بکە:

عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ: أَلَا تَسْتَعْمِلُنِي؟ قَالَ: فَضَرَبَ بِيَدِهِ عَلَى مَنْكِبِي ؛ ثُمَّ قَالَ: يَا أَبَا ذَرٍّ إِنَّكَ ضَعِيفٌ وَإِنَّهَا أَمَانَةٌ ؛ وَإِنَّهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ ؛ إِلَّا مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا وَأَدَّى الَّذِي عَلَيْهِ فِيهَا. وَفِي رِوَايَةٍ ؛ قَالَ لَهُ: يَا أَبَا ذَرٍّ ؛ إِنِّي أَرَاكَ ضَعِيفًا ؛ وَإِنِّي أُحِبُّ لَكَ مَا أُحِبُّ لِنَفْسِي ؛ لَا تَأَمَّرَنَّ عَلَى اثْنَيْنِ ؛ وَلَا تَوَلَّيَنَّ مَالَ يَتِيمٍ». رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

واتە: باوکی زەڕ دەفەرموێت: بە پێغەمبەرم(ﷺ) وت: ئەوە بۆ نامکەی بە کاربەدەست؟

دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) بە دەست کێشای بە ناوشانمدا و فەرمووی: باوکی زەڕ! تۆ کەسێکی لاوازی، کاربەدەستیش ئەمانەتە، لە ڕۆژی قیامەتیشدا سووکایەتی و پەشیمانییە، مەگەر ئەوانە نەبێت کە بە ڕێکوپێکی کاربەدەستییەکەیان جێبەجێ دەکەن.

لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: ئەی باوکی زەڕ! من وا ئەزانم تۆ پیاوێکی لاوازی، من چیم بۆ خۆم پێخۆش بێت، بۆ تۆش پێمخۆشە، هەرگیز مەبە بە بەرپرسی دوو کەس، هەرگیز مەبە بە سەرپەرشتیاری ماڵی هەتیو.



Scanned with Can

خۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) گومانی لە دەستپاکی و خاوێنی ئەبوزەڕ نەبوو، بەڵکوو ئەوە شتێکە تایبەت بە ئەبوزەڕ و کەسایەتیی ئەبوزەڕ.. ئەبوزەڕ لە زوهد و دونیانەویستیدا لە لووتکەدا بوو، قسەی هەق و ڕاست بوو، هەرگیز ترسی سەرکۆنەی سەرکۆنەکەران، قسەی ڕاست و هەقی پێ نەدەشاردەوە... پێغەمبەر(ﷺ) لە بارەی ئەبوزەڕەوە فەرمووی: نەئاسمان سێبەری کردووە بەسەر کەسێکدا لە ئەبوزەڕ ڕاستگۆتر، نە زەوی کەسێکی هەڵگرتووە لە ئەبوزەڕ ڕاستگۆتر...

ئەو کەسەی کە پێنج فەرزە لە مزگەوتدا نوێژی بەکۆمەڵ دەکات، ئەوە کەسێکی پاک و چاکە، بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە شیاوی ئەوەیە ببێت بە وەزیر! یان کاروباری خەڵکی پێ بسپێردرێت!

ئەو کەسەی هەموو قورئانی لەبەرە، کەسێکی پاک و چاک و خاوێنە، بەڵام ئەمە مانای وا نییە ئەم کەسە شیاوی ئەوەیە ببێت بە سەرکردەی سوپا!

خواپەرستی و پارێزکاری شتێکە لە هەموو کەس داوا کراوە، ئیتر هەر پۆست و پلە و کارێکی هەبێت، بەڵام سەرەتا بەدوای شارەزایی و لێزانیدا بگەڕێ -بزانە فلانکەس چ کارێکی پێ دەکرێت، ئەوی تر دەتوانێت چ کارێک ڕاپەڕێنێت- دواتر ئەگەر دوو کەس هەبوون توانای بەڕێوەبردنی یەکجۆر کاریان هەبوو، ئەو کاتە بە گوێرەی خواناسی و خواپەرستی بڕیار بدە و کارەکە بەوەیان بسپێرە کە زیاتر خواناسە و خواپەرستە...

بەڵام تۆ بچی کەسێک بکەی بە سەرکردەی سوپا کە هیچ لە پلان و نەخشەی جەنگی نەزانێت و بڵێی: جا قەیناکە خۆ هەموو قورئانی لەبەرە! ئەوە ستەمە هەم لە خۆت هەم لەو کەسە و هەم لە تەواوی خەڵک...

کەواتە: کەسی شیاو بۆ کاری شیاو...



Scanned with Can



# ئێستا پیاوێکی بەهەشتی دێت!

ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵاندا دانیشتبوو فەرمووی:

ئێستە پیاوێکی بەهەشتی لێرەوە دێت!

زۆری پێ نەچوو پیاوێکی سادە هات! تازە دەستنوێژی گرتبوو، ئاو بە ڕیشیدا دەچۆڕا...

ڕۆژی دووەم دیسان پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئێستا پیاوێکی بەهەشتی لێرەوە دێت و گوزەر دەکات!

دیسان پیاوەکەی پێشوو دەرکەوتەوە!

ڕۆژی سێیەمیش دیسان پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئێستا پیاوێکی بەهەشتی لێرەوە دێ و گوزەر دەکات!

دیسان پیاوەکەی پێشوو دەرکەوتەوە!

هاوەڵان سەریان سوورما، حەزیان ئەکرد لەو نهێنییە تێبگەن!

عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص -ڕۆیشت بۆ ماڵی ئەو پیاوە- و پێی گوت:

لەگەڵ باوکمدا بووە بە ناخۆشیمان و سوێندم خواردووە سێ شەو و ڕۆژ نەچمەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئەمەوێ چەند شەو لە ماڵی تۆدا بمێنمەوە!

پیاوەکە وتی: بەسەرچاو!

عەبدوڵلا سێ شەو و سێ ڕۆژ لای مایەوە و بە جوانی چاودێریی دەکرد، هیچ شتێکی وای لەو پیاوە نەدی کە شایانی باس بێت!



Scanned with Can

نە ڕۆژ ڕۆژووی سوننەتی ئەگرت... نە شەو، شەونوێژیکی زۆری ئەکرد! تەنیا شەوانە کاتێک بەئاگا دەهات زیکرێکی خوای گەورەی دەکرد و دەنووستەوە و دوای کاتی بانگی بەیانی هەڵدەستا بۆ نوێژی بەیانی ئیتر هیچی لە خەڵکی ئاسایی زیاتر نەبوو! دوای سێ شەو عەبدوڵڵا ڕاستییەکەی درکاند و هەموو شتێکی بۆ باس کرد و گوتی: من و باوکم ناخۆشیمان نەبووە، بەڵام سێ ڕۆژ لەسەر یەک پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: ئێستە پیاوێکی بەهەشتی لێرەوە دێت!

هەر سێ جارەکە تۆ دەهاتی، دەمەوێ نهێنی ئەوە بزانم، بێجگە لەوەی من لێم بینیوی تۆ چ شتێک دەکەیت؟

ئەویش وتی: هەرچیت بینیوە هەر ئەوەیە و هیچی زیادە ناکەم!

بەڵام هەموو شەوێک ئەچمە سەر جێگای نوستن ڕک و کینە لە دڵی خۆمدا ناهێڵم و ڕقم لە هیچ کەس نابێتەوە!

هەرکەسێک ستەمی لێکردبم گەردنی ئازاد دەکەم... هیوای چاکە بۆ هەموو کەسێک دەخوازم!

عەبدوڵڵا وتی: دەی ئەوەیە کە تۆی بەو پلەوپایەیە گەیاندووە!

دڵت چاک بکە، ئیتر ئەگەر لە نوێژە فەرزەکان زیاتر هیچ نوێژێکی تر نەکەیت، بەستە... ئەوەی بەرۆکی خەڵک دەگرێ و تووشی ناخۆشی و نەهامەتی دەکات، تەنیا خراپی دڵە...

ئەها ئەو پیاوە فەرمووی: ڕک و کینە لە دڵی خۆمدا ناهێڵم و ڕقم لە هیچ کەس نابێتەوە! هەرکەسێک ستەمی لێ کردبم گەردنی ئازا دەکەم... هیوای چاکە بۆ هەموو کەسێک دەخوازم! ئەوە ئەو پیاوە لە کاتی شتفرۆشتندا ڕاستگۆ بووە، لە کاتی شتکڕیندا ڕاستگۆ بووە، لە کاتی ئامۆژگاریدا ڕاستگۆ بووە، خیانەتی لە



Scanned with Can

کەس نەکردووە... فرۆفێڵی لە کەس نەکردووە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: هەرکەسێک غەش و خیانەت بکات، لە ئێمە نییە!

ئێرەیی بە کەس نابەم لە بەرامبەر ئەو نازونیعمەتانەی خوا پێی داون؛ ئەوە پیشەی ئەو پیاوە بوو، ئای ئێرەیی چەند پیسی! لەدوای تاوانی شیرک، هیچ تاوانێکی نێو دڵ هێندەی ئێرەیی مرۆڤ خراپ ناکات... ئێرەیی یەکەم تاوانە کە لە ئاسماندا ڕوویدا... ئیبلیس ئێرەیی بە حەزرەتی ئادەم برد، بۆیە فرمانی خوای گەورەی شکاند و سەجدەی بۆ حەزرەتی ئادەم نەبرد... ئێرەیی یەکەم تاوانە کە لەسەر زەویدا ڕوویدابێت... قابیل ئێرەیی بە هابیل برد و کوشتی... هۆکاری یەکەم خوێنێک کە لەسەر زەویدا ڕژا، ئێرەیی بوو...

هەرکەسێک ڕازیبێت بەو بەشەی کە خوای گەورە پێیداوە، ئەوە زەنگینترین و دەوڵەمەندترین کەسە... هەرگیز مەڕوانن بۆ ئەو شتەی کە هی خەڵکە... ئەگەر بەردەوام چاوت لە دەستی خەڵکی بێت، ئەوا کاتی سوپاسگوزاریت نامێنێت، ناتوانی سوپاسی خوای گەورە بکەیت... پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: خۆتان بپارێزن لە ئێرەیی، بەڕاستی ئاگر چۆن دار دەخوات و دەیسووتێنێ، ئاوا ئێرەییش چاکەی مرۆڤ دەخوات و لەناوی دەبات...



Scanned with Can



# خوای گەورە لەو کارەی ئێوە ڕازی بوو!

پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: برسیمە!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەسێکی نارد بۆ لای خێزانی تا بزانێت لە ماڵەوە هیچیان هەیە میوانداری ئەو پیاوە بکات؟ خێزانەکەی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووبووی: بەو خوایەی تۆی کردووە بە پێغەمبەر، جگە لە ئاو هیچمان نییە... دوایی پێغەمبەر(ﷺ) یەک یەک ناردی بۆ لای هەموو خێزانەکانی، هەر هەموویان سوێندیان خواردبوو جگە لە ئاو هیچیان نییە...

پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوڕێکانی فەرموو: کێ ئەمشەو میوانداری ئەم پیاوە دەکات ڕەحمەتی خوای لێبێت؟

پیاوێکی ئەنصاری گوتی: من ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)!

پیاوەکە میوانەکەی بردەوە بۆ ماڵی خۆیان، بە ژنەکەی گوت: ئەمە میوانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) خواردنێکی بۆ ئامادە بکە!

ژنەکەی وتی: بە خوا جگە لە بەشی منداڵەکان هیچمان نییە!

پیاوەکە وتی: دەی منداڵەکان بخەوێنە و دوایی خواردنەکە دابنێ بۆ ئەم پیاوە و هەر دەستی برد بۆ خواردنەکە هەستە و چراکە بکوژێنەوە و دوایی وابکە ئەویش وابزانێت خۆشمان لەگەل ئەودا خواردن دەخۆین، با شەرم نەکات و تێر بخوات...

ژنەکە بە گوێی پیاوەکەی کرد و ڕێک وای کرد... میوانەکە تێری خوارد و ئەوانیش بە زگی برسی نوستن...



Scanned with Can

بۆ بەیانی دوای ئەوەی میوانە ڕۆیشتەوە و پیاوەکە ڕۆیشتەوە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی فەرموو: خوای گەورە لەو کارەی ئێوە زۆر ڕازی بوو، ئایەتێکی قورئانی لەبارەوە بۆ من دابەزاند و فەرمووی: ﴿ وَالَّذِينَ تَبَوَّءُو الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ﴾ الحشر: ٩ واتە: ئەوانەی کە پێشتر ماڵ و شوێنی خۆیان ئامادە کرد بۆ پێشوازیی لە کۆچبەران و دڵ و دەروونی خۆیان ڕازاندەوە بە ئیمان، ئەوانەشیان خۆش دەوێت کە کۆچیان کردووە بۆ لایان و لە دڵ و دەروونیاندا جێی هیچ جۆرە حەسوودی و بەخیلییەک نابێتەوە، حەز بە بەخشینی دەستکەوتەکان بەوان دەکەن، فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژار و نەداریشن.

دونیا دەڕوات... ڕۆژگار دێ و دەڕوات... ئەمڕۆ زەنگین و دەوڵەمەندی، سبەی هەژار و داماو... ئەمڕۆ هەژار و داماوی، سبەی زەنگین و پارەدار... نە هەژاری شووورەیی و تاوانە، نە زەنگینی عەیبوعار... ئەوەی کە گرنگە ئاکار و ڕەوشتی مرۆڤە لە کاتی دەوڵەمەندی و هەژاریدا... بێننە بەرچاوی خۆتان، پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) لە هیچ یەک لە ماڵەکانیدا ئەوەندە خواردنی نەبوو پیاوێکی پێ تێر بکات!

هەرگیز وانەزانی هەژاری تۆڵەی خوای گەورەیە... وا نەزانی دەوڵەمەندی خەڵات و پاداشتە... هەژاربیت، یان دەوڵەمەند، هەر هەمووی تاقیکردنەوەیە... جا پرسیاری ئەو تاقیکردنەوەیە سەخت بێت یان ئاسان، تۆ هەوڵی دەرچوون بدە و مەهێڵە بکەویت!

پیاوی ئازا و بەڕێز ئەو کەسەیە کە دەستپێشخەری دەکات و یارمەتی خەڵک دەدات... بەڕێزی ئەوەیە کاتێک دراوسێکەت نەخۆشە،



Scanned with Can

پێش ئەوەی ئەو داوای هاوکاریت لێ بکات، تۆ بچی بە دەمیەوە و هاوکاری بکەیت... خۆ تۆ دەزانی ئەو نەخۆشە و پێویستی بە یارمەتی هەیە... هەموو کەسێک داوای یارمەتی لە خەڵک ناکات، پیاوی وا هەیە ئەوەندە عیززەتی نەفسی هەیە، پێی خۆش نییە داوای هیچ لە هیچ کەسێک بکات... باشترین بەخشینیش ئەوەیە کە ئابرومەندانە بێت و مننەتی تیا نەبێت...

جۆرێک لە جۆرەکانی پیاوەتی ئەوەیە کاتێک دەزانی دراوسێکەت پرسەیەکیان هەیە و هەژاریشن، بچی یارمەتییان بدەیت و تێچووی پرسەکە بگریتە ئەستۆ و نەهێڵی لەبەر هەژاری پەکیان بکەوێت و میوانداری کەسیان پێ نەکرێ، یان هەندێک شتی پێویستیان بۆ بکڕی بۆ ئەوەی شەرمەزای لای خەڵک نەبن... ئەوە ئەو کارە تەنیا صەدەقە نییە، بەڵکوو داپۆشینی ناتەواوی و دەستکورتی کابرای خەمباریشە... ئای خوای گەورە چەندە پێیخۆشە بەندەکانی بە دەم یەکەوە بن و هاوکاری یەکتر بکەن!

بەخشینیش داب و دەستووری خۆی هەیە، هیچ نەبەخشی بە کەسێک زۆر لەوە باشترە شتێکی پێ ببەخشی و ئابڕووی ببەیت و لای هەموو کەسێکدا باسی بکەیت!

تەماشای ئاکاری بەرزی ئەو پیاوە ئەنصارییە بکە! دوای ئەوەی زانی هێندە خواردنیان نییە کە هەموویان پێکەوە بیخۆن، بە ژنەکەی گوت: دەی منداڵەکان بخەوێنە و دوایی خواردنەکە دابنێ بۆ ئەم پیاوە و هەر دەستی برد بۆ خواردنەکە هەستە و چراکە بکوژێنەوە و دوایی وابکە ئەویش وابزانێت خۆشمان لەگەڵ ئەودا خواردن دەخۆین، با شەرم نەکات و تێر بخوات...



# بیانوویان هەبوو!

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ(ﷺ) رَجَعَ مِنْ غَزْوَةِ تَبُوكَ فَدَنَا مِنَ الْمَدِينَةِ فَقَالَ إِنَّ بِالْمَدِينَةِ أَقْوَامًا مَا سِرْتُمْ مَسِيرًا، وَلاَ قَطَعْتُمْ وَادِيًا إِلاَّ كَانُوا مَعَكُمْ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ وَهُمْ بِالْمَدِينَةِ قَالَ وَهُمْ بِالْمَدِينَةِ حَبَسَهُمُ الْعُذْرُ. رواه البخاري.

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: بەڕاستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە غەزای تەبووک دەگەڕایەوە، لە شاری مەدینە نزیک بوویەوە، فەرمووی: بەڕاستی لەنێو شاری مەدینەدا هەندێک کەس هەن کە ئێوە هیچ ڕێگایەکتان نەبڕیوە و هیچ شیو و دۆڵێکتان تێنەپەڕاندووە، ئەوانتان لەگەڵدا نەبووبێت! هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە هەر لەنێو شاری مەدینەش بوون؟ فەرمووی: بەڵێ هەر لەناو شاری مەدینەدا بوون (پێیان خۆش بوو بێن بۆ غەزا، بەڵام لەبەر هۆکارێک نەیانتوانیوە بەشدار بن و لە شاردا ماونەتەوە).

نیەتی مسوڵمان لە کارەکانی باشترە، بەڵام نیەتی مرۆڤی دووڕوو لە کارەکانی زۆر خراپترە...

ئەها کوڕەکەی سەلول هەرچەندە نوێژی بە کۆمەڵی لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) کرد، هیچ سوودێکی پێ نەگەیاند، چونکە نیەتێکی پیسی لە پشتەوە بوو!



Scanned with Can

ئەخنەسی کوڕی شەریق قسەکانی زۆر جوان بوون، بەلام دلی پێچەوانەی قسەکانی بوو، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی لە بارەی ئەخنەسەوە دابەزاند و فەرمووی: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلۡخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ ﴾ البقرة: ٢٠٤ واتە: هەندێک کەس هەن قسە و گوفتار و دەمپاراوییان لە بارەی ژیانی ئەم دنیایەوە سەرسامت دەکات، خوایش بە شایەت دەگرێت و دەڵێت: دڵ و زمانم یەکسانن، لە کاتێکدا ئەو سەرسەختترین کەسە لە هەموو جۆرە دوژمنایەتییەکدا.

جەددی کوڕی قەیس زۆر خۆی بە پارێزکار پیشان دەدا، تەنانەت کاتێک مسوڵمانان ڕۆیشتن بۆ جیهاد بۆ وڵاتی ڕۆما، ئەو نەڕۆیشت، دەیگوت: دەترسم لەوێ ژنی جوان ببینم و تووشی نەزەر ببم! خوای گەورە پەردەی لەسەر هەڵماڵی و ڕووی ڕاستەقینەی ئەوی بۆ هەمووان دەرخست و فەرمووی: ﴿ وَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ ٱئۡذَن لِّي وَلَا تَفۡتِنِّيٓۚ أَلَا فِي ٱلۡفِتۡنَةِ سَقَطُواْۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾ التوبة: ٤٩ واتە: (لەو دووڕووە بێ چاو و ڕووانە کەسانێک هەن کە دەڵێن: مۆڵەتم بدە و تووشی گوناە و سەرپێچیم مەکە! (بە بیانووی ئەوەی لە غەزادا، لەوانەیە تووشی گوناە و هەڵە ببێت!)، لە حاڵێکدا ئەو جۆرە کەسانە با چاک بزانن کە لە گوناە و تاواندا ڕۆچوون، بێگومان دۆزەخیش گەمارۆی بێباوەڕانی داوە و ڕزگاربوونیان ئەستەمە).

نوێژی بێسوود، قسەی جوانی بێکەڵک و خۆپارێزی لە دڵەوە نەهاتوو، بەرهەمی دڵپیسی و دووڕوویین... خوای گەورەش تەماشای دڵی مرۆڤ دەکات، نەک شکڵ و شێوە...

لە بەرامبەریشدا هەندێک لە هاوەڵان لەو غەزایە دواکەوتن و نەڕۆیشتن و خوای گەورەش خێری تەواوی بۆ نووسین و وەک بەشدار بێ وابوو...



Scanned with Can

ئەو نەخۆشەی لەبەر نەخۆشی نەیتوانی بەشداربێت و لە دڵەوە ئارانەخوازی ئەوە بوو نەخۆش نەبوایە و بەشداری بکردایە، ئەوە ئەو کەسە خوای گەورە خێری تەواوی بۆ نووسیوە و وەک بەشداری کردبێت وایە...

لەو کاتەدا هاوەڵان بۆ هەرکوێ چووبن و هەرشتێکیان کردبێت و هەرچەندە تێکۆشابن، پیاوی وا هەبووە لە ماڵەوە بووە و وەک ئەوانیش خێری بۆ نووسراوە...

ئەو هەژارەی بە ناچاری لە مەدینەدا دەمایەوە و نە وشتری بوو سواری ببێت و نەپارەی بوو وشترێکی پێ بکڕێ و نەیتوانی بەشداری بکات، ئەوە بەشدارە، چونکە دڵی لای ئەوان بووە... ئەگەر پارە، یان وشتری هەبوایە دوا نەدەکەوت و بەشداری دەکرد... خوای گەورە تەماشای دڵی ئەوانەی کرد و زانی ئەوانە بە دڵ پێیان خۆشبوو بەشداربن، بەڵام بۆیان نەکرا... خوای گەورە دەیزانی ئەوانە ڕاستگۆن... هەم ڕاستگۆکانی دەناسی، هەم درۆزن و دووڕووەکان...

مرۆڤی ڕاستگۆی وا هەبوو لە ماڵەوە بۆ خۆی دانیشتبوو، بەشداربووانیش بە بەر گەرمای هاوین و تیشکی تیژی خۆرەوە ئارەقی زەرد و شینیان دەردەدا، کەچی خوای گەورە پاداشتی هەردوولایان وەک یەک دەداتەوە...

هەرکاتێک پارە بۆ کەسێکی نەخۆش و هەژار کۆ دەکرێتەوە و تۆش دەسەڵاتت نییە و ناتوانی بڕە پارەیەک بکەی بەخێر، لە دڵەوە نیەتی ئەوەت هەبێت کە ئەگەر پارەت هەبا، بەشداری ئەو خێرەت دەرکرد، بێگومان خوای گەورە خێرەکەت بۆ دەنووسێت و وەک بەشداربیت وایە، بەڵام وریابە! نەکا خوای گەورە بتخاتە ژێر تاقیکردنەوە و دەوڵەمەندت بکات، تا بۆت دەرکەوێت لەو کاتەدا



Scanned with Cam

دەوڵەمەندبوویتایە بەشداریت دەکرد یان نا؟ ئاگاداربە! ئەگەر دەوڵەمەند بووی بەشداری خێر و صەدەقە و هاوکاری بکە...

کاتێک کەسێکی ستەملێکراو دەبینی و ناتوانی یارمەتی بدەیت، نیتی ئەوەت هەبێت کە ئەگەر دەسەڵاتت هەبا یارمەتیت دەدا، ئیتر خوای گەورە خێری تەواوت بۆ دەنووسێت، بەڵام وریابە! هەرکاتێک دەسەڵاتت پەیدا کرد و یارمەتی کەسێکی ستەملێکراوت نەدا، خێرەکەی پێشووشت وەک تەپوتۆز و بابردەڵە دەڕوات و نامێنێت!



Scanned with Cam



# گەر تێکەڵ بە دەریا بکرێ!

بیروباوەڕ سروشتی مرۆڤ ناگۆڕێت، بەڵکوو ڕێکوپێکی دەکات... غەریزەی مرۆڤ ناگۆڕێت، بەڵکوو پاڵفتەی دەکات... بیروباوەڕ سۆز و هەستی باوکایەتی لە حەزرەتی نوح نەسەندەوە، ئەوەتا کاتێک کوڕەکەی بە گوێی نەکرد و سواری کەشتییەکە نەبوو، حەزرەتی نوح خەم و خەفەتی بۆ خوارد و داوای لێ کرد لەگەڵیاندا سەرکەوێت!

حەزرەتی عومەر پێش موسوڵمانبوون چەندێ توند بوو، دوای موسوڵمانبوونیش هەروا بە توندی مایەوە، بەڵام جیاوازی زۆرە لەنێوان سووربوون و توندبوون لەسەر شتێکی پووچ و بەتاڵ، لەگەڵ سووربوون و توندبوون لەسەر هەق و ڕاستی! ئا لێرەدا گەورەیی بیروباوەڕ دەردەکەوێت!

مرۆڤ بیروباوەڕی هەرچەندە بەهێز بێت ناتوانێت لە قەفەسی مرۆڤبوون بچێتە دەرەوە... ژن هەرچەندە ئیماندار بێت و بیروباوەڕی پتەو بێت، ناتوانی بەرامبەر بە هەوێی خۆی غیرە نەکات... ئەمە ئەوەندەی پەیوەندی بە خودی مرۆڤەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە نییە...

ڕۆژێک دایە عایشە لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) دانیشتبوو... بە پێغەمبەری(ﷺ) گوت: صەفیە هەر ئاوا و ئاوا بێت بەسیەتی!



Scanned with Cam

مەبەستی ئەوە بوو کورتەبالایە و ئەوە بەسە بۆ عەیبەی ئەو!
پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی عایشە! بەڕاستی قسەیەکی وات کرد، ئەگەر تێکەڵ بە دەریا بکرێت، بۆگەنی دەکات!
خۆ لە ڕاستیدا دایە صەفیە کورتەبالا بوو... دایە عایشەش لەوە زیاتر هیچی نەگوت و قسەی درۆ بە دەمیدا نەهات، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوەی بە خوسپ و غەیبەتێکی گەورە ژمارد، چونکە خۆی پێشتر پێناسەی غەیبەت و قسەی پاشملەی کردبوو، فەرمووبووی: غەیبەت و قسەی پاشملە ئەوەیە بە هەر جۆرێک باسی براکەت بکەیت و ئەو پێی ناخۆشبێت، ئەوە غەیبەتە!
پیاوێک وتی: قوربان ئەگەر من باسی کەسێک بکەم و لە ڕاستیدا ئەو کەسە وابێت، ئەوە چی؟
پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر قسەکەت وابێت، ئەوە غەیبەتە، خۆ ئەگەر وانەبێت ئەوە بوختانە -تاوانی بوختانیش زۆر لە تاوانی غەیبەت گەورەترە-.

ئەمڕۆ زۆر کەس باسی کەسێکی تر بە خراپە دەکات و کاتێک پێی دەڵێی: کاکە غەیبەت مەکە! خوشکی غەیبەت مەکە! دەڵێن: نا بە خوا غەیبەت نییە، ڕاست دەڵێم!

ئەوەندە بە شانازییەوە وا دەڵێت، دەڵێی نان و پلاو دەبەخشێتەوە! نازانی بەر بووەتە گیانی خەڵک و گۆشتی ئەو خەڵکە وەک بنێشت دەجوێت!
ئەمڕۆ زۆربەی زۆری کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنەکان پڕن لە گۆشتجوینی ئەم و ئەو... هەر بۆ خۆشی و کاتبەسەربردن تێی دەکەون لە شامەوە هەتا شیراز هەرکەسێک بناسن غەیبەتی دەکەن... تەنانەت جاری وا هەیە غەیبەتی کەسێکی داماو دەکەن کە سی چل ساڵە مردووە و لە دونیا نەماوە و شەیتان وازی لێ هێناوە، کەچی ئەمان وازی لێ ناهێنن!



Scanned with Can

ئێستا میوە و چەرەزاتی زۆربەی میوانییەکان گۆشتی خەڵکە!
مرۆڤی وا هەیە خۆی هەموو گیانی هەڵە و پەڵەیە، کەچی بە خراپە باسی ئەم و ئەو دەکات... خۆ ئەگەر بتەوێ ڕەخنەی لێ بگری و باسی خراپەکانی بکەیت، نازانی لە کوێوە دەست پێ بکەیت...

ئەوەی گوتم سەبارەت بە خراپە و تاوانی غەیبەت بوو... خۆ سەبارەت بە سزای ئەو کەسانەی بوختان بۆ ئەم و ئەو دروست دەکەن، ئەوە هەر مەپرسە چەندە سزایان توند و زۆرە...

زۆرجار داواکاری و کچبەشودانێک سەری نەگرتووە، هەر لەبەر ئەوەی ناحەزێک هاتووە و لای کچەکەدا بوختانێکی بۆ کوڕی داماو هەڵواسیوە... کوڕەش گورگەکان چەندە ئاگایان لە حەزرەتی یوسفە، ئەوەندە ئاگای لەو قسە و باسانەیە کە بۆی هەڵواسراوە!

زۆرجار خێر و صەدەقە براوە و نەدراوە بەو هەژارەی کە پێشتر پێی دراوە، هەر لەبەر ئەوە کەسێک ئێرەیی بردووە و لای کابرای خێرکەر گوتوویەتی: ئەوانە درۆ دەکەن و هەژار نین!

ئەو جۆرە کەسانە دەیانەوێت خەڵکی زیندەبەچاڵ بکەن!



Scanned with Can



## تۆ لای خوای گەورە سەنگینی!

عَنْ أنس: «أنَّ رَجُلاً مِنْ أَهْلِ الْبَادِيَةِ كَانَ اسْمُهُ زَاهِرَ بْنَ حَرَامٍ، وَكَانَ يُهْدِي لِلنَّبِيِّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - مِنَ الْبَادِيَةِ، فَيُجَهِّزُهُ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - إِذَا أَرَادَ أَنْ يَخْرُجَ، فَقَالَ النَّبِيُّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: « إِنَّ زَاهِرًا بَادِيَتُنَا وَنَحْنُ حَاضِرُوهُ «. وَكَانَ النَّبِيُّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - يُحِبُّهُ، وَكَانَ دَمِيمًا، فَأَتَى النَّبِيُّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - يَوْمًا وَهُوَ يَبِيعُ مَتَاعَهُ، فَاحْتَضَنَهُ مِنْ خَلْفِهِ وَهُوَ لَا يُبْصِرُهُ. قَالَ: أَرْسِلْنِي، مَنْ هَذَا؟ فَالْتَفَتَ فَعَرَفَ النَّبِيَّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فَجَعَلَ لَا يَأْلُو مَا أَلْزَقَ ظَهْرَهُ بِصَدْرِ النَّبِيِّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - حِينَ عَرَفَهُ، وَجَعَلَ النَّبِيُّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - يَقُولُ: مَنْ يَشْتَرِي الْعَبْدَ؟ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِذًا وَاللَّهِ تَجِدُنِي كَاسِدًا. فَقَالَ النَّبِيُّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: لَكِنْ عِنْدَ اللَّهِ لَسْتَ بِكَاسِدٍ. أَوْ قَالَ: صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «بَلْ أَنْتَ عِنْدَ اللهِ غَالٍ» رَوَاهُ ابن حبان والطبراني و البغوي في شَرْحِ السُّنَّةِ.

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پیاوێکی دەشتەکی هەبوو ناوی (زاهیری کوڕی حەرام) بوو... هەموو جارێک شتی لادێیی بە دیاری بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەهێنا... کاتێکیش دەڕۆیشتەوە پێغەمبەر(ﷺ) کۆڵێکی بۆ دەپێچایەوە و بە دیاری پێی دەدا -دیارە ئەو خواردن و پێداویستیانە بووە کە لە دەشتدا دەست نەکەوتوون و لە شاردا هەبوون-... پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: زاهیر لادێیی ئێمەیە و ئێمەش شاریی زاهیرین! پێغەمبەر(ﷺ) زۆر زاهیری خۆش دەویست، زاهیر



Scanned with Cam

پیاوێکی ناشیرین بوو... ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) هاتە بازاڕ، زاهیر لە بازاڕدا کەلوپەلەکەی خۆی دەفرۆشت، پێغەمبەر(ﷺ) لە دواوە زامیری گرت، زاهیر پێغەمبەری نەدەبینی، زاهیر وتی: ئا بەرمبدە بزانم تۆ کێی؟ کاتێک لای کردەوە و پێغەمبەری بینی، پشتی خۆی لە سینگی پێغەمبەر(ﷺ) دەسووی... پێغەمبەریش(ﷺ) -بۆ خۆشی- دەیفەرموو: کێ ئەم کۆیلەیەم لێ دەکڕێت؟ زاهیر وتی: بە خوا قوربان من بێنرخ و بێڕەواجم -نافرۆشرێم و پارە ناکەم- و تۆ زەرەر دەکەیت! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەلام تۆ لە لای خوای گەورە بێنرخ و بێڕەواج نیت، بەلکوو بەنرخ و بەڕێزی -لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: بەلکوو تۆ لە لای خوای گەورە سەنگینیت!-

پێغەمبەر(ﷺ) لە هەموو کەسێک زیاتر خەمی لەبەر بوو، خەمی ڕێنوێنی خەلکی... خەمی سیاسەت و جەنگ و جیهاد و تێکۆشان... خەمی ڕێککەوتن و بەڕێوەبردن... خەمی کاروباری خەلک و صەدەقە و زەکات، بەلام هەموو ئەو خەمانە کارێکیان بە پێغەمبەر(ﷺ) نەکرد کە یەک تۆز لە سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی ئەو زاتە مەزنە کەم بکەنەوە... کاتی بۆ هەموو شتێک تەرخان کردبوو... مێردێکی نموونەیی بوو، باوکێکی میهرەبان بوو، باپیرەیەکی خۆشەویست بوو، دراوسێیەکی زۆر باش بوو، هاوڕێیەکی بەئەمەک و وەفادار بوو...

تەنانەت کاتی ئەوەی هەبوو بڕوات و قسەی خۆش و گفتوگۆ لەگەل کابرایەکی دەشتەکی بکات کە بۆ کڕین و فرۆشتن دەهاتە شارەوە... تەنانەت کاتی بۆ ئەوە هەبوو بچێتە ناو هەندێک وردەکارییەوە... ئەو ئەوەندە بەڕێز بوو دیاری لەو دەشتەکییە

وەردەگرت، کاتێکیش کابرای دەشتەکی دەیویست ماڵئاوایی بکات، بە دەستی بەتاڵەوە بەڕێی نەدەکرد، بەڵکوو کوڵێکی باشی بۆ دەپێچایەوە و پێی دەدا... قسەی خۆش و شۆخی لەگەڵدا دەکرد... لە دواوە دەستی دەخستە سەر چاوەکانی ئەو پیاوە و چاوەکانی دادەخست، وەک ئەوەی کە هەر یەکێک لە ئێمە جار جار بە خۆشەویستانی خۆمانی دەکەین و دەنگی خۆمان دەگۆڕین و دەڵێین: ئادەی من کێم؟

ئێمە کاتێک خەمی یەک شتمان دەکەوێتە سەر شان، یان کارێک دەگرینە دەست، ئیتر دەڵێی: گۆی زەوی لەسەر شانی ئێمە دانراوە و ئەگەر چرکەیەک لێی بێئاگا ببین، دونیا کاول دەبێت!

لە ماڵەوە مرومۆچ... لای دراوسێ ڕەق و وشک... لە بازاڕدا تووند و سەخت... لە لای هاوڕێ بێتاقەت... بە گشتی کەسێکی مرومۆچ و تەشکتاڵین...

پێش ئەوەی کارمەندێکی سەرکەوتوو بێت، پێش ئەوەی بازرگانێکی دەوڵەمەندبێت، مرۆڤ بە مرۆڤ! هیچ شتێک هێندەی مرۆڤبوون بەڕێز نییە!

گرنگ نییە خەڵک چۆن باسی تۆ دەکەن و تۆ لای خەڵک چ ئاستێکت هەیە، گرنگ ئەوەیە تۆ لای خوای گەورە کێیت و چ ئاستێکت هەیە؟

زاهیر لە لای خەڵکی پیاوێکی سادە بوو، کەس ناوی نەدەبرد، لەبەر چاوی خەڵکی هێندە دیار و بەنرخ نەبوو کەس هەواڵی بپرسێت، تەنانەت دەیانگوت: ئا ئەمە ئەگەر کۆیلە بێت، یەک دینار ناکات بۆ خاوەنەکەی، بەڵام ئەوەتا گەورەی مرۆڤەکان، سەرداری پێغەمبەران پێی دەفەرموێت: تۆ لە لای خوا سەنگینی! تۆ لە لای خوا بەڕێزی!

زەرەروزیانی گەورە ئەوەیە کە لای خەڵک بەنرخ و بەڕێز و سەنگین بێت، بەڵام لای خوا سووک و ڕیسوا و چرووک بێت!
ئەگەر خەڵک نەتانسن کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە کاتێک دەستەکانت بەرز دەکەیتەوە و لە خوا دەپاڕێیتەوە، فریشتەکانی خوای گەورە بە خوای گەورە بڵێن: ئەی پەروەردگار! ئەم دەنگە دەنگێکی ناسراوە و دەنگی فلانە بەندەی ناسراوە!
ئەگەر بە سادەیی بمری و دواتر کەس هەواڵت نەپرسێت، ئەوە زیان نییە، ئەوەندەت بەسە شوێنی سەجدەکانت بۆت بگرین... ڕێگای مزگەوت هەواڵت بپرسن... ئەوەندەت بەسە کەسێکی سادە و هەژار هەواڵت بپرسێت و دواتر نزایەکی خێرت بۆ بکات...
نەدارێکی داماو کە پێشتر یارمەتیت دەدا، هەواڵت بپرسێ و لە نزای خێری خۆی بێبەشت نەکات...
ئەوە کێشە نییە کەسانێک ڕقیان لە تۆ بێت، لەبەر ئەوەی بۆ کردنی تاوانێک هاوکاریت نەکردوون، بیروباوەڕی خۆت لەبەر ئەوان نەفرۆشتووە، ئەوەندەت بەسە کە خوا لێت ڕازی بێت... خوا فرمان بە جوبریل بکات و بفەرمووێ: برۆ جاڕ بدە و بڵێ: خوای گەورە فلانکەسی خۆش دەوێ، دەی ئێوەش خۆشتان بوێ!



Scanned with Can



# ئەگەر خزمەکانت تازە مسوڵمان نەبوونایە!

دایە عایشە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد و فەرمووی: ئەوە حیجری ئیسماعیل بەشێکە لە کەعبە؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ بەشێکە لە کەعبە!

دایە عایشە فەرمووی: ئەی بۆ نەخراوەتە سەر کەعبە؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە هۆزەکەی تۆ ئەوەندە پارەی حەڵاڵیان نەبوو بیخەنە سەری...

دایە عایشە فەرمووی: ئەی بۆ دەرگاکەی بەرزە؟

فەرمووی: ئەوە هۆزەکەی تۆ وایان لێ کرد، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان بیانەوێ هەرکەسێک بچێتە ناو کەعبەوە، بچێت و هەرکەسێکیش نەیانەوێت بچێتە ناو کەعبەوە، ئیتر نەتوانێت بچێت!

دوایی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: عایشە! ئەگەر هۆزەکەت تازە مسوڵمان نەبوونایە و لە سەردەمی نەفامی نزیک نەبوونایە، نەترسابام کە دڵیان بئێشێت، ئەوا فرمانم دەکرد کەعبە بڕووخێنن و ئەوەی کە لێیان دەرکردووە دەمخستەوە سەر کەعبە و دەرگاکەشم دەنوساند بە زەوییەوە و دوو دەرگام بۆ دادەنا، دەرگایەک لە لای ڕۆژهەڵاتەوە و دەرگایەک لە لای ڕۆژئاواوە، حەزرەتی ئیبراهیم چۆن دروستی کرد، ئاوام لێ دەکردەوە!

دوای ئەوەی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر -کە خوشکەزای دایە عایشە



Scanned with Cam

بوو- دەسەڵاتی گرتە دەست، دایە عایشەی پووری ئەوەی بۆ گێڕایەوە، عەبدوڵلا گوتی: دەی خۆ ئێستا کەس تازە مسوڵمان نییە و ئەو بیانووە نەماوە... عەبدوڵڵا کەعبەی ڕووخاند و سەرلەنوێ وەک سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم چاکی کردەوە...

دوای ماوەیەک حەججاج دەسەڵاتی گرتە دەست و عەبدوڵڵای کوشت... ئەویش کەعبەی ڕووخاندەوە و وەک کەعبەکەی سەردەمی قورەیشی لێ کردەوە...

دوای ئەوەی ماوەی دەسەڵاتی حەججاجیش بەسەر چوو، ئەبوجەعفەری مەنصور دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەویش ویستی دیسان کەعبە بڕووخێنێتەوە و وەک عەبدوڵڵا چاکی بکاتەوە بۆ ئەو مەبەستە پرسی بە پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس کرد... پێشەوا مالیک فەرمووی: لێیگەڕێ! چۆنە با هەروا بێت، تکایە کەعبە مەکەن بە لەیستۆکی دەستی پادشایان!

ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوە فەرموودەی پێغەمبەرە(ﷺ) کە فەرمووی: ئەگەر هۆزەکەت تازە مسوڵمان نەبوونایە و لە سەردەمی نەفامی نزیک نەبوونایە!

پێغەمبەر(ﷺ) بە دایە عایشەی ڕاگەیاند کە ئەو کەعبەیەی ئەو دەیبینێت، لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیمدا وانەبوو، ئەو دەیەویست بیڕووخێنێت و سەرلەنوێ دروستی بکاتەوە، بەڵام دەترسا ئەو قورەیشیانەی کە لە دوای ڕزگاربوونی شاری مەککە مسوڵمان بوون، پاشگەز ببنەوە... ئەوە یەکێکە لە دانایی و سیاسەتە حەکیمانەکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)... ڕەچاوی بارودۆخی خەڵکی کرد...

لابردنی خراپە لە پێشترە، تا کردنی چاکە!



Scanned with Cam

یانی کاتێک مرۆڤ دەیەوێت کارێکی باش بکات و بیر دەکاتەوە کە ئەگەر ئەو کارە باشە بکات، لەوانەیە سەر بکێشێت بۆ خراپەیەک کە زیانی لە قازانجی کارە باشەکە زۆرتر و گەورەتر بێت، ئەوە دەبێت ئەو کارە باشە نەکات و وازی لێبێنێت... ئەمە وانەیەکی گرنگە بۆ ژیان...

زۆرجار دەزانین ژنێک لە لایەن مێردەکەیەوە ستەمی لێ دەکرێت، بۆ ژنەکە باشتر وایە لێی جیا ببێتەوە، بەڵام بە جیابوونەوەی ئەم ژنە لە مێردەکەی، هەموو منداڵەکانی دەکەونە تاڵووکەوە... نە باوکەکە وەک باوکێکی باش بەخێویان دەکات، نە دایکەکە دەستی بە سەریاندا دەگات، بۆیە هەرچۆنێک بێت ئەو ژنە ئەو ستەمە قبووڵ بکات و هەواڵەی خوای بکات، لەوە باشترە شەش حەوت منداڵی داماو سەرگەردان و بێدەرەتان بکات... با خۆڕاگرێت و داوای پاداشت لە خوای گەورە بکات، بێگومان بە پاداشتی خۆی دەگات و خوای گەورە قەرەبووی بۆ دەکاتەوە...

بەم پێودانگە هەموو کاروبارەکانی ژیان بپێوە... ژیان تەنیا لێکدان و دابەشکردنێکی وشک نییە، ئەوە نییە بڵێی: یەک و یەک دەکاتە دوو! ژیان وەک تۆڕەن ئاڵۆزە، بە یەکدا چووە... هەیە چاکەی زۆرە، بەڵام تاقە خراپەیەکی هەیە، هەیە هەموو گیانی خراپەیە، تەنیا چاکەیەکی هەیە... مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە لەبەر چاکەیەکی زۆر، گوێ لە خراپەیەکی کەم دەخەوێنێت...

یەکێک لە قسە هەرە گرنگەکانی حەزرەتی عومەر ئەوەیە کە فەرموویەتی: مرۆڤی ژیر و وریا ئەو کەسە نییە کە چاکە و خراپە لێک دەکاتەوە، بەڵکوو ئەو کەسەیە خراپەیەکی سووک لە خراپەیەکی قورس جیا دەکاتەوە.

جاری وا هەیە ژیان دەمانخاتە نێوان دوو بژاردەوە کە شیرینەکەیان وەک کەکرە تاڵە... مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە تاڵە زۆر تاڵەکە دەناسێت و خۆی لێ لادەدات...



Scanned with Can



# لەگەڵ دۆستەکانی باوکی!

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ دِينَارٍ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ: أَنَّهُ إِذَا خَرَجَ إِلَى مَكَّةَ كَانَ لَهُ حِمَارٌ يَتَرَوَّحُ عَلَيْهِ إِذَا مَلَّ رُكُوبَ الرَّاحِلَةِ، وَعِمَامَةٌ يَشُدُّ بِهَا رَأْسَهُ، فَبَيْنَمَا هُوَ يَوْمًا عَلَى ذَلِكَ الْحِمَارِ إِذْ مَرَّ بِهِ أَعْرَابِيٌّ فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: أَلَسْتَ ابْنَ فُلَانٍ؟ قَالَ: بَلَى، فَأَعْطَاهُ الْحِمَارَ، فَقَالَ: ارْكَبْ هَذَا، وَالْعِمَامَةَ وَقَالَ: اشْدُدْ بِهَا رَأْسَكَ، فَلَمَّا أَدْبَرَ الْأَعْرَابِيُّ قَالَ لَهُ بَعْضُ أَصْحَابِهِ: كَانَ هَذَا يَرْضَى بِدِرْهَمٍ أَوْ دِرْهَمَيْنِ، فَأَعْطَيْتَهُ حِمَارَكَ الَّذِي كُنْتَ تَرَوَّحُ عَلَيْهِ إِذَا مَلِلْتَ رَاحِلَتَكَ، وَعِصَابَتَكَ الَّتِي كُنْتَ تَشُدُّ بِهَا رَأْسَكَ قَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: «إِنَّ أَبَرَّ الْبِرِّ صِلَةُ الْمَرْءِ أَهْلَ وُدِّ أَبِيهِ بَعْدَ مَا تَوَلَّى». رواه مسلم والبيهقي في الآداب واللفظ له.

واتە: عەبدوڵلای کوڕی دینار دەفەرموێت: هەرکاتێک عەبدوڵلای کوڕی حەزرەتی عومەر بڕۆیشتایە بۆ مەککە، گوێدرێژێکی هەبوو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد و ئەگەر لە سواری وشتر بێزار ببوایە، سواری گوێدرێژەکەی دەبوو... مێزەرێکیشی دەپێچا بە سەریەوە -بۆ ئەوەی سەری ژان نەکات و تیشکی خۆر لێی نەدات- ڕۆژێک بەرەو مەککە دەڕۆیشت، سواری گوێدرێژەکەی بوو، گەیشت بە پیاوێکی دەشتەکی، عەبدوڵلا گوتی: ئەوە تۆ کوڕی فلانکەس نیت؟

پیاوەکە وتی: با! -باوکی ئەو پیاوە کاتی خۆی هاوڕێ و دۆستی حەزرەتی عومەر بوو-.

عەبدوڵلا گوێدرێژەکەی خۆی پێدا و فەرمووی: سواری ئەم

گوێدرێژە بە! دوایی مێزەرەکەیشی لەسەر کردەوە و دای بە پیاوەکە و فەرمووی: ئەمەش بپێچە بە سەرتەوە... عەبدوڵڵای کوڕی دینار دەفەرموێت: دوای ئەوەی پیاوەکە ڕۆیشت ئێمە بە عەبدوڵڵای کوڕی پێشەوا عومەرمان گوت: دەی خۆ ئەو پیاوە دەشتەکییە بە دیرهەمێک یان دوو دیرهەم ڕازی دەبوو، کەچی تۆ ئەو گوێدرێژەی خۆتت پێ دا کە هەرکاتێک لە سواری وشتر بێزار بوویتایە سواری ئەو دەبووی، دواتریش ئەو مێزەرەت پێدا کە بە سەری خۆتەوە دەتپێچا! عەبدوڵلا فەرمووی: ئاخر من خۆم گوێم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو دەیفەرموو: بەڕاستی چاکترین چاکە ئەوەیە مرۆڤ دوای مردنی باوکی، سیلەی ڕەحم لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانی باوکیدا بەجێ بێنێت.

ئای لەو ئایینە! ئای لەو ئاکار و ڕەفتارە! چاکە تەنیا ئەوە نییە منداڵ لەگەڵ دیک و باوکیدا چاک بێت، بەڵکوو چاکەی زۆر چاک ئەوەیە کە دوای مردنی دایک و باوکی سیلەی ڕەحم لەگەڵ هاوڕێکانی دایک و باوکیدا بەجێ بێنێت... سەر لە هاوڕێکانی دایک و باوکی بدات... ڕێزیان بگرێت... بزانێت دایک و باوکی کێیان خۆش ویستووە، ئەمیش ئەوانەی خۆش بوێ!

تۆ بڕوانە بزانە عەبدوڵڵای کوڕی حەزرەتی عومەر چەندە ڕێزی لە باوکی گرتووە! ئەو گەنجەی کە عەبدوڵلا پێی گەیشت نە هاوڕێی خۆی بوو، نە هاوڕێی باوکی، بەڵکوو باوکی ئەو گەنجە هاوڕێی باوکی عەبدوڵلا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە ڕێزی گرت مەپرسە! خۆ ئەگەر چاوی بە هاوڕێکەی باوکی بکەوتایە، دڵنیابن زۆر لەوە زیاتر ڕێزی دەگرت!

وەرن با پێکەوە سەیرێکی ئەم فەرموودەیە بکەین:

عَن أبي أسيد السَّاعِدِيِّ قَالَ: بَيْنَا نَحْنُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ



Scanned with Can

وَسَلَّمَ إِذْ جَاءَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي سَلَمَةَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلْ بَقِيَ مِن بِرِّ أَبوَيَّ شَيءٌ أَبَرُّهُمَا بِهِ بَعْدَ مَوْتِهِمَا؟ قَالَ: «نَعَمْ الصَّلَاةُ عَلَيْهِمَا وَالاسْتِغْفَارُ لَهُمَا وَإِنْفَاذُ عَهْدِهِمَا مِنْ بَعْدِهِمَا وَصِلَةُ الرَّحِمِ الَّتِي لَا تُوصَلُ إِلَّا بِهِمَا وَإِكْرَامُ صَدِيقِهِمَا». رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَابْنُ مَاجَهْ.

واتە: ئەبوئوسەیدی ساعیدی دەفەرموێت: جارێک ئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بووین، پیاوێکی بەنی سەلەمەیی هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! دوای مردنی دایک و باوکم، هیچ چاکەیەک ماوە لەگەڵیاندا بیکەم؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ... نزای خێریان بۆ بکەیت، داوای لێبووردنیان لە خوا بۆ بکەیت، وەسیەتیان جێبەجێ بکەیت، ئەو سیلەی ڕەحمەش جێبەجێ بکەی کە بەهۆی ئەوانەوە نەبێت، جێبەجێ نەدەکرا. -یانی: سیلەی ڕەحم لەگەڵ ئەو کەسانە جێبەجێ بکەی کە وەک خزم، خزمی دایک و باوکت نەبوون، بەڵکوو هەر هاوڕێیان بوون- ڕێزیش لە هاوڕێکانیان بگریت.

خۆتان لە چاکترین چاکەکان دوور مەخەنەوە... بزانن کاتی خۆی کێ هاوڕێ و خۆشەویستی باوک و دایکتان بووە، ڕێزیان بگرن... سەردانیان بکەن... ئەها چەند خۆشە کاتێک دەستەخوشکێکی دایکت نەخۆش دەکەوێت، تۆ دەچی و سەردانی دەکەی! ئەوە وەک ئەوە وایە بڵێی: لەبەر خاتری کەسێک ڕێزی هەزاران کەس دەگرم!

چەند خۆشە ناوە ناوە سەردانی هاوڕێکەی باوکت بکەیت و هەواڵی بپرسی!

چەند خۆشە کاتێک لە ڕێگاوباندا دەگەیت بە هاوڕێیەکی باوکت، تەوقەی لەگەڵدا بکەیت و هەواڵی بپرسی و ئەگەریش کارێکی هەبوو بۆی جێبەجێ بکەی!



Scanned with Cam



# ئەوە بۆ لەو پیرەپیاوە نەگەڕایت؟

لە کۆتاییدا مەککە ڕزگار کرا... ئەو پیاوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ترسی نیگا لە کێو هاتە خوارەوە و لە ماڵدا دەلەرزی، خۆی بە تەنیا بوو بە گەلێک... ئەو پیاوەی کە قورەیش بڕیاریان دا بیکوژن و ئەویش لەگەڵ ئەبوبەکردا بە شەو و دوور لە چاوی هەمووان کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەوەتا ئێستا بە ڕۆژی ڕووناک، خۆی و هاوڕێکانی لە هەر چوار دەرگاکەی مەککە دێنە ژوورەوە! قورەیشییەکان هەموویان لە بەردەمیدا دەکەون و چاوەڕێن تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە... ئاخر چۆن چاوەڕێی ئەوە نەبن تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە؟ هەر ئەوان بوون پێیان دەگوت: تۆ درۆزنی، جادووگەری، شێتی... هەر ئەوان بوون کاتێک ئەم سەجدەی بۆ خوای گەورە دەبرد، ئەوان دەهاتن و ڕیخ و پیسایی ورگی وشتریان دەکرد بە سەریدا... هەر ئەوان بوون لە شاری مەککە کردیانە دەرەوە، سێ ساڵی ڕەبەق گەمارۆی خۆی و هاوڕێکانیان دا و نەیانهێشت نە نان و نە پێخۆرێکیان بۆ بڕوات... هەر ئەوان بوون چەندین جار گەلەکۆمەیان لە خۆی و هاوڕێکانی کرد و بە هەموو جۆرێک سزایان دەدان... هەر ئەوان بوون بڕیاریان دا بە هەموویانەوە بیکوژن بۆ ئەوەی بکوژی سەرەکی دیار نەبێت و کەس نەتوانێت تۆڵە بسێنێتەوە...

بەلام ئەو زاتە مەزنە بەڕێزە هەرگیز لەبەر خۆی تۆڵەی لە هیچ کەسێک نەدەکردووە... بۆیە بە هەمووانی فەرموو: بڕۆن گەردنتان ئازاد بێت!

ئەبوبەکر ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی باوکی... دەستی باوکە پیرەکەی گرت و هێنای... باوکی هێندە پیر ببوو بە حاڵ مابوو، بە حاڵ دەیتوانی لەسەر لاقەکانی خۆی ڕابگرێ... سەر و ڕیشی دەتگوت بەفری یەکشەوەیە... ئەبوبەکر ئەو باوکە پیرەی هێنایە خزمەتی بۆ ئەوەی نزایەکی خێری بۆ بکات و خوا هیدایەتی بدات...

ئەو زاتە مەزنە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو... کاتێک چاوی بە ئەبوبەکر کەوت، دەستی باوکە پیرەکەی گرتووە و هێناویەتی، فەرمووی: ئەوە بۆ هێناوتە؟ با هەر لە ماڵ بوایە و من دەچووم بۆ لای ئەو!

ئەبوبەکر فەرمووی: قوربان هەقە ئەو بێتە خزمەت جەنابت، نەک تۆ بچی بۆ لای ئەو!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) باوکی حەزرەتی ئەبوبەکری لە لای خۆیدا دانیشاند و دەستی هێنا بەسەر سینگیدا و پێی فەرموو: مسوڵمان بە!

باوکی حەزرەتی ئەبوبەکر شادەی هێنا و مسوڵمان بوو... ئەو ئەبوبەکرەی کە گەورە هاوەڵان لەسەر دەستی ئەو و بەپێی ڕێنمایی ئەو مسوڵمان ببوون، لە خۆشیدا دەستی کرد بە گریان...

تەماشای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەن بزانن چەندە بەئاکار و ڕەوشت بەرز بوو، پێی خۆش نەبوو ئەو پیرەپیاوە بێتە خزمەتی، فەرمووی: با من بچوومایە بۆ لای ئەو!



Scanned with Can

پێغەمبەر(ﷺ) هەمیشە ڕێزی مرۆڤی پیر و ڕیشسپیی دەگرت... هەموو جارێک دەیفەرموو: جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێزگرتنی خوای گەورە ئەوەیە ڕێزی مووی سپیی مسوڵمانان بگری!

جارێک پیاوێکی پیر هات و هەواڵی پێغەمبەری(ﷺ) پرسی... خەڵکەکە ڕێیان بۆ والا نەکرد تا بچێتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)... پێغەمبەر(ﷺ) بە خەڵکەکەی فەرموو: هەرکەسێک بەزەیی بە منداڵدا نەیەتەوە و ڕێزی مرۆڤی پیر نەگرێت، ئەوە لە ئێمە نییە!

هەر پیرێکت بینی ئەوەندە ڕێزی بگرە، وابزانە باوک یان باپیر، نەنک، یان داپیری خۆتە...
مرۆڤ لە تەمەنی پیریدا بیر لە ڕۆژانی ڕابردوو دەکاتەوە و ئاخ بۆ سەردەمی لاوی هەڵدەکێشێ و خەم بۆ هێز و بازووی لەدەستچووی خۆی دەخوات... هەمیشە هەست بە شکان و ڕووخان دەکات... هیچ شتێک وەک ڕێزگرتن دڵی شکاوی پیرەپیاوێک، یان پیرەژنێک سارێژ ناکاتەوە...
دڵدانەوە و خاترگرتن بەشێکە لە خواپەرستی...



# چەندێکی ماوە؟

جارێک لە ماڵی پێغەمبەردا(ﷺ) مەڕێک سەر بڕا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بیکەن بە خێر! دوایی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ڕۆیشتە دەرەوە... کاتێک گەڕایەوە بۆ ماڵ لە دایە عایشەی پرسی: چەندێکی لێ ماوە؟

دایە فەرمووی: تەنیا ناوشانەکەی ماوە...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هەمووی ماوە، تەنیا ناوشانەکەی نەماوە!

وەڵامێکی گەورە لە پیاوێکی گەورەوە... ئاخر ئەو بەردەوام بە خەڵکی دەفەرموو: دونیا کێڵگەی قیامەتە... ئەمڕۆ چاندن و کشتوکاڵە نەک درەو و داس... قیامەتیش درەو و داسە نەک چاندن و کشتوکاڵ!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەموو بۆنەیەکی دەقۆستەوە و قسەی خێری تێدا دەکرد... هەموو جارێک ئەوەی بە هەمووان دەفەرموو، کە دونیا هیچ نییە و یەکدوو ڕۆژێکە و دەڕوا و نامێنێت... ئەوەی بە هەمووان دەفەرموو کە ئەو دونیا هەتا هەتاییە و کۆتایی نایەت... ئەوە گفتوگۆیەکی ئاساییە و لە هەموو ماڵێکدا لەنێوان هەموو پیاو و ژنێکدا ڕوودەدات... پیاو لە بارەی خەرجی و خواردن و ئەو شتانەوە لە ژنەکەی دەپرسێت، بەڵام ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو گفتوگۆ سادەیە دەگۆڕێت و دەیکات بە وانەیەکی مەزن!



Scanned with Cam

ئەو لە دایە دەپرسێت: چەندێکی ماوە؟
ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت: تەنیا ناوشانەکەی ماوە!
ئەویش لە وەڵامدا وانەیەکی گەورە پێشکەش دەکات و دەفەرموێت:
نەخێر هەمووی ماوە، ناوشانەکەی نەبێت!

ئەو سەروەت و سامانەی کە ئێستا بە دەستمانەوەیە، ئەوە هی خۆمان نییە... ئەو پارەیەی هەمانە کەی هی من و تۆیە، هی سەوزەفرۆشە، هی وشکەفرۆشە، هی خاوەنی بەنزینخانەیە، هی نانەوایە، پارەی ئاو و کارەبایە، هی بەرگدروو و قوماشفرۆشە، دواتریش هی میراتخۆرەکانە... ماڵ و سەروەت و سامانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لای خوا هەڵیدەگرین بۆ ئەوەی سبەینێ پێمان بداتەوە...
شانی ئاژەڵ دەخورێت و نامێنێتەوە، بەڵام ئەو بەشەی کراوە بەخێر ئەوە دەمێنێتەوە و لای خوایە و نافەوتێت... لەو شوێنەیە کە خوای گەورە دایناوە و کردویەتی بە خەزێنە بۆ ئەو کەسانەی کە خێرۆمەندن... هەر بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: هەرکەسێک هێندەی خورمایەک لە بەری کاسبی پاک و حەڵاڵی خۆی، چونکە خوای گەورە شتی پیسوپۆخڵی ناوێت بکا بە خێر، ئەوە بەڕاستی خوای گەورە بە دەستی قودرەتی خۆی وەری دەگرێت و بەخێوی دەکات و پەروەردەی دەکات بۆ خاوەنەکەی، وەک چۆن هەرکەسێک لە ئێوە ڕۆڵەی خۆیان پەروەردە دەکات، تا -خێرەکەی- هێندەی کێوێک گەورە دەبێت.
ئای لەو بانکە چەندە گەورە و مەزنە! ئای لەو هەڵگرتنە چەندە جوان و چاکە! لەبەر ڕەزامەندی خوا هێندەی خورمایەک شتی پاک و حەلال بکە بە خێر، خوای گەورە خۆی لێت وەردەگرێت و پەروەردەی دەکات تا هێندەی کێوێکی لێدێ!



Scanned with Cam

کاتێک سولتان سولەیمانی قانوونی لە سەرەمەرگدا بوو، وەسیەتی کرد بۆ منداڵەکانی فەرمووی: هەرکاتێک مردم بمخەنە تابووتێکەوە و دەستەکانم دەربێنن و بەناو شاردا بمگێڕن، با هەمووان بزانن سوڵتانیش هیچ لەگەڵ خۆی ناباتە ژێر گڵ!

دەی خێر بکەن، کفن باخەڵی نییە!



Scanned with Can



## فرۆشتیان، پارەکەیان خوارد!

کاتێک شاری مەککە ئازاد کرا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا(ﷺ)، مەیفرۆشی و مردارەوەبوو بەراز و بتیان حەرام و ناڕەوا کردووە.

پرسیار لە پێغەمبەر(ﷺ) کرا، ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەی چەوری و بەزی مردارەوەبوو چی؟ بەو چەورییە کەشیتی و بەلەم دەهەنوین، پێستی پێ چەور دەکەین، دەیکەین بە زەیتیش بۆ مۆم و چرا...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەخێر، حەرامە! خوای گەورە جوولەکە لەناو بەرێت، بەڕاستی خوای گەورە کاتێک بەز و چەوری لەسەر جوولەکە حەرام کرد، ئەوان چەوری و بەزەکەیان هێنا و تواندیانەوە و دوایی فرۆشتیان و پارەکەیان خوارد!

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبینراوە هیچ گەلێک وەکو جوولەکە فرتوفێل بکەن و حەرامەکان بۆ خۆیان حەلال بکەن!

خوای گەورە ئەوانی تاقی کردەوە و ڕۆژانی شەممە ڕاوەماسی لێ حەرام کردن، ڕۆژانی شەممە نەبێت لە ڕۆژەکانی تر ماسی کەم دەبوویەوە، بەلام لە ڕۆژی شەممەدا ماسیگەلێک زۆربوون، ئەوان خۆیان پێ نەگیرا، شەممان کاتێک ماسی دەهاتنە لێوار دەریاکە، ئەوان دەڕۆیشتن و تۆڕیان ڕادەخست و دوایی لێیدەگەڕان تا ڕۆژی دوایی،



Scanned with Cam

واتە: یەکشەممە، ئەو کاتە تۆڕەکانیان دەردەهێنا و ماسییەکانیان ڕاو دەکرد و دەیانخوارد... لە سزای ئەو تاوانەدا خوای گەورە کردنی بە بەراز و مەیموون!

ئەمڕۆژانەش بەداخەوە لە فەتوادانددا فرتوفێڵ زۆر بووە، دین ملی دەقەکان دەچەمێنن و لەگەڵ ئارەزوو هەوای خۆیاندا ڕێکیان دەخەن!

مرۆڤە گەمژەکان وادەزانن خوایان بۆ دەخەڵەتێت، خوای گەورەش زانایە بە دیار و نادیار، ئاگای لە نێتی ناو دڵی هەموو کەسێکە...

جارێک لەبارەی ئەو جۆرە (حیلە شەرعیانە) دوکتۆر موحەممەد ڕاتب النابلسی (خوا بیپارێزێت) قسەیەکی بۆ کردم، فەرمووی: پیاوێک لە شارێکەوە ڕۆیی بۆ شارێکی تر، لەو شارەدا ماڵی کچە ئامۆزایەکی لێبوو، ئامۆزاکەی کچێکی سیانزە ساڵانەی هەبوو، قەزاوقەدەر مێردی ئامۆزاکەی سەفەری کردبوو لە ماڵ نەبوو، پیاوەکەش جگە لە ماڵی ئامۆزاکەی شوێنێکی تری شک نەدەبرد تێیدا بمێنێتەوە و پشووی تیا بدات، بەپێی شەرعیش ڕەوا نەبوو لەوێ بمێنێتەوە، بۆیە هەستا بەدوای چارەسەرێکدا گەڕا، پیاوێکی بێدین وتی: کچە بچووکەکە لە خۆت مارە بکە، دوایی یەکسەر تەلاقی بدە، ئیتر ئامۆزاکەت وەک دایکتی لێ دێت، چونکە دەبێت بە کۆنەخەسوو! ئیتر دەتوانێت هەرجارێک ڕێت کەوتە ئەو شارە لە ماڵی ئەودا بمێنێتەوە!


هەر لەو جۆرە فێڵەی کە جوولەکەکان دەیانکرد، جارێک لە کەسێکم بیست دەیگوت: مادەم خواردنی ڕیبا حەرامە، مرۆڤ دەتوانێت ڕیبا وەربگرێت، بەڵام نەیخوات، بۆ نموونە: پێیدا بە بەنزین و بیکاتە سەیارەکەیەوە، پێیدا بە بەرمیلێک نەوت و ماڵی پێ گەرم بکاتەوە، پێیدا بە هەقی کارەبا و ئاوی حکومەت، خواردنیش بە پارەی حەڵاڵ بکڕێت!

وادیارە جوولەکە تەنیا گەل و هۆز نین، بەڵکوو بوون بە بیرۆکەش!



Scanned with Can





# لەگەڵ ئەو کەسەدای
# کە خۆشت دەوێت!

پێغەمبەر(ﷺ) بە مەبەستی سەفەرێک لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵاندا لە شار دەرچوو... لە شوێنێکدا خۆی و هاوەڵانی پشوویان دەدا، لەو کاتەدا عەرەبێکی دەشتەکی دەنگگڕ و دەنگ گەورە هات و وتی:

هۆ محەممەد هۆ!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هۆو بەڵێ هۆو!

هاوەڵان بە پیاوەکەیان گوت: قوڕ بە سەرت! دەنگت نزم بکەرەوە! ئەوە تۆ دەزانی لەگەڵ کێدا قسە دەکەی؟ مەگەر نازانی خوای گەورە نەهی کردووە لێمان لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) دەنگ بەرز بکەینەوە؟

پیاوەکە وتی: بە خوا دەنگم نزم ناکەمەوە!

دوایی بە پێغەمبەری(ﷺ) گوت: جاری وا هەیە مرۆڤ کەسانێکی خۆش دەوێت و ناگات پێیان...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە قیامەتدا مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە لە دونیا خۆشی ویستوون!

هیچ کاتێک هاوەڵان ئەوەندەی ئەو کاتە دڵخۆش نەبوون کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە قیامەتدا مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە لە دونیادا خۆشی ویستوون!



Scanned with Cam

تەماشای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەن بزانن چەند بەڕێز و بەئەدەب بوو، ڕەچاوی عادەت و سروشتی هەموو جۆرە کەسێکی دەکرد... ئەو پیاوە دەشتەکییە کوڕی دەوروبەری خۆی بوو، واتە پەروەردەی دەرودەشت بوو، بۆیە جۆرە زبرییەکی پێوە دیاربوو، دەنگێکی گەورە و زلی هەبوو، هەر لە منداڵییەوە وا ڕاهاتبوو کە لە کاتی قسەکردندا دەنگی بەرز بکاتەوە، چونکە ئەوانەی لەو دەرودەشتە دەژین پێویستە دەنگیان بەرز و گڕ بێت، بۆ ئەوەی دەنگیان بە هەموو شتێک بگات، چونکە چوار فەسڵە ژیانیان لەگەڵ ئاژەڵ و وشتردا دەبردە سەر، زۆر ئاگای ڕێزی گەورە و بچووکییان نەدەزانی، نەیاندەزانی بەپێی پێویست ڕێز لە کەسایەتییە گەورەکان بگرن... بۆیە هەر بە ناوی (موحەممەد)ـەوە بانگی پێغەمبەری(ﷺ) کرد، ئیتر نە وشەی پێغەمبەری بەکار هێنا، نە وشەیەک شایانی گەورەیی پیغەمبەر(ﷺ) بێت... پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: هۆو بەڵێ هۆو! هەر بەو جۆرە وەڵامی دایەوە کە ئەو پیاوە پێی خۆشە!

ئەوە وانەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک بەو جۆرە لەگەڵماندا دوا، پێمان ناخۆش نەبێت و هەڵنەچین! خۆ هەمووان هەموو ئەو شتانە نازانن کە تۆ دەیزانی، هەمووان وەک تۆ پەروەردە نەکراون، هەمووان سروشتیان وەک سروشتی تۆ نییە!

هەندێک کەس زۆر بە هێمنی لەسەر قورسترین بابەت گفتوگۆ دەکات، دەڵێی خەریکی چیرۆکخوێندنەوەیە، هەندێک کەسیش لەسەر یاری تۆپی پێ دەیکات بە هەرا و دەنگی بەرز دەکاتەوە و دونیا لە خۆی کۆ دەکاتەوە، یەکێک لە دوورەوە دەنگی ببیستێت، دەڵێت: لەوانەیە چوار پێنج کەس کوژرا بن!


تێگەیشتن لە سروشت و دووروبەر و ئاستی ڕۆشنبیری، زۆر یارمەتی پێکەوەژیان دەدات...

هاوەڵان زۆر دڵیان خۆش بوو بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) کە فەرمووی: لە قیامەتدا مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە لە دونیادا خۆشی ویستوون! دەبێت ئێمە لەوان زیاتر دڵمان بەو فەرموودەیە خۆش بێت، ئای ئەگەر ئێمە پێغەمبەر(ﷺ) و کەسوکاری پێغەمبەرمان خۆش بوێت، چەندە بەختەوەر دەبین! چەندێ بەختەوەرین ئەگەر حەزرەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و خالید و ئەبوعوبەیدە و هاوەڵە مەزنەکانی پێغەمبەرمان(ﷺ) خۆش بوێت!

ئەگەر پێت خۆش نەبوو کەسێک لە قیامەتدا لەگەڵ تودابێت، یەکسەر خۆشەویستی ئەو کەسە لە دڵی خۆت بکە دەرەوە و نەجات!



Scanned with Cam



# دایک ڕۆڵەڕۆت بۆ بکات!

ژیان لە خزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) خەلاتێکی مەزن بوو... هاوەڵان ئەوەندەی دڵیان بە هاوڕێیەتی پێغەمبەر(ﷺ) خۆش بوو، ئەوەندە دڵیان بە دەسکەوت و سەروەت و سامان خۆش نەبوو...

ڕۆژێک موعازی کەڕی جەبەل لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) ڕێی دەکرد، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کارێکم پێ بڵێ بمخاتە بەهەشتەوە و لە دۆزەخ دوورم بخاتەوە!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: لە بارەی شتێکی گەورە و مەزنەوە پرسیارت کرد و ئەگەر خوا بیەوێ لەسەر هەر کەسێکی ئاسان بکات بۆی ئاسانە، بەندایەتی بۆ خوا بکە و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدە، نوێژەکانت بکە و زەکات بدە و ڕۆژوو بگرە و حەج بکە! دوایی بە موعازی فەرموو: دەتەوێت دەرگای هەموو خێر و چاکەیەکت پێ نیشان بدەم؟' ڕۆژوو دەتپارێزێت، خێر و صەدەقە هەڵە و تاوان دەکوژێنێتەوە، وەک چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە، هەروەها نوێژکردن لە جەنگەی شەودا... دوایی پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ١٦ ﴾ السجدة: ١٦ واتە: (ئەو ئیمانداره بەختەوەرانە نێوانیان خۆش نییە لەگەڵ ڕاکشان لە جێگە و ڕێگەی گەرمونەرمدا (واتە بە نوێژ و خواپەرستی بەشێکی شەو دەبەنە سەر)، هەمیشە نزا و پاڕانەوەیان ڕوو بە پەروەردگاریانە لە خەشم و قین و



Scanned with Cam

دۆزەخی دەترسن، ئاواتی ڕەزامەندی و بەهەشتیان هەیە و لەو ڕزق و ڕۆزی و توانایی و زانیارییەی پێمان بەخشیوون، دەبەخشن).

دوایی پێغەمبەر(ﷺ) بە موعازی فەرموو: دەتەوێ سەری هەموو ئەو شتانە و کۆڵەکەی ئەو شتانە و لووتکەی ئەو شتانەت پێ نیشان بدەم؟

سەری هەموو کارێک ئیسلامە... کۆڵەکەی نوێژە، لووتکەی جیهاد و تێکۆشانە لەپێناو خودادا...

دوایی بە موعازی فەرموو: مەعاز دەتوێ کرۆکی هەموو ئەوانەت پێ نیشان بدەم؟

موعاز وتی: بەڵێ! ئەی پێغەمبەری خوا...

پێغەمبەر(ﷺ) زمانی خۆی گرت و -دوایی بەری دایەوە- و فەرمووی: ئا ئەمە بپارێزە!

موعاز وتی: دەی قوربان ئێمە لەسەر ئەو شتانە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵدا دەکرێت کە دەیڵێین؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی دایکت ڕۆڵەڕۆت بۆ بکات موعاز! ئەی بۆ مەگەر لەبەر درووێنەی زمان نەبێت، لە دۆزەخدا هیچ کەسێک بەسەر دەمدا ڕادەکێشن؟ -یانی: زمان وەک داس وایە، چاک و خراپ درووێنە دەکات-.

زمان خۆی پێشەی تێدا نییە، بەلام پێشەشکێنە!

زۆر کەس شەو تا بەیانی لەبەر ئازاری قسەی کەسێک خەوی لێ نەکەوتووە و کۆڕ و کۆبوونەوەکە کۆتایی هاتووە، بەلام ئەو قسەیە وەک تیرێک چەقیوەتە دڵێک و هێشتا خوێنی لێ دەتکێت!

زۆر کچ هەر لەبەر ئەوەی بە ناڕەوا تۆمەتێکیان بۆ هەڵواسیوە، بێ مێرد و داماو لێی ماوەتەوە و گورگەکانی کەنعان چەندی

ئاگایان لە خواردنی حەزرەتی یوسف بوو، ئەویش ئەوەندە ئاگای لەو قسە و تۆمەتەیە!

هەر لەبەر دووزمانی کەسێک، زۆر فەرمانبەر ئانبڕاو کراوە و ماڵ و منداڵی برسی کراوە...

بە شایەتییەکی ناهەق زۆر کەس لە میراتی خۆی بێبەش کراوە و دەستی لە بنی هەمبانەوە دەرچووە!

زۆر هاوڕێیەتی لەبەر قسەیەکی ڕەق و ناخۆش تێکچووە و هەرگیز وەک خۆی لێنەهاتووەتەوە!

دەی تەماشای دەم و لەبزی خۆتان بکەن بزانن چی دەڵێن و چۆن قسە دەکەن! تەماشای پێنووسی خۆتان بکەن بزانن چی دەنووسن؟ تەماشای فەیسبووک و ئەنیستا و شوێنەکانی تری خۆتان بکەن، بزانن چی تێدا دەڵێن و چی تیا بڵاو دەکەنەوە؟ هەر لەبەر قسەی ناهەق و خراپە کە لە دۆزەخدا خەڵک لەسەر دەم پاڵدەخرێت و ڕادەکێشرێن!



Scanned with Cam



# لە (عضباء) پێش کەوت!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) وشترێکی هەبوو ناوی نابوو (العضباء)... زۆر خێرا بوو، هیچ وشترێک پێشی نەدەکەوت... ئەوی ڕۆژێک عادەت وابوو خەڵک پێش پێشانیان دەکرد، پێغەمبەریش(ﷺ) وەک تاکێکی ئەو خەڵکە جار جار بەشداری دەکرد... هاوەڵان پێیان خۆشبوو هەمیشە پێغەمبەر(ﷺ) براوە بێت... ڕۆژێک عەرەبێکی دەشتەکی بە سواری وشترێکەوە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێشبڕکێی لەگەڵدا کرد... وشتری کابرای دەشتەکی پێشی (العضبا)ی دایەوە... هاوەڵان زۆریان بە لاوە گران بوو، هەر دەیانگوت: لە (عضباء) پێش کەوت!

پێغەمبەر(ﷺ) زانی کە هاوەڵان پێیان ناخۆش بووە کە وشتری کابرای دەشتەکی پێش (عضباء) کەوتووە، بۆیە فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە لە دونیادا هەرشتێک بەرز بکاتەوە -هەر ماوەیەکە- دوایی ئەوی و نزمی دەکاتەوە!

ئەگەر مرۆڤ یارییەکی حەڵاڵ بکات هیچ کێشەی تێدا نییە... هیچ زیانێکی بۆ بیروباوەڕ نییە... لە کەسایەتی پیاوی بەڕێزیش کەم ناکاتەوە... ئایینی ئیسلامیش نایەوێ مرۆڤەکان لە هەموو شتێکی ژیان دوور بکەونەوە، تەنانەت خوای گەورە دەیەوێت بەندەکانی بەپێی داب و دەستووری شەرعەکەی لە ژیاندا ڕۆچن، یاری بکەین،



Scanned with Cam

شۆخی بکەین، سەیران بکەین، بچینە بازاڕ، بازرگانی بکەین، ژیان بە گوێرەی شەرعی خوای گەورە، بەهەشتی دونیایە...

خۆت بە گەورە مەزانە و خاکی بە! تۆ هەرچەندە پلەوپایەت بەرز بێت، ناگەیت بە پێغەمبەری خوا(ﷺ)... ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ خەڵکدا پێش پێشانی کردووە... هەم سەر کەوتووە و هەم وشترەکەیشی بەزیوە... هەموو هەڵیکیشی بە دەرفەت زانیوە بۆ ئەوەی وانەیەک پێشانی هاوڕێکانی بدات...

مرۆڤ هەرچەندە پلەوپایەی دونیایی بەرز بێت و هەرچەندە دەوڵەمەند و زەنگین بێت، ناگات بە سەدیەکی دەسەڵات و پلەوپایەی حەزرەتی سولەیمان، ئەوەتا خوای گەورە لە قورئاندا بۆی باس کردووین کە حەزرەتی سولەیمان ڕاوەستاوە و گوێی لە مێروولەیەک گرتووە و بە دیاریەوە پێکەنیوە!

خواپەرستی ئەوە نییە خۆت لە هەموو شتێکی دونیا دوور بخەیتەوە...

ئەو ڕۆژەی ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾ المائدة: ٣ واتە: ئەمڕۆ ئایین و بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاند و ناز و نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامە و دین و ئاینتان. ئەو ڕۆژە هەموو هاوەڵان خۆشحاڵ بوون، ناهەقیشیان نەبوو! کەچی حەزرەتی ئەبوبەکر دەستی کرد بە گریان، فەرمووی: دوای کاملبوون دیسان ناتەواوی و نوقسانبوون دەست پێ دەکاتەوە...

ئەم ئایینە پاکە کە بۆ ماوەی چەندین سەدە شوێنەکەوتوانی فەرمانڕەوایی سەر زەوییان بە دەست بوو، هەر خۆیان پێشڕەو بوون و قسە هەر قسەی ئەوان بوو، ئەوەتا سەردەم گۆڕا و



Scanned with Can

مسولمان -لەبەر ئەوەی وەک پێویست دەستی بە ئاینەوە نەگرت- دوا کەوت و هاتە ریزی پشتەوە، دەی ئیتر چۆن ئەم کافر و بێدینانەی ئێستا بۆ هەتا هەتایە هەر لە پێشەوە دەبن و سەرکردایەتی زەوی دەگرنە دەست؟ من دڵنیاتان دەکەمەوە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا پاشەکشێ دەکەن و جارێکی تر شوێنکەوتوانی ئەم ئاینە پاکە دەسەلاتی سەرزەوی دەگرنەوە دەست و دەبنەوە بە پێشەوا و پێشرەو! شەوگار هەچەندە درێژ بێت، رۆژ هەر هەڵدێت! سەردەم هەرچەندە سەخت و نالەبار بێت، هەر کۆتایی دێت و دەڕوات...

بیر بکەنەوە! وشترێک لە (عضباء) پێش کەوت، چونکە خوای گەورە وای نووسیوە هەر شتێک بەرز ببێتەوە، لە کۆتاییدا بەرەو خوار دەبێتەوە، خۆ (عضباء) ئاژەڵ بوو، ئیتر چۆن خوای گەورە مۆڵەتی ئەوە دەدات کە بۆ هەمیشە خراپە و خراپەکاران لە پێشەوە بن؟



Scanned with Cam



# بە نرخی خۆی!

عادەتی پێغەمبەر(ﷺ) وابوو یان بەیانیان، یان ئێواران تەشریفی دەبرد بۆ ماڵی حەزرەتی ئەبوبەکر... کەچی ڕۆژێک نیوەڕۆ خۆی کرد بە ماڵی حەزرەتی ئەبوبەکردا... حەزرەتی ئەبوبەکر دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: منیش وتم: قوربان هەرچی سەیر دەکەم پێغەمبەری خوا بۆ کارێکی گرنگ تەشریفی هێناوە! ئەگینا هەرگیز ئا لەم کاتانەدا تەشریف ناهێنی بۆ ئێرە! هەرچۆنێک بێت پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ژوورەوە و منیش جێگام بۆ ڕاخست... سەرینێکم بۆ دانا... تەنیا من و عایشە و ئەسما لەو ژوورەدا بووین...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوانە بکە دەرەوە!

منیش وتم: قوربان ئەوانە کچەکانی خۆمن! چی بووە خۆم و دایک و باوکم بە قوربانت بین؟

فەرمووی: خوای گەورە مۆڵەتی کۆچی پێ داوم...

منیش وتم: دەی قوربان بمکە بە هاوڕێی خۆت!

فەرمووی: هاوڕێی من بە!

هەمیشە دڵم دەیگوت: پێغەمبەری خوا لەگەڵ تۆدا کۆچ دەکات! بۆیە دوو وشتری باشم بۆ کۆچ ئامادە کردبوو... پێمگوت: قوربان جووتێک وشتری باشم ئامادە کردووە... یەکێکیان بۆ تۆ، یەکێکیان بۆ خۆم...



Scanned with Cam

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە کڕین نەبێت نامەوێ! سواری وشترێک نابم کە هی خۆم نەبێت!

منیش گوتم: قوربان بۆ خۆت!

فەرمووی: نەخێر ئەگەر مایەکەی خۆی وەرنەگرێت نامەوێ!

منیش وتم: قوربان با بە دڵی جەنابت بێت!

لە ڕاستیدا پەیوەندی نێوان پێغەمبەری خوا(ﷺ) و حەزرەتی ئەبوبەکر ئەو شتانەی تیا نەبوو... باسێک لە دینار و دیرهەم پارە نەبوو... بە پێچەوانەوە حەزرەتی ئەبوبەکر خۆی و ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانی دەکرد بە فیدای پێغەمبەری خوا(ﷺ)... پێغەمبەری خوداش(ﷺ) هیچ شتێکی حەزرەتی ئەبوبەکری ڕەت نەدەکردەوە... ئەو ڕووداوەی چەند ڕۆژی پێش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) باشترین بەڵگەن بۆ ئەم قسەیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەمینترین کەس هەم لە ڕووی گیانەوە و هەم لە ڕووی سەروەت و سامانەوە بۆ من، ئەبوبەکرە!

زانایان دەفەرموون؛ بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو وشترە بە پارە لە حەزرەتی ئەبوبەکر بکڕێت، تا کۆچکردن لەپیناوی خوادادا هەم بە گیان بێت و هەم بە سەروەت و سامان و ماڵ... بۆ ئەوەی کۆچەکەی کۆچێکی تێروتەواو بێت، نەک کۆچێکی ناتەواو!

لە ڕاستیدا دەبێت ئەوانەی کە هاوڕێی گیانیبەگیانین، بە باشی لەگەڵ یەکتردا مامەڵە بکەن و لەو نێوەدا باسێک لە تەماح و پارەوپوول نەبێت... نابێت وەک بازرگان و کڕیار و فرۆشیار لەگەڵ یەکدا مامەڵە بکەن و هەموو شتێک بە قەڵەم و کاغەز حیساب بکەن و لێکی بدەنەوە...



Scanned with Can

یەکێک لە ئاکارە جوانەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە ئاگای لە حاڵی هاوڕێی خۆی بێت، ئەگەر زانی شتێکی پێویستە، پێش ئەوەی هاوڕێکەی داوای بکات، ئەم بڕوا بۆی جێبەجێ بکات و نەهێڵێت کار بگاتە داواکاری... ئەگەریش کار گەیشتە داواکاری، بە جوانی وەڵامی بداتەوە و بە گوێرەی توانا چاوپۆشی لە هەندێک لە مافەکانی خۆی بکات...

خۆ ئەگەر مامەڵە و شتفرۆشتن و پارەوپوولیش کەوتە نێوان دوو هاوڕێی گیانیبەگیانی و مافی یەکتریان بە تەواوی ڕەچاو کرد، ئەوە هیچ زیانێکی بۆ دۆستایەتی نییە، بەڵام هەمیشە چاکە و چاکەخوازی پێشەوا سەرکردەی ئاکارە جوانەکانن...



Scanned with Can



# بۆ پشتگیری لە خاوەن ماف ناکەن!

ئەبوسەعیدی خودری دەفەرموێت: پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) قەرزێکی لای پێغەمبەر بوو، داوای قەرزەکەی دەکردەوە، زۆر بە توندی داوای کرد، پێی وت: هەر دەبێت ئێستا پێم بدەیتەوە، ئەگینا زۆرت بۆ دەهێنم! هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) چوون بە گژ پیاوەکەدا و وتیان: قوڕت بە سەر! ئەوە دەزانی لەگەڵ کێدا قسە دەکەیت؟

پیاوەکە وتی: من داوای مافی خۆم دەکەم!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە بۆ پشتگیری لە خاوەن ماف ناکەن؟

دوایی ناردی بۆ لای خەولەی کچی قەیس و فەرمووی: ئەگەر خورمات لایە بە قەرز بماندەرێ تا خورماکەی خۆمان دێتەوە و قەرزەکەت پێ دەدەینەوە...

خەولە وتی: ئای بەسەرچاو! خوا خۆم و باوکم بکات بە قوربانت ئەی پێغەمبەری خوا!

ئەبو سەعید دەفەرموێت: خەولە خورمای دا بە پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش قەرزەکەی دایەوە بە پیاوەکە و خواردنیشی پێ دا، دوایی پیاوەکە وتی: مافی خۆمم وەرگرتەوە، خوا پاداشتت بداتەوە...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوانە خەڵکی چاکن، یاخوا ئەو گەلە سەرنەکەوێت کە هەژارەکانیان بەبێ گیروگرفت بە مافی خۆیان ناگەن. (رواه ابن ماجه).



Scanned with Cam

دونیا هەتا سەر بۆ کەس نامێنێت، بەردەوامیش لەگەڵ کەسدا نییە، کەمن ئەوانەی کە لە دونیادا هەر لە لەدایکبوونەوە هەتا مردن ژیانێکی خۆش و بێخەمیان تێپەراندبێت... ڕۆژێک ناخۆشە و ڕۆژێک خۆش! ڕۆژێک لەشساغی و ڕۆژێک نەخۆش! ڕۆژێک لەسەر هاتی، ڕۆژێک نەهاتی! دونیا بەپێی فەرمانی خوای گەورە هەڵدەسووڕێت، واز لە کاری خۆی نامێنێت، ئەگەر تۆ شتێکت بوێ و خوای گەورە شتێکی تر، هەموو دونیا ناتوانن ویستەکەی تۆ بەدی بێنن!

جاری وا هەیە مرۆڤ ناچارە دەڕوات قەرز دەکات، مرۆڤیش دەبێت هاوکاری یەکتر بکەن، هەرکەسێک تەنگانەی مرۆڤێک دەربکات، خوای گەورە تەنگانەیەکی قیامەتی دەردەکات... لە بەرامبەریشدا دەبێت کاکی قەرزار بەئەمەک بێت و قەرزەکەی لە کاتی خۆیدا و بە جوانی ببژێرێت! هەر ئەوەندە کاکی خاوەن قەرز دەستی یارمەتی بۆ ئەم درێژ کردووە و قەرزی پێ داوە، ئەوە خۆی بۆ خۆی کارێکی جوامێرانە و مەزنە! بۆیە لە کاتی قەرزبژاردندا دەستی بە دەستی مەکە... خۆ ئەگەر نەتتوانی قەرزەکەت لە کاتی خۆیدا بیژێری، خۆتی لێ مەشارەوە و هەواڵە بە گەواڵە مەکە، بەڵکوو بڕۆ بۆ لای خاوەن قەرز و تێر سوپاسی بکە و داوای لێ بکە ماوەیەکی تر مۆڵەتت پێ بدات...

بێگومان پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەمتەرخەمی نەکرد، بەڵکوو هێشتا کاتی قەرزبژاردنەکە نەهاتبوو، کەچی خاوەن قەرز -ئایا لەبەر پێویستی بێت، یان شتێکی تر- پێش وادەی خۆی هات و بەرۆکی پێغەمبەری(ﷺ) گرت و بە شێوەیەکی نەشیاو داوای قەرزەکەی کردەوە... قسەی ڕەقی کرد، نەدەبوو ئاوا قسەی ڕەقی



Scanned with Cam

بەرامبەر پێغەمبەر(ﷺ) کردبا، بەلام کردی! هاوەلان ویستیان بەگژیدا بچنەوە، بەلام پێغەمبەر(ﷺ) پشتگیری لەو کرد و نەیهێشت کەس لە کولێک کالتری پێ بلێت، تەنانەت پێی فەرموون: ئەوە بۆ پشتگیری لە خاوەن ماف ناکەن؟ خۆزگا پشتگیریتان لە خاوەن ماف بکردایە!

لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان خاوەن قەرزێک بە شێوەیەکی ناشیرین داوای قەرزەکەی بکاتەوە... لەوانەیە ژنێکی ستەملێکراو دوو جوێن بە مێردەکەی بدات... لەوانەیە کرێکارێکی مافخوراو دوو قسەی ناشیرین بکات... خۆ ئەو قسە ناشیرینانە و ئەو دوو جوێنە کارێک ناکەن ئیتر مافی هیچی نەمێنێ، ئەم بە ڕێگای خۆی و ئەمیش بە ڕێگای خۆی!

دەبێت ئێمە هاوکاری مافخوراو بکەین تا بە مافی خۆی دەگات و دواییش بە شێوەیەکی جوان ئامۆژگارییان بکەین و فێری ئەوەیان بکەین کە بە جوانی داوای مافی خۆیان بکەنەوە...

دەبێت ئامۆژگاری هەردوو لا بکەین، هەم لایەنی یەکەم بە جوانی داوای مافی خۆی بکاتەوە، هەم لایەنی دووەمیش بە جوانی وەلام بداتەوە...

خۆ ناکرێت بلێین: وەللا مادەم ئەو خاوەن قەرزە بە شێوەیەکی ناشیرین داوای قەرزەکەی کردووەتەوە، ئیتر قەرزەکە نابژێرم!

ئایینی ئیسلام ماف بۆ خاوەن ماف دەگێڕێتەوە و ئامۆژگاری هەردوو لا دەکات هەلسوکەوتیان جوان و لەبار بێت!



Scanned with Cam



# ئاسانەی دەرگاکەت بگۆڕە!

بە فرمانی خوای گەورە حەزرەتی ئیبراهیم خاتوو هاجەرەی خێزانی و کوڕە شیرەخۆرەکەی لە مەککە بەجێهێشت، دواتر ڕووداوی هەڵقوڵینی ئاوی زەمزەم ڕوویدا و هەموومان ئەو چیرۆکەمان بیستووە و دەیزانین... خوای گەورە هۆزی جورهومی نارد بۆ ئەوەی خاتوو هاجەرە و ئیسماعیلی کوڕی تێکەڵیان بین و تەنیا و بێکەس نەبن... هەر لەنێو ئەو هۆزەدا حەزرەتی ئیسماعیل گەورە بوو، بوو بە گەنجێکی خوێنشیرین... لەوانەوە زمانی عەرەبی فێر بوو... دوایی هەر لە هۆزی جورهوم ژنێکی هێنا... دوای ئەوە دایە هاجەرە کۆچی دوایی کرد... حەزرەتی ئیبراهیم تەشریفی هێنا و سەرێکی لە حەزرەتی ئیسماعیل دا، ڕۆیشتە ماڵی حەزرەتی ئیسماعیل و هەواڵی حەزرەتی ئیسماعیلی لە بووکەکەی پرسی -بووکەکەی ئەوی نەدەناسی- گوتی: ڕۆیشتووەتە دەرەوە شتێکمان بۆ پەیدا بکات... حەزرەتی ئیبراهیم حاڵ و گوزەرانی لە بووکە نەناسەکەی پرسی، بووکەکەی وتی: حاڵمان خراپە، ژیانمان ناخۆشە، ئیتر بە ئارەزووی خۆی تێر گلەیی لە ژیانی خۆیان کرد...

حەزرەتی ئیبراهیم پێی گوت: ئەگەر مێردەکەت هاتەوە سڵاوی منی پێ بگەیەنە و پێی بڵێ ئەو پیاوە وتی: ئاسانەی دەرگاکەت بگۆڕە!



Scanned with Cam

حەزرەتی ئیسماعیل هاتەوە... هەستی دەکرد کەسێک هاتووە بۆ مالیان، لە ژنەکەی پرسی، فەرمووی: ئەرێ کەس نەهاتووە بۆ ئێرە؟

ژنەکەی وتی: با پیاوێکی پیر و ریشسپی هات -باسی شکل و شێوەی حەزرەتی ئیبراهیمی بۆ کرد-، دوایی گوتی: لە تۆی پرسی و دوایی لە حال و گوزەرانی خۆمانی پرسی، منیش وتم: حال و گوزەرانمان خراپە و ژیانمان ناخۆشە!

حەزرەتی ئیسماعیل فەرمووی: ئەی هیچی پێ نەگوتی؟

وتی: با! پێی وتم سلاوی ئەو بە تۆ بگەیەنم و پێت بلێم ئاستانەی دەرگاکەت بگۆڕیت!

حەزرەتی ئیسماعیل فەرمووی: ئەوە باوکم بووە، فرمانی کردووە لە تۆ جیا ببمەوە، ئەوا تۆم تەلاق دا، بچۆرەوە بۆ مالی باوکت!

حەزرەتی ئیبراهیم گلەیی لە ئەخلاق و ناموسی ئەو بووکەی نەبوو، پەنا بە خوا لە شتی لەوجۆرە، هەرچەند دەگونجێ لەنێو خانەوادەی پێغەمبەراندا کەسێکی کافر هەبێت، بەلام خانەوادەی پێغەمبەران زۆر لەوە گەورەترن کە کەسی بەدڕەوشتیان تیابێت... ئەو خیانەتەش لە قورئاندا لە بارەی ژنەکەی حەزرەتی نوح و ژنەکەی حەزرەتی لوطەوە باس کراوە، خیانەتی بیروباوەڕە، نەک خیانەتی هاوسەری!

حەرزەتی ئیبراهیم گلەیی ئەوەی لە بووکەکەی بوو پرتەوبۆلەی زۆر بوو، بەو نازونیعمەتە رازی نەبوو کە خوا پێی بەخشیبوون، هەر ژنێک پرتەوبۆلەی زۆربێت و هەمیشە نارازی بێت و گلەیی خۆی لای ناسیاو و نەناسیاودا بکات، ئەوە ژنێکی ژنانە نییە و بەکەلک نایەت... پیاویش هەر بەو جۆرەیە، بەلام ئەوە لەناو پیاواندا کەمتر باوە...



Scanned with Can

ئەو ژنەی حەزرەتی ئیسماعیل بە دانپێدانانی خۆی دانی بەوەدا نا کە حەزرەتی ئیسماعیل کەمتەرخەمی نەکردووە و ڕۆیشتووەتە دەرەوە بۆ ئەوەی شتێک بۆماڵی خۆی پەیدا بکات، بەلام لەوانەیە ئەو ژنە بەو بەشەی خۆیان ڕازی نەبووبێت و چاوی لە بەشی خەڵکی بووبێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە بە بەشی خوا ڕازی نییە، بۆیە حەزرەتی ئیبراهیم فرمانی بە کوڕەکەی کرد لێی جیا ببێتەوە...

جارێکیش حەزرەتی عومەر فرمانی بەسەر کوڕێکی خۆیدا کرد کە لە ژنەکەی جیا ببێتەوە، کوڕەکەی بە گوێی کرد و لە ژنەکەی جیا بوویەوە...

جارێک پیاوێک هاتە خزمەتی پێشەوا ئەحمەد و گوتی: باوکم فرمانی پێ کردوم ژنەکەم تەلاق بدەم...

پێشەوا ئەحمەد لێی پرسی: ئەو ژنە لە ڕووی بیروباوەڕەوە چۆنە؟

پیاوەکە وتی: کەموکوڕی نییە و زۆر باشە!

پێشەوا ئەحمەد فەرمووی: دەی لێی جیا مەبەرەوە و تەلاقی مەدە!

پیاوەکە وتی: ئاخر حەزرەتی ئیبراهیم و دواتر حەزرەتی عومەر فرمانیان بە کوڕی خۆیان کردووە ژنەکانیان تەلاق بدەن و ئەوانیش بە گوێی باوکی خۆیان کردووە!

پێشەوا ئەحمەد فەرمووی: ئەگەر باوکی تۆش وەک حەزرەتی ئیبراهیم، یان وەک حەزرەتی عومەرە، بڕۆ ژنەکەت تەلاق بدە!

پوختەی قسە: کوڕ لەسەری نییە ژنی خۆی بە قسەی باوکی تەلاق بدات، بەو مەرجەی ژنەکەی بیروباوەڕی تەواو بێت... ئەوە گوێڕایەڵی پێ ناگوترێ کەسێک لەبەر قسەیەکی باوکی ماڵی خۆی



Scanned with Can

کاول بکات و ژنێکی باش لە دەست بدات لەگەڵ ئەوەشدا چاک دەرهەق دایک و باوک پێویستە و واجبی سەر شانە!

ئەم دونیایە جێگای تاقیکردنەوەیە و ڕزق و ڕۆزیش بەشێکە لەو تاقیکردنەوەیە... ئێمە بە ژن و پیاومانەوە پێویستە لە سەرمان لەگەڵ خوای خۆمان زۆر بەحەیا و بەشەرم و بەئەدەب بین، بە بەشی خوا ڕازی بین، کارێک بکەین و خوای گەورە هەرچۆنێک و هەرچەندێکی پێ داین، پێی ڕازی بین... ناڕازیبوون بە بەشی خوای گەورە، گەورەترین هەژاری و قوڕبەسەرییە... دەبێت خاو و خێزانیش لە خوای گەورە بترسن و کارێک نەکەن ماڵی خۆیان کاول بکەن!



Scanned with Can



# ئاستانەی دەرگاکەت جێگیر بکە!

وەک جاری پێشوو باسمان کرد حەزرەتی ئیبراهیم سەری لە کوڕەکەی دا و کوڕەکەی لە ماڵ نەبوو، هەندێک پرسیاری لە بووکەکەی کرد و ئەویش دەستی بە گلەیی کرد و لە ژیانی خۆی ڕازی نەبوو، بۆیە حەزرەتی ئیبراهیم بووکەکەی ڕاسپارد کە بە مێردەکەی بڵێ: ئاستانەی دەرگاکەت بگۆڕە!

حەزرەتی ئیسماعیل هاتەوە و لە فرمانەکەی باوکی تێگەیشت و بە قسەی کرد و ژنەکەی خۆی تەڵاق دا...

بۆ جاری دووەم حەزرەتی ئیبراهیم سەری لە کوڕەکەی دایەوە... دیسان وەک جاری پێشوو لە ماڵ نەبوو، بەڵام بووکە تازەکەی خۆی بینی، پرسیاری حەزرەتی ئیسماعیلی لەویش کرد، بووکەکەی وتی: چووەتە دەروە شتێکمان بۆ پەیدا بکات...

حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی: ئەی حاڵ و گوزەرانتان چۆنە؟

بووکەکەی گوتی: لە خوا بەزیاد بێت زۆر باشین و هیچ کەموکوڕییەکمان نییە!

فەرمووی: ئەی خواردنتان چییە؟

وتی: گۆشت!

فەرمووی: ئەی خواردنەوەتان چییە؟

وتی: ئاو!

فەرمووی: خوایە پیت و بەرکەت بخەیتە ئاو و گۆشتیانەوە...

ئەو کاتە هەر ئەو خواردنەیان هەبوو، بۆیە نزای بەرەکەتی هەر بۆ ئەو دوانە کرد...

دواتر حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی: هەرکاتێک مێردەکەت هاتەوە، سڵاوی منی پێ بگەیەنە و پێی بڵێ؛ ئاستانەی دەرگاکەی جێگیر بکات!

حەزرەتی ئیبراهیم ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت... حەزرەتی ئیسماعیل هاتەوە، فەرمووی: ئەرێ کەس نەهاتووە بۆ ئێرە!

ژنەکەی وتی: با! پیاوێکی پیری نوورانی هات و لە تۆی پرسی، منیش پێمگوت: ڕۆیشتووەتە دەرەوە شتێکمان بۆ پەیدا بکات... دوایی لە حاڵ و گوزەرانمانی پرسی، منیش وتم: سوپاس بۆ خوا زۆر باشە و هیچ کەموکورپیمان نییە...

حەزرەتی ئیسماعیل فەرمووی: ئەی هیچی پێ نەگوتی؟

وتی: با! سڵاوی بۆت هەبوو، وەسیتی بۆ کردی ئاستانەی دەرگاکەت جێگیر بکەیت!

حەزرەتی ئیسماعیل فەرمووی: ئەو پیاوە باوکم بووە، ئاستانەی دەرگاکەش تۆی، فرمانی کردووە تۆ لە لای خۆم بهێڵمەوە و لێت جیا نەبمەوە!

ئەو حەزرەتی ئیسماعیلەی کە مێردی ئەم ژنی دووەمە بوو، هەمان ئەو حەزرەتی ئیسماعیلە بوو کە مێردی ژنی یەکەم بوو... خواردنیشیان هەردوو جارەکە هەر گۆشتی ئەو نێچیرانە بوو کە حەزرەتی ئیسماعیل بە تیروکەوان ڕاوی دەکردن... لەو سەردەمەدا کەس نەبوو وەک حەزرەتی ئیسماعیل تیرئەنگێو بێت و شارەزای تیرتەقاندن بێت...

جارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) دای بە لای هاوەڵاندا ڕاهێنانیان



Scanned with Cam

لە نێوهاویشتندا دەگرد، فەرمووی: تیر بهاوێژن ئەی نەوەکانی ئیسماعیل! باوکە ئیسماعیلتان تیرئەندازێکی شارەزا و لێزان بوو!

ئەوەی کە جیاوازە بۆچوونی ئەو دوو ژنەیە سەبارەت بە بوونیەتی ژیان و گوزەران، ژنی یەکەم پڕتەوبۆڵەی هەبوو... بە بەشی خۆی رازی نەبوو، بەڵام ژنی دووەم ژنێکی رازی بە بەشی خوای گەورە بوو، شوکرانەی خوای گەورەی دەکرد بۆ ئەو نازونیعمەتانەی کە پێی بەخشیون... ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەمەندی بە دڵە نەک بە باخەڵ!

ژنی یەکەم نهێنی نێو ماڵی خۆی نەپاراست، باسی نێوخۆی ماڵی خۆیانی بۆ کەسێکی نەناسراو کرد و هەرچی لە دڵدا بوو هەڵیڕێژا... بە کاروباری مێردەکەی رازی نەبوو، بەڵام ژنی دووەم ژنێک بوو کە باسی نهێنی ماڵی خۆیانی لای خەڵکدا نەدەکرد، سوپاسگوزار بوو، ئەگەر خواردنێکیان دەست بکەوتایە سوپاسی خوای دەکرد، ئەگەر هیچیشیان نەبوایە خۆڕاگر بوو...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: لَيْسَ الْغِنَى عَنْ كَثْرَةِ الْعَرَضِ ، وَلَكِنَّ الْغِنَى غِنَى النَّفْسِ. رواه مسلم و احمد و غيرهما . واتە: دەوڵەمەند ئەو کەسە نییە کە دارایی و کەلوپەلی زۆرە، بەڵکوو دەوڵەمەند ئەو کەسەیە کە دڵی دەوڵەمەند و فراوانە.

ژیرێک وتوویەتی: هەژار ئەو کەسە نییە کە کەمی هەبێت، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە بەدوای زۆردا بگەڕێت.

موتەنەببی ئەم پەندەی کردووە بە شیعر و وتوویەتی:

هەرکەس لە ترسی فەقر و هەژاری
بگەڕێ بەدوای ماڵ و ساماندا
ئەوە هەژارە، ئەگەر بشخەوێ
لەسەر پارەوپوول، یا لەنێو کاندا

بەکری کوڕی ئوزەینەش دەڵێت:

زۆر هەژار هەیە دڵی زەنگینە
زەنگینیش هەیە بە دڵ هەژارە
یەکەم زەنگینە و دووەم نەدارە
دارا بە دڵە، نەک زێڕ و پارە

ژنی بەقەناعەت و ڕازی لە مێرد، گەنجینەیەکی زۆر بەنرخە، خوا بە پیاوی دەدات... هەر پیاوێک ژنی لەو جۆرەی دەست کەوت با بە هیچ شێوەیەک دەستی لێ بەرنەدات... تۆش هێندەی ئەو خۆڕاگر و نیهێنپارێزە، لە هەڵە و کەموکوڕیی خۆش ببە، چونکە لەم سەر زەوییەدا هیچ کەس نییە هەڵە و کەموکوڕی نەبێت، هەندێک ئاکاری بەرز هەیە بۆ ئەوە دەبێت لەبەر ئەو ئاکارە بەرزە چاوپۆشی لە سەدان کەموکوڕی بکرێت! لە بەرامبەر کەموکوڕییەکی کەمدا، خێروبێرێکی زۆر لە دەستی خۆت مەدە! خۆ ئێمە پێغەمبەر نین...

دەبێت ماڵە خەزوورانیش ئاگاداری ئەوە بن ئەگەر چاکە و خێر و ئاکاری بەرز و ڕەوشتی جوانیان لە بووکەکەیان بینی، لە بەرچاوی کوڕەکەیاندا پەسنی بدەن و پێی بڵێن: ئاگات لێبێت و بە هیچ جۆرێک لە خۆتی مەتۆرێنە، ئەوە ئاکاری پێغەمبەرانە! جا ئەوەی بۆ بووک دەگوترێت، بۆ زاواش دەگوترێت، ئەگەر ماڵە خەزوورانێک زانییان زاواکەیان پیاوێکی چاک و بەڕەوشت و مسوڵمانە، دەبێت بە کچەکەیان بڵێن: مێردەکەت پیاوێکی باشە و لە دەستی خۆتی نەدەیت!



Scanned with Cam



# هیچ شتێکی باش بە کەم مەزانە!

سولەیمی کوڕی جابری هوجەیمی هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئامۆژگاریم بکە!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: لە خوا بترسە! هیچ شتێکی باش بە کەم مەزانە، ئەگەرچی کەمێک ئاو لە دۆلچەکەشت بکەیتە کاسە و جامی کەسێک کە داوای ئاوی لێ کردووی... بە ڕووی خۆشەوە قسە لەگەڵ خەڵکدا بکە... نەکەی -بۆ فیز و دەعیە- جلوبەرگت شۆڕ بکەیتەوە، ئەوە خۆبەزلزانینە و خوا پێی ناخۆشە... ئەگەر کەسێک عەیبوعاری تۆی دەزانی و باسی کرد و درکاندی، تۆ باسی عەیبوعاری ئەو مەکە و ئاشکرای مەکە، ئەوە گوناهەکەی لەسەر ئەوە و پاداشتەکە بۆ تۆیە... جوێن بە کەس مەدە!

سولەیم دەفەرموێت: دوای ئەو ئامۆژگارییە جوێنم نە بە مرۆڤ داوە، نە بە ئاژەڵ و گیانلەبەران... (رواه البخاري في الادب و ابن حبان في صحيحه).

هیچ چاکەیەک بە کەم مەزانە، تۆ نازانیت چ چاکەیەک دەتباتە بەهەشتەوە!

ئەگەر سەیارەکەت بوەستێنی بۆ ئەوەی پشیلەیەک تێپەڕێت، ئەوە چاکەیە!



Scanned with Cam

ئەگەر دەستی پیرەژنێک بگری و لە جادەکە بیبەیتە ئەوبەرەوە، ئەوە چاکەیە!

ئەگەر پاڵ بە کەسێکەوە بنێیت کە گیرۆدەی سەر کورسییە، ئەوەش چاکەیە!

ئەگەر ئاو بدەی بە دەم کرێکارێکەوە، ئەوەش چاکەیە!

ئەگەر دوو عەلاگە بۆ پیرەپیاوێکی ڕیشسپی هەڵبگرین، ئەوەش هەر چاکەیە!

ئەگەر ژنومێردێکی لەیەکتۆراو ئاشت بکەیتەوە، ئەوەش هەر چاکەیە!

ئەگەر لە ژنەکەی خۆت، یان مێردەکەی خۆت ببووریت و چاوپۆشی لێ بکەیت، ئەوەش هەر چاکەیە!

ئەگەر چاوپۆشی لە منداڵەکانت بکەیت، ئەوەش هەر چاکەیە!

ئەگەر دەرمان بۆ نەخۆشێکی هەژار بکڕیت، ئەوەش هەر چاکەیە!

چاکە زۆرە و دانە و دووان نییە و کۆتایی نایەت... ڕێگاکانی گەیشتن بە خوای گەورە هێندەی ژمارەی کەسەکانە... ئەی قوربەسەر ئەو کەسەی لەو هەمووە ڕێگایە، ڕێگایەکی بۆ گەیشتن بە خوای گەورە دەست نەکەوێت!

خەلک مەکە بە پێوەری خۆت، بڵێی: ئەگەر ئەوان چاکەیان کرد، منیش دەیکەم، ئەگەر ئەوانیش نەیانکرد، منیش نایکەم!

ئەگەر خراپە بە خراپە وەڵام بدەینەوە، هەتا دونیا دونیایە کۆتایی نایەت!

ئاکارێکی جوان هەیە پێی دەڵێن: ڕێزلەخۆگرتن، ڕێزلەخۆگرتن ئەوەیە کە لە کاری خراپەدا لاسایی کەس نەکەیتەوە...



Scanned with Cam

پێویست نییە مرۆڤ لە هەموو شتێکدا خۆی هەڵقورتێنێت... پێویست ناکات لە هەموو کێشەیەکەدا بەشداربێت... زۆربەی زۆری کێشەکانی ئەمڕۆ کێشەی هیچوپووچن! ئەگەر براوەش بیت، تامێکی ئەوتۆی نییە...

دەگێڕنەوە دەڵێن: جارێک بەرازێک زوو زوو دەهات و بەرۆکی شێری دەگرت و دەیگوت: ئەگەر تۆ دلێری، وەرە پێکەوە بجەنگین! شێر وەڵامی نەدەدایەوە... نە جارێک و نە دوو نە سێ، بەراز ئەوەی دووبارە دەکردووە... لە شێریان پرسی: ئەوە بۆ جەنگی لەگەڵدا ناکەیت، مەگەر تۆ دلێرترین ئاژەڵ نیت؟

شێر وتی: با، بەس ئەگەر لەگەڵ چلکاوخۆرێکی وەک بەرازجا بجەنگم، یان دەدۆڕێم، یان دەیبەمەوە، ئەگەر بدۆڕێم یەک زەرە ئابڕووم نامێنێت و هەمووی دەتکێت، ئەگەریش بیبەمەوە کەس دەستخۆشیم لێ ناکات، دەڵێن: جا ئەوە چییە شێر لە بەرازی بردووەتەوە، ئەوە کەی گرنگە!

ئێمە مەبەستمان نییە هیچ مرۆڤێک بە بەراز بچوێنین، بەڵام زۆر شت هەیە پێویست ناکات مرۆڤ خۆی تێهەڵقورتێنێ و خۆی تێبخزێنێت!

ئەگەر مرۆڤ خۆی بباتە ڕیزی کەسێکی نابەڕێزەوە، ئەوە چ قازانجێکی تێدایە؟

مرۆڤی ژیر هەرکارێک ڕێگای بەرەو بەهەشتچوونی بۆ ئاسان نەکات، ئەو ڕێگایە ناگرێتە بەر... ئەگەر ڕێگای بەرەو بەهەشتچوونت گرتە بەر، ئاسان بێت، یان گران هەر براوەی...



Scanned with Can




# بیسڕەوە عەلی!

پێش ئەوەی شاری مەککە ئازاد بکرێت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) ویستی عەمرە بکات، بەڵام قورەیش بوونە ڕێگر و نەیانهێشت عەمرە بکات... دوای هەندێک گفتوگۆ و بێنە و برۆ ئاشتەوایی حودەیبیە کرا... قورەیشییەکان سوهەیلی کوڕی عەمریان وەک نوێنەری خۆیان ناردە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەوەی لەبری ئەوان واژوو لەسەر ڕێکەوتننامەکە بکات... دوای ئەوەی لەسەر خاڵەکان ڕێک کەوتن، پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی بە حەزرەتی عەلی کرد تا ڕێککەوتننامەکە بنووسێتەوە و هەردوو لا واژووی بکەن... حەزرەتی عەلی ڕێککەوتننامەکەی نووسییەوە و سەرەتاکەی ئاوابوو:

بسم الله الرحمن الرحيم...

سوهەیل وتی: ئێمە سەرەتای وامان نەبیستووە، بنووسە: باسمک اللهم...

پێغەمبەر(ﷺ) بە حەزرەتی عەلی فەرموو: بەو جۆرە بینووسە کە سوهەیل دەیڵێت!

دواتر حەزرەتی عەلی درێژەی بە خوێندنەوەی ڕێککەوتننامەکە دا و فەرمووی: ئەمە ئەوەیە کە موحەممەد پێغەمبەری خودا(ﷺ) و سوهەیلی کوڕی عەمر لەسەری ڕێک کەوتوون...سوهەیل خوێندنەوەکەی بە حەزرەتی عەلی بڕی و گوتی: ئەگەر ئێمە بمانزانییایە تۆ پێغەمبەری خوای، خۆ ڕێگریمان لێ نەدەکردی بۆ



Scanned with Cam

ئەوەی عەمرە بکەیت، بنووسە: موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا...
پێغەمبەر(ﷺ) بە حەزرەتی عەلی فەرموو: عەلی بیسڕەوە و
بنووسە: موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا!
حەزرەتی عەلی فەرمووی: بە خوا هەرگیز نایسڕمەوە ئەی
پێغەمبەری خوا(ﷺ)!
پێغەمبەر(ﷺ) خۆی نەیدەتوانی نووسین بخوێنێتەوە، بۆیە بە
حەزرەتی عەلی فەرموو: کامەیە پیشانم بدە... حەزرەتی عەلی وشەی
(محمد رسول الله)ی پیشانی پێغەمبەر(ﷺ) دا... پێغەمبەر(ﷺ) بە دەستی
پیرۆزی خۆی ئەو وشەیەی سڕییەوە و ڕێککەوتننامەکە واژوو کرا...

ئەم ڕووداوە وەک گەورەیی بۆ حەزرەتی عەلی دەنووسرێتەوە و
باس دەکرێت، نەک وەک فرمانشکاندنی پێغەمبەری خوا(ﷺ)... حاشا
حەزرەتی عەلی هیچ کاتێک بێفرمانی پێغەمبەری(ﷺ) نەکردووە...
ئەوە گەرمداهاتن و غیرەت بوو لە لایەن حەزرەتی عەلییەوە...
هەر لە وێنەی ئەوە لە حەزرەتی ئەبوبەکریش ڕوویدا... ئەو
ڕۆژەی کە پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش بوو نەیتوانی بەرنوێژی بکات،
حەزرەتی ئەبوبەکر بە مەبەستی بەرنوێژیکردن چووە پێشەوە...
دوایی پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ نوێژکردن، خەڵکەکە خۆیان لادا بۆ
ئەوەی تەشریفی بچێتە پێشەوە، کە حەزرەتی ئەبوبەکر زانی
خەڵکەکە خۆیان لا دەدەن زانی کە پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هاتووە،
بۆیە کشایە دواوە بۆ ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بچێتە پێشەوە و
بەرنوێژییەکە تەواو بکات... پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی پێ کرد تا لە
شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە و بەرنوێژییەکە تەواو بکات، بەڵام حەزرەتی
ئەبوبەکر هەر هاتە دواوە، دوایی پێغەمبەر(ﷺ) لێی پرسی، ئەوە
بۆچی من فرمانم پێ کردی و تۆ هەر هاتیتە دواوە؟



Scanned with Can

حەزرەتی ئەبوبەکر فەرمووی: بە ئامادەبوونی جەنابت، کوڕی ئەبوقوحافە چۆن بەرنوێژی دەکات؟

هەر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا زۆرجار وا ڕوودەدات کە باوکێک زۆر لە کوڕەکەی دەکات لە پێشی سەیارەوە سوار بێت، بەلام کوڕەکە بە گوێی ناکات و دێتە دواوە بۆ ئەوەی باوکی بچێتە پێشەوە... خۆ ئەوە قسەشکاندنی باوک نییە، بە پێچەوانەوە ئەوە ڕێزگرتنی باوکە! ئەو قسەشکاندنە لە خۆشەویستی و بەگەورەزانینەوە سەرچاوەی گرتووە، شتەکەش ڕوونە و پێویست ناکات بەڵگەی بۆ بێنینەوە و زۆری لەسەر بڕۆین!

لە (بیسرەوە عەلی)دا چەند وانەیەکی مەزن هەیە دەبێت شوێنکەوتوانی ئایینی ئیسلام بیزانن، لەوانە:

١- کاتبەفیڕۆنەدان لە قسە و گفتوگۆی بچووک و بێسووددا...

٢- کێشە نییە هەندێک کاتی باش لە دەست بدەی بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی مەزن تۆمار بکەیت!

٣- جاری وا هەیە پاشەکشێ گرنگە و پێویستە... بۆ ئەوەی مرۆڤ بازی گەورە بدات، دەبێت سەرەتا کەمێک بەرەو دواهەنگاو بنێت و دواتر رابکات و باز بدات!

٤- چاوپۆشیکردن لە هەندێک وردە بابەت بۆ گەیشتن بە شتێکی گەورە...

٥- خۆخافڵاندن و چاوپۆشیکردن کاری گەورە مەردانە، ئێمە لەمرۆدا زۆر پێویستمان پێیەتی...



Scanned with Cam



## خوێندنەوەی ابن أم معبد!

پیاوێک هاتە خزمەت حەزرەتی عومەر گوتی: من هاتووم پێت بڵێم پیاوێک هەیە -لە مزگەوتدا- هەر لەبەر قورئان دەخوێنێتەوە!

حەزرەتی عومەر تووڕە بوو و پێی فەرموو: قوڕ بە سەرت! ئەوە تۆ دەزانی چی دەڵێی؟

پیاوەکە وتی: بە خوا ئەوەی ڕاستی نەبێت نەمگوتووە!

حەزرەتی عومەر فەرمووی: ئەو پیاوە کێیە؟

پیاوەکە وتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود!

حەرزەتی عومەر فەرمووی: شک نابەم کەس لەو شیاوتر بێت بەو کارە، با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، ئێمە جارێک بۆ جێبەجێکردنی کارێکی پێغەمبەر(ﷺ) شەو هەتا بەیانی لە ماڵی ئەبوبەکر بەخەبەر بووین، دوایی لە ماڵ هاتینە دەرەوە و پێغەمبەر(ﷺ) لەنێوان من و ئەبوبەکردا ڕێی دەکرد... گەیشتینە مزگەوت، دەبینین پیاوێک قورئان دەخوێنێت، پێغەمبەر(ﷺ) وەستا و گوێی لێ گرت، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! درەنگە با بڕۆین! پێغەمبەر(ﷺ) بە دەست سیخوڕمەیەکی تێکوتام، یانی: بێدەنگبە!

پیاوەکە هەندێک قورئانی خوێندەوە و دوایی کڕنووشی برد و دوایی سەجدەی برد و دوایی دانیشت لە خوا دەپاڕایەوە و داوای لێخۆشبوونی لێ دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: داوا بکە خوا پێت دەبەخشێت! دوایی فەرمووی: هەرکەسێک پێی خۆشە قورئان بە



Scanned with Cam

تەڕوتازەیی بخوێنێتەوە وەک ئەو دەمەی کە دابەزیوە، ئەوا با وەک خوێندنەوەی ابن أم معبد بیخوێنێتەوە!

ئیتر من و ئەبوبەکر زانیمان ئەو پیاوە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودە... بۆ بەیانی ڕۆیشتم مزگێنی پێ بدەم، عەبدوڵلا وتی: ئەبوبەکر پێش تۆ مزگێنی پێ دام!

هەرجارێک بە مەبەستی کردنی چاکەیەک پێشبڕکێم لەگەڵ ئەبوبەکردا کردبێت، ئەبوبەکر پێشم کەوتووە!

ئەوەی مەبەستمە لەم چیرۆکەوە لێی بڕوانین ئەوەیە، با تەماشا بکەین بزانین هاوەڵان چۆن چاکەی یەکتریان ویستووە و حەزیان لە چاکەی یەکتر بووە... ئەگەر یەکێکیان لە بوارێکدا سەرکەوتوو بووایە، هەموویان خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانی، شتەکە لای ئەوان بۆ من و تۆیی نەبوو، بەڵکوو بە هەموویانەوە یەکتریان تەواو دەکرد... ئەگەر کەسێکیان، لە بوارێکدا پێشکەوتوو بووایە، ئەوانی تر ئیرەییان پێ نەدەبرد، بەڵکوو پێیان خۆشبوو و شانازییان پێوە دەکرد... کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) پەسنی یەکێکیانی دابا، هەمووان پێیان خۆشبوو... ئەوان چۆن چاکەیان بۆ خۆیان پێخۆشبوو، ئاوا چاکەیان بۆ هەمووان پێخۆشبوو... ئەوانە دڵیان ساف و پاک و بێگەرد بوو... ئەوەتا ئەو دوو هاوەڵە مەزنە -ئەبوبەکر و عومەر- پێشبڕکێیان کردووە بزانن کێ زووتر ئەو مزگێنییە بە ابن مسعود دەدا؟

سەرکەوتنی خەڵکی ڕووخانی تۆ نییە، دەوڵەمەندیی ئەوان هەژاری تۆ نییە خۆشبەختی ئەوان نابێتە مۆتەکە و بەدبەختی بۆ تۆ، دڵت خاوێن بکەرەوە و پڕی بکە لە ئەوین و خۆشەویستی بۆ



Scanned with Cam

خەڵک... دڵت وا ڕابێنە کاتێک خەڵکی لە خۆشیدان، ئەویش خۆش بێت، کاتێکیش لە ناخۆشیدان، ئەویش ناخۆش بێت! دڵپاکی و سینگفراوانی ئاسانترین و کورتترین ڕێگایە بۆ چوونە بەهەشت... تۆش هەمیشە پەیامنێری خۆشی و شادیبە! وەک پەپووەکەی حەزرەتی سلێمان وابە، هەمیشە قسەی ڕاست بگوازەوە...

وەک کۆترەکەی حەزرەتی نوحبە، هەواڵی کۆتاییهاتنی تۆفان بدە بە گوێی خەڵکدا...

قسەی خێر و چاکە بکە... کاتێک باسی کەسێک دەکەیت کە لە لاتدا ئامادە نییە، بە چاکە و خێر باسی بکە...

قسەی نەشیاو و ناشیرین مەکە و بیشارەوە...

هەرگیز دووزمانی مەکە، مەبە بە نوێنەر و پەیامنێری ئیبلیس...

پیاوێک هاتە خزمەت وەهبی کوڕی مونەبیە و وتی: فلانەکەس جوێنی پێ دایت!

وەهب گوتی: ئەوە شەیتان جگە لە تۆ پەیامنێرێکی تری دەست نەکەوت؟



Scanned with Can



# فریشتە وەڵامی دایەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵاندا دانیشتبوو.. حەزرەتی ئەبوبەکر یەکێک بوو لە ئامادەبووان، پیاوێک جوێنی دا بە حەزرەتی ئەبوبەکر... حەزرەتی ئەبوبەکر وەڵامی نەدایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) سەری لە خۆڕاگری حەزرەتی ئەبوبەکر سووڕما و بزە گرتی... پیاوە وازی نەهێنا و جوێنەکانی زیاتر کرد، ئەمجارە حەزرەتی ئەبوبەکر وەڵامی دایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) تووڕە بوو، هەستا و کۆڕەکەی بەجێ هێشت... ئەبوبەکر خۆی پێگەیاند و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! خۆ تۆ خۆت دانیشتبووی -گوێت لێبوو- ئەو پیاوە جوێنی بە من دەدا، من وەڵامم دایەوە، تۆ تووڕەبوویت و هەستای!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە سەرەتا فریشتەیەکت لەگەڵدا بوو، ئەو لەجیاتی تۆ وەڵامی دەدایەوە، کاتێک خۆت وەڵامت دایەوە، فریشتەکە ڕۆیشت و شەیتانێک هات بۆ ئەوەی بکەوێتە نێوانتانەوە، منیش لە یەک شوێندا لەگەڵ شەیتاندا دانانیشم!

دوایی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەبوبەکر! سێ شت هەیە هەموویان ڕاستن: هەر بەندەیەک ستەمی لێ کرابێت و لەبەر خوای گەورە خۆی لێ بخافڵێنێت، ئەوە خوای گەورە سەرکەوتووی دەکات... هەرکەسێک لەبەر خوا دەرگای بەخشین بکاتەوە، خوای گەورە بۆی زیاتر دەکات... هەرکەسێک دەرگای سواڵکردن بکاتەوە



Scanned with Cam

و بیەوێ پارە و سەروەت و سامان پەیدا بکات، ئەوا خوای گەورە لێی دەگرێتەوە!

ئەگەر لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئاکار و ڕەوشتی کەسێکدا سەرنەکەوتی، مەهێڵە ئەو سەرکەوێت و ئاستی ئاکار و ڕەوشتی تۆ بێنێتە خوارەوە! کاتێک تۆ بە چەکێکی هیچوپووچەوە ڕووبەڕووی کەسێکی هیچوپووچ دەبیتەوە، ئەوە تۆش وەک ئەوی! وەڵامدانەوەی قسەی ناشیرین، بە قسەی ناشیرین، ئەوەش هەر قسەی ناشیرینە! ئەگەر هەموو کەسێکی ژیر و ماقووڵ خۆی بێنێتە ئاستی کەسێکی هیچوپووچ، خۆ ئیتر لەسەر زەویدا کەسێکی ماقووڵ نامێنێت!

دەڵێن: مارک توین گوتویەتی: هەرگیز لەگەڵ مرۆڤی گێل و گەمژەدا گفتوگۆ مەکە، چونکە تۆ هەتا ئاستە نزمەکەی خۆیان دادەبەزێنن، دواتر چونکە ئەوان لە نەزانی و گەمژەییدا شارەزان، لێت دەبەنەوە و تۆش دەدۆڕێیت!

ئینگلیزەکان پەندێکی نیشتیمانیی خۆیان هەیە دەڵێت: هەرگیز لەناو چلپاودا لەگەڵ بەرازدا مەجەنگێ، چونکە تۆ پیس دەبیت و خەمی پێ دەخۆی، بەڵام بەرازەکە پێی خۆشە، چونکە ئەو وا ڕاهاتووە چلپاوی پێخۆشە!

پێویست ناکات تۆ لە هەموو کێشە و هەرایەکدا بەشدار بیت... لە هەموو گفتوگۆ و چەلەحانێیەکدا بەشدار بیت! هەندێک سەرکەوتن هەیە بە بەشدارینەکردن دەست دەکەوێت!

خۆت بخافڵێنە و شتە نەباشەکان لە بیر خۆت بەرەوە، پێغەمبەران وابوون ﴿فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِۦ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ﴾یوسف: ٧٧ واتە: ئینجا یوسف ئەو قسە نارەوا و تۆمەتە ناقۆڵایەی لە دڵی خۆیدا هێشتەوە و نەیخستە ڕوو بۆ ئەوان.



Scanned with Cam

پێشەوا شافیعی دەفەرموێت: مرۆڤی ژیر و عاقل ئەو کەسەیە وریابێت و خۆی لە خەتی گێلی بدات...

پێشەوا ئەحمەد دەفەرموێت: نۆ لەسەر یەکی سەلامەتی لە خۆخافڵاندندایە...

دیسان پێشەوا شافیعی دەفەرموێت:

ئەو کەسەی گێلە، پیاوماقووڵ نییە
بەڵکوو پیاوماقووڵ خۆی گێل دەکات



Scanned with Cam



# فیسقەکەت چی لێهات؟

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلى الله عَلَيهِ وَسَلمَ: يَدْخُلُ عَلَيْنَا وَلِي أَخٌ صَغِيرٌ يُكْنَى أَبَا عُمَيْرٍ وَكَانَ لَهُ نُغَرٌ يَلْعَبُ بِهِ، فَمَاتَ، فَدَخَلَ عَلَيْهِ النَّبِيُّ صَلى الله عَلَيهِ وَسَلمَ ذَاتَ يَوْمٍ فَرَآهُ حَزِينًا، فَقَالَ: مَا شَأْنُهُ؟ قَالُوا: مَاتَ نُغَرُهُ، فَقَالَ: يَا أَبَا عُمَيْرٍ مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ؟ رواه البخاري و مسلم وابوداود واللفظ له. و في رواية: فَجَعَلَ يَقُولُ وَهُوَ يُمَازِحُهُ: «أَبَا عُمَيْرٍ، مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ؟ أَبَا عُمَيْرٍ، مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ؟». رواه الطبراني.

- دوو فەرموودەیە و وەرگێڕانی هەردووکیان تێکەڵ دەکەین-

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیک دەفەرموێت: هەموو جارێک پێغەمبەر(ﷺ) سەری لە ئێمە دەدا و دەهاتە ماڵمان... منیش برایەکی بچووکم هەبوو -هێشتا لە شیر نەبڕابوویەوە- نازناوی (باوکی عومەیر) بوو... فیسقەیەکی هەبوو -باڵندەیەکی بچووک و جوانە، کەمێک لە چۆلەکە بچووکترە- یاری پێ دەکرد، فیسقەکەی مردار بوویەوە، ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی ڕۆیشتبوو بۆ ماڵمان، دەبینێت براکەم خەمبارە، فەرمووبووی: ئەوە چییەتی؟ وتیان: ئەوە فیسقەکەی مردار بووەتەوە، ئیتر پێغەمبەر(ﷺ) یاری و شۆخی لەگەڵدا دەکرد و سەری دەخستە سەری و دەیفەرموو: باوکی عومەیر فیسقەکەت چی لێهات؟



Scanned with Cam

پێغەمبەر(ﷺ) عادەتی وابوو سەردانی هاوەڵانی دەکرد و دەچووە مالیان، ئەوەش مانای ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) کەسێکی خاکی بووە، سوور بوو لەسەر ئەوەی خۆشەویستی لەنێو خەلکدا بلاو بکاتەوە... ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەردان و هاتوچۆ -بەلام بەپێی داب و دەستووری خۆی- کارێکی زۆر باشە، داب و دەستووری سەردان ئەوەیە کە ئەوەندە سەردانیان نەکەیت لێت بێزار ببن، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: ناوە ناوە سەردان بکە با خۆشەویستیت زیاد بکات.

ئەم فەرموودەیە هەرچەند دەڵێن فەرموودەیەکی لاوازە، بەلام ئەزموون دەریخستووە کە ئەگەر خودی فەرموودەکەش لاواز بێت، ماناکەی ڕاستە و گومان هەڵناگرێت...

سەردانی ماڵە خزم و دۆست و هاوڕێکانت بکە، بەلام وەک لەزگە مەنووسی پێیانەوە، خەڵک هەموو سەرقاڵن و کاریان هەیە، سەردانی زۆر و لەڕادەبەدەر خەڵک بێزار دەکات...

هەرچەند بۆ هەموو کەسێک باش و جوانە سەردانی خەلکی بکات، بەلام بۆ مرۆڤە دەسەلاتدارەکان و مرۆڤە زەنگین و دەولەمەندەکان زیاتر جوانە... با ئەوانە سەردانی ماڵە هەژارەکان بکەن و لە لایان دانیشین، بەو جۆرە هەم دلی هەژارەکە خۆش دەبێت، هەم دەولەمەند و بەرپرسەکەش لەسەر ئەوە ڕادێ کە خاکی بێت، نەک خۆبەزلزان!

ناکرێت مرۆڤ هەموو کاتێک و بەردەوام وەک لە فەرمانگەدا بێت، ئاوا ڕەفتار بکات... ڕۆشنبیری و زانست و کاروبارت زیانیان بۆ سادەیی و خاکیتی تۆ نییە، بە پێچەوانەوە ئەوەی زیانی هەیە ئەوەیە کە لەگەل هەموو کەسێکدا بە یەکجۆر مامەلە بکەیت...



Scanned with Cam

تۆ تەماشای گەورەیی پێغەمبەر(ﷺ) بکە، بزانە چۆن گاڵتەوگەپ لەگەڵ منداڵێکی ساوادا دەکات؟ زۆر بە سادەیی قسەی لەگەڵدا دەکات... بە زمانێک قسە لەگەڵ ئەو منداڵەدا دەکات کە لێی تێبگات... خۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) بێکار نەبوو، بە پێچەوانەوە ئەو لە هەموو کەسێک زیاتر کاری هەبوو... لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبینراوە کارێک هەبێت هێندەی ئەرکی پێغەمبەران قورس بێت...

جاری وا هەیە دەبێت مرۆڤ بێتە خوارەوە بۆ ئاستی ژیری و ئاوەزی کەسێکی سادە تا بتوانێت دڵی بداتەوە. ئەها کاتێک دایک و باوک یاری لەگەڵ منداڵی خۆیان دەکەن، یان دەیانەوێت ژیری بکەنەوە، زۆر بە سادەیی و وەک منداڵ قسەی لەگەڵدا دەکەن! زۆرجار باوک بە منداڵە بچکۆلەکەی دەڵێت: بە قولبانت بم وەلە بۆ لای بابە! کولی من ژیلە... کچی من ئاکلە... وەلە با شتێکی بتەلانەت پێ بدەم!

ئەو زەنگینی و دەوڵەمەندییەی بە خاکیتی و سادەیی نەڕازێتەوە، ئەوە خودی هەژاری و نەدارییە!

ئەو زانستەی لە خەڵکت نزیک نەکاتەوە، ئەوە خودی نەزانینە!

بڕوانامە و پارە و خانوو و سەروەت و سامان ئەوە شتێکە تایبەت بە خۆتە، بەڵام ئاکار و ڕەفتارت بۆ هەمووانە!



Scanned with Cam



# زیندانی مسوڵمان و بەهەشتی کافر!

پێشەوا (المناوي) لە کتێبی (فیض القدیر)دا .دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: ئەرکی سەرۆکایەتی هەموو دادگا و فەتواکان بە زاتی مەزن (ابن حجر) سپێردرا، ئەو ڕۆژەی دەستبەکار بوو ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ گێڕا و بە سواری ئەسپ و لەگەڵ جەماوەرێکی زۆردا بە نێو بازاڕی شاردا بەرەو دادگا وەڕێ کەوت... لەنێو بازاڕدا پیاوێکی هەژاری جوولەکە کە زەیتفرۆش بوو، جلوبەرگێکی چەور و کۆن و پیسوپۆخڵی لەبەردا بوو، هاتە بەردەم ئەسپەکەی (ابن حجر) و ڕەشۆی ئەسپەکەی گرت و گوتی: شێخولئیسلام! پێغەمبەرەکەی ئێوە پێی وایە دونیا زیندانی مسوڵمانە و بەهەشتی کافر! کامە ئەو زیندانەی کە تۆ تێیدای و کوا ئەو بەهەشتەی کە من تێیدام؟

(ابن حجر) فەرمووی: لە چاو ئەو هەمووە نازونیعمەتەی کە خوا لە قیامەتدا بۆ منی ئامادە کردووە، ئەم دونیایە هەرچەندە خۆشیش بێت هەر وەک زیندانە، لە چاو ئەو سزا و ئاگرەش کە بۆ تۆی ئامادە کردووە ئەم دونیایە هەرچەندە ناخۆشیش بێت، هەر بەهەشتە!

پیاوە جوولەکەکە یەکسەر شادەی هێنا و مسوڵمان بوو...

ئەم فەرموودەیەی (ابن حجر) یەکێکە لە ڕاڤە هەرە جوانەکانی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)... ئێمە ئەگەر تەماشای



Scanned with Can

ژیانی مسوڵمان بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە شتێکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە حەڵاڵ و حەرام مرۆڤی مسوڵمانیان بەستووەتەوە و بە ئارەزووی خۆی دەست بۆ هەموو شتێک نابات...

بە چاو ئەو هەمووە شتە جوانە دەبینێت و بە سروشتیش حەزی لێیەتی، بەڵام لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە خۆی لێ لادەدات و خۆی دەپارێزێ، چونکە ڕۆحی مرۆڤی باوەڕدار بە زنجیری تەقوا و پارێزکاری بەستراوەتەوە...

بە هەزار ناری عەلی پاروویەکی حەڵاڵی دەست دەکەوێت، بەڵام بە ئاسانی دەستی بە سەروەت و سامانی حەرام دەگات، کەچی خۆی لێ لادەدات و دەستی بۆ نابات، چونکە ڕۆحی مرۆڤی باوەڕدار بە زنجیری تەقوا و پارێزکاری بەستراوەتەوە...

یەکێکی تر لەو شتانەی وەک زنجیر وایە بەجێهێنانی خواپەرستییە، ئەوەتا هەستان بۆ نوێژی بەیانی بە لای زۆربەی مسوڵمانانەوە گرانە، کەچی بە هەر شێوەیەک بۆی بلوێ زۆر لە خۆی دەکات و لە خەو هەڵدەستێ و نوێژی بەیانی دەکات...

ڕۆژووگرتن سەختە، بە تایبەت لە وەرزی هاویندا... حەجکردن تێچووی زۆری دەوێت... وتنی قسەی هەق دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ژیانی، کەچی هەر دەیڵێت و بێباکە... سەروەت و سامان خۆشەویستە، کەچی دەیبەخشێ... ئەمانەتپاراستن زەحمەتە، کەچی دەیپارێزێت... نەفسی حەزی لە چێژ و خۆشییە، کەچی خۆی لێ لادەدات... هەموو ئەوانە جێبەجێ دەکات، چونکە ڕۆحی مرۆڤی باوەڕدار بە زنجیری تەقوا و پارێزکاری بەستراوەتەوە...



Scanned with Cam

بە کورتی: ڕێگای بەهەشت بە ناڕەحەتی و ناخۆشی تەنراوە و پڕە لە زەحمەت، بەڵام باوەڕدار سڵی لێ ناکاتەوە و ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر!

لەولاشەوە دەبینی کافر ئازادە، هیچ ئایەتێکی نییە هەڕەشەی لێ بکات و لە سووخواردنی بترسێنێت... سورەتی (المطففین) نازانێت تا خۆی لە کێشانە و پێوانەی خراپ لابدات... بە ئاوی سارد دەستنوێژ ناشوات... بەبەر سەرمای زستانەوە ناچێت بۆ نوێژی بەیانیان... بەبەر تیشکی هەتاوی هاوینەوە ناچێ بۆ نوێژی نیوەڕۆ... لەبەر ڕۆژوو واز لە خواردن و خواردنەوە ناهێنێت... ئەو فەرموودانەی نەبیستووە کە باسی گەورەیی دایک و باوک دەکەن، بۆیە گوێی لە دایک و باوکی نییە و زوو لێیان جیا دەبێتەوە و ئەوانیش دەبات بۆ خانەی بەساڵاچووان... ئامۆشۆی دراوسێ و خزم ناکات، چونکە خزمی کەمە و گوێش بە دراوسێ نادات... ئەگەر خۆی یەکێک لەو شتانەی جێبەجێ نەکرد، هیچ قانوونێک نییە لێی بترسێ و خوداش ناناسێت...

ئای ئەو زنجیرانەی کە مرۆڤی باوەڕداری پێ بەستراوەتەوە چەندە جوانن! ئای ئەو بەڵایەی کافری تێدایە چەندە پیسوپۆخڵە! دەی خۆش بە حاڵی ئەوانەی لە زیندانێکدان کە خوا پێی ڕازییە... قوڕ بەسەر ئەوانەی کە لە بەهەشتێکدان خوا پێی ڕازی نییە! قوڕ بەسەر ئەوانەی خۆیان لە کۆتوبەندی خودایی دەرباز دەکەن و دەکەونە نێو داوی کۆتوبەندی نەفس و شەیتانەوە!



Scanned with Can



# خوایه من لێی ڕازیم...

عەبدوڵڵای کوڕی عەبدی مزەنی زۆری پێ خۆش بوو ببێت بە مسوڵمان، بەڵام خزمەکانی لە بەردەمیدا بوونە لەمپەڕ! دواتر زانییان عەبدوڵڵا سوورە لەسەر ئەوەی ببێت بە مسوڵمان، هەستان هەرشتێکی هەبوو -جگە لە دەستێک جلوبەرگی زبر نەبێت- لێیان سەندەوە بۆ ئەوەی سەروەت و سامانەکەی بەجێ نەهێڵێت و نەڕوات و نەبێت بە مسوڵمان، بەڵام ئەوە نەبووە ڕێگر لە بەردەم عەبدوڵڵادا، ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی بە گوێی دڵی خۆی بکات، نەک بە گوێی ئەوان. بۆیە هەمووانی خافڵاند و بە دەستێک جلوبەرگی کۆن و زەبرەوە بۆی دەرچوو...

لە شاری مەدینە نزیک بوویەوە، لەوێ هەستا جلوبەرگەکانی کرد بە دوو پارچەوە و وەک جلی ئیحرامی لێ کرد... یەکیانی لەبەر کرد و ئەویتری دا بەسەر شانیدا... بەو جۆرە ڕۆیشتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و مسوڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند... لەو ڕۆژە بەدواوە بە (ذو البجادین) ناسرا، (ذوالبجادین) واتە: کابرای خاوەن دوو بەرگ...

ڕۆژگار تێپەڕی و غەزای تەبوک هاتە پێشەوە... عەبدوڵڵاش لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بەشداری ئەو غەزایەی کرد، ئیتر لێرە بەدواوە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت:



Scanned with Can

لە غەزای تەبووکدا لە نیوەی شەودا هەستام، لەوپەڕ ئۆردووەوە چاوم بە ئاگرێک کەوت، ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بزانم چییە؟ تەماشا دەکەم عەبدوڵڵا (ذوالبجادین) مردووە و گۆڕیان بۆ هەڵکەندووە و پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆی لەناو گۆڕەکەدا وەستاوە و ئەبوبەکر و عومەر تەرمی عەبدوڵلایان دایە دەستی بۆ ئەوەی خۆی بیخاتە گۆڕەوە... ئەو کاتەی من گەیشتمە ئەوێ، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: ئادەی براکەتان داهێڵن و بیدەن بە دەستمەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) بە دەستی پیرۆزی خۆی عەبدوڵلای ناشت و فەرمووی: خوایە من لێی ڕازی بووم، تۆش لێی ڕازیبە!

منیش لەو کاتەدا لە دڵی خۆمدا گوتم: خۆزگە ئەو مردووە من بوومایە!

•

هەرکەسێک لەگەڵ خوای گەورەدا ڕاستگۆ بێت، خوای گەورە دەیگەیەنێت بە ئاوات و ئامانجەکانی ئەوە قانوونێکە و خوای گەورە ئەو ڕۆژەی ئاسمانەکان و زەوی دروست کرد، ئەو قانوونەشی دانا و لێی پاشگەز نابێتەوە و هەتا ڕۆژی قیامەتیش هەر بەو جۆرە دەبێت!

(ذوالبجادین) وازی لە هەموو سەروەت و سامانێکی دونیا هێنا، ئەو تەنیا خوا و پێغەمبەری خوای(ﷺ) بە لاوە گرنگ بوو، بە گوێرەی نیێتی خۆی خوای گەورە لە کۆتاییدا پاداشتی دایەوە... پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆی بە دەستی پیرۆزی خۆی (عەبدوڵلای ذوالبجادین)ـی ناشت و نزای خێری بۆ کرد و فەرمووی: خوایە من لێی ڕازی بووم، تۆش لێی ڕازیبە!

ئەبوبەکر و عومەر ئەو دوو کەسایەتییە گەورەیە تەرمی عەبدوڵلایان دا بە دەستی پێغەمبەری خواوە(ﷺ)... زانا و



Scanned with Can

کەسایەتییەکی گەورەی وەک ابن مسعود خۆزگەی پێ خواست... ئای عەبدوڵلا ئەوە چ بەختەوەرییەکە کە کۆتا شت بەر تۆ کەوتبێت، دەستی پیرۆزی پێغەمبەری خوا و(ﷺ) دەستی ئەبوبەکر و عومەر بێت؟

ڕێگای گەیشتن بە خوای گەورە هەم دووردرێژە، هەم سەخت و ناڕەحەت، گەیشتن تەنیا ئەوە نییە بگەی، ئەگەر لە نیوەی ڕێدا بمری، هەر گەیشتووی بگرە زووتر دەگەیت!

لە قیامەتدا پرسیاری هەموو مسوڵمانانت لێ ناکەن، تەنیا پرسیاری خۆت و کردەوەی خۆتت لێ دەکەن... پرسیار لە خواپەرستیت، لە خۆپاریزیت، لە ڕاستگۆییت، لە ئاکارت، لە ڕەفتارت، لە مامەڵەت، لە ماڵت، لە خێزانت، لە کچ و کوڕەکانت، لە شێوازی پەروەردەی خاوخێزانت، ئەمانە ئەو بابەتانەن کە پەیوەستن بە تووە، ئەمانە ڕێگەی تۆن، هەرکەسێک لەسەر هەر خوو و ڕەوشتێک بژی، لەسەر هەمان خوو و ڕەوشت دەمرێت!



Scanned with Cam



# خوا لێی خۆش بوو!

جارێک لەگەڵ هاوەڵاندا دەدوا بۆ ئەوەی پێیان بفەرموێت: بەهەشت لە پەلکی نەعلەکانتانەوە لە ئێوە نزیکترە... بۆیە فەرمووی: جارێک ئافرەتێکی بەدڕەوشت لە ڕۆژێکی گەرمای هاویندا سەگێکی بینی زۆری تینوو بوو، لە تینوویێتیدا زمانی دەرکێشابوو، ژنەکە پێڵاوەکەی خۆی لە پێ داکەند و لە چاڵاوەکە چووە خوارەوە و پڕی پێڵاوەکەی ئاوی دەرهێنا و دای بە سەگەکە و تێراوی کرد، خوای گەورە -بەهۆی ئەو کارەوە- لێی خۆش بوو!

تەماشا بکەن بزانن خوای گەورە چەندە بەسۆز و میهرەبانە؟ ئەوەتا لە ژنێکی بەدرەوشت خۆش دەبێت، لەبەر ئەوەی سەگێکی تینووی تێراو کردووە... دە ئێوەش کاری چاک بکەن و بە کەمی مەزانن، کێ دەڵێت خوای گەورە بەهۆی کارێکی بچووکەوە لێتان خۆش نابێت و ناتانخاتە بەهەشتەوە؟

خۆ ئەو ژنە بەدڕەوشتە نەیدەزانی بە تێراوکردنی سەگێکی تینوو خوا لێی خۆش دەبێت و دەیخاتە بەهەشتەوە...

ئەو پیاوەش کە لقەدارێکی لەسەر ڕێگا بینی و لایبرد و گوتی: لایدەبەم با ئازاری مسولمانان نەدات، ئەویش نەیدەزانی خوای گەورە بەهۆی ئەو کارەوە لێی خۆش دەبێت!

ئەو پیاوەش کە هەندێک دڕکوداڵی لەسەر ڕێگا بینی و لایبرد



Scanned with Cam

ڕ ونی: با نەبێتە هۆی ئازاری مسولمانان، ئەویش نەیدەزانی خوای گەورە لەبەر ئەو کارەی لێی خۆش دەبێت!

ئەم سێ کارەی کە باسم کرد، هەرسێکی پێغەمبەر(ﷺ) باسی کردووە، قسەی من و ئەو نییە... فەرموودەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) بۆ ئەوە بە ئێمە بفەرموێت: بەهەشت نزیکە دوور نییە! خوای گەورە زۆر بەسۆزە و لێبووردەیی هێندە فراوانە کۆتایی نایەت، هەر ئەوەندە لە دڵێک بڕوانێت کە پڕیەتی لە سۆز، ئیتر لێی خۆش دەبێت... هەر لە دڵێک بڕوانێت کە ڕق و کینەی تیا نییە، ئیتر لێی خۆش دەبێت... هەر لە دڵێک بڕوانێت کە پڕیەتی لە خۆشەویستی و چاکەویستی، ئیتر لێی خۆش دەبێت!

ئەگەر تەماشای ئەو سێ چیرۆکە بکەین، دەبینین خاڵی هاوبەشی هەرسێکیان کاری چاکەیە لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار...

خوا لەو کەسە خۆش بوو کە ئاوی بە سەگێک دا، ئیتر چۆن لە کەسێک خۆش نابێت کە ئاو بە دڵێکی شکاو دەدات و سارێژی دەکاتەوە؟

ئیتر چۆن لە کەسێک خۆش نابێ کە دەست بە سەری هەتیوێکدا دێنێ و دڵی خۆش دەکات؟

ئەو کەسەی لقەدارێکی لەسەر ڕێگا دوورخستەوە، خوا لێی خۆشبوو و خستیە بەهەشتەوە، ئەی چۆن لە کەسێک خۆش نابێت کە دابونەریتی نەشیاو و کاری نەباش و بیروباوەڕی خراپ لە مسولمانان دوور دەخاتەوە...

خوا لەو کەسە خۆشبوو کە دڕکودالی لەسەر ڕێگا لابرد بۆ ئەوەی لاقی مسولمانێک بریندار نەبێت، ئەی چۆن لەو کەسە خۆش نابێت کە دڕکودالی هەژاری و ئاتاجی لادەبەن و یارمەتی کەسێکی لێقەوماو و داماو دەدەن؟



Scanned with Can

چۆن لەو کەسە خۆش نابێت کە دڕکوداڵی ئێش و ئازارەکان لەسەر ڕێگای نەخۆشەکان لادەبات و دەرمانیان بۆ دابین دەکات؟

چۆن لەو کەسە خۆش نابێت کە دڕکوداڵی داماوی و دەستتەنگی لە ڕێگەی هەژارێکدا لادەبات و هاوکاری دەکات؟

بەهەشت نزیکە! زۆر زۆر نزیکە! هەر ئەوەندە بەسە کارێک لەبەر ڕەزامەندی خوا بکەیت و خواش بە چاوی قودرەت سەیرێکی دڵت بکات و لێت خۆشبێت!



Scanned with Can



## دەترسم خورمای خێر بێت!

حەزرەتی حەسەنی کچەزای پێغەمبەر(ﷺ) منداڵ بوو... خورمایەکی خێری هەڵگرت و خستیە دەمیەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: قخ قخ، بیتفەوە، مەگەر نازانی خۆمان شتی خێر ناخۆین؟

جاری وا هەبوو پێغەمبەر(ﷺ) بە شوێنێکدا گوزەری دەکرد و خورمایەکی کەوتووی دەبینی، دەیفەرموو: ئەگەر نەترسابام ئەو خورمایە خورمای خێرە، دەمخوارد!

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ڕۆژێک لە سەرەڕێدا خورمایەکی دۆزییەوە، هەڵیگرتەوە و دەستێکی پیا هێنا و خواردی!

یەکێک لە سیفەتەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە لە تەورات و ئینجیلی دەستکارینەکراودا نووسراوەتەوە، ئەوەیە کە شتی دیاری وەردەگرێت، بەڵام شتی خێر وەرناگرێت و نایخوات، دوای ئەوەی بوو بە پێغەمبەر هەرجاری خواردنێکیان بۆ بهێنایە دەیپرسی: ئەوە خێرە یان دیارییە؟

ئەگەر بیانگوتایە: خێرە، بە هاوەڵانی دەفەرموو: بخۆن! خۆی هیچی لێ نەدەخوارد...

ئەگرە بیانگوتایە: دیارییە، وەریدەگرت و لەگەڵ هاوەڵاندا لێی دەخوارد!



Scanned with Cam

پێغەمبەر(ﷺ) و بنەماڵە پاکەکەی شتی خێریان نەدەخوارد، ئەوە تایبەت بوو بەوانەوە، نەک بە هەموو مسوڵمانان...

پێغەمبەر(ﷺ) سووربوو لەسەر ئەوەی کە بە پەروەردەیەکی ئیسلامیانە منداڵەکانی پەروەردە بکات... بەو جۆرە پەروەردەی کردن، بۆیە کاتێک گەورە بوون ئاداب و ڕەوشتی ئیسلام ببوو بە بەشێک لەوان... ئەوەتا ئەو حەسەنێکی زۆر بچکۆلانە و لە تەمەندا منداڵ فێری ئاداب و ئاکاری ئیسلام دەکات و پێی دەفەرموێت: خۆمان شتی خێر ناخۆین...

منداڵێکی تری فێری ئاکار و ڕەوشتی ئیسلامیانە دەکرد و پێی دەفەرموێت: ڕۆڵە! ناوی خوا ببە و بە دەستی ڕاستت بخۆ و لەبەردەم خۆتەوە بخۆ!

منداڵێکی تری فێری ئەوە دەکرد کە بیروباوەڕی بە خوا پتەو بێت، بۆیە پێی دەفەرموو: مافەکانی خوای گەورە بپارێزە، با خوا بتپارێزێ، مافەکانی خوای گەورە بپارێزە تا خوای گەورە بێت بە دەمتەوە!

ئێستا خەلکانێکی زۆر هەن کە دەڵێن: لێگەڕێن با منداڵ سەردەمی منداڵی خۆیان تێپەڕێنن... ئەوە پەروەردەیەکی کوێرانە و ناژیرانەیە... باشە بۆ ئەوانە منداڵەکانین فێری دەنگی ئاژەل و جۆری ڕەنگ و نووسین و خوێندنەوە دەکەن، باشە بۆ ناهێڵن وەک منداڵ بژین؟ باشە جیاوازی چییە بۆ ئەوەیان منداڵن، بەس بۆ ئەمیان منداڵ نین؟ من وا ئێدەگەم ئەوانە وا دەزانن ئایین دژە منداڵە!



Scanned with Cam

پێغەمبەر(ﷺ) فێرمان دەکات کە ڕێز لە نازونیعمەتەکانی خوا بگرین، لە سەرووی هەموویانەوە خواردن! پێغەمبەر(ﷺ) بە لایەوە ئاسایی نەبوو کە خورمایەک فڕێ بدرێت، ئەگەر لە ترسی ئەوە نەبووایە نەکا خورمای خێر بێت، ئەوا خۆی دەیخوارد... هەر بۆیە عەبدوڵلای کوڕی پێشەوا عومەر هەڵگرتنەوەی خواردنێکی کەوتووی سەر زەوی و پاککردنەوە و خواردنی بە سوننەت دەزانی، چونکە ئەو لە بنەماڵەی پیرۆزی پێغەمبەر(ﷺ) نەبوو... بۆیە گوێی لێنەبوو کە ئەو خورمایە خورمای خێر بێت، یان نە!

خۆزگا پێغەمبەر(ﷺ) ئێستا ئەم هەمووە خواردنەی دیبا کە ڕۆژانە مسوڵمانان فڕێی دەدەن و دەیخەنە نێو سەتڵی خۆڵەوە!

بەڕێزان! چەندە خواردنتان پێ دەخورێت، هەر ئەوەندە بکوڵێنن، ئێنر مەڵێن با هەندێکی زیاد بێت، بە ئەندازەکولاندن قرچۆکی نییە، بەڵام زێدە چاککردن بەشێکە لە ئیسراف و زێدەڕەوی!

باشە بۆ نابێت خواردنی ئەمڕۆ هەڵبگیرێت و سبەی گەرم بکرێتەوە و بخورێت؟

باشە بۆ نابێت ئەو خواردنە زیادەیە بدرێ بە ماڵە هەژارێک، بۆ دەبێت هەر ڕۆبکرێتە نێو سەتڵی زبڵ و خاشاکەوە؟



# ئەوە سۆز و بەزەییە!

زەینەبی کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەسێکی نارد بۆ لای باوکی و وتی: با باوکم تەشریف بێنێت بۆ ماڵمان، کورەکەمان خەریکە دەمرێت!

پێغەمبەر(ﷺ) نێردراوەکەی ناردەوە و فەرمووی: پێی بڵێ: خوا هەرشتێک بباتەوە هی خۆیەتی، هەر شتێکیش ببەخشێ هەر هی خۆیەتی، هەموو شتێک لای پەروەردگار ماوەی بۆ دیاری کراوە، با خۆڕاگربێت و داوای پاداشت لە خوا بکات...

دووبارە خاتوو زەینەب ناردیەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و سوێندی دابوو کە پێغەمبەر(ﷺ) ئامادە بێت... پێغەمبەر(ﷺ) هەستا و لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵاندا تەشریفی برد بۆ ماڵی زەینەبی کچی، لەوێ منداڵەکەیان هێنایە خزمەتی، گیانی دەدا، هەردوو چاوی پێغەمبەر(ﷺ) پڕ بوون لە فرمێسک!

سەعدی کوڕی عوبادە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەوە چییە؟

پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: ئەوە سۆز و بەزەییە خوای گەورە خستوویەتیە دڵی بەندەکانیەوە، خوا بەزەیی بە کەسێکدا دێتەوە کە خاوەن بەزەیی بێت.

پاش سۆز و میهرەبانی خوای گەورە، باوک یەکەم پشتیوانی مرۆڤە... کچ ئەگەرچی مێردیشی کردبێت و لە ماڵی خۆیدا بێت، بەلام هەر پێویستی بە سۆز و بەزەیی باوکە...



Scanned with Cam

باوک بۆنێکی تایبەتی هەیە، ئەو بۆنە لە هیچ کەسێکدا نییە، دەی باوکانی بەڕێز! ئەگەر کچەکانتان مێردیان کردووە، سەریان لێ بدەن و هەواڵیان بپرسن... لە خۆشییاندا بەشداری بکەن، لە کاتی ناخۆشیدا دڵیان بدەنەوە، ئەو کچە بچووکەی کە لە ماڵدایە و گوێی لە دەنگی باوکیەتی، ئەوەندەی پشتی بەو دەنگەی باوکی قایمە، نیو ئەوەندە پشتی بە هەموو قوفڵ و کلیلەکانی دونیا قایم نابێت... ئەو میهرەبانییەش بە گەورەبوون کۆتایی نایەت... دەی باوکانی بەڕێز! ئەوە بزانن کە باوکان کچ بە مێرد دەدەم، نەک لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە!

گریان لە کاتی ناخۆشیدا مانای ئەوە نییە کە بە قەزاوقەدەری خوا ڕازی نیت، بە پێچەوانەوە، مرۆڤی مسوڵمان ناخی پاکە، دڵنەرمە، هەستەکانی پاکوخاوێنن، بۆیە زۆر ئاساییە لە کاتی لەدەستدانی کەسێکی ئازیزیدا بگری... ئەوەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەو هەمووە گەورەییەوە لە کاتی لەدەستدانی کچەزاکەیدا گریا... خۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە هەموو کەسێک زیاتر بە قەزاوقەدەری خوا ڕازی بوو... ئیتر وا مەزانن هەرکەسێک گریا، ئەوە بیروباوەری لاوازە! گریان دڵی مرۆڤی لیقەوماو ئاسوودە دەکات... بە پێچەوانەوە پێشخواردنەوە و نەگریان دڵی مرۆڤ تەنگ دەکەن و لە تەقینی نزیک دەکەنەوە... ئەو کاتانە کاتی ئەوە نییە مرۆڤ خۆی بە گەورە بزانێت و پێش بخواتەوە و گریانی خۆی بە زۆر ڕابگرێت...

شاعیرێک دەڵێت:

دەنکە فرمێسکێک لە چاو بێتە خوار
شیفای برینە بۆ منی داماو
ئیتر چ پێویست بە داو و دەرمان
یان بە پاچ و بێڵ، بۆ سەد و بەنداو



Scanned with Cam

زانای فەرمووده‌ناس ئەبوبەکری کوڕی عەیباش دەفەرموێت:
من لە سەردەمی گەنجیمدا ئەگەر بەلا و موسیبەتێکم بە سەردا بهاتایە خۆم ڕادەگرت، ئەوە زیاتر سوێی دەخستە دڵمەوە و ئازاری دەدام، تا ڕۆژێک چاوم بە عەرەبێکی دەشتەکی کەوت کۆمەڵێک خەڵک دەوریان لێ دابوو ئەویش دەیگوت:

خۆشەویستانم لە پێش کاروان
کۆچیان کرد، بگرین بە کوڵ بۆ ئەوان
بەڵکوو بە گریان دڵ ڕزگار ببێت
لە خەم و خەفەت، قوڕگیش لە خنکان

پرسیم وتم: ئەوە کێیە؟
وتیان: ئەوە شاعیرێکە ناوی (ذوالرمة)یە...
ئیتر دوای ئەوە تووشی هەر بەلا و چۆرتمێک بهاتایەم، دەستم دەکرد بە گریان و دڵم ئاسوودە دەبوو...

پاک و بێگەردی بۆ خوا! ئەو عەرەبە دەشتەکییە چەندە ڕۆشنبیر بووە و چەندە زانا!
گریان هیچ زیانێکی بۆ بیروباوەڕی مرۆڤ نییە، بەو مەرجەی دڵ پڕبێت لە ڕەزامەندی و خۆی تەسلیمی قەزاوقەدەری خوا بکات...
ئیتر ناڵە و شین و سەردوولکە و سینگداتلیشاندن و شان و سەر گرتنەقوڕ، ئەوە بابەتێکی ترە، نارازیبوونە بە قەزاوقەدەری خوا!



Scanned with Cam



# واز لە وشترەکە بێنە!

شوێن عەرەفە بوو، کات کاتی حەجی ماڵئاواییە، ڕووداوەکەش ئەوەیە کە پیاوێکی دەشتەکی هەواڵی پێغەمبەری(ﷺ) پرسی... پێیان گوت: ئەو پیاوەیە کە سواری ئەو وشترەیە! پیاوەکە دەیویست بەناو هاوەڵاندا خۆی بە پێغەمبەر(ﷺ) بگەیەنێت... هەندێک لە هاوەڵان دەیانەویست بەرگری لێ بکەن، نەکا بڕوات و پێغەمبەر(ﷺ) گیر بدات... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لەو پیاوە گەڕێن!

پیاوە دەشتەکییەکە نزیک بوویەوە و ڕەشۆی وشترەکەی پێغەمبەری(ﷺ) گرت و تەماشایەکی پێغەمبەری(ﷺ) کرد... خۆزگە چاوی منیش لەگەڵ چاوی ئەودا بووایە، با تێر تێر سەیری جەماڵی پێغەمبەرم(ﷺ) بکردایە... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: چیت دەوێت؟

پیاوەکە وتی: دوو پرسیارم هەیە، پێم بڵێ چ شتێک لە بەهەشت نزیکم دەکاتەوە و لە ئاگر دوورم دەخاتەوە؟

پێغەمبەر(ﷺ) سەیرێکی هاوەڵانی کرد و فەرمووی: بەڕاستی لەو پرسیارانەوە دیارە کە بەرەو چاکە ڕێنوێنی کراوە...

دوایی بە کابرای دەشتەکی فەرموو: خوا بپەرستە و هیچ بت و داتاشراوێک بە هاوەڵی خوا مەزانە و نوێژە فەرزەکانت بکە و زەکات بدە و مانگی ڕەمەزان بەڕۆژووبە و سیلەی ڕەحم بەجێ بێنە...



Scanned with Cam

پیاوەکە وتی: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە، نە لەم شتانە زیاتر دەکەم و نەکەمتر...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر وابکەی بەڕاستی مافی خۆی دەدەی، دەی لە وشترەکە گەڕێ!

دوای ئەوەی پیاوەکە ڕۆیشت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر ئەم پیاوە دەست بگرێت بەوەوە کە فرمانی پێ کرا، ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، هەرکەسێک پێی خۆشە بە دڵی خۆشەوە پیاوێکی بەهەشتی ببینێت کە سووربێت لەسەر ئەوەی بچێتە بەهەشتەوە و هەوڵی بۆ بدات، با سەیری ئەم پیاوە بکات!

تەماشای خاکیتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەن، نە پاسەوان، نە خزمەتکار و بەردەست، نە نۆکەر و غولام، نە سەنسەنە و تەنتەنەی پاشایەتی، نە ئەسپی تایبەت و تاج و گالیسکە و کەژاوە... هێندە خاکی بوو هەر وەک هاوەڵ ڕەفتاری دەکرد و جلوبەرگی وەک جلوبەرگی ئەوان وابوو... هیچ شتێکی تایبەتی بەکار نەدەهێنا کە لە هاوەڵانی جیا بکاتەوە، ئەگەر کەسێک بیویستایە بە خزمەتی بگات، دەبوو پرسیار بکات و بە پرسیار بیناسێتەوە... زۆرجار ئەوە ڕوویداوە عەرەبێکی دەشتەکی دەهات و دەیپرسی: ئەوە کامتان موحەممەدن؟

ئەم ئایینی ئیسلامە دژی جوانی ڕووخسار و جلوبەرگی جوان نییە... دژی ئەوە نییە مرۆڤ خەریکی خۆی بێت و پاکوخاوێنی خۆی ڕابگرێت، بەلام پێش ئەوەی ڕواڵەتی خۆمان پاکوخاوێن بکەینەوە، با دڵی خۆمان پاکوخاوێن بکەینەوە، چونکە خوای گەورە لە دل دەڕوانێت، نەک سەروسیما و جلوبەرگ!



Scanned with Cam

ئەمە خاکێتی لەمەڕ سەروسیما، هەرچی خاکێتی لەبارەی کردا و ڕەفتاریشە، ئەوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێغەمبەری ئەم ئوممەتەیە، بە گوێرەی سیاسەتیش بێت، ئەو سەرکردە و سەرۆکی حکومەتە، کەچی دەفەرموێت: لەو پیاوەگەڕێن با بێتە پێشەوە! ڕێگەی پێ دەدات بێتە پێشەوە و ڕەشۆی وشترەکەی بگرێ و پرسیاری خۆی بکات و ئەویش وەڵامی بداتەوە! کەچی ئێمە مرۆڤی وامان تێدایە، ئەگەر بڕواتە پشت مێز و کورسییەکی سوڕاوەوە، ئیتر وا دەزانێت سەرۆکی کۆمەڵەی خۆرە!

دواتر تەماشای خاکێتی مامۆستای هەرە مەزن بکە! ئەو پیاوە خوا ڕێنوێنی کرد پرسیاری باشی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) پەسنی دەدات و ستایشی دەکات... ئەوە جۆرە هاندانێکە بۆ هاوەڵان بۆ ئەوەی بە زۆری خەمی دواڕۆژی خۆیان بخۆن!

ڕاستییەک هەیە لە ئێمە ونە، ئەویش ئەوەیە کە چاکسازی ئایینی سەردەکێشێ بۆ چاکسازی دونیا، کەچی ئێمە دەمانەوێ سەرەتا دونیا چاک بکەین، پاشان ئاوڕێک لە ئایین بدەینەوە! ئەوەندەی گرنگی بەو شتانە دەدەین کە خوای گەورە بەڵێنی داوە پێمان ببەخشێت، هێندە گرنگی بەو شتانە نادەین کە خوای گەورە لە سەرمانی فەرز کردووە!

بۆ نموونە: خوای گەورە خواپەرستی لەسەر ئێمە فەرز کردووە و بەڵێنی پێ داوین خۆی ڕزق و ڕۆزیمان بدات، کەچی دوکانداری وا هەیە دەڵێت باشە گریمان من ڕۆیشتم بۆ مزگەوت بۆ نوێژکردن، ئەی ئەگەر لەو کاتەدا کەسێک هاتە دوکان و من لەوێ نەبووم و ڕۆیی لە دوکانێکی تر شتی کڕی؟

ئەمە ئەگەر کەسێک پێی وابێت کە دوکان ڕزق و ڕۆزی دابین دەکات، ئەوە پرسیارێکی ماقوولە، بەڵام کەسێک بڕوای وابێت تەنیا



Scanned with Cam

خوای گەورە ڕزق و ڕۆزی دەدات و دوکان تەنیا هۆکارێکە، ئەوە دەڕوات بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی خوا لەسەری فەرز کردووە و دڵنیاشە کە خوای گەورە ڕزق و ڕۆزیی دابین دەکات...

جگە لەوەش، بەهەشت نزیکە، هاوەڵ بۆ خوا بڕیار مەدە، نوێژ بکە، سیلەی ڕەحم بەجێ بێنە، ڕۆژوو بگرە، خێر بکە و تەواو!

ئەمەی کە گوتمان بێبایەخکردنی خێر و صەدەقە و شەونوێژ و ڕۆژووی سوننەت نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەندەکان بەردەوام بە بەجێهێنانی خواپەرستییە سوننەتەکان لە خوای گەورە نزیک دەبنەوە، تا دەگاتە ئەوەی کە خوا ئەوانەی خۆش بوێ، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هیچ شتێک وەک جێبەجێکردنی خواپەرستییە فەرزەکان بەندە لە خوا نزیک ناکاتەوە! ئەو تکە ئارەقەی کە لە نیوەڕۆی ڕەمەزاندا لەبەر هەتاودا لە کاتی ڕۆیشتن بۆ مزگەوتدا بۆ جێبەجێکردنی نوێژی نیوەڕۆ دەیڕێژی، لەو فرمێسکانە باشترن کە لەنێو نوێژی تەراویحدا دەیڕێژی، چونکە نوێژی نیوەڕۆ فەرزە، بەڵام تەراویح سوننەتە، بەڵام خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی هەردووکیان کۆ دەکاتەوە...



Scanned with Can



# دەی با لە ماڵی باوکتدا دابنیشتیایە!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) پیاوێکی کردە کاربەدەستی زەکات کۆکردنەوە، ناوی (ابن اللتبیة) بوو، ئەو پیاوە زەکاتی کۆ کردەوە و هێنایەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و گوتی: ئەوە بەشەکەی ئێوە و ئەمەش بە دیاری داویانە بە خۆم!

پێغەمبەر(ﷺ) لێی توورە بوو فەرمووی: ئەی ئەگەر ڕاست دەکەی بۆ لە ماڵی دایک و باوکتدا دانەنیشتی و دیاریت بۆ بێنن؟

دواتر پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشتە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و فەرمووی: أما بعد: جاری وا هەیە من کەسێک لە ئێوە دەکەم بە کاربەدەست بۆ ئەو کارانەی خوای گەورە پێی ڕاسپاردووم، دوایی دێتەوە و دەڵێت: ئەوە بەشی خۆتان و ئەمەش کراوە بە دیاری بۆ خۆم! ئەی باشە بۆ لە ماڵی دایک و باوکیدا دانەنیشت و دیاری بۆ بێنن؟ بە خوا هەرکەسێک شتێک بە ناهەق ببات لە قیامەتدا کاتێک بە خزمەتی خوا دەگات، ئەو شتەی لەسەر شانە... لەنێو ئێوەدا کەسی وا دەناسم کاتێک بە خزمەت خوا دەگات، وشترێکی لەسەر شانە و هاوار دەکات... یان مانگایەکی لەسەر شانە و دەبۆڕێنێ... یا مەڕێکی لەسەر شانە و دەباڕێنێت... دوایی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەندە دەستەکانی بەرز کردەوە تا بنباڵەکانی دەرکەوتن و فەرمووی: خوایە مەگەر -پەیامەکەم- نەگەیاند؟



Scanned with Cam

زۆرێک لە مسولمانان ئەمڕۆ تووشی بەرتیلخواردن بوون، کەچی ناوەکەیشی دەگۆڕن، یەکێک ناوی لێ دەنێ: دیاری! یەکێکی تر پێی دەڵێت: بەخشش! یەکێکی تر پێی دەڵێت: شیرینی! یەکێکی تر پێی دەڵێت: پاداشت!

کارمەند جگە لە مووچەی دیاریکراو، بۆی نییە هیچ جۆرە دیاری و پارەیەکی تر وەربگرێت، هەرچی وەرگرت دەچێتە بواری بەرتیلەوە و حەرام و ناڕەوایە!

عَن بُرَيْدَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ عَلَى عَمَلٍ فَرَزَقْنَاهُ رِزْقًا فَمَا أَخَذَ بَعْدَ ذَلِكَ فَهُوَ غُلُولٌ». رَوَاهُ أَبُو دَاوُد.

واتە: بورەیدە دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئێمە هەرکەسێکمان کردە کاربەدەستی کارێک، دوایی بۆ ئەو مەبەستە مووچەمان بۆ دیاری کرد، لەوە زیاتر هەرشتێکی وەرگرت، ئەوە دزی و خیانەتە.

و عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ السَّاعِدِيِّ ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : هَدَايَا الْعُمَّالِ غُلُولٌ. رواه احمد.

واتە: ئەبوحومەیدی ساعیدی دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو دیارییەی دەدرێت بە کاربەدەست، دزی و خیانەتە.

دیاری بەخشین و دیاری وەرگرتن خۆی بۆ خۆی شتێکی جوانە، خودی پێغەمبەر(ﷺ) دیاریی وەرگرتووە، ئەگەر کەسێک دیاری پێ بدایە، ئەویش دیاری بەو دەدا، بەڵام ئەو بابەتە سەبارەت بە کاربەدەست و فەرمانبەر جیاوازە، ئەوە لە دیاری ناچێت، بەڵکوو زیاتر لە بەرتیل دەچێت....

دیاری بەخشین لەو کاتانەدا جۆرێکە لە پانکردنەوە و ماستاو و ئەو جۆە شتانە، ئەوەش وردە وردە سەر دەکێشێت بۆ خیانەت و



Scanned with Cam

مانخواردنی خەلکی تر، خۆ ئەگەر ئەو فەرمانبەرەی کە دیاری بۆ دەبەن، بێکار بوایە کەس دیاری پێ نەدەدا... کەواتە دیارییەکە بەو نەدراوە، بەلکوو بە پلە و پۆستەکەی دراوە...

جا خراپترین جۆری بەرتیل ئەوەیە کە کەسێک فەرمانبەر بێت و کاری خەلکی لەژێر دەستدا بێت، هەرکەسێک دیاری و بەرتیلی پێ بدا، کارەکەی بۆ ڕاپەڕێنێت و هەرکەسیش دیاری پێ نەدا، ئەویش گوێ نەداتە کارەکەی!

هەندێک کەس دەڵێن ئاخر مووچە بەش ناکات و ناچارین بەو جۆرە بژێوی خۆمان پەیدا بکەین! ئەو قسەیە ڕاست نییە، ئەوە کوشتنی ویژدانە! ئەوە فێڵێکە بۆ حەلاڵکردنی حەرامێک! تۆ کاتێک ناوی خۆتت تۆمار کرد بۆ ئەوەی ببی بە فەرمانبەر، دەتزانی مووچەکەی چەندە! دەتزانی بەش دەکات یان بەش ناکات! ئەو کاتە دەتتوانی فەرمانبەری نەکەیت و خەریکی کارێکی تر بیت!

مووچە قەڵەوکردن بەهۆی باخەڵی خەڵکەوە، کارێکی ناپەسەند و ناڕەوا و حەرامە! هەر گۆشتێکیش بە خواردنی حەرام گەشەی کردبوو، ئەوە هەر بۆ ئاگر باشە!



Scanned with Can



# مەبنە کۆسپی سەر ڕێگایان!

مەعقەلی کوڕی یەسار خوشکەکەی خۆی دا بە پیاوێکی ئەنصاری، دوای ماوەیەک ئەو ژن و پیاوە نێوانیان تێکچوو، پیاوەکە ژنەکەی تەلاق دا... دوای ئەوەی ماوەی عیددەی بەسەر چوو پیاوەکە هاتەوە بۆ داوای ژنەکە و ویستی بیابەتەوە...

مەعقەلی کوڕی یەسار خۆی چیرۆکەکە تەواو دەکات و دەفەرموێت: بە پیاوەکەم گوت: من خوشکەکەی خۆمم پێ دایت و کارئاسانیم بۆ کردی و ڕێزم گرتی، کەچی تۆ تەلاقت دا و ئێستا هاتوویتەوە بۆ داوای؟ نا بە خوا هەرگیز خوشکەکەی خۆمت پێ نادەمەوە! ئەو پیاوە پیاوێکی خراپ نەبوو، خوشکەکەشم پێی خۆشبوو بچێتەوە بۆ لای.

پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێنمدا و فەرمووی: مەعقەل! خوای گەورە لە بارەی ئێوە ئایەتێکی بۆ ناردووم و فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُم بِالْمَعْرُوفِ ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٣٢﴾﴾ البقرة: ٢٣٢ واتە: هەروەها ئەگەر ژنانتان تەلاق دا و گەیشتنە کۆتایی عادەی مانگانەیان، ئێوە (ئەی کەسوکاری ژن) مەبنە کۆسپ لە ڕێگەیاندا، ئەگەر ویستیان شوو بکەنەوە بە هاوسەرەکانیان، یاخود ویستیان شووریەکی تر بکەن، کاتێک ئەوان لەنێوان خۆیاندا ڕەزامەندییان نواند بە شێوەیەکی جوان.



Scanned with Can

(ئەم فەرمان و ڕێنموویيانە ئامۆژگاری ئەو کەسانەی پێ دەکرێت لە ئێوە کە باوەڕی بە خوا و ڕۆژی قیامەت هەبێت، ئەو جۆرە ڕەفتار و کردەوانەتان جوانتر و پەسەندتر و خاوێنترە، خوای پەروەردگاریش چاک دەزانێت چی خێرە بۆتان و ئێوە نایزانن و دەرکی ناکەن).

مەعقەل دەڵێت: منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! خوشکەکەی خۆمی لێ مارە بکەمەوە؟

مسوڵمان دەبێت لە کاتی فرمانی خوای گەورەدا بوەستێت و خۆی تەسلیمی فرمانی خوا بکات... دوای ئەوەی خوای گەورە فرمانی کرد کە مەعقەل خوشکەکەی خۆی بداتەوە بەو پیاوە، مەعقەل یەکسەر فرمانی خوای گەورەی جێبەجێ کرد و لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە... دەتۆش سەرکێشی مەکە و یەکسەر فرمانی خوای گەورە جێبەجێ بکە!

ئێمە فرمانمان پێ کراوە لە کاتی ناخۆشیدا دادگەر بین، ئەوەتا مەعقەل هەرچەند ئەوەی پێناخۆش بوو کە خوشکەکەی تەلاق دراوە و ڕقی لە زاواکەی هەڵگرت، چونکە کاتی خۆی زۆری کارئاسانی بۆ کردبوو، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی کە مەعقەل ڕاستییەکان بشارێتەوە و هەر دانی بەوەدا نا کە زاواکەی پیاوێکی خراپ نەبوو... تۆش لە کاتی تووڕەیی و ناخۆشیدا چاکەی خەڵکی مەشارەوە و دان بە چاکەی کەسی بەرامبەردا بنێ!

ئەوەی لەسەر شانی کەسوکارە ئەوەیە کە کاتێک ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ژنومێردێکەوە، هەوڵی چاکسازی بدەن، ئەوەتا ئەگەر ژن و پیاوێک دوای ئەوەی بە تەواوی لە یەکتر جیابوونەوە و عیددەی ژنەکە بەسەر چوو، کەچی هێشتا ئەوان زیاتر لە هەموو



Scanned with Cam

کەسێک شایانی یەکترن، دەی دەبێت لە کاتێکدا ژنەکە تۆراوە و تەلاق نەدراوە، چۆن بێت؟ ئەوە بێگومان نامەقبیە ئەگەر بەرگری لە ژنەکە بکرێ بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە بۆ لای مێردەکەی!

بەرگریکردن لە کاتێکی ئاوادا تاوانە و نەزانینە بەوەی کە تەلاق چ کارەساتێکە!

پێویستە لەسەر پیاو لەگەڵ ژنی خۆیدا باش بێت و بە جوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەگەرچی کەسوکاری ژنەکەی کاتی خۆی کارئاسانییان بۆ نەکردبێت، خۆ ئەگەر کاتی خۆی کار ئاسانییان بۆ کردبێت، ئەوە زیاتر پێویستە لەگەڵیدا باش بێت، چونکە مرۆڤی بەڕێز و خاوەن شکۆ، هەمیشە چاکەی خەڵکی لە بەرچاوە و بێمننەتی ناکات... هەمیشە چاوەڕێی هەلێکە بە چاکە وەلامیان بداتەوە... جا بە چاکە مامەڵەکردن لەگەڵ کچەکەیاندا ئەوە هەلێکی زێڕینە بۆ وەلامدانەوەی چاکەکەیان بە چاکە!



Scanned with Can

## ئەم وشترە هی کێیە؟

پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشتە نێو باخی چەند پیاوێکی ئەنصارییەوە، وشترێک لەنێو باخەکەدا بوو، هەر کە چاوی بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەوت، بۆڕاندی و چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو... پێغەمبەر(ﷺ) لێی نزیک بوویەوە و دەستی هێنا بە پشتیدا هەتا ئارام بوویەوە... دوایی

فەرمووی: ئەم وشترە هی کێیە؟

گەنجێکی ئەنصاری هاتە پێشەوە و وتی: هی منە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە بۆ سەبارەت بەو وشترە لە خوا ناترسی، ئەوە سکالای لای من کرد کە کاری زۆر پێ دەکەن و خواردنی کەم پێ دەدەن!

ئەوانەی ئێستا وانەی مافەکانی مرۆڤ بە ئێمەی مسوڵمان دەڵێنەوە، ئێمە پێش هەزار و چوارسەد ساڵ وانەی مافەکانی ئاژەڵمان پێ دەگوتنەوە! ئەو کاتەی ئێمە دەستمان بە ئایینەوە گرتبوو، هەموو شتێک ملکەچمان بوو، ببووینە سەرکردەی نیوەی دونیا و دادگەرانە مامەڵەمان دەکرد... ببووینە پێشەنگی مرۆڤایەتی، ئێستا چونکە وەکو پێویست دەست بە ئایینەوە ناگرین، بووینەتە پاشکۆ! لە کاروانی مرۆڤایەتی بەجێماوین، کۆتایی ئەم ئوممەتەش



Scanned with Cam

هەر بەوە چاک دەبێتەوە و دێتەوە سەر ڕێ کە سەرەتای پێ چاک بوویەوە و هاتە سەر ڕێ... مەبەستم قورئان و سوننەتە!

یەکێک لە دوو خۆشەویستترین ناوەکان بە لای پەروەردگارەوە عەبدولڕەحمانە... خۆشەویستترین بەندەش بە لای خوای گەورەوە ئەوانەن کە ڕەحم و سۆزیان زۆرە... ئەوانەی بەرامبەر مرۆڤ و ئاژەڵ و دارودرەخت و سروشت خاوەن سۆز و بەزەیین!

یەکێک لەو خەڵاتە گەورانەی خوا بە بەندەکانی دەبەخشێت دڵێکی پڕ لە سۆز و میهرەبانییە... دڵێک کە پڕبێت لە سۆز و خۆشەویستی، چونکە ئەو کەسەی خاوەن بەزەیی نەبێت، بەر بەزەیی خوا ناکەوێت!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕازی نەبوو وشترێک برسی بکرێت و کاری زۆریشی پێ بکرێت... ئەو ئایینە پاکە کە تاکەکانی گەیشتنە لووتکەی ئاکر و ڕەوشتی بەرز، فرمانی کردووە بە تاکەکانی کە بەرامبەر ئاژەڵ و گژوگیاش بە سۆز و بەزەیی بن، دەی ئیتر چۆن فرمانیان پێ ناکات بەرامبەر مرۆڤ بەسۆز و بەزەیی بن؟

پێغەمبەر(ﷺ) باسی ژنێک دەگێڕێتەوە کە پشیلەیەکی زیندانی کردووە و نە خواردنی پێداوە و نە ئاو، نە بەرەڵلایشی کردووە خۆی شتێک پەیدا بکات و بیخوات، هەتا پشیلەکە لە برسا تۆپیوە، ئیتر خوای گەورە لە تۆڵەی ئەو کارەدا ئەو ژنەی خستووەتە دۆزەخەوە! پێغەمبەر(ﷺ) بە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە فێرمان دەکات ڕێزی گیان و ڕۆحەکان بگرین، ئەگەرچی گیان و ڕۆحی ئاژەڵیش بێت!

ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە جارێک ئافرەتێکی بەدڕەوشت لە ڕۆژێکی گەرمای هاویندا سەگێکی بینی زۆری تینوو بوو، لە

ئینووێنییدا زمانی دەرکێشابوو، ژنەکە پێڵاوەکەی خۆی لە پێ داکەند و لە چاڵاوەکە چووە خوارەوە و پڕی پێڵاوەکەی ئاوی دەرهێنا و دای بە سەگەکە و تێراوی کرد، خوای گەورە -بەهۆی ئەو کارەوە- لێی خۆشبوو!

بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە پێغەمبەر(ﷺ) پێمان دەفەرموێت: هەرکەسێک بە هەر شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ دروستکراوەکانی خوای گەورەدا بکات، خوای گەورەش بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەودا دەکات... هەرکەسێک خاوەنی سۆز و بەزەیی بێت، بەر سۆز و بەزەیی دەکەوێت. هەرکەسێکیش دڵی ڕەق بێت و بەزەیی تیا نەبێت، بەر سزای خوای دەکەوێت!

پێشەوا (الذهبي) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: مەسعودی هەمەدانی پیاوێکی زۆر بەخشندە و لێبووردە بوو، هەمیشە هانی خەڵکیشی دەدا لێبووردە بن، هەر کاتێک کەسێک بهاتایەتە خزمەتی و داوای لێبووردنی لێ بکردایە، لێی دەبووری و دەیفەرموو: تازە ڕابردوو باس ناکرێتەوە!

مەسعود مرد، لە خەودا بینرا و پێیان گوت: خوای گەورە چی پێ کردی؟

فەرمووی: منی وەستاند و فەرمووی: ڕابردوو تازە باس ناکرێت! بیبەن بۆ بەهەشت!



# دایکت، پاشان دایکت!

پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کێ شایانترین کەسە کە من -چاکە- و هاوڕییەتی لەگەلدا بکەم؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دایکت!

وتی: ئەی دوای ئەو؟

فەرمووی: دایکت!

وتی: ئەی دوای ئەو؟

فەرمووی: دایکت!

وتی: ئەی دوای ئەو؟

فەرمووی: باوکت!

پیاوێک هاتە خزمەت عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی ئامۆزای پێغەمبەر(ﷺ)، پیاوەکە کەسێکی کوشتبوو، لە عەبدوڵڵای پرسی: بکوژ دەتوانێت تەوبە بکات؟

عەبدوڵلا فەرمووی: دایکت ماوە؟

وتی: نەخێر!

عبەدوڵلا وتی: دەی زیکری -أستغفرالله- زۆر بکە!

دوای ئەوەی پیاوەکە ڕۆیشت یەکێک لە فەقێکانی عەبدوڵڵا بە ناوی عەتای کوڕی یەسارەوە وتی: ئەی ئامۆزای پێغەمبەری



Scanned with Cam

خوا(ﷺ)! ئەوە بۆچی لە بارەی دایکیەوە پرسیارت لێ کرد؟
عەبدوڵلا فەرمووی: خوای گەورە هیچ شتێکی هێندەی چاکەکردن لەگەڵ دایکدا پێ خۆش نییە!

هیچ کەسێک هێندەی خوای گەورە خاوەنی ئەمەک و وەفا نییە، خوای گەورە ئەوەندە ئەمەکداری پێخۆشە، فرمانی کردووە تا خەڵک لەگەڵ دایک و باوکیاندا، بە تایبەت دایکدا چاکەکار بن، چونکە دایک لە ڕووی جەستەوە لە باوک لاوازترە، جگە لەوەش ئەزیەت و ئازارێکی زۆری بە منداڵەوە کێشاوە، جگە لەوەش لە باوک بەسۆزترە و زیاتر منداڵەکەی خۆش دەوێ! ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر بە زۆری ژنان مێرد بە کەسێکی دوور دەکەن و لە خزم و کەسوکار دادەبڕێن، چاکەکردن لەگەڵ دایکدا کەمێک لەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، ئەمە خاڵێکە خۆزگە مێردەکان ئاگایان لەم خاڵە دەبوو!

هەر دایکانن کە پیاوە پاڵەوانەکانی ئەم ئوممەتەیان پەروەردە کردووە!

پێشەوا شافیعی منداڵ بوو باوکی کۆچی دوایی کرد... دایکی مێردی نەکردەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت منداڵە تاقانەکەی بە جوانی پەروەردە بکات... تەنانەت هەموو خزم و کەسوکاری خۆی لە غەززە بەجێهێشت و کۆچی کرد بۆ مەککە بۆ ئەوەی لە مەککە کوڕەکەی بخوێنێت و پێبگات... خوای گەورە ڕەنجی ئەو دایکەی بە زایە نەدا، پێشەوا شافیعی گەورە بوو، بوو بە پێشەوایەکی گەورەی ئیسلام، پێشەوا ئەحمەد لەبارەی پێشەوا شافیعییەوە فەرمووی: شافیعی مامۆستام وەک خۆر وایە بۆ دونیا و وەک لەشساغییە بۆ خەڵکی!



Scanned with Can

دایکی پێشەوا ئەحمەد لە بەغدا هەموو شەوە ساردەکان پێش بانگ هەڵدەستا و ئاوی گەرم دەکرد بۆ ئەوەی ئەحمەدی کوڕی دەستنوێژی پێ بگرێت و دوایی بەئاگای دەهێنایەوە و لەگەڵیدا دەڕۆیشت بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی نوێژی بەیانی بکات! دوای ئەوەی پێشەوا ئەحمەد گەورە بوو، خوای گەورە کردی بە پارێزەری ئەم ئایینی ئیسلامە و ئەو ڕۆژانەی موعتەزیلەکان دەیانگوت: قورئان مەخلوقە، پێشەوا ئەحمەد بوو خۆڕاگری نواند و ئەو قسەیەی بە درۆ خستەوە و بوو بە قەڵغان بۆ ئایینی ئیسلام!

پێشەوا بوخاری بە هەتیوی گەورە بوو... دایکی بە جوانترین شێوە پەروەردەی کرد... هانی دەدا بۆ خوێندن... لەگەڵیدا ئەم شار و ئەو شاری دەکرد... کاری دەکرد و بژێوی بۆ پەیدا دەکرد... تا وای لێ هات گەورە بوو، بوو بەو پێشەوا بوخارییەی کە هەتا دونیا دونیایە ناوی لەسەر زار و زمانی مسوڵمانانە!

ئەبوسوفیانی سەوری منداڵبوو باوکی مرد... ویستی کاروکاسبییەک بکا بۆ ئەوەی دایکی بەخێو بکات، دایکی وتی: نە! تۆ بڕۆ بخوێنە من بە تەشیڕستن هەم خۆم و هەم تۆش بەخێو دەکەم! بە پارەی تەشیڕستن هەم خۆی و هەم کوڕەکەی بەخێو کرد، تا کوڕەکەی بوو بە یەکێک لە بەناوبانگترین زانایانی ئیسلام!

دەی بنووسن بەپێی دایکتانەوە، بەهەشت لەوێیە!



Scanned with Cam



# وەك پیرەژنەکەی بەنی ئیسرائیل!

ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) بوو بە میوانی پیاوێکی دەشتەکی، پیاوە زۆر ڕێزی لێگرت... لە کاتی هەستان و ماڵئاواییدا پێغەمبەر(ﷺ) بە پیاوەکەی فەرموو: کاکی ئەعرابی! تۆش وەرە بۆ لامان... پێغەمبەر(ﷺ) دەیەویست وەڵامی ئەو چاکەیەی بداتەوە، چونکە ئەو عادەتی وابوو هەرکەسێک چاکەی لەگەڵدا بکردایە، سەر بە زیاد چاکەی لەگەڵدا دەرکردەوە، بەڵام هەرگیز وەڵامی خراپەی نەدەدایەوە...

زۆری پێنەچوو پیاوەکە ڕۆیشتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کاکی ئەعرابی چیت پێویستە پێم بڵێ؟

پیاوەکە وتی: وشترێک بۆ سواری و چەند بزنێک بۆ شیر!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی نەتتوانی وەک پیرەژنەکەی بەنی ئیسرائیل بیت؟

هاوەڵان گوتیان: قوربان پیرەژنەکەی بەنی ئیسرائیل کێیە و چیی کردووە؟

پێغەمبەر(ﷺ) بۆی گێڕانەوە و مانای فەرموودەکەی ئاوابوو: حەزرەتی یوسف وەسێتی کرد هەرکاتێک گەلەکەی میسریان بەجێ هێشت، ئەو لە قەبری خۆی دەربێننەوە و بیبەنەوە لە زەوی پیرۆزدا بینێژن... زەمانە گۆڕا و سەدان ساڵ زیاتریش تێپەڕی... کاتێک حەزرەتی موسا بوو بە پێغەمبەر و فرمانی کرد تا بەنی ئیسرائیل



Scanned with Cam

میسر بەجێ بهێڵن و لە دەست فیرعەون و گەلی فیرعەون ڕزگار ببن، وەسیەتەکەی حەزرەتی یوسفیان بۆ حەزرەتی موسا گێڕایەوە... حەزرەتی موسا فەرمووی: کوا گۆڕی حەزرەتی یوسف لە کوێیە؟ گوتیان: جگە لە پیرەژنێکی پیر نەبێت، کەس نازانێت گۆڕی حەزرەتی یوسف لە کوێیە! حەزرەتی موسا داوای لە پیرەژنەکە کرد تا گۆڕی حەزرەتی یوسفیان پێ نیشان بدات... پیرەژن گوتی: پێت ناڵێم هەتا بەڵێنم پێ نەدەی کە لە بەهەشتدا ببمە دراوسێت! حەزرەتی موسا نەیتوانی ئەو بەڵێنەی پێ بدات، چونکە دەیزانی ئەو ناتوانێت کەس بخاتە بەهەشتەوە... خوای گەورە نیگای بۆ حەزرەتی موسا نارد و فەرمووی: بەڵێنەکەی پێ بدە... حەزرەتی موسا بەڵێنەکەی پێ دا، ئەویش حەزرەتی موسای برد بۆ سەر گۆماوێک و وتی: ئەم گۆماوە وشک بکەن، گۆڕی یوسف لەژێر ئەم گۆماوەدایە... خەڵکی گۆماوەکەیان وشک کرد و گۆڕی حەزرەتی یوسفیان دۆزییەوە و تەرمەکەیان دەرهێنا و وەسیەتەکەیان جێبەجێ کرد...

چاو لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکە... ئەو بەرز کرایەوە و برایە ژوورەوەی حەوت ئاسمانەکانیش، گەیشتە پلەوپایەیەک هیچ پێغەمبەرێک پێی نەگەیشتووە، بەڵام دوای ئەوەی هاتەوە سەر زەوی، هەر خاکی بوو... دەچووە نێو چادری کابرایەکی دەشتەکی نەناس... ڕێزی لێ دەگرت... پێی دەفەرمویت: وەرە و سەرمان لێ بدە، بۆ ئەوەی وەڵامی چاکەکەی بداتەوە... ئێمەش کاتێک دەبین بە خاوەنی سەیارەیەکی جوان و ئاخرمۆدێل، خۆمان لێ دەبێت بە قارون و وەک ئەو هەڵسوکەوت دەکەین! ئەگەر بڕوانامەیەکی گەورەمان بەدەست هێنا، ئەوەندە خۆمان بە گەورە دەزانین، دەڵێی وەحیمان بۆ هاتووە! خۆمان بە گەورە دەزانین و دەمانەوێت خەڵکی



Scanned with Cam

سەجدە بۆ ناو و ناوبانگمان ببات، جا قوربەسەر ئەو کەسەی پێی نەڵێت: جەنابی دوکتۆر! یان پێی نەڵێت: جەنابی ئەندازیار! ئەوە قیامەتێک بەرپا دەکات کە هەر مەپرسە!

دونیا پردی پەڕینەوەیە بۆ قیامەت، دەی مەیکە بە هەموو شتێکی خۆت، پێغەمبەر(ﷺ) پێی ناخۆش بوو ئەو پیاوە دەشتەکییە داوای وشترێک و دووسێ بزنی لێ دەکات، پێی خۆشبوو داوای شتێکی گەورەی بکردایە، داوای بەهەشتێکی بکردایە کە هەتا هەتاییە!

کارکردن شتێکی حەڵاڵ و باشە، هیچ وەک کاسبی حەڵاڵ و پاک نییە، شوورەییە مرۆڤ هیچ کارێک نەکات و ببێتە بار بەسەر خەڵکەوە، بەڵام جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەوەی کە دونیا لەنێو دەستتدا بێت لەگەڵ ئەوەی کە لەنێو دڵتدا بێت! تۆ وەک پیرەژنەکەی بەنی ئیسرائیل بە، نەک وەک کابرای دەشتەکی! داوای شتی بێسوود و بێبایەخ مەکە!

هەرچەند تەمەن بە دەست خوایە، بەڵام ئەم زەمانە مردنی کتوپڕ زۆر زۆر بووە، دەی تۆش وەسیەتی خۆت بنووسە!

باوکێکی دەوڵەمەند کۆچی دوایی دەکات، منداڵەکانی نازانن کاروبارەکانی چۆنە... نازانن قەرزاری کێیە و قەرزی ها بە لای چ کەسێکەوە! زۆر جاریش هەر دوای مردنی پیاوەکە، منداڵەکان لەسەر بەشە میراتی دەبێت بە ناخۆشییان، برا دەیەوێت زیاتر لە براکەی تر ببات، لەولاوە خوشک بێبەش دەکرێت، دڵی دایک دەتۆرێنن، خێزانەکە تێکدەچێت... سیلەی ڕەحم دەپچڕێت!

سەروەت و سامان نایابە و نەفسی مرۆڤیش تەماحبازە... مەهێڵە دوای خۆت منداڵەکانت بکەونە گۆڕەپانی جەنگەوە!

ئەوەتا حەزرەتی یوسف وەسیەتی کرد و دوای سەدان ساڵ توانرا وەسیەتەکەی جێبەجێ بکرێت... هیچ کێشە و هەرایەکی لێ

نەکەوتەوە، لە بارەی شتێکەوە وەسیەتی نەکردبوو پارە و سەروەت و سامانی تێدا بێت... دەی بۆ ئێمەش وەسێت نەکەین و کارێک نەکەین، دوای خۆمان ماڵ و منداڵمان لێیان نەبێت بە کێشە؟

بۆ هەموو شتێک ڕوون ناکەینەوە؟ زۆر جار دوای مردنی کابرا کەسێک هاتووە و گوتوویەتی: قەرزم لای باوکتانە! منداڵەکان دونیایان لێ بووە بە دۆزەخ، کەوتوونەتە نێوان دوو بەرداشەوە، ئەگەر قەرزەکەی پێ دەدەنەوە، بەشە میراتیان کەم دەبێتەوە، ئەگەر نایدەنەوە باوکیان لە گۆڕدا سزا دەدرێت!

مەبنە مایەی سەرەئێشە بۆ ماڵ و منداڵ و خزم و کەسوکارتان...



Scanned with Cam



# لەگەڵ ئێمە نوێژت کرد؟

پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ژنێکم ماچ کردووە، بەڵام تووشی نەبووم -واتە: تەنیا ماچم کرد، تووشی زینا نەبووم- ئەوەتا هاتوومەتە خزمەتت، چیم لێ دەکەیت، بیکە!

حەزرەتی عومەر وەڵامی دایەوە و فەرمووی: خوای گەورە تاوانەکەی ڕووپۆش کردی، خۆزگا خۆت بە دەمی خۆت ئاشکرات نەکردایە!

پێغەمبەر(ﷺ) هیچی نەفەرموو، قامەت کرا بۆ نوێژ، دوای ئەوەی نوێژ کرا پێغەمبەر(ﷺ) پیاوەکەی بانگ کرد و فەرمووی: ئەوە لەگەڵ ئێمە نوێژت کرد؟

پیاوەکە گوتی: بەڵێ!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوا لێت خۆش بووە و لەبارەی تووە ئایەتێکی ناردووە و دەفەرمووێت: ﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِۚ إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكۡرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ ١١٤ ﴾ هود: ١١٤ واتە: نوێژیش بە چاکی ئەنجام بدە لە هەردوو سەری ڕۆژەوە (کە نیوەڕۆ و عەسرە) و لە سێ کاتەکەی شەویشدا کە (مەغریب و عیشا و بەیانی)یە، نزیکن لە (ئەمسەر و ئەوسەری ڕۆژەوە، بەڕاستی کردەوە چاکەکان کردارە خراپەکان لادەبات و گوناهەکان دەشۆنەوە، ئەوە ئامۆژگاری و بیرخەرەوەیە بۆ ئەوانەی یادی خوا دەکەن.



Scanned with Cam

پیاوێک گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! ئەوە تایبەتە بەو، یان بۆ هەموانە؟
پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆ هەموو ئوممەتمە بە گشتی!

بە دڵنیاییەوە ئەم فەرموودەیە ئەوە ناگەیەنێت کە بڕۆن کچی خەڵک ماچ بکەن و دەست بکەنە ملی و بەس زینا مەکەن ئیتر قەیناکە و نوێژ هەموو تاوانەکانی دەشواتەوە، بەڵکوو مەبەست لێی ئەوەیە کە ئەگەر جارێک لە جاران نەفس زاڵ بوو بە سەرتاندا و شەیتان هانی دان و کاری خۆی کرد، ئەوە دەرگای سۆز و میهرەبانی خوای گەورە کراوەیە و داناخرێت... چاکەکان خراپەکان دەشواتەوە... ئەم فەتوایە گڵۆپی سەوز نییە بۆ ئەوەی هەموان سەر بکەنە تاوان، بەڵکوو بۆ ئەو کەسانەیە کە تووشی تاوانەک بوون و دواتر پەشیمان دەبنەوە و نوێژ دەکەن!
پیاوێک هاتە خزمەت ئیبنوعەباس لێی پرسی: مرۆڤی پیاوکوژ دەتوانێت تەوبە بکات؟
فەرمووی: بەڵێ!
هەر لەو کۆڕ و جێگایەدا بوون پیاوێکی تر هات و هەمان پرسیاری لێ کرد، لە وەڵامدا فەرمووی: نەخێر!
هاوڕێیانی گوتیان: ئەوە چ جۆرە فەتوایەک بوو، لە وەڵامی یەک جۆر پرسیاردا جارێک بەڵێ و جارێک نەخێر؟
فەرمووی: ئەوە پیاوی یەکەم لە سیمایدا دیاربوو زۆر تێکشکاوە و پەشیمانە، منیش زانیم تازە کارەکەی کردووە و پیاوەکەی کوشتووە، بۆیە وتم: بەڵێ!
بەڵام پیاوی دووەم لە سیمایدا دیاربوو زۆر تووڕەیە، زانیم ئەگەر بڵێم: بەڵێ! یەکسەر دەڕوات و پیاوێک دەکوژێ، بۆیە وتم: نەخێر!



Scanned with Can

تەماشا زانا و دانایی پێشەوا عومەریش بکەن، لە وەڵامی ئەو پیاوەدا فەرمووی: خوای گەورە تاوانەکەی ڕووپۆش کردی، خۆزگە خۆت بە دەمی خۆت ئاشکرات نەکردایە!

ئەم ئایینە ئایینی فاڵگرتنەوە و تەرکە دونیایی و دانپیانانی تاوان نییە، لێگەڕێ با تاوانەکانت لەنێوان خۆت و خوای خۆتدا بمێنێتەوە و خەڵک پێی نەزانێت... ئەگەر خوای گەورە تاوانەکانتی داپۆشیوە، خۆت پەردەی لەسەر هەڵمەماڵە و ئابڕووی خۆت مەبە... خەڵکی ئابڕوو دەبەن و بەهانە وەرناگرن، بەڵام خوا ئابڕوو دەپارێزێت و بەهانەش وەردەگرێت!

تاوانت هەرچەندێ گەورە بێت، هێشتا سۆز و بەزەیی خوا زیاترە...

ئەو زاتەی کە لەبەر خاتری تێراوکردنی سەگێک لە ژنێکی خراپەکاری بەنی ئیسرائیلی خۆش دەبێت، ئەوە سۆزە و بەزەیی بۆ ئەو کەسانە زیاترە کە وەک ئەو ژنە تاوانبار نین!

کارەکە ئاسانە! ئەگەر ناتوانی خۆت لە تاوان دەرباز بکەیت، بە چاکە و چاکەکاری تەنگیان پێ هەڵچنە!



Scanned with Can



# ئەگەر بە لەتەخورمایەکیش بێت!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەنێو هاوەڵاندا دانیشتبوو... تیرەیەکی هۆزی موزەر هاتنە خزمەتی، پێ پەتی و جلوبەرگ شڕ و ڕەشوڕووت و داماو... بە بینینی ئەوانە پێغەمبەر(ﷺ) زۆر تێکچوو، تەشریفی بردە ماڵەوە و هاتەوە، دوایی فرمانی دا بە بیلال بانگ بدا... بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و نوێژ کرا... دوایی پێغەمبەر(ﷺ) وتارێکی بۆ خەڵکەکە خوێندەوە و هانیدان بۆ ئەوەی خێر و صەدەقە زۆر بکەن، ئایەتێکی قورئانی خوێندەوە و فەرمووی: ﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيۡلِۚ إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكۡرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ ﴿١١٤﴾ ﴾ هود: ١١٤
واتە: نوێژیش بە چاکی ئەنجام بدە لە هەردوو سەری ڕۆژەوە (کە نیوەڕۆ و عەسرە) و لە سێ کاتەکەی شەویشدا کە (مەغریب و عیشا و بەیانی)یە، نزیکن لە (ئەمسەر و ئەوسەری ڕۆژەوە، بەڕاستی کردەوە چاکەکان کردارە خراپەکان لادەبات و گوناهەکان دەشۆنەوە، ئەوە ئامۆژگاری و بیرخەرەوەیە بۆ ئەوانەی یادی خوا دەکەن.

دوایی فەرمووی: پیاو هەیە دینارێک دەکات بە خێر، هەیە دیرهەمێک، هەیە جلوبەرگەکەی، هەیە کوپلێک گەنم، هەیە ڕبەیە خورما... تا فەرمووی: هەیە لەتێک خورما دەکات بەخێر!

پیاوێکی ئەنساری توورەکەیەک خواردنی دابوو بە شانیدا و ئەوەندە قورس بوو خەریکبوو نەیتوانێت، هێنای لە خزمەت



Scanned with Cam

پێغەمبەردا(ﷺ) داینا، دوایی خەڵکی هەرکەسە و بە گوێرەی توانای خۆی شتی هێنا، تا وای لێهات دوو کۆمای گەورە خواردن و جلوبەرگ لە مزگەوتدا کۆ بوویەوە... پێغەمبەر(ﷺ) لە خۆشی ئەوەی کە ئەو خەڵکە ئاوا لە ناو یەکدا بەسۆز و میهرەبانن، دەموچاوی گەشایەوە و دەتگوت مانگی چواردەیە... دوایی وەستا و تێر پەسنی ئەو پیاوە ئەنسارییەی کرد کە دەستپێشخەر بوو و خەڵکی چاویان لێ کرد و فەرمووی: هەرکەسێک لە ئایینی ئیسلامدا سوننەتێکی باش دابهێنێت، ئەوە پاداشتی ئەو کارەی بۆ دەنووسرێت و پاداشتی ئەوەشی بۆ دەنووسرێت کە چاویان لێ کردووە، بەبێ ئەوەی پاداشتی هیچ لایەک کەم بکاتەوە، هەرکەسێکیش ڕەوشتێکی خراپ دابهێنێت ئەوا تاوانەکەی بۆ دەنووسرێت و تاوانی ئەوانەشی بۆ دەنووسرێت کە چاوی لێ دەکەن، بەبێ ئەوەی تاوانی هیچ لایەک کەم بکات!

مسوڵمانان یەک ئوممەت و گەلن... وەک یەک خێزانن... فرمان لە قورئان و سوننەتەوە وەردەگرن... هەموویان یارمەتیدەری یەکترن... بەهێز هاوکاری بێهێز دەکات... دەوڵەمەند هەژار تێر دەکات... ئەوەی لەسەر ڕێگەی ڕاستە، ڕێگای ڕاست پیشانی گومڕا دەدات... بە شادی و خۆشی یەکتر خۆشحاڵ دەبن... خەم بۆ یەکتر دەخۆن... ئەگەر مسوڵمانێک سەرکەوێت، ئەوانی تر دڵیان بەو سەرکەوتنە خۆش دەبێت... ئەگەر لەمپەڕی دونیادا منداڵێکی مسوڵمان تووشی توندوتیژی ببێتەوە، مسوڵمانێکی تر لەوپەڕی دونیا وا دەزانێت منداڵەکەی خۆی تووشی توندوتیژی بووەتەوە...

هەرکەسێک سوننەتێکی باش دابهێنێ، یانی سوودی بۆ خەڵک هەبێت و دژی ئایینی ئیسلام نەبێت...



Scanned with Cam

دەی دەستپێشخەربە با خەڵک چاوت لێ بکەن...

کاتێک کچەکەت بە مێرد دەدەیت داوای مارەیی زۆر مەکە- با خەڵک چاوت لێ بکەن و هاوسەرگیری ئاسان ببێت!

دەست بکە بە پڕۆژەی خێرخوازی با خەڵک چاوت لێ بکەن...

بیرۆکەی ناوازە و باش پێشکەش بکە، با هەمووان چاوت لێ بکەن!

قەرزی خەڵک ببژێرە... دەرمان بۆ نەخۆشە هەژارەکان دابین بکە... هەرکەسێک هەر هەوڵ بۆ خۆی بدا ئەوە کەسێکی بچووکە، هەرکەسێکیش هەوڵ بۆ هەمووان بدات، کەسێکی مەزنە... تۆ مەزنبە!



Scanned with Cam



# خێریان پێ کرد!

دونیا دەسووڕێت... زەمانە لە گۆڕاندایە... مەحوی گوتەنی:

ئەوی ئەمڕۆ لە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلوق
لە دەوری نەعشیا سبحەی دەبینێ وەلوەلەی مەخلوق

ئەوانەی ئەمڕۆ زەنگین و دەوڵەمەندن، سبەی هەژار دەبن... ئەوەی ئەمڕۆ هەژارە سبەی زەنگین دەبێت... ئەوەی ئەمڕۆ لەشساغە سبەی نەخۆش دەکەوێت، ئەوەی ئەمڕۆ نەخۆشە، سبەی چاک دەبێتەوە... مرۆڤی بەهێز هەر بەهێز نامێنێتەوە... لاوازیش هەر بە لاوازی نامێنێتەوە... خوای گەورە بەو جۆرە ئێمە تێدەگەیەنێت کە هیچ شتێک تاسەر وەک خۆی نامێنێتەوە!

ئێمە هەژار بین، یان زەنگین... نەخۆش بین یان لەشساغ... دارا بین یان نەدار... هەرچۆنێک بین لەژێر تاقیکردنەوەداین... خوا دەزانێت چی دەکەین و فریشتەکان زۆر بە وردی هەموو شتێک یاداشت دەکەن... پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم ئوممەتەی خۆی لەسەر ئەوە ڕاهێناوە لەناو یەکدا بەسۆز بن... فێری کردووین سەردانی نەخۆش بکەین... لە گەڵ مردوودا بچینە سەرقەبران... سەرەخۆشی لە کەسوکاری مردوو بکەین... ببینە ڕێنوێن بۆ کابرای گومڕا... خاتری خەڵک بگرین... دڵی کەس نەشکێنین!



Scanned with Cam

ئەبوسەعیدی خودری دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) پیاوێک لە مامەڵەکردنی بەروبوومی باخێکدا تێکشکا و قەرزێکی زۆری کەوتە سەر شان... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خێری پێ بکەن!

خەڵک ئەوەی لە توانایان بوو پێیان دا، کەچی قەرزەکانی پڕ نەکردەوە...

پێغەمبەر(ﷺ) بە خاوەن قەرزەکانی فەرموو: دەی هەرچییەکتان دەست کەوت، لێی وەربگرن و لەوە زیاتر هیچتان ناکەوێت!

ئەمە وانەیەکی گەورەیە سەبارەت بە خاترگرتن و دڵدانەوە و سۆز و بەزەیی... دەیەوێ کاتێک مسوڵمانێک دەکەوێت، دەستێک هەبێت ڕاستی بکاتەوە، نەک وەک ئەو پەندەی کە دەڵێت: مانگا کە کەوت، قەساب زۆر دەبێت!

ئێمە ڕۆژانە دەبیستین کە فڵانە نەخۆش پارەی ئەوەی نییە چارەسەری خۆی بکات... دەی تا ئێستا چەند جار یارمەتی کەسێکی لەو جۆرەمان داوە؟ کەی خێرێکمان کردووە و گوتوومانە: خوایە ئەو خێرە بۆ ئەوە نییە منەت بخەینە سەر بەندەکەت، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بتوانین سوپاسگوزاری تۆی پێ بکەین!

نازونیعمەتی خوای گەورە بەهۆی سوپاسگوزارییەوە بەردەوام دەبێت... خوای گەورە کاتێک تۆ دەبینێت دەستی نەخۆشێک دەگری و دەرمانی بۆ دەکڕی و دەبیتە هۆکاری چاکبوونەی، ئیتر سۆزی خۆی دەڕژێنێت بە سەرتدا و تۆ تووشی ئەو جۆرە نەخۆشییە ناکات... بڕوام پێ بکە مرۆڤ بە خێر و صەدەقە گیانی خۆی لە خوای گەورە دەکڕێتەوە!

هەموو ڕۆژێک دەبیستین کە فلانەکەس تووشی قەرزارییەکی زۆر بووە، دەی تا ئێستا دەستی کەسێکی لەو جۆرەمان گرتووە و گوتوومانە: خوایە زۆر سوپاس بۆ تۆ منت کردووە بە کەسێکی بەخشەر، نەک بە کەسێکی هەژار و داماو؟

ئەگەر خوا بتبینێ دەستی هەژارێکی قەرزار دەگری، ئەوە تووشی هەژاری و قەرزاریت ناکات...

دەستت درێژ بکە و خێری پێ بکە، دوایی دەست درێژ بکەرەوە و پاداشتەکەی لە خوا وەربگرەوە... بڕوام پێ بکە بەو کارە گیانی خۆتت لە خوای گەورە کڕیوەتەوە... ئەو دەستەی کە دەبەخشێت تووشی هەژاری نابێت...

تۆ تەماشای گەورەیی ئەم ئایینە بکە، بەو خاوەن قەرزانە دەڵێت: هەرچیتان دەست کەوت هەر ئەوەیە و لەوە زیاتر هیچتان ناکەوێت!

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ماڵی ئەو پیاوە قەرزارەی داگیر نەکرد... هەراجی نەکرد... نەیخستە زیادکردنی ئاشکراوە... ماڵ و منداڵی فڕێ نەدایە دەرەوە... ئەو قانونەی کە سۆز و میهرەبانی تێدا نییە شایانی ئەوە نییە ڕێزی لێ بگیرێت، ئەگەرچی حوکمی سەر ئەرزیش بکات!

لەوانەیە کەسێک بڵێت دەی باشە تاوانی خاوەن قەرز چییە تا پێی نەدرێتەوە؟

ئەو پرسیارە پرسیارێکی دروستە، بەڵام پرسیارێکی تری ڕووبەڕوو دەکرێتەوە: دونیا شوێنی پاداشتە، یان کار و کردەوە؟ شوێنی چاندنە یان دروێنە؟

بێگومان تۆ بڕوات وایە کە دونیا شوێنی کار و کردەوەیە، نەک پاداشت... شوێنی چاندنە، نەک دروێنە... دەی لە هەندێک مافی خۆت خۆش ببە و پشت بە خوای گەورە ببەستە...



Scanned with Cam

عَنْ حُذَيْفَةَ، قَالَ: أُتِيَ اللهُ بِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِهِ آتَاهُ اللهُ مَالًا، فَقَالَ لَهُ: مَاذَا عَمِلْتَ فِي الدُّنْيَا؟ قَالَ: وَلَا يَكْتُمُونَ اللهَ حَدِيثًا، قَالَ: يَا رَبِّ آتَيْتَنِي مَالَكَ، فَكُنْتُ أُبَايِعُ النَّاسَ، وَكَانَ مِنْ خُلُقِي الْجَوَازُ، فَكُنْتُ أَتَيَسَّرُ عَلَى الْمُوسِرِ، وَأُنْظِرُ الْمُعْسِرَ، فَقَالَ اللهُ: أَنَا أَحَقُّ بِذَا مِنْكَ، تَجَاوَزُوا عَنْ عَبْدِي، فَقَالَ عُقْبَةُ بْنُ عَامِرٍ الْجُهَنِيُّ، وَأَبُو مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيُّ، هَكَذَا سَمِعْنَاهُ مِنْ فِي رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. رواه مسلم.

واتە: حوزەیفە دەفەرموێت: بەندەیەک لە بەندەکانی خوایان هێنایە خزمەت خوای گەورە، خوای گەورە سەروەت و سامانی زۆری پێ بەخشیبوو، پێی فەرموو: لە دونیادا چیت کرد؟

وتی: هیچ قسەیەک لە خوا ناشاردرێتەوە، پیاوەکە وتی: پەروەردگارا! سامانێکی زۆرت پێ دام، منیش شتم بە خەڵکی دەفرۆشت، یەکێک لە ئاکارەکانم ئەوە بوو چاوپۆشیم لە خەڵک دەکرد، کارئاسانیم بۆ ئەوانە دەکرد کە دەوڵەمەند بوون، قەرزیشم بە هەژاران دەدا و چاوەڕوانیان دەبووم و زۆرم بۆ نەدەهێنان...

خوای گەورە فەرموێت: من لە تۆ زیاتر شایانی چاوپۆشیم، چاوپۆشی لەم بەندەیەم بکەن...

عوقبەی کوڕی عامر و ئەبومەسعودی ئەنساری فەرموویان: ئێمەش ڕێک وامان لە پێغەمبەر(ﷺ) بیستووە!



Scanned with Cam



# ئەوە چیتە عەمر؟

لە کۆتاییدا دڵی عەمری کوڕی عاص ڕۆشنایی تێکەوت... لە مەککە دەرچوو، دەیەویست بچێتە مەدینە و لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) مسوڵمان ببێت... لە ڕێگادا گەیشتە خالیدی کوڕی وەلید، ئەویش دەیەویست بەرەو مەدینە بچێت... پیاوماقووڵێک و دلێرترین سواری قورەیش بە یەک ڕۆژ دەیانەویست بچن و مسوڵمان ببن... ئای لەم ئایینە گەورەیە کە پێش ئەوەی شارەکان ڕزگار بکات، دڵەکان ڕزگار دەکات! پێش ئەوەی دەست بەسەر دار و بەردا بگرێت، دەست بەسەر ویژدان و دڵەکاندا دەگرێت...

کاتێک عەمری کوڕی عاص گەیشتە مزگەوتی مەدینە، بە پێغەمبەری(ﷺ) وت: دەستت بێنە با بەڵێنت پێ بدەم و مسوڵمان ببم!

پێغەمبەر(ﷺ) دەستی ڕاستی هێنایە پێشەوە، بەڵام عەمر دەستی گرت!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە چیتە عەمر؟

عەمر گوتی: دەمەوی مەرجت لەسەر دابنێم!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: چی بە مەرج دەگری؟

عەمر گوتی: لێم خۆش ببە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی تۆ نازانی مسوڵمانبوون تاوانەکانی پێشوو دەسڕێتەوە؟



Scanned with Can

هەموو تەوبەکردنێک نوێکردنەوەی مسوڵمانبوونە!

دەی زووبە ڕوو لە خوای گەورە بکە و تاوانەکانت هەرچەندە گەورەش بن، نەبنە لەمپەری گەڕانەوەت بۆ لای خوا!

هیچ تاوانێکیش هێندەی شیرک گەورە نییە، نە زینا، نە دزی، نە پیاوکوشتن، نە ڕیبا، نە ڕییا، هەرهەموو ئەوانە لە شیرک بچووکترن، لەگەڵ ئەوەشدا هەرکاتێک مرۆڤی موشریک واز لە شیرک بهێنێت و مسوڵمان ببێت، خوای گەورە لێی خۆش دەبێت... دەی بێگومان خوا زیاتر و زووتر لە مسوڵمان خۆش دەبێت!

تاوانەکانت هەرچەندە لە بەرچاوت مەزن بن، خوا هەر لێی خۆش دەبێت... گوناهی خەڵکی هەرچەندە گەورە بێت، سۆز و بەزەیی و بەخشینی خوا گەورەترە...

تەوبەکردن سێ مەرجی هەیە:

یەکەم: کتوپڕ واز لە تاوانەکانت بهێنێت...

دووەم: پەشیمان ببیەوە و دڵی خۆت لەسەر ئەوە دابمەزرێنیت کە جارێکی تر نەچیتەوە سەر ئەو تاوانانە، جا ئەگەر خۆتت پێ ڕانەگیرا و دووبارە تاوانەکانت ئەنجام دایەوە، دووبارە تەوبە بکەرەوە... یەکێک لە خۆشەویستترین فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە لای منەوە ئەم فەرموودەیەیە:

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: مَا مِنْ عَبْدٍ مُؤْمِنٍ إِلَّا وَلَهُ ذَنْبٌ يَعْتَادُهُ؛ الْفَيْنَةَ بَعْدَ الْفَيْنَةِ، أَوْ ذَنْبٌ هُوَ مُقِيمٌ عَلَيْهِ لَا يُفَارِقُهُ حَتَّى يُفَارِقَ، إِنَّ الْمُؤْمِنَ خُلِقَ مُفَتَّنًا تَوَّابًا نَسِيًّا إِذَا ذُكِّرَ ذَكَرَ. رواه الطبراني.

واتە: ئیبنوعەباس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: هیچ بەندەیەکی مسوڵمان نییە کە تاوانێکی نەبێت خووی پێوە نەگرتبێت

و ماوەماوە ئەو تاوانە ئەنجام نەدات، یان تاوانێکی نەبێت کە بەردەوام بیکات و لەسەری ڕانەهاتبێت و هەتا مردن لێی جیا نەبێتەوە، بەڕاستی مسوڵمان وا دروست کراوە کە تاقی بکرێتەوە و تەوبە زۆر بکات و تەوبەکەی لە بیر بچێتەوە، دوایی کە تاوانەکەی ئەنجام دایەوە و دیسان تەوبەکەی بیر دەکەوێتەوە.

سێیەم: گەڕاندنەوەی هەموو ئەو مافانەی کە مافی خەڵکە و لەسەریەتی، ئەگەر ماڵی کەسێکی بە ناهەق بردبوو دەبێت بۆی بگێڕێتەوە، ئەگەر زەوی کەسێکی داگیر کردبوو، دەبێت بیداتەوە، ئەگەر بەشە میراتی کەسێکی خواردبوو، دەبێت بۆی قەرەبوو بکاتەوە!

ئەگەر ڕۆژانە هەزار تاوان بکەیت، ئەوا هەزارویەک تەوبە بکە... شەیتان زۆر پێی خۆشە کە بەندەکانی لە سۆز و بەزەیی خوا نائومێد ببن... نەکەی نائومێد ببیت!



# (ثمامة) ئازاد بکەن!

پێغەمبەر(ﷺ) کۆمەڵێک سەربازی نارد بەرەو نەجد... لە کاتی گەڕانەوە دیلێکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو کە کەسیان نەیاندەناسی... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە دەزانن کێتان بە دیلی گرتووە؟ ئەوە (ثمامەی کوڕی أثال)ـە، گەورەی یەمامەیە، بە جوانی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەن!

ئەوانیش لە نزیک مزگەوتدا ئەویان کردە زیندانەوە، پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵەوە هەرچییان بخواردایە بەشی ئەویشی دەنارد، بەڵام دڵی (ثمامة) نەرم نەبوو...

پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هات بۆ لای (ثمامة) و فەرمووی: (ثمامة) گومانت چۆنە بەرامبەرم؟

(ثمامة)وتی: گومانم باشە ئەی موحەممەد! ئەگەر بمکوژی ئەوە کەسێک دەکوژی کە تۆڵەی دەسێنرێتەوە، ئەگەر چاکەیشم لەگەڵدا بکەیت، ئەوە چاکە لەگەڵ کەسێکدا دەکەیت کە سوپاسگوزارە... ئەگەر سەروەت و سامانیشت دەوێت، چیت دەوێت داوا بکە با بتدەمێ؟

دوو ڕۆژ ئەو جۆرە گفتوگۆیە لەنێوان پێغەمبەر(ﷺ) و (ثمامة)دا بەردەوام بوو... ڕۆژی چوارەم پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ثمامة) ئازاد بکەن!



Scanned with Cam

(ثمامـة) ئـازاد کـرا... ڕۆیـی تـا گـەیشت بـە دارخورمایەکـی نزیک مزگەوت، لەوێ خۆی شۆرد و گەڕایەوە و بە پێغەمبەری(ﷺ) گوت: شایەتی دەدەم کە هیچ خودایەک جگە لە زاتی الله بوونی نییە و تۆش پێغەمبەری خودایت!

دوایی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! بە خوا لەم سەرزەوییەدا هیچ کەسێکم هێندەی تـۆ ڕقلێنەبـوو، بەڵام ئێستا لە دونیادا هیچ کەسێکم هێندەی تۆ خۆش ناوێت! سەربازەکانی تۆ منیان دیل کرد، ئێستا من دەمەوێت عەمرە بکەم، پێت چۆنە؟

پێغەمبـەر(ﷺ) مزگێنـی دایـە (ثمامـة) و فەرمـووی: عەمـرە بکـە... کاتێک گەڕایەوە بۆ مەککە و خەڵکی زانییان مسوڵمان بووە، پێیان گوت: وازت لـە ئایینی بابوباپیرت هێناوە و چوویتـە سـەر ئایینێکی تر!

ئەویش وتـی: نەخێر! من لەگـەڵ موحەممـەدا مسوڵمان بووم، بەو خوایە هەتا موحەممـەد مۆڵەتم پێ نـەدات لـە یەمامـەوە یـەک دەنکـە گەنمتان بۆ نایەت!

بەڵـێ... (ثمامـة) مسـوڵمان بـوو ئەممـا مسـوڵمان! خـوای گـەورە بەهۆی (ثمامة)وە سوودێکی زۆری بە ئایینی ئیسلام گەیاند... دوای وەفاتـی پێغەمبەریش(ﷺ) کاتێک بەشێکی یەمامـە پاشـگەز بوونـەوە و شـوێن موسـەیلەمەی درۆزن کەوتـن، (ثمامـة) دەورێکـی گـەورەی بینی، وتارێکی بۆ خەڵکی خوێندەوە و هانی دان شوێن موسـەیلەمە نەکـەون و پاشـگەز نەبنـەوە... بـەو جـۆرە هـاوڕێ و خـزم و کـەل و هۆزەکەی خۆی هـان دا تـا توانی سـێ هـەزار سـەرباز کۆ بکاتـەوە و لەگـەڵ سـوپای ئیسـلامدا دژ بـە موسـەیلەمە بجەنگن...

پیـاوی بەڕێـز و گـەورە و مـەزن بـە ڕەفتـاری چـاک و کـردەوەی چـاک دەگیرێـت...



Scanned with Cam

ئەحنەفی کوڕی قەیس دەڵێت: هەرکەسێک چاکەیەکم لەگەڵدا بکات، منی کردووە بە یەخسیری خۆی!

ئێوەش بە چاکە خەڵکی یەخسیر بکەن، خۆ ئەگەر کەسی بەرامبەر شایانی چاکە بێت، ئەوا شایانیەتی، ئەگینا تۆ خۆت شایانی چاکەی...

کاتێک پیاو پیاوە و دەتوانێت چاکە بکات لەگەڵ دوژمندا، دەسەلاتی بە سەریدا هەبێت، ئەگینا چاکەی کاتی لاوازی و بێدەسەلاتی چاکە نییە!

بەلام دەبێت مرۆڤ وریا بێت هەموو کاتێک کاتی چاکە نییە، بۆ نموونە کاتێک دوژمن دێت و خاکت داگیر دەکات -ئیتر لەژێر هەر ناوێکدا بێت، ئازادی، یان مافی ژن، یان مافی هەژاران، یان-- نابێت چاکەی لەگەڵدا بکەیت و پێشوازی لێ بکەیت، بەڵکوو دەبێت ڕووبەڕووی ببیتەوە و لەگەڵیدا بجەنگی!



Scanned with Cam



# بەپێی توانا نوێژ بکەن!

پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی چووە نێو مزگەوتەوە، بینی لە مزگەوتدا گوریسێک بەستراوە بە دوو کۆڵەکەوە لە کۆڵەکەکانی مزگەوت...
فەرمووی: ئەمە چییە؟

گوتیان: ئەوە هی دایە زەینەبە، شەوانە ئەوەندە شەونوێژ دەکات تا کفت وکەلەلا دەبێت، ئیتر دەست بەو گوریسەوە دەگرێت...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بیکەنەوە... هەرکەسێک لە ئێوە با بەپێی توانا نوێژ بکات، هەرکاتێک کفت و ماندوو بوو، با پشوویەک بدات...

بێگومان ئەو شەونوێژە هەر هەمووی بۆ دایە زەینەب نووسراوە، هەرچەندە ماندووش بووبێت، بەلام پێغەمبەری مەزن(ﷺ) بەپێی ئایەتێکی قورئان کە پێشتر بۆی دابەزیبوو، ئەو قسەیەی فەرموو، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ﴾ البقرة: ١٨٥ واتە: خوا ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و نایەوێت پەرستن و فەرزەکانتان لەسەر قورس و گران بکات.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیەوێ ئێمە بە گوێرەی توانای خۆمان ڕوو لە خوای گەورە بکەین و نوێژ و ڕۆژوو و خێر و کار و کردەوەی چاکمان بە گوێرەی توانای خۆمان بێت و زەرەرو زیان بە خۆمان نەگەیەنین...



Scanned with Can

ڕاستە ئێمە هەموو تەمەنمان لە نوێژکردندا تەواو بکەین مافی خوای گەورەمان بە تەواوی نەداوە... ئەگەر بەردەوام بەڕۆژوو بین، هیچمان بۆ خوا نەکردووە، بەڵام خوای گەورە نایەوێ ئێمە خۆمان خۆمان لەناو بەرین... خوای گەورە گرنگی بە بەندەکانی دەدات... یەکێک لە سۆز و بەزەیی و گرنگیدانەکانی خوای گەورە ئەوەیە مۆڵەتی پێداوین هەندێک شت هەیە نەیکەین و کارئاسانی بۆ کردووین... بۆ نموونە:

ئەگەر لە مانگی ڕەمەزاندا کەسێک سەفەری کرد، دەتوانێت لە کاتی سەفەرەکەیدا ڕۆژوو نەگرێت و دوای مانگی ڕەمەزان ڕۆژووەکەی بگرێتەوە...جارێک لە غەزایەکدا هەندێک لە مسوڵمانان لە کاتی سەفەردا ڕۆژوویان گرت، هەندێکیش بەڕۆژوو نەبوون، پێغەمبەر(ﷺ) نە پەسنی ئەوانەی کرد کە بەڕۆژوون، نە سەرکۆنەی ئەوانەی کرد کە ڕۆژووەکەیان شکاندبوو، بەڵکوو پێغەمبەر(ﷺ) خەڵکەکەی سەرپشک کرد تا خۆیان بە ئارەزووی خۆیان بکەن و بەپێی توانای خۆیان بکەن، بەڵام جارێکی تر و لە کاتێکی تردا فەرمووی: ڕۆژووگرتن لە سەفەردا باش نییە!

هەروەها خوای گەورە مۆڵەتی داوە بە مسوڵمانان لە کاتی سەفەردا -بەپێی ئەو مەرجانەی کە دیاری کراوە- نوێژەکان کۆ و کورت بکاتەوە... ئەوە دیاری خوایە بۆ بەندەکانی...

ئەوەی کە لەم بابەتەوە دەردەکەوێت، ئەوەیە کە ئەم ئایینە پاکە بە گوێرەی زانست و ژیری وەردەگیرێت، نەک بە گوێرەی عاتیفە... هەرکەسێک پزیشکی مسوڵمانی دادگەر پێی بڵێت: ڕۆژووگرتن زیانی گەورەی بۆ تۆ هەیە، ئەوە خێر لەوەدایە ئەو ڕەمەزانە ڕۆژوو نەگرێت و دوای بخات تا چاک دەبێتەوە، خۆ ئەگەر نەخۆشییەکەی



Scanned with Cam

درێژخایەن بوو، ئەوا بە فیدیە چارەسەری بکات... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴿٢٩﴾﴾ النساء: ٢٩ واتە: خۆتان خۆتان مەکوژن، بەڕاستی خوای گەورە دەرهەق بە ئێوە بەبەزەیی و میهرەبانە...

بەم پێودانگە هەموو جۆرە خواپەرستییەکانی تر بپێوە و لێی ڕامێنە!



Scanned with Can



## بۆ ئاسانکاری نێردراون!

جارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵاندا لە مزگەوتدا دانیشتبوو... لەپڕ پیاوێکی دەشتەکی هاتە ژوورەوە و گوتی: خوایە بەزەیییت بە من و موحەممەددا بێتەوە و بەزەیییت بە کەسی تردا نەیەتەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی تەسکت کردەوە!

زۆری پێنەچوو پیاوەکە هەستا لە سووچێکی مزگەوتەوە دەستی کرد بە میز کردن، هاوەڵان ویستیان پەلاماری بدەن و میزەکەی پێ ببڕن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لێیگەڕێن! میزەکەی پێ مەبڕن...

دوای ئەوەی کابرای دەشتەکی لە میزکردن بوویەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دۆلچەیەک ئاو بێنن و بیکەن بەسەر میزەکەدا...

دوایی پێغەمبەر(ﷺ) -وانەیەکی گەورە و گرنگی پێشکەش کرد- و بە هەمووانی فەرموو: ئێوە بۆ ئاسانکاری نێردراون. نەک بارگرانی!

وانەی یەکەم:

هەر پەسندان و مەتحێک پێچەوانەی شەرع بوو، پێتخۆش نەبێت... ئەوەتا ئەو دەشتەکییە وتی: خوایە بەزەیییت بە من و موحەممەددا بێتەوە و بەزەیییت بە کەسی تردا نەیەتەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی تەسکت کردەوە!



Scanned with Cam

پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕاگەیاند کە سۆز و بەزەیی خوا زۆر لەوە زیاترە ئەو لێی تێگەیشتووە...

جارێک (ابن هانئ)ـی ئەندەلوسی ڕۆیشت بۆ لای (المنصور) و پێی گوت:

به ویستی خۆت، نەک بە ویستی چارەنووس
بڕیار بدە، تۆ تاک و گەورە و سەرداری
تۆ ڕێک وەکو پێغەمبەر موحەممەدی
هاوەڵانت وەکو هاوڕێی ئەنصاری

(المنصور) لێی تووڕە بوو، فرمانی دەرکرد شەللاقی لێبدرێت و سوێندیشی خوارد، وتی: نابێت من و تۆ لەیەک ولاتدا نیشتەجێ بین، بۆیە (ابن هانئ)ـی دوور خستەوە بۆ ولاتی مەغریب!

وانەی دووەم:

مرۆڤ کوڕی دەوروبەرە... سروشتی بەپێی دەروبەرە، میزاجی ئەو میزاجەیە کە لە دەوروبەردا بۆی دروست دەبێت... ئەو پیاوە دەشتەکییە پێی ئاسایی بوو بە بەرچاوی هەموانەوە و لە سووچێکی مزگەوتدا میز بکات، چونکە ئەوە لە لای دەشتەکییەکان عەیب نەبوو، هاوەڵان ویستیان لێی تووڕە ببن، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) بە نەرمونیانی لەگەڵیدا جووڵایەوە... بەو کارەیشی وانەی نەرمونیانی فێری هاوەڵانی خۆی کرد... کەچی لەولاوە مستیلەی لە پەنجەی پیاوێکی ئەنصاری دەرهێنا و فڕێی دا و فەرمووی: ئەوە بۆ پشکۆیەک لە ئاگر دەخەنە دەستی خۆتانەوە؟

ئێوەش بزانن خوو و خدەی خەڵکی چۆنە، بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن...



Scanned with Cam

وانەی سێیەم:

مرۆڤی ژێر داهاتوو لەبەرچاو دەگرێت و لەناو کۆمەڵێک زیاندا کەمترین زیان هەڵدەبژێرێت...

پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی کرد تا میز بەو پیاوە نەبڕن، چونکە ئەگەر میزەکەیان پێ ببڕیایە ئەوە دەبووە زیان بۆ تەندروستی ئەو پیاوە، جگە لەوەش جلوبەرگیشی بێنوێژ دەبوو... دواتر جگە لەو شوێنەی کە میزی تێکرد، شوێنی تریشی میزاوی دەکرد...

کەواتە: ڕەچاوکردنی کەمترین زیان کارێکی گەورەیە و دەبێت هەموو کەسێکی ژێر ئەوەی لەبەرچاو بێت و بژاردەکانی زۆرترین قازانج و کەمترین زیانیان لێ بکەوێتەوە...

وانەی چوارەم:

ئێوە بۆ ئاسانکاری نێردراون، نەک بۆ بارگرانی...

خوای گەورە بەهۆی نەرمونیانییەوە هەندێک دڵ نەرم دەکات، کە بە هێزی شمشێر نەرم نابن... بەهۆی نەرمونیانیەوە ڕێنوێنی هەندێک دڵ دەکات، کە بە زەبروزەنگ و توندوتیژی ڕێنوێنی ناکرێن...

ئەگەر مرۆڤی تاوانبار هیچ میهرەبانی و چاکەیەک لە بابای بانگخواز نەبینێت، چۆن دڵی نەرم دەبێت و تەوبە دەکات؟

زۆرجار بانگخوزای ناحاڵی و توندوتیژ بووەتە هۆکاری تاوانی خەڵکانێک کە چاوەڕوانی میهرەبانی بوون، کەچی بە ڕەقی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە...

کاری ئێمە ئەوەیە خەڵک بۆ لای خوای گەورە بانگ بکەین، بیانخەینە سەر ڕێگای ڕاست... نەک بەرەو دۆزەخ پاڵیان بنێین!



Scanned with Cam



## شایەتی خوزەیمە
## لە جێی شایەتی دوو پیاوە!

عَنْ عُمَارَةَ بْنِ خُزَيْمَةَ، أَنَّ عَمَّهُ، حَدَّثَهُ وَهُوَ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ ابْتَاعَ فَرَسًا مِنْ أَعْرَابِيٍّ، فَاسْتَتْبَعَهُ النَّبِيُّ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ لِيَقْضِيَهُ ثَمَنَ فَرَسِهِ، فَأَسْرَعَ رَسُولُ اللهِ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ الْمَشْيَ وَأَبْطَأَ الأَعْرَابِيُّ، فَطَفِقَ رِجَالٌ يَعْتَرِضُونَ الأَعْرَابِيَّ، فَيُسَاوِمُونَهُ بِالْفَرَسِ وَلاَ يَشْعُرُونَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ ابْتَاعَهُ، فَنَادَى الأَعْرَابِيُّ رَسُولَ اللهِ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ، فَقَالَ: إِنْ كُنْتَ مُبْتَاعًا هَذَا الْفَرَسَ وَإِلاَّ بِعْتُهُ ؟ فَقَامَ النَّبِيُّ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ حِينَ سَمِعَ نِدَاءَ الأَعْرَابِيِّ، فَقَالَ: أَوْ لَيْسَ قَدِ ابْتَعْتُهُ مِنْكَ ؟ فَقَالَ الأَعْرَابِيُّ: لاَ، وَاللهِ مَا بِعْتُكَهُ، فَقَالَ النَّبِيُّ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ: بَلَى، قَدِ ابْتَعْتُهُ مِنْكَ فَطَفِقَ الأَعْرَابِيُّ، يَقُولُ هَلُمَّ شَهِيدًا، فَقَالَ خُزَيْمَةُ بْنُ ثَابِتٍ: أَنَا أَشْهَدُ أَنَّكَ قَدْ بَايَعْتَهُ، فَأَقْبَلَ النَّبِيُّ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ عَلَى خُزَيْمَةَ فَقَالَ: بِمَ تَشْهَدُ؟ فَقَالَ: بِتَصْدِيقِكَ يَا رَسُولَ اللهِ فَجَعَلَ رَسُولُ اللهِ صَلى اللهِ عَلَيْهِ وَسَلمَ شَهَادَةَ خُزَيْمَةَ بِشَهَادَةِ رَجُلَيْنِ. رواه ابوداود.

واتە: عومارەی كوڕی خوزەیمە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: مامم كە یەكێك بووە لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆی گێڕامەوە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەسپێكی لە پیاوێكی دەشتەكی كڕی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دوام كەوە تا لە ماڵەوە با نرخی ئەسپەكەت پێ بدەم... پێغەمبەر(ﷺ) بە خێرایی بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت و كابرای دەشتەكیش بە هێواشی دوابەدوای پێغەمبەر(ﷺ) دەڕۆیشت... لە ڕێگادا هەندێک



Scanned with Cam

کەس داوای ئەسپەکەیان لە پیاوەکە کرد و مامەڵەیان کرد، ئەو پیاوانە نەیانزانیبوو کە پێغەمبەر(ﷺ) کڕیویەتی، پیاوەکە بانگی پێغەمبەری(ﷺ) کرد و وتی: ئەگەر ئەم ئەسپەم لێ دەکڕی ئەوە باشە، ئەگینا دەیفرۆشم! هەر کە پێغەمبەر(ﷺ) گوێی لە دەنگی پیاوەکە بوو هەستایە سەر پێی و فەرمووی: ئەی من لێم نەکڕیوی؟ پیاوەکە وتی: نەبەخوا پێم نەفرۆشتووی! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڕێ وەڵلا من ئەسپەکەم لێ کڕیوی...

پیاوەکە دانی پیانەنا و داوای شایەتی کرد... خوزەیمەی کوڕی ثابیت گوتی: من شایەتم کە پێت فرۆشتووە!

پێغەمبەر(ﷺ) ڕووی کردە خزەیمە و فەرمووی: چۆن شایەتیم بۆ دەدەی؟

خوزەیمە فەرمووی: بە ڕاستگۆییت ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)....

ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە پێغەمبەر(ﷺ) شایەتی خوزەیمەی بە شایەتی دوو پیاو وەردەگرت.

دوای ئەوەی لە سەردەمی حەزرەتی ئەبوبەکردا دەست کرا بە کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز -کە زەیدی کوڕی ثابیت سەرۆکی لیژنەکە بوو- زەید هەر ئایەتێکیان بۆ دەهێنا هەتا دوو پیاو شایەتی لەسەر نەدایە کە خۆیان ئەو ئایەتەیان لە دەمی پێغەمبەرەوە(ﷺ) بیستووە، نەیدەنووسییەوە...

کاتێک زەید گەیشتە نووسینەوەی سورەتی (الاحزاب) ئایەتێکی لە بیر چوو بوو، هەرچی کردی وەبیری نەهاتەوە، خوزەیمە هات و گوتی: ئەو ئایەتە ئەمەیە: ﴿مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾﴾ الأحزاب: ٢٣ واتە: مەردانێکی زۆر هەن لە ئیمانداران ئەو پەیمانەی داویانە بە خودا،



Scanned with Cam

ڕاستیان کرد لەسەری ژیان و پابەند بوون پێوەی و لایان نەدا لێی، جا هەیانە پەیمانەکەی جێبەجێ کرد و مرد لە سەری، هەشیانە چاوەڕوانە، بە هیچ شێوەیەک گۆڕان و لاری ڕووی تێنەکردوون.

زەید گوتی: شایەتی خوزەیمە لە جێی شایەتی دوو پیاوە، پێغەمبەر(ﷺ) وای فەرمووە... ئیتر ئەو ئایەتەی نووسییەوە و داوای شایەتێکی تری نەکرد... ئەوەتا ئێمەش هەتا ڕۆژی قیامەت هەر دەیخوێنین و دەمێنێتەوە!

خوای گەورە فرمانی پێ کردوین بۆ ئەوەی ئەمانەت بپارێزین و مافەکان نەخورێن، گرێبەستی کڕین و فرۆشتن بنووسینەوە... مافی کڕیار و مافی فرۆشیای تێدابێت... مافی قەرزار و مافی خاوەن قەرزی تیابێت... مافی کرێکار و مافی خاوەنکار، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هەرکەسێک خاوەنی قسەی خۆی نەبێت، بڕوا بە گرێبەستیش ناکات!

خەڵک وا دەزانێت پەیداکردنی سەروەت و سامان ئیتر هەرچۆنێک بێت، زیرەکییە... ڕێک وەک ئەو پیاوە دەشتەکییەی کە نرخێکی زیاتریان بە ئەسپەکەی دا، ئیتر لە ئەسپفرۆشتنەکەی پەشیمان بوویەوە و سوێندی ناهەقیشی خوارد...

خەڵک ئاگای لەوە نییە کە حەڵاڵ کۆتایی ڕێگایە و دەڕوات، ئیتر چ جای حەرام؟

جگە لەوانەش مسوڵمان بڕوای بە فەڕ و بەرەکەت هەیە، هەر شتێک سوێندی ناهەقی تێدا خورا، درۆی تێدا کرا، بەڵێنشکێنی تێدا کرا، ئەوە ئیتر فەڕ و بەرەکەتی تێدا نامێنێت... دوای ئەوەش مردن و هەق و حیساب هەیە... دەی با هەموان ئاگادار بین!



Scanned with Cam



# دەروونی پاک و بێگەرد!

پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵاندا لە مزگەوتدا دانیشتبوو... فەرمووی: یەکەم کەس کە لەم دەرگایەوە دێتە ژوورەوە، پیاوێکی بەهەشتییە... پاش کەمێک عەبدوڵڵای کوڕی سەلام هاتە ژوورەوە، هەندێک لە هاوەڵان بە پیریەوە چوون و فەرموودەکەی پێغەمبەریان(ﷺ) بۆ گێڕایەوە و لێیان پرسی: باشترین کار و کردووەیەک کە خۆت پێتوایە دەتباتە بەهەشت، کامەیە؟

فەرمووی: من پیاوێکی لاوازم، ئەوەی کە پێموایە دەمباتە بەهەشتەوە، ئەوەیە کە سینەم پاک و بێگەردە، هەرشتێک پەیوەندی بە منەوە نەبێت خۆمی تێهەڵناقورتێنم!

عەبدوڵڵای کوڕی سەلام هاوەڵێکی بەڕێزی پێغەمبەر بوو، لە نەوەی حەزرەتی یوسف بوو، یەکێک بوو لە زانایانی بەنی ئیسرائیل، ڕۆژێک هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: من سێ پرسیارت لێ دەکەم، هەرکەس پێغەمبەر نەبێت وەڵامەکانی نازانێت...

یەکەم: یەکەم نیشانە و مەرجی هاتنی قیامەت چییە؟

دووەم: یەکەم شتێک کە بەهەشتییەکان دەیخۆن چییە؟

سێیەم: منداڵ چۆن لە دایک و چۆن لە باوکی دەچێت؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کەمێک لەمەوپێش جوبرەئیل وەڵامی ئەو پرسیارانەی پێ گوتم...



Scanned with Cam

یەکەم: یەکەم نیشانە و مەرجی قیامەت ئاگرێکە لە ڕۆژهەلاتەوە دەکەوێتەوە و خەلک بەرەو ڕۆژئاوا ڕاو دەنێت...

دووەم: یەکەم شتێک کە بەهەشتییەکان دەیخۆن، زیادەی جەرگی نەهەنگە...

سێیەم: سەبارەت بە مندال، ئەوە ئەگەر ئاوی پیاو پێش ئاوی ژن کەوت، مندالەکە لە پیاوەکە دەچێت، ئەگەر ئاوی ژنیش پێش کەوت بەسەر ئاوی پیاودا، ئەوە مندالەکە لە ژنەکە دەچێت...

عەبدوللا گوتی: شایەتی دەدەم کە تۆ پێغەمبەری خودای!

ئەم دوو ئایەتەی قورئان لە بارەی عەبدوللاوە هاتە خوار، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾ الأحقاف: ١٠ واتە: هەروەها پێیان بڵێ: هەواڵم بدەنێ، باشە ئەی ئەوە چۆنە و حاڵتان چۆن دەبێت ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن خواوە بێت و ئێوە ئاوا بڕوای پێ نەکەن؟ هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە شایەتێک لە نەوەی ئیسرائیل شایەتی داوە کە چ تەورات و چ قورئان لەیەک سەرچاوەوەیە، ئەوە باوەڕی هێنا بە پێغەمبەر(ﷺ) و قورئان، کەچی ئێوە خۆتان بە زل و گەورە زانی و باوەڕتان نەهێنا... بێگومان خوا هیدایەت و ڕێنموویی دەستەی ستەمکاران نادات.

هەروەها ئایەتی: ﴿ ۞ لَيْسُوا۟ سَوَآءً ۗ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴿١١٣﴾ ﴾ آل عمران: ١١٣ واتە: گاور و جوو، هەموویان یەکسان و چونیەک نین، بەڵکوو لە خاوەنانی کتێب دەستەیەک لە ئیماندارانیان هەن، ئایەتەکانی خوا لە کاتەکانی شەودا دەخوێننەوە و نوێژ دەکەن و سوژدە دەبەن.

ئەوەی لێرە مەبەستمانە ئەوەیە، کە سینەسافی و دوورکەوتنەوە لە ڕق و کینە، یەکێکە لە هۆکارە گەورەکانی چوونە بەهەشت... سینەسافی هەر لە



Scanned with Can

دونیادا بەهەشتیکە بۆ خۆی... ئەو مرۆڤەی کە دڵی پڕە لە ڕق و کینە، نە چێژ لە بەختەوەری وەردەگری، نە لەگەڵ کەسدا بەختەوەرە...

ئەو کەسەی دڵی پڕە لە ڕق و کینە، هەرگیز چێژ لە نازونیعمەتەکانی خوای گەورە وەرناگریت، چونکە هەمیشە چاوی لە دەستی خەڵکە و دەیەویت بزانی خەڵک چی دەکەن و چی دەخۆن و چی دەپۆشن؟ جا ئەو جۆرە کەسانە هیچ کاتیکیان بۆ نامینیتەوە تا خەڵکیان تیا خۆش بویت، بەڵکوو زۆر جار ڕقیشیان لە خۆیان دەبیتەوە!

یەکێک لە باشترین و گەورەترین نازونیعمەتەکانی خوای گەورە، سینەیەکی پاک و بیگەردە... سینەیەک خاڵی لە غەش و خیانەت و ڕق و کینە... خاڵی لە گیانی تۆڵەسەندنەوە... خاڵی لە پیسوچەپەڵی... دڵ و سینەی پێغەمبەران پاک و ساف و بیگەرد بوو... هەرکەسێک دڵ و سینەی پاک و سافی هەیە، با بە باشی پاریزگاری لێ بکات و لە دەست خۆی نەدات و بە هیچ جۆرە پیسییەک پیسی نەکات...

مرۆڤ چۆن پێویستە کە سینە و دڵی خۆی بپاریزێت، ئاوا پێویستە ئاگای لە دڵ و سینەی خەڵکیش بێت... ئەگەر جارێک لە جاران هەڵەیەکت کرد، یەکسەر داوای لێبووردن بکە بۆ ئەوەی دڵی کەسی بەرامبەرت پاکوخاوێن بێتەوە... ئەگەر کەسێک بەرامبەرت هەڵەی کرد، لێی ببوورە، ڕق مەخەرە دڵی خۆتەوە، چونکە ڕق پیسترین شتە کە دەچێتە ناو دڵەوە...

هەروەها قسەی ناخۆش و ناشیرینی خەڵک مەبە بۆ خەڵکی تر... بە فلان مەڵێ؛ فلانکەس ئاوا و ئاوای پێگوتی! ئەوە جگە لەوەی کە دووزمانییە دەبێتە مایەی ڕق و کینەش...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە هەموو کەسێک زیاتر لەسەر پاکوخاوێنڕاگرتنی دڵ و دەروون و سینەی، سوور بوو، هەموو جارێک دەیفەرموو: یەک کەس قسەی ناخۆشی یەک کەسی ترم بۆ نەگێڕێتەوە، من پێمخۆشە کاتێک لە ئێوە جیا دەبمەوە، بە دڵ و دەروون و سینەیەکی سافەوە لێتان جیا ببمەوە!



Scanned with Cam



# خواردنێك بۆ ماڵی جەعفەر ئامادە بكەن!

ئای جەعفەر! تۆ تۆ چوازنی جەعفەر كێیە؟ جەعفەر ئەو پیاوە بوو كە پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: شێوە و ئاكارت لە من دەچێت!

ئەوە سەربەرزییەك بوو بە جەعفەر بڕا... جەعفەر ئەو پیاوە زمانپاراوە بوو كە بوو بە سەرۆكی كۆچەرییەكانی حەبەشە... ئەو پیاوە مەزنە بوو كە لە لای نەجاشییدا عەمری كوڕی عاصی بەزاند، كە نوێنەر و دەمڕاستی قورەیش بوو...

جەعفەر یەكێك بوو لەو كەسانەی كە پێغەمبەر(ﷺ) زۆری خۆش دەویستن، كاتێك ئەو لە وڵاتی حەبەشە گەڕایەوە، وا ڕێكەوت لەو كاتەدا قەڵای خەیبەر ئازاد كرا... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نازانم بە كامیان زیاتر دڵخۆش بم، بە ئازادكردنی خەیبەر، یان بە گەڕانەوەی جەعفەر؟

جەعفەر سوارچاكێكی دلێر بوو... لە جەنگی مئتەدا دوای زەیدی كوڕی حارثە ئەو بوو بە سەرۆكی سوپای مسوڵمانان... دوایی جەعفەریش پلەی شەهیدی بە دەست هێنا و بە تەواوی كامڵ بوو... ئەو هاوەڵ بوو، كۆچی كرد بۆ حەبەشە، شەهیدیش كرا... ئەو لە جەنگی موئتەدا هەردوو دەستەكانی لە ئانیشكدا بڕایەوە... لەبری ئەوە خوای گەورە دوو باڵی پێ دا لە بەهەشتدا پێی دەفڕێت!

لە شاری مەدینەدادا پێغەمبەر(ﷺ) ورد ورد هەموو بەسەرهاتەكانی جەنگی موئتەی بۆ خەڵكی دەگێرایەوە... یەك یەك

سەرۆک سوپاکانی لاواندەوە کە دوابەدوای یەک شەهید دەبوون و ئەوی تر دەبوو بە سەرۆکی سوپا... دواتر هەواڵی بە هەموان دا کە خالیدی کوڕی وەلید (شمشێری هەڵکێشراوی خودا) بووە بە سەرۆکی سوپا و پاشەکشەی بە سوپاکەی کردووە... لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەو وانەیەی خالید پێشکەشی کرد، لە کۆلیژە سەربازییەکاندا بە وانە دەخوێنرێت...

ئەوێ ڕۆژێک هەرکەسە و بۆ کەسوکاری شەهیدبووی خۆی دەگریا... خەمی لەدەستدانی خۆشەویستانیان دەخوارد... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خواردنێک بۆ ماڵ و منداڵی جەعفەر ئامادە بکەن، ئێستا ئەوان شتێکیان بە سەردا هاتووە مەشغوڵی کردن و نایانپەرژێتە سەر ئامادەکردنی خواردن.

ئای لەو پێغەمبەرە چەندە مەزنە! ئای لەو ئایینە چەندە گەورەیە! خواردنێک بۆ ماڵ و منداڵی جەعفەر ئامادە بکەن...

ئەم دونیایە شوێنی لەدەستدانی خزم و کەسوکار و خۆشەویستانە... ئەمڕۆ ئێمە کەسوکارمان بەڕێ دەکەین، سبەی خۆمان بەڕێ دەکرێین... ئەمڕۆ تەرمی خەڵک بەسەر شان هەڵدەگرین، سبەی تەرمی خۆمان بەسەر شان هەڵدەگیرێت... ئەم ئایینە ئایینی سۆز و بەزەییە... هیچ شتێک زامی لەدەستدانی خۆشەویستان هێندەی ئەوە سارێژ ناکات کە خەڵک بەدەم کەسوکاریەوە بچن و سەرەخۆشییان لێ بکەن!

پێغەمبەر(ﷺ) فێرمان دەکات کە خواردن بۆ کەسوکاری مردووەکە ئامادە بکەین، چونکە ئەوانە بارودۆخێکیان بە سەردا هاتووە ماوەی ئەوەیان نییە خواردن ئامادە بکەن... ژیانیش قەرزە، ئەمڕۆ قەرز دەدەی، سبەی قەرز وەردەگریتەوە!



Scanned with Can

کاتێک ئێمە کەسێکمان لە دەست داوە خەڵکی خواردنیان بۆ ئێمە دروست کردووە، ئێمەش کاتێک ئەوان کەسێکیان لە دەست داوە خواردنمان بۆ ئەوان دروست کردووە... هەرچەند بابەتەکە لە خواردن و تێرکردنی گەدە گەورەترە، پەیوەندی بە سۆز و بەزەیی و بەدەمیەکەوەچوونەوە هەیە...

هەرشتێک لە خەم و خەفەتی کەسوکاری مردوو کەم بکاتەوە دەچێتە ژێر فرمانی: خواردنێک بۆ ماڵ و منداڵی جەعفەر ئامادە بکەن!

جاری وا هەیە کەسوکاری مردوو ماڵێکی گەورە و فراوانیان نییە بۆ ئەوەی تێیدا دابنیشن و خەڵک سەردانیان بکات و سەرەخۆشییان لێ بکات، دەی تۆ لەو کاتەدا دەرگای ماڵی خۆتیان بۆ واڵا بکە!

جاری وا هەیە هەژارن و پارەی ئەوەیان نییە پێشوازی لە خەڵک بکەن... تۆ لەو کاتەدا یارمەتییان بدە و مەهێڵە زەرد ببنەوە!

جاری وا هەیە ئەوەندە هەژارن ناتوانن قەرزی سەرشانی مردووەکە بژێرن... تۆ لەو کاتەدا مەردبە و بە گوێرەی توانا یارمەتییان بدە و خەم خەفەت لەسەر شانی زیندووەکان و قەرزیش لە کۆڵی مردووەکە بکەرەوە!

ئەم ئایینە هەر هەمووی ئەخلاق و ئاکار و ڕەوشتی جوانە... هەرکەسێک لە ئاکار و ڕەفتار و ڕەوشتی جواندا پێش تۆ کەوت، ئەوە لە تۆ باوەڕدارترە!



Scanned with Cam



# سەلمان ڕاستی گوت!

کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەشریفی هاتە شاری مەدینە، برایەتیی لەنێوان ئەنصار و موهاجیریندا دروست کرد... دوو کەس لەو کەسانە کە پێغەمبەر(ﷺ) کردنی بە برا ئەبودەردا و سەلمان بوون.. ڕۆژێک سەلمان بە مەبەستی سەردان و هەواڵپرسی ڕۆیی بۆ ماڵی ئەبودەردا... کاتێک ڕۆیشتە ژوورەوە دەبینێت ژنەکەی ئەبودەردا شپرزە و پەشێوە، ترسا شتێک ڕوویدابێت، بۆیە گوتی: ئەوە خێرە دایکی دەردا؟ خۆ هیچ ڕووینەداوە؟

دایکی دەردا گوتی: ئەبودەردای برات پێویستی بە دونیا نەماوە! -مەبەستی ئەوەبوو کە گوێی لە خۆی نەماوە، چونکە باوکی دەردا بەردەوام خەرکی خواپەرستی بوو، هەموو ڕۆژێک بەڕۆژوو بوو، شەو تا بەیانی شەونوێژی دەکرد، تەنانەت گوێی لە ژنەکەیشی نەمابوو-.

سەلمان ڕۆیی بۆ لای باوکی دەردا، کاتێک خواردن دانرا باوکی دەردا دەستی بۆ خواردنەکە نەبرد... سەلمان گوتی: بخۆ!

باوکی دەردا گوتی: بەڕۆژووم!

سەلمان گوتی: بە خوا هەتا تۆ نەخۆی منیش ناخۆم!

باوکی دەردا ڕۆژووەکەی شکاند و دەستی بە خواردن کرد... شەو داهات، باوکی دەردا ویستی هەستێت و شەونوێژ بکات، سەلمان پێی گوت: بخەوە! باوکی دەردا خەوت!



Scanned with Cam

ماوەیەک تێپەڕی و باوکی دەردا ویستی هەستێت و شەونوێژ بکات... سەلمان گوتی: بخەوە! باوکی دەردا خەوت... لە کاتی سێیەکی کۆتایی شەودا سەلمان گوتی: ئێستا هەستە شەونوێژ بکە! هەردووکیان پێکەوە هەندێک شەونوێژیان کرد... دوایی سەلمان گوتی: بەڕاستی خوای گەورە مافی هەیە بە سەرتەوە... گیانی خۆت مافی هەیە بە سەرتەوە... ژنەکەت مافی هەیە بە سەرتەوە... مافی هەموو خاوەن مافێک بدە!

بۆ بەیانی باوکی دەردا ڕۆیشتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سەلمان ڕاست دەڵێت!

شەرم و حەیا بەشێکە لە ئیمان... جوانترین خوو و ڕەوشتی ژن ئەوەیە کە بەشەرم بێت... دایکی دەردا لە ڕووی نەهات و شەرمی کرد کە بڵێ: باوکی دەردا لێم نزیک نابێتەوە، بۆیە منیش خەریکی خۆم نابم، بەڵکوو بە ئاماژە و مانا ئەوەی درکاند و گوتی: باوکی دەردا پێویستی بە دونیا نەماوە!

جارێک ژنێک هاتە خزمەت حەزرەتی عومەر و سکاڵای لە دەست مێردەکەی تۆمار کرد و گوتی: مێردەکەم هەموو ڕۆژێک بەڕۆژووە و شەویش تا بەیانی شەونوێژ دەکات...

حەزرەتی عومەر فەرمووی: دەی ئەوە پیاوێکی باشە!

ژنەکە دووبارەی کردەوە...

حەزرەتی عومەر دووبارە فەرمووی: کەواتە پیاوێکی باشە!

هەرچەند حەزرەتی عومەر زۆر زیرەک و وشیار بوو، لە هەموو قسەیەک تێدەگەیشت، بەڵام قەزاوقەدەر ئەو جارە لە مەبەستی ئەو ژنە نەگەیشت، تا موحەممەدی کوڕی موسلیمە گوتی: قوربان مەبەستی ئەوەیە لێی نزیک نابێتەوە و هاوجێگەیی ناکات!



Scanned with Cam

پاراستنی هاوسەنگی کارێکی گرنگ و پێویستە... ئەبودەرداش باشترین نموونەیە... ئەو هەرچەندە کارەکەی زۆر لە جێی خۆی نەبوو، بەڵام لەبەر ڕەزامەندی خوا وای دەکرد، ئێستا ئێمەش وامان لێهاتووە، بەڵام بە پێچەوانەی باوکی دەرداوە، نەک لەبەر خوا، بەڵکوو لەپێناو دونیادا... کابرا ژنی هێناوە، کەچی نانی ئێوارە لەگەڵ هاورێکانیدا دەخوات و دایم لە گەشت و سەیرانە و ئاگای لە ژن و منداڵەکانی نییە... شەو تا دەمی بەیانی لە گازینۆ کەوتووە و خەریکی دۆمینە و تاوڵە و کۆنکەن و ئەو شتانەیە... نزیک بانگی بەیانی بە لارە لار دەچێتەوە بۆ ماڵ و تا دوای نیوەڕۆ لێی دەخەوێت... لە خەو هەستا دووبارە لای هاورێکانی و گەڕانە و... بەو جۆرە ژیان دووبارە دەکاتەوە و نازانێت لە ماڵدا چی ڕوودەدات... ژنەکەی چی دەوێت؟ منداڵەکانی چییان دەوێت؟

کچ بۆیە مێرد دەکا بۆ ئەوەی لە ماڵی خۆیدا بحەسێتەوە... بۆ ئەوەی تووشی هەڵە و هەرزەیی نەبێت... بۆ ئەوەی مێردەکەی بۆی ببێت بە قەڵایەک و حەیا و حورمەت و ئایین و کەسایەتی خۆی پێ بپارێزێت...

بە پێچەوانەشەوە، جاری وا هەیە پیاوی داماو بەیانی تا ئێوارە کار دەکات و پاروویەکی حەڵاڵ بۆ ژن و منداڵەکانی پەیدا دەکات، ئێوارە کاتێک بە هیلاکی و ماندوویی دێتەوە، ژنەکەی لەبەر دەرگا دانیشتووە و ناچێت بە دەمیەوە و خواردنێکی تازە و چایەکی گەرمی پێشکەش ناکات... دوای نانخواردنیش دەچێت بۆ ماڵی خوشک و باوک و دەستە خوشکەکانی و ئیتر پیاوەکەش خەوی لێ دەکەوێت و بێناز دەمێنێتەوە!

بۆیە دەبێت کچ مێردی کرد و بوو بە ژن، کوڕ ژنی هێنا و بوو بە پیاو، لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیاندا هەڵبدەنەوە و ببنە قەڵا و شوورەی پۆڵایین بۆ یەکتر و نەهێڵن لەبەر هیچ شتێکی ژیان پەکیان بکەوێت!



Scanned with Cam



# تازە بکەی بە سەدان،
# کۆن بدەی بە هەزاران!

شاری مەککە ئیتر شوێنێکی باش نەبوو بۆ ئەوەی مسوڵمانان تێیدا بژین... لە هەموو لایەکەوە قورەیشییەکان ئازاری مسوڵمانانیان دەدا... پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی پێ کردن تا هەندێکیان بەرەو وڵاتی حەبەشە کۆچ بکەن، بەڵکوو لەوێ لەژێر دەسەڵاتی نەجاشیدا بحەسێنەوە و ئاهێکیان بە بەردا بێتەوە... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووبووی: بچن بۆ حەبەشە، لەوێ پادشایەکی لێیە کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودا هیچ کەسێک ستەمی لێ ناکرێت!

نەجاشی ڕێک وادەرچوو کە پێغەمبەر(ﷺ) چاوەڕوانی دەکرد...

دوو کەس لەوانەی بەرەو حەبەشە کۆچیان کرد، سەعیدی کوڕی عاص و ئومیمەی کچی خەڵەفی خوزاعی بوون، ئومیمە ژنی سەعید بوو، لە وڵاتی حەبەشە خوای گەورە کچێکی پێ بەخشین، ناویان لێنا (ئەمەت)، بەڵام لە کتێبە مێژووییەکاندا هەر بە نازناوەکەی دەناسرێتەوە و پێی دەگوترێ (دایکی خالید)، چونکە هەر شیرەخۆر بوو نازناوی دایکی خالیدیان پێ دا...

دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لە مەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەگەڵ یەکەم کارواندا سەعید و ئومیمە لە حەبەشەوە گەڕانەوە بۆ مەدینە... ئەوێ ڕۆژێ نەجاشی خۆی خواحافیزی لێ کردن و دوایی فەرمووی: سڵاوی من بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بگەیەنن!



Scanned with Can

یەکێک لەوانەی کە سلاوی نەجاشییان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەیاند (دایکی خالید) بوو، هەرچەندە ئەو کاتە زۆریش منداڵ بوو..

سەعید هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و کچەکەیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو... کچەکەی دەستێک جلوبەرگی جوانی لەبەردا بوو، پێغەمبەر(ﷺ) وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی هەندێک گەمە و شۆخی لەگەڵ ئەو کچە بچکۆلانەدا کرد و فەرمووی: سنە سنە... ئەو وشەیە وشەیەکی حەبەشی بوو، واتە: جوانە، جوانە!

دایکی خالید دەستی پێغەمبەری خوای(ﷺ) گرت و یاری بە مستیلەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد و دەیسووڕاندەوە... باوکی پێی گوت: مەکە وازبێنە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لێیگەڕێ! دوایی دەستی پیرۆزی خۆی هێنا بەسەر دایکی خالیددا و فەرمووی: أبلي و أخلقي، ثم أبلي و أخلقي، ثم أبلي و أخلقي.... واتە: جلوبەرگەکانت لەبەر بکەی تا کۆن دەبن... ئەمە وەک ئەوە وایە کە ئێستا لەنێو کوردەواریدا دەگوترێت: تازە بکەی بە سەدان، کۆن بدەی بە هەزاران!

ئەمەش نزاکردنە بۆ تەمەندرێژیی ئەو کەسە... خوای گەورە نزاکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) گیرا کرد و دایکی خالید سەدوبیست ساڵ تەمەنی کرد...

پێغەمبەر(ﷺ) بە مەبەستی شۆخی ئەو دوو وشە حەبەشییەی بەکار هێنا، چونکە دایکی خالید لە حەبەشە لە دایک ببوو و لەوێ دوو سێ ساڵی سەرەتای تەمەنی رابردبوو... ئەوەش نیشانەی گەورەیی و سۆز و بەزەیی پێغەمبەرە(ﷺ)، نەک وەک هەندێک کەس دەیکەن بە بەڵگە بۆ بەکارهێنانی وشەی ئینگلیزی لەناو قسەکانیاندا و بەو جۆرە خۆیان لە خەڵک جیا دەکەنەوە و خۆیان بە



Scanned with Cam

ڕۆشنبیر دەزانن! ئەم بابەتە باتێکە و ئەوەش بابەتێکی تر... ئەمەیان کە وشەی بێگانە بەکار دەهێنن بەڵگەیە لەسەر ناڕۆشنبیری، نەک ڕۆشنبیری. ئەمە هەستێکە لەناو چینی ئەمڕۆدا دروست بووە و زمانی خۆیان بە کەم دەزانن و تەنانەت وشەی پاراو و ڕەسەنی خۆشیان بە شێوەی وشەی بێگانە دەردەبڕن و بە جۆرێک دەپەیڤن، کە لە کاوێژەوە نزیکترە تا ڕاوێژ! ئەمە خۆجیاکردنەوەیە لە ئاپۆرای خەڵکی... خۆبەگەورە پیشاندانە... ئەوانە ئەگەر پرسیاری چەند وشەیەکی ڕەسەنی زمانەکەی خۆیان لێ بکەیت، دەستەوسان دەبن و دەمیان دەبێ بە تەڵەی تەقیو!

یاریکردن لەگەڵ منداڵدا جۆرێکە لە ڕێزگرتنی دایک و باوکی ئەو منداڵە... پێغەمبەر(ﷺ) لێگەڕا دایکی خالید یاری بە مستیلەکەی پەنجەی ئەو بکات، هەروەها نەیهێشت کە باوکی بچێت بە گژیدا، ئەوە هەم سۆز و بەزەییە بەرامبەر ئەو منداڵە و هەم ڕێزگرتنی باوکی منداڵەکەی تیابوو... تۆش ئەگەر میوانێکت هات و منداڵیان لەگەڵدا بوو، دەستێک بێنە بەسەر سەری منداڵەکەدا و دوو قسەی خۆشی لەگەڵدا بکە... چوکلێتێک، یان نوقڵێکی پێ بدە... ئەوە پێش ئەوە منداڵەکە دڵی پێخۆش بکات، دایک و بابی دڵیان پێی خۆش دەبێت...



Scanned with Cam



# من پەیمانشکێن نیم!

ئەبوڕافیع پیاوێکی قیبتی بوو، پێش ئازادکرانی شاری مەککە قوڕەیش دەستەیەکیان وەک وەفد و نوێنەر نارده خزمەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە ئەبوڕافیع یەکێک بوو لەو کەسانە... وەفدەکە بە مەبەستی هەندێک کاروباری سیاسی هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)... دوای ئەوەی ئەبوڕافیع هاتە شاری مەدینە و بە چاوی خۆی ئاکار و ڕەفتاری شیرین و جوانی پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی بینی بڕیاری دا مسوڵمان ببێت... ئەبورافیع بە پێغەمبەری(ﷺ) گوت: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە خوا من هەرگیز لەگەڵ ئەوانەدا ناگەڕێمەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: من پەیمان ناشکێنم و هیچ نوێنەرێک لای خۆم گل نادەمەوە، بگەڕێوە، ئەگەر ئەو بیروباوەڕەی ئێستا هەتە، وەک خۆی مایەوە، ئەو کاتە بێرەوە بۆ ئێرە!

ئەبوڕافیع گەڕایەوە بۆ مەککە... بە قوڕەیشی پیشان دا کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی ناردووەتەوە، دوایی دووبارە گەڕایەوە بۆ مەدینە و مسوڵمان بوو!

خاڵەکانی ئەم چیرۆکە بریتین لەمانە:

ئەو دەمە سیاسەت وابوو کە نێردە و وەفدی هیچ لایەک نابێت بکوژرێت، جا هەر ئایین و مەزهەب و دینێکی هەبێت! بۆ هەر مەبەستێک نێردرابێت! تەنانەت ئەگەر بۆ هەڕەشەوگورەشەش



Scanned with Cam

نێردرابا، نەدەکوژرا و بە دیل نەدەگیرا... نێردە تەنیا گەیاندنی لەسەرە و بەس!

کاتێک ئەبوڕافیع ویستی مسوڵمان ببێت و نەگەڕێتەوە بۆ مەککە، پێغەمبەر(ﷺ) بەوە ڕازی نەبوو، چونکە ئەبوڕافیع وەک وەفد و نوێنەر هاتبوو، دەبوو بگەڕایەتەوە... پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئامادە نەبوو ئەو عادەتە باشە تێک بدات و بیگۆڕێت، ئەوە جۆرێک بوو لە جۆرەکانی دیبلۆماسیەت... خوویەکی باش بوو... هەمووان بەدڵیان بوو... لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەبوڕافیع خۆی بە ئارەزوو و ویستی خۆی مسوڵمان بوو، بەلام پێغەمبەر(ﷺ) ترسی ئەوەی هەبوو قورەیشییەکان بڵێن: موحەممەد نوێنەرەکەی ئێمەی گل داوەتەوە و خیانەتی لە کارەکە کردووە! بۆیە فەرمانی بە ئەبوڕافیع کرد تا بگەڕێتەوە بۆ مەککە و پاشان ئەگەر حەزی لێبوو دووبارە بەرەو مەدینە بگەڕێتەوە!

خوای گەورە فەرمانی بەسەر مسوڵماناندا کردووە کە خاوەن بەڵێن بن و پەیمانشکێنی نەکەن، بۆیە دەفەرموێت: ﴿وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولًا ﴿٣٤﴾﴾ الإسراء: ٣٤ واتە: ئەو بەڵێن و پەیمانانەی کە دەیدەن، بیانبەنە سەر و وەفایان پێ بکەن، جا بەڵێن و پەیمانەکە لەگەڵ خوادا بێت، یان لەگەڵ بەندەکانی خوادا، چونکە بەڕاستی لە ڕۆژی دواییدا مرۆڤ لەسەر پەیمانەکانی لێی دەپرسێتەوە.

پێغەمبەری خوداش(ﷺ) پەیمانشکێنی بە یەکێک لە سێ نیشانە گەورەکەی دووڕوویی داناوە!

هەرچەند قورەیش ئەو دەمە موشریک بوون، بەلام پێغەمبەر(ﷺ) ئامادە نەبوو پەیمانشکێنی دەرهەق قورەیش بکات، بۆیە دەبێت

مرۆڤی مسوڵمان پابەندی بەڵێن و پەیمانی خۆی بێت، ئەگەرچی ئەو بەڵێن و پەیمانەشی بە کافر دابێت...

تۆش هەرگیز بەڵێن مەشکێنە... لەسەر قسە و بڕیاری خۆت سووربە و پەشیمان مەبەوە... پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە ڕقی لە پەیمانشکێنی و پەیماشکێنەکانە، بۆیە دەفەرموێت: هەموو کەسێکی پەیمانشکێن لە قیامەتدا ئاڵای تایبەت بە خۆی هەیە، دەگوترێت: ئەوە پەیمانشکێنی فڵانکەسە!

مەبەست لە ئاڵا نیشانەیەکە کە هەمووان بەو نیشانەیەدا کەسەکە بناسنەوە... لە کۆندا عادەتی عەرەب وابوو هەرکەسێک پەیمانێکی شکاندبا لە بازاڕ و کوچە و کۆڵانەکاندا ئاڵایەکیان بۆ هەڵدەدا و دەیانگوت: ئەمە بەڵێنشکێنی فڵانەکەسە!

بەو جۆرە سووکایەتییان بە مرۆڤی پەیمانشکێن دەکرد...



Scanned with Cam



# بۆ دايكت پيتخۆشه؟

عَـنْ أَبِي أُمَامَـةَ قَـالَ: إِنَّ فَتًـى شَـابًّا أَتَى النَّبِـيَّ صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ فَقَـالَ: يَـا رَسُـولَ اللـهِ، ائْـذَنْ لِي بِالزِّنَـا!

فَأَقْبَلَ الْقَوْمُ عَلَيْهِ فَزَجَرُوهُ وَقَالُوا: مَهْ. مَهْ.

فَقَالَ: ادْنُهْ! فَدَنَا مِنْهُ قَرِيبًا. قَالَ: فَجَلَسَ.

قَالَ: أَتُحِبُّهُ لِأُمِّكَ؟

قَالَ: لاَ. وَاللَّهِ جَعَلَنِي اللَّهُ فِدَاءَكَ.

قَالَ: وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لِأُمَّهَاتِهِمْ. قَالَ: أَفَتُحِبُّهُ لِابْنَتِكَ؟

قَالَ: لاَ. وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللهِ جَعَلَنِي اللَّهُ فِدَاءَكَ

قَالَ: وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لِبَنَاتِهِمْ. قَالَ: أَفَتُحِبُّهُ لِأُخْتِكَ؟

قَالَ: لاَ. وَاللَّهِ جَعَلَنِي اللَّهُ فِدَاءَكَ.

قَالَ: وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لِأَخَوَاتِهِمْ. قَالَ: أَفَتُحِبُّهُ لِعَمَّتِكَ؟

قَالَ: لاَ. وَاللَّهِ جَعَلَنِي اللَّهُ فِدَاءَكَ.

قَالَ: وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لِعَمَّاتِهِمْ. قَالَ: أَفَتُحِبُّهُ لِخَالَتِكَ؟

قَالَ: لاَ. وَاللَّهِ جَعَلَنِي اللَّهُ فِدَاءَكَ.

قَالَ: وَلاَ النَّاسُ يُحِبُّونَهُ لِخَالاَتِهِمْ.

قَالَ: فَوَضَعَ يَدَهُ عَلَيْهِ وَقَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ ذَنْبَهُ وَطَهِّرْ قَلْبَهُ، وَحَصِّنْ فَرْجَهُ... فَلَمْ يَكُنْ بَعْدُ ذَلِكَ الْفَتَى يَلْتَفِتُ إِلَى شَيْءٍ. رواه احمد والطبراني.



Scanned with Can

واتە: ئەبوئومامە دەفەرموێت: گەنجێک هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مۆڵەتم بدە با زینا بکەم!

هاوەڵان هەموو بە یەکجار ڕوویان تێکرد و گوتیان: بێدەنگبە! بێدەنگبە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئا لێم نزیک بەرەوە... ئەبوئومامە دەفەرموێت: گەنجەکە لە پێغەمبەر(ﷺ) نزیک بوویەوە و لە خزمەتیدا دانیشت...

فەرمووی: زینات پێخۆشە بۆ دایکت؟

وتی: نەوەڵڵا خوا بمکات بە قوربانت!

فەرمووی: دەی خەڵکیش پێیان خۆش نییە دایکیان زینا بکات... ئەی پێتخۆشە کچت زینا بکات؟

وتی: نەوەڵڵا ئەی پێغەمبەری خودا، خوا بمکات بە قوربانت!

فەرمووی: دەی خەڵکیش پێیان خۆش نییە کچیان زینا بکات، ئەی پێتخۆشە خوشکت زینا بکات؟

وتی: نەخێر خوا بمکات بە قوربانت...

فەرمووی: دەی خەڵکیش پێیان خۆش نییە خوشکیان زینا بکات، ئەی پێتخۆشە میمکت زینا بکات؟

وتی: نەبەخودا، خوا بمکات بە قوربانت!

فەرمووی: دەی خەڵکیش پێیان خۆش نییە میمکیان زینا بکات، ئەی پێتخۆشە پوورت زینا بکات؟

وتی: نەخێر نەبەخوا، خوا بمکات بە قوربانت!

فەرمووی: دەی خەڵکیش پێیان خۆش نییە پووریان زینا بکات...

ئەبوئومامە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەستی خستە سەر سینگی گەنجەکە و فەرمووی: خوایە لە تاوانی خۆشبە و دڵی خاوێن بکەرەوە و داوێنی بپارێزە...



Scanned with Cam

لەوەودوا ئەو گەنجە بە هیچ جۆرێک لای نەدەکردەوە بە لای هیچ شتێکدا.

شێوازی قسەکردن دوای ویستی خوا یەکەم شتە کە دەرگای دڵ دەکاتەوە، ئەو داواکارییەی کە ئەو گەنجە هەیبوو ئەگەر دووبەدوو بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) بگوتایە، داوایەکی ناشیرین بوو، چ جای ئەوەی کە بە بەرچاوی خەڵکەوە داوای لێ کرد!

بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو ڕەحمەت و میهرەبانییەی دەزانی کە ئەو گەنجە لاوە و سەرەتای ژیانیەتی و حەزی بۆ ئەو کارە دەجووڵێت و وەک پیاوێک نییە کە تەمەنێکی تێپەڕاندبێت و گوێی لەو شتە نەمابێت، دەیزانی ئەو گەنجە هێزێکی تێدایە... بۆیە دەبێت ئێمەش ئاگادار بین و تاوانی هەموو کەسێک بە یەک چاو سەیر نەکەین... گەنجێک زینا بکات ناشیرینە و تاوانێکی گەورەیە، بەڵام بۆ پیر ناشیرینترە و تاوانەکەی زۆر گەورەترە!

دوای ئەوەی زانیمان ئەو کەسەی کە تاوانی کردووە لە چ ئاستێکدایە، ئیتر سەرەی ئەوە دێت کە بە ژیری و لۆژیکەوە قسەی لەگەڵدا بکەین، بە هێمنی، بە زمانێکی شیرین، خوای گەورە دەرگای دڵەکان بەهۆی قسەی شیرین و نەرمەوە دەکاتەوە، نەک بە قسەی ڕەق و ناخۆش!

نیازی هەرکارێکت هەبوو بەرامبەر خەڵک بیکەی، خۆت بخە جێی ئەوان، بزانە پێتخۆشە یان نە؟ ئەگەر پێتخۆش بوو بیکە، ئەگینا وازی لێ بێنە! یەکێک لە جۆرەکانی دادگەری ئەوەیە کە مرۆڤ چی بۆ خۆی پێخۆشە، بۆ خەڵکیشی پێخۆش بێت، چی بۆ خۆی پێناخۆشە، بۆ خەڵکیشی پێناخۆش بێت!



Scanned with Cam

ئەو پەیوەندییەی کە بۆ خوشک و دایک و کچ و خزمی خۆت پێتناخۆشە، تۆش هەمان پەیوەندی لەگەڵ خوشک و کچ و دایکی کەسدا مەبەستە!

ئەو وشەیەی پێت ناخۆشە خەڵکی بەرامبەرت بەکاری بێنن، تۆش بەرامبەر کەس بەکاری مەهێنە!

ئەمە بکە بە بەرنامەی ژیانی خۆتان، ئیتر سەرکەوتوو دەبیت: ئەوە بۆ خەڵک بکە، کە پێت خۆشە بۆت بکەن!



Scanned with Cam



# پاداشتی خزمایەتی و پاداشتی صەدەقە!

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) وتاری بۆ ژنان دا و فەرمووی: خەلکینە! خێر و صەدەقە بکەن، ئەگەرچی خشل و زێڕی خۆشتان کردبێت بەخێر!

یەکێک لەو ژنانە زەینەبی ژنی عەبدوڵلای کوڕی مەسعود بوو... زەینەب ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ و بە عەبدوڵلای گوت: تۆ پیاوێکی هەژاری و پێغەمبەریش(ﷺ) فرمانی پێ کردووین خێر بکەین، بڕۆ پرسیاری لێ بکە، بزانە من دەتوانم خێرەکەی خۆم بە تۆ و برازا هەتیوەکانی خۆم بدەم؟ ئەگەر دەکرێت ئەوە باش، ئەگینا با خێرەکەم بدەم بە کەسێکی تر!

عەبدوڵلا وتی: خۆت بڕۆ و پرسی پێ بکە!

زەینەب ڕۆیی بۆ ماڵی پێغەمبەر(ﷺ)، دەبینێت ژنێکی ئەنصاری لەبەر دەرگای ماڵی پێغەمبەرە(ﷺ) ئەویش هەمان پرسیاری زەینەبی هەیە... پێکەوە لە دەرگایان دا... بیلال دەرگاکەی کردەوە... وتیان: بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بڵێ: دوو ژن هاتوون دەپرسن، دەتوانن خێری خۆیان بدەن بە مێردەکانیان و ئەو هەتیوانەی لە ماڵی ئەوانن؟ بەلام پێی مەڵێ ئێمە کێ و کێین!

بیلال چووە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پرسیارەکەی پێ گەیاند...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کێوکێن؟

بیلال گوتی: زەینەب و ژنێکی ئەنصاری!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کام زەینەبە؟
بیلال گوتی: زەینەبی ژنی عەبدوڵلای کوڕی مەسعود!
پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە دوو پاداشتیان بۆ هەیە، پاداشتی خزمایەتی و پاداشتی خێرەکەش!

بەڵێ... زەکات و صەدەقە بە خزم بدەی دوو پاداشتی هەیە... یەک پاداشتی خواپەرستی، دوو پاداشتی جێبەجێکردنی سیلەی ڕەحم و خزمایەتی، بەڵام بەو مەرجەی ئەو کەسەی کە زەکاتی پێ دەدەیت، کەسێک نەبێت کە بەخێوکردنی تۆی لە ئەستۆدا بێت، کەواتە: کوڕ ناتوانێت زەکاتی خۆی بە دایک و باوکی بدا... پیاو ناتوانێت زەکاتی خۆی بە ژنی خۆی بدات، بەڵام ژن دەتوانێت زەکات و خێری خۆی بە مێردی خۆی بدا... کەواتە: زەکات و خێر بۆ باب و باپیر و دایک و داپیرە ناشێت و نابێت، چونکە بەخێوکردنی ئەوانە لە ئەستۆی منداڵدایە... ناکرێت مرۆڤ خێر بە کەسێک بکات کە بەخێوکردنی لە ئەستۆی خۆیدا بێت، بەڵام دەکرێت خێر و زەکات و صەدەقە بدرێ بە خاڵ و مام و پوور و ئامۆزا و پوورزا و...
باسەکە باسی فیقھ نییە، بۆیە زیاتری لەسەر ناڕۆین، ئەو بابەتانە لە کتێبە فیقهیەکاندا ڕوون کراوەتەوە...

یەکێک لەو ڕێزانەی کە ئیسلام بۆ ئافرەتی داناوە ئەوەیە کە هەرشتێکی هەبێت هی خۆیەتی و پیاو بۆی نییە بەبێ پرس و ڕەزامەندی دەستی بەسەردا بگرێت... هەرچەندە ژیانی خێزانی دەبێت لەسەر بنەمای چاکە و سۆز و خۆشەویستی بونیاد بنرێت، نەک لەسەر بنەمای ئەوەی ئەوە هی منە و ئەوە هی تۆ! زۆر جار بینیومانە خراپترین و ناخۆشترین ماڵ ئەوانەیە کە من و تۆیی



Scanned with Can

تێدایە، بەڵام هەقیش هەر هەقە و ژن هەرشتێکی هەبێت هەر هی خۆیەتی"

وا باشە ئەگەر کەسێک پرسیارێکی بە جۆرێکی لە مامۆستای ئایینی کرد، خۆی نەناسێنێت، بە کورتی دەتوانی پرسیارەکە پرسیاری خۆت بێت، بەڵام وا پیشان بدەی پرسیاری کەسێکی ترە... بۆ نموونە دەڵێی: پیاوێک دەناسم ئاوا و ئاوای کردووە، ئەوە بە گوێرەی شەرع حوکمی چییە؟

یان بڵێی: پیاوێک هەندێک سەروەت و سامانی هەیە و دەیەوێت ئاوا و ئاوا بکات، ئەوە حوکمی چییە و تا چەند دروستە؟

دروستیشە ئەگەر پێویست بوو، مامۆستا پرسیار بکات و بڵێ: ئەو کەسە کێیە؟ ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری کرد کە ئەو ژنانە کێن، بۆ ئەوەی بزانێت داخۆ هەر بەڕاست مێردەکانیان هەژارن و خێری ئەمانیان پێ دەشێت، یان نە؟



Scanned with Cam



# به خورمایه‌ك له به‌هه‌شت!

پیاوێکی ئه‌نصاری باخێکی هه‌بوو، باخه‌که‌ی دراوسێی باخی پیاوێکی تر بوو، ئه‌و پیاوه دارخورمایه‌کی هه‌بوو که‌وتبووه نێو زه‌وی باخی پیاوه ئه‌نصارییه‌که‌وه، پیاوه ئه‌نصارییه‌که‌یش ده‌یه‌ویست حه‌وشێک بۆ باخه‌که‌ی دروست بکات، ئه‌گه‌ر ئه‌و پیاوه‌که‌ی تر دارخورماکه‌ی پێ نه‌دایه، دیواری حه‌وشه‌که‌ی ڕێک ده‌رنه‌ده‌چوو، بۆیه داوای لێکرد دارخورماکه‌ی پێ بدات، پیاوه‌که داره‌که‌ی پێنه‌دا... پیاوه ئه‌نصارییه‌که ڕۆیشته خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) و باسه‌که‌ی بۆ گێڕایه‌وه... پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به پیاوه‌که‌ی فه‌رموو: ئه‌و دار خورمایه‌ی پێ بده به دارخورمایه‌ک له به‌هه‌شت!

پیاوه‌که ڕازی نه‌بوو...

ئه‌بولده‌حداح ئه‌و کاته له خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ردا(ﷺ) بوو و ئاگاداری باسه‌که بوو... دوای ئه‌وه ئه‌و کۆڕ و کۆبوونه‌وه‌یه کۆتایی پێهات، ئه‌بولده‌حداح ڕۆیی بۆ لای پیاوه‌که و پێی گوت: ئه‌و دارخورمایه بده به من و له هه‌قی ئه‌وه‌دا باخه‌که‌ی خۆمت پێ ده‌ده‌م! پیاوه‌که ڕازی بوو...

دوایی ئه‌بولده‌حداح ڕۆیشته‌وه خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) و پێی گوت: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ)! من دارخورماکه‌م له‌و پیاوه کڕیوه، ئه‌وا به‌خشیم به تۆ و تۆش بیده به پیاوه ئه‌نصارییه‌که‌!

پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رمووی: ئای ئه‌بولده‌حداح چه‌نده دارخورمای گه‌وره‌ی له به‌هه‌شتدا ده‌ست که‌وت!



Scanned with Cam

دوایی ئەبولدەحداد ڕۆیشت بەرەو باخەکەی، تەماشا دەکات ژنەکەی لەوێیە و خەریکی خزمەتکردنی باخەکەیە، ئەبولدەحداد بانگی کرد و وتی: دایکی دەحداح! لەو باخە وەرە دەرەوە، ئەو باخەکەم دا بە دارخورمایەک لە بەهەشتدا!

دایکی دەحداح وتی: ئەی لەو قازانجە چەند گەورەیە!

شتێک هەیە لە سەرووی ماف و هەق و واجب و ئەو شتانەوەیە، ئەو شتە پێی دەڵێن: چاکە!

چاکەخوازی گەورەترین جۆرەکانی مامەڵەیە لەنێوان مرۆڤەکاندا، ڕاستە ماف مافە و دەبێت بدرێت و بسەندرێت، ڕاستە دەبێ قانوون پشتگیری لە ماف بکات، بەڵام هەرچۆنێک بێت چاکە و چاکەخوازی گەورەترین و جوانترین سیفەتی مرۆڤە... جاری وا هەیە قانوون مافێکت پێ دەدا، بەڵام چاکەخوازی وا دەخوازێت دەست لەو مافە هەڵبگری... دەی خۆت لە چاکەخوازی لامەدە و چاکەکار و چاکەخوازبە... ئەگەر ئەو پیاوە کە دراوسێی پیاوە ئەنصارییەکە بوو، پیاوێکی ماقووڵ و چاکەخواز بووایە، کار نەدەگەیشتە ئەوەی پیاوە ئەنصارییەکە کێشەکە بباتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)... ئەگەر یەک تۆز هەست و شعوری هەبووایە داواکارییەکەی پێغەمبەری(ﷺ) ڕەت نەدەکردەوە و لەبەر خاتری پێغەمبەر(ﷺ) دارخورماکەی دەبەخشی بە دراوسێ باخەکەی، بەڵام نەیبەخشی و ئەو زیانە گەورەیەی لە خۆی دا...

ئەبولدەحداح باخێکی گۆڕییەوە بە دارخورمایەک، چونکە دەیزانی خۆشەویستی خوا(ﷺ) لەخۆوە قسە ناکات، بۆیە ئەو باخێکی گۆڕییەوە بە دارێک، تا لە بەهەشتدا ئەو دارە وەربگرێتەوە...



Scanned with Cam

لەوانەیە تۆش بڵێی: جا ئەوە چییە ئەگەر منیش لە جێی ئەبولدەحداح بوایەم هەمان کارم دەکرد!

منیش دەڵێم: نەخێر وا نییە، ئەو کارە بە هەموو کەسێک ناکرێت، تۆش ڕۆژانە دەیان کاری وا بەرۆکت دەگرێت، بەلام وەک پیاوەک لەکیسی خۆتی دەدەیت و خۆتی لێ لا دەدەیت! ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) بەڵێنی داوە و فەرموویەتی: هیچ سەروەت و سامانێک بەهۆی خێر و صەدەقەوە کەم ناکات، دەی با من و تۆ مەرد بین و سەدەقە و خێرمان لە بیر نەچێت! با دەستمان بچێتە سامانی خۆمان و خێری لێ بکەین و دەستی سێ چوار هەژار و داماوی پێ بگرین!

واز لە لۆژیک بێنە و بڕوا بەو غەیب و بەرپیوارە بکە کە خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڵێنیان پێ داوە!

بەڵێ، لۆژیک دەڵێت: هەرماڵێک لێی دەربێنی کەم دەکات!

بەلام داخۆ هەرگیز پرسیوتە دوای ئەو کەمکردنە خوای گەورە پیت و بەرەکەتێکی وای تێدەخات کە پێشتر تێیدا نەبوو؟

تا ئێستا بیرت لەوە کردووەتەوە یارمەتی نەخۆشێک بدەیت و برەپارەیەکی بۆ بدەی بە دەرمان، خوای گەورە لە نەخۆشییەک ڕزگارت دەکا کە دە هێندەی ئەوەی کردوتە بە خێر، پارەی دەوێت؟

هەرکەسێک بە هەر شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ خوای گەورەدا بکات، خوای گەورە بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات... ئەگەر هەموو شتێک بە لێکدانەوە و ژمارە لێک بدەیتەوە، خوای گەورە ئاوا مامەڵەت لەگەڵدا دەکات، بەلام ئەگەر بەبێ حیساب و لێکدانەوە دەست بخەیتە سەروەت و سامانتەوە و لەپێناوی خوای گەورەدا خەرجی بکەیت، ئەوا خوای گەورەش بەبێ حیساب و لێکدانەوە بۆت زیاد دەکات و پیت و بەرەکەتی تێدەخات...



Scanned with Cam



# تەنانەت پارووش!

لە کاتی حەجی ماڵئاواییدا و لە شاری مەککە، هاوەڵی بەڕێز سەعدەی کوڕی ئەبووەقاص نەخۆش کەوت، نەخۆشی زۆری بۆ هێنا و وای گومان برد کە ئیتر وەختی مردنە... پێغەمبەر(ﷺ) سەردانی کرد... سەعد گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەزانی چەند نەخۆشم! منیش پیاوێکی دەوڵەمەندم و جگە لە کچێک نەبێت کەسم نییە میراتەکەم ببات، دەتوانم سێیەکی سەروەت و سامانەکەم بکەم بەخێر؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەخێر!

وتی ئەی نیوەی؟

فەرمووی: نەخێر!

سەعد گوتی: ئەی سێیەکی؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی سێیەک بکە بە خێر، بەڵام هێشتا هەر زۆرە، تۆ ئەگەر ماڵ و منداڵت بە دەوڵەمەندی بەجێ بهێڵیت و دوای خۆت ئاتاجی خەڵک نەبن، لەوە باشترە بە هەژاری بەجێیان بهێڵی و ئاتاجی خەڵک بن! مرۆڤ هەر شتێک بکات بە خێر و نەفەقەی هەرکەسێک بکێشێت و نیێتی تەنیا ڕەزامەندیی خوای گەورە بێت، ئەوا خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە، تەنانەت ئەو پاروەی کە دەیخەیتە نێو دەمی ژنەکەتەوە!

یەکێک لـە ئامۆژگارییـە بەنرخەکانـی پێغەمبـەر(ﷺ) ئەوەیە کە مـرۆڤ بیـر لـە میراتبەرەکانـی خـۆی بکاتـەوە... ئەوەنـدە شـتیان بـۆ بەجێ بهێڵێت کە دوای خۆی بەرگەی ناخۆشی و نارەحەتی ڕۆژگار بگرن... ئەمـەش بـەو مانایە نییە کە مرۆڤ هـەر سـەروەت و سامان کۆ بکاتـەوە و ئیتر دەسـتی تێی نەچێت و خێرێکی لـێ نـەکات هەتا مـردن یەخـەی دەگرێـت ئـەو کاتـە بـە میراتبەرەکانـی بڵێـت ئـەوە و ئـەوەم بـۆ بکـەن بەخێرا فلانـە شـت بکـەن بەخێـر بـۆم بـا لـە قیامەتدا فریـام بکەوێـت!

تـۆ خـۆت لاپـەڕەی چاکەکانی خـۆت پـڕ بکـەرەوە! تـۆ خـۆت خێر بـۆ خـۆت بکـە! تـۆ خـۆت کارێـک بکـە بـەرەو ڕەزامەنـدی خـوا بچێت، نـەک بـە پـاڵ بتنێرن! هـەر سـەروەت و سـامان کـۆ مەکـەرەوە و دوایی بەجێی بێڵێت و ئـەوان بیخـۆن و تـۆش باجەکـەی بدەیت!

مـرۆڤ دەتوانێـت هـەر بـە نێـت عـادەت بـکا بـە عیبـادەت! واتـە دەتوانـی کاری ئاسـایی بـکات بـە خێـر... دەی بـا هەمیشـە نیتەکانـت پوخـت بێـت و هـەر بـۆ خـوا بێـت!

ئـەو خواردنـەی کـە بـۆ مـاڵ و منداڵی خۆتی دەکڕی بـە ڕواڵـەت هیچ پەیوەندی بە خێر و صەدەقـەوە نییـە، بـەڵام نێتی ئـەوەت هەبێـت کە خـوای گـەورە پاداشـتت بداتـەوە، چونکـە چاکەکـردن لەگـەڵ هەمـوو گیاندارێـک بـە تایبـەت مـرۆڤ و بـە تایبەتیـر خـزم و مـاڵ و منـداڵ، خێرێکـی گـەورە و نەبڕاوەیـە!

ئـەو شـتەی دەیبەخشـی بـە دایـک و باوکـت، ئـەوە ئەرکـی سـەرشانی خۆتـە، دەبێـت دایـک و باوکـت بەخێـو بکەیـت، دەی کاتێـک ئـەوان بەخێـو دەکەیـت، نێتـت بـۆ خـوا بێـت، خـوا فەرموویەتـی: (وبالوالدين إحسـانا)... واتـە: چاکـە لەگـەڵ دایـک و بـاوک بکـەن!



Scanned with Cam

کاتێک دەچیتە ماڵی خوشکەکەت، ئەوە کارێکی کۆمەڵایەتی و بەجێهێنانی ئەرکێکە، بەڵام نیەتی خۆت بۆ خوا ساف بکە با خوای گەورە ئەوەت بۆ بکات بەخێر و چاکە، چونکە ڕەحم و سۆز و میهرەبانی بەستراوە بە عەرشی خوداوە، هەرکەسێک بیپچڕێنێت، خوای گەورە دەیپچڕێنێت، هەرکەسێک جێبەجێی بکات، خوای گەورە دەیباتە بەهەشتەوە!

ئەو قاپە خواردنەی کە دەیبەی بۆ ماڵە دراوسێکەتان، ئەوە بۆ ئەوەت نییە ئەویش قاپێک خواردنت بۆ بێنێت، بەڵکوو ئەوە نەریتێکی جوانە و لە کۆنەوە هەبووە و بەداخەوە ئێستا خەریکە نامێنێت، تۆ ئەو نەریتە جوانە زیندوو بکەوە و نیەتی ڕەزامەندی خوای لێبێنە، داوای پاداشت لە خوای گەورە بکە!

زۆرێک لە کار و کردەوەکان لە یەکتر دەچن، بەڵام نیەتەکان جیاوازن... با هەمیشە و لە کاتی کردنی هەموو کارێک نیەتت ڕەزامەندیی خوای گەورە بێت!



Scanned with Can



## من شایەتی بۆ تاوان نادەم!

عَن النُّعْمَان بن بَشير الأَنْصاريّ، أَنَّ أُمَّهُ ابْنَةَ رَوَاحَةَ، سَأَلَتْ أَبَاهُ بَعْضَ الْمَوْهِبَةِ مِنْ مَالِهِ لِابْنِهَا، فَالْتَوَى بِهَا سَنَةً، ثُمَّ بَدَا لَهُ فَوَهَبَهَا لَهُ، فَقَالَتْ: لَا أَرْضَى حَتَّى تُشْهِدَ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى مَا وَهَبْتَ لِابْنِي، فَأَخَذَ أَبِي بِيَدِي، وَأَنَا غُلَامٌ يَوْمَئِذٍ فَأَتَى رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ أُمَّ هَذَا ابْنَةَ رَوَاحَةَ قَاتَلَتْنِي مُنْذُ سَنَةٍ عَلَى بَعْضِ الْمَوْهِبَةِ مِنْ مَالِي لِابْنِي هَذَا، وَقَدْ بَدَا لِي فَوَهَبْتُهَا لَهُ، وَقَدْ أَعْجَبَهَا أَنْ أُشْهِدَكَ عَلَى الَّذِي وَهَبْتُ لَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «يَا بَشِيرُ، أَلَكَ وَلَدٌ سِوَى هَذَا؟»، قَالَ: نَعَمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَفَكُلَّهُمْ وَهَبْتَ لَهُمْ مِثْلَ الَّذِي وَهَبْتَ لِابْنِكَ هَذَا؟»، قَالَ: لَا، قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «فَلَا تُشْهِدْنِي إِذًا، فَإِنِّي لَا أَشْهَدُ عَلَى جَوْرٍ». رواه النسائي في الكبرى.

واتە: نوعمانی کوڕی بەشیری ئەنصاری دەگێڕێتەوە دایکی -کە کچی ڕەواحە بوو- داوای لە باوکی -واتە باوکی نوعمان- کردووە، کە هەندێک لە سەروەت و سامانەکەی ببەخشێت بە نوعمان، ئەویشساڵێک بە گوێی نەکردووە و هەر دەستیدەستی پێ کردووە، دوای ساڵێک هاتە سەر ئەوەی کە پێی ببەخشێت... دایکی نوعمان گوتی: من ڕازی نابم هەتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەکەی بە شایەت کە ئەم شتانەت بە کوڕەکەی من بەخشیوە! باوکم دەستی منی گرت و من ئەو دەمە منداڵ بووم، بردمی بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و گوتی:

ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! بەڕاستی دایکی ئەمە کە کچی ڕەواحەیە ئەوە ساڵێکە منی کوشتووە بۆ ئەوەی هەندێک سەروەت و سامانی خۆمی پێ ببەخشم، ئێستا پێم بەخشیوە و زۆری پێخۆشە، بۆیە بیانووی ئەوەی گرتووە کە جەنابت بکەم بە شایەت...

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەشیر! جگە لەم کوڕە منداڵی ترت هەیە؟

گوتی: بەڵێ!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تۆ کەوایە من مەکە بە شایەت، بەڕاستی من شایەتی بۆ ستەم و تاوان نادەم!

جاری وا هەیە دایک یان باوک، یەکێک لە منداڵەکانی لەوانی تر زیاتر خۆش دەوێت... خۆشەویستی بە دەست مرۆڤ خۆی نییە، مرۆڤ ناتوانێت ڕەشۆی دڵی خۆی بگرێتە دەست... بۆیە لەبەر ئەو جۆرە خۆشەویستییانە خوای گەورە سزای کەس نادات، بەڵام سزای ئەو کەسانە دەدات کە لە کاتی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتدا جیاوازی لەنێوان دوو منداڵدا دەکەن... شت دەبەخشن بەو و نایبەخشن بەم، چونکە ئەوە دڵ وا لێ دەکات ڕقیان لە یەکتر بێت...

گەرچی دایک و باوک خۆیان نەزانن، بەڵام منداڵ زۆر وریایە و ئەگەر دایک یان باوک کەمتر لە براکەی، یان خوشکەکەی بە جوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، یەکسەر پێی دەزانێت!

کاتێک دایکی بونیامین بونیامینی هێنایە دونیا، خۆی بەسەر بونیامینەوە کۆچی دوایی کرد... بونیامین و حەزرەتی یوسف بەبێ دایک مانەوە، بۆیە حەزرەتی یەعقوب بەزەیی بەواندا دەهاتەوە و زیاتر لە براکانی تر گرنگی بەوان دەدا، لەنێوان ئەو دوانەشدا زیاتر گرنگی بە حەزرەتی یوسف دەدا... ئەوە بووە هۆکاری ئەوەی کە



Scanned with Can

براکان ڕقیان لە حەزرەتی یوسف هەڵگرت و ئەو کارەیان بەسەر هێنا کە هەموومان دەیزانین!
ڕاستە ئەوەی براکانی حەزرەتی یوسف بەسەر حەزرەتی یوسفیان هێنا کارێکی ناڕەوا بوو، خۆشویستنی حەزەرتی یەعقوب بۆ حەزرەتی یوسف نەدەبووە بیانوو بۆ ئەوەی ئەو کارەی لەگەڵدا بکەن، بەڵام خوای گەورە ئەو چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە پەند و وانە بۆ ئێمە...

خوای گەورە نزیکی و خوێنی کردووە بە هۆکاری میراتبردن لە یەکتری، نەک سۆز و خۆشەویستی... کەواتە ئەوەی دەبێتە هۆکاری میراتبردنی کوڕ لە باوک، کوڕ و باوکێتییە، نەک خۆشەویستی... کەواتە: باوک بۆی نییە منداڵێکی خۆی لە میرات بێبەش بکات و بەشی کوڕێکی تر بدات... ناکرێت کوڕێک بێبەش بکرێت و یەکێک هەمووی پێ بدرێت!

ئەگەر کەسێک دوو کچی هەبوو، مێردی یەکێکیان هەژار و نەدار بوو، ئەوی تر دارا و زەنگین بوو، ئەوە کێشە نییە یارمەتی کچە هەژارەکەی بدات، بەڵام وا باشترە بە نهێنی بێت وماڵی کچە زەنگینەکەی پێی نەزانن، با لەو ڕێگەیەوە شەیتان دەرگای ڕق و کینە نەکاتەوە و نەکەوێتە نێوانیانەوە...
بەڵام ناکرێت مرۆڤ بەپێی خۆشویستن و ناخۆشویستن یەکیان لە بیر بکات و یارمەتی ئەوی تر بدات، ئەوە ستەم و نادادگەرییە... هەر لەبەر ئەوە بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) نەبووە شایەت لەنێوان دایک و باوکی نوعماندا...



# ئا ئێستا عومەر!

عَنْ عَبْدَ اللهِ بْنَ هِشَام قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم وَهُوَ آخِذٌ بِيَدِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ فَقَالَ لَهُ عُمَرُ يَا رَسُولَ اللهِ لأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ إِلاَّ مِنْ نَفْسِي فَقَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم: لاَ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ نَفْسِكَ فَقَالَ لَهُ عُمَرُ، فَإِنَّهُ الآنَ وَاللَّهِ لأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِي فَقَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم الآنَ يَا عُمَرُ. رواه البخاري.

واتە: عەبدوڵلا دەفەرموێت: ئێمە لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بووین، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی عومەری گرتبوو... عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! بە خوا تۆ لە هەموو شتێک لە لام خۆشەویستتری، تەنیا لە گیانی خۆم نەبێت... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نا نابێت، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە هەتا منت لە گیانی خۆت خۆشتر نەوێت، ئیمانت دانەمەزراوە! دوایی عومەر فەرمووی: سوێند بە خوا ئا ئێستا تۆم لە گیانی خۆیشم زیاتر خۆش دەوێت... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئا ئێستا ئیمانت تەواو دامەزراوە ئەی عومەر!

و عَنْ أَنَسٍ - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ - قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -: «لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ، وَوَلَدِهِ، وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.



Scanned with Cam

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هیچ کەسێکتان بیروباوەڕی تەواو نییە هەتا منی لە دایک و باوک و منداڵەکانی و لە هەموو خەڵکی زیاتر خۆش نەوێت.

پیاوێک مانای ئەم فەرموودەیەی لە ئەسەدی کوڕی فورات پرسی، ئەسەد فەرمووی: باشە ئەگەر پێغەمبەر(ﷺ) ئێستا لەناوماندا بووایە و کەسێک بە شمشێرەوە هێرشی بکردایەتە سەر و بیویستایە شەهیدی بکات، تۆ گیانی خۆتت دەکرد بە گۆڕی و بەرگری لێ بکەیت؟

پیاوەکە وتی: بەڵێ!

ئەسەد فەرمووی: ئەی منداڵەکانت دەکرد بە فیدای سەری پێغەمبەر(ﷺ)؟

پیاوەکە وتی: بەڵێ!

ئەسەد فەرمووی: دەی ئەگەر ڕاست بکەیت، ئەوە تۆ ئیمانداری!

خۆشەویستی سێ نیشانەی هەیە:

یەکەم: دەبێت ئەوەت لە بەرچاو بێت کە پێغەمبەر(ﷺ) چەندە ئەزیەتی کێشاوە تا ئەم ئایینە پاکەی بە تەواوی بۆ من و تۆ و هەمووان هێناوە و ئێمەی خستووەتە سەر ڕێگای یەکتاپەرستی و خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە ڕێنوێنی ئێمەی کردووە...

دەبێت بیر لەو کاتە بکەیتەوە کە یەکەمجار نیگا و وەحی هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش، چونکە پێشتر شتی وای بەسەر نەهاتبوو، هەموو گیانی هاتە لەرزە و ترسی لێ نیشت!

دەبێت ئەوەت لە بیر نەچێت کە چۆن کاتی خۆی قورەیشییەکان ئابڵوقەی پێغەمبەر و هاوڕێکانی پێغەمبەریان(ﷺ) دا و هەموو جۆرە



Scanned with Cam

ماتۆچۆ و مامەڵەیەکیان لێ قەدەغە کردن و تەنانەت نەیاندەهێشت خواردن و خواردنەوەشیان بۆ بچێت!

دەبێت ئەوەت لە بیر نەچێت کە لە کاتی نوێژکردنندا چۆن ئازاریان دەدا و خۆڵ و خاشاک و شتی پیسیان دەکرد بە سەری پیرۆزیدا...

دەبێت ئەوەت لە بیر نەچێت کە هەر ڕۆژە و هەر تاوێک بە ناو و نازناوێک ئازاریان دەدا، دەمێک دەیانگوت: شێتە، دەمێک دەیانگوت: جادووگەرە، جارێک دەیانگوت: دێو دەستی لێ وەشاندووە و...

دەبێت ئەوەت لە بیر بێت بۆ ئەوەی کۆچ بکات خۆی و هاوڕێکەی سێ شەو و سێ ڕۆژ لەنێو ئەشکەوتێکی بچووکدا مانەوە و گیانی خۆیان خستە مەترسییەوە...

دەبێت ئەوەت لە بیر بێت کە لە جەنگی ئوحودا بریندار کرا و خوێن بە سەر و ملیدا دەچۆڕایە خوارەوە و دەیفەرموو: ئەو گەلەی کە پێغەمبەری خۆیان بریندار دەکەن، چۆن بەختەوەر دەبن؟

دەبێ ئەوەت لە یاد بێت کە چۆن لە برسا بەردی دەبەست بە ناوسکی خۆیەوە... کە چۆن لەپێناو گەیاندنی ئەم ئایینەدا دەرمانخوارد کرا...

دووەم: دەبێت بە پێوە، بە دانیشتوویی، بە ڕاکشاوی، هەمیشە ئەو زاتە مەزنەت لە بیر بێت و بەردەوام صەلاواتت لە دیداری پاکی بدەیت و ئەوەندە ناوی ببەی هیچ ئەوینداریک ئاوا ناوی گراوییەکەی خۆی نەبردبێت... دڵ و زمانی خۆت بە صەلاوات خەریک بکە و با ناوی ئەو زاتە پاکەت هەمیشە لەسەر زار و لەناو دڵدا بێت!



Scanned with Cam

سێیەم: جوانترین جۆرەکانی خۆشەویستی ئەوەیە چاو لە پێغەمبەر(ﷺ) بکەین و سوننەتەکانی جێبەجی بکەین... بزانە ئەو چۆن هەڵسوکەوتی کردووە تۆش بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکە... لەگەڵ ژنی خۆتدا بەسۆزبە، چونکە ئەو لەگەڵ ژنی خۆیدا بەسۆز بووە... لەگەڵ دراوسێی خۆتدا چاکەکاربە، چونکە ئەو لەگەڵ دراوسێدا چاکەکار بوو... لەگەڵ مرۆڤی هەژار و بێنەوا لاوازدا خاکی بە، چونکە ئەو لەگەڵ مرۆڤی هەژار و لاوازدا خاکی بوو... لەگەڵ مرۆڤی نەداردا دابنیشە، چونکە ئەو لەگەڵ مرۆڤی نەداردا دادەنیشت... دەستگرۆیی هەژاران بکە، چونکە ئەو دەستگرۆیی هەژارانی دەکرد... نەرمونیانبە، چونکە ئەو نەرمونیان بوو... ئاکار و ڕەفتارت خۆش و جوان بێت، چونکە ئەو ئاکار و ڕەفتاری خۆش و جوان بوو...



Scanned with Cam



## ناکرێ قسەی تێدا بکەیت!

موعاویەی کوڕی حەکەمی سولەمی تازە بە تازە مسوڵمان ببوو... هات بۆ مزگەوت، قامەت کرا بۆ نوێژ، خەڵکی لە دوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) نوێژیان دابەست... لەناو نوێژجا پیاوێک پژمی، موعاویە گوتی: یرحمک اللە!

خەڵک ئەوەیان پێ سەیر بوو، وەک بڵێی بە لاچاو سەیریان دەکرد و بە مانا پێیان دەگوت: ئەوە چیبوو ئەو کابرایە لەناو نوێژدا قسەی کرد؟

موعاوییە -هەر لەناو نوێژدا هەستی بەوە کرد- وتی: ئەی دایکم ڕۆڕۆم بۆ بکات، ئەوە چییە هەموویان سەیرم دەکەن؟

ئەوانەی نزیک لە موعاوییە بە دەست دەیانکێشا بە ئەژنۆی خۆیاندا بۆ ئەوەی موعاویە تێبگات و بێدەنگ بێت!

موعاویە دەڵێت ئیتر تێگەیشتم کە مەبەستیان چییە و بێدەنگ بووم... دوای ئەوەی نوێژ تەواو بوو پێغەمبەر(ﷺ) -خۆم و دایک و باوکم بە قوربانی بین- لێم نزیک بوویەوە، بە خوا نە لەوەوپێش و نە لەوەودوا هیچ مامۆستایەکم نەدی وەک ئەو خەڵک فێر بکات، بە خوا نە تانەی لێدام، نە لێیدام، نە قسەی پێگوتم، تەنیا فەرمووی: ئەمە نوێژە و ناکرێت خەڵک قسەی تێدا بکەن، نوێژ تەسبیحات و اللەاکبرکردن و قورئانخوێندنە و بەس!



Scanned with Cam

تۆ هەرچەندە لەسەر هەق بیت و قسەت ڕاست بێت، بەلام دەبێت سەرەتا شێوازێکی جوان بەکار بێنیت، چونکە توندوتیژی هەرچەند قسەکەشت ڕاست بێت و لەسەر هەق بیت، بەلام خەلک دەتۆرێنێت...

ئەگەر تۆ خاوەن بیرۆکەی ناوازە بیت، بەلام بە ئاکاری ناخۆش و شێوازی ناشیرین دیوارێک لەنێوان خۆت و خەلکدا دروست بکەیت، ئەوە کارێکت کردووە کە خەلکی هەر بیر لە بیرۆکەکانت ناکاتەوە... ئەمە ڕاستییەکە و خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە و فەرموویەتی: ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ ﴾آل عمران: ١٥٩ واتە: کەوابوو (ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمن بوویت لەگەلیاندا، خۆ ئەگەر تووڕە و قسەڕەق و بێبەزەیی بوویتایە، ئەوە هەموو لە دەورت بلاوەیان دەکرد).

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕاستترین و دروستترین بیرۆکەی پێبوو... بیرۆکەی یەکتاپەرستی... باشترین ناوەڕۆکی پێبوو، ناوەڕۆکی ئیسلام... بەڕێزترین کاری پێبوو، کاری گەیاندنی خەلک بە خودا... لە سەروو هەموو ئەوانەشەوە خوای گەورە پێی دەفەرموێت: هەموو ئەوانە نەدەهاتنە دی ئەگەر کەسێکی نەرم و هێمن نەبوویتایە و تووڕە و قسەڕەق بوویتایە...

جا بیرۆکەی تۆ هەرچەندە بیرۆکەیەکی نایاب بێت، ناگات بە بیرۆکەی یەکتاپەرستی... ناوەڕۆکت هەرچەندە ڕاست بێت، ناگات بە ئیسلام... مەبەستەکانت هەرچەندە بەڕێز بن، ناگات بە مەبەستی گەیاندنی خەلک بە خوا... پێش هەموو ئەوانەش ئەخلاق و نەرمونیانی و شێوازی بانگەواز گرنگە!



Scanned with Cam

هەموو ئامۆچیاریێک دەبێت نەرمونیان بێت... ئەگەر بابای بانگخواز نەرمونیان نەبێت ئامۆژگارییەکانی دەبن بە جوێندان، نەک ئامۆژگاری!

ئەوە چ شێوازێکی بانگخوازییە بە کەسێکی نوێژنەکەر بڵێی: کافر! مادەم نوێژ ناکەیت، کافری دەچیتە دۆزەخەوە؟

ئەوە چ شێوازێکی بانگخوزاییە بە کچێکی سەرڕووت بڵێی: بێنرخ! تۆ بۆ خۆت هەڕاج کردووە و خەڵک بە خۆڕایی تەماشات دەکەن؟

ئەوە چ شێوزایکی بانگخوزاییە بە کەسێکی ڕۆژوونەگر بڵێی: ئاژەڵ! تۆ بۆ هەر خەریکی ورگپڕکردنیت؟ تۆ ئەگەر مرۆڤ بوویتایە مانگێک لەبەر خوا وازت لە خواردن دەهێنا!

بەڵێ... پێویستە هەموو کەس خراپەی بە لاوە خراپ بێت، دەبێت دەستی تاوانباران بگرین و ڕێنوێنییان بکەین... دەبێت هەق و ڕاستی پیشانی خەڵک بدەین، بەڵام دەبێت بە شێوازێک کە خوای گەورە پێی خۆش بێت!

لە سەردەمی مەنصوردا هەندێک لە گاورەکانی شام یاخی بوون، مەنصور ویستی هەموو کەنیسەکانی شام بڕووخێنێت، پێشەوا ئەوزاعی پێی گوت: ئەی گەورەی ئیمانداران! لەبەر خوا بە جۆرێک توورە مەبە کە خواش توورە بکات! ئەی مەگەر تۆ نازانی توورەبوونیش لەپێناوی خوای گەورەدا شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە؟



Scanned with Cam



# کێ بەرگریت لێ دەکات؟

پێغەمبەر(ﷺ) بۆ غەزایەک بەرەو نەجد ڕۆیی، لە کاتی گەڕانەوەدا و لە ڕێگادا گەرما تینی بۆ هێنان و هەمووان لە شیو و دۆڵێکی پڕ لە دار و درەختدا لایان دا پشوویەک بدەن... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لەبەر سێبەری ئەم دارانە هەندێک پشوو بدەن و دوایی دەڕۆین... هاوەڵان بڵاوەیان لێ کرد و هەرکەسە و لە بن دارێکدا پاڵکەوت... دارێکی پڕ سێبەریان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دیاری کرد و هەمووان لێی دوور کەوتنەوە بۆ ئەوەی بە باشی پشوو بدات...

پێغەمبەر(ﷺ) شمشێرەکەی بە دارەکەدا هەڵواسی و خەوت... پیاوێکی موشریک هات و شمشێرەکەی لە دارەکە کردەوە و هەڵیکێشا و پێغەمبەر(ﷺ) بەئاگا هاتەوە... پیاوە موشریکەکە وتی: ئەوە لێم ناترسی؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەخێر!

پیاوەکە وتی: کێ لە منت دەپارێزێت؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوا!

پیاوەکە شمشێرەکەی لە دەست بەربوویەوە و کەوتە خوارەوە... پێغەمبەر(ﷺ) خێرا شمشێرەکەی گرتە دەست و فەرمووی: ئەی کێ تۆ لە من دەپارێزێت؟

پیاوەکە وتی: پیاوی چاکبە!



Scanned with Cam

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: شایەتی دەدەی کە جگە لە زاتی اللە هیچ خوایەکی تر نییە و منیش پێغەمبەری خوام؟
پیاوەکە وتی: نەخێر، بەلام بەلێنت پێ دەدەم هەتا ماوم لەگەلتدا نەجەنگم، تێکەلی سوپایەکیش نەبم کە لەگەل ئێوەدا بجەنگێت!
پێغەمبەر(ﷺ) بەرەللای کرد...
پیاوەکە ڕۆیشتەوە بۆ لای گەل و هۆزەکەی خۆی و وتی: بە خوا من لە لای باشترین مرۆڤەوە هاتوومەتەوە!

مەبەست لەم چیرۆکە ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی پەسەند کرد کە ئەو پیاوە لەوەبەولاو بێلایەن بێت، نە لەگەلیدا بێت و نە دژی بێت... ئەوەش دانایییەکی زۆر گەورەیە لە سیاسەتدا بە تایبەتی و لە ژیانیشدا بە گشتی... ئەگەر ناتوانیت کەسێک بکەی بە دۆست، مەیشیکە بە دوژمن!

بەداخەوە ئەمڕۆ خەلک بە بێلایەنی ڕازی نابن... لەسەر ئەو بیرە کار دەکەن کە دەلێت: ئەگەر پشتیوانم نەبێت، ئەوە دوژمنمی... کە ئەوەش یەکێکە لە بۆچوونە هەرە خراپەکان...
جاری وا هەیە لەنێوان دوو هاوڕێدا ناکۆکییەک پەیدا دەبێت، کەچی هاوڕێیەکی هەردوولا هاوڕێیەتی خۆی لەگەل هەردوولادا دەپارێزێت، نە لای ئەم دەگرێت، نە لای ئەو... بەپێی تواناش هەول دەدات ئاشتیان بکاتەوە... خۆ ئەگەر هەولەکانی چرووک دەرچوون، ئەوا هەر هاوڕێی هەردوو لایە... کەچی یەکێکیان ڕازی نابێت و دەلێت: یا من هەلبژێرە، یان ئەو! باشە ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) ڕازی بوو ئەو پیاوە نە لایەنی کوفر بگرێت، نە لایەنی مسولمانان، ئیتر تۆ چیت تا ڕازی نەبیت کەسێک هەم هاوڕێی تۆ بێت، هەم



Scanned with Can

هاوڕێی ئەو هاوڕێیەت کە لەگەڵیدا بووە بە ناخۆشیتان؟ ئەویش لەسەر چی؟ لەسەر شتێکی پڕوپووچ! لەسەر شتێک کە شایانی باس نییە!

جاری وا هەیە لەنێوان دوو هاوسەردا کێشە دروست دەبێت، کەسوکاری ژنەکە دەدەنە پاڵ ژنەکە و چی زاواکەیان ببین و چی فیرعەون! دەڵێی زاواکەیان بووە کە کاتی خۆی گوتوویەتی: أنا ربکم الأعلی و فیرعەون وای نەگوتووە!

خزمی پیاوەکەش دەدەنە پاڵ پیاوەکە و دەبنە دژی بووکەکەیان و دەڵێی خاتوو سەجاحی هاوڕێی موسەیلەمەیە کە ئەویش دەیگوت: منیش پێغەمبەرم!

باشە بۆ دەبێت بەو شێوە ڕەقە لەگەڵ ژیاندا مامەڵە بکەین؟ بۆ لە کاتی ڕوودانی کێشەیەکی بچووکدا خەندەقێکی قووڵ لێدەدەین و سەنگەر لە بەرامبەرەکەمان دەگرین؟

باشە بۆ دەبینە سەربازی جەنگێک کە نە وشتری ئێمەی تێدایە و نە مەڕ و بزن؟

باشە بۆ وا تێناگەین کە ئەو کەسەی لەگەڵ من نییە دوژمنیشم نییە؟



Scanned with Cam



# خوایە سوپاس بۆ تۆ!
# من خێرەکانم داوە بە...

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ(ﷺ) قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لَأَتَصَدَّقَنَّ اللَّيْلَةَ بِصَدَقَةٍ، فَخَرَجَ بِصَدَقَتِهِ فَوَضَعَهَا فِي يَدِ زَانِيَةٍ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ تُصُدِّقَ اللَّيْلَةَ عَلَى زَانِيَةٍ، قَالَ: اللَّهُمَّ، لَكَ الْحَمْدُ عَلَى زَانِيَةٍ، لَأَتَصَدَّقَنَّ بِصَدَقَةٍ، فَخَرَجَ بِصَدَقَتِهِ فَوَضَعَهَا فِي يَدِ غَنِيٍّ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ: تُصُدِّقَ عَلَى غَنِيٍّ، قَالَ: اللَّهُمَّ، لَكَ الْحَمْدُ عَلَى غَنِيٍّ، لَأَتَصَدَّقَنَّ بِصَدَقَةٍ، فَخَرَجَ بِصَدَقَتِهِ فَوَضَعَهَا فِي يَدِ سَارِقٍ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ: تُصُدِّقَ عَلَى سَارِقٍ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ، لَكَ الْحَمْدُ عَلَى زَانِيَةٍ، وَعَلَى غَنِيٍّ، وَعَلَى سَارِقٍ، فَأُتِيَ فَقِيلَ لَهُ: أَمَّا صَدَقَتُكَ فَقَدْ قُبِلَتْ، أَمَّا الزَّانِيَةُ فَلَعَلَّهَا تَسْتَعِفُّ بِهَا عَنْ زِنَاهَا، وَلَعَلَّ الْغَنِيَّ يَعْتَبِرُ فَيُنْفِقُ مِمَّا أَعْطَاهُ اللهُ، وَلَعَلَّ السَّارِقَ يَسْتَعِفُّ بِهَا عَنْ سَرِقَتِهِ. رواه مسلم.

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: پیاوێک وتی: ئەمشەو خێرێک ئەکەم، ئەو شتەی کە کردبووی بەخێر بردی و نەیزانی دای بە دەست ژنێکی لەشفرۆشەوە، بۆ بەیانی خەڵک باسیان کرد و وتیان: ئەمشەو کەسێک خێری کردووە و خێرەکەی داوە بەو ژنە لەشفرۆشە! پیاوەکە وتی: خوایە سوپاس بۆ تۆ کە ئەو خێرەم کرد، دام بەو ژنە لەشفرۆشە! ئەمشەو هاتەوە خێرێکی تر دەکەم، کاتێک شەو داهات خێرێکی تری کرد و بردی دای بە دەست پیاوێکەوە، پیاوەکە کەسێکی دەوڵەمەند دەرچوو، بۆ بەیانی خەڵک باسی ئەوەیان ئەکرد کە ئەمشەو کەسێک خێری کردووە و داویەتی بە فلان دەوڵەمەند، پیاوەکە وتی: خوایە سوپاس بۆ تۆ کە ئەو خێرەم کرد، دام بەو



Scanned with Cam

پیاوە دەوڵەمەندە! ئەمشەو هاتەوە خێرێکی تر دەکەم، کاتێک شەو داهات، خێرێکی تری کرد و بردی دای بە دەست کەسێکەوە، ئەو کەسە دز دەرچوو، بۆ بەیانی خەڵکی وتیان: ئەمشەو کەسێک خێری کردووە و داویەتی بە فلان دز! پیاوەکە دڵی بە خۆی سوتا و وتی: خوایە سوپاس بۆ تۆ! من خێرەکانم داوە بە لەشفرۆش و دەوڵەمەند و دز! شەو لە خەودا کەسێک هات بۆ لای و پێی وت: خێرەکانت هەمووی لای خوا وەرگیراوە، بەشکم ئەو ژنە لەشفرۆشە لە هەژاریدا لەشفرۆشی کردبێت و ئیتر وازی لێبێنێت، ئەو دەوڵەمەندەش بە خۆیدا بچێتەوە و دەست بکات بە خێرکردن، ئەو دزەش تۆبە بکات و واز لە دزی بهێنێت.

بەداخەوە ئەمڕۆژانە زۆربەی خەڵکی بەدبین بوون، ئەگەر کەسێکی باش لەگەڵ کەسێکی تاوانباردا وەستا و دوو قسەی لەگەڵدا کرد، خەڵک دەڵێن: ئەها ئەویش وەک فلانی بەدرەفتار و بەد کردارە! ئەگەر وەک ئەو نییە بۆ لەگەڵیدا وەستاوە و قسەی لەگەڵدا دەکات؟

ئیتر کەمن ئەوانەی گومانی باش ببەن و بڵێن: دەی بەلکوو دوو قسەی خێری بۆ بکات و بیەوێ چاکی بکات!

ئەگەر ئافرەتێکی باش لەگەڵ ئافرەتێکی خراپدا وەستا و دوو قسەی لەگەڵدا کرد، خەڵک دەڵێن: هاکا ئەویش وەک ئەو خراپ بوو! ئیتر کەم کەسێک دەڵێت: بەلکوو بتوانێت ئەو ژنە خراپە وەک خۆی باش بکات و خوای گەورە لە سۆنگەی ئەوەوە ڕێنوێنی بکات!

ئەگەر مەلایەک، یان پیاوچاکێک سەردانی بازرگانێک بکات، دەڵێن: ئەها ئەوە ڕۆیشتووە داوای پارەی لێ دەکات و بە ناوی دینەوە کاسبی دەکات! ئیتر کەم کەسانێک دەڵێن: بەلکوو ئامۆژگاری بکات بۆ ئەوەی ڕیبا نەخوات، بۆ ئەوەی زەکات بە هەژاران بدات، بۆ ئەوەی



Scanned with Cam

کاڵای خراپ هاوردە نەکات، بۆ ئەوەی تێچووی نەشتەرگەری بۆ هەژارێک لە ئەستۆ بگرێت، بۆ ئەوەی بەخێوکردنی ماڵێکی هەتیوبار لە ئەستۆ بگرێت!

برایان و خوشکان! بەدگومانی ڕاستی گومانپێبراو دەرناخات، بەڵکوو ڕاستی گومانبەر دەردەخات... هەموو مرۆڤێک وەک گومانەکانی خۆی وایە، هەرگیز هیچ کەسێک بە گوێرەی قسەی خۆی لە بارەی خۆیەوە هەڵمەسەنگێنە، بەڵکوو بەو قسانەی هەڵیسەنگێنە کە لە بارەی خەڵکییەوە دەیکات!

کێشەی زۆربەی خەڵکی ئەوەیە خۆی لە جێی دادوەر داناوە، نەک بانگخواز!

ئەقڵیەتی دادوەری وات لێ دەکات تۆ بە کەسێکی نوێژنەکەر بڵێی: ئەو کەسە کافرە نوێژ ناکات! کەچی ئەقڵیەتی بانگخوزای وات لێ دەکات بەرەوڕووی بڕۆیت و بە دەمیەوە پێبکەنی و دەستی بگری و دیارییەکی پێ بدەیت و دوایی لە بارەی نوێژەوە هەندێک قسەی دلگیری بۆ بکەیت، وازی لێ نەهێنی هەتا بەرەو مزگەوتی دەبەی!

ئەقڵیەتی دادوەری وات لێ دەکات بە کچێکی سەرڕووت بڵێی: ئەو کچە بەدڕەفتارە بەدکردارە فریوبازە و مۆدیلکارە، بەلام ئەقڵیەتی بانگخوزای وات لێ دەکات پێی بڵێی: ئای لەو جوانییە، بەلام ئەگەر بالاپۆشی لەگەڵدا بوایە، چەندە جوانتر دەبوو...

بەڵێ! قسەی نەرم و کرداری جوان و ڕەفتاری شیرین بەکار بێنن! بە نەرمەنەرمە و بە ئامۆژگاریی جوان و ڕێکوپێک...

کاری گرنگی پێغەمبەران لە دونیادا ئەوە بووە دەستی تاوانباران بگرن و بەرەو لای خودای ببەن... دەی پیرۆز بێت لەو کەسانەی بە ڕێی پێغەمبەراندا دەچن!



Scanned with Cam



# خۆڕاگری لە سەرەتای لێقەوماندا!

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: مَرَّ النَّبِيُّ(ﷺ) بِامْرَأَةٍ تَبْكِي عِنْدَ قَبْرٍ. فَقَالَ: اتَّقِي اللَّهَ وَاصْبِرِي! قَالَتْ: إِلَيْكَ عَنِّي فَإِنَّكَ لَمْ تُصَبْ بِمُصِيبَتِي. وَلَمْ تَعْرِفْهُ فَقِيلَ لَهَا: إِنَّهُ النَّبِيُّ(ﷺ)! فَأَتَتْ بَابَ النَّبِيِّ(ﷺ) فَلَمْ تَجِدْ عِنْدَهُ بَوَّابِينَ. فَقَالَتْ: لَمْ أَعْرِفْكَ! فَقَالَ: إِنَّمَا الصَّبْرُ عِنْدَ الصَّدْمَةِ الأُولَى.رواه البخاري.

واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لای ژنێکدا لەسەر گۆڕێک بوو شین و شەپۆڕی دەگێڕا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە خوا بترسە و خۆڕاگربە! ژنەکە وتی: وازم لێ بێنە! تۆ تووشی ئەو بەڵا و موسیبەتە نەبووی کە من تووشم بووە! ژنەکە پێغەمبەری(ﷺ) نەناسی، دوایی پێی وترا: ئەوە پێغەمبەری خوا بوو(ﷺ).

ئەویش ڕۆیشت بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، دەرگاوان و پاسەوانی نەدی، وتی: قوربان بمبوورە نەمناسیت! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی خۆڕاگری ئەوەیە لە سەرەتای لێقەوماندا بێت. -واتە: دەبێت هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ خۆڕاگر بێت و ناشوکری نەکات-.

زانای مەزن (ابن حجر) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (فتح الباری) دا دەفەرموێت: یانی ئەو خۆڕاگرییەی کە گرنگە و پەسن دەدرێت، ئەوەیە لە سەرەتای لێقەوماندا بێت، نەک ئەوەی کە دوای تێپەڕینی



Scanned with Cam

چەند ڕۆژێک، بۆیە وتراوە: هەموو شتێک سەرەتا بچووکە و دواتر گەورە دەبێت، تەنیا بەلا و موسیبەت نەبێت، سەرەتا گەورەیە و دوایی بچووک دەبێتەوە...

تەماشای ڕێزی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەن چۆن لە ناخی ئەو ژنە تێدەگات کە کوڕێکی لە دەست داوە، ئەو ژنە هەرچەند بە ڕەقی وەلامی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دایەوە، بەلام پێغەمبەر(ﷺ) بە ڕەقی وەلامی نەدایەوە، بەڵکوو بەجێیهێشت و ڕۆیی، ئەوەش وانەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە تا بتوانین بەرگەی قسەی کەسێکی کۆستکەوتوو بگرین... تا گوێ نەدەین بە قسەی ڕەقی کەسێکی نەخۆش... تا گوێ بە قسەی ئەوانە نەدەین و لەبەر دڵمان سەخت نەبێت کە کاتی خۆی وا نەبوون، بەلام ئێستا بە هۆیەک لە هۆکارەکان قسەیان ترش و توون و ڕەق بووە!

وەلامی کەسێکی کۆستکەوتوو، یان کەسێکی بریندار و نەخۆش مەکەن بە بابەتێکی کەسی و پێی دڵگران مەبن، بەڵکوو لە بارودۆخی ئەو جۆرە کەسانە تێبگەن و هەمیشە ئەوەتان لە بیر بێت کە باشترین کەس ئەو کەسەیە کە بەهانە لە خەڵک قبووڵ دەکات...

ئەم دونیایە یانەی لەدەستدانە... هەرکەس هات، دەبێت بڕوات... پێغەمبەران، پیاوچاکان، خەڵکی سادە، پیاوخراپ و مرۆڤی ناڕەسەن، دارا و نەدار، زانا و نەزان، هەر هەمووی دەڕوات... ڕاستە لەدەستدانی کەسێکی ئازیز قورس و گرانە، ئێشی سەختە، بەلام دەرمان و هەتوانی ئەو ئێش و ئازارانە ڕازیبوونە بە قەزاوقەدەری خوای گەورە... لە بەهەشتدا ماڵێک هەیە پێی دەوترێت: ماڵی سوپاسگوزاران، تەنیا بەوانە دەبەخشرێت کە هەموو کارێکی



Scanned with Can

خۆیان هەواڵەی خوای گەورە کردووە و بە قەزاوقەدەری خوا ڕازی بوون.. گەورەترین ڕازیبوون و خۆڕاگری ئەوەیە کە لە سەرەتای لێقەوماندایە...

هەتا ئامۆژگاری چاک و باش بێت، گوێ مەدە بەوەی کێ دەیکات و کێ دەیڵێت، مرۆڤی وا هەیە هەڵەی کەسانی نزیکی لە قسەی ڕاستی خەڵک پێخۆشترە، ئەو جۆرە کەسانە تووشی ڕەگەزپەرستی و لەخۆڕازیبوون بوون، ئەوانە ژیری و دانایی و ئاوەزیان لە غیابدایە و لای خۆیان نییە... تۆ وەک ئەو ژنە مەبە کە لەبەر ئەوەی ئامۆژگاریکار ناناسی، ئامۆژگاری پێغەمبەری(ﷺ) ڕەت کردەوە...

ئەگەر خوانەخواستە لە کاتی لێقەوماندا قسەیەکی ناشیرینت دا لە دڵی کەسێک، زۆر زوو برۆ و ئاشتی بکەرەوە و دڵی بدەوە... ئەوە ڕەوشتی مرۆڤی بەرز و بەڕێزە، بەراستی ئەو ژنە ژنێکی باش و بەڕێز بوو، چونکە دوای ئەوەی بەرامبەر پێغەمبەر(ﷺ) قسەی ڕەقی کرد، بەڵام دواتر داوای لێبووردنی لێ کرد... ئەوەش ئاکاری پێغەمبەرانە، ئەگەر دڵی کەسێکیان توراندبێت، یەکسەر ئاشتیان کردووەتەوە و دڵیان داوەتەوە... ﴿وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى ٱلۡغَضَبُ أَخَذَ ٱلۡأَلۡوَاحَ﴾الأعراف: ١٥٤ واتە: کاتێک تووڕەیی موسا هێور بوویەوە، تابلۆکانی (تەورات)ـی هەڵگرتەوە.

ئەو دەمەی حەزرەتی موسا تووڕە ببوو، تابلۆکانی فڕێ دابوو، بەڵام هەر تووڕەییەکەی نەما، هەڵیگرتنەوە!



Scanned with Cam



# بە پێغەمبەرەوە بگەڕێنەوە!

لە یەکێک لە غەزاکاندا پێغەمبەر(ﷺ) دەستکەوتێکی زۆری دەست کەوت، هەمووی لەنێوان قورەیش و هۆزەکانی عەرەبدا دابەش کرد و بەشی ئەنصارییەکانی نەدا... ئەنصارییەکان بوو بە گرێ لە دڵیاندا و ڕۆیشتن بۆ لای سەعدی کوڕی عوبادە کە گەورە و ڕێشسپییان بوو، سەعید هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڕاستی لە بارەی ئەو دەستکەوتانەی کە لەنێوان قورەیشییەکان و هۆزەکانی تری عەرەبدا دابەشت کردووە و بەشی ئەنصارییەکانت لێ نەداوە، شتێک لە دڵی ئەنصارییەکاندا دروست بووە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی تۆ ئەی سەعد؟ تۆ ڕات چییە؟

سەعد وتی: منیش یەکێکم لەوان -واتە: ڕای منیش وەک ڕای ئەوانە-.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی هۆزەکەتم بۆ کۆ بکەرەوە...

سەعد ڕۆیی ئەنصارییەکانی کۆ کردەوە و دوایی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کۆبوونەتەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هاتە لای ئەنصارییەکان و فەرمووی: بەو خوایە ئەگەر ئێوە گلەیی لە من بکەن و بڵێن: تۆ کەس بڕوای پێ نەدەکردی و هاتی بۆ لای ئێمە، ئێمە بڕوامان پێ کردی... ئەگەر بڵێن: تۆ کەس نەبوو یارمەتیت بدات و ئێمە یارمەتیمان دای. ئەگەر



Scanned with Cam

بڵێن: ئێمە شوێنی تۆمان کردەوە، ئەگەر بڵێن: تۆ هەژار بووی، لای ئێمە بووی بە شت، ئەوە بڕواتان پێ دەکەم و دەڵێم: ڕاست دەکەن! ئەوە گەلی ئەنصاری ئێوە لەسەر شتێکی بێنرخی دونیا دڵتان لە ئاست کەسێک گۆڕاوە کە دڵی خۆی بە ئێوە داوە و ڕێنوێنی کردون بۆ ئەوەی ببنە مسوڵمان؟

کۆمەڵی ئەنصاری! ئێوە بەوە ڕازی نابن کە خەڵک بزن و مەڕ و وشتر بباتەوە، بەلام ئێوە پێغەمبەری خوا؟

بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە، ئەگەر خەڵکی مەککە نەبوومایە، ئەندامێک دەبووم لە ئەنصارییەکان... ئەگەر هەموو خەڵکی ڕێگایەک بگرنە بەر و ئەنصارییەکان بە تەنیا ڕێگایەک بگرنە بەر، من لەگەڵ ئەنصارییەکاندا دەچم...

خوایە بەزەییت بە ئەنصارییەکاندا بێتەوە! بەزەییت بە منداڵی ئەنصارییەکاندا بێتەوە! بەزەییت بە منداڵی منداڵەکانی ئەنصارییەکاندا بێتەوە!

ئەنصارییەکان ئەوەندە گریان تا ڕیشیان بە فرمێسکی چاویان خوسا... دوایی وتیان: ئێمە بەوە ڕازین کە پێغەمبەری خوا بەشی ئێمە بێت!

پێغەمبەری خوا بەشی هەمووانی دا. تەنیا بەشی ئەنصارییەکانی نەدا... نەک لەبەر ئەوەی هەمووانی لە ئەنصارییەکان زیاتر خۆش دەویێت، بەلکوو لەبەر ئەوەی ئەنصارییەکانی لە هەمووان زیاتر خۆش دەویست... بۆ ئەوەی دڵی ئەوانی تر گیر بدات و مسوڵمان ببن... دەیزانی ئیمان لەنێو دڵی ئەنصارییەکاندا وەکو کێو وایە لەسەر زەویدا و بە هیچ شتێک هەڵناکەنرێت... کاتێکیش شتێک لە دڵیاندا دروست بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) هۆکارەکەی بۆ ڕوون کردنەوە و دڵی هەمووانی ساف کردەوە...

مرۆڤ هەر مرۆڤە و پێی خۆشە شتی پێ ببەخشن... پێی خۆشە لە کەس جیای نەکەنەوە، بەڵام ئەگەر کەسێک کەسێکی خۆشویست و ئەوەندەی بە کەسێکی تر بەخشی بە ئەمی نەبەخشی، دەبێت بزانێت هۆکارەکەی چییە!

مرۆڤ سروشتی وایە جارجار گومانی خراپ دەبات، لێکدانەوەی ناڕاست بۆ بابەتەکان دەکات... کەواتە: هیچ وەسواسەیەک لە دڵی خەڵکدا مەهێڵەوە!

ئەکەی بەخششەکانی خوای گەورە وەک لێکدانەوەکەی یەکەمجاری ئەنصارییەکان لێک بدەیتەوە، ئەگەر بینیت کەسێک لە تۆ دەوڵەمەندترە و لەشی لە لەشی تۆ ساغترە، منداڵی لە تۆ زیاترە، خانووی لە خانووی تۆ خۆشترە، وا نەزانی ئەوە خوا ئەوی لە تۆ زیاتر خۆش دەوێت! خوای گەورە دونیا دەبەخشێت بەو کەسانەی خۆشی دەوێن و بەو کەسانەشی کە خۆشی ناوێن... کەواتە: دونیا پێوەری خۆشەویستی نییە، بەڵکوو ئیمان پێوەری خۆشەویستییە، ئیمان تەنیا بەو کەسانە دەبەخشێت کە خۆشی دەوێن!

ئەگەر دەتەوێت بزانی خوای گەورە کێی لە تۆ خۆشتر دەوێت، ئەوە ئەوانەی لە تۆ خۆشتر دەوێت کە لە تۆ زیاتر خواناسن...

ئەوانەی کە خوا لە تۆ زیاتر خۆشی دەوێن، ئەوانە نین کە مووچەکەیان لە مووچەکەی تۆ زۆرترە، ئەوانەش نین کە لە تۆ دەوڵەمەندترن، بەڵکوو ئەوانەن کە نوێژی بەیانی دەکەن و تۆ خەوتوویی... ئەوانەن کە خێر دەکەن و تۆ هەر کۆی دەکەیتەوە... ئەوانەن کە لەگەڵ دایک و باوکیاندا باشن و تۆ لەگەڵ دایک و باوکتدا خراپیت... ئەوانەن کە خۆیان دادەپۆشن و خۆیان بۆ نامەحرەم دەرناخەن، بەڵام تۆ خۆت بۆ کەس و ناکەس دەردەخەیت... ئەوانەن



Scanned with Can

کە حەج دەکەن، بەڵام تۆ دڵت نایە پارە بۆ حەج خەرج بکەیت!

خوا حەزرەتی موسای زۆر لە قارون زیاتر خۆش دەویست، کەچی قارون ئەوەندە دەوڵەمەند بوو کلیلی خەزنەکانی بە چەند کەسی بەهێز هەڵنەدەگیرا! بەڵێ خوای گەورە سەروەت و سامانی بە دوژمنەکەی بەخشی و ئیمانیش بە دۆستەکەی!

ڕاستە خوا دەتوانێت هەم سەروەت و سامان و هەم ئیمانیش بە کەسێک ببەخشێت، بەڵام دەبێت بزانی ئەم دونیایە شوێنی تاقیکردنەوەیە، نەک شوێنی حەوانەوە و پاداشتوەرگرتنەوە... دەی لەگەڵ قەزاوقەدەری خوای گەورەدا بەئەدەب و بەشەرم بن!



Scanned with Can

ئەو مرۆڤانەی کە هەمیشە چاویان لە دەستی خەڵک و لە شتی خەڵکە، هەرگیز بە هیچ شتێکی خۆیان ڕازی نین، ئەگەر مرۆڤ ئەوە تاقی بکاتەوە کە هەر سەیری دەستی خۆی بکات و چاوی لە دەستی کەس نەبێت، ئەوا چێژ لە شتەکانی خۆی وەردەگرێت و ماوەی ئەوەشی نامێنێت ئیرەیی بە خەڵکی ببات... تەنیا نەخۆشی ئیرەیی بوو کە ئیبلیسی بەو ڕۆژە گەیاند کە پێی گەیاند، ئیرەیی نەخۆشییەکە دەرمانی یان هەر نییە، یان زۆر کەمە، بۆیە پێشەوای گەورە و دانا شافیعی دەفەرموێت:

بۆ هەموو شت خۆ دەرمانێ هەس      تەنیا ئیرەیی بێ دەرمانە و بەس!

کاتێک خوای گەورە فرمانی بەسەر فریشتەکاندا کرد کە سەجدە بۆ بابە ئادەم ببەن، هەمووان سەجدەیان بۆ بردن لەو ناوە تەنیا ئیبلیس بوو خۆی بە گەورە زانی و وتی: ﴿أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ﴾ الأعراف: ١٢ واتە: من لەو باشترم! ئیستا زۆرێک لە خەڵکی بەرنامەکەی ئیبلیس پەیڕەو دەکەن و دەڵێن: ﴿أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ﴾ الأعراف: ١٢ .... خۆیان لە زۆرێک لە خەڵکی بە گەورەتر دەزانن!

ئەوانە کاتێک یەکێکیان بە لای خانوویەکی خۆش و گەورەدا تێدەپەڕێت، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ئای ئەگەر ئەمە هی من بووایە!

کاتێک سەیارەیەکی کەشخە دەبینێت، دەڵێت: خۆزگە ئەمە هی من بووایە، خۆ من لەو باشتر و پیاوتر و مەردترم!

ئەو جۆرە کەسانە هەرگیز تێر نابن، تەنانەت ئەگەر سەروەت و سامانی قارونیشیان پێ بدەی، هەر چاویان برسییە و تێر نابن، چونکە ئەوانە ئەگەر بە باخەڵیش دەوڵەمەند بن، بە چاو و دڵ نەدار و هەژارن!

ئەو مرۆڤەی لە مووچەکەی خۆی ڕازییە و سوپاسی خوای گەورەی لەسەر دەکات و هەست بەوە دەکات کە خوای گەورە نازونیعمەتێکی پێ بەخشیوە و بەو هۆیەوە دەتوانێت پێویستی خۆی جێبەجێ بکات و دەست لەم و لەو پان ناکاتەوە، ئەوە کەسێکی دەوڵەمەند و زەنگینە، ئەگەرچی مووچەکەیشی تا سەری مانگ بڕ نەکات و بەشی نەکات!

ئەو کەسەی هەمیشە لە بۆسەدایە و دەیەوێت بزانێت فلان چی کڕی و فیسار چی کڕی؟ ئەوانە هەژارن، هەژاریش دەبن و بە هەژاریش دەمرن! کەواتە: وەک وتمان هەژاری بە دڵە نەک باخەڵ!

نوێژەکانت بە جۆرێک بکە وابزانەماڵئاوایی دەکەیت!

بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر بزانی ئەم نوێژەت کە ئێستا دەیکەیت کۆتا نوێژە و دوای ئەوە دەمری، چۆن چۆنی ئەو نوێژە دەکەیت؟ وەبزانە دوای سەلامدانەوە دەتخەنە گۆڕەوە! چۆن چۆنی ئەو سەلامە دەدەیتەوە؟ با هەموو نوێژەکانت وابێت، وابزانە دوای ئەو نوێژە ئیتر دەمری! لە کاتی نوێژدا پەلە مەکە و مەڵێ: لە کارەکانم دوا دەکەوم! تۆ بەرامبەر کەسێک ڕاوەستاوی کە هەموو کارێک بە دەست ئەوە! باشە تۆ بەپەلە لەو زاتە دوور دەکەویتەوە و بەتەمای پشت بە خۆت ببەستی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانت؟ ئەیهاوار، ئەوە چ بیروباوەڕێکە؟

بە جوانی ئایەتەکانی قورئان بخوێنەوە و لێیان ڕامێنە و بیر لە ماناکانیان بکەرەوە! کاتێک سورەتی (الفاتحة) دەخوێنی، چێژی لێ وەربگرە لە کوڵی مەکەرەوە! سوپاسی ئەو خوایە بکە کە زۆر نازونیعمەتی بە تۆ بەخشیوە و بە خەڵکی تری نەبەخشیوە! سوپاسی ئەو خوایە بکە کە تۆ دەتوانی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەی،



Scanned with Can

بەلام ملیۆنان کەس لەو نازونیعمەتە بێبەشن! سوپاسی ئەو زاتە بکە کە خاوەنی ڕۆژی دواییە... ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤەکان تێیدا سزا و پاداشت وەردەگرنەوە... چێژ لە (ایاک نعبد و ایاک نستعین) وەربگرە... پەنا بگرە بە خوای گەورە... ئەو خوایەی کە هەژار نییە و دەوڵەمەندە... ئەو خوایە کە ڕۆزیی هەموو گیانلەبەرێکی دابین کردووە... بەڵێ... لە مانای سورەتی الفاتحة ورد بەوە وردا بیری لێ بکەرەوە... هەموو دونیا بخە پشت سەرتەوە و تەنیا ڕوو لە خوای گەورە بکە... ئەوە بێنە بیری خۆت خوای گەورە ڕێزی لێناوی نەیکردوی بە گاپەرست، بە مشکپەرست، بە بتپەرست، بە گاور، بە جوو، بە مولحید... بیر لەوانە بکەیتەوە ئیتر دەزانی بۆچی پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) هەموو جارێک بە بیلالی دەفەرموو: يَا بِلَالُ أَقِمِ الصَّلَاةَ أَرِحْنَا بِهَا. رواه ابوداود. واتە: بیلال قامەت بکە بۆ نوێژ، با بەو نوێژە ئاسوودە بین.

کارێک نەکەیت سبەی داوای لێبووردن بکەی بوی!

زمانت بگرە! قسە فڕێ مەدە! بۆ یەک قسە قیامەت بەرپا مەکە! بە زمانی زبر وەڵامی کەسێک مەدەرەوە و دوایی بە ناچاری داوای لێبووردنی لێ بکەیت!

بێگومان داوای لێبووردن کارێکی مەردانە و جوامێرانەیە، بەلام قسەی ترش و توون و تاڵ وەک بزماردا‌کوتینە بە دیواردا، ئەگەر بزمارەکەش دەربێنیت جێگەکەی هەر دیارە و وەک پێشوو چاک نابێتەوە و لە دوورەوە دیارە... شوێنەواری قسەی ناخۆشیش وایە، هەر لە دڵدا دەمێنێتەوە و سارێژ نابێتەوە... بۆیە حەزرەتی عەلی دەفەرموێت:

برینی شمشێر زوو سارێژ دەبێت

برینی زمان دەرمانی نییە!



Scanned with Cam



# پیاوێکی باشە!

عەبدوڵڵای کوڕی پێشەوا عومەر لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) گەنجێکی لاو بوو، شەوانە لە مزگەوت دەخەوت...

جا قسە دێ قسە دەبڕێت، هەر هاوەڵێک خەوێکی دیبا دەهات و بۆ پێغەمبەری(ﷺ) دەگێڕایەوە تا بزانێت پێغەمبەر(ﷺ) چۆن خەوپەرژێنی بۆ دەکات... عەبدوڵڵاش ئاواتەخواز بوو شەوێک خەوێک ببینێ و بۆ پێغەمبەری(ﷺ) بگێڕێتەوە...

شەوێک خەوێکی بینی، لە خەویدا دوو فریشتە هاتن و گرتیان و بردیان بۆ ئاگر... ئاگرەکە پێچرابوویەوە و قووڵ بوو، وەک بیر وابوو، چەند کەسێکیشی تێدابوو کە عەبدوڵڵا دەیناسین، ئیتر لە خەوەکەیدا هەر دەیگوت: پەنا دەگرم بە خوا لە ئاگر! پەنا دەگرم بە خوا لە ئاگر... ئیتر بەئاگا هات و خەبەری بوویەوە...

بۆ بەیانی خەوەکەی بۆ دایە حەفصەی خوشکی -کە خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو- گێڕایەوە... دایە حەفصەش بۆ پێغەمبەری(ﷺ) گێڕایەوە... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: عەبدوڵڵا پیاوێکی باشە، بەڵام خۆزگە شەونوێژی دەکرد!

ئیتر لەو شەوە بە دواوە عەبدوڵڵا هەتا مردن وازی لە شەونوێژ نەهێنا...



Scanned with Can

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لای هاوەڵان فەرمووی: خورەیمی ئەسەدی پیاوێکی باشە، بەڵام خۆزگە پرچی ئەوەندە درێژ نەبوایە و دەرلینگی ئەوەندە شۆڕ نەبووایە!

ئەوەیان بۆ خورەیم گێڕایەوە، خورەیم یەکسەر قەیچەکی هەڵگرت و لە ئاست نەرمەی گوێیدا پرچی قرتاند و دەرلینگی پۆشاکەکەیشی کورت کردووە...

هەر ئەوەندە بەس بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) بفەرموێت: فلانەکەس پیاوێکی باشە، خۆزگە ئاوا و ئاوای بکردایە و ئاوا و ئاوای نەکردایە، ئیتر یەکسەر ئەو کارەی دەکرد کە پێغەمبەر(ﷺ) پێی خۆش بوو بیکردایە و وازی لەوە دەهێنا کە پێغەمبەر(ﷺ) پێی خۆش نەبوو... هەتا مردنیش لەسەر ئەو کارە بەردەوام دەبوو کە پێغەمبەر(ﷺ) پێیخۆش بوو و نزیکی ئەوە نەدەکەوتەوە کە پێی ناخۆشبوو...

عەبدوڵلا هەتا ئەو ڕۆژەی عەمری خوای کرد وازی لە شەونوێژ نەهێنا... خورەیم هەتا مردن نەیهێشت پرچی لە نەرمەی گوێی زیاتر بێتە خوارەوە و هەرگیز پۆشاکی شۆڕی لەبەر نەکرد... هەمووان دەزانین شەونوێژ سوننەتە و سەرچاککردن پەیوەندی بە سەروسیمای مرۆڤەوە هەیە، بەڵام چونکە ئاواتی پێغەمبەر(ﷺ) بوو هەرگیز پێچەوانەی ئاواتی پێغەمبەر(ﷺ) نەجووڵانەوە!

یەکێک لە ئاواتەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە بووە کە ئوممەتەکەی نوێژەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن... کام یەک لە ئێمە توانیومانە ئەو ئاواتەی بێنینە دی؟

ئاواتی ئەوەبوو منداڵەکانمان لەسەر نوێژکردن ڕابێنین، کام یەک لە ئێمە لە نوێژی منداڵەکەی دەپرسێتەوە؟ باشە بۆ لەسەر یەک

رۆژ نەرۆیشتن بۆ قەتابخانە هەرەشە لە منداڵی خۆمان دەکەین، بەڵام گوێ نادەینە نوێژەکانی؟

بۆ لە کاتی هێنانی نمرەی کەمدا هەرەشەی لێ دەکەین، بەڵام بۆ نوێژکردن گوێمان لێیان نییە؟

باشە ئەوەندەی هەوڵ دەدەین کچەکانمان نمرەی بەرز بێنن، ئەوەندەش هەوڵ دەدەین باڵاپۆش بن؟

باشە هەوڵمان داوە لەگەڵ دایک و باوکمان چاک بین، چونکە دایک و باوک ناوەڕاستی بەهەشتن بۆ منداڵی باش؟

تا ئێستا سیلەی ڕەحممان وەک ئەوەی ئاواتی پێغەمبەرە(ﷺ) جێبەجێ کردووە؟ ئەی مەگەر نازانین هەرکەسێک سیلەی ڕەحم بپچڕێنێ، خوای گەورە دەیپچڕێنێ؟

باشە تا ئێستا وەک ئەوەی ئاواتی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لەگەڵ دراوسێدا جووڵاوینەتەوە؟ ئەی مەگەر جوبرەئیل ئەوەندە لەبارەی دراوسێوە ئامۆژگاری نەکرد، تا پێغەمبەر(ﷺ) وای گومان برد کە دراوسێ میراتی دراوسێ دەبات؟

بێننە بەرچاوی خۆتان لە کتوپڕێکدا پێغەمبەر(ﷺ) بێتە ماڵی ئێوە، باشە چ شتێک لە ماڵی ئێوەدا دەبینێ و دڵی پێ خۆش دەکات؟ بە چ شتێک قەڵس دەبێت؟

دەی هەرشتێک پێتان وایە ئەو پێی خۆشە، پەرەی پێ بدەن... هەر شتێک دەزانن پێی ناخۆشە، وازی لێ بێنن! بەو جۆرە دەتوانین کارێک بکەین کە ئەگەر لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) بووینایە پێی بفەرمووینایە: کەسێکی باشە!



Scanned with Can



# لەگەڵ شووشەکان نەرمونیانبە!

پێغەمبەر(ﷺ) خێزانەکانی برد بۆ حەج... لە ڕێگادا لێخوڕینی کاروانەکەی دا بە دەست کۆیلەیەکیەوە بە ناوی ئەنجەشە.. ئەنجەشە بە خێرایی لە وشترەکانی دەخوڕی... پیغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: ئەنجەشە! لەگەڵ شووشەکان نەرمونیان بە!

هەر لەو سەفەرەدا وشترەکەی دایە صەفیە مانی گرت و ڕێی نەدەکرد... دایە صەفیە دەستی کرد بە گریان، هەواڵیان دا بە پێغەمبەر(ﷺ)... خۆی تەشریفی هات و بە دەستی خۆی فرمێسکەکانی دایە صەفیەی دەسڕییەوە...

ئەگەر یەکێک لە ئێمە ژنی خۆمان ببینین لەبەر شتێکی ئاسایی دەگری، لەوانەیە لێی تووڕە ببین و هاوار بکەین بە سەریدا و بڵێین: داڕزێی ئەوە بۆ دەگریت، بەلام ئەو سۆز و بەرەکەتە هەرچەند دەیتوانی بە وشەیەکی پڕ لە نەرمونیانی دڵی دایە صەفیەی خێزانی بێنێتەوە جێ، بەلام بەوە ڕازی نەبوو، بەڵکوو خۆی بە دەستی پیرۆزی خۆی فرمێسکەکانی سڕییەوە، وەک پێی بفەرموێت: فرمێسکەکانت چەند بەنرخن صەفیە!

ژنان بە گشتی عاتفین، سۆز زاڵە بە سەریاندا... هەستیان ناسکە... لە کاتی بچووکترین پێشهاتی ناخۆشدا دەگرین... جاری



Scanned with Can

را هەیە ژن هەر لە خۆوە دەگری، هەرچی دەکەی نازانی هۆکاری گریانەکەی چییە؟

دەبێت پیاوان لەوە تێبگەن و بە شێوەیەکی جوان مامەلە لەگەل ژنانا بکەن... دەبێت گوێیان بدەنێ و گرنگییان پێ بدەن... دەبێ بە جۆرێک گرنگییان پێ بدەن وەک شتێکی گەورە ڕوویدابێت...

زۆر جار ژن هەر دەیەوێت ئەوەی بۆ ڕوون ببێتەوە کە پیاوەکەی گرنگی پێ دەدات...

کاتێک تۆ لە کار دەگەڕێیتەوە و ئەویش سکالای منداڵەکانت لا تۆمار دەکات، سکالای کارە قورسەکانی ماڵت لا تۆمار دەکات، خۆ لە ڕاستیدا کێشەت بۆ ناسازێنێت، نایەوێت تۆ هەستی و کارەکانی ئەو بکەی، خۆی باش دەزانێت ئەو منداڵانە منداڵی خۆیەتی و دەبێت حەوسەڵەی ئەوەی هەبێت بەخێویان بکات، دەزانێت ئەو ماڵە ماڵی خۆیەتی و پێویستە گرنگی پێ بدات، بەڵکوو ئەو تەنیا ئەوەی لە تۆ دەوێت کە بە جوانی گوێی بۆ بگری... دەستی بگریت و پێی بڵێی: تۆ ژنێکی گەورە و مەزنی... پێی بڵێی: تۆ زۆر خۆڕاگری، ئەگەر من لە جێی تۆ بوومایە بەرگەم نەدەگرت! ئیتر ئەو ژنە بەو قسانە ڕازی دەبێت و سووکنایی بۆ دێت...

بەلام ئەو پیاوانەی کە ئاگایان لە دونیای ژنان نییە، بە تووڕەییەوە دەڵێن: خۆ تەنیا تۆ کار ناکەی، منیش بەیانی تا ئێوارە لە دەروە کار دەکەم و ماندووم... خۆ ئەم ماڵە تەنیا ماڵی من نییە، تۆش بەشداری، منداڵ تەنیا منداڵی من نییە، تۆش دایکیانی... ئەو ژنەی کە نایەوێت منداڵ بەخێو بکات و ماڵ بەڕێوە ببات، دەتوانێت لە ماڵی باوکیدا دانیشێت!



Scanned with Can

بڕوام پێ بکەن ژن لەبارەی شتی سادەی وا قسە دەکات دەڵێی کێشەیەکی گەورەی ژیانە! بەس ئەوان هەر ئەوەیان دەوێ پیاو بە باشی گوێیان بۆ بگرێت و تەواو!

کاتێک ژن باسی کێشەکانی دەکات، ئەوەندەی دەیەوێت دڵی خۆی ئاسوودە بکات و قسەکانی هەڵڕێژێت، نیوئەوەندە نایەوێت کێشەکانی بۆ چارەسەر بکەیت!

جاری وا هەیە خۆی سوور و ساف دەزانێت کە تۆ هیچ چارەسەرێکت لا نییە، ئەگینا ئەویش بە جۆرێکی تر مامەڵە دەکات...

نەبوونی خانوویەکی فراوان، کەمی بژێوی، گۆڕینی قاپوقاچاخی ماڵەوە، ئەوانە ئەو شتانەن کە ژن دەزانێت دەبێت لەگەڵیاندا بچارێت، بەڵام ئەوەی ئەو لە تۆی دەوێت ئەوەیە کە تۆ کارێک بکەی ئەو هەست بکات تۆی هەیە... ئەو هەست بکات تۆ نزیکی لێیەوە... ئەو دەیەوێت تۆ هەستی پێ بکەیت!



Scanned with Can



# با بڕواتە بەر سێبەر!

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) وتاری بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، پیاوێکی بینی لەبەر تیشکی خۆردا وەستابوو، فەرمووی: ئەوە کێیە و بۆ لەوێیە؟
وتیان: قوربان ئەوە یوسەیری ئەنصارییە، پێی دەڵێن: باوکی ئیسرائیل، ئەوە لە خۆی گرتووە لەبەر تیشکی خۆردا بوەستێت و دانەنیشێت و قسە نەکات و بەڕۆژوو بێت!
پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: پێی بڵێن: با قسە بکات و بڕواتە بەر سێبەر و دانیشێت، بەڵام ڕۆژووەکەی بگرێت!

یەکێک لەو شتانەی ئەمڕۆ خەڵکی پێی گرفتارن، کردنی ئەو کارانەیە کە خوای گەورە نایەوێت، ڕێک وەک کارەکانی باوکی ئیسرائیل!

ئەو کارانەی کە باوکی ئیسرائیل دەیەویست بیکات، جگە لە ڕۆژووەکە، ئەوانی تر نە خێری تێدابوو، نە خوا دەیەویست، بەڵکوو ئەوە هەر خۆئازاردان بوو، ئەم ئایینی ئیسلامەش بۆ ئەوە نەهاتووە مرۆڤ ئازاری خۆی بدات... بۆ ئەوە نەهاتووە مرۆڤ خۆی بە دەستی خۆی خۆی بخاتە نێو مەشەقەت و تەنگانە و ناخۆشییەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بۆ ئەوە هاتووە مرۆڤەکان لە تەنگانە دەربێنێت و بیانخاتە نێو خۆشی و فەرحانی، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ﴾ البقرة: ١٨٥ واتە: خودا ئاسانکاری

بۆ ئێوە دەوێت و نایەوێت پەرستن و فەرزەکانتان لەسەر قورس و گران بکات.

مرۆڤ هەرشتێکی لە خۆی گرت و نەزری کرد، ئەگەر ئەو کارە خواپەرستی و نزیکبوونەوە بوو لە خوای گەورە، ئەوە خوا ئەو کارەی دەوێت، وەک ئەوەی کەسێک لە خۆی بگرێت ئەگەر فلانە کاری بۆ جێبەجێ بوو، ئەوا لەسەری بێت کە دوو ڕۆژ ڕۆژوو بگرێت... ئەگەر خوای گەورە شیفای بۆ نارد، دە ڕکات نوێژ بکات... ئەگەر خوای گەورە خەمەکەی ڕەواندەوە هەندێک پارە بکات بەخێر... خوای گەورە ئەم جۆرە خێر و لەخۆگرتنانە وەردەگرێت، بەڵام هەر شتێت پووچ و بێمانا بێت، خوای گەورە نایەوێت... وەک ئەوەی کەسێک لە خۆی بگرێت سەرنەتاشێت، خۆی نەشۆرێت، گۆشت نەخوات، سواری سەیارە نەبێت، ئەوانە هیچیان نە بۆ دونیا باشن، نە بۆ قیامەت، خوای گەورە ئەوانەی ناوێت و ئەوانە تەنیا خۆخستنەنێو ناخۆشی و نارەحەتییە... وەک لەخۆگرتنەکانی سەردەمی نەفامییە!

مسوڵمان ئەوەی لێ داوا کراوە کە بەرگەی نەڕەحەتی خواپەرستی بگرێت، بۆ نموونە: هەستان بۆ نوێژی بەیانی نارەحەتە، ڕۆژووگرتن ناخۆشە، بەڵام ئەم نارەحەتی و ناخۆشییە خواپەرستییە، خۆ خوا هەر لەبەر ناخۆشییەکە نییە کە ئەو کارانەی لە ئێمە دەوێت، بەڵکوو ئەوانە هەم خواپەرستییە، هەم بۆ لەشساغی باشن... ئەو کەسەی بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستێت، لەشێکی ساغی هەیە، ئەو کەسەی ڕۆژوو دەگرێت، بەو ڕۆژووگرتنە لاشەی نوێ دەبێتەوە... کەواتە هەر خواپەرستییەک خوای گەورە داینابێت، ئەوە هەم بۆ دونیا باشە و هەم بۆ قیامەت!

خوای گەورە تەنیا برسێتی لە ئێمە ناوێت، ڕۆژووی لە ئێمە دەوێت، ڕۆژوویش برسێتی بە دوای خۆیدا دێنێت. کەواتە: ئەگەر



Scanned with Cam

مرۆڤ بەیانی هەتا ئێوارە خۆی برسی بکات و هیچ نەخوات، بەلام بێی ڕۆژووی نەبێت، هیچ!

کەواتە: خواپەرستی کاتێک دێتە جێ کە بەپێی فرمانەکانی خوا بکرێت، نەک بەپێی ویست و ئارەزووی مرۆڤ!

خوای گەورە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیویستووە بەندەکانی خۆی بخاتە نێو ناخۆشی و سەرەئێشەوە، بە پێچەوانەوە هەمیشە کارئاسانییان بۆ دەکات، ئەوەتە لە کاتی سەفەری دووردرێژدا دەتوانی نوێژی چوار ڕکاتی بکەی بە دوو ڕکات... نیوەڕۆ و عەسر پێکەوە کۆ بکەیتەوە، مەغریب و عیشا پێکەوە کۆ بکەیتەوە... دەتوانی لە کاتی سەفەردا ڕۆژوو نەگری و دواتر قەزای بکەیتەوە...

بێنە بەرچاوی خۆتن ئا لەم ڕۆژگارەدا کەسێک بیەوێ بە سواری گوێدرێژ بڕوات بۆ حەج، ئەوە ئەو کەسە خۆی خستووەتە نێو تەنگانەوە، خوای گەورە ئەوەی لە کەس ناوێت! بڕۆ پارە بدە و سواری فڕۆکە ببە و بە دوو کاتژمێر خۆت بگەیەنە کەعبە!

ئەگەر لە دوو ڕێگاوە دەتوانی بڕۆی بۆ مزگەوت، ڕێگایەکیان خۆش و ئاسان، ئەویتر پڕ لە دڕکوداڵ، خوای گەورە نایەوێت تۆ ڕێگا پڕ لە دڕکودالەکە بگریتە بەر...

عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: مَا خُيِّرَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ أَمْرَيْنِ قَطُّ إِلَّا أَخَذَ أَيْسَرَهُمَا مَا لَمْ يَكُنْ إِثْمًا فَإِنْ كَانَ إِثْمًا كَانَ أَبْعَدَ النَّاسِ مِنْهُ. مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: هەرگیز پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەنێوان دوو کاردا سەرپشک نەکرا، مەگەر ئەوەی کە ئاسانەکەی هەڵدەبژارد، ئەگەر تاوانی تێدا نەبووایە، خۆ ئەگەر تاوانی تێدا بووایە ئەوە دوورترین کەس دەبوو لێیەوە.



Scanned with Cam



# زوبەیر ئاوی بدە!

زوبەیری کوڕی عەوام لە کەنار شاری مەدینە باخێکی هەبوو، جۆگایەک بەناو باخەکەدا تێدەپەڕی و لەو جۆگە ئاوی باخەکەی دەدێرا و دواتر جۆگاکە دەڕۆیشتە نێو باخی پیاوێکی ئەنصاری... پیاوە ئەنصارییەکە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و سکالای لەسەر زوبەیر تۆمار کرد و وتی: ئاوەکە دادەشکێنێت و درەنگ دەگاتە باخەکەی من!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: زوبەیر! باخەکەی خۆت ئاو بدە و دوایی لێگەڕێ با ئاوەکە بڕوات بۆ باخەکەی ئەم پیاوە!

پیاوەکە تووڕە بوو وتی: ئەوە کوڕە میمکی خۆتە؟

پێغەمبەر(ﷺ) ڕەنگی دەموچاوی گۆڕا و دوایی فەرمووی: زوبەیر باخەکەی خۆت تێراو بکە و پاشان لێگەڕێ با بڕواتە نێو باخەکەی ئەم پیاوەوە!

ئاوەکە بەناو باخەکەی زوبەیردا تێدەپەڕی... بە هەموو پێوەرێک، هەم بە پێوەری لۆژیک و هەم بە پێوەری باخداری و کشتوکاڵ، دەبوو لە پێشدا زوبەیر باخەکەی ئاو بدات، پاشان لێگەڕێ ئاو بڕوا بۆ باخەکەی تر، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) لەبەر ئەو پیاوە بە زوبەیری فەرموو: بە حاڵ باخەکەی ئاو بدات و دوایی ئاوەکە بەربدات، بڕوا بۆ باخەکەی خوارەوە. جا دوای ئەوە ئەو پیاوە باخەکەی خۆی تێراو کرد، دووبارە زوبەیر



Scanned with Can

بڕوا و باخەکەی تێراو بکات... کەواتە: پێغەمبەر(ﷺ) هەندێک مافی کوڕە میمکەکەی خۆی دا بەو پیاوە و بە پێچەوانەی دابونەریتی باخداری و کشتوکاڵی جووڵایەوە، لەبەر ئەوەی زوبەیر کوڕە میمکی بوو، بەڵام ئەو پیاوە لەوە تێنەگەیشت و خۆی بە مافخوراو زانی، تەنانەت بێڕێزی بەرامبەر پێغەمبەر(ﷺ) کرد و وای لێکدایەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) پشتگیری لە کوڕە میمکی خۆی دەکات... بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بەلاوە گران بوو، مافەکەی بۆ زوبەیر گەڕاندەوە و فەرمووی: باخەکەت تێراو بکە، پاشان ئاوەکە بەربدە بڕوات بۆ باخەکەی خوارەوە!

پێغەمبەر(ﷺ) وانەیەکی گەورەمان پێشکەش دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی مامناوەند... ئەوەش نەک بە پێوەری قانوون و یاسا، بەڵکوو بە پێوەری ئاکار و ڕەفتار و مامەڵەی جوان و ئاسانکاری... بە ئاشکرا قانوون لای زوبەیری دەگرت و مافی بەو دەدا، هەموو کەسێکیش ئەوەی دەزانی، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) لەبەر دراوسێیەتی دڵی ئەو پیاوەی ڕاگرت، هەندێک لە مافەکانی زوبەیری بەو بەخشی، چونکە دەیزانی زوبەیر میمکەزای خۆیەتی و بە هەر جۆرێک مافی لێ بسێنێتەوە، پێی ڕازییە و قسە لە قسەی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) ناکات...

ئەگەر کێشەی دوو کەسیان هێنایە لات، ئەوە ئەگەر بزانی یەکێکیان کەسێکی دیندار و بۆخواسوڵحاوە و حەزی لە کێشە و ئاژاوە نییە، کێشە نییە ئەگەر هەندێک لە مافەکانی بەوی تر بدەیت بۆ ئەوەی کێشەکە بنبڕ بکەیت، چونکە بەردەوامبوونی پەیوەندی بەستراوە بەوەی لایەک لە مافی خۆی خۆشبێت بۆ لایەکەی تر... لایەک کەمێک زیانی لێ بکەوێت و پەیوەندی بمێنێت، لەوە باشترە هەموویان بە تەواوی بە مافی خۆیان بگەن و بەڵام پەیوەندی بپچڕێ و کێشە دروست ببێتەوە...



Scanned with Can

لـە سـەردەمی نەفامیدا پیاوێکـی ژیـر هەبـوو زۆر بـە ئاسـانی کێشـەی خەڵکی چارەسـەر دەکرد... لـە دوور وڵاتـەوە خەڵک دەهاتن و دەیانکرد بە دادوەر و کێشـەی خۆیانیان لای ئـەو یەکلا دەکردەوە... ئەو پیاوە تەنیا یەک کوڕی هەبوو، ڕۆژێک کوڕەکەی هەستی کرد باوکی زۆر خەمبارە! لێی پرسی باوکـە بۆ خەمباری؟ باوکی وتـی: ڕۆڵـە من پیر بووم و لـە لێواری گۆڕدام، خەمی ئـەوە دایگرتووم دوای من کێ کێشـەی خەڵک چارەسـەر بکات؟

کوڕەکـە وتـی: مـن لـە جێـی تـۆ دادەنیشـم و کێشـەی خەڵکی چارەسـەر دەکـەم!

باوکەکـە وتـی: باشـە کـوڕم! ئەگـەر پیاوێکـی دڵاوا و سـەخی و پیاوێکی ڕژد و قرچۆک بوو بە کێشـەیان، چۆن چارەسـەری دەکەی؟

کوڕەکـە وتـی: هەندێـک مافـی کابـرای دڵاوا دەدەم بـە کابـرای قرچـۆک و کێشـەکە دەبڕێنمـەوە!

باوکەکە گوتـی: ئـەی ئەگـەر هـەردوولا قرچـۆک و ڕەزیـل بـوون چـی دەکـەی؟

کوڕەکـە وتـی: لـە باخەڵـی خـۆم کێشـەی هـەردوولا چارەسـەر دەکـەم...

باوکەکـە وتـی: ئـەی ئەگـەر هـەردوولا دڵاوا و پیـاوی بـاش بـوون، چـی دەکـەی؟

کوڕەکـە وتـی: دەی باوکـە دوو پیـاوی دڵاوا و بەڕێـز خۆیـان کێشـەی خۆیـان چارەسـەر دەکـەن و پێویسـتیان بـە دادوەر نییـە!

باوکەکـە زۆر دڵخـۆش بـوو، گوتـی: ئۆخـەی! بـە مردنـی مـن ئـەم ماڵـە کوێـر نابێتـەوە!



Scanned with Cam



# تۆسقاڵێك خۆبەزلزانین!

هاوەڵی بەڕێز حەکیمی کوڕی حیزام، یەکێک بوو لە پیاوماقولانی قورەیش... ئەم هاوەڵە بەڕێزە لای هاوەڵی بەڕێز مەعازی کوڕی جەبەل دەیخوێند و زانست فێر دەبوو... بە تەمەنیش پەنجا ساڵ لە موعاز گەورەتر بوو... بۆیە پێیان گوت: ئەوە تۆ دەڕۆیت لای ئەو منداڵە دەخوێنیت؟

فەرمووی: بەڵێ! خۆبەزلزانی خەڵکی کوشتووە!

هەر لە بارەی خۆبەزلزانییەوە با سەیرێکی ئەم فەرموودەیە بکەین:

ڕۆژێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەنێو هاوەڵاندا دانیشتبوو فەرمووی: «لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ». فَقَالَ رَجُلٌ: إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا وَنَعْلُهُ حَسَنًا. قَالَ: «إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ، الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ». رَوَاهُ مُسلم

. واتە: هەرکەسێک بە ئەندازەی تۆزقاڵێک فیز و خۆبەگەورەزانین لەنێو دڵیدا هەبێت، ناچێتە بەهەشتەوە. پیاوێک وتی: قوربان پیاوی وا هەیە پێی خۆشە جلوبەرگی جوان لەبەر بکات، پێڵاوی جوان لە پێ بکات! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سیفات و زات و کاری خوای گەورە جوانە، جوانیشی خۆش دەوێت، فیز و خۆبەزلزانین ئەوەیە دان نەنێی بە جوانی ڕاستەقینەدا، خەڵک بە کەم بزانی و بە چاوی سووکەوە تەماشایان بکەیت.



Scanned with Cam

ئێستا خەڵکانێکی زۆر لەسەر بنەمای: بشفڕێت هەر بزنە! لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ دەکەن... کەسی وا هەیە دەم لە باسی ڕیبا و سووخواردن و ڕەهن و بارمتە و میرات دەدات، کەچی نازانێت بە تەواوی و بە گوێرەی فەرمووده و سوننەت دەستنوێژێک بگرێت! ئایەت و فەرمووده و فەتوای گەورەزانایانی بۆ باس دەکەی، کەچی هەر لەسەر قسەی خۆی سووره و دان بە ڕاستیدا نانێت و بە زمانی حاڵ دەڵێت: بشفڕێت هەر بزنە!

ئەوانە خۆیان بە پێشەوایان ئەبوحەنیفە و مالیک و شافیعی و ئەحمەد ناگۆڕنەوە... کاتێک باسی فەتوای یەکێک لەو زاتە گەورانەی بۆ دەکەیت، دەڵێت: ئەوە قسەی خوا و پێغەمبەر(ﷺ) نییە... وەک ئەوەی -پەنا بە خوا- ئەوان لە گیرفانی خۆیان ئەو فەتوایەیان دەرهێنابێت و پەیوەندی بە قورئان و فەرموودەوە نەبێت!

من پێموایە ئەوانە لەسەر بنەمای: (خالف تعرف) واتە: دژ بە با بناسرێی، کار دەکەن و هەر بە مەبەستی خۆدەرخستن و خۆبەزلزانین گفتوگۆ دەکەن!

جارێک لەسەر بابەتێکی فیقهی لەنێوان (ابن حزم) و زانایەکی تردا گفتوگۆیەک کرا، ئەو دوو کەسە ڕای جیاوازیان هەبوو، دانیشتن کۆتایی پێ هات و قسەی ابن حزم سەرکەوت... ابن حزم گەڕایەوە بۆ ماڵ و شتێکی لە دڵدا مابوو، بۆیە کتێبەکانی هێنا و لە بابەتەکەی کۆڵییەوە و بۆی دەرکەوت قسەی هاوڕێکەی تەواو بووە و ئەم نەیپێکاوە، بۆیە بڕیاری دا سبەینێ کتێبەکەی هەڵگرێ و بڕوا بۆ لای هاوڕێکەی تا پێی بڵێ: قسەکەی تۆ دروست و تەواوە... یەکێک لە قوتابییەکانی وتی: ئەوە چی دەکەی قوربان؟

ابن حزم فەرمووی: دەچم بۆ لای فلانی و پێی دەڵێم کە قسەکەی تۆ تەواوە و من نەمپێکاوە!



Scanned with Can

قوتابییەکەی وتی: خۆ هەمووان وا دەزانن تۆ براوەیت، ئیتر بۆ خۆت بە رەمی خۆت ئەو دەکەی بە براوە؟

ابن حزم فەرمووی: ئەگەر بمتوانیایە ئێستا بڕۆم، نەمدەخستە بەیانی و هەر ئێستا دەڕۆیشتم!

ئای ئەمڕۆژانە چەند خۆبەزلزانین زۆر بووە!

کێشە ڕوودەدات... خەڵک دەبنە ناوبژیوان... ڕاستی دەردەکەویت... کەچی ئەوەی قسەکەی ڕاست نەبووە سواری سەری خۆی دەبێت و دانابەزێت و هەر خۆی بە ڕاست دەزانێت و مافی ئەوی تر دەخوات!

خۆی باش باش دەزانێت ستەمکارە، بەلام خۆبەزلزانین ناهێڵێت دان بە ڕاستیدا بنێ و واز لە مافی ئەوی تر بێنێت!

لە بارەی خەڵکبەکەمزانینیشەوە هەرچی دەڵێی، بیڵێ و مەترسە!

کەسی وا هەیە وادەزانێت هەر لەبەر ئەوەی خاوەن بڕوانامەیە و دەوڵەمەندە و کار و پیشەیەکی هەیە، ئیتر ئەو لە ئاسمان کەوتووەتە خوارەوە و خەڵکی کوڕی بلۆکن! دەدا بە لای خەڵکیدا و سلاویان لێ ناکات... سلاوی لێ دەکەن بەژێر لێوەوە وەلام دەداتەوە...

ئەو زانستەی خاکیتی بەدواوە نەبێت، چەقی نەفامی و نەزانینە..

خۆ هیچ کەسێک هێندەی ئیبلیسی نەدەزانی، دەبڕوانە بزانە پاش ئەوەی خۆی بە گەورە زانی، چی لێهات!

ئەو سەروەت و سامانەی خاکیتی و سادەیی بە دواوە نەبێت، چەقی هەژاری و بەدبەختییە...

قارون دەوڵەمەندترین کەسی سەر زەوی بوو، دەبزانە چۆن ڕیسوا بوو!

دەی خاکی بن، هەرکەسێک لەبەر خوا خاکی بێت، خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە!



Scanned with Cam



# ئەمەش!

ثومامەی صۆفی داوای ژنێکی کرد، ژنەکە پرسیاری کار و پیشەی کردبوو، ئەویش نامەیەکی بۆ نووسی و ئەم شیعرەی تیابوو:

دەپرسی کار و پیشەی من چییە؟
من پاڵەوانم، شێری شێرانم
بە یەک زللە و مست، شێر دەتۆپێنم
ئاڵابەدەستم، مەردی مەیدانم
دوای ئەوەی ژنەکە نامەکەی خوێندەوە بۆی نووسی:
من ئاسکم، سڵیش لە سێبەر دەکەم
تۆ بڕۆ داوای شێرەژن بکە!

زۆرێک لە پیاوان وا دەزانن ژنان شەیدای هێز و بازوون، کەچی نازانن ژنان زیاتر شەیدای نەرمونیانین، هیچ گوریسێک هێندەی گوریسی ئەوین بەهێز نییە... مرۆڤ پیاو بێت یان ژن، گەنج بێت یان پیر، هێندەی بە پەتی خۆشەویستی دەبەسترێنەوە، هێندە بە پەتی هێز و بازوو نابەسترێنەوە...

ئەنەس دەفەرموێت: ماڵی پێغەمبەر(ﷺ) دراوسێیەکی فارسیان هەبوو، شلەیان زۆر خۆش بوو، ڕۆژێک هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)



Scanned with Cam

دایە عایشەش لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بوو، پیاوەکە پێغەمبەری(ﷺ) دەعوەت کرد بۆ نانخواردن... پێغەمبەریش(ﷺ) بە ئاماژە فەرمووی: ئەمیش؟ -واتە: عایشەش بێت؟-...

پیاوەکە وتی: نەخێر!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی منیش نایەم!

بۆ جاری دووەم دیسان ئەو ماڵە خواردنێکی خۆشیان ئامادە کردبوو، دیسان هاتەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دەعوەتی کردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) وەک جاری پێشوو ئاماژەی بۆ دایە عایشە کرد و فەرمووی: ئەمیش؟

پیاوەکە وتی: نەخێر!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی منیش نایەم!

بۆ جاری سێیەم پیاوەکە هاتەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دیسان دەعوەتی کرد، پێغەمبەریش(ﷺ) وەک دوو جارەکەی پێشوو فەرمووی: ئەمیش؟

پیاوەکە وتی: بەڵێ!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئێستا ئیتر دێم... هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن بۆ ماڵەکە...

بێگومان کێشە نییە ئەگەر پیاو هەندێک جار بە تەنیا بڕوات بۆ داوەتی کەسێک و لەگەڵ چەند برادەرێکی تایبەتی خۆیدا بڕوات بۆ گەشتوگوزار، هەروەها ژنیش!

بەڵام کێشە لەوەدایە پیاو ژن بە کەلوپەلی نێوماڵ بزانێت... وابزانێت ئەگەر ژنەکەی لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ ماڵان، دەبێتە مایەی شەرمەزاری!



Scanned with Cam

تەماشای ئاکار و ڕەوشتی جوانی پێغەمبەر(ﷺ) بکەن! تەماشای ئەرمونیانی ئەو زاتە بکەن! کتێبە مێژووییەکان زۆر باسی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەر(ﷺ) زۆرجار لەگەڵ هاوەڵاندا ڕۆیشتووە بۆ داوەتی کەسێک، بەڵام شتەکە لێرە جیاوازە... داوەت داوەتی دراوسێیەکە، دایە عایشە ئاگادارە... ئەویش ڕێزی لێ دەگرێت و هەستی بریندار ناکات و بەبێ ئەو ناڕوات... دوو جار خۆی لەو خواردنە خۆشە بێبەش کرد لەبەر خاتری خێزانەکەی... لەبەر خاتری دایە عایشەی ژنی... بێگومان پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەو کارەی دڵی دایە عایشەی خۆش کردووە و زۆر زیاتر لە جاران دڵی بە پێغەمبەر(ﷺ) داوە... بۆی دەرکەوتووە ئەو لە لای پێغەمبەر(ﷺ) خاوەن ڕێزە و وەک کەلوپەل و کاڵا سەیر ناکرێت!

زۆرجار شتێکی سادە هەیە پیاو زۆر گرنگی پێ نادات، بەڵام بە لای ژنەوە زۆر گەورەیە، زۆر لە دیاری و شتی بەنرخ بەنرختره... مرۆڤ بە ڕێزەوە دەگیرێت، مرۆڤ ناخی هەیە، هەرشتێک ناخی مرۆڤ خۆش و گەش بکاتەوە، ئەوەی پێخۆشە... هەرشتێک ببێت بە مایەی دڵخۆشین مرۆڤ ئەوەی پێخۆشە... کارێک نەکەی ژنەکەت وا هەست بکات تۆ بە بوونی ئەو شەرمەزار دەبیت!

هەرکەسێک ژنەکەی بە هیچ نەزانێت، ئەم دونیایەش ئەو بە هیچ نازانێت... سڵاوی خوا لە نەنکم کە هەموو جارێک دەیگوت: هەرکەسێک ژنەکەی بە عەیبە بزانێت، خەڵک بە تۆپی بەرپێی دەزانن!



Scanned with Cam



## ئەگەر فاتیمەش دزی بکات!

عَـن عائشـةَ رَضِي اللـه عَنْهَـا أَنَّ قُرَيْشًـا أَهَمَّهُـمْ شَـأْنُ الْمَـرْأَةِ الْمَخْزُومِيَّـةِ الَّتِـي سَرَقَـتْ فَقَالُـوا: مَـنْ يُكَلِّـمُ فِيهَـا رَسُـولَ اللَّـهِ(ﷺ) ؟ فَقَالُـوا: وَمَـنْ يَجْتَرِئُ عَلَيْـهِ إِلَّا أُسَـامَةُ بْـنُ زَيْـدٍ حِـبُّ رَسُـولِ اللَّـهِ(ﷺ) فَكَلَّمَـهُ أُسَـامَةُ. فَقَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ(ﷺ): «أَتَشْـفَعُ فِي حَـدٍّ مِـنْ حُـدُودِ اللَّـهِ؟» ثُـمَّ قَـامَ فَاخْتَطَـبَ ثُـمَّ قَـالَ: «إِنَّمَـا أَهْلَـكَ الَّذِيـنَ قَبْلَكُـمْ أَنَّهُـمْ كَانُـوا إِذَا سَرَقَ فِيهِـمُ الشَّرِيـفُ تَرَكُـوهُ وَإِذَا سَرَقَ فِيهِـمُ الضَّعِيـفُ أَقَامُـوا عَلَيْـهِ الْحَـدَّ وَايْـمُ اللَّـهِ لَـوْ أَنَّ فَاطِمَـةَ بِنْـتَ مُحَمَّـدٍ سَرَقَـتْ لَقَطَعْـتُ يَدَهَـا» . مُتَّفَـقٌ عَلَيْـهِ.

واتـە: دایـە عایشـە دەفەرموێت: ژنێکی هۆزی مەخزومـە شتی لـە خەڵک وەردەگرت و دوایی نەیدەدایەوە و دەیدزی، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی کـرد کـە دەسـتی ببڕنـەوە. قورەیشـییەکان پێیـان گـران بـوو دەستی ببڕدرێتـەوە، بۆیە وتیان: کێ بڕوا بۆ خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و تکای بۆ بکات و دەستی نەبڕنـەوە؟ دوایی وتیان: جگە لە ئوسـامەی کوڕی زەیدی خۆشەویستی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کێ بێت بتوانێت و تکایەکی بۆ بکات؟ بۆیـە ئوسامەیان نارد. ئوسـامە ڕۆیشتە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و تکای بۆ ژنـە دزەکـە کـرد... پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمووی: ئـەوە تـۆ تـکا بـۆ ئـەوە دەکـەی فرمـان و بڕیارێکـی خـوا جێبەجـێ نەکرێت؟ دوایی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەسـتا و لـە مزگەوتدا وتارێکی خوێندەوە... لـە وتارەکـەدا فەرمـووی: بەڕاسـتی گەلانـی پێـش ئێـوە بۆیـە تیاچـوون، چونکـە هەرکاتێـک کەسـێکی خانـەدان دزی بکردایـە



Scanned with Cam

وازیان لێ دەهێنا، بەڵام ئەگەر کەسێکی هەژار و لاواز دزی بکردایە تۆڵەیان لێ دەسەندەوە... جا سوێند بە خوا! ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەد -واتە: فاتیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ)- دزی بکات، دەستی دەبڕمەوە!

مەخزوومییەکان تیرەیەکی ڕەگداکوتاوی قوڕەیش بوون، بۆیە قورەیش ئەو ڕووداوەیان پێناخۆش بوو... بەدوای کەسێکدا دەگەڕان لای پێغەمبەر(ﷺ) ببێت بە تکاکار و لەو ژنە ببوورێت... دواتر هەموویان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی هیچ کەسێک وەک ئوسامە بۆ تکاکاری باش نییە... پێغەمبەر(ﷺ) زۆر ئوسامەی خۆش دەویست! وەک کوڕی وابوو... بۆیە هاتن بۆ لای ئوسامە و ئوسامەیان نارد بۆ تکاکاری...

ئەگەر من فەرموودەناس بوومایە و ئەو فەرموودانەم کۆ بکردایەتەوە کە باس لە گەورەیی خاتوو فاتیمە دەکەن، ئەم فەرموودەیەم لە پێشی پێشەوە تۆمار دەکرد... ئەمە وەک ئەوە وایە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووبێتی: لەم سەر زەوییەدا هیچ کەسێکم هێندەی فاتیمە خۆش ناوێت! ئەمە زۆر ڕوونە و بیرکردنەوەی ناوێت!

بێنە بەرچاوی خۆت: بۆ نموونە تۆ وانەبێژی! کەسێک دێت و داوات لێ دەکات کەسێکی کەوتوو دەربچێنێت... تۆش دەڵێی: بە خوا ئەگەر دایکیشم بێت و داوام لێ بکات منداڵێکی کەوتوو دەربچێنم، دەریناچێنم!

بێگومان ئەوە وەک ئەوە وایە تۆ بڵێی: لەم دونیایەدا هیچ کەسێکم هێندەی دایکم خۆش ناوێت!



Scanned with Cam

ئەم دونیای ئێمە بۆیە تێکچووە، چونکە زۆربەی خەڵک لەسەر بنەمای خزمخزمێنە و ناسراوی کار دەکەن... لەسەر بنەمای (ئەوە لە خۆمانە) و (ئەوە لە خۆمان نییە) کار دەکەن...

لە بانگەوازێکی ئاشکرادا داوای کارمەند دەکرێت... زۆرێک سیڤی خۆیان پێشکەش دەکەن... لەو ناوەدا کەسی وای تێدایە تەواو شیاوی ئەوەیە ئەو کارەی پێ بسپێردرێت، کارنامە و بڕوانامەی تایبەت بەو کارەی هەیە، کەسی واشی تێدایە هیچی لێ نازانێت، لە تەمەنیدا بۆ یەک چرکەش لەو جۆرە کارەی نەکردووە، کەچی لە ئاکامدا ئەوەی شایانی ئەوەیە کارەکەی پێ بدرێت، وەرناگیرێت و ئەوەی شایانی نییە بە خۆشحاڵییەوە وەردەگیرێت، چونکە خزمی فڵانە و نامەی فیساری پێیە!

ئەمە لە ڕاستیدا دزییە، دزینی ماف و ئیمتیازی کەسێک بۆ کەسێکی تر... ئەمە خیانەتکردنە... غەشە... نەک هەر لە کەسێک، بەڵکوو لە چینێک لە گەلێک لە وڵاتێک... جا هەتا کارەکە گرنگتر و گەورەتر بێت، خیانەت و غەشەکەش گەورەتر و ترسناکترە... شوێنەوارەکانیشی خراپتر و زامەکانیشی قووڵتر و دەردەکانیشی بێدەرمانتر و زیانەکانی زیاترە...

پێش ئەوەی بەرەو لای واسیتە و نامەی فڵان و فیسار بچیت، ئەوەت لە بیر نەچێت کە دەتەوێت یەکەم هەنگاو بەرەو دزی بنێی! دزینی مافێکی گشتی!

خۆ دزی هەر ئەوە نییە بە شەو بچی و بە پەنامەکی شتی ماڵێک ببەیت و بڕۆی، هەرکاتێک بە پەنامەکی مافی کەسێکت پێشێل کرد و مافی کەسێکت خوارد، ئەوەش دزییە!

پێش ئەوەی ببی بە واسیتەی کەسێک ئەوەت لە بیر بێت کە دەتەوێت ڕێگای دزیکردن بۆ کەسێک خۆش بکەیت! دەتەوێت



Scanned with Cam

ڕێگای غەش و خیانەتکردن بۆ کەسێک بکەیتەوە! خزمەتکردنی تاکێک لەسەر حیسابی کۆمەڵگا، غەشکردن و خیانەتکردنە لە کۆمەڵگا...

چاکسازی کاتێک دەست پێ دەکات کە کاری شیاو بە کەسی شیاو بدرێت... ئیتر لە شۆفێری پاسێکی نەفەراتی نێو شەقامەکانەوە بگرە، تا دەگات بە پلەی سەرۆک!

داڕووخان و داڕکانیش کاتێک دەست پێ دەکات کە دەرگای واسیتە و منوتویی دەست پێ دەکات!

هەرکاتێک هەمووان لەبەردەم شەرع و قانووندا وەک یەک بوون.. هەرکاتێک سەرکردە و کرێکار وەک یەک بوون لەبەردەم دادوەردا... هەرکاتێک لێکۆڵینەوە لەگەڵ وەزیر و گزیردا کرا، ئەو کاتە بناغە و ڕیشتەی چاکسازی دروست و جێگیر دەبێت...

ئەو کاتە هەموومان دەبین بە یەک گەل، یەک نیشتیمان، یەک ماڵ، یەک وڵات، یەک ڕیز، یەک هێز، یەک بەرە، یەک ماڵ... ئەو کاتە مرۆڤ مرۆڤە و کەس ناتوانێت سووکایەتی بە مرۆڤایەتی بکات...



Scanned with Cam



## پوور لە جێگەی دایکە!

کاتێک گەورەی شەهیدان حەمزەی مامی پێغەمبەر(ﷺ) لە مەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، لە شاری مەککە سەلمای ژنی و ئومامەی کچی بەجێ هێشت...

ڕۆژگار تێپەڕی و پێشەوا حەمزە لە جەنگی ئوحوددا شەهید بوو... خاتوو سەلماش بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد... ئومامە لە ماڵە خزمەکانی لە شاری مەککەدا بەبێ دایک و باوک مایەوە...

دوای ئەوەی ڕێککەوتنی حودەیبیە کرا و پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هات بۆ عەمرە، ئومامە بە غاردان هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و هەر دەیگوت: مامە! مامە! هەرچەند ئومامە ئامۆزای پێغەمبەر(ﷺ) بوو، بەڵام چونکە پێغەمبەر(ﷺ) زۆر لەو بەتەمەنتر بوو، وەک ڕێزێک پێی دەگوت: مامە! ئومامە ئەو دەمە تەمەنی دە ساڵ بوو، پێغەمبەریش(ﷺ) نزیکی شەست ساڵێک تەمەنی بوو...

هەریەک لە زەیدی کوڕی حاریثە و جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب دەیانەویست ئومامە ببەن بۆ ماڵی خۆیان و بەخێوی بکەن، بوو بە کێشەیان و چوونە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)...

لەولاشەوە حەزرەتی عەلی دەیگوت: من دەیبەم بۆ ماڵی خۆمان و بەخێوکردنی لە ئەستۆ دەگرم، چونکە هەم ئامۆزامە، هەم کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خێزانمە، کە ئومامە ئامۆزای باوکی ئەویشە، کەواتە من لە پێشترم بۆ ئەوەی بیبەم بۆ ماڵی خۆمان!



Scanned with CamScanner

زەیدیش دەیگوت: ئەو کچە برازای خۆمە، مەبەستی برایەتی خۆشەویستی نێوان خۆی و حەمزە بوو، هەروەها ئەو برایەتییەی کە پێغەمبەر(ﷺ) لەنێوان ئەو و حەمزەدا دروستی کردبوو...

جەعفەریش دەیگوت: تەنیا من مافی ئەوەم هەیە بیبەم بۆ ماڵی خۆمان، چونکە جگە لەوەی کە ئامۆزامە، خوشکەزای ژنەکەشمە... ژنەکەی جەعفەر کە ناوی ئەسما بوو، خوشکی سەلمای دایکی ئومامە بوو...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) مافی بردنەوەی بە جەعفەر دا و فەرمووی: پور لە جێگەی دایکە!

دوایی فەرمووی: جەعفەر! تۆ هەم شکڵ و سەروسیمات، هەم ئاکار و ڕەفتاریشت لە من دەچێت!

عەلی! تۆ لە منی و منیش لە تۆم!

زەید! تۆش برای کەسوکاری ئێمەی!

تەماشای گەورەیی هاوەڵان بکە! ئەوانە لەناو خۆیاندا بوو بەکێشەیان، نەک لەبەر سەروەت و سامان و ماڵی دونیا، نەک لەبەر موڵک و زەوی و باخ و ئەو شتانە، بەڵکوو بۆ بەدەستهێنانی خێر و چاکە، بۆ بەخێوکردنی کچێکی هەتیوی باوک شەهیدکراوی دایک مردوو... ئەوانە بۆ کردنی چاکە پێشبڕکێیان دەکرد... ئەوانە دڵیان پاک بوو، بۆیە خوای گەورە هەڵیبژاردن و کردنی بە هاوەڵی پێغەمبەرە نازدارەکەی(ﷺ)....

تەماشای ئاکاری بەرز و پیرۆزی پێغەمبەری خوا(ﷺ)! خاتری هەمووانی گرت... بە چاکە باسی هەمووانی کرد... دڵی هەمووانی ڕاگرت... تۆش هەرکاتێک لەنێوان دوو خزم و دوو دۆستدا دادوەریت



Scanned with Can

کرد، بە شێوەیەک بیکە، دڵی هەردوو لایان ڕابگری، ئەوەیان کە خاوەن مافە، مافەکەی بۆ بگێڕەوە، دڵی ئەویتریش ڕابگرە و دڵی مەشکێنە... لەوانەیە جارێک لە جاران کێشەیەک لەنێوان ژنەکەت و خوشکەکەتدا ڕووبدات، خوشکەکەت لەسەر هەق بێت، لەو کاتەدا وا باشە بە ژنەکەت بڵێی: من تۆم زۆر خۆش دەوێت! تۆ لای من زۆر خۆشەویستی، بەڵام خوشکەکەم ڕاست دەڵێت و هەق بەوە!

یان بە پێچەوانەوە، ماف لای ژنەکەتە، مافەکەی بۆ بگێڕەوە و دڵی خوشکەکەشت بریندار مەکە و بە جوانی پێی بڵێ: خوشکە ئازیزەکەم! ڕاستە تۆ خوشکی منی و هیچ هێزێک ناتوانێت خوشکوبرایەتی من و تۆ تێک بدات، بەڵام ژنەکەم لەسەر هەقە! کەوابوو تەنیا دادوەری مەکەن، بەڵکوو دڵەکانیش ڕابگرن!

یەکێک لە ڕەوشتەکانی دادوەری ئەوەیە کە.هۆکاری دادگەرییەکە ڕوون بکەیتەوە، بەخێوکردنی ئومامە بەر جەعفەر کەوت، پێغەمبەر(ﷺ) هۆکارەکەی ڕوون کردەوە و پێی فەرموون: لەبەر ئەوەی ژنەکەی جەعفەر پووری ئومامەیە، پووریش لەجێی دایکە، کەواتە ئەوان بەخێوکردنی دەگرنە ئەستۆ!

لەوانە گەڕێ! لێرە شتێکی گرنگ هەیە، پوور لە جێگەی دایکە!

ئەوە شتێکی لە بیر کراوە، ئەوە گەورەییەکە بۆ پوورێک کە کەم کەس ئەو گەورەییە لەبەرچاو دەگرێت...

ڕێزگرتن لە پوور، ڕێزگرتنە لە دایک... ڕێزی پوورەکانتان بگرن! پوورەکانتان دایکتانن!



Scanned with Can



# نالەی دارخورما!

هەرجارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە مزگەوتدا وتاری بدایە، لە کەنار کۆڵەکەیەکی دارخورمادا ڕادەوەستا و پاڵی پێوە دەدا... دوای ئەوەی مینبەریان بۆ چاک کرد، ئیتر لەسەر مینبەر وتاری دەخوێندەوە و کۆڵەکەکەی بەجێ هێشت... بۆ یەکەمجار کە کۆڵەکەکەی بەجێ هێشت، هەمووان ناڵەیەکیان بیست کە لە کۆڵەکەکەوە دەهاتە دەرەوە... پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هاتەوە بۆ لای کۆڵەکەکە و دەستی پیا هێنا... کۆڵەکەکە ئارام بوویەوەو نرکە و ناڵەی نەما...

هەرجارێک حەسەنی بەصری ئەم ڕووداوەی باس بکردایە، دەستی دەکرد بە گریان و دەیفەرموو: خەڵکینە! کۆڵەکەیەکی وشک دەیزانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چەندە خاوەن شکۆیە و چەند لای خوا بەڕێزە، بۆیە کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) بەجێی دەهێڵێت دەست دەکات بە ناڵە ناڵ... ئێوە زیاتر شایانی ئەوەن دەست بکەن بە ناڵەناڵ!

لێرە زنجیرە باسی (هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پەیامبەر) کۆتایی دێت، بەڵام باسی کۆڵەکەکە هێشتا ماوە!

قوربان کوا دەستت لە کوێیە تا بیهێنی بەسەر دڵی ئێمەدا و سووکناییمان بۆ بێت؟

قوربان کوا ڕووخساری شیرینت تا تێر سەیری بکەین و دوایی بە دونیا بڵێین: سڵاوت لێبێت ئەی ئەو زاتەی خوا هێناویەتە بوون!



Scanned with Cam

قوربان کوا دەنگە پڕ لە سۆزەکەت تا ئێمە بیبیستین و تێر ئاو ببین، وا خەریکە هەمووان لەتاو تینوێتی بیستنی فەرموودەکانت کوێر دەبین!

قوربان خۆشمان دەوێی! بەخوا خۆشمان دەوێی! بە خوا بە دەست خۆمان نەبوو لەم سەردەمەدا هاتینە ژیان... ئەگەر بە دەست خۆمان بووایە لە خزمەت تۆدا دەبووین و خۆمان دەکرد بە قوربانی یەک چرکەی ژیانت!

پێمان خۆش بوو لە کاتی سەرەتای دابەزینی وەحیدا لە خزمەتتدا بووینایە و یارمەتی تۆمان بدایە و وەک دایە خەدیجە ببووینایە بە هاوکار و هاوڕێت!

قوربان پێمان خۆش بوو ڕۆژی تائیف لە خزمەت تۆدا بووینایە و خۆمان بدایەتە بەر ئەو بەردانەی کە گیرانە جەنابت، بۆ ئەوەی سەری ئێمە بشکێ، چاومان کوێر ببێت، بەڵام نەبینین بەردێک بەر تۆ دەکەوێت! بۆ ئەوەی ئەو بەردانەی بەر تۆ کەوت، بەر دڵی ئێمە بکەوتایە!

قوربان پێمان خۆش بوو لە دۆڵی ئەبوتالیبدا لە خزمەتتدا بووینایە و نەمانهێشتایە برسی ببێت، هەر هیچ نەبێت ئێمەش وەک تۆ برسی بووینایە!

قوربان پێمان خۆش بوو ئەو دەمەی لە مەککە نوێژت دەکرد و زبڵ و خاشاکیان دەڕژاند بەسەر سەرتدا، ئێمە سەرمان بدایەتە بەر ئەو خاشاکە و نەمانهێشتایە بەر سەری تۆ بکەوێت!

قوربان پێمان خۆش بوو ئێمەش وەک حەزرەتی عەلی لە جێگاکەی تۆ بنووین و گیانی خۆمان لەپێناو گیانی تۆدا بخەینە مەترسییەوە!

قوربان پێمان خۆش بوو لە کاتی کۆچدا وەک حەزرەتی ئەبوبەکر لە خزمەتتدا بووینایە و ببووینایە بە خزمەتکارت!



Scanned with Cam

قوربان پێمان خۆش بوو ئەو ڕۆژەی تەشریفت هاتیتە ناو شاری مەدینە و ئەو ناوەت کرد بە ڕۆژی ڕاستەقینە، ئێمەش لەگەڵ خەڵکیدا (طلع البدر)مان بگوتایە!

قوربان پێمان خۆش بوو لە جەنگی بەدردا ئێمەش سەرباز بووینایە و بەرگریمان لە ئایینە پاکەکەت بکردایە!

قوربان.پێمان خۆش بوو لە جەنگی ئوحوددا خۆمان بکردایە بە سوپەر و قەڵغان و نەمانهێشتایە هیچ شیروتیرێک بەرت بکەوێت!

قوربان پێمان خۆش بوو لە حودەیبیەدا لە خزمەتتدا بووینایە و بە جەنابتمان گوتبا: ئێمە سەربازی فیدایی جەنابتین!

قوربان پێمان خۆش بوو لە کاتی ئازادکردنی مەککەدا لەگەڵ تۆدا بووینایە و وەک تۆ دڵشاد بووینایە!

قوربان پێمان خۆش بوو لە کاتی حەجی ماڵئاواییدا گوێمان لە ئامۆژگارییەکانت بووایە!

قوربان پێمان خۆش بوو هەموو کاتێک دەرگاوان و هاوڕێ و هاوسەفەری جەنابت بووینایە!

قوربان پێمان خۆش بوو پێش ئەوەی جەنابت ئێمە بەجێ بهێڵیت، ئێمە تۆمان جێهێشتبا، تا تۆ نوێژت لەسەر ئێمە بکردایە و ماڵئاوایی تۆشمان نەدیبایە!

بەڵام خۆزگە هیچ شتێ ناکات... قوربان تکایە لە بیرمان مەکە و ئاگات لێمان بێت! لای خوای گەورە تکامان بۆ بکە! دڵمان بە تۆ خۆشە، نەک بە کاری چەوتی خۆمان!

﴿سُبْحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ۝ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلْمُرْسَلِينَ ۝ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝﴾



Scanned with Cam

# لە بارەی پێغەمبەر ﷺ بۆتان دەدوێم

ئەم کتێبەی کە بەڕێزت خەریکی دەیخوێنیتەوە گڵێنەی تازە لە کووورە دەرهاتووی بەڕێز (ئەدهەم شەرقاوی)یە، وەک کورد دەڵێ: هەڵمی لێ هەڵدەستێ!.. ئەم کتێبەیش وەک کتێبەکانی پێشوو، پڕە لە وانە و ئامۆژگاری. لەم کتێبەدا نووسەر هەرجارە و بەسەرهاتێکی پێغەمبەری خاوەن شکۆ(ﷺ) دەگێڕێتەوە و باسی وانە و ئامۆژگارییەکانی دەکات، کە بەڕاستی کتێبێکە بۆ چێنی خۆی بێوێنە و نایابە. چۆنیەتی ژیانی سادە و پڕ لە بەختەوەری و پڕ لە خۆشەویسی پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی دەوروبەری بە خوێنەر ئاشنا دەکات. ئەوەت پیشان دەدات کە هاوەڵان چەندێ هۆگری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوون و چەندێ گوێڕایەڵی ئەو زاتە بوون.

ئەوەت فێر دەکات کە ژیان هەر بە سادەییەوە خۆشە، نەک بە سەنسەنە و تەنتەنە و هەوا و فیزەوە.

ئەوەت فێر دەکات کە هەرگەلێک سەرکردەیەکی ڕاستگۆ و بۆ خوا سولحاوی هەبێ، با بە ژمارە و چەک و تفاقیشەوە کەم بن، با هەژار و نەداریش بن، لە ئاکامدا خوای گەورە سەرکەوتوویان دەکات و هەم دونیایان پێ دەبەخشێ هەمیش قیامەت.

ئەوەت فێر دەکات کە ئەگەر سەرکردە خۆی دز و چەتە و خۆویست نەبێت و پاک و خواناس و خاکی بێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ گەلەکەی سەربخات.


٩٠٠٠ هەزار دینار

ISBN:978-9922-646-14-5

9 789922 646145



07501269689
07511408868

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاویاریک- نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (١١)


Scanned with Can